تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

نەوشیروان مستەفا ئەمین

ژین

بەتەمەنترین رۆژنامەی کوردی

١٩٢٦-١٩٣٨

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

سلیمانی ٢٠٠٢

ژیان
بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی
١٩٢٦ ١٩٣٨

نوسینی
نەوشیروان مستەفا ئەمین

چاپی یەکەم
سلێمانی ٢٠٠٢

لەبڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانیی نوێ (٤)

ژیان

بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی

١٩٢٦ ١٩٣٨

نوسینی:

نەوشیروان مستەفا ئەمین

نەخشەسازی و بەرگ:

هێدی محەمەد فازل

ژمارەی سپاردنی:

(٤٤٢)ی ساڵی ٢-٢ی وەزارەتی رۆشنبیری

تیراژ: (١-١) دانە

چاپخانەی رەنج

نرخ (٢٠دینار)

ورایه‌تی ... سلیمانی
ماموستا نجم الدین ملا

بو هموشتیك مخابرات بناوی
اداره‌خانه‌وه اکری

اعلانات

به‌دیریك ۶ انه ده‌سیریت

تأسیس انتشار
۲۱ کانون ثانی ۱۹۲۶ سلیمانی
نسخه‌ی به آنه‌یکه

ژیان

ام غزته‌یه غزته‌یکی سیاسی ، ادبی ، اجتماعی‌یه
هفته‌ی جاریك ده‌رده‌چی

بدل ابونه
به ۳ مانك روپیه و نیویك
به شش مانك ۳ روپیه
به سالیکی شش روپیه
له ۳ مانك کمتر ابونه قید ناکری

بو دره‌وه بدل ابونه
حوت روپیه و نیوه
نسخه‌ی به آنه‌یکه

سال ۱ ژماره ۱ (پنجشنبه) ٥ رجب ۱۳٤٤ ۲۱ کانون ثانی ۱۹۲٦

ناوی تازه‌ی غزته‌کان

معلومه که لوای سلیمانی مروض بو اقلیمه بو که دیان و له‌حقیقتدا محکوم مو بو . غزته‌ی مبوبه‌کیان مروها نوش او ناتیرانه ملت ، وه‌کو نابو ، تاریك مابووه ترابت شفقات حامی معظم به‌دوای میتان او فلاکت ، ابه‌ی ژیانه‌وه و نور غزته‌کان‌ها کیرسایه‌وه .

بو اوه‌ی ام حاله تصویر بکا ناو (ژیا) ژیانه‌وه . ژیانه‌وه هتا مدتیکی مناسب فلاکت رابوردوی به‌آوازیکی حزین و به اداییکی که دل بتوینیته‌وه ابدا به گوی وای خسته بریا وی خوینده‌واران بو نوحه ده‌سیکی معرق ادا .

دیسان مرله راوه مقدرات واستقبالمان ساغ ببووه دوره‌ی ژیانه‌وه‌ش بو ابه ابو به برزخیك ژین و مرهادی غزته‌کان که مثالیکی ام وطنه‌یه ناشو سپیاییکه که مقدرات وموجودیمان پرده پرده نیشان ادا صورت حقیقیه‌ی پی دوژنه اخر او حقیقت مقصور بو .

پیام خیر که مژده‌مانه‌وه وطنه‌خوشه ویسته‌کان گیانه روحیکی تازه دا و سعادتیکی ابدی بخشی پومان . بو مناسبته‌وه غزته‌ی ژیانه‌وه‌ش کوته دوره‌یکی تازه و کشاوه . و بو اوه‌ی بون و ژیانمان تمثیل و ارشاد بکا ناوی (ژیا) و (ژیان) ه تنها له‌ناوی پیشوی به‌لا بردنی دو (ه) و (ه) یك دوایه‌وه . انجا امیدی زورمان هیه که لودوا ام غزته خوشه ویسته‌مان نائل معاونت هموولایك بی و مقالات فائده‌دار که مناسبتی بی به ژیانمان و به پیشکوتن و سعادتمان بو ام غزته‌یه بنیرریت .

ایتر خوای تعالی ، ژیان ، مان مبارك ومسعود بفرمویت .

بو خدمت خوینده‌وار و قیکیشو و برادران وطن

ای برایینه : هموتان ئه‌زانن له پاش فلاکت و دیتن مصیبت زور گه‌وره گه‌وره ، ایشتریته ئم ده‌وره‌یه که وا به‌بهر چاوه‌وه نشانه‌ی سعادت واقبالی لی ده‌رکه‌وتوه . خواتیان مبارك بفرمویت .

دو سال لو پیشیان زور چاك له بر چاوه که شه‌و وروژ استراحت مادی ومعنوی نمابو ام حاله کوتبوه حال و فوجه‌ییکی راوه که دست له حیات و ثروت رابو ، شوروا بو ، ئه‌مه‌یش هر سببی هتی بدبین و بدخواه ملك و ملت بو نهایت که ئه‌بو ملت چاره سریکی خوی بکا ، وحول بدا بو سارپز بین خوی ، زکرد ، ناکو حامییکی مشفق ، پشتیوانیکی گه‌وره وکو

سالی ۱۳ ژمیرە ژمارە ۵۵۳

ئەرزانی

بولاوەی مەرانی ناصەتی هەر ۲۵۰

ژیان

۱۰ مارت ۱۹۳۸ ۸ محرم ۱۳۵۷

نرخی ئەگرکاری سالێك بو ناو عێراق ۲۵۰

چاپ و دیاری ژیان

آسایش

سالی ... لە عباسی ...

[illegible]

داناکان

[illegible]

ژیان
بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی
١٩٢٦ ١٩٣٨

ناوەرۆک

ژیان و شێخ مەحمود ... ٣٧

ژیان و مەبعوسەکانی کورد ٩١

ژیان و داکۆکی لە ئافرەت .. ١٩٦

ژیان و بزوتنەوەی رۆشنبیری .. ٢٣٣

ژیان و هەواڵی دەرەوە .. ٢٨٩

ژیان و ئیعلانەکانی ٣٤٥

ژیان

بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی

۱۹۲۶ - ۱۹۳۸

رۆژنامەی ژیان

۱. قۆناغەکانی دەرچونی

۱. ۱. سەردەمی محەمەد ئەدیب

۱. ۲. سەردەمی عەلی عیرفان

۱. ۳. سەردەمی حسێن نازم

۱. ٤. سەردەمی پیرەمێرد

۲. نوسەرەکانی

۳. بڵاوکردنەوەی

٤. سەرچاوەی دارایی

۵. هونەری رۆژنامەوانی

۵. ۱. لایەنی رۆژنامەنوسی

۵. ۲. لایەنی رۆژنامەگەری

۶. نرخی مێژویی

۶. ۱. بۆ مێژوی سیاسی

۶. ۲. بۆ مێژوی رۆشنبیری

۶. ۳. بۆ مێژوی ئەدەبی

۶. ٤. بۆ مێژوی خوێندن و پەروەردە

۶. ۵. بۆ مێژوی کۆمەڵایەتی

رۆژنامەی ژیان

ژ ۱ ی (ژیانەوە) کە لە ۱۸ ی ئاغستۆس (ئاب) ی ۱۹۲٤ دا لە سلێمانی دەرچوە، لە ژێر ناوەکەیدا بەمجۆرە خۆی بە ناسین داوە: "ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی حکومەتیە هەفتەی جارێک دەر دەچێ[٧]" بەڵام لە ژ ۲۰ بە دواوە گۆڕیوێتی بە: "ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی‌یە، هەفتەی جارێک دەردەچێ[٧]"

ژ ۱ ی (ژیان) کە لە ۲۱ ی کانونی دوەمی ۱۹۲۶ دا لە سلێمانی، راستەوخۆ دوای راگرتنی (ژیانەوە) و وەکو درێژەکێشانی ئەو، دەرچوە. بە هەمان پێناسەی ژیانەوە خۆی بە ناسین داوە: "ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی‌یە، هەفتەی جارێک دەردەچێ[٧]" بەڵام لە ژ ۶۳ ی ساڵی ۲ بە دواوە گۆڕیوێتی بەمە: "هەمو شتێک ئەنوسێ، هەفتەی جارێک دەرئەچێ، غەزەتەیەکی کوردیە"

لە هەمو ژمارەکانی دا رۆژی بڵاوبونەوەی یەکەم ژمارەی دوبارە کردۆتەوە: (تاریخی ئینتیشار ۲۱ ی کانونی سانی ۱۹۲۶ سلێمانی)

۱. قۆناغەکانی دەرچونی

ژیان لە ۲۱ ی کانونی سانی ۱۹۲۶ دا لە سلێمانی بەم سەروتارە دەستی بە دەرچون کردوە:

"مەعلومە کە لیوای سلێمانی مەعروزی ئەو ئینقیلابە بو کە دیمان و لە حەقیقەت دا مەحکومی مەحو بو. غەزەتە مەحبوبەکەشمان هەروەها توشی ئەو تەئسیراتە هات، روناکی نەما بو، تاریک مابوەوە. نیهایەت شەفەقەتی حامی موعەزەم بە دوایی هێنانی ئەو فەلاکەتە، ئێمەی ژیاندەوە و نوری غەزەتەکەمان هەڵگیرسایەوە. بۆ ئەوەی ئەم حاڵە تەسویر بکا ناوی نرا

(ژیانەوە). (ژیانەوە) هەتا مودەتێکی موناسیب فەلاکەتی رابوردوی بە ئاوازێکی حەزین و بە ئادابێ کە دڵ بتوێنێتەوە، ئەی دا بە گوێ و ئەی خستە بەرچاوی خوێندەواران، بەو نەوعە دەرسێکی عیبرەتی ئەدا.

"دیسان هەر لە بەر ئەوەی موقەدەرات و ئیستیقبالمان ساغ نەبوبوەوە، دەورەی ژیانەوەش بۆ ئێمە ئەبو بە بەرزەخێکی ژین و مردنی وەها، غەزەتەکەمان کە میسالێکی ئەم وەتەنەیە، یاخو سینەمایەکە کە موقەدەرات و مەوجودیەتمان پەردە پەردە نیشان ئەدا، سورەتی حەقیقیەی پێ دمر نەئەخرا و حەقیقەت مەغدور بو.

"پەیامی ئەخیر، کە مژدەی مانەوەی وەتەنە خۆشەویستەکەمانی گەیاند، رۆحێکی تازەی دا و سەعادەتێکی ئەبەدی بەخشی بۆمان. بەو موناسەبەتەوە غەزەتەی (ژیانەوە) ش کەوتە دەورەیەکی تازە و گەشاوە و، بۆ ئەوەی بون و ژیانمان تەمسیل و ئیرشاد بکا ناوی نرا (ژیان) تەنها لە ناوی پێشوی بە لابردنی دو (ە) و (و) یکی دواییەوە. ئینجا ئومێدی گەورەمان هەیە کە لەمەودوا ئەم غەزەتە خۆشەویستەمان نائیلی معاوەنەتی هەمو لایەک بێ و، مەقالاتی فائیدەدار، کە موناسەبەتی بێ بە ژیانمان و بە پێشکەوتن و سەعادەتمان، بۆ ئەم غەزەتەیە بنێررێت.

"ئیتر خوای تەعالا (ژیان) مان موبارەک و مەسعود بفەرموێت."

خوێندنەوەی ئەم سەروتارە رێبازی رەسمیی رۆژنامەکە رون ئەکاتەوە.

سەرەتا ئیشارەت بەوە ئەدا کە بە هۆی دامەزرانی حکومەتی کوردستان و شۆرشی شێخ مەحمودەوە ئەم وڵاتە خەریک بوە لە ناو بچێ، تا (حامی موعەزەم) کە مەبەستی بریتانیایە فریای کەوتوە و رزگاری کردوە.

ئینجا ئیشارەت بەوە ئەدا کە بە هۆی کێشەی ولایەتی موسڵەوە چارەنوسی ناوچەکە دیار نەبوە ئاخۆ ئەخرێتە سەر تورکیا، یان ئەدرێ بە عیراق. بۆیە رۆژنامەکە ناو نراوە (ژیانەوە). بەڵام دوای ئەوەی ئەم کێشەیە بە لادا کەوتوە و، موسل بە یەکجاری خراوەتە سەر عیراق، ئیتر وەکو نیشانەی قوناغی نوێی ژیانی سیاسی ناوچەکە ناوی رۆژنامەکەیش لە (ژیانەوە) کراوە بە (ژیان).

١. ١. سەردەمی محەمەد ئەدیب

سەرەتا کە ژیان دەرچوە کێ سەرنوسەر یا بەڕێوەبەری بوە نەنوسراوە و دیار نیە. ج. ص اجەمیل صائیب) سەروتار و چەند وتارێکی سیاسی لە چەند ژمارەیەکی سەرەتادا نوسیوە، خوێنەر وا ئەزانێ ئەوە سەرنوسەری رۆژنامەکە، بەڵام پاش چەند ژمارەیەک دەنگی نەماوە. بەشداریەکەی لە نوسینەکانی رۆژنامەکەدا، وەکو بەرچاو ئەکەوێ، هەر بە درێژە پێ دانی بڵاوکردنەوەی چیرۆکی (لە خەوما) یە، کە لە سەردەمی ژیانەوە وە دەستی پێ کرد بو.

لە ژ ١ ی ٢١ ی ١ ی ١٩٢٦ ژ ٨١ ی ٨ ی ٩ ی ١٩٢٧ وا باوە کە محەمەد ئەدیب عەزیز (م. أ) و (م. أد) بوە،

بە بۆنەی تێپەڕبونی ساڵێک بە سەر دەرچونیدا ژیان نوسیوێتی:

"دوەم ساڵی ژیان

"(ژیان) پێی نایە بەهاری دوەم ساڵی عومری. ئەم لاپەڕانە کە هەمو وەختێ مودافەعەی حەقی کردوە و لە حەقیقەت جیا نەبۆتەوە و، کە یەگانە ئامالی لە ڕێگای سەربەرزی و پێشکەوتنی کورد و ئەم لیوایەدا سەرفی مەساعی بوە، ئەمڕۆ بە واسیتەی هیمەت و چاودێری سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف، کە بە هەمو نەوعێ بۆ بەرزبونەوەمان تێ ئەکۆشێ، بە گوڵدەستەیەکی عیلم و ئەدەب ناوبردنی لایقە. (ژیان) بۆ نەشری ئەفکاری موفیدە سەحیفەیەکی حوڕ و سەرئازادە. لە بەر ئەمە ڕەغبەت پێ دان و بە خێو کردنی لە سەر هەمو کوردێک پێویستە."(ژیان، ژ ٥١، ٢٧ ی کانونی سانی ١٩٢٧)

١. ٢. سەردەمی عەلی عیرفان

لە ژ ٨٢ ی ٢٠ ی ٩ ی ١٩٢٧ دا عەلی عیرفان بە ناونیشانی (تەشەکورات و رجا) نوسیویێتی:

"چونکە جەنابی ئەدیب ئەفەندی مودیری مەتبەعەی ژیان تەعین کراوە بە کاتبی مالیەی سلێمانی، لە بەر مەشغولیەتی عەلاوەی نەیئەتوانی ئەم وەزیفەیەش ئیفا بکات، ئیستیعفای کرد.

"لە سەر تەنسیب و ئەمری موتەصەریفی مەعالی هیمەم بەندە بۆ ئیفا کردنی ئەم وەزیفەیە تەنسیب و تەعین فەرمواوم. چونکە مەتبەعە

واسیتەی تەرەقی وەتەنە و غەزەتەیش زبانی حسیات و تەرجومانی ئامالی میلەتە، مەعەل ئیفتیخار ئەم وەزیفەیەم قبوڵ و دەرعوهدە کرد.

"بۆ خاتری غەزەتەکەمان رۆژ بە رۆژ تەرەقیەک پیشان بدا و بۆ ساحەی مەدەنیەت هەنگاو بهاوێ ئیستیرحام لە هەمو منەوەران و ئەدیبان ئەکەم لە ناردنی مەقالە و شیعر غەزەتەکەمان بێ بەش نەهێڵنەوە."

ژیان لەم سەردەمەدا هەوڵی داوە زیاتر پێش بکەوێ، لە ژ ١٣٤ دا نوسیوێتی:

"بۆ زانینی هەمو قاریئینی کیرام

"مەعلومی هەمو قاریئین و مشتەریە کیرامەکانمانە کە لە کوردستانی جنوبیدا، سلێمانی کە عادەتەن وەکو مەرکەزێکی عمومیەتی، تەنها ئەم غەزەتەیەی تیا ئینتیشار ئەکات و، چونکە ئەسباب و ئەدەواتی مەتبەعەکەمان نوقسان بو لە هەفتەی دەفعەیەک زیاتر قابیل نەبو غەزەتەکەمان ئینتیشار بکات، لە بەر ئەوە مومکین نەبو هەمو حەوادیسێک و مەعلوماتێک لە وەقتی خۆیا دەرج بکرێ.

"حکومەتی محەلیە و، بیلخاسە سەعادەتی موتەسەریفی ئەکرەمی، دەرکی ئەم حاڵە و ئەم نوقسانیەتەی فەرمو و، بۆ ئیستیکمالی هەمو نەواقیساتێکی مەتبەعەکەمان لە گەڵ بەلەدیەدا مەشوەرەتی فەرمو و، بە واسیتەی هیمەتی موشار ئیلەیهی و بەلەدیەوە بۆمان ئیکمال کرا و، لە ١ ی ئەم مانگەوە هەفتەی دو کەڕەت: دوشەموان دەفعەیەک و پێنجشەموان دەفعەیەک، غەزەتەکەمان ئینتیشار ئەکات. وە تەبیعی لەمەودوا مەتبەعەکەمان مەسرەفێکی فەوقەلعادە زیاتر بە ناوی خزمەتی میلەت و وەتەنەکەوە ئیختیار ئەکات، لە بەر ئەوە رجا ئەکەین لە مشتەریەکانمان کە معاوەنەتمان بفەرمون و، لە وەقت و میعادی خۆیدا بەدەلی ئابونەی غەزەتەکە بە ناوی بەلەدیەوە بۆمان رەوانە بفەرمون و، رجایش لە منەوەر و عالم و فازیلەکانی کوردستان ئەکەین کە لە خسوس ناردنی مەقالەی موفیدەوە معاوەنەتمان بفەرمون."

ئەمە دووەمین جار بو لە سلێمانی رۆژنامەیەک بتوانێ حەفتەی دو جار دەربچێ. جاری یەکەم پێشکەوتن بو جاری دوەم ژیان. ئەمەیش دەری ئەخا کە ئەگەر رۆژنامەوانیی کوردی دۆخێکی لە باری بۆ برەخسایە، شان بە شانی رۆژنامەکانی بەغداد و وڵاتانی دراوسێ پێش ئەکەوت و ئەبو بە رۆژانە. بەڵام هەمو جارێ قۆرتی سیاسی رۆژنامەوانیی کوردی بردۆتەوە بۆ دواوە.

لە ژ ٨٢ ی ٢٠ ی ٩ ی ١٩٢٧ ژ ٢٥٩ ی ٤ ی ٩ ی ١٩٣٠ کە عەلی عیرفان سەرنوسەری بوە، ژیان لەو رۆژانەدا دەورێکی کاریگەری هەبوە لە داکۆکی مافی نەتەوەیی کورد و، نواندنەوەی جموجوڵی سیاسی چالاکەکانی کورد و، هاندانی خەڵک بۆ داوای مافی نەتەوەیی‌یان، لە بەر ئەوە دوای روداوەکانی ٦ ی رەشی ئەیلولی ١٩٣٠ کە لە سلێمانی زۆر شت گۆڕاوە، پێ ئەچێ عەلی عیرفان یش گیرابێ و لە ژیان دور خرابێتەوە.

١. ٣. سەردەمی حسێن نازم

لە ژ ٢٦٠ - ژ ٣٢٠ حسێن نازم بوە، لەو ماوەیەدا دیارە ژیان ئەو نەختە ئازادیەی هەی بوە نەی ماوە. پیرەمێرد لە ژ ٣١٣ دا نوسیوێتی:

"(ژیان) مان هەندێ لە رێ لای دابو
لالوت بوین، لامان باوی نەما بو
ئەمجارە هەمو بۆی تێ دەکۆشین
کەمی و لاسەنگی بۆ دادەپۆشین"

١. ٤. سەردەمی پیرەمێرد

له ژ ٣٢١ ی ٩ ی ٥ ی ١٩٣٢ ەوە پیرەمێرد بوّتە بەڕێوەبەری.

لـه ژ ٣٢١ ی ١٩ ی ٥ ی ١٩٣٢ دا بـه بۆنـەی مردنـی حسـێن نازمـەوە پیرەمێرد بە ناونیشانی (رازی برادەری) نوسیویّتی:

"زۆر دڵشکستم بە کۆچکردنی هامدەردێکی وەک حسێن نازم بـەگ. گەرچی منیش رێبوارم و نزیک بە بوارم بەڵام هێشتا هیوادارم. (ژیان) مان نزیک بو بە نەمان چونکو ئیتر بەلەدیە هیچی پیٚ خەرج نەدەکرا. ناچار لە گۆشەنشینی هاتمە دەریٚ و، دەستم دایە داوێنی (ژیان) چاک چاکی لە دەست نادەم. ئیستا بە سەرپەرشتی ژیان و چاپخانەکەم وەک خۆم بیٚ بەها و بە هیوای بێتە بەها گرتوّتە ئەستۆ، ئەزانم باوەڕم پیٚ دەکەن کە تیٚ دەکۆشم پەنا بە ئیزەدی پاک دەیبەینە سەر، ئەمەندە هەیە هەمو کالاّیە بە خریدار دێتە برمو، من بە خریدارەکان دەنازم و پشتیوانی‌یش لە خوا دەخوازم."

لە ژ ٣٢١ ژ ٤٠٥ ئیتر پیرەمێرد سەرپەرشتی کردوە بەڵام رۆژنامەکە هەر بە ناوی شارەوانی سلێمانی بوە.

لـە ژ ٤٠٦ ی ١٤ ی ٨ ی ١٩٣٤ ٥٣٨ ی ١٠ ی ٢ ی ١٩٣٧ پیرەمێر چاپخانەکەی لە شارەوانی سلێمانی بە کریٚ گرتوە و، دوایی ئیجازەکەی بۆ تازە نەکراوەتەوە. ئیتر خۆی چاپخانەیەکی گەورەتری کڕیوەو، لە ١٦ای تەای

١٩٣٧دا ئیجازەی دامەزراندنی بۆ وەرگرتووەو، ڕۆژنامەکەیشی بە ڕەسمی بەناوی خۆیەوە تۆمار کردووە.

(ژیان) ی سەردەمی پیرەمێرد پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە.

سەرنوسەرەکانی ژیان لە بواری ڕۆژنامەوانیدا پیاوی کارامە و لە بواری نوسین دا توانا و لە ڕۆشنبیری گشتیدا شارەزا بون، بەڵام دوای ئەوەی وەزیفەکەیان گوێزراوەتەوە مەیدانێکی تر ئیتر دەستیان لە ڕۆژنامەوانی و نوسین هەڵگرتوە. لە ناویان دا هەر پیرەمێرد هەتا سەر ڕۆژنامەوانی کردوّتە (پیشە) ی خۆی.

٢. نوسەرەکانی

ژیان ڕۆژنامەی شارەوانی سلێمانی بوە.

پێ ناچێ ژیان سەرنوسەر و دەستەی نوسەرانی دیاریکراو و هەمیشەیی هەبوبێ. ئەوەی بوّتە مودیری مەتبەعەکەی شارەوانی، لە هەمان کات دا بوّتە بەڕێوەبەر و سەرنوسەری ڕۆژنامەکەیش. ئەوانەیش وتاریان بۆ نوسیوە خۆبەخش بون، هەرکەسەیان، جیاواز لە دنیای ڕۆژنامەوانی، ئیشوکاری تایبەتی خۆی هەبوە.

چاوگێڕانێ بە سەد ژمارەی دو ساڵی یەکەمی ژیان دا کۆمەڵێ ناو و ناونیشان بەرچاو ئەکەون، بەڵام زۆریان لە پاش ماوەیەک ون بون و، لە دنیای نوسین و ڕۆژنامەوانی کوردیدا دەنگیان نەماوە.

ژمارەکانی سەرەتا ١ و ٢ و ٨ چەند وتارێکی بە قەڵەمی ج. ص (جەمیل صائیب) تێدا بلاوکراوەتەوە. وەکو خاوەنی ڕۆژنامەکە ئەدوێ و ئەنوسێ. بەڵام دوای چەند ژمارەیەک دەنگی نوسینی نەماوە. تەنیا (لە خەوما) کەی بە ئەلقە بڵاو کردوّتەوە.

ئەحمەدی عەزیز ئاغا، لە ژ ۲ و ۵ و ٤٤ و ٤٨ دا چەند وتارێکی سیاسی و پەروەردەیی نوسیوە. پاش چەند ژمارەیەک ئەویش دەنگی نەماوە.

کوردی (مستەفا سائیب)، کە نوسەرێکی رۆشنبیر و توانا بوە، لە ژ ۹ و ۱۰ دا بە ۲ ئەلقە (بۆ مەبعوسە موحتەرەمەکان) و، لە ژ ۳۵ و ۳۶ و ٤٠ و ٤١ دا بە ٤ ئەلقە (کورد بۆچی پێش ناکەوێ؟) و، لە ژ ۵۲ دا (تەربیە لە ئەقوامی ئەنغلۆ - ساکسۆن دا) چەند وتارێکی نوسیوە.

م. نوری (شێخ نوری شێخ سالح) کە یەکێ لە نوسەرە بە برشتەکانی ئەو زەمانە بوە، جگە لەوەی لە ژ ۲۰ هوە زنجیرەیەک وتاری لە سەر (ئەدەبیاتی کوردی) بڵاو کردۆتەوە، لە ژ ۲۶ و ۲۷ دا لە سەر کوردایەتی کەرکوک (جواب بۆ غەزەتەی نجمە) ی نوسیوە. هەروەها لە ژ ٤ و ۹ و ٤٥ چەند شیعرێکی بڵاو کردۆتەوە. لەوانە، شیعرێکی لە ژ ٤۹ دا بە بۆنەی تێپەڕینی ساڵی شومی ۱۹۲۶ هوە.

ڕەشید نەجیب، کە یەکێ لە نوێکەرەوەکانی شیعری کوردیە لە ژ ٥٤ و ۹۱ و ۹٤ دا چەند شیعرێکی نوێی بڵاو کردۆتەوە. هەروەها نوسەرێکی توانای ئاگاداری ڕوداوەکانی دنیای نوێ بوە، لە ژ ۱۳۷ و ۱۳۸ و ۱۳۹ و ۱٤۲ و ۱٤۶ دا چەندین وتاری کۆمەڵایەتی بە پێزی نوسیوە.

ع. عەزیز (عەبدوڵا عەزیز) کە مامۆستایەکی رۆشنبیر و کوردپەروەری هەولێری بوە لە ژ ۳۹ و ٥١ و ١٤٥ و ١٤٨ دا چەندین وتاری لە سەر زمانی کوردی و پەروەردە و تەرجومەی کوردی کتێبەکانی مەکتەب، نوسیوە.

ع. واحید مەجید، کە دواتر بە ئیمزای (ع. و. نوری) کتێب و وتارەکانی بڵاو کردۆتەوە، لە ژ ۳۰ و ۳۱ دا (تاریخی: ئەڵمانیا، ئیتالیا لە پێش وریابونەوەی ئەوروپا و لە دوایی‌دا) لە ژ ۳٤ و ۳۶ دا (نیزامی مەداریس لە ئینگلتەرە، ئەلمانیا، ولایاتی موتەحیدەی ئەمەریقا و فەرانسە چۆنە؟) نوسیوە.

م مەعروف امیرزا مارفا لە ژ ٣٨ و ٣٩ و ٤١ و ٦٣ و چەند ژمارەیەکی تریدا بە ناوی احەقائیقی وەجیزەا هەندێ قسەی نەستەقی، بە زمانێکی خەست، لە رستەی چڕوپڕدا، لە شێوەیەکی فەلسەفیدا داڕشتۆتەوە.

حەسەن کوردستانی، کە ئەبێ نازناوی یەکێ لە رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە بێ، لە ژ ٣ دا وتارێک و، لە ژ ١٦ و ١٧ دا وتارێکی تیۆری لە سەر اوەتەن میلەت، وەتەنی میلیەتا نوسیوە.

مستەفا شەوقی و عەونی لعەونی حاجی گورونا لە ژ ٦ دا، رەمزی لە ژ ٧ دا. زەکی سائیب امستەفا سائیبا لە ژ ٦١ دا، فەتحولا ئەسعەد لە ژ ٥٣ دا، شاکیر فەتاح لە ژ ٥٢ دا، محەمەد زەکی لە ژ ٥٥ و ٥٦ دا، ئەمان و چەند کەسێکی کە هەریەکە یەک وتار یان زیاتریان بلاو کردۆتەوە.

محەمەد ئەدیب عەزیز، کە ئەبێ مودیری مەتبەعە و سەرنوسەری غەزەتەکە بوبێ تا ژ ٦١ هیچ وتارێکی بە ناوی خۆیەوە بلاو نەکردۆتەوە، بەلام لە ژ ٦١ بە دواوە بە ئیمزای ام. أ.ا و ام. أد.ا زۆری سەروتارە گرنگەکانی ژیانی نوسیوە.

پیرەمێرد، کە لەو ماوەیەدا وەکو ژ ٦ لە ژێر سەرناوی اهاتنەوەا دا نوسیوێتی: "پێریێ لە موعتەبەرانی ولات جەنابی حاجی تۆفیق بەگ تەشریفی هێنایەوە سلێمانی. عەرزی بە خێر هاتنی ئەکەین." ئیتر بە یەکجاری سلێمانی کردۆتە مەلبەندی ژیانی خۆی. لە ژ ٩ ەوە بە شیعرێک کە بە شێوەی کۆن ابە نەشئەی نوتقەکەی مەندوبی ساميا یەوە دایناوە و بە ئیمزای اکوردیا ەوە بلاوی کردۆتەوە، دەستی کردوە بە بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، دوای ئەوە شیعرەکانی تری لە ژ ١٣ و ٣٦ و ٣٧ و ٤٠ و ٤٥ دا بە شێوەی تازە هۆنیوەتەوە. پیرەمێرد پشتیوان و هاندەرێکی بە هێزی نوێکەرەوەکانی شیعری کوردی بوە.

فایەق بێکەس لە ژ ١٠ و ٨٠ و ٨٧ و ١٠١ دا و، قانع لە ژ ٤٢ دا، کە رەنگە ئەوە یەکەمین شیعری چاپکراوی بێ و، حەمدی لە ژ ٦٠ دا و، عەلی کەمال باپیر لە ژ ٧٥ دا و، فایەق زێوەر لە ژ ١٤ و ٤٦ دا شیعریان بڵاو کردۆتەوە.

(ژیان) لە سەردەمی عەلی عیرفان دا بە دەگمەن شیعری تێدایە و، بە دەگمەن نوسینی نوسەرانی تری بڵاو کردۆتەوە. پێ ئەچێ هەمو بابەتەکانی رۆژنامەکە خۆیان ئامادەیان کردبێ.

٣. بڵاوکردنەوەی

رۆژنامە بە وەندە تەواو نابێ نوسینی بۆ ئامادە بکرێ و چاپ بکرێ، بەڵکو گرنگترین قۆناغی جۆری بڵاوکردنەوەیەتی.

لە کوردستان دامەزراوێکی تایبەتی بۆ بڵاوکردنەوە و پەخشی چاپکراو نەبوە، ژیان خۆیشی نەیتوانیوە دەزگایەکی پەخش دابمەزرێنێ. لە زۆری شارەکانی کوردستان دا کتێبفرۆشی و ناوەندی تایبەتی بە فرۆشتنی کتێب و رۆژنامە نەبوە. تا ماوەیەکی درێژیش دەزگایەکی رێکوپێکی پۆست نەبوە. رێگاوبان کەم و خراپ و، ئوتوموبیل زۆر کەم بەڵکو دەگمەن بوە و، بۆ هەندێ لە قەزا و ناحیەکان رێگەی ئوتوموبیل هەر نەبوە، بە وڵاخ هاتوچۆی بۆ کراوە. سەرەڕای ئەمانە هەمو، بە هۆی شۆرشەکەی شێخ مەحمودەوە رێگاوبانەکان نائاسایی بون و، بە زۆری بە قافڵە و لە گەڵ زرێلی جەنگی هاتوچۆ کراوە.

ئەمانە هەمو کاریان لە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە کردوە.

ژیان چەندی لێ چاپ کراوە، چەندی لێ ساغ بۆتەوە و گەیشتۆتە دەس خوێندەواران و، گەیشتۆتە چەند شار و شوێن و، چەندی ماوەتەوە؟ لە بەر ئەوەی لیست و ئەدرەس و دەفتەرەکانی ئەو زەمانە لە بەر دەس دا نین، بۆیە بە وردی نازانرێ. بە مەزەندە، بە پێی توانای هونەری چاپخانەکە

و به پێی توانای مادی رۆژنامەکە، نابێ لە هەزار دانە تێ پەڕی بێ، کە بۆ ئەو رۆژگارە ژمارەیەکی گونجاو بوە.

هەر بە هۆی ژیان خۆیەوە ئەزانرێ کە ژیان: جگە لە سلێمانی و دەوروبەری، گەیشتۆتە بەغداد، کەرکوک، چەمچەماڵ، هەولێر، کۆیە، شەقلاوە، رەواندز..

لە ژ ۹۷ دا ئەم (تکا) یەی بلاو کردۆتەوە:

"لە موەزەفینی دائیرەی مەتبەعە تەیب ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی ئابونەی ژیان نێررا بۆ لیوای کەرکوک، هەولێر، قەزای چەمچەماڵ. تکا لە مشتەریەکانمان ئەکەین بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم و معاوەنەتی لازمەی لە حەق ئیجرا بفەرمون."

لە ژ ۱۸٤ دا ئەم ئاگاداریەی بلاو کردۆتەوە:

"... لە موەزەفینی مەتبەعە شێخ تەیب ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی غەزەتەکە نێررا بۆ کەرکوک، هەولێر، رەواندز، کۆیە، شەقلاوە، ئیستیرحام ئەکەین معاوەنەتی بفەرمون و بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بکەن."

لە ژ ۲۲۰ یش دا ئەم ئاگاداریەی بلاو کردۆتەوە:

"تکایەکی تایەبەتی

"ئیدارەی غەزەتەکەمان، بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی ئابونە، ئەوی لە خزمەت ئەو زەواتە کیرامانەیە کە لە بەغدادن، جەنابی شاکیر موجریم ئەفەندی کردوە بە وەکیل، دەفتەرێکی موسەدەقی بۆ ناردوە، ئیستیرحام لە مشتەریەکانی بەغدادمان ئەکەین ئەو میقدارە پارەیەی کە لە خزمەتیانایە و کە لای شاکیر ئەفەندی مەعلومە بە تەواوی تەسلیمی بفەرمون.

"ئومێدی قەویمان بە کرپارە موحتەرەمەکانمان هەیە کە بۆ یاریەدانی غەزەتەکەمان هەمو نەوعە معاوەنەتێک درێغ نەفەرمون و تیکراری ئیستیرحام ئەکەین بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بفەرمون. ژیان"

له دو مەسەلەی گرنگ دا کە ژیان لە سەری نوسیون، لە رەواندزەوە بۆ هاودەنگی تەلگراف و نامەی پێ گەیشتوە. جاری یەکەم، کە بەرپەرچی قسەکانی داود حەیدەری داوەتەوە لە مەجلیسی مەبعوسان دا سەبارەت بە خوێندنی زمانی کوردی. جاری دوەم، کە پشتیوانی لە ئیسماعیل بەگی رەواندزی کردوە سەبارەت بە دژایەتی تەجنیدی ئیجباری.

ژیان چەند جارێ میعادی دەرچونی گۆڕیوە، بۆ ئەوەی لە گەڵ رۆژانی هێنان و بردنی پۆستەدا رێک بکەوێ لە ژ ۷۷ دا نوسیوێتی:

"گۆڕینی میعادی دەرچونی غەزەتەکەمان

"لە بەر ئەمەی لە هەفتەیەک دا جارێک پۆستە هاتوچۆ ئەکات و ئەو جارەیش بەر رۆژی سێشەمە پێش دەرچونی غەزەتەکەمان ئەکەوێ، بۆ ئەمەی غەزەتەی کرپارەکانی دەرەوەمان زۆر دوا نەکەوێ، میعادی دەرچونی غەزەتەکەمان گۆڕی و وەکو پێشو کردمانەوە بە رۆژی پێنجشەمە. لەمەودوا هەمو جارێ لەو رۆژەدا دەر ئەچێ."

٤. سەرچاوەی دارایی

سەرچاوەی دارایی ژیان بریتی بوە لە: پارەی ئابونەکانی و، دەرامەتی لە ئیعلان.

لە لاجانگی چەپی ناوچەوانی ژمارە ۱ دا نوسراوە:

"بەدەلی ئابونە بە ۳ مانگ روپیەونیوێک، بە ۶ مانگ ۳ روپیەیە. لە ۳ مانگ کەمتر ئابونە قەید ناکرێ. بۆ دەرەوە بەدەلی ئابونە حەو روپیەونیوە. نوسخەی بە ئانەیەکە."

لە لاجانگی راستی ناوچەوانیدا نوسراوە:

"بۆ هەمو شتێک موخابەرات بە ناوی ئیدارەخانەوە ئەکرێ. ئیعلانات بە دێرێک ۶ ئانە دەسێنرێت."

له ژ ١٣٤ ەوە، لە باتی جارێک، هەفتەی دو جار دەرچوە لە بەر ئەوە ئابونەکەی زیادی کردوە بەڵام نرخی بڵاوکردنەوەی ئیعلان وەکو خۆی ماوەتەوە. لە لاجانگی چەپی ناوچەوانی یەکەم لاپەڕەیدا نوسیویتی:

"کڕیار

"بە شەش مانگ پێنج بە ساڵێک دە روپیە دەدا. بۆ دەرەوە ئوجرەتی پۆستەی عەلاوە ئەکرێ. شەش مانگ کەمتر ئابونە قەید ناکرێ.

"ئیعلانات

"دێڕێک ٦ ئانە دەسێنرێت.

"یەکی بە ئانەیەکە."

ئەو سەردەمە عیراق هێشتا لە ژێر دەستی ئینگلیزدا بوە، دراوی تایبەتی خۆی نەبوە، بە دراوی هیندی سەودا کراوە، لە بەر ئەوە نرخی ئابونە و ئیعلان بە روپیەی هیندی دیاری کراوە.

دوای ئەوەی دراوی عیراقی گۆڕاوە، لە باتی روپیە و ئانە و پای هیندی، دینار و فلسی عیراقی خستۆتە بازاڕەوە، (ژیان) یش راگەیاندنەکەی بەم جۆرە لێ کردوە وەکو لە ژ ٣٢٢ دا نوسیویتی:

"کڕیار

"بە شەش مانگ ٢٢٥ بە ساڵێک ٤٥٠ فلس دەدا. بۆ دەرەوە ئوجرەتی پۆستەی عەلاوە ئەکرێ.

"ئیعلانات

"لە دێڕێکەوە هەتا شەش مەقتوعەن ٢٢٥ و لە شەش زیاتر جگە لە ٢٢٥ فلسەکە بۆ دێڕە زیادەکانیش دێڕی ٢٨ فلس ئەسێنرێ.

"نوسخەی بە پێنج فلسە"

جلد
١

ژمارەی تسلسل ٥

تذکرەی اون قبض

خصوص او مبالغەیە کە صندوق بلدیە وری اگری

محل سجلات

لە عبدالله ... ١٢ ... رضا ... حوش

وەرگیرا لەسەر حساب دار المسقطە

ناوی پارەدەر محمد ... افندی ... مرینە

مبلغ تنها پێنج روپیە

آنە	روپیە	نوع مقبوضات
	٥	دار المسقطە
	٥	یکون

وەکو لەسەرەوە نوسراوە مبلغی پێنج —— روپیە —— آنە
وەرگیرا و بە ٥ ژمارە ٧/٤/٢٩ تاریخ لەدفتری یومیەدا بە ایرادقید

کرا ٧/٤/١٩٢٩

امضا محاسب ... امضا امین صندوق

نسخەی مقبوض کە ادرێتە دەست پارەدەر

٤. ١. ئابونە

ئابونـەکانی بـە زۆری بریتـی بـون لـە فەرمانبـەرانی داوودەزگاکـانی حکومـەت، چ لـە نـاو شار و چ لە دەرەوەی، هـەروەها هـەندێ لـە بازرگـان و سەرانی عەشائیر و موختار و کوێخای گوندەکان.

پارەی ئابونە، وەکو لەم ئاگاداریەدا نوسراوە، ئەبو بە ناوی سندوقی بەلەدیەوە بنێردرێ:

"بۆ زانینی مشتەریە کیرامیەکانمان

ئیدارەخانەکەمان چونکە مـەئمورەکانی موکەڧـەل ارەنگە ئەمە هەڵەی چاپ بێ و مەبەستی موکەلـەف بـێ) نـین و، زاتـەن مـەربوتی بەلەدیەیشـە، ئیستیرحام ئەکەین هەر پارەیەک ئەنێرن بۆ ئەم ئیدارەیە رەئسەن بە ناوی سندوقی بەلەدیەوە ئیرسالی بکەن. (ژ)"

ژیان لە ساڵی یەکەمیدا داوای پارەی لە ئابونەکانی نەکردوە، بەڵام لە ساڵی دوەمیەوە چەندین جار و بە چەند چەشنی جیاواز، داوای لێ کردون:

لە ژ ٥٥ و ٥٦ و ٥٩ و ٦١ و ٦٤ و ٦٩ و ٧٤ ... دا ئەم داوایـەی دوبـارە کردۆتەوە:

"ژیان

"ئەتانەوێ ئەم قەزاتەیە بە رێوە بچێ و بژی حەقی کرِیاریەکەی دوا مەخەن و زو بینێرن."

لە ژ ٥٨ دا نوسیوێتی:

"تکا لە کرِیارە موحتەرەمەکانمان

"لـە کرِیارەکانی دەرەوەمان خاسـەتەن تکا ئەکەین کە بۆ ئەمـەی بـە رێکوپێکـی غەزەتـەکانیان پـێ بگـات و، مـەیدانی گلـەیی نـەمێنێ، لەمـەودوا لوتفەن لە گۆرِینی ناوونیشانیان زو خەبەردارمان بفەرمون.

"وە دیسان تکا ئەکەین ئەوانەی کە قەرزداری ژیان و بەدەلاتی ئیشتیراکیان پڕ نەکردۆتەوە بە بێ دواخستن بە ناوی ئیدارەخانەوە بە ناردنی هیمەت بفەرمون."

لە ژ ٧٩ دا نوسیوێتی:

"تکا لە کڕیارەکانی دەرەوەمان

"تا ئیستا بۆ ناردنی بەدەلاتی ئابونە کە لە بەقایادا ماوەتەوە گەلێ جار عەرزمان کرد. کڕیارە موحتەرەمەکانی دەرەوەمان لە گەڵ ئەمەی کە ئەمڕۆ مودەتێکە غەزەتەمان دەرئەچێ هێشتا ئەعزەمیان بەدەلاتی ئیشتیراکیان نەداوە، ئەمە ئەبێتە مانیعی بەڕێوەچونی (ژیان) مان، بۆ هەمو لایەک خسوسی میقداری مەتلوباتمان عەرز کردوە، رجا ئەکەین بە بێ دواخستن هەرکەسە حسابی خۆی پڕ بکاتەوە و دیسان تکا ئەکەین بۆ ئەمەی مونتەزەمەن غەزەتەکانیان پێ بگات و مەیدانی گلەیی نەمێنێ لەمەودوا لوتفەن لە گۆڕینی ناوونیشانیان زو خەبەردارمان بفەرمون."

لە ژ ٨٩ دا نوسیوێتی:

"بۆ کڕیارە موحتەرەمەکانمان

"تەبیعی هەمو ئەیزانن ئیدارەکەمان مەساریفاتی زۆرە. بۆ تەبعی غەزەتەیەک پارەیەکی زۆر لازمە. موقابیل بە هەمو سەرفیاتێ واریداتی پێویستە. رجا لە کڕیارەکانمان ئەکەین و ئەم مەسئەلەیە حەواڵەی ویجدانیان ئەکەین، ئەوانەی کە حەقی دو ساڵ سێ ساڵیان لە سەرە و لە ئیبتیدای نەشری ئەم غەزەتەوە هێشتا هیچیان نەداوە یا بە جارێ وە یاخود بە قیست پارەی ئابونەکەیان بنێرن. ژیان"

لە ژ ١٣٣ دا بە هەڕەشەوە نوسیوێتی:

"ئاخر رجا

"هـەتاكو ئیسـتا بـۆ تـەراكومی بـەدەلاتی ئابونـەی غەزەتەكـەمان موتەعەدید دەفعە رجامان لە مشتەریەكانمان كرد لەوانەی كە هێشتا حەقی ٣ و ٤ساڵیان لایە، رجا ئەكەین بۆمان بنێرن وەئیلا وەكو غەزەتەكەیان بـۆ نانێرین مەجبور ئەبین بە موراجەعەتی قانونی و لە غەزەتەیشا ناویان دەرج ئەكەین. ژیان"

پێ ئەچێ هەمو ئەم رجا و تکا و هەڕەشەیە کەڵکی نەبوبێ لە بەر ئەوە یەكێ لە فەرمانبەرەكانی چاپخانەیان ناردوە بۆ كۆكردنەوەی. لـە ژ ١٨٤ دا نوسیوێتی:

"تكایەكی تایبەتی

"هەمو ئەیزانین لە موحیتی كوردستانا هەر ئەم غەزەتە كوردیە هەیە و، ئەمەیش چونكی مشتەریەكانی معاوەنەتی ناكەن و حەقەكەی لە میعادی خۆیدا تەسلیم ناكەن نەک قابیل نیە ئینتیزامێكی پێ بدرێ بەڵكو ئەگەر هەر وا بمێنێتەوە ناژی. ساڵانەی غەزەتەكە ئەوەندە نیە كە ئەهمیەتی بێ، حەقی چـوار سـاڵی موقـابیل حـەقی سـاڵێكی غەزەتەیـەكی تـرە. لـە سـەر هـەمو حەمیەتمـەندێک و وەتەنپـەروەرێک پێویسـتە بـە جـدی معاوەنـەتی بكـات و بیژێنێ.

"ئینجا بۆ ئەوەی غەزەتەكەمان بژی و بتوانین ئینتیزامێكی پێ بدەین رجا لە مشتەریەكانی خاریج و داخل ئەكەین وە بیلخاسە لە قیسمی مەئمورین و ئەوانەی كە هێشتا حەقی چوار ساڵیان لا ماوە و مەبلەغێكی زۆر قـەرزدارن، ئیتر مەیدانی نوسین و بەعزێ معامەلە نەدەن و، بە ئەوەل واسیتەدا بە ناوی سندوقی بەلەدیـەی سلێمانیەوە چـەند قـەرزدارن بۆمـان بنـێرن و رجاكـەمان تەرویج بفەرمون.

"زاتەن لە مومزەفینی مەتبەعە شێخ تەیب ئەفەندی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی غەزەتەکە نێررا بۆ کەرکوک، هەولێر، رەواندز، کۆیە، شەقڵاوە، ئیستیرحام ئەکەین معاوەنەتی بفەرمون و بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بکەن."

شێخ تەیب ئەفەندی بە سەرکەوتویی لە کارەکەی گەڕاوەتەوە لە ژ ۱۸۶ دا سپاسنامەیەکی نوسیوە:

"تەشەکور و بەیانی مەمنونیەت

"هەروەکو لە نوسخەکانی پێشودا بەیان کرابو، لە سەر تەنسیبی ریاسەتی بەلەدیە و تەسدیقی سەعادەتی موتەسەریفی ئەفخەمی بۆ کۆکردنەوەی بەدەلاتی موتەراکیمەی ژیان کە لە لیوای کەرکوک و هەولێر و قەزای رەواندزدا هەی بو بۆ دەرەوە چوبوم.

"لەم جێگایانەدا لە تەعریف بە دەر یارمەتی و تەسهیلاتم بۆ نوێنرا. لە قەزای رەواندزدا ئەو معاوەنەتە کە لە تەرەف قائیمقام جەنابی کەریم بەگەوە ئیبراز فەرموراوە شایانی تیزکارە، بیلخاسە معاونی مودیری پۆلیس جەنابی حەمزە بەگ بینا بە سائیقەیەکی مەحەبەت کە دەرحەق بە ئەهلی ولاتەکەمان و مەتبوعات هەیەتی، جگە لەو هەمو تەسهیلاتەی کە لە رێی گردکردنەوەی بەدەلات کردی و خۆشی حەقی ساڵێکی پێشینەن دا، بەرامبەر بە شەخسی خۆشم بە دەرەجەیەک کە مەحجوبی لوتف و ئینسانیەتی بوم خزمەت و معامەلەی میهماننەوازی دەرحەقم کردوە. لە بەر لەمە بە لازمم زانی کە بە ناوی ژیان و خۆمەوە عەلەنەن عەرزی تەشەکورات و بەیانی مەمنونیەت بکەم. تەیب"

٥٠٠

لیستهٔ او بدلات تیانه که له طرف سعید افندی وه تسلیم به ئیدارهٔ کراوه :

	[illegible]	[illegible]	[illegible]	آنه	روپیه
معاون قائممقام جناب محمد [illegible] آغا	[illegible]	[illegible]	۱۲	۸	۷
مالمدیر [illegible] جناب سعید [illegible] افندی	.	.	.	۸	۷
مأمور محافظه [illegible] جناب بشیر آغا	.	.	.	۸	۷
رئیس بلدیه جناب محمد آغا	.	.	.	۸	۷
مأمور [illegible] جناب [illegible] افندی		[illegible]	۷	۸	٤
معلم [illegible] جناب شیخ عبدالرحمن افندی	.	.	۷	۸	٤
[illegible] جناب [illegible] محمد آغا	.	.	.	۸	٤
کاتب [illegible] جناب [illegible] افندی	.	.	.	۸	٤
مالیه جناب [illegible] بگ	.	[illegible]	۱۲	۸	۷
جناب کوێخا [illegible] آغا	.	[illegible]	۸	-	٥
کوێخای [illegible]	.	[illegible]	۷	۸	٤
هاتی صلیح ئاغا بابه	.	.	۷	۸	٤
				۸	٦٩

له طرف جناب سعید افندی وه به ناوی [illegible] شصت و نو روپیه و هشت آنه

به ادارهٔ [illegible] گهیشتوه

[illegible]

٤. ٢. ئیعلانات

پـــارەی بڵاوکردنـــەوەی ئیعـــلان بـــۆ هـــەمو رۆژنامـــەکانی جیـــهان سەرچاوەیەکی گرنگی دەرامەتە. بۆ (ژیان) یش هەروا بوە.

ئیعلانـــات ئـــەگونجێ دو ســـەرچاوەی هـــەبێ: یـــەکێکیان دامـــەزراوە ئەهلیەکان و، ئەوی تریان دامەزراوە حکومەتیەکان.

لە کوردستانی ئەو رۆژگارەدا بازاڕ زۆر تەسک و بازرگانی زۆر کەم و دواکەوتو بوە. کۆمپانیا و دامەزراوی بازرگانی خاوەن سەرمایەی ناوەنجی و گەورە نەبوە. لە بەر ئەوە (ئیعلانات) ی ئەهلی نەبوە، یان ئەگەر بوبێ زۆر کەم و بێ بایەخ بوە، هیچ کەلەبەرێکی دارایی بۆ ژیان پڕ نەکردۆتەوە.

ئیعلاناتی حکومەتی چەند جۆرێ بون، لەوانە: هی دادگاکان، دائیرەی ئیجرا، دائیرەی تاپۆ، مەقامی موتەسەریفیەت، ریاسەتی بەلەدیە، کەرتەکانی پۆلیس و جەیش...

هەندێ لەم ئیعلاناتە سەرچاوەیەکی گرنگ بون بۆ دەرامەتی ژیان و، هەندێکی تریان رەنگە بێ پارە بڵاو کرابنەوە.

لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لە سەر ژیان و ئیعلانەکانی نوسراوە.

٥. هونەری رۆژنامەوانی

٥. ١. لایەنی رۆژنامەنوسی

ئەگـەر رۆژنامـە بـە ناوچـەیی (Local) و، نیشـتمانی یـا نەتـــەوەیی (National) و، ناودەوڵـــەتانی یـــان وەکـــو ئـــەڵێن نێونەتـــەوەیی (International)، دابـەش بکـرێ، ئـەوا ژیـان ئەچێتـە خانـەی رۆژنامـەی ناوچەییەوە.

ژیان لە باری رۆژنامەنوسیەوە، لە چاو هەلومەرجی ئەو زەمانەی سلێمانیدا بگرە هی عیراق دا، بە رۆژنامەیەکی سەرکەوتو دائەنرێ. زۆری بابەتەکانی رۆژنامەی هاوچەرخی تێدا بلاو کراوەتەوە:

. هەواڵ

هەواڵی ناوخۆی سلێمانی و دەوروبەری

هەواڵی بەغداد و حکومەت و پارلەمانی عیراقی

هەواڵی دەوڵەتانی دراوسێ و گەشەکردنی پێوەندییان لە گەڵ حکومەتی عیراق

هەواڵی خەباتی گەلان لە پێناوی سەربەخۆییدا وەکو میصر، سوریە، هیندستان...

هەواڵی جەنگ وەکو مەنچوریا

هەندێ لە ئیعلانەکانیشی بە هەواڵ و، لە چاو ئەو سەردەمەدا بە هەواڵی گرنگ دائەنرێن، وەکو ئیعلانی وەرگرتنی خوێندکار لە خوێندنگەی عەسکەریی عیراق.

. ریپۆرتاج

ژیان چەندین ریپۆرتاجی گرنگی نوسیوە. زۆریان نرخی مێژویی گەورەیان هەیە. لەوانە: ریپۆرتاج دەربارەی سەردانی مەندوبی سامی لە سلێمانی، ریپۆرتاج دەبارەی سەردانی سەروەزیرانی عیراق و وەزیرەکان. ریپۆرتاج دەربارەی تەشریف هێنانی مەلیک...

. وتار

ژیان بە سەدان وتاری سیاسی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ئابوری، رۆشنبیری... تێدایە.

. لێدوان

هەندێ جار دوای گێڕانەوەی روداوێک ژیان رەئی خۆی بە لێدوانێ لە پەراوێزی هەواڵەکەدا نوسیوە.

. سەروتار

زۆر ژمارەی سەروتاری تێدایە. بابەتەکانی جۆراوجۆرن. سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەلایەتی و ئابوری... و هەندێکیشیان باس لە خەمی رۆژانەی ژیانی خەڵک ئەکەن و، داواکاریە لە حکومەت.

زمانی نوسین

ئەگەرچی ژیان چەند جارێ باسی بژاری زمانی کوردی کردوە و، لە ژ ٤٥ دا هەواڵی پێکهێنانی (کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی) بلاو کردۆتەوە و، لە ژ ٤٩ دا ئەم (تکا) یەی نوسیوە:

"هەروەکو لە خوێندەوارە موحتەرەمەکانمانەوە مەعلوم بوە ئەمرۆ بۆ رێکخستنی زبانەکەمان و، لە کەلیماتی غەیرە رزگار کردنی لە هەمو لایەکەوە هەوڵ ئەدرێ و تێ ئەکۆشرێ، چونکە بە تەواوی زانرا کە یەکێ لە وەسائیتی سەرکەوتن، پێشکەوتنی میلەت رێکخستن و سەربەخۆیی زبانەکەیەتی، جا لە بەر ئەمە بە تایبەتی لەو تێگەیشتوە بیرروناکانەی کە بۆ خزمەتی هاوولاتیەکانیان لە پەڕی ژیان دا مەقالە ئەنوسن، تکا ئەکەین بۆ ئەمەی هەمو کەسێ بە بێ گرانی تێ بگا، زۆر هەوڵ بدەن و هەتا ئەتوانن کەلیمەی کوردی پەتی رون و شیرین بە کەڵک بهێنن، کە مەقسەد لەو نوسینانەش قازانجی هەمو.."

بەلام ژیان خۆی لەم قۆناغەدا بە هیچ جۆرێ گوێی نەداوەتە پاکی و پاراوی زمانی نوسینەکانی. ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی بە کار هێناوە، کە ئەیتوانی لە باتی‌یان وشەی کوردی باو بە کار بهێنێ. هەروەها هەندێ وشەی لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە وەرگرتوە بەلام بە فۆنەتیکی تورک نوسیونی و، کافەکانی کردوە بە قاف.

ڕێنوسەکەی

ڕێنوسەکەیشی بە گشتی هەمان ڕێنوسی زمانی فارسی و عەرەبی بوە. ساڵی ١٩٣٠ کە تۆفیق وەهبی بوّتە موتەسەریفی سلێمانی، ماوەی چەند هەفتەیەک، ژیان پێڕەوی ڕێنوسێکی نوێی کردوە ئەگەرچی لە بزوێنەکانیدا لە هی ئەم سەردەمەوە نزیک بوە بەڵام زیاد لە پێویست (موبالەغە) لە بە کار هێنانی دا کراوە، وشە و ڕستە عەرەبیەکانیشی بەو ڕێنوسە تازەیە نوسیوە، بەڵام دواتر وازی لێ هێناوە.

٥ . ٢. لایەنی ڕۆژنامەگەری

سلێمانی هەر ئەو چاپخانەکۆنەی لێ بوە کە ١٩٢٠ مێجەر سۆن هێنا بوی، ماکینە و دەزگاکانی هەر کۆنەکان بون و، بە هۆی پەشێوانی هەلومەرجی سیاسی سلێمانیەوە جاروبار پەکی کەوتوە، وەستاکانی سلێمانی، لە ئاسنگەر و چەخماخساز، چاکیان کردۆتەوە. ئەم (ئیعتیزار) ە تا رادەیەکی باش، کەمی توانای چاپخانەکە و ڕۆژنامەکەیان ئاشکرا ئەکا: "لە بەر نەخۆشی یەکێ لە موەزەفەکانمان دو هەفتە غەزەتەکەمان مومکین نەبو دەرچێ ئیستیرحامی عەفو لە قاریئینی کیرام ئەکەین. ژیان"(ژ ١٣٢)

ڕۆشنبیرانی سلێمانی دو جار هەوڵی کڕینی دەزگای نوێی چاپیان داوە و، بۆ ئەو مەبەستە لە ناو خەڵک دا پیتاکیان کۆکردۆتەوە: جاری یەکەم، لە سەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحمودا. جاری دوەم، کۆمەڵی زانستی کوردان. هەردو جار بە هۆی تێکچونی بارو دۆخی سیاسی سلێمانیەوە سەری نەگرتوە. جار ناچار پەنایان بردۆتەوە بەر دەزگای چاپە کۆنەکەی مڵکی شارەوانی.

ژیان، بە هەمان چاپخانە و بە هەمان قەوارە و شێوەی رۆژنامەکانی پێش خۆی دەرچوە، کە لە چاو هونەری چاپ و رۆژنامەوانی سەردەمی خۆیدا زۆر لە دوا بوە.

کلێشەی ناوەکەی لە ژ ١ - ١١ ئەوە بوە کە بە جۆرێکی سادە لە سلێمانی لە سەر تەختە هەڵکەنراوە، بەڵام لە ژ ١٢ بە دواوە کلێشەکەیان گۆڕیوە بە یەکێکی کە کە حوزنی و یومنی دروستیان کردوە. لە ژ ١٢ دا بەم بۆنەیەوە نوسیوێتی:

"عەلەنەن تەشەکور

"زۆر زۆر سەربەرز و خۆشحاڵ بوین بەمەی کە غەزەتەکەمان خۆی بردۆتە دڵی برا کوردە موحتەرەمەکانمانەوە و لە هەمو لایەکەوە بۆ یاریەدان و پێشکەوتنی غەزەتەکە هەوڵ ئەدرێ. هەر بەم فکرە بەرز و بڵندە ئەمجارە لە بەغداوە لە لایەنی حەکاکی بە ناو جەنابان: حوزنی و یومنی ئەفەندیەوە سەرلەوحەیەک بۆ غەزەتەکەمان بەو نەخش و نیگارە، بەو نوسینە جوان و شیرینەی خۆیان کە دڵی هەمو کەسی بردوە، بە دیاری بۆمان نێرراوە. لە سایەی ئەم هیمەتە گەورەوە (ژیان) جەژنی بو بە دو.

"لە بەر ئەمە بە هەمو هێز و قوەتی دڵ تەشەکوراتی خالیسانەمان پێشکەش و بە دڵ و گیان تەقدیری ئەم خزمەت و هیمەتە گەورەیەیان ئەکەین و، لە جیاتی ئەم دیاریە بە قیمەتە (ژیان) ناوی موحتەرەمی (حوزنی و یومنی) لە سەر سەری هەتا بژی ئەنوسێ و تەقدیسی ئەکات."

حوزنی لەو کاتەدا هێشتا رۆژنامەوانی نەکردبو بە پیشە لە بەغداد دوکانی حەکاکی هەبوە.

هەمو ژمارەکانی ٤ لاپەڕەی ٣٢ X ٢٠ سم بوە (جگە لە چەند بۆنەیەکی کەم کە بە هۆی روداوی گرنگەوە کراوە بە ٦ لاپەڕە یان پاشکۆیەکی لە گەڵ چاپ کراوە) و، هەر لاپەڕەیەکیشی ٢ ستونی تیّدا نوسراوە.

مانشێتی نەبوە. خەتاتی تیّدا بە کار نەهاتوە. حەرفی سەردێڕی وتار و مەتنەکەی یەک جۆر و یەک قەوارە بون، چەند حاڵەتێکی زۆر دەگمەن نەبیّ کە هەندیّ سەردێڕ بە حەرفێکی کەمیّ ئەستورتر نوسراون، ئەوانی تری هەموی وەکو یەکە.

لە هیچ ژمارەیەکیدا وێنە و کاریکاتێری تیّدا نیە.

٦. نرخی مێژویی

ژیان بۆ مێژوی نویّی کورد سەرچاوەیەکی دەوڵەمەنی جیّ باوەڕە.

٦. ١. بۆ مێژوی سیاسی:

روداوەکانی کوردستانی عیراق، هەواڵەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود و، پێوەندی لە گەڵ ئینگلیز و عیراق، مەبعوسەکانی کورد و پارلەمانی عیراقی، پێوەندی عیراق لە گەڵ تورکیا و ئێران و، رەنگدانەوەی لە جولانەوەی کوردا، روداوەکانی کوردستانی تورکیا، روداوەکانی کوردستانی ئێران، پێوەندی عیراق و دراوسێکانی، پێوەندی عیراق و ئینگلیز، گفتوگۆی ئەشرافی سلێمانی و نوێنەرانی عیراق و بریتانیا، کورد و پەیماننامەی ١٩٣٠ ی عیراقی ئینگلیزی...

٦. ٢. بۆ مێژوی رۆشنبیری:

کۆمەڵی زانستی کوردان، کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی، یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغداد، بڵاوکراوەی کوردی، هەواڵی رۆژنامەکانی عیراق، تەمسیل، وەرزش...

٦. ٣. بۆ مێژوی ئەدەبی:

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، نوێکردنەوەی شیعری کوردی، بانگەواز بۆ زیندوکردنەوە و چاپکردنی بەرهەمی شاعیرەکان...

٦. ٤. بۆ مێژوی خوێندن و پەروەردە:

کردنەوەی مەکتەب، سیستەمی پەروەردە، پرۆگرامەکانی خوێندن...

٦. ٥. بۆ مێژوی کۆمەڵایەتی:

داکۆکی لە ژن، داکۆکی لە جوتیاران، چاک کردنی ژیانی دانیشتوانی لادێ...

تێبینی:

ئەو بەرگەی لای منە هەندێ ژمارەی ناتەواوە، پێم وایە هەندێ لەو ژمارانە باس و بابەتی گرنگیان تێدایە، کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە بە کەڵک ئەبون:

چەند تێبینیەك:

١. مامۆستایان رەفیق سالح و سدیق سالح خەریکی ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی هەمو ژمارەکانی (ژیان) ن لە چەند بەرگێک دا، یەکەم بەرگیان لیّ بڵاو کردۆتەوە، بڕوانە:

رۆژنامەی ژیان ژمارە ١ ٨١، ئامادەکردنی: رەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی سدیق سالح، یەکەم بەرگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

کاک سدیق سالح ل ٥ ٩٩ ی ئەم بەرگەی تەرخان کردوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردی ناوەرۆک و پێرستی بابەت و ژیننامە و وێنەی نوسەرەکانی ئەم ٨١ ژمارەیە.

ژمارەکانی ژیان بە پاکی و جوانی چاپ کراونەتەوە. رەنجی ئەم دو جوامێرە بۆ ژیاندنەوەی سامانی رۆژنامەوانیی کوردی شایانی رێزلێنان و پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە رۆشنبیریەکانی کوردە.

٢. لە کاتی ئامادەکردنی ئەم باسەدا ئەو بەرگەی ژیان کە لە بەردەستی من دا بو ئەم ژمارانەی ناتەواو بو:

٨١/ ٨٥/ ١٠٠/ ١٢٧/ ١٤١/ ١٤٣/ ١٤٤/ ١٤٧/ ١٥٩/ ١٦٢/ ١٦٩/ ١٧١/ ١٧٥/ ١٧٦/ ١٨٢/ ١٨٣/ ١٩٣/ ١٩٨/ ٢٠١/ ٢٠٢/ ٢٠٣/ ٢٠٥/ ٢١٠/ ٢١٢/ ٢١٤/ ٢١٥-٢١٩/ ٢٢١/ ٢٣٦/ ٢٥٢/ ٢٥٣/ ٢٦٥/ ٢٦٩-٢٧٨/ ٢٨٠-٢٨٢/ ٢٩٠-٢٩٣/ ٢٩٦/ ٣٢٠/ ٣٢١/

رەنگە لە هەندیّ لەو ژمارانەدا باس و بابەت و هەواڵی گرنگیان تیّدا بیّ بەڵام من نەمتوانی کەڵکیان لیّ وەربگرم.

٣. لەم کتێبەدا بە پێویستم نەزانی هەندیّ لەو بابەتانەی لە کتێبی: (کوردستانی عیراق ١٩٢٨ - ١٩٣١: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات) دا بڵاوم کردۆتەوە، ئەگەرچی گرنگ و بایەخدارن، دوبارە بکەمەوە. خوێنەر ئەگەر ویستی ئەتوانیّ ئەو بابەتانە لەو کتێبەدا بخوێنێتەوە.

ژیان

٤

هەواڵەکانی شێخ مەحمود

١. شەڕی هەمەلایەنەی ئینگلیز دژی شێخ مەحمود

١. ١. جائیزە بۆ کوشتنی

١. ٢. شێواندنی ناوبانگی

١. ٢. ١. بە وتاری رۆژنامە

١. ٢. ٢. بە دانی بە دادگا

١. ٣. وشک کردنی سەرچاوەکانی دەرامەتی

١. ٤. راونانی هێزەکانی

٢. گفتوگۆی شێخ مەحمود و ئینگلیز

٢. ١. گفتوگۆ لە خورماڵ

٢. ٢. گفتوگۆ لە بەغداد

٢. ٣. گوشاری زۆرتر

٣. کەنارەگیری

٣. ١. ناردنی بابەعەلی بۆ بەغداد

٣. ٢. سەروەزیران لە سلێمانی

٣. ٣. چونی شێخ مەحمود بۆ بەغداد

٤. هەڵسەنگاندنی جوڵانەوەکە

٥. تێهەڵچونەوە و وازهێنانی یەکجاری

هەواڵەکانی شێخ مەحمود

١. شەڕی هەمەلایەنەی ئینگلیز دژی شێخ مەحمود

١. ١. جائیزە بۆ کوشتنی

لە ئابی ١٩٢٤ دا جەعفەر عەسکەری وازی لە وەزارەت هێنا، مەلیک فەیسەڵ یاسین هاشمی تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ. عەبدولموحسین سەعدون لە وەزارەتەکەی یاسین هاشمیدا بو بە وەزیری کاروباری ناوخۆ و، لە حوزەیرانی ١٩٢٥ دا کە یاسین هاشمی ئیستیقالەی کرد، مەلیک فەیسەڵ سەرلەنوێ عەبدولموحسین سەعدونی تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ. ئەوە سێیەمین وەزارەتی سەعدون بو. رەشید عالی گەیلانی لەم وەزارەتەدا وەزیری داخلیە بو. جوڵانەوەکەی شێخ مەحمود هاوزەمان بو لە گەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە وەزارییانەدا.

عەبدولموحسین سەعدون، کە هاوزەمانی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ٢ جار بوبو بە وەزیری کاروباری ناوخۆ و، ٣ جار بوبو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، بۆ ئەوەی ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و، کوردستان بە بێ بەرەنگاری ببەسترێ بە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی عیراقەوە، لایەنگری لە ناوبردنی شێخ مەحمود بو. سەعدون ئەم رایەی خۆی بە ئاشکرا دەربڕی بو.

عەبدولموحسین سەعدون، سەروەزیرانی ئەوسای عیراق دوای گەڕانەوەی لە سەردانی سلێمانی، لەو کۆبونەوەیەدا کە لە ٤ ی ٦ ی ٩٢٣ دا لە کۆشکی شاهانەدا لە بەغداد، بە ئامادەبونی فەیسەڵ (مەلیکی عیراق)، هێنری دوبس (مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق)، سێر جۆن سالمۆن (فەرماندەی گشتی هێزەکانی بریتانیا) و چەند کاربەدەستی ئینگلیزی و عیراقی تر، کە بۆ لێدوانی هەلومەرجی سلێمانی کردیان. سەعدون بە راشکاوی وتی: "هەمو خەڵک، جگە لە هەندێ سەرۆک عەشیرەت، بە هەمو هێزیانەوە ئەیانەوێ بخرێنە سەر عیراق. شێخ مەحمود لە بەر چاوی خەڵک کەوتوە.

هـــەمویان رقیـــان لیّی ئەبیّتـــەوە، کـــە لیّی ئەپونگیّنـــەوە چونکـــە لـــە دەستدریّژیەکانی ئەترسن. لایەنگرانی شیّخ مەحمود زۆر کەمن." سەعدون بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان لە شیّخ مەحمود تیژ بکا ئینجا وتی: "حکومەتی بریتانی درێخی لە یارمەتیدانی شیّخ مەحمود نەکرد و چاکەیەکی زۆری لە گەلّ کرد، کەچی سودی نەبو. شیّخ مەحمود کابرایەکی (شریر) ە دوای تەجروبەکانی رابوردو نابیّ پشتی پیّ ببەستریّ. ئەگەر بتوانرایە لە ناو ببریّ، ئەوسا ریّککەوتن لە گەلّ کورد ئاسان ئەبو."

ئەگەرچی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٥ دا عیراق بە تەنگوچەلّەمەیەکی وەزاریدا تیّ ئەپەڕی و، یاسین هاشمی ئیستیقالەی ئەکرد و وەزارەتەکەی ئەڕوخا و، وەزارەتیّکی تازە لە سەر تەکلیفی مەلیک فەیسەل، بە سەرۆکایەتی عەبدولموحسین سەعدون تەشکیل ئەکرا، بەلاّم دیارە ئەم روداوانە کاریان لەو بڕیارە نەکردوە کە ئەنجومەنی وەزیران لە سەر داوای مەندوبی سامی بە دەستیەوە بوە.

"بڕیاری چوارەمی ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ١٣ ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دا:

"نوسراوی (ژمارە بی. ئۆ/ ١٢٢ ی ٨ ی حوزەیرانی ١٩٢٥) ی موستەشاری فەخامەتی مەندوبی سامی عیراقی خویّندەوە سەبارەت بە تەرخان کردنی ١٠ هەزار روپیە پاداشت (جائیزە) بۆ گرتن وە یا کوشتنی شیّخ مەحمود و، کەریمی فەتاح بەگ و سابیری کوڕی. لەوە ٦٠ هەزار روپیەی بۆ کوشتن وە یا گرتنی شیّخ مەحمود و، ٢٠ هەزار روپیەیش بۆ هەر یەکیّ لە کەریمی فەتاح بەگ و سابیری کەریم بەگ. بەو مەرجەی ئەو پارەیەی بۆ کوشتنی یەکیّ لەو سیّیانە ئەدریّ چواریەکی ئەو پارەیە بیّ کە بۆ گرتنیان ئەدریّ. ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا ئەم پیّشنیارە قبولّ بکا."

"بڕیـاری دووەمـی ئەنجومـــەنی وەزیرانـــی لــە دانیشـــتنی ڕۆژی ٣٠ ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دا:

"نوســـراوی (بـی، ئــۆ/ ١٥١ ی ١٩ ی حوزەیرانـــی ١٩٢٥) ی فەخامـــەتی مـەندوبی سـامی خوێنـدەوە، سـەبارەت بـە ڕاسپاردنی موفەتیشـی ئیــداری سلێمانی بۆ دانی جائیزە بۆ ئەو مەبەستەی لە بڕیاری چوارەمی دانیشتنی ١٣ ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دا بـاس کـراوە، بـۆ کەسـانێک جگـە لـە ئـەفرادی هـێزی ئاسوری. ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا دەسەڵات بدا بە موفەتیشی ئیداری سـلێمانی کـە بـۆ هـەندێ کەسـی هـەڵبژێردراوی ڕون بکاتـەوە، کـە ئەگـەر ئەنجامی ویستراو بە هۆی ئەوانەوە بو جائیزەکەیان ئەدرێتی بەو مەرجەی لە سنوری ئەو مەبلەغەدا بێ کە ئەنجومەن لە دانیشتنی ١٣ ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دا موافەقەتی لە سەر کردوە."

تەرخانکردنی ٦٠ هەزار ڕوپیە بۆ گرتن وە یا کوشتنی شێخ مەحمود لە بەر ئەوە بوە کە شێخ مەحمود سەرکردەی جوڵانەوەکە بوە و، لایان وا بوە بە لە ناو بردنی ئەو جوڵانەوەکـەیش تـەواو ئـەبێ. هـی کـەریمی فـەتاح بـەگ و سابیری کوڕیشی لە بەر ئەوە بوە تاوانبار بـون بـە کوشـتنی کاپتـان بۆنـد و ماکانت، کە دو ئەفسەری ئینگلیزی بون.

لەو کاتەدا سێر هێنری دوبس مەندوبی سامی بـوە لـە عیراق و کاپتن لاین موفەتیشی ئیداری سلێمانی بـوە. پـێ ئـەچێ نـەیان ویســت بـێ تـەرخان کردنی ئەم جائیزەیە لە ناو خەڵک دا بڵاو بکەنەوە، بەڵکو ویستویانە لە ڕێگەی چەند کەسێکی هەڵبژێردراوەوە کارەکە ئەنجام بدەن. بەڵام سەرەڕای تەرخان کردنی ئەم پارە زۆرە نەیان توانیوە کەسانێک پەیدا بکەن شێخ مەحمودیان بۆ بکوژێ.

١. ٢. شێواندنی ناوبانگی

دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بۆ شێواندنی ناوبانگی شێخ مەحمود و زڕاندنی ناوی خۆی و لایەنگرەکانی هێرشێکی پڕۆپاگاندەی فراوانیان دەس پێ کردوە، لە لایەکەوە ژیان کەوتۆتە نوسینی وتار و لێدوان و، لە لایەکی ترەوە بە توهمەی بە فیرۆدانی پارەی شارەوانی داویانەتە دادگا.

١. ٢. ١. بە وتاری رۆژنامە

"قەت گورگ ئەبێ بە شوانی مەڕ؟

"مودەتێکی زۆر ئەم وەتەنە مەعسومە بە دەست بەعزێ خائینانی خۆیەوە ئەینالاند. هەر رۆژێ بە نەوعێ، هەر سەعاتێ بە بەهانەیەک، ئەم میلەتە مەزلومەیان ئیغفال ئەکرد. ئەم خائینانە گاه بە مەسئەلەی موصل و هاتنەوەی تورکەوە میلەتیان ئەتۆقاند، گاه بە وەعدەی ئیستیقلالیەتی کوردەوە سەریان لەم خەلقە ئەشێواند. تا لە نەتیجەدا بون بە سەبەبی ئەم فەلاکەتە عەزیمە کە دیمان.

"لە روی ئەم بەدخواهانەوە ئەوی لەمەوپێش زانی بومان، ئەوی کە چەند ساڵ لەمەوبەر بیست بومان، لە بیرمان چوەوە. لە تەرەقیاتی عەسری حازر مەحرومیان کردین، ئیستراحەتیان لێ سەلب کردین، لە تێکەیشتن و پێشکەوتنی پەنجا ساڵ دوایان خستین. وەلحاسڵ ئەوی مەتلەبیان بو لە خراپە بە سەرمانا ئیجرایان کرد.

"فەقەت مەسئەلەی مەشهورە: لچرای دز ناگاتە بەیانی! شوکر ئیستا میلەت بە تەواوی لە فکری ئەمانە گەیشت، مەنفەعەتپەرستی ئەم خائینانەی کەشف کرد.

"ئیتر تێ گەیشتن کە مەقسەدی ئەمانە تەنها مەنفەعەتپەرستی، تەنها ئینتیقام جویی، تەنها تەرەفداری جەهالەت و شەقاوەت بو. هەوڵ و تەقەلایان

هەر بۆ ئەشقیا حیمایە کردن، هەر بۆ میلەت تالآن کردن و خۆ دەوڵەمەند کردن بو.

"ئیتر شوکر هیچ کەس بە قسەی ئەم خائینانە باوەڕ ناکات.

"چاوی رەشیان کاڵ بوەوە، هیچ گورگ نابێ بە شوانی مەڕ، هیچ زەمانێک پشیلە نابێ بە ئێشکچی گۆشت.

"حقوقی میلەت کەی بە جەردەیی و دزی و درۆزنی سەنراوە؟ تالآن کردنی دێهات، روتاننەوەی میلەت، روتکردنەوەی کاروان، کوشتنی رێبوار، تو خوا کەی ئیستیقبالی قەومێ تەئمین و روناک ئەکات؟

"ئیدیعای حقوق بۆ بە دەست خستنی حقوق ئەکرێ، بۆ غەسبی حقوق ناکرێ. فیداکاری بۆ محافەزەی شەرەف و ناموس، بۆ تەئمینی ئیستراحەت و تیجارەت، بۆ تەرەقی عیلم و مەعاریف لازمە، نەک بۆ نەهێشتنی شەرەف، نەک بۆ سەلبی ئیستراحەت، نەک بۆ هەڵگرتنی عیلم و مەعاریف.

"ئەم میلەتە کەی ئەیویست وای بۆ بکرێ، تا وای لێ بکرێ؟

"ئیتر ئەی خائینانی وەتەن! ئەمین بن دایکی وەتەن ئیتر ئێوە بە ئەولادی خۆی قبوڵ ناکا، چونکە وەجاختان کوێر کردوە، چونکە نمەک بە حەرامیتان لە گەڵ کرد.

"ئەی دوشمنانی میلەت! موحەقەق بزانن میلەتی کوردئیتر ئێوەی لە قەیدی کوردیەت و لە زومرەی بەشەریەت دەرهاویشتوە.

"ئەی گومڕاهانی تەریقی سەلامەت! لێتان مەعلوم بێ میلەت رێگای نەجاتی خۆی دۆزیوەتەوە، عەنقەریب سەعادەتی ئەبەدی خۆی دەست ئەکەوێ و ئێوەش وەکو فاسقی مەحروم لە دورەوە مەئیوس و مەحروم ئەمێننەوە.

"ئەی بەدخواهان، وەی مەنفەعەتپەرستان! ئیتر ئەمین بن ئەو ناوە ناشیرینە، ئەو لەکە چرکنە، تا ئەبەد بۆ ئێوە باقیە، وەکو خاڵێکی رەش لە ناوچاوانتان ناسرڕێتەوە.

"ئیتر هەر لە ئیستاوە کفن بۆ خۆتان ببڕن لە هەمو شتێک چاکترە، تا ئێوە خراپیی بکەن نەفرەتی میلەت زیاد ئەکا و ئەمین بن جەزای خۆتان بە چاوی خۆتان لە دەست میلەتی خۆتانی ئەبینن!"ژیان، ژ ٣، ٤ ی شوباتی ٩٢٦)

"دەنگی دەهۆڵ لە دور خۆشە!

"هەرچەند ئەم غەزەتەیە هەمو وەختێ مەسلەکێکی ئیعتیدالکارانە تەعقیب و زبانێکی مولایمانە محافەزە ئەکات، بەلام هیچ وەختێکیش چاکە و خراپەی لە بیر ناچێ. بۆ ئەوانەی کە چاکەیان بۆ میلەت پیشان داوە و ئیستراحەتی میلەتیان تەئمین کردوە، دائیمەن خۆی بە مەدیونی شوکرانیان ئەزانێ و عەلەنەن عەرزی تەشەکوراتیان ئەکات. وە بۆ ئەوانەش کە خراپەی بە میلەت گەیاندوە و خیانەتیان لە گەڵ میلەت کردوە، لە تەشهیر و تەنفیرکردنیان قسور ناکات. لە بەر ئەمە هەتا ئیستا ئەم غەزەتەیە چەند جارێک بە لیسانی حال و قال بە سورەتێکی ئینتیباهی خیانەتی و خراپەی شێخ مەحمودی خستۆتە بەر نەزەری دیقەت، داخل و خاریج و، بە ناو خەلقا ئیعلانی کردوە.

"بەلام ئەلێن: (دەنگی دەهۆڵ لە دور خۆشە) ئەترسم هەنگێ کەس ئەم حەقایقە ئینکار بکا و بە نەوعێکی تر حەملی بکا، وەکو عەبدولکەریم ریفی و شێخ سنوسی، ئەمیش بە ساحیبی قودرەت و غایەیەک بژمێرن. لە بەر ئەمە مەجبور بوین ئەوی دەرحەق بەم شەخسە دیبێتمان و بیستبێتمان بەیانی بکەین.

"ئەم شەخسە بێجگە لەوەی کە هەمو میلەتی روتاندەوە و خەزێنەی مالیەی تالان کرد و، بۆ ئامالی غەیرە مەشروعەی خۆی پەخشانی کرد، میقدارێ پارەش کە لە تەرەف حەمیەتمەندانی کوردەوە بۆ هێنانی ماکینەیەکی چاپ کۆ کرابووەوە قوتی دا و، دیسانەوە بەمەش چاوی تێر نەبو

پارەیەکی زۆری بەلەدیە کە لە سندوقی بەلەدیەدا مەوجود بو، وە سیرف عائیدی بەلەدیە بو، وە حەقی حکومەتی بە سەرەوە نەبو، وە ئیجابی ئەکرد تەنها سەرفی عیمران و نەواقیسی مەملەکەت بکرێ، بەم سورەتە کە لەمەولا بەرە بەرە دەرج و ئیعلان ئەکرێ سەرفی کردوە و، ئەم سەرفیاتە لە یەومیەی ئەو مودەتەی بەلەدیەدا موقەیەد و مەوجودە. ئینجا هەر تەماشای بکرێ و عیبرەت وەرگیرێ!"ژیان، ژ ٧، ٤ ی مارتی ١٩٢٦

لە ژمارەکانی ٨ ١١ و ١٤ دا لیستەی ئەو خەرجیيانەی بڵاو کردۆتەوە.

شێخ مەحمود نفوزێکی گەورە و رێزێکی زۆری لە ناو کوردا، بە تایبەتی لە ناو خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک و گەرمیان دا، هەبوە. ئەم بابەتانە و چەندین بابەتی تر کە ژیان بڵاوی کردونەتەوە بۆ زڕاندنی ناوی شێخ مەحمود و، پوچەڵ کردنی ناوەرۆکی سیاسی و نەتەوەیی شۆڕشەکەی بوە و، بەشێک بوە لەو هێرشە فرە لایەنەی کراوەتە سەری، بەڵام ئەم شاڵاوە بەرفراوانەی جەنگی پرۆپاگاندە دژی شێخ مەحمود کارێکی ئەوتۆی لە بیروبۆچون و هەڵوێستی زۆر لە نیشتمانپەروەرانی کورد نەکردوە. هەر لەو رۆژانەدا (جەمعیەتی زەردەشت) کە لە لایەن چەند لاوێکی نیشتمانپەروەرەوە بە نهێنی دامەزراوە نامە و نوێنەریان ناردۆتە لای شێخ مەحمود، بۆیان نوسیوە:

"بۆ حەزرەتی عالی جەناب شێخ مەحمود دامە ئیقبالوهو

"بە حەسەبی ئەوەی کە جەنابتان سەرکردە و زاتێکی گەورەی کوردن، بەناوی کوردایەتیەوە بەعزێ قەزیە هەیە عەرزتانی ئەکەین کە زۆر ئارەزوو رەجا ئەکەین بە ئەهەمییەت تەماشای بفەرموون چونکە ئەم مەعروزانە هی شەخسێک نین و بۆ یەکێک نین. ئەم ئارەزووە هی هەموو میللەتی کوردەو

ئەم هاوارە بەیەک دەنگە، ئەمین بن لە هەموو کوردستانەوەیە لەبەر ئەوە لەپێش هەموو شتێکدا زۆر تکاتان لێ ئەکەین کە زۆر ئەهەممیيەتی بدەنێ. ..."

بڕوانە: د. کەمال مەزهەر: خێروبێری راپۆرنووسێکی کورد، (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد)، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ۲۰۰۱. ل ۲۹۹

۱. ۲. ۲. بە دانی بە دادگا

بەشێکی تری جەنگی پڕۆپاگاندە دژی شێخ مەحمود بریتی بوە لەو شکاتەی شارەوانی سلێمانی لێیان کردوە سەبارەت بە خەرج کردنی ئەو پارەیەی لە لایەن خەڵکەوە کۆ کرابووەوە بۆ کڕینی دەزگای چاپ.

"ئیعلان

"بینا لە سەر دەعوای دائرەی بەلەدیەی سلێمانی لە سەر مودەعی عەلەیهی حەفیدزادە شێخ مەحمودی کوڕی شێخ سەعید، مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانی بەپێی مادەی ۱٤٦۲ و ۱٦٠٦ لە مەجەلە و مادەی ۹۷ و ۱۰۰ لە ئوسولی محاکەماتی حقوقیە غیابەن حوکمی دا بە سەر مودەعی عەلەیهی شێخ مەحمود بە تەئدیەی دە هەزار وشەصت و چوار روپیە و نیو و سی و هەشت لیرەی عەینی عوسمانی، ئەو مەبلەغەی کە لە وەختی خۆیدا لە تەرەف ئەهالی سلێمانیەوە بۆ کڕینی ماکینەی تەبع تەبەڕوع کرا بو، وە مودەعی عەلەیهی غەسبی کرد بو، لە گەڵ فائیزی نیزامی صەدی نۆ، لە تاریخی تەلەب کە موسادیفی ۳۰ ی کانونی سانی ۹۲٦ موە هەتا حینی تەئدیە و تەحمیلی مەساریفی محاکەمە پێنج سەد و سی و پێنج روپیە ئوجرەتی محامی بۆ سێ جەلسە و، صەد و پەنجا روپیە ئوجرەتی تەنزیمی لەوایحی قانونیە و پارەی پول

و ئوجرەتی مومەیزین و ئیعلان لە سەری. وە لە بەر ئەمە کە مودەعی عەلەیهی شێخ مەحمود محەلی ئیقامەتی مەجهولە بە سورەتی ئیعلان لەم غەزەتەدا ئەم حوکمە تەبلیغی ئەکرێ کە لە تاریخی نەشریەوە هەتا پانزدە رۆژ حەقی ئیعتیراز و لە پاش ئەوە هەتا سی رۆژ حەقی ئیستینافی هەیە. ئەگەر لە زەرفی ئەم مودەتەدا بە ئەم توروقی قانونیەیە تەوەسول نەکا ئەم حوکمە کەسبی قەتعیەت دەکا.

٣ ی شوباتی ٩٢٦ مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانی"(ژیان، ژ ٣، ٤ ی شوباتی ٩٢٦)

"ئیعلان: حەفیدزادە شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعید بە پێی ئەو ئیعلامە کە بە تاریخی ٣ ی شوباتی ٩٢٦ و عەدەد ٧ لە مەحکەمەی بیدایەتی سلێمانی سادر بوە و لە تەرەف دائیرەی بەلەدیەوە تەنفیزی حوکمی تەلەب کراوە، بە تەئدیەی دەهەزار و شەستوچوار روپیە و نیو و حەوت ئانە و، سی و هەشت لیرەی عەینی عوسمانی لە بەر ئەمەی مەحکوم عەلەیهی ئەمڕۆ محەلی ئیقامەتی مەجهولە ئەوا بە ئیعلان ئیخبار دەکرێ کە لە تاریخی نەشرەوە هەتا مانگێک خۆی وە یا وەکیلێکی لە دائیرەی سلێمانی ئیسپاتی وجود وە ئەم مەبلەغە تەئدیە نەکات، حوکمی ئەو ئیعلامە بە سورەتی حیجز و فرۆشتنی ئەموالی مەنقولە و غەیرەمەنقولەی تەنفیز دەکرێ.

١٠ شوباتی ٩٢٦ رەئیسی ئیجرای سلێمانی"(ژیان، ژ ٤، ١١ ی شوباتی ٩٢٦)

١. ٢. وشک کردنی سەرچاوەکانی دەرامەتی

شێخ مەحمود ئەرکێکی دارایی گەورەی لە سەر شان بوە. بەرپرسی دابینکردنی پێویستیەکانی ژیانی خێزانەکەی خۆی و هەمو چەکدارەکانی بوە. نە هیچ دەوڵەتێک هەبوە یارمەتی دارایی بدا و، نەخۆیشی دەزگایەکی دارایی

هەبوە ئەم کارە ئەنجام بدا. سەرچاوەی دەرامەتی بریتی بوە لە مڵکانەی زەوی و زاری گوندەکانی خۆی و، لەو باجەی لە دانیشتوانی دێهات و خێڵە رەوەندەکانی کۆ کردۆتەوە.

وەزارەتەکەی سەعدون بۆ بنبڕکردنی بزوتنەوەکە، رێوشوێنی وشک کردنی سەرچاوەی دەرامەت و دارایی شێخ مەحمودی دانا، لە لایەکەوە بە زەوت کردن و دەس بەسەرا گرتنی هەمو موڵکەکانی خۆی و کوڕەکانی و هاوسەرەکانی و خوشکەکەی و، لە لایەکی ترەوە بە رێگرتن لە کۆکردنەوەی باج و سزادانی ئەوەی باجی ئەدا.

"ئاگاداری

"بۆ زانینی هەمو، سورەتێکی قەراری مەجلیسی وزەرا، کە لە خسوس موسادەرەی ئەملاکی شێخ مەحمود و ژنەکانیەوە دەرچوە، لێرە نیشانی قارئینی کیرامی ئەدەین:

"وەزارەتی داخلیەی عیراق

ژمارە ۱۱۶۵ تاریخ ۶ ی مایسی ۱۹۲۶

"ئەمری وەزاری

"بە موجیبی قەراری مەجلیسی وزەرا کە لە تاریخی ۲ ی مارتی ۹۲۶ دەرچوە و بینا لە سەر ئەو سەلاحیەتەی کە بە موجیبی مادەی ۲۷ ی قانونی مونازەعاتی جەزائیە و مەدەنیەی عەشائیر بە من دراوە ئەمرمان کرد کە جەمیعی ئەملاکی شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعیدی بەرزنجی و، ژنەکانی: عایشە خان و بەهیە خانم، بە ناوی حکومەتەوە موسادەرە بکرێ و بفرۆشرێ بە شەرتێ قیمەتەکانیان بە موجیبی ئەوامیرێک کە لە ئاخریا سادر ئەبێت سەرف بکرێت."(ژیان، ژ ۱۸، ۲۷ ی مایسی ۱۹۲۶)

"بۆ زانینی هەمو

داخلی قەزای شارباژێڕ لە دێی کەناروێدا پانزدە پارچە زەوی بەراو کە ناویان: زەمینی کۆتەرە وشکەڵ کە بە دێیەری حەمە شولە و زەمینی

خوارماڵ کە بە دێیەری برایمی فەقێ عەلی و زەمینی بەرباغ کە بە دێیەری قادری فەقێ عەلی و زەمینی بەرماڵان کە بە دێیەری شەریفی فەقێ عەلی و دو زەمینی تر کە هەردوکیان ناوریێان پێ ئەڵێن و بە دێیەری حەمە شولە مەشهورن و سێ پارچەی تر کە هەرسێکیان بە زەوی بەرماڵانی میری و مالان و سەرئەستێڵ کە هەردوکیان بە دێیەری مەلا محەمەد و ئەحمەد موسا مەشهورن و، بە ناوی شێخ مەحمودەوەن. ئەم زەوییانە موقابیل بە تەلەبی بەلەدیە خرانە مەوقیعی موزایەدەوە بینائەن عەلەیهی لە ئیعتیباری نەشری ئەم ئیعلانەوە هەتا سی رۆژ هەرچی تالبە صەدی دە تەئمینات بهێنێت و موراجەعەت بە دائیرەی ئیجرای سلێمانی بکات.

٢٦ ی ئەیلولی ٩٢٦ رەئیسی ئیجرای لیوای سلێمانی"ژیان، ژ ٣٥، ٣٠ ی ئەیلولی ٩٢٦)

"ئیعلان: نەزەر بە موندەرەجاتی ئیعلامێک کە لە تەرەف بەلەدیەی سلێمانیەوە بۆ تەنفیز بەم دائیرەیە تەودیع کرا بو شێخ مەحمودی حەفید مەحکومی تەئدیەی دە هەزار و شەست و چوار روپیە و نیو و سی و هەشت لیرەی عوسمانی بوە ب بەلەدیە وە لە بەر ئەوەی مەحکوم عەلەیهی بە رەزای خۆی لە تەئدیەی مەبلەغی مەحکوم بیهی ئیمتیناعی کرد، لە سەر تەلەبی مەحکوم لەهو ئەم دائیرەیە حیجزی سیانزە دوکان لە شاری سلێمانی و پەنجا پارچە زەوی بەراو کە لە دێی کەنارو و کانی سپیکە و کەڵەکن و داریکەلی واقیعن قەراری داوە، بینائەن عەلەیهی لە تاریخی ئەم ئیعلانەوە هەتا سی رۆژ ئەگەر مەحکوم عەلەیهی تەئدیەی مەبلەغی مەحکوم بیهی لە گەڵ مەساریفاتی سائیرەی نەکات، ئەم موڵکانە کە حیجز کراون عەلەل ئوسول بە تالیبی دەفرۆشرێت و لە قیمەتەکەی مەبلەغی مەحکوم بیهی ئیستیفا دەکرێ. لە بەر ئەمە ئیعلان کرا.

رەئیسی ئیجرای لیوای سلێمانی."ژیان، ژ ١٦، ١٣ ی مایسی ٩٢٦)

سزادانی جاف

"چەند ساڵێکە بەعزێ لە عەشائیری جاف ئیستیفادەیان لە وەزعی مەملەکەت کرد و لە راووڕوت و جەردەیی و ئەزیەتی فەقیر و فوقەرا قسوریان نەکرد بو، وە بوبون بە باعیسی زۆر موشکیلات لە ئیشوکاری حکومەت دا و ئەمنیەت و ئاسایشی لیوایان ئیخلال کرد بو.

"ئەمجارە جەنابی موفەتیشی ئیداری غەیور، بە ئۆردویەکەوە تەشریفی لە شارەزوردا دەوریەیان فەرمو، وە بەو موناسەبەتەوە هەم هەمو شارەزوریان لە تەعەرروزات و تەجاوزاتی جاف محافەزە و حقوقی زۆر مەغدوریان جێبەجێ کرد و، دیسان لەم دو تائیفە شەڕاڕە، لە رۆغزادی هەزار و لە تەرخانی پێنجسەد سەر حەیوانی بە جەزا لێ سەندن. فەقەت لە هەمو شتێک چاکتر ٩ کەس لە ناودارانی رۆغزادی و تەرخانییان دەردەست و، مەحفوزەن سەوقی مەرکەزی لیوا فەرمون. ئەو ٩ کەسە ناویان لە خوارەوە نوسراوە. ئەلئان لە دائیرەی پۆلیس مەحبوسن و لە مەقامی موتەسەریفیەوە بۆ حوسنی سلوک و حیفزی نیزام، داوای تەعەهود و زەمانیان لێ کراوە و، سەنەدی ئەوە بدەن دائیمەن موتیعی ئەمری حکومەت بن.

"بەم موناسەبەتەوە تەبریکی هیمەتی جەنابی موفەتیشی ئیداری ئەکەین کە حەقیقەتەن ئەم هیمەت و فەعالیەتەی شایانی تەقدیر و سەنایە و، واسیتە بو بۆ چاوشکاندنی ئەشقیا و ئەشرار.

قادری وەیسی، رۆغزادی. رەشید باوەجان، رۆغزادی. ئەحمەد شاسوار، رۆغزادی. رۆستەمی حەمەی مەحمود، رۆغزادی. فارس عەزیز، رۆغزادی. عەبدولکەریم رۆبیتەن، رۆغزادی. فەتاح کامەران، رۆغزادی. حەمە حەسەن مەحمود، تەرخانی. حەمەی شاسوار، تەرخانی"(ژیان، ژ ٤١، ١١ ی تشرینی سانی ١٩٢٦)

"قادری وەیسی

"لە روئەسای رۆغزادی قادری وەیسی کە مودەتێکە لە گەڵ بەعزێ لە روئەسای تری رۆغزادی و تەرخانی‌دا گیرا بو، لە سەر تەنسیبی مەقامی موتەسەریفیەت بەرامبەر بە ٥ هەزار روپیە تەئمینات کە داویە بەرەڵا کرا، بە شەرتێ کە لەمەودوا لە هەمو خسوسێکەوە ملکەچی حکومەت بێ و، لەم مودەتی دو ساڵەدا کە بۆیان داناوە بە هیچ کلۆجێ بزوتنەوەیەک کە ببێتە باعیسی تێکدانی ئەمن و ئاسایش لێی رو نەدا. هەروەکو زانراوە دەرحەق بە رەفیقەکانی تریشی تەتبیقی ئەم کەیفیەتە نیەت کراوە."(ژیان، ژ ٥٨، ١٧ ی مارتی ١٩٢٧)

"تەعویزات"

"ئەو هەزار و پێنجسەد سەرمەڕەی کە بە جەزا لە رۆخزادی و تەرخانی سەندرا و کە فرۆشرا تەقریبەن بایی چواردەهەزار روپیە بو، ئەمجارە لە سەر تەنسیبی حکومەت وا قەرار درا بە سەر ئەوان کەسانەدا کە لەمەوپێش لە لایەنی ئەم دو عەشیرەتەوە توشی زەرەر و زیان بون دابەش بکرێ. لە عەدالەت و مەرحەمەتی حکومەت و لە عالیجەنابیی موتەسەریف، کە بێ شوبهە بۆ ئەم خسوسە هیمەتیان روی داوە، بە زیاد بێ."(ژیان، ژ ٥٦، ٣ ی مارتی ١٩٢٧)

١. ٤. راونانی هێزەکانی

شێخ مەحمود، ئەگەرچی چەندین ئەفسەری دەرچوی ئاکادیمی جەنگیی ئەستەموڵ و چەندین رۆشنبیری شارەزای لە گەڵ بوە، بەڵام ستراتیجێکی جەنگی دیاریکراوی نەبوە کە ئامانج و تاکتیک و جۆری شەڕەکانی و، مەیدانەکانی کار و چالاکیەکانی و، شێوەی رێکخستنی هێزەکانی، دیاری بکا. شێخ مەحمود و هێزەکانی بە زۆری خۆیان لە شەڕ لاداوە و، هەڵوێستی (دیفاعی سەلبی) یان گرتوە، هەمیشە چاوەڕێ بون دوژمن هێرشیان بهێنێتە سەر. سەرکردایەتی جەنگی و سیاسی بریتانی لە عیراق دا، بەو هەمو

تەجروبەیەوە کە لە بواری جۆراوجۆری جەنگ دا هەی بوە، بە هێزی ئاسمانی و زەمینی هەمیشە لە راونانی شێخ مەحمود و هێزەکانیدا بوە. هێزەکانی شێخ مەحمود کە لە تاقمی خێڵەکی ناڕێکوپێک، بگرە بێ سەر و بەردا، ساز درا بون، توانای پەلاماردان و بەرگری هێزی بریتانی و عیراقی‌یان نەبو، بە تایبەتی چونکە ماوەی چەند ساڵێکی خایاند. لە بەر ئەوە هەمیشە لە کەمبونەوە و هەڵوەرین دا بون. لێیان ئەگیرا، لێیان ئەکوژرا و، لێیان تەسلیم ئەبوەوە.

ئەگەرچی لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر شەڕ و پێکادان لە ناوچەی جیاوازی دور لە یەک دا روی داوە. هێزی شاهانەی ئاسمانی ئینگلیز بە چالاکی بەشداری هێرشەکانیان کردوە و، دەیان گوندیان وێران و، سەدان باخ و خەرمانیان ئاگر تێ بەرداوە و ، دەیان چەکداری شۆڕش و هاولاتی مڵکی‌یان کوشتوە، بەڵام ژیان زۆر کەم ئەو روداوانەی تۆمار کردوە. یەکێ لەو روداوانە هەواڵی (کوشتنی کەریم بەگ) ە، کە بەمجۆرە نوسیوێتی:

"کەریم بەگ کە مودەتێکە بە خەباسەت و شەقاوەتی بێ ئینسافانە و بێ دینانە عالەمی لیوایەکی رەنجیدە و دڵخون کرد بو، وە لە دەنائەت و جەردەیی ئانێک فاریغ نەئەبو، لە گەڵ ئەمەیش دا هەمو وەختێ لە ترسی قیوای حکومەتی کوناوکون خۆی ئەشاردەوە، ئەوا ئەمجارە لە شەڕێک دا کە لە گەڵ دوێ قەرەتامور دا کردویەتی، کە دوێیەکە لە دێهاتی دەوری چەچەماڵ و یونس ئاغای مەحمود ئاغا گەورەیانە، کوژراوە. دائیر بە کوشتنی ئەم پیاوە، راست و درۆ، گەلێ تەواتورات هەیە، سەحیحەکەی ئەمەیە کە ئێمە لە مەنبەعێکی مەوسوقەوە وەرمان گرتوە:

"مەرقوم کەریم بەگ خۆی و تاقمێک لە هەمپاکانی چەند رۆژێ لە پێش کوشتنیا لەو دێهاتی دەوروپشتی چەمچەماڵەدا ئەسوڕانەوە و هەر شەوە

میوانداری‌یان بە دیێیەک ئەکرد. نۆرە دێتە سەر قەرەتامور. یونس ئاغا لە هاتن موماتەعەتیان ئەکات و، خەبەری لێ ئەگێڕێتەوە کە تۆ لە حکومەت عاسیت و پیاوێکی جەردەی، لە بەر ئەمە مەسئولیەت ناهێنمە سەر خۆم. ئەویش کە پەردەی مەغروریەت چاوی داپۆشی بو گوێ ناداتێ. لە سەر ئەمە لێیان ئەبێ بە شەڕ. لەو شەڕەدا پیاوێکی کەریم بەگ و کوێخاکەی قەرەتامور ئەکوژرێ، کەریم بەگیش برینـدار ئەبێ و بڵاوەی لێ ئەکرێ. هەر لە تەئسیری ئەو برینە لە پاش یەک دو سەعات خاتیمە بە حەیاتی شەقاوەتی کەریم بەگ دێت. لە غەزەتەکانی بەغدادا کە نوسراوە لە شەڕێک دا لە گەڵ جەیش کردویەتی کوژراوە بێ ئەسڵە. راستیەکەی ئەمە بو کە عەرزمان کردن. "ژیان، ژ ٢٤، ١٥ ی تەموزی ٩٢٦)

کەریم بەگی فەتاح بەگ لە سەرانی تیرەی بەگزادەی هەمەوەند بوە. هەر لەو کاتەوە کە شێخ مەحمود بو بە حوکمداری کوردستان کەریم بەگ بە دڵسۆزی دایە پاڵ شێخ مەحمود و، تا کوژرا لێی جیانەبوەوە.

دوای گیرانی شێخ مەحمود لە حوزەیرانی ١٩١٩ دا و، دورخستنەوەی بۆ هیندستان، کەریم بەگ خۆی بە دەستەوە نەدا و، بە یاخێتی لە ئینگلیز مایەوە و هێزێکی لە هەمەوەند ساز دا، شان بە شانی دەیان کەسی کە لە جەباری و جاف و پشدەری، بەرگری داگیرکەرانی ئینگلیزی و، داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودی ئەکرد.

لە حوزەیرانی ٩٢٢ دا لە گوندێکی دەوری چەمچەماڵ کاپتن بۆند و کاپتن ماکانت، دو ئەفسەری ئینگلیزی کوشت، کاپتن بۆند حاکمی سیاسی چەمچەماڵ بو. بەمەیش بو بە دوژمنی ژمارە یەکی ئینگلیز و ئەو کاتە ١٠ هەزار روپیە (پاداشت) یان تەرخان کرد بۆ لە ناو بردنی.

که هێزی تورک گەیشتە ڕەواندز، کەریم بەگ چوە لایان و، لە شەڕی دەربەندی ڕانیەدا لە ۳۱ ی ئابی ۹۲۲ دا، کە هێزی ئینگلیز زۆر بە خراپی شکا، بەشداریەکی کاریگەری کرد، ئەم شەڕە و، چەند شەڕێکی تر و زیادبونی جموجوڵی دوژمنانی ئینگلیز کاربەدەستانی ئینگلیزی ناچار کرد، بیر لە چۆڵکردنی سلێمانی و هێنانەوەی شێخ مەحمود بکەنەوە.

کاربەدەستانی ئینگلیز لە ئەیلولی ۹۲۲ دا سلێمانی‌یان چۆڵ کرد، لە کاتێک دا پیاوماقوڵانی سلێمانی خەریکی ڕێکخستنی کاروباری سلێمانی بون، کەریم بەگ بە هێزێکەوە گەیشتە ناو شار و، مستەفا پاشای یامڵکی، کە یەکێ لە دوژمنە سەرسەختەکانی کەمالیەکان بو، گرت. بە تەما بو بە گیراوی بینێرێ بۆ ئوزدەمیری فەرماندەی مەفرەزەکەی تورک لە ڕەواندز. بەڵام خەڵک مستەفا پاشایان بەرەلا کرد و ڕێگەیان بە کەریم بەگ نەدا ئەم کارە ناپەسندە بکا.

کە شێخ مەحمود گەڕایەوە کەریم بەگ دیسانەوە دایەوە پاڵ شێخ مەحمود، بەڵام لە بەر ئەوەی لە لایەن ئینگلیزەوە بە تاوانبارێکی خواستراو دانرا بو، سەرەتا شێخ مەحمود لە خۆی نزیک نەخستەوە تا نێوانی بە ئاشکرا لە گەڵ ئینگلیز تێک چو.

کە شێخ مەحمود سلێمانی بە جێ هێشت و ڕوی کردە ئەشکەوتی جاسەنە، کەریم بەگ لە دەوری سلێمانی مایەوە و، کاتێ ئینگلیز بۆ جاری دوەم سلێمانی‌یان چۆڵ کردەوە، پێشڕەوی هێزەکانی شێخ مەحمود کە چونەوە ناو شاری سلێمانی کەریم بەگ بو.

کەریم بەگ بەشداری دەیان شەڕی کردبو دژی ئینگلیز و شارەزاییەکی زۆری پەیدا کردبو لە شەڕی پارتیزانی‌دا، هەر بۆیە ئینگلیز نەیانتوانی زەفەری پێ بەرن. دوای کوشتنی ئەم، ئەگەرچی سابیری کوڕی و چەندین کەس لە پیاوە ناسراوەکانی هەمەوەند لە ڕیزی شۆڕش دا مابون، بەڵام شێخ مەحمود بە کوشتنی کەریم بەگ یەکێ لە باشترین فەرماندە دڵسۆزەکانی لە دەس دا.

"موفەقیەتێکی گەورە

"ئەمجارە حکومەت پێی زانی کە ٥ کەس لە ئەشقیاکان دوبارە هاتونە سەر ئەهالیە هەژارەکە و دەستیان کردوە بە هاتوچۆ کردن و خۆ بە خێو کردن و زک لەوەڕانن. فەورەن قوەتێکی موناسیبی رێک خست و ناردی. ئەم قوەتە شوێنی ئەم جەردە بێ ئینسافانە هەڵئەگرن تا ئەیانکەن بە دێی سیتەک دا. بە تەدبیرێکی باش هەر چوار ئەترافی دێیەکە ئەگرن، بێ ئەمەی کە مەجالی موسادەمە و مودافەعەیان بهێڵرێت، ئەیان گرن. ئیستا لە سلێمانی حەپسن و، ناویان ئەمانەیە کە لە خوارەوە نوسراوە. هەرکەسێ کە لە تەرەف ئەمانەوە تەجاوز وە یا غەدرێکی لێ کراوە ئەتوانێ موراجەعەت بە حکومەت بکات.

"شێخ تەها کوڕی سەید ئەحمەدە پچکۆلە. کوێخا عەزیزی خەمزە. ئیسماعیل شەریف. عەزیز فەتاح. خەلیل ئیسماعیل."ژیان، ژ ٤٣، ٢٥ ی تشرینی سانی ١٩٢٦

٢. گفتوگۆی شێخ مەحمود و ئینگلیز

لە تەموزی ١٩٢٦ دا یەکێ لەو فڕۆکانەی کە بۆردومانی کوردستانی ئەکرد لە بەر ئەوەی تێکچونێکی تەکنیکی تێ دا دروست بو ناچار بو بنیشێتەوە. فڕۆکەوانێک و میکانیکیەکی تێ دا بو. هەردوکیان بە دیل گیران و برانە لای شێخ مەحمود. ئەویش لە لای خۆی لە گوندی وڵەژێر گلی دانەوە. شێخ مەحمود ویستی ئەمە بکات بە هۆی دەسپێکردنی گفتوگۆ لە گەڵ ئینگلیز. چەند جارێ نامە و نێردراو لە نێوانیان دا هاتوچو. سەرەنجام وا رێ کەوتن مەندوبی سامی بۆ بینینی شێخ مەحمود بێتە خورماڵ. مەبەستی سەرەکی مەندوبی سامی لەم بینینە ئازادکردنی دیلەکان بو، نەک گفتوگۆی سیاسی.

٢. ١. گفتوگۆ لە خورماڵ

مەندوبی سامی، سێر هێنری دوبس، لە بەر نەخۆشین یان خۆ نەخۆش خستن نەچو. لە باتی ئەو کۆرنوالیس، کە ئەودەم موستەشاری وەزارەتی داخلیەی عیراق بو، رۆژی ٩ ی ١٠ ی ٩٢٦ چو بۆ نزیک خورماڵ بۆ بینینی شێخ مەحمود. شێخ مەحمود لە گەڵ خۆی هەردو دیلی هێنا بو بە سەلامەتی تەسلیمی کۆرنوالیسی کردن. ماوەی چەند سەعاتێ گفتوگۆیان کرد. خواستەکانی شێخ مەحمود دو جۆر بون: هەندێکیان تایبەتی بو، پێوەندی بە گێرانەوەی ماڵ و مڵکەکانی خۆیەوە و، بە چۆڵکردنی پێنجوینەوە هەبو بۆ ئەوەی لێی دابنیشێ. هەندێکیشیان گشتی بون، پێوەندییان بە مافی نەتەوەیی کوردەوە هەبو. شێخ مەحمود داوای ئەکرد حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر ئینتیدابی بریتانیدا دروست بکرێ.

کۆرنوالیس بە راشکاوی بە شێخ مەحمودی راگەیاند، کە مەسەلەی حکومەتی کوردی بابەتی باس نیە و، بۆ ئەوەی واز لە خۆی بهێنن و مڵک و ماڵەکانی بۆ بگێڕنەوە، ئەبێ دەس نەخاتە کاروباری سیاسیەوە و، لە شارێکی خواروی عیراق یا لە گوندێکی ئێران دور لە سنوری عیراق دابنیشێ و دەس وەرنەداتە کاروباری حکومەتی عیراقەوە.

ژیان هەواڵی هاتن و گەڕانەوەی کۆرنوالیسی بۆ سلێمانی نوسیوە، هەروەها هەواڵی بەرەڵاکردنی فڕۆکەوانەکانیشی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام باسی یەکتربینین و گفتوگۆکانی شێخ مەحمود و کۆرنوالیسی بە ئەنقەست پشت گوێ خستوە. هەواڵەکەی بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە:

"هەواڵی ناوشار

"تەشریف هێنان

"٧ ی مانگی جاری، رۆژی پێنجشەمە، وەکالەتەن لە بری فەخامەتی مەندوبی سامی، مەعالی موستەشاری وەزارەتی داخلیە جەنابی میستەر کۆرنوالیس، لە گەڵ سکرتێری خاسی فەخامەتی موعتەمیدی سامی جەنابی کەپتان هۆلت، یەومی مەزکور سەعات ٨ و نیوی غروبی بە ئوتومبیل تەشریفیان هێناوەتە سلێمانی. بە سورەتێ کە لایەق بە شان و شەرەفیان بێ ئیستیقبالێکی موحتەشەمیان بۆ کرا. لە مەقامی عالی موتەسەریفیەوە بە سورەتی مەخسوسە ئەشراف، تیجار، رۆئەسای دەوائیر و، مەئمورین لە گەڵ قوتابیانی هەردو مەکتەب، دەعوەت کرابونە جێگای تەیارە. سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف و موفەتیشی ئیداری بە ئوتومبیل تا ئەو لای قلیاسان بە پیریانەوە چوبون. موتەباقی هەیئەتی موستەقبیلین هەمو لە جێگای نیشتنەوەی تەیارە چاوەڕوانی هاتنیان ئەکرد. تەقریبەن لە سەعات ٨ بەولاوە ئوتومبیلەکان دەستیان کرد بە هاتن. لەم میانەدا ئوتومبیلێک کە مەعالی جەنابی موستەشاری تیا بو روی کردە خەلقەکە. لە تەرەف تەلەبەکانی مەکتەبەوە تەرفیقەن بە سەدای ئاهەنگداری مۆزیقەوە گۆرانی بە خێر هاتن تەغەنی کرا. وە لە تەرەف فائیقەوە (شەش ساڵەیە) لە مەقامی بە خێر هاتن دا ئەم دو مەسرەعەی ژێرەوە خوێندرایەوە.

"مەغریب کە بو بە مەشریق و رۆژی لە سەر هەڵات

پایز بەهارە ئەودەمی تەشریفی ئێوە هات

ئەم هاتنە نیشانەی هات و سەعادەتە

مەکتەب عمومی عەرزی بە خێر هاتنت دەکات

جەنابی موستەشار زۆر پێخۆشحاڵ بو.

"لە پاشا لە تەرەف جەنابی موتەسەریفەوە کە بە پیریەوە چو بو وە لە خزمەتیا گەڕابوەوە بیلعموم موستەقبیلین بە جیا جیا تەقدیم کران. ئیلتیفاتی

به هەمو لایەک ئیبراز فەرمو. لە دوای تەواوبونی مەراسیم تەشریفیان هاتە ناو شار و لە دائیرەی عالی موتەسەریفیدا دابەزی. لە سەعات ۹ دا ئەشراف، تیجار، روئەسای دەوائیر، دەستە دەستە بۆ عەرزی خۆشئامەدی لە جێ و مەقامی جەنابی موفەتیشی ئیداریدا بە مولاقاتی موشار ئیلەیهی موشەڕەف بون.

"یەک دو رۆژ تەشریفی لێرە مایەوە. لە پاش بینینی ئیشوکاری مەودوعەی خۆیان بەیانی دوشەمە بە ئوتوموبیل گەڕانەوە. لە گەڵ بە خێر هاتن خوا حافیزییان لێ ئەکەین."(ژیان، ژ ۳۷، ۱۵ ی تشرینی ئەوەلی ۹۲۶)

تێبینی: فائیق، کە ئەو کاتە شەش ساڵە و، ئەم شیعرەی خوێندۆتەوە فایەق هوشیار بوە و شیعرەکەیش هی پیرەمێردی باپیرێتی.

"بەرەڵابون

"ئەو دو تەیارەچیەی کە لە تەرەف شێخ مەحمودەوە گیرا بون و مودەتێکە لەوێ مابونەوە ئەمجارە لە سایەی هیمەت و وەساتەتی مەعالی جەنابی موستەشارەوە نەجات درا. وە رۆژی یەکشەمەی رابوردو بە ئوتوموبیل رۆیشتنەوە بەغداد."(ژیان، ژ ۳۷، ۱۵ ی تشرینی ئەوەلی ۹۲۶)

بەڵام ژیان لە بۆنەیەکی کەدا یەکتربینینی شێخ مەحمود و کۆرنوالیسی ئاشکرا کردوە. کۆرنوالیس لە ۱۸ ی ۱۰ ی ۹۲۸ دا سەردانی سلێمانی کردوە. بەو بۆنەیەوە ژیان لە ژ ۱۳۲ دا ریپۆرتاجێکی بڵاو کردۆتەوە و، لە سەروتاری ژ ۱۳۳ دا لە ژێر سەردێڕی (چاکە لە فکر ناچێتەوە) نوسیویێتی:

"دیسان مەعلوممانە و هێشتا لە فکرمان نەچۆتەوە کە لە وەقتێکا عمومی میلەتەکانی دراوسێمان لە رەحەتی و ئیستراحەتا بون، کەچی ئێمە بە واسیتەی بەعزێ ئەسبابەوە لە ناو وەرتەیەکی فەلاکەت و ئینقیلابا گێژمان ئەخوارد و، ئەم فەلاکەتە مودەتێکی چەند ساڵی دەوامی کرد و حەتا کە

حکومەتیش تەشریفی هێنایەوە دیسانەوە بە تەواوی ئەمنیەت و ئاسایشێک تەئمین نەکرا هەتا دەرەجەیەکی لێ هات، کە سەروەتی مەملەکەتەکەمان زایع و دەرگای تیجارەتمان بەسترا، میلەتی بێ قوت دەستەوئەژنۆ دانیشت و کە حکومەتی فەخیمە زانی ئیتر بە بەریەوە نەماوە و میلەتەکە موتەنەبیهـ بوە و، ئەو معامەلە خراپانەی لە فکری خۆی دەرهێناوە و پەشیمان بۆتەوە. ئیتر بە جدی بۆ رەفعی ئەم حاڵە قەراری قەتعی دا.

"مەعالی کۆرنوالیس وەکو گەلێ مەسائیلی موهیمتری عیراقی حەل فەرموە، بۆ حەلی ئەم مەسئەلەیەش بە جدی سەعی فەرمو و، تەشریفی هێنایە سلێمانی و لێرەیشەوە چوە خورماڵ و، لەوێ لە گەل شێخ مەحمود ئەفەندیدا مولاقاتی فەرمو و، لە داخلی بەعزێ شەرائیت موما ئیلەیهی عەفو فەرمو و، نەتیجە ئەم ئینقیلاب و فەلاکەتەی بە ئەبەدی رەفع فەرمو."

٢. ٢. گفتوگۆ لە بەغداد

بۆ درێژە پێ دانی گفتوگۆ، شێخ مەحمود بە نوێنەرایەتی خۆی سەید ئەحمەدی بەرزنجی ناردۆتە بەغدا. سەید ئەحمەد رۆژی ٢١ ی ١٠ ی ٩٢٦ گەیشتۆتە سلێمانی و لەوێوە چۆتە بەغداد. گفتوگۆکانی لە بەغداد لە گەڵ سەید ئەحمەد کراوە وەکو ئەوە وا بون کۆرنوالیس لە خورماڵ لە گەڵ شێخ مەحمودی کردون. مەرجەکانی بۆ شێخ مەحمودیان داناوە قورس بون. ئینگلیز تەنانەت ئامادە نەبوە (لێبوردنی گشتی) بۆ شێخ مەحمود و هاوکارەکانی دەر بکا. بەرنوسی ئەو بەڵگەیەی کە بە ناو رێککەوتنە لە نێوان شێخ مەحمود و حکومەت دا و، لە راستیدا ئەتوانرێ بە (مەرجنامەی ئینگلیز و بەڵێننامەی شێخ مەحمود) ناوببرێ، ئەمەیش دەقەکەیەتی:

"بۆ دەفعی مەراقی خوێندەوارانی ژیان و تەعدیلی فکری بەعزێ لیفراتپەروەران بۆ نەشری شەرائیتی ئینقیاد و ئیتاعەتی شێخ مەحمود ئەفەندی لە حکومەت موساعەدەمان وەرگرت. ئەوا سورەتێکی ئەو شەرائیتە کە لە مەقامی عالی موتەسەریفیەوە دەستمان کەوتوە، عەینەن دەرجی ستونی ژیانی ئەکەین:

"وەزارەتی داخلیە

"ژمارە ٢٢٥

"تاریخ ١٩ ی کانونی سانی ٩٢٧

"بۆ رەوانەکراو جەنابی سەید ئەحمەد ئەفەندی

"لە بەر ئەوەی کە لە بەینمان دا دەرهەق بە لیشوکاری شێخ مەحمود ئیتیفاق پەیدا بو، لە شکلی کاغەزێک دا نوسینی بەشێکی نەتائیجی گفتوگۆکەمان موناسیب ئەبینم، کە ئەمانەیش لە مەوادی ژێرەوە عیبارەتە:

١. شێخ مەحمود تەعەهود ئەکات کە هەتاکو حکومەتی عیراق لە حوسنی نیەت و ئیخلاسیەتی بە تەواوی کەسبی ئەمنیەت ئەکات، خۆی و، کوڕەکانی: شێخ رەئوف و شێخ لەتیف و، ژنەکانی: عایشە و بەهیە خانم، لە گەڵ فاتمە خانی خوشکی، لە دێی وڵەژێر کە لە ئەرازی ئێران دایە ئیقامەت بکەن.

٢. شێخ مەحمود تەعەهود ئەکات نە خۆی و نە ئەوانەی کە لە مادەی یەکەم دا ناویان براوە بە بێ ئیزنی حکومەتی عیراقیە داخل بە ئەرازی عیراق نەبن.

٣. شێخ مەحمود تەعەهود ئەکات نە خۆی و نە ئەوانەی لە مادەی یەکەم دا ناویان براوە، بە هیچ سورەتێ و لە هیچ جێگایەک، دەست نەخەنە ئیدارەی حکومەتی عیراقیەوە و، بۆ ئەمە پیاوەکانی تریشیان تەشویق نەکەن،

لە گەڵ ئەمەیش دا خۆی و ئەوانی تر لە تەداخول بە ئوموری سیاسیەی عیراق ئەبێ خۆیان بپارێزن.

٤. شێخ مەحمود تەعەهود ئەکات شێخ باباعەلی کوڕی لە مەکتەبێک دا کە حکومەت قبوڵی بکات بۆ خوێندن رەوانەی بەغدای بکات و، جگە لەمەیش ئەم کوڕەی بە بێ ئیزنی حکومەت بەغدا بە جێ نەهێڵێ.

٥. شێخ مەحمود لە روی ئەو کردەوانەوە کە ئیرتیکابی کردوە بۆ ئیجرای هەمو قەرارێک کە لە مەحاکیمی مەدەنیەوە دەرئەچێ لە نەتیجەی ئەو دەعاویەی کە لە لایەنی ئەفرادی میلەتەوە لە عەلەیهی ئیقامە کراوە مەسئولیەت قبوڵ ئەکات.

٦. بە شەرتێ ئەم تەعەهودانە بە جێ بهێنرێ، حکومەتی عیراق بە پێی فەقەراتی ژێرەوە بە دانەوەی ئەو مڵکانە کە موسادەرە کراون و، حەقی موڵکیەتی عائید بە شێخ مەحمود و کوڕەکانی شێخ رەئوف و شێخ باباعەلی و شێخ لەتیف و ژنەکانی عایشە و بەهیە خانم لە گەڵ فاتمە خانی خوشکیە، موافەقەت ئەکات.

ا. شێخ مەحمود لە بری ساحیب موڵکەکان بۆ ئیدارەی ئەو موڵکانە وەکیلێ وە یا چەند وەکیلێک کە حکومەت بە باشی بزانێ تەعین ئەکات.

ب. ئەم وەکیلە وە یا وەکیلەکان لە موداخەلەی ئوموری ئیداری و سیاسی حکومەتی مەنع ئەکرێن و هەچ وەکیلێ بێ ئیتاعەتی ئەم ئەوامیرە، وە یا لە تەئدیەی رسومی موعتادەی حکومەتی ئیزهاری عیجز بکات حەقی حکومەتە دەستبەجێ عەزلی بکا و، لە جێی ئەو بۆ تەعین و دانانی یەکێکی تر لە گەڵ شێخ مەحمودا تەرتیبات ئیجرا ئەکرێ.

د. لە ساڵی ۱۹۲۹ بەم لاوە هەر ئەملاکێ لە تەرەف شێخ مەحمودەوە وە یا لە تەرەف یەکێ لەو زاتانەی کە ناویان لە مادەی یەکەم دا نوسراوە

ئیستیملاک کرابێ، حەقی حکومەتە بیداتەوە بە ساحیبی پێشویان، بە شەرتێ ساحیبی موڵکەکان ئەو پارەیەی کە موقابیل بەو موڵکانە وەریان گرتوە بە شێخ مەحمود وە یا بەو زاتانەی کە ناویان لە مادەی یەکەم دا بەیان کراوە ئیعادە بکەنەوە.

٧. ئەگەر شێخ مەحمود وە یا یەکێ لەو زاتانەی کە ناویان لە مادەی یەکەم دا سیبقەتی کردوە هەر وەختێ لە تەنفیزی یەکێ لەو شەرتانەی کە لە سەرەوە نوسراوە عیجز بنوێنێ حکومەتی عیراق لە هەمو نەوعە مەسئولیەتێ تەخەلی ئەکات و بۆ ئیتیخازی تەدابیری زەروریە سەربەست ئەمێنێ.

٨. تەرتیباتی مەزکور هەر کە خرایە مەوقیعی تەنفیزەوە حکومەت بەرامبەر بە ئەتباعی شێخ مەحمود سیاسەتێکی مولایم وەرئەگرێ و لەمانە چەند کەسێک نەبێ ئیستیسنا ئەکرێن ئەوانی تر عمومەن لە پاش وەرگرتنی تەعەهودی حوسنی سلوک بۆ دێهات و جێگای خۆیان بە گەڕانەوەیان موساعەدە ئەکرێن.

ئەو کەسانەی ئیستیسنا ئەکرێن وەختی خۆی لیستەیەکی بە شێخ مەحمود ئەدرێ.

٩. هەچ واریداتێ بە ناوی حکومەتەوە قەید کرابێ لە ئەملاکی شێخ مەحمود وە یا لە ئەملاکی ئەوانەی کە ناویان لە مادەی یەکەم دا نوسراوە موافەقەت پەیدا بو کە نەیاندرێتەوە.

١٠. بێینە سەر مەسائیلی عمومیەی کوردایەتی: مەعلومی عالەمە کە بۆ تەتبیقی ئەو سیاسەتەی دەرحەق بە کوردەکانی عیراق لە تەرەف عیسبەتول ئومەمەوە دانراوە حکومەتی بریتانیا و عیراق بەرامبەر بە عیسبەتول ئومەم لە ژێر تەعەهودێکی موقەدەس دان. وە لە بەر ئەمەی لەم خسوسەوە ئەم دو حکومەتە مەسئولن ئەم مەسئەلەیە ناخرێتە مەوادی موزاکەرەکەمانەوە.

١١. موافەقـەتی تەحریریـەتان لـەم خسوسـەوە بـە زویـەکی زو نـاردنی ئـارەزو ئەکـەم. بـە گەیشـتنی ئـەم کاغـەزە بـۆ لای شـێخ گەڕانـەوەتان و لـە نـەتایجی موزاکـەرە بـۆ ئاگـادارکردنی مـانعێـک نـابینم. موافەقـەت و ئیسـپاتی عەمەلی حوسنی نیەتی شێخ مەحمود بە چونە وڵەژێر، وە بـە نـاردنی شـێخ باباعەلی کوڕیان بۆ بەغدا دیاری ئەدا. ئەوا حکومەت بۆ ئیجرای ئەو قیسمەی کە بەری ئەکەوێ حازر و ئامادەیە.

موستەشاری وەزارەتی داخلیە"ژیان، ژ ٧٠، ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٢٧

٢. ٣. گوشاری زۆرتر

شێخ مەحمود قبوڵکردنی ئەو مەرجانەی پێ قورس بو. سەرەتا دەستی دەستی پێ کردن، ئەیویست کاربەدەستانی ئینگلیز قـانیع بکا، پێنجوینی بـۆ چۆڵ بکەن لێی دابنیشێ. ئینگلیزەکانیش نوقتە لاوازەکانی شێخ مەحمودیان دۆزی بوەوە، ئەیانویسـت بێ ئەوەی هیچ ئیمتیازێکی بدەنێ بە زویـەکی زو ملی پێ کەچ بکەن.

ئاڵوگۆڕی موتەسەریفەکان

ئەنجومەنی وەزیرانـی عـیراقی ئـاڵوگۆڕێکی لـە موتەسـەریفەکانی لیـوا کوردنشـینەکان دا کـرد. ئەحمـەد بـەگی تۆفیـق بـەگ، کـە دوای گرتنـەوەی سـلێمانی و نوسـاندنی یـەکجارەکی بـە حکومـەتی عیراقـەوە، کـرا بـو بـە موتەسەریفی سلێمانی، ئیستیقالەی کرد. ئیستیقالەکەی قبوڵ کرا و، لە جێگەی ئەو ئەحمەد عوسمان، کە کەسایەتیەکی هەولێری باوەڕپێکراوی ئینگلیز بو، وە لەو کاتەدا موتەسەریفی هەولێر بو، گوێزرایەوە بۆ سلێمانی.

"قەراری مەجلیسی وزەرا: مەجلیسی وزەرا بە تـەعینی نـائیبی رەئیسی مـەحاکیمی مەدەنیەی لیوای دیالە عومـەر نـەزمی بـەگ بـۆ موتەسـەریفیەتی

کەرکوک و، بە تەحویلی موتەسەریفی کەرکوک عەبدولمەجید بەگ بۆ موتەسەریفیەتی ئەربیل و، دیسان بە تەحویلی موتەسەریفی لیوای ئەربیل ئەحمەد بەگ بۆ موتەسەریفیەتی لیوای سلێمانی و، بە قبوڵ کردنی ئیستیعفای موتەسەریفی ئێرە ئەحمەد بەگ قەراری داوە."(ژیان، ژ ٦١، ١٤ ی نیسانی ١٩٢٧)

ژیان ریپۆرتاجێکی دەربارەی لەرەسمی ئیستیقبال بە تەشریف هێنانی موتەسەریفـا بەمجۆرە نوسیوە:

"١٩ ی مانگی حالی، رۆژی سێشەمە سەر لە بەیانی، بە تەلسزێک خەبەری حەرەکەتی سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف درا بو. وە بینا لە سەر تەنسیب و تەرتیبی ئیدارەی بەلەدیە بۆ ئیستیقبال، عمومی روئەسای دەوائیر و گەلێ لە ئەشراف و تیجاری مەملەکەت لە گەڵ قوتابیانی هەردو مەکتەب، دەعوەت کرانە سەر جادەی موشیرئاوا. لەمبەر و لەوبەری جادەکە لە سەعات ٥ ی عەرەبیەوە هەیئەتێکی گەورە گرد بوەوە و دەست بە چاوەروانی کرا. تەقریبەن لە سەعات ٩ ی عەرەبیدا ئەو ئوتوموبیلەی کە جەنابی موتەسەریفی هەڵگرت بو لە بەردەمی موستەقبیلین دا وەستا. تەلەبەکانی مەکتەب دەستبەجێ رەسمی سەلامیان بۆ ئیجرا کرد. موتەسەریف کە تەشریفی هاتە خوارێ لە لایەنی سکرتێری موفەتیشی ئیداری میستەر ریچارد، کە لام وایە بە ناوی موفەتیشی ئیداریەوە بۆ ئیستیقبال هات بو، عەرزی بە خێرهاتنی کرا و، لە تەرەف رەئیسی بەلەدیەوە هەیئەتی موستەقبیلین یەکە یەکە تەقدیم کرا. موشار ئیلەیهی گەلێ ئیلتیفاتی ئیبراز فەرمو وە موسافەحەی لە گەڵ هەموا کرد. لە دوای خیتامی خۆشئامەدی رو بە شار سواری ئوتوموبیلەکەی بوەوە و، بەم سورەتە مەراسیمی ئیستیقبال دوایی هات.

"حوسنی ئیداره و مەزیاتی عالیەی جەنابی موتەسەریف وارەستەی ئیزاحە. بە هیوایین ئەو تەئەسورەی کە لە قبوڵی ئیستیعفای موتەسەریفی پێشومانەوە پەیدا بوە بە خەدمەتی نافیعە بۆ وڵاتەکەمان تەلافی بکات. بەم موناسەبەتەوە لە وەزیفەی تازەیان دا موەفەقیەت و سەعادەتی تەمەنا ئەکەین."ژیان، ژ ٦٢، ٢١ ی نیسانی ۱۹۲۷

هێرش بۆ سەر پێنجوین

"دەنگوباس:

"١٩ ی مانگی حالی کە رۆژی تەشریف هێنانی سەعادەتمەئاب موتەسەریف بو، بە گەیشتنی موشار ئیلەیهی، هەر ئەو رۆژە میقدارێکی زۆر عەسکەر لە جەیشی عیراق و لیوی بە تۆپ و موهیماتێکی زۆرەوە، لە گەڵ مەفرەزەیەکی پۆلیسی سوارە، رو بە پێنجوین حەرەکەتیان کرد بو، لە رێگا توشی تاقمێ لە چەتەکان ئەبن. لە شەڕێک دا کە لە بەینی تەرەفەین دا روی داوە چەتەکان ٥ مەقتول و چەند برینداریکیان بە جێ هێشتوە و، بەرامبەر بە سەتوەتی قیوای حکومەتی مقاوەمەت و موقابەلەیان پێ نەکراوە و رایان کردوە. لەم لا تاقە نەفەرێک کوژراوە. لە ٢٣ ی نیسان دا قوەتەکە بە بێ موقابەلە داخلی پێنجوین بون.

"ئیتر ئەمجارە حکومەت بە تەواوی و قەتعی لە پێنجوین ئەمێنێتەوە و ئیدارە تەشکیل ئەکات. هەچ تەواتورێک لەم خسوسەوە بە نەوعێکی تر بگێڕێتەوە بێ ئەسڵە. حەقیقەتی حاڵ ئەمەیە کە بەیانمان کرد.

"لەو رۆژەوە کە عەسکەر بۆ پێنجوین حەرەکەتی کردوە ئەو تاقمە چەتە خوێڕییانە کە لە دێهاتەکانی دەوری شار بە شەو بە دزیەوە ئەچونە سەر لادێییەکان و ئەبونە باعیسی تێکدانی ئیستراحەتیان هەمو بەرتەرەف کراون. وە لە سایەی هیمەت و حوسنی تەدبیری جەنابی موتەسەریفەوە لەو ناوەدا ئاسایش و ئەمنیەتێکی تەواو دامەزراوە."ژیان، ژ ٦٣، ٢٧ ی نیسانی ۱۹۲۷

"بۆ زانینی هەمو:

ئەوا لە تاریخی ئەمڕۆوە ئەمرێک کە بە ژمارە ٥٥٥ ڕۆژی ٩٢٧/٢/٢٣ تەعمیم و ئیسدار کرابو لەغو کرایەوە. یەعنی لەمەولا سەوقی ئەموال بۆ پێنجوین و ئیخراجی ئەموال بۆ مەریوان و هەورامان و سائیری سەفەحاتی ئێران لە پاش کەمالی معامەلەی قانونیە لە گومرگی سلێمانی و لای مودیری پێنجوین مەمنوع نیە و، هەرکەسێ ئەتوانێ ئەوملەن موراجەعەت بە دائیرەی گومرگی سلێمانی بکا و موافیقی قەوانین و ئەنزیمە معامەلاتی لازمە جێبەجێ بکات و ئەمجا ئەموال سەوق بکات. فەقەت لازمە ئەو ئەموالە ئەوملەن بچێتە پێنجوین و مودیری پێنجوین خەبەردار بێ و معامەلەی لازمەی ئیجرا بکات ئینجا مەئزونە بۆ هەر لایەک مەتلوبە سەوق بکرێ و، موحتاج بە وەرگرتنی کەفالەت نیە. موتەسەریفی سلێمانی"(ژیان، ژ ٦٣، ٢٨ ی نیسانی ١٩٢٧)

لە گەڵ ئەو لەشکرکێشیەدا دیارە دانیشتوانی پێنجوین شارەکەیان چۆڵ کردوە بۆیە موتەسەریفی سلێمانی ئەم (ئیعلان) ەی بۆ بڵاو کردونەتەوە:

"حکومەت ئەمجارە کە بە قوەتی عەسکەریەوە هاتوتە پینجوین بەم فکرە هاتوە کە دائیمی لە پێنجوین دابنیشێ و محافەزەی ناحیەی پێنجوین و ئەهالی موتیعە تەمامەن بکات، ئێوە کە ئەهالی ناحیەی پێنجوینن بە نامی حکومەت ئیخبارتان ئەکەم ئەمجارە حکومەت بە دائیمی لەوێ دائەنیشێ و تەشکیلاتی حکومەتی تەمامەن ئیجرا ئەکات. ئەو کەسەی کە لەم سەفەرەدا مقاوەمەتی حکومەتی نەکردبێ حکومەت قەتیەن عەلاقەی ناکا. لازمە کەس نەترسێ و ئەهالی هەرکەس بێتە سەر مڵک و ئاوەدانی خۆی و بە کاسبی خۆی مەشغوڵ بێ. حکومەت بە حەق محافەزەی ئەهالی موتیعە دەکات. موتەسەریفی سلێمانی"(ژیان، ژ ٦٤، ٥ ی مایسی ١٩٢٧)

"دەنگوباس:

"له سەر رێی پێنجوین

ڕۆژی ١ ی مانگ مەفرەزەیەکی عەسکەری و قافڵەیەک کە شەش سەد بار ئەرزاقی پێ بو رو بە پێنجوین حەرەکەت ئەکەن. بۆ دوەم ڕۆژ لە نزیکی بادانە توشی تاقمێکی ئەشقیا دەبن کە بۆ تەعەڕوزی عەسکەر خۆیان لە ناو دار و درەخت دا شاردبوەوە. بەدبەختانە نازانن کە سیلاحشۆڕ و پیلانگێڕێکی وەکو کاپتن لاینیان لە گەڵایە، کە حەیاتی خۆی لە مەیدانی حەرب و جیدال دا رابواردوە، لە هەمو لایەکەوە بە جارێک قوەتەکە ئەدەنە بەر دەستڕێژ. عەسکەرەکان هیچ ئەهمیەت نادەن بەم تەقانە. دەستبەجێ لە سەر ئەمر و تەرتیبی جەنابی موفەتیش بۆ دەفعیان ٢٠ نەفەرێک لە عەسکەری لیوی ئاسوری جوێ ئەبێتەوە و بە بێ ئەمەی ئەهمیەت بدەنە گوللەی تفەنگی ئەشقیا هجوم ئەکەنە سەریان، نوقاتی حاکمەیان لێ ئەگرن و ئەیاندەنە بەر تفەنگ. لە نەتیجەدا ئەشقیاکان تارومار بون و ٤ کەسی موناسیبیان لێ کوژراوە کە عیبارەتن لە: شێخ رەشیدی باغ، شێخ نوری قزلەر و ٢ کابرای چنگنیانی. لە عەسکەر قەتعیەن تەلەفیات نەبوە. لە پاش دەفع و تەنکیلی ئەم نەختە مانعەیە دیسان ئەکەونەوە رێ و ئەچنە پێنجوین.

"حکومەت هەر لە سلێمانیەوە هەتا پێنجوین لە مەواقیعی موهیمەدا دەستی کردوە بە دروستکردنی نوقتەی پۆلیس، ئەم نوقتانە بۆ تەئمینی ئاسایش و محافەزەی حقوقی ئەهالی و سەربەستی تیجارەت و ئامەدوشود بۆ پێنجوین پڕە لە پۆلیس. ئومێد ئەکەین کە حکومەت لەمەودوا بەربەستی شەقاوەت و راووڕوتی جەردەکان بکا تاوەکو میلەت لە ژێر سێبەری ئەمنیەت و ئاسایش دا بحەوێتەوە."ژیان، ژ ٦٥، ١٢ ی مایسی ١٩٢٧

"راپۆرتی پۆلیس

" نزیکی ۱۰ ‌ ۱۵ نەفەرێک لە چەتەکان لە گەرمیان ئەبن و لە چونی قیوای حکومەتی بۆ پێنجوین و حەرەکاتی عەسکەریە خەبەر وەرئەگرن، بۆ ئەمەی خۆیان رزگار کەن و دەقیقەیە زوتر ئیلتیحاق بە رەفیقەکانی تریان بکەن، لە ۲۲ ی مانگی رابوردودا بۆ ئەودیو ئەگەرێنەوە. لە رێ توشی کابرایەکی ئابلاخی دێن، لە ئەندێشەی ئەوە کە نەک خەبەری حکومەتیان لێ بدا، بۆ تەخویف تەقەی لێ ئەکەن. لە ئەسەری تەسادوف و بەدبەختی کابرا، بەر گوللەیەک ئەکەوێ و ئەکوژرێ.

"لە ۱۸ ی نیسانەوە تا ۲ ی مایس لە داخل و خاریجی لیوادا، شایانی قەید، هیچ وقوعاتێکی تر روی نەداوە."ژیان، ژ ٦٤، ۵ ی مایسی ۱۹۲۷

"خولەی دەوڵەتیار، کە مودەتێکە دێهاتی ئەم قەراغ شارەی بە راووڕوت تەعجیز کرد بو، لە ئەشقیایی و جەردەییدا گەیشتە بوە دەرەجەی نیهایەت. بینا لە سەر تەعلیمات و ئەوامیرێک کە لە مەقامی موتەسەریفیەوە تەبلیغ کرا بو، وەکیلی مودیری قەرەداغ، لە گەڵ باشچاوەشی پۆلیسی ئەوێ، بەیانی ۲ ی مانگی حاڵ ئەدەن بە سەر ئاوایی خێوەتەی بازیان و لە ناو ئاغاسوریدا لە گەڵ کوێخادێ و زڕکوڕێکیدا ئەیگرن.

"موکافاتەن لە بری ئەم خزمەت و فەعالیەتە، لە لایەنی سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریفەوە، عەبایەکی نایاب بە وەکیلی مودیری قەرەداغ رەشید ئەفەندی و سەعاتێکی باش لە گەڵ قۆردۆنێک بە باشچاوەشی پۆلیسی ئەوێ بابەشێخ و، هەر یەکە سەرو ئەسپێکیان پێ بەخشراوە."ژیان، ژ ٦٥، ۱۲ ی مایسی ۱۹۲۷

"شەوی ١٥ ی مانگ تاقمێک لە چەتەکان، لە ژێر مەعیەتی سابیری کەریم بەگ و ئەمینی حەمەی ئیمام دا، لە تاو هێرشی برسێتی چونەتە قەرەتۆغان و، لە پاش خۆ تێر کردن لە ئوڵوبەوە تێ ئەپەڕن. لەوێ توشی ولاخەکانی رەشیدی حاجی فەتاح و سائیرە دێن، کە لە چایردا بون، لەم فرسەتە بیلئیستیفادە ولاخەکان ئەدەنە پێش خۆیان و ئەچنە هەزارمێرد. حکومەت هەر کە بەمەی زانی و لە حاڵ ئاگاهدار بو، دەستبەجێ لە سەر ئەمری عالی موتەسەریفی مەفرەزەیەکی پۆلیس لێرەوە، قوەتێکی تریش لە مەرکەزی ناحیەی سەرچنار (لە) باوەگێڵدیەوە سەوق ئەکەنە سەریان. ئەم دو مەفرەزەیە پاش و پێشیان لێ ئەگرن و ئەیاندەنە بەر دەستڕێژی تفەنگ. لە نەتیجەی موسادەمەدا قیسمێک لە ولاخەکان ئیستیرداد ئەکەنەوە و دوانی ناودارپان لێ ئەکوژن، لە پۆلیسەکانیش یەکێ کوژراوە. چەتەکان کە ئەبینن تەنگیان پێ هەڵچنراوە ئیتر مقاوەمەتیان پێ ناکرێ و بە روکاری بەرانان دا فیرار ئەکەن. لە لایەنی قوەتەکە بیلتەعقیب لە دەوری خێوەتە خراونەتە موحاسەرە و، لێرەوە دیسان میقداری کافی عەسکەر و پۆلیس رەوانە کراوە. ئومێدی قەوی وایە کە تاقیان لێ دەرنەچێ وهەمویان بگیرێن و، خاتیمە بە حەیاتی شەقاوەت وجەردەییان بهێنن."ژیان، ژ ٦٦، ژ٧ ی مایسی ١٩٢٧

"ئەو تاقمە چەتەیەی کە نوسی بومان لە خوار ئوڵوبەوە ولاخیان فڕاندوە و، لە نەتیجەی شەڕێک دا لە هەزارمێرد لە گەڵ مەفرەزەی پۆلیس دا بویانە ئیستیرداد کراوەتەوە و، لە دەورە خێوەتە خراونەتە موحاسەرەوە شەوێ لە فرسەت .. خۆیان گوم کردوە و بە فیرار موەفەق بون و مەعلوم نیە بۆ چ لایەک رۆیشتون. فەقەت هەروەکو قسەی لێ ئەکەن بۆ ئەودیو گەڕاونەتەوە. حکومەت بۆ مەنعی ئەم نەوعە تەجاوزاتە بە کەمالی جدیەت تەدابیری لازمەی وەرگرتوە و لەو رۆژەوە ئەسەری چەتە لەو ناوەدا نەماوە و

ئومێد ئەکرێ لە سایەی ئەم تەدابیرەوە لەمەودوا مەیدانی روودانی ئەم نەوعە شتانە بگیرێ. ئیتر موەفەقیەتی حکومەت ئەخوازین."ژیان، ژ ٦٧، ٢٤ ی مایسی ١٩٢٧

"ئەو قوەتە تەعقیبیەیە کە لە لیواوە تەرتیب کراوە و لە ناحیەی بازیان دا تەعقیبات ئەکەن، یەک دو رۆژ لەمەوپێش لە پشت هەنجیرەوە توشی دو سوار دەبن، لە تەرەف رەئیسی قوەتەکەوە بۆ تەحقیقی هەویەتیان ئەمر بە راوەستانیان ئەدەن، لە گەڵ ئەمەی ئیتاعەت و ئیمتیسالی ئەمرەکە ناکەن، موقابەلەیان ئەکەن. لە سەر ئەمە لە تەرەف مەفرەزەکەوە ئەدرێنە بەر تەقە. لە نەتیجەدا هەردو سوارەکە ئەکوژرێن. وەختێ کە جەنازەکانیان هێنایە شار، تەحەقوقی کرد کە یەکێکیان لە چەتە مەشهورەکانی هەمەوەند کەریم ئەحمەد سەلیمە و ئەوی تریشیان خەلقی سلێمانی عەبدوڵا کوڕی قادرە."ژیان، ژ ٦٨، ٣١ ی مایسی ١٩٢٧

٢. ٤. مەندوبی سامی لە پێنجوێن

ژ ٦٦ ی ١٧ ی مایسی ٩٢٧ ریپۆرتاجێکی درێژی لە ژێر سەردێڕی (مەراسیمی ئیستیقبال) دا سەبارەت بە سەردانی مەندوبی سامی بۆ سلێمانی نوسیوە. لە سەرەتاکەیدا ئەڵێ: "خەبەری تەشریف هێنانی فەخامەتمەئاب مەندوبی سامی عالەمی ئێرەی غەرقی سرور و خۆشی کرد. ئەم زاتە بڵند و بە قیمەتە و، ئەم داهی سیاسەت و مەقدەرەتە، سەری سێیەمین جارە سلێمانی بە وجودی خۆیان موشەڕەف ئەکا، کە هەر هاتنێکی بۆ تەئمینی رەفاه و سەعادەتی قەومی نەجیبی کورد، هەر تەشریف هێنانێکی.. حەل و کردنەوەی گرێیەکی سیاسی و ئیداری وەتەنی موعەزەزی خۆشەویستی ئێمە بوە، جگە لە مانە لە سایەی عەزمی.. و تەشوبوساتی لایەتەزەلزەلی موشار

ئیلەیهی‌یەوە کە حکومەتی عیراق نائیلی ئیستیقلالیەتێکی تام و ئێمەیش مەزهەری کوردیەت و .. میللی خۆمان بوین و لە مەجلیسی عیسبەتول ئومەم دا بۆمان.. قەرار کراوە، ئەم خدمەتە شایستەیە و ئەم سەعیە مەشکورە لە سەر هەمو عیراقیەک بیلخاسە لە سەر هەمو کوردێکی عیراقی پێویستە تیزکار و تەئیدی بکات."

رۆژی ١٤ ی مایسی ٩٢٧ مەندوبی سامی بە ئوتوموبیل گەیشتۆتە سلێمانی و، بۆ پارێزگاری کاروانەکەی و پیشاندانی دەبدەبە و دەسەڵاتی ئینگلیز، دو فڕۆکە بە سەر ئوتوموبیلەکەیەوە فڕیوە و، بۆ پێشوازی لێ کردنی "هەیئەتێکی گەورە لە رونەسای دەوائیر و مەئمورین، عولەما، ئەشراف، رونەسای عەشائیر، تیجار، تەلەبەکانی مەکتەب و قیتعەیەکی عەسکەری گەورەی لیوی ئاسوری لەمبەری جادەی مشیرئاواوە و جەمعێکی غەفیر لە سائیری ئەسناف و تەبەقاتی ئەهالی لەوبەری جادەی مەزکور گرد بوبونەوە..."

وەکو ژیان لە ژ ٦٧ ی ٢٤ ی مایسی ٩٢٧ دا نوسیوێتی: "فەخامەتی مەندوبی سامی کە تەشریفیان هێنا بوە ئێرە لە پاش ئەمەی دو رۆژ لێرە مایەوە و گەلێ کەس بە مولاقاتی موشەرەف بو و لەم مولاقاتەدا بەو کەلیماتە نازکە بە قیمەتانەی خۆی فەرەح و خۆشی خستە دڵی هەمو لایەکەوە و، هەر تەعلیمات و ئەوامیرێک ئیجاب بکا ئیعتا و لە پاش ئەمەی بەعزێ جێگا وەکو خەستەخانە، مەکتەب و سائیرەی زیارەت فەرمو، بۆ تەواو کردنی ئەم سەفەرەی کە دەستی دابویە، دوەم رۆژی گەیشتنیان بە تەیارە تەشریفی فەخامەتیان بۆ ناحیەی خورماڵ و پێنجوین چو. لە تەرەف مەئموران و ئەشرافی مەحەلیەی ئەوێوە بە سورەتێک کە لایەقی شان و شەرەفیان بێ

ئیستیقبال کراوە. فەخامەتی مەندوب لە ئەسنای مولاقات دا پێی گەیاندن کە حکومەت بۆ تەئمینی ئاسایش و ئیستراحەتی ئەهالی، بۆ مەنعی هەمو نەوعە تەجاوزاتێک و لەو ناوەدا بۆ دامەزراندنی نفوزی حکومەتی هەچ تەدابیرێک ئیجاب بکات وەری گرتوە. لە گەڵ ئەمەیش دا فەرمویەتی: لازمە ئیمتیسالی ئەوامیری حکومەت بکەن و هەرکەسە لە داخلی وەزیفەی خۆیدا حەرەکەت بکات تاوەکو بە تەواوی مەرحەمەتی حکومەت جەلب بکەن."

مەندوبی سامی دوای سەردانی خورماڵ و پێنجوین گەڕاوەتەوە سلێمانی و بەیانی رۆژی ١٧ ی مایس بە ئوتوموبیل رۆیشتوتەوە. سەردانی مەندوبی سامی لە پێنجوین و خورماڵ، کە دو مەڵبەندی نفوزی شێخ مەحمود و تازە داگیر کرا بون، بێگومان بۆ جێگیرکردنی هێزەکانی حکومەت و دڵنیاکردنیان بوە.

هەڵوەرینی هێزەکان

هێزەکانی شێخ مەحمود، بە هۆی ناهەمواری باری ژیان و راونانی ئاسمانی و زەمینیی بەردەوام و نائومێدی لە دوارۆژی سیاسی کەوت بوە هەڵوەرین و، هەندێ لە چاکترین شەڕکەرەکانی خۆیان بە دەستەوە ئەدا. ژیان هەندێ لەم روداوانەی تۆمار کردوە و، هەندێکیشی نەنوسیوە. لەوانەی تۆماری کردون:

"هاتن

قائیمقامی ئەلەبجە جەنابی حامید بەگ تەشریفی هاتوە، لە ئەشقیای مەشهورە خەلیفە یونس کە مودەتێکە موتەوالیەن عەرزی دەخالەت بە حکومەت ئەکا، ئەمجارە هاتە سلێمانی و لە مەرکەزی لیوادا عەرزی ئینقیاد و نەدامەتی کرد لە سەر کەفالەت تەئمین و ئینجا تەرخیس کرا."(ژیان، ژ ٣٨، ٢١ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٦)

"کوڕی شێخ قادری شێخ سەلام، جەنابی عەبدوڵا عادل ئەفەندی کە لە لای شێخ مەحمود یوزباشی بو و، مودەتێکە ئینفیکاکی کردوە بۆ تەئیدی ئەم جوێبونەوەیە هاتۆتە سلێمانی و، بە حوسنی نیەت تەعەهودی بە حکومەت داوە."ژیان، ژ ٦٨، ٣١ ی مایسی ۱۹۲۷

"شێخ سەعیدی باغ: شێخ سەعیدی باغ کە چەند رۆژێ لەمەوپێش کوڕێکی کوژرا و، خۆشی ئامەدوشودی حکومەتی نەئەکرد هاتە سلێمانی و بە موجیبی مادە ٤٣ ی قانونی عەشایەر کەفالەتی لێ سەنراوە. لە گەڵ ئەمەیش دا تەعەهودی کردوە سوارەکانی تری کە لەودیو ماونەتەوە بۆ دەخالەت بیانهێنێت."ژیان، ژ ٦٨، ٣١ ی مایسی ۱۹۲۷

"شێخ عەبدولعەزیزی شێخ عەلی: شێخ عەبدولعەزیز کوڕی شێخ عەلی دەرەمیانە کە مەشهورە و مودەیەکە ئیتاعەتی ئەوامیری حکومەتی ناکا لە سەر تەلەبی سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف هاتۆتە سلێمانی و بە پێی مادە ٤٣ ی قانونی عەشایەری کەفالەتی لێ سەندراوە.

"لە حەرەکاتی پێنجوین و هاتنی جەنابی موتەسەریفی تازەوە تا ئیستا لە چەتە و موتەهەمەکان ٢١ کەس عەرزی دەخالەت و ئینقیادیان بە حکومەت کردوە و رەبتی کەفالەت کراون."ژیان، ژ ٦٨، ٣١ ی مایسی ۱۹۲۷

٣. کەنارەگیری

پێ ئەچێ دوای ئەوەی ژمارە ٦٨ لە ٢ ی حوزەیرانی ۱۹۲۷ دا بڵاو بۆتەوە ئینجا هەواڵی قبوڵکردنی مەرجنامەکەیان پێ گەیشتبێ لە بەر ئەوە هەواڵەکەیان بە جیا وەکو امولحەقا ی ئەو ژمارەیە لە پەڕەیەکی جیاوازدا لە ژێر سەرناوی لەمسئەلەی شێخ مەحمود دوایی هات و بەتەواوی عەرزی ئینقیادی بە حکومەت کردا بەم جۆرە بڵاو کردۆتەوە:

" لەپاش تەشریف هێنانی فەخامەتمەئاب مەندوبی سامی عێراق و عەودەت فەرمونیان، لەو رۆژەوە لە بەینی مەقامی عالی موتەسەڕیفی و موفەتیشی ئیداری و جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندیدا بۆ دوایی پێ هێنان بەم ئیختیلافە موخابەرات بە کەمالی گەرمی جەرەیانی کردوە، لەسایەی حوسنی نیەت و تەدبیری خیرخواهی سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەڕیف و موفەتیشی ئیداریەوە بە هەڵگرتنی ئەم ئیختیلافە موەفەقیەت پەیدابو و دوایی ئەم مەسئەلەیە هات.

"بۆ تەئید و تەحکیمی ئەم خصوصە ٣ رۆژ لەمەوپێش جەنابی موفەتیشی ئیداری بە تەیارە تەشریفیان بۆ پێنجوین چو، لە وێ لە گەڵ ماجید ئەفەندی رەوانە کراودا مولاقاتی کرد، و لە تەرەف جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندیەوە بۆ قبوڵ و ئیمزاکردنی، موعاهەدەیەکی تەودیع بە ماجید ئەفەندی کرد. بینا یە تەلغرافێک کە لە پێنجوینەوە هاتوە موعاهەدەی مەزکور لە تەرەف جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندیەوە قبوڵ و بەئیمزاکروی بە شێخ بابەعەلی کوڕیان دا بۆ پنجوین رەوانە کراوەتەوە. وا بە تەماین کە رۆژی شەمە شێخ بابە عەلی بە خۆی و موعاهەدەکەوە بۆ ئێرە حەرەکەت بکات.

"دوایی هێنانی ئەم مەسئەلەیە کە مەصلەحەت و مەنافیعی عمومی تێدایە ژیان لە پێش هەمو کەسێک دا بە بڵاوکردنەوەی سەر بەرزە."

٣. ١. ناردنی بابەعەلی بۆ بەغداد

شێخ مەحمود (مەرجنامە) کەی ئینگلیزی قبوڵ کرد و، کەوتە جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی. بە پێی مادەی ٤ هەمی ئەو بەڵێننامەیە بابەعەلی کوڕی نارد بۆ ئەوەی بچێ لە بەغداد بخوێنێ.

"دەنگوباس

هاتن"

"رۆژی دوشەمە دوێنێ کە موصادیفی ٦ ی حوزەیرانی ٩٢٧ بو، شێخ باباعەلی ئەفەندی کوڕی شێخ مەحمود ئەفەندی لە گەڵ جەنابی ماجید ئەفەندیدا بەو شەرائیتی حکومەتیەوە کە لە تەرەف جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندیەوە قبوڵ و ئیمزا کراوە، تەشریفیان هاتە سلێمانی و لە ماڵی سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف دا میوان بون. هەروەکو خەبەرمان وەرگرتوە جەنابی شێخ باباعەلی ئەفەندی تەشریفیان بۆ بەغدا ئەچێ و جەنابی ماجید ئەفەندیش بۆ ئەو دیو ئەگەڕێتەوە. لە بەر ئەوەی ئەم هاتنە ئیستیراحەت و مەنافیعی میلەتی تیا متەسەویرە بە خێر هاتنیان ئەکەین."ژیان، ژ ٦٩، ٧ ی حوزەیرانی ٩٢٧

"شێخ بابا عەلی: جەنابی شێخ باباعەلی ئەفەندی کە تەشریفیان هێنابوە ئێرە رۆژی ٩ ی حوزەیران بۆ کەرکوک و، لە پاش ئەوەی چەند رۆژێ لە کەرکوک ماوەتەوە، بۆ بەغدا حەرەکەتیان فەرموە." ژیان، ژ ٧٠، ٢١ ی حوزەیرانی ٩٢٧

حکومەت ئەم هەنگاوەی شێخ مەحمودی بە نیشانەی کۆتایی هاتن بە چالاکی چەکدار داناوە بۆیە ئەم هەواڵەی بڵاو کردۆتەوە:

"لە بەر ئەمەی وەزعیەت چاک بو و، ڕێگاوبان بە تەواوی کەسبی ئەمنیەتی کرد، هەروەکو خەبەرمان وەرگرتوە لە مەقامی عالی موتەسەریفیەوە بۆ لابردنی مومانەعەتی سەیر و سەفەری ئوتوموبیل، ئەهالی بە تەنیا و بۆ ئەمەی بە کەمالی سەربەستی و بە ئارەزوی خۆیان بە بێ زرەهلی هاتوچۆ بکەن، تەلغرافێک بۆ موتەسەریفی کەرکوک لێ دراوە. ئیتر لەمەودوا هەمو کەسێ بە ئارەزوی خۆی ئەتوانێ هاتوچۆ بکات."ژیان، ژ ٦٩، ٧ ی حوزەیرانی ٩٢٧

٣. ٢. سەروەزیران لە سلێمانی

"فەخامەتی رەئیسەل وزەرا

"رۆژی سێشەمە کە موسادیفی ٢٨ ی مانگ بو، سەر لە بەیانی لە سەعات ١١ ی عەرەبیدا، فەخامەتی رەئیسەل وزەرا جەنابی جەعفەر پاشای عەسکەری بە تەیارە تەشریفیان هێنایە ئێرە. لە جێگای نیشتنەوەی تەیارە لە تەرەف ئومەرا و زابیتانی جەیشەوە بە ئیحتیرام ئیستیقبال کران. لەوێوە بە ئوتوموبیل تەشریفیان هێنایە ماڵی سەعادەتی جەنابی موتەسەریف. لە پاش نەختێ ئیستراحەت و چا خواردنەوە بە پێ هاتنە دائیرەی حکومەتی، لە بەر دائیرەی موتەسەریفیدا لە تەرەف عولەما، ئەشراف، رونەسای دەوائیر و مەئمورین و لە گەڵ قوتابییەکانی مەکتەبەوە بە سورەتێ کە لایەق بە شان و شەرەفی فەخامەتیان بێ راسیمەی سەلام و ئیستیقبالیان بۆ بە جێ هێنا. لە پاش قەدەرێک لە مەقامی موتەسەریفیدا عمومی موستەقبیلینی قبوڵ و دەرحەق بە هەمویان بە کەلیماتی نازکانە ئیبرازی ئیلتیفات و مەحەبەتی فەرمو. نزیکی یەک دو سەعات لێرە مانەوە و دیسان بە تەیارە تەشریفیان رۆیشت. وا بە هیواین کە ئەم تەشریفە ببێتە واسیتەی رەفاه و سەعادەتی مڵک و میلەت. بەم موناسەبەتەوە بە خێر هاتن و خوا حافیزی ئەکەین.

"وەختێ کە فەخامەتی رەئیسەل وزەرا تەشریفی هێنا غەزەتەکەمان لە تەواو بونا بو بەڵام بۆ ئەمەی بەم هاتنە بیرازێنینەوە دوامان خست."(ژیان، ژ ٧١، ٢٨ ی حوزەیرانی ١٩٢٧)

لەو ماوەیەدا ئەوە چەندەمین جار بو خەڵکی سلێمانی کێش بکرێن بۆ ئەو جۆرە پێشوازیە رەسمییانە.

عبدالرزاق الحسنی کە پیاوێکی ئاگاداری روداوەکانی ئەو سەردەمە و نوسەری امێژوی وەزارەتەکانی عیراق) ە لە اص ٤٨، ج ٣، ط ٦، تاریخ العراق

السیاسی الحدیث دا نوسیویێتی: لە ٢٨ ی حوزەیرانی ١٩٢٧ دا جەعفەر عەسکەری بە فرۆکە چو بۆ سلێمانی و، لە گەڵ شێخ مەحمود کۆ بوەوە و، ئیقناعی کرد سەردانی بەغداد بکا. بەڵام لەم ریپۆرتاجەدا هیچ ئیشارەتێکی بۆ ئەو باسە تیٚ دا نیە و، هیچ نیشانەیەکیش نیە بۆ ئەوەی لەو رۆژە دا شێخ مەحمود لە سلێمانی بوبیٚ.

٣. ٢. چونی شێخ مەحمود بۆ بەغداد

شێخ مەحمودیش خۆی ئامادە کردوە بۆ سەردانی بەغداد. پێش ئەوەی ئەم سەردانە بکات موتەسەریفی سلێمانی چۆتەوە پێنجوین. یەکیٚ لەو کارانەی ئەنجامی داوە بە لادا خستنی کێشەی هاوکارەکانی شێخ مەحمود بوە بە پیٚی مادەی ٨ می بەڵێننامەکە. دەسەڵاتی بریتانی ئامادە نەبوە (لێبوردنی گشتی) بۆ بەشدارانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دەر بکا، بەڵکو لە گەڵ هەریەکیٚ بە جیا رەفتاری کردوە. هەندێکی بەخشیوە (تەعەهودی حوسنی سلوک) ی لیٚ وەرگرتون و (وەسیقەی تەئمین) ی داونەتیٚ و، لە هەندێکیش خۆش نەبوە.

"دەنگوباس

تەشریف بردن

مەعلومی هەمومانە کە سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف لەو رۆژەوە تەشریفیان هێناوەتە ئێرە هەر خەریکی دامەزراندنی ئەمنیەت و ئاسایش و تەئمینی مەنافیعی میلەت بوە. بۆ ئیستراحەتی عموم راحەتی خۆی سەلب کردوە و لە ئۆغری ئەم مەقسەدەدا هەر مانیعە و مەحزورێک هاتبێتە سەر ریٚ بە عەقلی سەلیم و فکری ئیسابەتکارانەی خۆیان بە لابردنی موەفەق بوە. برینەوە و رەفعی ئیختیلافی بەینی شێخ مەحمود و حکومەت بۆ ئەمە

دەلیلی کافیە، ئەمجارە بە عەینی مەقسەد بۆ دەور و تەفتیشی قەزای ئەڵەبجە و ناحیەی پێنجوین و ئەو ناوە لە ١٥ ی حوزەیران دا بە ئوتوموبیل تەشریفیان بردۆتە موان. لەویّ لە تەرەف قایمقامی ئەڵەبجە حەمید بەگەوە ئیستیقبال کراوە. رۆژی ١٦ گەیشتۆتە پێنجوین، لەوێش لە تەرەف مەئمورینی مەحەلیەوە لە پاش ئیستیقبالێکی موحتەشەم لە گەڵ جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندیدا مولاقاتی کردوە. جەنابی موتەسەریف لەم سەفەرەیان دا بۆ دەخالەت پیّ کردن بە بەگزادەی هەورامی تەدابیر و تەرتیباتی قەویەی ئیتیخاز فەرموە. بۆ ئەم سەفەرە بە کولفەتە کە لە ریّی رەفاه و سەعادەتی ملک و میلەت دا ئیختیار کراوە موەفەقیەتی ئەخەسی ئامالمانە."ژیان، ژ ٧٠، ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٢٧

"دەنگوباس

"هاتنەوە:

"لە نوسخەی رابوردومان دا بۆ هەڵەبجە و پێنجوین تەشریف بردنی جەنابی موتەسەریفمان نوسی بو، وە نوسی بویشمان لە گەڵ جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندیدا مولاقاتی فەرموە. جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی رۆژێک لە پێنجوین تەشریفیان ماوەتەوە. لە پاش رۆژەودوا بۆ وڵەژێر عەودەتیان فەرموە.

"جەنابی موتەسەریف لە زەرفی ٣ رۆژدا کە لە پێنجوین ماونەتەوە بە رێکخستنی ئوموری ئیداری ئەویّ ئیشتیغالی فەرموە. لە بەگزادەکانی هەورامی: جەعفەر بەگ، حەمە شەریف بەگ، ئاغا بەگ، حەمە رەشید بەگ و فەرەج بەگ، لە سەر تەدابیریّ کە لە تەرەف جەنابی موتەسەریفەوە ئیتیخاز فەرموراوە بە حوسنی سلوک و تەئمینی ریّگای بەینی هەڵەبجە و پێنجوین تەعەهودیان داوە.

"لە زابیتان: یونس ئەفەندی، رەمزی ئەفەندی، حیکمەت ئەفەندی، سەبری ئەفەندی، رەشید ئەفەندی، حەسەن ئاغا. لە عەشائیر: ئەحمەدی کەریم بەگی هەمەوەند، هەر ٣ برای ئەمینی حەمەی ئیمام، سەیدەی شێخ عەلی کانی کەوە، شێخ عەلی سەرکار و کوڕەکانی، ئەمانە بە خۆی و پیاوەکانیانەوە. تاقمی سۆفیوەند، غەوارەی جاف، شێخ عارفی بانی بنۆک، لە گەڵ قیسمێک لە ئەهالی شار و جێگایانی سائیرە، نزیکی ١٢٠ کەسێ لە چەتەکان چونەتە پێنجوین و، لە خزمەت جەنابی موتەسەریف دا، تەعەهودی حوسنی سلوکیان داوە و وەسیقەیان وەرگرتوە.

"لە دوای تەواوبونی ئەم ئیشانە رۆژی ١٩ ی مانگ جەنابی موتەسەریف بە کەمالی ئیحتیرام تەشیع کراوە و، لە رێی خورماڵ، بیارە، تەوێڵەوە تەشریفیان هاتۆتەوە هەڵەبجە. لە هەڵەبجەیش ٣ رۆژ ماونەتەوە. عمومی دەوائیری حکومەتی تەفتیش، مەکتەبی زیارەت، وە بۆ ئەمەی لە رێی بەعزێ ئیحتیاجاتی تەلەبەکان دا سەرف بکرێ ٨٠ روپیەی بە مەکتەب تەبەڕوع فەرمو. رۆژی ١٤ ی مانگ بە سواری تا سەراو و بە ئوتوموبیل بۆ سلێمانی عەودەتیان فەرمۆتەوە. بە خێر بێنەوە."ژیان، ژ ٧١، ٢٨ ی حوزەیرانی ١٩٢٧)

"دەنگوباس

"هاتنەوەی جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی بۆ سلێمانی و بۆ بەغدا رۆیشتنی

"لە پاش مقاوەمەت و سەباتێکی ٣ساڵی، جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی تێ گەیشت و لێی مەعلوم بو کە بەرامبەر بە قوەت و عەزمی لایەتەزەلزلی حکومەتی لە سەر ئەو نەوعە ئەحواڵە دەوام و ئیسرار کردن نە بۆ خۆی و نە بۆ میلەتەکە خێرێک نابەخشێ و فائیدەیەکی تیا نیە، بە پێی ئەو شەرائیتە کە لە نوسخەی رابوردودا نەشرمان کرد، لە گەڵ حکومەت دا

تەئلیفی بەینی کرد و رێک کەوت. بۆ تەئیدی ئەم خسوسە رۆژی شەمە کە موسادیفی ۹ ی مانگ بو، تەشریفیان هاتە ئێرە. ماجید ئەفەندی و گەلێ لە پیاوەکانی تری خۆی لە خزمەتا بو. یەک دو رۆژ لێرە مانەوە و لە پاش دا بە ئوتوموبیل بۆ بەغدا تەشریفیان رۆیشت. ئێمە بە کەمالی مەمنونیەتەوە بە خێر هاتن و خواحافیزیيان ئەکەین، چونکە مەنافیعی وڵات، سەرکەوتن و تەرەقی میلەت، وەکو ئیستا بە ژینێکی بێ غائیلە و، بە ئەمنیەت و ئاسایشێکی تەواوەوە بەستراوە."ژیان، ژ ۷۲، ۵ ی تەموزی ۹۲۷

شێخ مەحمود چەند رۆژێ لە بەغداد ماوەتەوە مەندوبی سامی و مەلیک فەیسەڵی بینوە. دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان چوە گوندی پیران، بێ ئەوەی دەس وەر بداتە کاروباری سیاسیەوە، بە گۆشەگیری دانیشت.

٤. هەڵسەنگاندنی جوڵانەوەکە

ژیان لە ژ ۷۶ ی دا نوسیوێتی:

"مەسئەلە و خەبەری ئیتاعەتی جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی بە حکومەتی عیراقیە، لە گەلێ غەزەتەدا بیلخاسە لە غەزەتەکانی سوریە و میصر و سائیرەدا، بە کەمالی ئیهتیمامەوە نەشر و قەید کراوە و، بەم سورەتە ناوی شێخ مەحمود و کوردستان بۆتە سەرمایەی خەبەراتی غەزەتەکانی دەرەوە."

زیان سەروتاری ژ ۶۹ ی ۷ ی حوزەیرانی ۹۲۷ ی بۆ هەڵسەنگاندنی شێخ مەحمود و شۆرشەکەی تەرخان کردوە. لە وتارێک دا بە قەڵەمی م. ا. لە ژێر سەردێڕی لەمەسەلەی شێخ مەحمودا دا نوسیوێتی:

"ئەمڕۆ مودەتێکی زۆرە لە ناو خاس و عام دا، لە دەر و ژور دا، ناوی شێخ مەحمود بە سەر زبانەوەیە و مەوزوعی بەحسە. بەعزێک تەقدیر، بەعزێک تەنقید و، حەتا بەعزێ کەسیش زۆر بە خراپ ناویان ئەبرد و ئەهێنا.

"ئەگەرچی شێخ مەحمود لەم مودەتە درێژەدا بە لای خۆیانەوە گۆیا خزمەتی میلەتی کورد و مەفکورەی کوردایەتی ئەکات، فەقەت لە حەقیقەتی حاڵ دا بو بە واسیتەی گەلێ خراپە و مانیعی تەرەقی و دواکەوتنی میلەت و زەربەیەکی گەورەی لە مەفکورەی کوردایەتی دا، لە بەر ئەمە کە خیلافی وەعد و بەڵێنی خۆی هەڵئەستا و، هەمو وەختێ تەریقی نیزاع و ئیختیلافی ئیختیار ئەکرد و، ڕێک نەئەکەوت، دوچاری غەزەبی حکومەت بوبو. ئەویش کە یەئسی حاسڵ کردبو، بە فکری نواندنی ئیقتیدار و قوەتی خۆی و، دواخستنی ئوموری ئیدارەی حکومەتی، لە هەمو لایەکەوە تەعجیزاتی ئەکرد و، بۆ ئیستیحسالی ئەم مەقسەدە لە هیچ شتێک تەرەدودی نەئەکرد.

"تاقمێک لە ئەشرار و جەردە بێ ئینسافەکان لەم وەزعە بیلئیستیفادە لێی گرد بونەوە و، بە بێ خەبەر و ڕەزامەندی ئەو، هەر ڕۆژە بە نەوعێ ڕاووڕوت، تالان و کوشتاریان، لە ئەهالی و لە دێهاتەکانیان ئەکرێ. ڕێی تیجارەت، مەیدانی فەلاحەت و زەراعەت، خولاسە هەمو کار و کاسبی میلەتەکەیان تەحدید کرد بو و، خست بوە ژێر تەهدیدەوە. بۆ مەنع و نەهێشتنی ئەم ئەحواڵە حکومەت بە کەمالی جدی تێ ئەکۆشی و هەوڵی ئەدا، بەڵام ئەمانە لە بەر ئەمەی موقابەلەی عەزم و قوەتی حکومەتیان پێ نەئەکرا، بە دزیەوە لە فرسەت، بیلئیستیفادە، ئەم کارانەیان ئەکرد. هەوڵ و تەقەلای حکومەت عەقیم ئەمایەوە، خسوسەن ئیستیلا نەکردنی پێنجوێن، کە ئەهمیەتێکی فەوقەلعادەی هەبوە و، بوبوە موجیبی غروریان. لەم ئاخریەدا گرتنی پێنجوێن و، لەوێ دا تەئیسیی ئیدارەی حکومەتی، خاتیمەی بەم کەشمەکەشە هێنا.

"ئەمجا جەنابی شێخ مەحمود ئەفەندی کە زانی لەمە زیاتر بە دمیەوە نەماوە و بەرامبەر سەتوەت و قوەتی حکومەتی نەتیجەی مقاوەمەت،

زەرەری خۆی و میلەتە، عەرزی ئینقیاد و موتاوەعەتی بە حکومەت کرد. هەروەکو لە مولحەقی ژمارە ٦٨ ی ژیان دا نوسیومانە، لە سایەی خلوسی نیەت و حوسنی تەدبیری سەعادەتمەئاب جەنابی موتەسەریف و موفەتیشی ئیداریەوە، کە بۆ تەئمینی ئیستراحەتی میلەت و کردنەوەی ڕێگای کار و کاسبی هەوڵ ئەدەن، بە بڕینەوەی ئەم ئیختیلال و ئیختیشاشە، موەفەقیەت پەیدا بو. ئیتر هەمو کەسێ ئەتوانێ بە حوریەت و سەربەستیەکی تەواوەوە، لە ژێر ئیدارەی حکومەتیدا، بۆ ئیشوکاری خۆی بە هەمو لایەک دا بێت و بڕوا. ئیتر بۆ تەرەقی و پێش خستنی ولاتەکەمان مانیعی تێکۆشین هیچ شتێک نەما. بینائەن عەلەیهی، لە سەر هەمومان پێویستە بە جدی بۆ مەنافیعی میلەت و ئیسلاحی ولاتەکەمان هەوڵ بدەین. لە کردەوە و حەرەکەتێ کە ببێتە باعیسی تێکدانی ئەم وەزع و ڕابیتەیە خۆپاراستن موجیبی سەعادەت و ئیستیراحەتی میلەتە، عەکسی حاڵ ئەمین بن وەکو پێشو فەلاکەت و سەرگەردانیە."(ژیان، ژ ٦٩، ٧ ی حوزەیرانی ١٩٢٧)

ئەم وتارە، ئەگەرچی بە ئیمزای م. ا. واتە محەمەد ئەدیبی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بیر و بۆچون و هەڵوێستی ڕەسمی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و عیراق دەرئەبڕێ بەرامبەر شێخ مەحمود و جوڵانەوەکەی. ئیستا دوای تێ پەڕ بونی ئەو هەمو ساڵە بە سەر ناوەرۆکی ئەم وتارەدا و، دوای ئەوەی بەشێکی گرنگی (دۆکۆمێنتەکانی) حکومەتی بریتانی و، بەشێکی (وثائق) ی حکومەتی عیراقی، بۆ خوێندنەوە و تاووتوێ کردن، لە بەردەستی لێکۆڵەوەرەدایە هەڵسەنگاندنی حوکمە سیاسیەکانی ناو ئەم وتارە کارێکی دژوار نیە.

٥. تێهەڵچونەوە و وازهێنانی یەکجاری

بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە سەر ئەوەی مافی نەتەوەیی کورد لە پەیماننامەی عیراقی بریتانی دا باس نەکرابو، خەڵکی سلێمانی بڕیاریان دا کە بەشداری لە هەڵبژاردنی دەورەی سێیەمی مەجلیسی نواب دا نەکەن، ئەو مەجلیسەی ئەبو پەیماننامەکە تەسدیق بکا. بەڵام کاربەدەستانی بریتانی و عیراقی ئەیانویست، هەرچۆنێ بێ ئەگەر بە رواڵەت و روکەشیش بێ، هەڵبژاردن لە سلێمانی بکرێ.

رۆژی ٦ ی ئەیلولی ١٩٣٠ کە ئەبو هەیئەتی تەفتیشیە لە سەرای سلێمانیدا کۆ ببێتەوە بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنی مەبعوسەکانی سلێمانی، شاری سلێمانی خرۆشا، دوکان و بازاڕ داخرا و، خەڵک لە بەر دەرکی سەرای سلێمانی کەوتنە خۆپیشاندان دژی هەڵبژاردن. لە ئەنجام دا بو بە تەقە. جەیشی عیراقی بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکە تێکەڵاوی روداوەکە بو. دەیان کەس کوژران و، دەیان کەس برینداربون و، دەیان کەسایەتی ناسراوی سلێمانی گیران. ئەم روداوە شێخ مەحمودی بزواند و لە گۆشەگیری دەرچو. ٣ ئەفسەری کورد: مەحمود جەودەت، حەمید جەودەت، کامیل حەسەن، ریزی جەیشی عیراقییان بە جێ هێشت و، دایانە پاڵ شێخ مەحمود.

شێخ مەحمود چەند نامەیەکی بۆ موفەتیشی ئیداری سلێمانی، مەندوبی سامی بریتانی لە عیراق، کۆمەڵەی گەلان نوسی، داوای لێ کردن کە حکومەتی عیراق لە زاخۆوە هەتا خانەقین چۆڵ بکات و، دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر ئینتیدابی بریتانیا یا هەر یەکێ لە دەوڵەتە گەورەکان دروست بکرێ. کاربەدەستانی بریتانی زۆر بە توندی چونەوە بە گژ ئەم داوایانە و بە گژ شێخ مەحمودا. لە زنجیرەیەک شەڕ و پێکادان دا، کە دواییینیان لە گوندی ئاوباریک بو، بە شکان و خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحمود کۆتایی هات.

ژیان هەندێ لەو بەڵگانەی تۆمار کردوە، لەوانە:

"صورەتی ئەو کاغەزانەیە کە لە تەرەف فەخامەتمەئابان مەندوبی سامی و وەزیری داخلیەوە بۆ شێخ مەحمود نێرراوە:

وەزارەتی داخلیە

ژمارە: س/٢٥٣٧

رۆژ: ١٩٣٠/١٠/٢٠

بۆ شێخ مەحمود ئەفەندی

بە پێی ئەو مقاوەلەیەی کە لەساڵی ١٩٢٧ دا ئیمزاتان کردوە بۆ مەوادی خوارەوە تەعەهودتان کردوە:

١. کە خۆت و کورەکانت و ژنەکانت و فاتمە خانی خوشکت لە دێیەک دانیشن کە خاریجی حدودی عیراق بێت.

٢. کە خۆت و ئەو کەسانەی لە فەقەرەی یەکەم دا ناویان زیکر کراوە بە بێ ئیزن و موساعەدەی حکومەت داخلی مەملەکەتی عیراق نەبن.

٣. کە نە خۆت و نە هیچ کەس لەو شەخسانەی لە سەرەوە زیکر کراون بە هیچ نەوعێ نە لە لیوای سلێمانی و نە لە جێگایەکی تردا لە عیراق دا موداخەلەی ئیدارەی حکومەتی عیراق نەکەن و بۆ ئەم مەقسەدە خەلقی تر تەشویق نەکەن و، چ خۆت و چ ئەوان لە هەمو مەسائیلێکی سیاسیە کە عەلاقەی بە عیراقەوە بێ لە موداخەلەکردنی ئیجتیناب بکەن.

کەزالیکە موافەقەت کرا کە ئەگەر خۆت وە یا هەر کام لەو شەخسانەی کە بەحسیان کرا لە هەر وەقتێک دا یەکێ لەم شەرتانەیان بە جێ نەهێنا حکومەتی عیراق هیچ مەسئولیەتێکی بە سەرەوە نەمێنێ و هەر ئیجرائاتێ بە لازمی بزانێ بۆ ئیتیخازکردنی سەربەست بێ.

ئەگەرچی لە ١٠ ی ئەیلول دا لە تەرەف فەخامەتمەئابان موعتەمید ئەلسامی و وەزیری داخلیەوە ئەو تەعەهودانەی کە داوتانە بە حکومەتی

عیراق هێنرایەوە بیرتان و ئەگەرچی تەوسیە کران لە کەمالی سکونەت دا لە دێی پیران دا بمێننەوە، ئێوە گوێتان نەدایە ئەو ئیختارانە و بێ ئیزن داخلی خاکی عیراق بون.

دیسانەوە وەکیلی موتەسەریفی سلێمانی لە کاغەزی ١٨ ی ئەیلول دا ئیخباری کردن کە ئێوە موغایری ئارەزوی فەخامەتمەئابان مەندوبی سامی و وەزیری داخلیە حەرەکەت ئەکەن و شەرائیتی ئەو ئیتیفاقنامەیە کە ئیمزاتان کردوە شکاندوتانە و بۆی نوسین کە بۆ ئەو دێیە کە خاریجی حدودی عیراقە فەورەن عەودەت بکەنەوە و ئەو ٣ زابیتە کوردە کە لە جەیشی عیراق رایان کردوە و زانرا بو کە لە لای ئێوەن تەسلیمیان بکەنەوە.

ئەم ئەوامیرەی کە وەرتان گرت دیسانەوە خستتانەوە گۆشەی نسیانەوە و لەو وەختەوە بەو غایەیە کە شۆڕش بەرپا بکەن لە مەناتیقی لیوای سلێمانیدا ئەسورێنەوە.

لە ٢ ی تشرینی ئەوەل دا تەکلیفی موفەتیشی ئیداری سلێمانیتان کردوە کە لە شاربازێڕدا مولاقاتتان بکات و موفەتیشی موما ئیلەیهی جوابی دانەوە کە لە بەر ئەوەی بە بێ ئیزنی حکومەت داخلی خاکی عیراق بون و لە بەر ئەوەی ئیتاعەتی ئەو ئیختارات و ئەوامیرەتان نەکردوە کە تەوجیهتان کراوە، مومکین نابێ کە مولاقاتان بکات و دیسانەوە تەبلیغتان کرا کە بیلا تەئخیر بۆ پیران بگەڕێنەوە.

وا ئیستا عەینی ئەوامیرتان بۆ تیکرار ئەکەمەوە کە بۆ پیران عەودەت بکەنەوە و ئیختارتان ئەکەم بە گەیشتنی ئەم کاغەزە ئەگەر دەستبەجێ ئیتاعەتی ئەوامیری سالیفەل زیکر نەکەن لە حەق خۆتان و ئەتباعتان ئیجرائات ئیتیخاز ئەکرێ و هەر ئەملاکێکتان لەم مەملەکەتەدا ببێ موستەحەقی موسادەرە ئەبێ.

وەزیری داخلیە"

....

"ئیدارەی موعتەمیدی سامی لە عیراق

تاریخ: ۲۰ ی تشرینی ئەوەلی ۱۹۳۰

بۆ شێخ مەحمود ئەفەندی

سەلەفی من چەند کاغەزێکی لە ئێوەوە وەرگرتوە بەڵام هەتا لە خاکی عیراق نەچنە دەرەوە و ئەو تەعەهوداتەی کە کردوتانە و لە ئیتیفاقنامەی ساڵی ۱۹۲۷ دا ئیمزاتان کردوە بە جێ نەهێنن پێم ناکرێ موخابەرەتان لە گەڵ بکەم.

دیارە دەر خاتری ئەکەن کە یەکێ لە شەرائیتی ئیتیفاقنامەی مەزکور ئەوە بو کە بێ ئیزنی حکومەت داخلی عیراق نەبن و بە هیچ کلوجێ دەخلتان بە سەر ئیدارەوە نەبێ کە حکومەتی عیراق لە لیوای سلێمانی وە یا لە جێگایەکی تری عیراق تەعقیبی ئەکات و بۆ مەقسەدێکی وەها کەسی تر تەشویق نەکەن و لە مەسائیلی سیاسیەی عیراق خۆتان دور بگرن.

ئێوە بەو ئیختاراتە کە تەوجیهتان کراوە ئیتاعەتتان نەکردوە و، گوێتان نەداوەتە ئەو نەسیحەتانە کە لە تەرەف فەخامەتمەئابان وەکیلی مەندوبی سامی و وەزیری داخلیەوە لە کاغەزی رۆژی ۱۰ ی ئەیلولی ۹۳۰ بۆتان نوسراوە و، دیسان موخالەفەتی ئەوامیری وەکیلی موتەسەریفی سلێمانیشتان کردوە کە بە تاریخی ۱۸ ی ئەیلولی ۹۳۰ بۆی ناردون و، لەو کاغەزەدا ئەمری پێ کرد بون کە ئەبێ دەرحاڵ لە ئەرازی عیراق بچنە دەرەوە. وا ئیستا منیش ئەمەوێ ئیشراکی ئەو ئەمرانە بکەم کە لە تەرەف وەزیری داخلیەوە بە ئێوە دراوە، بۆ ئەوەی کە فەورەن لە خاکی عیراق بچنە دەرەوە و ئیتر واز لە موداخەلە کردنی ئوموری حکومەتی عیراق بهێنن و، بەم واسیتەیەوە ئیختارتان ئەکەم کە عەدەم ئیتاعەت بەم ئەمرانە ئەبێتە موجیبی عاقیبەتێکی وەخیمە بۆ خۆتان و تەرەفدارانتان.

مەندوبی سامی عیراق."

....

"بەیاننامە بۆ کوردەکانی لیوای سلێمانی

"بە پێی ئیتیفاقنامەیەک کە لە ساڵی ۱۹۲۷ دا ئیمـزای کـردوە شێخ مەحمود تەعەهودی کرد بو کە لە دێیەک دا لـە خاریجی حـدودی عـیراق ئیقامـەت بکـا و بـە بـێ ئیزنی حکومـەت داخلـی عـیراق نەبێتـەوە و بـە هیـچ وەسیلەیەک نە لە لیـوای سـلێمانی و نـە لـە هیـچ جێگایـەکی تـری عـیراق دا موداخەلەی ئیدارەی حکومەتی عیراق نەکا.

"شێخ مەحمود ئەم شەرتانەی هەمو شکاندوە و هەرچەند ئەمری پێ کراوە کە خاکی عیراق بە جێ بهێڵێ ئیتاعەتی ئەو ئەمرانـەی نـەکردوە کـە دراوێتێ و لەم چەند هەفتەی رابوردودا لە مەناتیقی لیوای سلێمانیدا دەستی کـردوە بـە سـوڕانەوە و لـەوێدا تەشەبوسـی کـردوە کـە لـە زدی حکومـەت شۆڕش بەرپا بکا.

"لە بەر ئەوە ئەمری پێ کراوە فـەورەن خاکی عیراق بە جێ بهێڵێ و ئەگەر ئیتاعـەتی ئـەم ئـەمرە نـەکا لـە حـەقی خۆی و ئـەتباعی ئیجرائاتی لازمـە ئیتیخاز ئەکرێ.

"بینائەن عەلەیهی وا ئیختارتان ئەکەین کە هەرکەس پەنا بدا بە شێخ مـەحمود و ئـەتباعی وە یـا معاوەنـەتیان بکـا خۆی توشی جەزای شـەدید ئـەکا. ۱۹۳۰/۱۰/۲۰." (ژیان، ژ ۲۶۲، ۶ ی تشرینی دوەمی ۱۹۳۰)

....

"داخلی

"لـە زابیتانی جەیش، رەئیـس ئـەوەل مـەحمود جـەودەت و مولازمـی ئەوەل حەمید جەودەت، کە مودەتێک لەمەوپێش لە جەیشی عیراقی فیراریان

کرد بو ئەمشەوی رابوردو لە سلێمانی تەسلیمی نەفسیان بە حکومەت کرد."ژیان، ژ ٢٦٦، ١ ی کانونی سانی بە هەڵە ١٩٣٠ نوسراوە بەڵام راستەکەی ١٩٣١ ە)

....

"تەبلیغی رەسمی

"ئەو ئالای سواری لە گەڵ قوەتی پۆلیس کە لە ژێر قوماندەی عەقید (قائیمقام) ئیسماعیل نامیق بەگ دا بو لە تاریخی ٥ ی نیسانی ٩٣١ رویان کرد بوە ئیستیقامەتی دۆڵی ئاوباریک کە ئیستیخبارات کرا بو کە شێخ مەحمود خۆی و ئەتباعی لەوێن و قوەتی مەزکورە دۆڵی ئاوباریک ئیحاتە ئەکەن و لە تەرەف تەیارەشەوە موتەمادیەن ئەشقیاکان و دەوروپشتی دۆڵی مەزکور بۆمباردومان ئەکەن. وە لە پاش نیوەڕۆوە هەتا تاریکەشەو بە شیدەت موسادەمە دەوام ئەکات. قوەتی جەیش بە دەرەجەیەکی کە شایانی ئیفتیخار بێت ئیبرازی شەجاعەت و بەسالەت ئەکەن و لەم موسادەمەیەدا ٤ عەسکەر و ١ زابیت شەهید و ١٤ عەسکەر و ١ زابیت بریندار ئەبێت.

"تەلەفیات و خەسارەتی شێخ مەحمود جەدەن زۆر و بە دەرەجەیەک ئەبێت کە تەنها لە دۆڵی ئاوباریک لە ئەشقیاکان ١٠ کوژراو و مەیتی دو کەس لە رونەسا کە یەکێکیان شێخ عەلی کوڕی رەحیم کە خزمی شێخ مەحمودە لە بەینی ئەم کوژراوانەدا دیتراوە.

"وە لەئەو رێگایەی کە ئەشقیاکان فیراریان لێ کردوە خوێنێکی زۆر دیار بوە کە دەلالەت لە سەر ئەمە ئەکات کە شێخ مەحمود تەلەفیاتێکی زۆری دراوە و برینداری‌کی زۆری لە گەڵ خۆی نەقل کردوە.

"ئەو عەشائیرەی کە معاوەنەتی شێخ مەحمودیان ئەکرد هەمو بڵاو بونەوە. ئیستاکە شێخ مەحمود تەنها لە نەجات دانی رۆحی خۆی زیاتر شتێکی تر تەفەکور ناکات.

"ئەمرۆ مەوسوقەن زانیومانە کە شێخ مەحمود تەنها لە گەڵ ٥ و ١٠ سواری‌دا لە شاخی قەرەتاغ تێ پەڕ بوە.

"قوەتی جەیش و پۆلیس بۆ مەحوکردنی شێخ مەحمود و ئەتباعی بە شیدەت لە تەعقیب دایە و مەحوکردنیان قەویەن مەئموله."(ژیان، ژ ٢٧٩، ١٦ ی نیسانی ١٩٣١)

تبليغ رسمي

عقيد (قائمقام) اسماعيل كامل بكك تحت قوماندانسندهكي سواري آلايي ايله پوليس قوتي ٥ نيسان ٩٣١ تاريخنده، شيخ محمودك بالذات صاحبيحيما اوردوگاهيني استحكام ايتدكلري (آوباريك) قريهسي استقامتنده موضوع ايدلهرك قريهٔ مذكوره بو قوت طرفندن احاطه ايدلمش وطيارهلر طرفندهده متقابلا قريهٔ مذكوره اطرافيه اشقيالر اوزرينه بومبالر آتيلمش واوچمقده سوكرا كيجه قارا لغنه قدار شدتلي بر صورتده مصادمه دوام ايتمدك جنكارانه قرار ايله تعقيب اولنمش وشاياني افتخار بر صورتده جيش عراقي وپوليس قوتلري طرفندن ابراز بسالت ايدلمشدر.

اشبو مصادمهده سواري آلاينده (١) ضابط و(٤) نفر شهيد، (١) ضابط ايله (١٤) نفر مجروح دوشمشدر.

شقي شيخ محمودك ويرديكي تلفات وخساراته ايسه بو مقدارده باشقه اولوب بر موجهده كه قريه (آوباريك) ده ترك ايتمش اولدقلري اون عدد مقتول بولنمش ونفراء آراسنده ايكي رئيس جثهسنه تصادف ايدلمشدر. اشقيالرك فرار آنتعقيبايتهطرق بولنانيولرده بر چوق قانلر كورولمش كه بونلر آراسنده موجود مجروحلرك بر چوق مجروحلره وجودينه دلالتدر.

شيخ محمود ايله جماعتي بو ضربه ايله شدتلي بر ناكهاني تلفات وبريشانلقه وخطاي نقل ايدركن شمال شرقي استقامتنده دوغرو فرار ايتمشلردر شيخ محموده معاونتده بولونان عشاير بو ضربهدن تأثيراته طانيلمش وشمهدي كنديسي يالكز برحالده بالمنفرد (٥) ايله (١٠) نفر ايله داغ داغلرده كيجمكه قلدقدن واحتمالا ايله آثار يلمشدر.

بوكون موثوقا آلدغمز معلوماته نظرا شيخ محمود يالكز بش اون آتلي ايله اطراف داغلرينده كيجمكه قالمقدهدر واحتمالا آثار ايلمشدر.

جيش وپوليس قوتلري طرفندن شيخ محمود ايله اتباعي شدتله تعقيب ايدلمكده اولوب يقين بر زمانده محو ايدلهلري قويا مأمولدر.

٩ـ نيسان ٩٣١

كركوك لوا متصرفي

بيان رسمي

ان الكتيبة الخيالة التي يرأسها العقيد اسماعيل كامل بك وقوة الشرطة كانت قد تقدمت نحو استقامة قرية (آوباريك) التي اتخذها الشيخ محمود المعتصم الذي كان مع عصابته فيها، وذلك في ٥ نيسان ٩٣١ فاحاطت هذه القوة القرية المذكورة وقامت الطيارات بقذف رجال العصابة المنتشرين الى الاطراف بالقنابل، ومنذ ظهر ٥ نيسان جرت مصادمة عنيفة داخل القرية حتى الظلام ابلى فيها الجيش والشرطة بلاء حسنا والقى المعتدين بالادبار الاعتيادي وقد قتل في هذه المعركة اربعة جنود وضابط واحد وجرح اربعة عشر جنديا وضابط واحد.

اما خسائر الشيخ محمود فانها كانت فادحة جداً فقد عثر على عشر جثث من رجال عصابته في قرية (آوباريك) وشوهد بينهم لاشك اثنان من الرؤساء احدهما الشيخ علي رحيم من اقرب المخلصين للشيخ محمود وقد شوهدت بقع دم على طول الطريق التي هرب منه العصاة الامر الذي يدل على عظم الخسارة التي تكبدها الشيخ محمود وكثرة الجرحى الذين نقلهم وراءه . .

وبعد هذه الضربة لاذ الشيخ محمود مع فلول عصابته المهزومة الى الفرار نحو الشمال الشرقي ومن انحاز اليه من الارياف كالسابق وسلب من الارتياح.

وقد تركت على اثر ذلك العشائر التي كانت توالي محمود الآن لا يبقى الاتجاه نفسه وقد علمنا اليوم موثوقا انه قد هرب الى جبل قرهداغ مستعينا بمن تبقى من اتباعه والذين معه سوى ٥ او ١٠ فرسان فقط.

ان قوى الجيش والشرطة جادة في تعقيب مجرمي العصابة للقضاء عليهم نهائياً والامل قوي بان يقضى عليهم في القريب العاجل.

٩ نيسان ٩٣١

متصرف لواء كركوك

تبليغات رسميه

ئهو آلاى سواري لهگهل قوتي پوليس كه لهژێر فرماندهى عقيد (قائمقام) اسماعيل كامل بگ دا بو له تاريخي ٥ نيسان ٩٣١ رهوان كرابووه ابتقامتي گوندي (اوباريك) كه استحكام كرابو له شيخ محمود خوى واتباعى لهويدهى داده مهرتي. ئهو گوندى (اوباريك) احاطه ئهكن وله طرفي طيارهشهوه متقابلاً اشقيا كان وهوريهتى گوندي منذ كوره بومباريمان ئهكهن، وهلهدوايى جرو حتا تاريكه ئهو بشدت مصادمهيه دوام اكات. قوتي جيش بهوجهيكى كه شاياني افتخار بيت ابراز شجاعت وبسالت ئهكهن ولهم مصادمه دا (٤) عسكر و(١) ضابط شهيد و(١٤) عسكر و١ ضابط بريندار ئهبيت.

تلفات وخساراتي شيخ محمود جداً زور وبهوجهيك ئيتكه تنها له گوندى (اوباريك) لهشيا كان (١٠) كوژراوهى ئهوكيه تنها كهيكيكيان شيخ علي كوري رحيم له خزمي شيخ محمود لهوين ئم كوژراوانه دوزراوهوه

وله او ريكاى كه اشقيا كان فراريان لي كردووه خوينيكى زور دياربووه كه دلالت لهسهر ئهوه ئهكات كه شيخ محمود تلفاتيكي زوري دراوه وبريندارى زورى له گل خوى نقل كردووه

شيخ محمود واتباعى لهدوايى خواردنى ئهم ضربهيه به حاليكى بلاو وپريشانى وسهر كردانى فراريان كردووه.

ئهو عشائرانه كه معاونتى شيخ محموديان ئهكرد ههمو بلاو بوون ايستا كه شيخ محمود تنها له مجانسهدانى روحى خوى زيادتر شتيكى تر فكر ناكات.

ئهمرو موثوقا زانيومانه كه شيخ محمود تنها لهگل (٥) و(١٠) سواريهدا له جياى قرهداغ قهپووه.

قوتي جيش وپوليس بو محو كردنى شيخ محمود واتباعى بشدت له تعقيب داوه وئهمو كردنيان قويا مأموله

٩ـ نيسان ٩٣١

متصرف لواى كركوك

چەند تێبینیەك:

١. م. ر. هـاوار: شـێخ مـەحمودی قارەمـان و دەوڵەتەکـەی خـواروی کوردستان، بەرگی دوەم، لەندەن ١٩٩١.

١. ١. ل ٥٧٤ دەربارەی ئەو جائیزەیەی کە بۆ کوشتنی شێخ مـەحمود دانراوە، ئەڵێ: ٢٠ هەزار روپیە بـوە، لـەوەدا پشتی بـە یادداشـتەکانی شـێخ رەئوفی شێخ مەحمود بەستوە، بەڵام شێخ رەئوف باسی نەکردوە کە پشتی بە چ سەرچاوەیەک بەستوە. راستەکەی ٦٠ هەزار روپیە بوە نەک ٢٠ هەزار.

بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بڕوانە:

الدكتور غسان العطية: العراق، نشأة الدولة ١٩٠٨ - ١٩٢١، ترجمة عطا عبدالوهاب و تقديم حسين جميل، داراللام، لندن ١٩٨٨. ص ١٨.

السيد عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق الساسي، ج ٣، ط ٦. ص ٣٠٩.

١. ٢. ل ٧٠٣ ٧٠٤ دەربارەی رۆژی چونی شێخ مەحمود لە سلێمانیەوە بـۆ بـەغداد زانیـاری جیـاوازی لـە سـەرچاوەی جیـاوازەوە راگوێـزاوە. ئاگادارییـەکانی ژیـان لـەو بارەیـەوە، کـە سـەرچاوەیەکی ئاگـاداری دەسـتی یەکەمی کاتی روداوەکەیە، رەنگە لە هەمویان زیاتر جێگای باوەڕ بێ.

٢. دەربارەی هەڵوێستی سەعدون لە شێخ مەحمود بڕوانە:

الدكتور لطفي جعفر فرج عبدالله: عبدالمحسن السعدون ودوره في تاريخ العراق السياسي المعاصر، بغداد ١٩٨٨. ص ١٠٧.

ژیان

و

مەبعوسەکانی کورد

ناوەڕۆک

مەجلیسی تەئسیسی

١. دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق

١. ١. حکومەتی خۆجێیی

١. ٢. وەزارەتەکانی نەقیب

٢. مەجلیسی تەئسیسی

٢. ١. پێکهێنانی

٢. ٢. کۆکردنەوەی

٢. ٣. ئەرکەکانی

٢. ٤. هەڵوەشاندنەوەی

٣. مەجلیسی ئوممە

٣. ١. مەجلیسی نواب

٣. ٢. مەجلیسی ئەعیان

مەجلیسی نواب

١. دەورەی ئینتیخابیی یەکەم

١. ١. پێکهێنانی مەجلیس

١. ٢. چاوەڕوانیەکانی خەڵک

١. ٣. ئیجتیماعەکانی

١. ٤. هەڵوەشاندنەوەی

٢. هەواڵەکانی

٢. ١. هەواڵی مەجلیس
٢. ٢. سەردانەوی مەبعوسەکان لە سلێمانی
٢. ٣. زمانی هەواڵەکانی
٣. بابەتی پێوەندیدار بە کوردەوە
٣. ١. پەیماننامەی بریتانی   عیراقی
٣. ٢. ڕێکەوتننامەی بریتانی- عیراقی - تورکی
٣. ٣. خوێندن بە زمانی کوردی
٣. ٤. تەجنیدی ئیجباری
٣. ٥. وەزارەتی تازە کوردی تیّدا نیە
٤. هەڵسەنگاندنی کاری مەبعوسەکان

٢. دەورەی ئینتیخابیی دوەم
١. وتارەکانی ژیان
٢. پێکهێنانی مەجلیس
٢. ١. تەرشیح
٢. ٢. دیاریکردنی مونتەخیبی ئەوەلی
٢. ٣. هەڵبژاردنی مونتەخیبی سانەوی
٢. ٤. هەڵبژاردنی مەبعوسەکان
٣. چاوەڕوانیەکانی ژیان
٤. داواکاری مەبعوسەکان
٤. ١. دەربارەی مەعاریف
٤. ٢. ویستنێکی مەشروع
٤. ٣. هەوڵی یەکتەنی ئەمین زەکی
٤. ٤. دەنگدانەوەی داواکاریەکان
٥. هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس
٣. دەورەی ئینتیخابیی سێیەم
٤. دەورەی ئینتیخابیی چوارەم

مەجلیسی تەئسیسی

١٩٢٤/٣/٢٧ ١٩٢٤/٨/٢

١. دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق

١. ١. حکومەتی خۆجێیی

کـە یەکـەمین جـەنگی جیـهانی برایـەوە هێزەکـانی بریتانیـا ولایەتـە عوسمانیەکانی بەصرا و بەغدادی داگیر و، لە بەر دەروازەی ولایەتی موسل دا راوەستا بو، پاش چەند رۆژێ ئەوێشی داگیر کرد.

لە رۆژگاری جەنگ دا بریتانیا و فەرەنسا و روسیا بـە نـهێنی لـە نـاو خۆیان دا پێک هات بون لە سەر دابەشکردنی میراتیەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەوانە ئەم ٣ ولایەتە. بە هـۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبـەری ١٩١٧ ەوە روسیا لـەو سـەودایە دەرچوبـو. دوای جـەنگ دەوڵەتـە براوەکـان چـەندین کۆبونـەوەیان کـرد بـۆ بڕیـاردان لـە چارەنوسـی ناوچـە داگیرکراوەکـان. لـە کۆنفرەنسی سان ریمۆدا، بابەتێکی تازەیان بە ناوی (ئینتیـدابـ) ەوە لە بـاتی (داگیرکردن) داهێنا. مەبەست لە ئینتیداب ئەوە بو ئەو ولاتانەی کە هێشتا نەگەیشتونەتە پلەیـەکی ئـەوتۆی پێشکەوتن بتوانـن خۆیـان بـەڕێوە ببـەن، دەوڵـەتێکی پێشکەوتو بەڕێوەی ببـات و یارمـەتی بـدات، تـا ئـەویش ئەگاتـە پلەیەک بتوانێ خۆی بـەڕێوە ببـات. بڕیاریـان دا هـەر ٣ ولایـەتی کـە دواتـر دەوڵەتی عیراقی لێ دروست کرا بخرێتە ژێر ئینتیدابی بریتانیەوە.

دەنگدانەوەی بڕیـاری ئینتیـداب نیشـتمانپەروەرانی عـیراقی وروژانـد. ساڵی ١٩٢٠ شۆڕشێکی فراوان و توندوتیژ دژی داگیرکەرانی ئینگلیز لە عیراق دەستی پێ کرد. ئەم شۆڕشەی چەند مانگێکی خایاند لە مێژوی عیراق دا بە (سەورەی عشرین) ناسراوە. کوژاندنەوەی لە لایەن ئینگلیزەوە خەرجیەکی زۆری

گیانی و مادی تیّ چو. دەسەڵاتی داگیرکەری ئینگلیز بۆی دەرکەوت حوکمی ڕاستەوخۆی عیراق گران ئەکەویّ لە سەری، بۆ خاوکردنەوەی هەلومەرجی ئاڵۆزی عیراق، سێر پێرسی کۆکسی نارد، ئەویش بۆ یاریدەدانی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری عیراق، بڕیاری دا حکومەتێکی خۆجێیی لە چەند کەسایەتیەکی عیراقی پێک بهێنێ. کۆکس داوای لە سەید ئەورەحمانی گەیلانی نەقیبی ئەشرافی بەغداد کرد، کە پیاوێکی دینیی بە ساڵاچوی دۆستی ئینگلیز بو، سەرۆکایەتی ئەو حکومەتە بکا.

١. ٢. وەزارەتەکانی نەقیب

یەکەمین وەزارەتی

ئەورەحمان نەقیب، دوای راوێژ و پرسوورا، بە موافەقەتی کۆکس، یەکەمین وەزارەتی لە ٢٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ دا پێک هێنا. ئەم وەزارەتەی کە پێک هات بو لە ٩ وەزیری خاوەن وەزارەت و لە ١٢ وەزیری بێ وەزارەت هیچ کوردێکی تێدا نەبو، لەو کاتەیش دا هێشتا چارەنوسی سیاسی کوردستان بە لایەک دا نەکەوت بو.

هەمو وەزارەتێک (موستەشار) ێکی ئینگلیزی بۆ دانرا بو، دوا بڕیار بە دەس ئەو بو.

ئەرکی سەرەکی وەزارەتەکەی نەقیب، هێمنکردنەوەی هەلومەرجی عیراق و خۆشکردنی زەمینەی بەیعەت بو بە فەیسەڵ. جەعفەر عەسکەری وەزیری جەنگ و، ساسۆن حسقیل وەزیری دارایی لەم حکومەتەدا، لە گەڵ کۆکس مەندوبی سامی، لە مارتی ٩٢١ دا چون بۆ بەشداری کۆنفرەنسی قاهیرە، کە بڕیاری دا عەرشی عیراق بە فەیسەلی کوڕی شەریف حسێن بسپێرێ.

لە ٢٩ ی حوزەیرانی ٩٢١ دا فەیسەڵ لە حیجازەوە گەیشتە بەغداد.

لە ١١ ی تەموزی ٩٢١ دا، وەزارەتەکەی نەقیب فەیسەڵی بە مەلیکی عیراق راگەیاند بەو مەرجەی: (حکومەتەکەی دەستوریی، نوێنەرایەتی، دیموکراتی، گرێدراوی قانون بێ)

لە ٢٣ ی ئابی ٩٢١ دا ئاهەنگی تاجگوزاری مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە ساحەی برج الساعە لە بەغداد، بە ئامادەبونی مەندوبی سامی بریتانی و، ئەندامانی وەزارەتەکەی نەقیب، بەرپا کرا.

بەمەیش ئیتر ئیشی وەزارەت تەواو بو، هەمان رۆژی تاجگوزاری ئیستیقالەی دا بە مەلیک فەیسەڵ، بۆ ئەوەی ئیتر ئەو بە پێی دەسەڵاتەکانی خۆی، کەسێ بۆ سەرۆکایەتی وەزارەت و پێکهێنانی هەڵبژێرێ.

دوەمین وەزارەتی

لە ١٠ ی ئەیلولی ٩٢١ دا مەلیک فەیسەڵ، سەرلەنوێ ئەورەحمان نەقیبی تەکلیف کرد وەزارەت تەشکیل بکات.

لە ١٢ ی ئەیلولی ٩٢١ دا ئەورەحمان نەقیب دوەمین وەزارەتی خۆی لە ٩ وەزیر تەشکیل کرد. لە ناو ئەوانەدا موسوڵمانی سونی و شیعە و، جو و مەسیحی تێدا بو. لەم وەزارەتەیش دا وەکو ئەوەی پێشو کەسی کوردی تێدا نەبو.

ئەرکی سەرەکی وەزارەت ئامادە کردنی پەیماننامەیەک بو لە نێوان عیراق و بریتانیادا، کە ئینتیدابی بریتانی لە عیراق دا جێگیر بکا.

لەو ماوەیەدا فەیسەڵ بۆ نەشتەرکاری ریخۆڵە کوێرە لە نەخۆشخانە کەوت، کۆکس خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی کاروباری وەزارەتی ئەکرد، بەوپەڕی توندیەوە لە گەڵ نەیارەکانی بەستنی پەیمانەکە جوڵایەوە. هەندێ

لە وەزیرەکان وازیان هێنا و، نارەزایی لە ناو خەڵک دا زۆر بو. دوای دەرچونی فەیسەڵ لە نەخۆشخانە، نەقیب لە ١٩ ی ئابی ٩٢٢ دا ئیستیقالەی دا و قبوڵ کرا.

سێیەمین وەزارەتی

بە هۆی ئەو نارەزاییە زۆرەوە کە لە نەقیب هەبو، فەیسەڵ ئەیویست لە باتی ئەو یەکێکی کە تەکلیف بکا وەزارەت پێک بهێنێ، بەڵام لە ژێر گوشاری کۆکس دا سەرەنجام لە ٢٨ ی ئەیلولی ٩٢٢ دا دیسان ئەورەحمان نەقیبی تەکلیف کرد بۆ جاری سێیەم وەزارەت پێک بهێنێ.

ئەرکی سەرەکی وەزارەت ئیمزا کردنی پەیمانی عیراقی بریتانی و، هەڵبژاردنی ئەندامانی (مەجلیسی تەئسیسی) بو، کە یەکێ لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەبو تەسدیق کردنی پەیمانی گۆرین بێ.

لە ١٠ ی تشرینی یەکەمی ٩٢٢ دا ئەنجومەنی وەزیران پەیمانەکەی ئیمزا کرد، بەڵام بە هۆی نارەزایی و (موقاتەعە) ی خەڵکەوە، بە تایبەتی عولەمای شیعە، نەیتوانی هەڵبژاردنی مەجلیسی تەئسیسی، کە فەیسەڵ (ئیرادەی مەلەکی) بۆ دامەزراندنی دەرکردبو، ئەنجام بدا.

نەقیب لە ١٥ ی تشرینی دوەمی ٩٢٢ دا ئیستیقالەی کرد.

٢. مەجلیسی تەئسیسی

٢. ١. پێکهێنانی

مەلیک فەیسەڵ، عەبدولموحسین ئەلسەعدون، کە لە وەزارەتەکەی نەقیب دا وەزیری ناوخۆ و، لایەنگری ئەوە بو بە زۆریش بێ هەڵبژاردنی مەجلیسی تەئسیسی ئەنجام بدرێ، تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ.

له ٢٠ ی تشرینی دووەمی ۹۲۲ دا سەعدون یەکەمین وەزارەتی خۆی و، چوارەمین وەزارەتی لە مێژوی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراق دا تەشکیل کرد. لە پێش دا ناجی ئەلسویدی بە وەزیری ناوخۆ دانرا بو، بەڵام بۆ ئەوەی سەعدون دەستی ئاواڵە بێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیسی تەئسیسی، سویدی‌یان لە وەزارەتی ناوخۆوە گوێزایەوە بۆ وەزارەتی داد و، سەعدون خۆی کاروباری وەزارەتی ناوخۆی گرتە دەس.

سەعدون عالمەکانی شیعە، کە فتوای موقاتەعەی هەڵبژاردنیان دابو، دورخستەوە بۆ دەرەوەی عیراق و، کەوتە نواندنی زەبروزەنگ، بێ ئەوەی لە هیچ بپونگێتەوە و، گوێ لە رەخنەی کەس بگرێ، وەکو الحسنی ئەڵێ: "لە جەوێکی پڕ لە زۆر و تۆقاندن دا" هەڵبژاردنی ئەنجام دا.

ژ ۱۹ ی ئومێدی ئیستیقلال، زمانی حکومەتی کوردستان، هەواڵی بەشێ لە هەڵبژاردنەکانی لە ژێر ناوی (مەجلیسی مەبعوسانی عیراق) دا بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە: "سامەرە، کازمیە، بەغداد، بەعقوبە، ئەربیل و کۆیە، بۆ مەجلیسی مەبعوسانی عیراق ئەعزایان ئینتیخاب کردوە." رۆژنامەکە ناوی مەجلیسەکەی بە هەڵە لە باتی (مەجلیسی تەئسیسی) بە (مەجلیسی مەبعوسان) نوسیوە.

ناوچەی سلێمانی بە هۆی شۆڕشی شێخ مەحمودەوە نائارام بو، شاری سلێمانی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دا بو، لە بەر ئەوە کاربەدەستانی ئینگلیز و عیراق نەیانئەتوانی وەکو لیواکانی تر هەڵبژاردنی تێ دا ئەنجام بدەن، ئەیشیانویست نوێنەرانی سلێمانی هەرچۆنێ بێ لەم مەجلیسەدا بەشدار بن، لە بەر ئەوە رێگەیان دا لە کەرکوک کۆ ببنەوە و ٥ کەسیان بە نوێنەری سلێمانی بۆ مەجلیس هەڵبژارد. ئەم کارە نارەزایی حکومەتی کوردستانی وروژاندوە بۆیە ئومێدی ئیستیقلال، زمانی حکومەتی

کوردستان، مەزبەتەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە: "ئەشرافی مەملەکەت، عولەمای کیرام، توجاری مەملەکەت، بازرگان، ساداتی کیرام، موسەوی مەملەکەت، کەوشدروی مەملەکەت، بەقاڵی مەملەکەت، ئاسنگەری مەملەکەت" ئیمزایان کردوە تێیدا نوسیویانە:

"وەکو لە جەرائیدی العراق و سائیری بەغداد دا خوێندراوەتەوە گۆیا بۆ لیوای سلێمانی: عیزەت بەگی عوسمان پاشا و، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و، میرزا فەرەج و، محەممەد بەگی فەتاح بەگی جاف، بیلا ئینتیخاب بە مەبعوس تەعین کراون.

"ئەمە تەصادوفی غەریبە. بە قەوانینی ئەساسیە مەبعوس بە ئینتیخاب تەعین کردن حقوقی میللییەیە. فەقەت نازانین چۆن ئەم زەواتە بە بێ مەعلوماتی میللەت بە مەبعوس ناسراون. وا بزانین ئەمانە بە تەعین مەئموریەتی مەبعوسی‌یان تەوجیه کراوە....

"ئێمە ئەگەر مەبعوس ئینتیخاب بکەین بۆ تەئمینی حقوقی میللیە و ئیکمالی نەواقیصی داخلیمان لە ناو خۆمان دا لە خۆمان بە ئوصولی ئینتیخاب ئەو کەسانە کە شەرائیتی قانونیەیان تیا مەوجود بێ ئینتیخاب ئەکەین. ئەمڕۆ ئەم وەزیفەیە هەتا ئینکیشافی حەقیقەت و تەسلیمی حقوق و مەوجودییەتمان، تەودیعی مەجلیسی میللی‌مان کردوە.

"وەکو وتمان چونکە ئەم مەبعوسانە بە ئینتیخابی ئێمە نەکراوە ئیعتیمادیشمان پێیان نیە. لە موقەڕەڕات و تەعەهوداتیشیان عەلاقەدار نین."(ئومێدی ئیستیقلال، ژ ٢٢، ١٠ ی نیسانی ١٩٢٣)

شێخ قادری برای شێخ مەحمودیش یەکێ بوە لەوانەی بە نوێنەری سلێمانی دانراوە، بەڵام لێرەدا بە هەڵە یان بە ئەنقەست ناوی نەنوسراوە، بەڵام لە ژ ٢٣ دا بەمجۆرە هەڵەکەیان راستیان کردۆتەوە:

"ئیعتیزار: لە نوسخەی هەفتەی رابوردوی ئومێدی ئیستیقلال دا کە بە تاریخی ١٠ ی نیسان و ژمارە ٢٢ لە خصوص مەبعوسانی سلێمانی کە بەحس کرا بو لەو میانەدا حەفیدزادە شێخ قادر ئەفەندی لە بەر حاڵەتی رەمەزان سەهوەن داخل نەکرا بو."

وەزارەتەکەی سەعدون توشی تەنگوچەڵەمەی دارایی بو لە ١٦ ی تشرینی دوەمی ٩٢٣ دا ئیستیقالەی کرد.

٢. ٢. کۆکردنەوەی

لە ٢٢ ی تشرینی دوەمی ٩٢٣ دا جەعفەر عەسکەری یەکەمین وەزارەتی خۆی، کە پێنجەمین وەزارەتی عیراق بو، پێک هێنا.

ئەرکی ئەم وەزارەتە ئەوە بو: مەجلیسی تەئسیسی، کە ئەندامەکانی هەڵبژێررابون، کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی تەسدیقی پەیماننامەی عیراقی بریتانی و، ریککەوتننامەی مالی و عەسکەری و عەدلی بکا و، دەستوری عیراق و، قانونی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئومەە پەسند بکا.

ئەگەرچی هەندێ لە سیاسیەکانی عیراق لە باسکردنی پرۆژەی ئەم بەڵگە گرنگانەدا، کە پەیکەرەی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقیان دروست ئەکرد، بەشداری‌یان کرد بو، بەڵام هەمو پرۆژەکان لە لایەن شارەزایانی بریتانیەوە ئامادە کرا بون و، دوا قسە بۆ ئەوان بو.

٢. ٣. ئەرکەکانی

٢٧ ی ئازاری ١٩٢٤ مەجلیسی تەئسیسی دەستی بە کۆبونەوە کرد. (خیتابی عەرش) خوێندرایەوە. لەم خیتابەدا ئەرکەکانی مەجلیس دیاری کرابون. دەقی موعاهەدەی عیراقی بریتانی و مولحەقەکانی، بە ٤ زمان:

ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، کوردی، چاپ کرا بو، بۆ خوێندنەوەی بە سەر ئەندامانی مەجلیس دا دابەش کرا.

١١ ی حوزەیرانی ١٩٢٤ مەجلیس، موعاهەدەی بریتانی عیراقی تەصدیق کرد.

١١ ی تەموزی ١٩٢٤ پرۆژەی دەستوری پەسند کرد.

٢ ی ئابی ١٩٢٤ قانونی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئوممە (مەجلیسی نواب و مەجلیسی ئەعیان) ی دانا.

لە سەردەمی وەزارەتەکەی عەسکەری‌دا مەجلیسی تەئسیسی لە ٤٩ جەلسە دا کە ٤ مانگ و ٧ رۆژی خایاند ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی بە جێ گەیاند.

بەمجۆرە هەر ٣ ئەرکی بە جێ هێنا و، ئیتر هیچ هۆیەک بۆ مانەوەی نەما. بەوەیش هەم وەزارەت و هەم مەجلیس ئیشیان تەواو بو.

٢. ٤. هەڵوەشاندنەوەی

ژیانەوە بەمجۆرە هەواڵەکەی راگەیاندوە:

"مەجلیسی تەئسیسی‌ی عیراق

"وەکو لە جەرائیدی بەغدادا خوێندراوەتەوە دەورەی ئەمساڵی مەجلیسی‌ی تەئسیسیی عیراق نیهایەتی هات و ئەعزاکانی هەرکەسە گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی خۆی." (ژیان، ژ ١، ١٨ ی ئاغستۆسی ١٩٢٤)

لە ٢ ی ئابی ٩٢٤ دا جەعفەر عەسکەری، پاش ئەوەی ئەرکەکانی وەزارەتەکەی بە جێ هێنا، ئیستیقالەی لە وەزارەت دا. هەر لەو ژمارەیەدا (ژیانەوە) هەواڵی (گۆڕانی قابینە) ی لە رۆژنامەی (المفید) ەوە بەمجۆرە وەرگرتوە:

"وەزارەتی جەعفەر ئەل عەسکەری پاشا ئیستیعفایان کردوە. ئیرادەی ملوکانە سادر بوە کە وەزارەتی فەخامەتی یاسین ئەل هاشمی بەم رەنگە کە لە ژێرەوە نوسراوە تەشەکول بکات:

وەزیری داخلیە عەبدولموحسین سەعدون

وەزیری مالیە ساسۆن حسقیل

وەزیری ئەوقاف ئیبراهیم ئەل حەیدەری

وەزیری عەدلیە رەشید عالی ئەل گەیلانی

وەزیری ئەشغال موزاحیم ئەل ئەمین ئەل پاچەچی

وەزیری مەعاریف شێخ محەمەد رەزا ئەل شبیبی

وەکیلی وەزیری دیفاع

رەئیس ئەل وزەرا یاسین ئەل هاشمی

ئەم هەیئەتە تازەیە رۆژی ٣ ی ئاغستۆسی ٩٢٤ دەستیان کردوە بە ئیش.(ژیانەوە، ژ ١، ١٨ ی ئاغستۆسی ١٩٢٤)

٢. مەجلیسی ئوممە

مەجلیسی ئوممە ئەبو لە ٢ مەجلیس پێک بێ: مەجلیسی نواب و مەجلیسی ئەعیان، کە یەکەمیان بە هەڵبژاردن و دوەمیان بە تەعیین دائەنران.

٢. ١. مەجلیسی نواب

بە دو قۆناغ، لە لایەن مونتەخیبی ئەوەلی و مونتەخیبی سانیەوە، بۆ هەر ٢٠ هەزار پیاو ١ نائیب، بۆ دەورەیەکی ئینتیخابی کە ئەبو ٤ ساڵ بێ، هەڵئەبژێردرا. هەمو دەورەیەکی ئینتیخابی ئەبو ٤ دەورەی ئیجتیماعی ئیعتیادی ساڵانەی هەبێ کە لە ١ ی تشرینی دوەم دا دەستی پێ ئەکرد. لە کاتی پێویست دا مەلیک ئەیتوانی بانگیان بکا بۆ ئیجتیماعی نائیعتیادی.

ژمارەی ئەندامانی مەجلیسی نواب تا ١٩٣٥ بریتی بو لە ٨٨ ئەندام و دوای ئەوە لە بەر زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی عیراق کرا بە ١١٨ نائیب.

٣. ٢. مەجلیسی ئەعیان

هەمویان لە لایەن مەلیکەوە تەعیین ئەکران. ئەبو ژمارەیان لە چواریەکی ژمارەی مەجلیسی نواب زیاتر نەبێ. لەو کاتەدا بە هەمویان ٢٠ عەین بون. بۆ ٨ ساڵ تەعین ئەکران، بەڵام ئەبو هەر ٤ ساڵ جارێک نیوەیان بگۆڕدرێ.

هەردو مەجلیس لە یەک کات دا کۆ ئەبونەوە و کۆبونەوەکانیشیان پێکەوە تەئجیل و تەعتیل ئەکرا.

پرۆژەی قانون لە لایەن مەجلیسی نوابەوە ئامادە ئەکرا و ئەنێردرا بۆ مەجلیسی ئەعیان، ئەگەر پەسندی بکردایە ئەڕۆیشت بۆ جێبەجێ کردن، ئەگەر ئیعتیرازی لێ بگرتایە، لە کۆبونەوەی هاوبەشی هەردو مەجلیس دا بۆ ئەوەی پەسند بکرێ ئەبو زۆرایەتی دوسێیەک بە دەس بهێنێ.

شاعیری بە ناوبانگی عیراق معروف الرصافی، کە خۆی یەکێ لە سیاسیە ئاگادارەکانی عیراق بوە و لە ناو روداوەکان دا ژیاوە، دەربارەی (مەجلیسی ئوممە) لە شیعرێکیدا وتویەتی:

علم ودستور ومجلس امة

کل عن المعنى الصحیح محرف

واتە: بەیداخ و، دەستور و، مەجلیسی ئوممە

هەمویان لە مەعنای راستەقینەیان لادراون

چەند تێبینیەك:

١. دەربارەی مەلیک فەیسەڵ بڕوانە:

علاء جاسم محمد: الملك فيصل الاول حياته ودوره السياسي في الثورة العربية وسوريه والعراق ١٨٨٣ ١٩٣٣، بغداد، ١٩٩٠.

٢. دەربارەی مەجلیسی تەئسیسی بڕوانە:

٢. ١. محمد مظفر الادهمي: المجلس التأسيي العراقي، وزارة الاعلام، بغداد، ١٩٧٦.

٢. ٢. السيد عبدالرزاق الحسني: تاريخ العراق السياسي، ج ٣، ط ٦، بيروت، ١٩٨٣.

٣. دەربارەی عەبدولموحسین سەعدون بڕوانە:

الدكتور لطفي جعفر فرج عبدالله: عبدالمحسن السعدون ودوره في تاريخ العراق السياسي المعاصر، بغداد، ١٩٧٩.

٤. دەربارەی جەعفەر عەسکەری بڕوانە:

علاء جاسم محمد: جعفر العسكري ودوره السياسي والعسكري في تاريخ العراق حتى عام ١٩٣٦، بغداد، ١٩٨٧.

٥. دەربارەی یاسین هاشمی بڕوانە:

سامي عبدالحافظ القيسي: ياسين الهاشمي ودوره في السياسة العراقية بين عامي ١٩٢٢ ١٩٣٦، الجز الاول البصرة ١٩٧٥، الجز الثاني بغداد ١٩٧٥.

٦. دەربارەی نوری سەعید بڕوانە:

عبدالرزاق احمد النصيري: نوري السعيد ودوره في السياسة العراقية حتى عام ١٩٣٢، بغداد، ١٩٨٧.

مەجلیسی نواب

(دەورەی یەکەم)

١٩٢٨/١/١٩   ١٩٢٥/٧/١٦

١. دەورەی ئینتیخابیی یەکەم

لە ٢ ی ئابی ٩٢٤ دا یاسین پاشای هاشمی یەکەمین وەزارەتی خۆی و شەشەمین وەزارەتی لە عیراق دا پێک هێنا. ئیبراهیم حەیدەری، لەم وەزارەتەدا وەزیری ئەوقاف بو.

ئیبراهیم حەیدەری، کوردێکی هەولێری و، کەسایەتیەکی ناسراو بو، بە مەلایەتی چوبوە ئەستەموڵ و لە دواساڵەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا گەیشت بوە پلەی شێخ ئەل ئیسلام. تا لە ئەستەموڵ بو لە گەڵ کۆڕ و کۆمەڵە و گۆڤارە کوردیەکان دا هاوکاری ئەکرد. دوای گەڕانەوەی بۆ عیراق لە وەزارەتەکەی یاسین هاشمی دا (٩٢٤ - ٩٢٥) بو بە وەزیری ئەوقاف و، دواتر مەلیک فەیسەڵ تەعینی کرد بە (عەین) لە مەجلیسی ئەعیان دا.

لە ١٩ ی تەموزی ٩٢٤ دا سلێمانی داگیرکرایەوە و بەیەکجاری خرایە سەر عیراق.

لە ١٥ ی تشرینی دوەمی ٩٢٤ دا ئیرادەی مەلەکی دەرچو بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی نواب.

وەزارەتەکەی یاسین هاشمی ئیستیقالەی کرد، مەلیک فەیسەڵ دیسانەوە سەعدونی تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ. (ژیانەوە) هەواڵەکەی، بەمجۆرە بە لێدوانێکی خۆیەوە، بڵاو کردۆتەوە:

"گۆڕانی هەیئەتی وزەرا

"بە پێی خەبەرێ کە تازە لە بەغداوە هاتوە هەیئەتی وزەرای عیراق گۆڕاوە و هەیئەتی تازە وەکو نوسراوە دانراون:

عەبدولموحسین بەگ

رەئیس ئەل وزەرا و وەزیری خاریجیە

رەشید عالی گەیلانی	وەزیری داخلیە
رەئوف بەگی جادرچی	وەزیری مالیە
ناجی سویدی	وەزیری عەدلیە
سەبیح نەشئەت	وەزیری دیفاع
عەبدولحسەین چەلەبی	وەزیری ئەشغال
حیکمەت سلێمان	وەزیری مەعاریف
حەمدی بەگ پاچەچی	وەزیری ئەوقاف

"خوابکەم پێ و قدومی هەمو لایەکیان بۆ میلەتی عیراق بە خێر و سەعادەت بێ و عەرزی تەبریکات و تەمەنای موەفەقیەتیان ئەکەین. لە ناو ئەم زاتە موحتەرەمانەدا، سەبیح نەشئەت بەگ، کە یەکێ لە ئەعازیمی کوردە و مەبعوسی ئەربیلە، لە دڵی هەمو کوردێک دا جێگایەکی زۆر بەرز و بە قیمەتی هەیە. ئەمساڵ لە گەڵ هەیئەتی عیسبەتول ئومەم دا کە بۆ تەحدیدی حدودی شیمالی موسل تەشریفیان هات بو جەنابی سەبیح نەشئەت بەگیش لە.لە تەرەف حکومەتی عێراقەوە مومەسیل بون. (ژیانەوە، ژ ٢٩، ١ ی تەموزی ١٩٢٥)

سەبیح نەشئەت، کە وەکو ژیانەوە نوسیویێتی لە ئەعازیمی کورد بوە، ئەبێ پیاوێکی هەڵکەوتو لە هەمان کات دا جێگەی بڕوای ئینگلیز و مەلیک فەیسەل بوبێ چونکە چەندین پلە و پایەی بەرزی لە حکومەتی عیراق دا پێ

سپێردراوه. چەند جارێ بۆته وەزیر و، دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی تورکیا و عیراق دا دانراوه بە وەزیری مفەوەزی عیراق لە تورکیا تا لەوێ مردوه. ژیان بە بۆنەی مردنیەوه نوسیوێتی:

"زیاعێکی گەوره

"ئەنقەره، وەزیری مفەوەزی عیراق لە تورکیا مەعالی سەبیح نەشئەت بەگ ڕۆژی ١٩ ی ئەم مانگە لە ئیستانبول بەر ڕەحمەتی خوا کەوت. خودای تەبارەک و تەعالا سەبر و تەسەلا بە عائیلەی کەدەردیدەی ئیحسان بفەرموێ."(ژیان، ژ ١٨٨، ٢٥ ی تەموزی ١٩٣٩)

١. ١. پێکهێنانی مەجلیس

لە کاتی هەڵبژاردنی دەورەی ئینتیخابی یەکەم دا لە سلێمانی ڕۆژنامەی (ژیانەوه) و لە بەغداد (دیاری‌ی کوردستان) دەرئەچون. هەردوکیان هەندێ لە هەواڵەکانی ئەم هەڵبژاردنەیان بڵاو کردوٚتەوه.

(دیاری‌ی کوردستان) کە لە بەغداد، بە کوردی و عەرەبی و تورکی، دەرچوه، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەمو عیراقی نوسیوه. لە ژ ٧ ی دا لە ژێر سەردێڕی (ئینتیخابی مەبعوسان) دا نوسیوێتی:

"٩ ی حوزەیرانی ١٩٢٥ ١٣٤١ ڕۆژی دوشەمو لە بەغدا و لە دەرەوه نوابی عیراق ئینتیخاب کرا. لەم نزیکانە کۆ دەبنەوه و دەست ئەکەن بە ئیش. ئێستە هەر ناویان عەرز دەکەین. ئینشائەڵڵا بەره بەره ڕەسمی هەمویان نیشان ئەدەین. خوا موەفەقیان بکا."

ئینجا بە ریز ناوی نائیبەکانی بەغداد، دیالە، دلێم، حللە، کەربەلا، کوت ئەل ئیمارە، دیوانیە، بەصره، عەماره، مونتەفیک، موصل، کەرکوک و ئەربیلی بڵاو کردوٚتەوه. ئەوانەی دوایی بەمجۆره بون:

"نوابی موصل: ئەرشەد ئەل عومەری، زیا بەگ ئال شەریف بەگ، عەلی ئەل ئیمام، ئیبراهیم کەمال، سەعید چەلەبی دەهر، سابیت عەبدەلنور، حازم بەگ ئال شەمدین ئاغا، شێخ نوری ئەل بریفکانی، هەیبەتولاَ ئەفەندی موفتی عەقرە، ئەلخوری یوسف خەیات، رەئوف شەماس ئالوس، ئیسحاق ئەفرایم.

" نوابی کەرکوک: نەشئەت بەگ، شێخ حەبیب ئەفەندی تاڵەبانی، رەفیق ئەفەندی خادیم سوجادە، سەعید ئەفەندی صەلاحیە.

" نوابی ئەربیل: صەبیح نەشئەت بەگ، داود بەگ ئەل حەیدەری، یوسف ئیبراهیم ئەفەندی، ئیسماعیل بەگ، عەبدولاَ موخلیص بەگ."

لە داوێنی ئەم لیستەیەدا وتارێکی بە ناونیشانی (نائیب مەبعوس: نارراو) نوسیوە، ئەڵێ:

"لە بەر ئەمەی کە دیاریی کوردستان سیاسی نیە، لە حەق نەتیجەی ئینتیخابات موتالەعات و ئیجتیهادات ناونێنین. فەقەت بە ناوی هەیئەتی ئیجتیماعیەوە ئەتوانین نەختێ بەحس لە حقوقی ئیجتیماعی و ئەدەبی خۆمان بکەین."

بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی سلێمانیەوە هەڵبژاردن لەوێ دوا کەوتوە. دیاریی کوردستان لە ژ ۸ ی دا ناوی (نوابی سلێمانی) یشی بلاَو کردۆتەوە:

"رۆژی ٢٤ ی حوزەیرانی ٩٢٥ لە سلێمانیش مەبعوسان ئینتیخاب کرا. جەنابی محەمەد سالح بەگ محەمەد عەلی بەگ بە ١٤٥، میرزا فەرەج حاجی شەریف بە ١٣٧، محەمەد ئەمین بەگ بیکباشی ئەرکان حەرب بە ١٢٥، ئەحمەد موختار بەگ عوسمان پاشا بە ١١٠ رەئی، بون بە مەبعوسی سلێمانی عەرزی تەبریکات دەکەین، لە سەر خێر و نەفعی مەملەکەت و میللەت موەفەق بن."

(ژیانەوە) یش کە لە سلێمانی دەرچوە لە ژێر سەرناوی: (ئینتیخابی مەبعوس) دا، بێ ئەوەی باسی وردەکاری ڕەوتی هەڵبژاردن و قۆناغەکانی بکا، هەواڵی هەڵبژاردنی مەبعوسەکانی سلێمانی بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە:

"ڕۆژی چوارشەمە ٢٤ ی مانگ ئینتیخابی مەبعوس تەواو بو لە نەتیجەدا:

"محەمەد ساڵح بەگی محەمەد عەلی بەگ بە ١٤٥ ڕەئی، میرزا فەرەجی حاجی شەریف بە ١٣٧ ڕەئی و، ئەمین زەکی بەگی بیگباشی ئەرکانی حەرب بە ١٢٥ ڕەئی، ئەحمەد بەگی عوسمان پاشا بە ١١٠ ڕەئی، بۆ مەبعوسی لیوای سلێمانی ئینتیخاب کران و دانران.

"ئەم زەواتە موحتەرەمانە، کەوا بۆ مەبعوسی لیواکەمان هەڵ بژێرراون، بەناوی هەمو میللەتەوە عەرزی تەبریکیان ئەکەین و، بەدڵ و بەگیان دۆعای موەفەقیەتیان تەقدیم ئەکەین. ئومێدمان وایە کە ئینشائەڵڵا ئەم وڵاتە بە واسیتەی هیمەت و سەعی ئەم زەواتە موحتەرەمەوە زۆر شتی باش و چاکی بۆ ببێ و بچێتە ڕیزی وڵاتانەوە. زاتەن ئەمەل و ئومێدی زۆر زلی ئەم وڵاتە بەستراوە بە نەتیجەی سەعی و هیمەتی ئەمانەوە. سا خوا تەوفیقیان بدا ئامین."(ژیانەوە، ژ ٢٨، ٢٦ ی حوزەیرانی ١٩٢٥)

وازهێنانی ئەحمەد موختار جاف

"ئیعلان

"بە پێی تەلغرافێکی بێتەل کە لە وەزارەتی جەلیلەی داخلیەوە بۆ مەقامی موتەصەریفی هاتوە ئەحمەد موختار بەگ لە مەبعوسی ئیستیعفای کردوە و ئوصولەن لە جیاتی موماثیلەیی مەبعوسێکی تر ئینتیخاب بکرێ. بینائەن عەلەیهی هەرکەسێ تالیبە بۆ مەبعوسی لە تاریخی ئینتیشاری ئەم ئیعلانەوە لە غەزەتەی ژیان دا تا دو هەفتە نامزەدیی خۆی ئیعلان بکا.

دائیرەی بەلەدیەی سلێمانی"لژیان، ژ ٣، ٤ ی شوباتی ١٩٢٦)

نامزەدکردنی مستەفا پاشا

لە جێی ئەحمەد موختار چەند کەسایەتی ناسراوی سلێمانی، کە بێگومان خاوەن نفوز و لایەنگر بون، حاجی مستەفا پاشای یامڵکی‌یان بۆ نوێنەرایەتی سلێمانی، لە ژ ٥ ی ژیان دا بەم نامەیە ناودێر کردوە:

"بۆ مودیری موحتەرەمی غەزەتەی ژیان

"ئێمە کە لە ئەشراف و تیجار و منەوەرانی سلێمانی‌ین، لەبەر ئەوە کە حاجی مستەفا پاشا بە زاتێکی موقتەدیر و بە لیاقەت ئەزانین وە بۆ ئەوەی کە سلێمانی لە مەجلیسی نواب دا تەمسیل بکات لە گەڵ صەد کەس رەفیقمان نامزەدیی موشار ئیلەیهی ئیعلان دەکەین و لە مونتەخیبی سانیەکانمان ئومێد ئەکەین کە بۆ مەبعوسی ئینتیخابی بفەرمون.

فەتاح بەگ زادە: ئەحمەد. عەبدورەحمان ئاغا زادە: محەمەد ناجی. حاجی ئیبراهیم خەففاف. حەسەن ئاغا زادە: حاجی. محامی رەفیق. تۆفیق قەزاز. رەشید مەستی. مەعروف بەگ زادە: فائیق. حاجی شەریف زادە: فەتاح. حاجی فەتاح زادە: رەمزی."

پێ ناچێ ئینگلیز رای لە حاجی مستەفا پاشا بوبێ لە بەر ئەوە هەڵ نەبژێرراوە.

١. ٢. چاوەڕوانیەکانی خەڵك لە مەبعوسەکان

لە عیراقی تازە دامەزراودا ئەوە جاری یەکەم بوە هەڵبژاردن بۆ دانانی نوێنەرانی خەڵک بکرێ. کوردستان، بە تایبەتی ناوچەی سلێمانی، لە ١٩١٩ ەوە تا ئەو کاتە لە هەلومەرجێکی نائاسایی‌دا ژیاوە. ئارام و ئاسایش، بازاڕ و بازرگانی، کاروان و هاتوچۆ، خوێندن و پەروەردە، دەوام و دائیرەکانی

حکومەت، هەموی تێک چو بو. دامەزرانی ٣ جار حوکمڕانی کوردی و روخانی و، ئـازاد بونـی سـلێمانی و بۆردومـانکردنی و چۆڵکردنـی چـەند جـارەی و داگیرکردنـەوەی، خـەڵکی توشی بـێزاری و داهـێزران کردبـو؛ بـە هیـوا بـون دەرویەکی رەحمەتیان لێ بکرێتەوە.

لە ١٩ ی تەموزی ٩٢٤ دا سلێمانی لە لایەنی هـێزی زەمینـی عـیراقی و بریتانی یەوە، بە پشتیوانی هێزی شاهانەی بریتانی داگیر کرا و شێخ مەحمود و هێزەکانی کشانەوە بۆ شاخەکان. سلێمانی بە یەکجاری وەکو لیوایەک خرایە سـەر عـیراق. دەزگـای بەڕێوەبەرایـەتی عـیراقی تـێدا دامـەزرا و، لـەو هەڵبژارنـەیش دا کـە بـۆ مەجلیسـی نـواب کـرا، دانیشـتوانی سـلێمانی بـە خواهیشت بێ یان بە زۆر، بەشدار بون.

تەجروبەی پارلەمانی لە عیراق دا، تەجروبەیەکی تـازە بـو، ئـەوەندە چاووڕاوی باشی بۆ کرا بو، خەڵک پێیان وابو، گیروگرفتەکانیان چارەسەر و، هەمو پێویستیەکانیان بـۆ دابین و، هـەمو ناتەواویـەکانیان بـۆ پـڕ ئەکاتـەوە. خەڵک هێشـتا شـارەزای فڕوفێڵـی ئینگلیز و گەمـەی پارلـەمان و تەڵەکـەبازی سیاسیە پیشـەییەکان نـەبوبون، بـە نیـەتێکی پـاک و بـە دڵێکـی سـافەوە، لـە (مەجلیسی مەبعوسان) چاوەڕوانی زۆر شتی باش بون.

هـەر لـەم روانگەیـەوە (ژیانـەوە) لـە ژێـر سـەردێڕی (چیمـان ئـەوێ لـە مەبعوسەکانمان؟) نوسیویێتی:

"بە ناشوکری نەبێ ئەوەندە ئیحتیاجمان زۆرە، هێنـدە کـەموکوڕیمان هەیە، هەر نازانین داوای چی بکەین، چونکە هەرچی بڵێین کەمە. وڵاتەکەمان لە مەعاریف، لە صەنایع، لـە تیجـارەت، لـە زیراعـەت، خولاصـە لـە هـەرچی ئاساری ئاوەدانی و گـەورەیی و بـەرزی بێ بەشـە. بە هـەر لایـەکدا ئـەڕوانی وێرانی ئەبینی. خۆ جارێ لە پێش هەمو شتێکمانەوە ئەوی بۆ ئێمە پێویستە

ئاسایش و ئەمنیەتە کە بۆ ئەو خصوصە ئەوەلەن لە حکومەت دوەمین لە مەبعوسەکانمان ئەپاڕێینەوە کە مەرحەمەت بفەرمون و هەوڵمان بۆ بدەن بۆ دامەزراندنی وڵاتەکەمان. ئەمجار لە پاش ئەوە ئەوەی بناغە بێ بۆ گەورەیی و سەربەرزیمان مەعاریفە و مەکتەب، مەکتەبە و مەعاریف، یەعنی مەعاریف، مەعاریف...

"چونکە دیارە کە مەعاریف بو وردە وردە، بەرە بەرە، ئەخلاقمان باش ئەبێ، تیجارەتمان سەر ئەکەوێ، زەراعەتمان زیاد ئەکا، صنعەتمان زۆر ئەبێ.

"ئەمڕۆ کە حکومەت حکومەتی خۆمانە و حاکمیەتی میلیەمان هەیە، کەچی لە هەمو لیوای سلێمانیا تەنیا مەکتەبێکی ئیبتیدائی هەیە، کە ئەویش لە بەر ناعیلاجی نەبێ پێی نابێژرێ مەکتەب. سەیری کەرکوک کەن بە بن دەستمانەوە، نامە خوای لێ بێ، مەدرەسەی عیلمیەی، لە هەمو گەڕەکێ مەکتەبێکی ئیبتیدائی، مەکتەبی صەنائیعی، مەکتەبی کچانی، مەکتەبی خریستیان و موسەوی، بگرە ە بەردەی مەعاریفی، هەرا و زەنای کەشافەی، تاقمی تەداروکی مەکتەبەکانی، شەوق و زەوقی قوتابیەکانی، ئینسان حەیرانی ئەبێ. لای ئێمەش هەر راووڕوت و کەرفڕاندن و دڵ داخورپاندنە.

"ئێمە ئەوەڵەن بە پەلەپەل ئیستیرحامی ئەوە ئەکەین کە مەبعوسەکانمان بە هەمو هێز و قوەتی خۆیان هەوڵمان بۆ بدەن کە تەئمینی ئەمنیەت و سەربەستیمان بۆ بکەن، ئەمجار مەکتەب و مەعاریفمان بۆ بگەیەننە دەرەجەیەکی باش و لائیق. ئێمەیش لە بەرەوە ئیحتیاجاتی ترمان عەرز ئەکەین."(ژیانەوە، ژ ٣٤، ٦ ی ئاغستۆسی ١٩٢٥)

ژیان، کە راستەخۆ دوای ژیانەوە دەرچوە، بە ئیمزای (کوردی) ئەویش بە دو ئەڵقە نامەیەکی کراوەی (بۆ مەبعوسە موحتەرەمەکان) ناردوە. لە ئەڵقەی ١ دا نوسیوێتی:

"لە پێش هەمو شتێکا بە دڵ تکا ئەکەم، بێ زەحمەتی ئەم مەعروزاتە قبوڵ بفەرمون و بە ئەهمیەت بیخوێننەوە، چونکە ئەم هاوارە هی شەخصێ نیە، هی دوان نیە، بۆ قەومێکە، بۆ میلەتێکی هەژار و بەجێماوە، عائید بە ژین و مردنی قەومێکی بێ کەسە.

"وەکو رۆژ لای جەنابتان مەعلومە کە ئیمڕۆ، ئەم زەمانە، هیچ میلەتێ بێ عیلم و عیرفان، بێ عیرفان و عیلم، ناژی و حەقی ژیانی نیە. هەچ میلەتێ بیەوێ لە صنعەت، لە تیجارەت، لە زەراعەت و لە هەمو شتێکا پێشکەوێ، لە پێش هەموا ئەبێ کردن و پێکهێنانی ئەمانە بزانێ، کە ئەمانەش بە عیلم و عیرفانەوە ئەبێ.

"بەڵێ، ئیستا تیجارەکانمان تیجارەتی خۆیان ئەکەن، بەڵام بێ زەحمەتی بڕوانن چۆن تیجارەتێکە؟ کتێبی تیجارەتیان موقابیل بە (دەفتەری ئوصولی تیجارەت، حساباتی مالیە) ی عالەمە؟ وەکو کتێبەکەی مەلا یونس تێکەڵ و پێکەڵە هەزار چەشنەیە. ساڵی لە روی نەزانین و نەخوێندنەوە چەند هەزار روپیە زەرەر و زیان ئەکەن.

"بەڵێ، ئیستا جوتیارەکانمان جوت ئەکەن، بەڵام بە رەحمێکی دەرونیەوە بڕوانن بزانن تا گای لەڕ و بێ فەڕ پەیدا ئەکەن و خەرمان هەڵ ئەگرن، چەند جار ئەزیەت و ناخۆشی ئەبینن؟ خۆ صنعەت لای ئێمە هەر.. نا باسی بکرێ.

"ئینجا تا میلەتەکەتان ئەمە سەویە و عیرفانی بێ، ئەمە بەهرە و زانستی بێ، لەم عەصری پێشکەوتن و ژیانەدا قابیل نیە .. دەوام بکا.

"بۆ چاک کردنی ئەمانە، بۆ پێشکەوتنی .. زەراعەت و هەموشتێکمان لە پێش هەمو شتێکا عیلم و عیرفان پێویستە، بۆ ژین و ژیان عیرفان و عیلم لازمە، ئەمیش بە سایەی مەکتەب و مەدرەسەوە ئەبێ. میلەتانی تر هەر

یەکە میقدارێک پێشکەوتون وا بە چوار پەل خەریکی مەعاریفن، ئێمە کە دواکەوتوی هەمو قەومێکین، ئەبێ بڕفین، بڕفین مەعریفەت پەیدا بکەین و بڕفین و نەوەستین.

"ئەفەرمون مەقصەد لەمانە چیە؟ ئەوە چیە مەکتەب و مەداریس، ئەوە چیە عیلم و مەعاریف هەمانە، بەڵام بێ زەحمەتی تۆزێ بڕواننە ولاتەکەمان، ئەو وڵاتە عەزیزە ئێوە ئیمڕۆ وەکیلی ئەو قەومەن کە تیایە، بڕوانن سەویە و عیرفانی ئەو میلەتە مەزڵومە کە ئێوەی ناردوە بۆ پێکهێنانی ئامالی، کە ئێوە لیسان حاڵی ئەو میلەتە بەسەزمانەن.

"هەر لە سنجارەوە تا شارەزور بڕوانن دو مەکتەب، دو صنعەتخانە، دو مەکینەی تیا نیە کە پێی بێژرێ واسیتەی پێشکەوتن و مایەی هونەر، بۆچی لە بەر چی؟ بەڵێ ئەفەرمون سلێمانی تا ئیستا لە بەر شۆرش و هەرا هیچی بۆ نەکراوە بەڵام ئەی کۆیە، ڕەواندز، هەولێر، ئاکرێ و بادینان، دهۆک و زاخۆ و سنجار، ئەمانە چی و بۆچی وا وێرانەن. بۆچی کوردستان هەر سلێمانیە؟ بە هەمو مەکتەبەکانی کوردستان دو موعەلیمی چاک، دو کتێبی تیا نیە و نیە.. کوانێ موعەلیمە کوردەکان، ئەوانەی وەختی خۆی لە مەکاتیبی عیلمیە و، ئیستە لە دارەل موعەلمینی دەرچون لە کوێن و چییان لێ هات؟

"ئەی مەبعوسانی کیرامی کورد!

"ئێوە کە وەکیلی میلەتی کوردن، ئێوە کە تیمسالی رۆحی قەومی کوردن، بە دڵ تکاتان لێ ئەکەم ئیتر بە ڕەحمەوە بە چاوێکی پڕ دیقەتەوە بڕواننە حاڵمان، حاڵی ئیقتیصادی، عیلمی و ئیجتیماعیەمان، بزانن لە چ سەفالەت و سەرگەردانیەکاین، بزانن چەند جاهیل و پاشکەوتوین؟ ئەمانە وەزیفەی مەودوعەی ئێوەیە... ئەوە کۆیە، هەولێر، ئاکرێ و زاخۆ، دو مامۆستای وای تیا نیە کە بە کەڵک بێ و کوردی بزانن و منداڵەکانمان تێ

بگەیەنن، کەچی ئەوە عەمارە، مەجەر، دیوانیە، بەصرە، عانە، هەریەکە یەکدو موعەلیمی کوردی لێیە، بۆچی ئەوانە لە وڵاتان دەربەدەر بن و وڵاتەکەی خۆمان لە بەر بێ موعەلیمی داماو و پەککەتو بێ. ئەمە چۆن پێشکەوتنێکە؟"ژیان، ژ ٩، ١٨ ی مارتی ٩٢٦

لە ئەڵقەی ٢ هەمیدا نوسیویتی:

"ئەمجارە مەسئەلەیکی زۆر موهیم و نازک هەیە کە عائید بە رۆحی پێشکەوتنی میلەتەکەیە ئەمەوێ عەرزتان بکەم.

"ئیمرۆ هەمو میلەتێ بۆ پێشکەوتنی عیرفانی خۆی ئوسولی پرۆگرامێکی رێکوپێک تەعقیب ئەکا کە لە سەر ئەوە بڕۆن. هیچ قەومێ نیە بێ پرۆگرام بژی، هیچ جەمعیەتێک نیە بێ پرۆگرام ئیش بکا، بەو چەشنە مەعاریفیش لە سەر پرۆگرامێک ئەبێ بڕوا. عیراقیش وا خەریکە پرۆگرامێکی تازە بۆ مەعاریف رێک ئەخا. لێرەدا وەزیفەیەکی زۆر گەورە و نازک ئەکەوێتە سەر ئێوە کە عائید بە ئیستیقبالی میلەتەکەتانە، عائید بە ژین و مردنی قەومەکەتانە.

"خۆیشتان ئەزانن هیچ قەومێ رۆحی میلەتێکی تری نیە. هەچ میلەتە بە عەنعەنات و عادات و قاعیدەیەک کە موافیقی تەبع و رۆحی خۆی بێ بەڕێوە ئەچێ و تابیع بە عادات و قەوانینی میلەتێکی تر نابێ.

"لە بەر ئەوە بە دڵ ئیستیرحام ئەکەین و ئەپاڕێینەوە و تەلەبی دوشتی گەورە، پێویست و نازک ئەکەین: (پرۆگرامێک بۆ مەعاریفی کورد، دارولموعەلیمینێکی کوردی) هەردوکیان بۆ قەومی کورد ئیمڕۆ زۆر زۆر پێویست و موهیمە، زۆر گەورەیە. مەعاریف بێ ئوسول و پرۆگرام نابێ، مەداریس بێ مامۆستا نابێ.

"تەلەبەی کورد ناتوانێ بە فەصاحەتی عەرەبی عیلم و فەن فێر بێ و تەحصیل بکا. هەمو تەلەبەیەکی کورد ئیستیعدادی فێربونی ئەم عەرەبیە قورسەی نیە. ئەگەر دارولموعەلیمینێ نەکرێتەوە بە کوردی، سبەینێ موعەلیممان نامێنێ، پەکمان ئەکەوێ لە بەر بێ موعەلیمی. ئینجا ئەو وەختە یا موعەلیمی بێگانە و زمان نەزانمان بۆ ئەنێرن یا مەکتەبەکان ئەبێ داخرێ. کە بە هەردولادا، بە هەردو چەشن، مردنی میلەتی لە دوایە، تاریکی ژینی ئەولادی وەتەنی تیایە، کە هیوامان هەیە ئێوەیش حەز بە هیچیان نەکەن و نەتانەوێ.

"لە بەر ئەوە زۆر بە زویی و بە عەجەلە دارولموعەلیمینێکمان ئەوێ. دارولموعەلیمینێکمان ئەوێ و زۆر زو ئەمانەوێ. وەکو مەداریس بێ موعەلیم نابێ، تەحصیل و تەعلیمیش بێ پرۆغرام و ئوصول نابێ. پرۆغرامێ کە بەغدا تەرتیبی بکا حەتا جوزئێکیشی موافیقی رۆحی میلەتی ئێمە نیە و بۆ ئێمە ناشێ. ئێمە لە سەر پرۆغرامێ کە موافیقی رۆحی قەومی عەرەب بێ ناتوانین بڕۆین بەڕێوە و ناژین. نەتیجەی تەتبیقی ئەو پرۆغرامە زیان و دواکەوتنە. پرۆغرامێکمان ئەوێ کە موافیقی رۆحی میللیمان بێ، کە ئاساری رۆحی قەومیمانی تیا بێ. لە بەر ئەوە پرۆغرامێکی خصوصیمان ئەوێ بۆ مەعاریفی کورد و، زۆر پێویستمانە.

"ئەمانە کە عەرزی جەنابتانم کردوە هەمو ئەساسی سەرکەوتن و پێشکەوتنمانە. بێ ئەمانە، بێ پێکهێنانی ئەمانە پێشکەوتن و بەرزی نابێ، نیە. داواکردنی ئەمانە حەقمانە، حقوقێکە عالەمی مەدەنیەت و قەوانین پێی بەخشیوین و ئیمڕۆ ئێمە مالیکی ئەم حقوقەین، داواکردنی عەیب و ناحەق نیە. داوا نەکردنی و بەجێ نەهێنانی عەیب و عارە. دیسان بە ناوی ژین و

ژیانی قەومێکەوە ئەپارێمەوە و هاوار ئەکەم بە ئەهمیەت بڕواننە ئەم مەعروزاتە، ئەم هاوار و داوایە و بۆمان بکەن، بۆمان ئیجرا بفەرمون.

"میلەت بێ عیلم و عیرفان ناژی، عیلم و مەعریفەت بێ مەکتەب نابێ، مەکتەب و مەدرەسە بێ موعەلیم نابێ و مەعاریفی هیچ میلەتێ لە سەر پرۆغرامی میلەتێکی تر ناڕوا و پرۆغرامێکی خصوصی ئەوێ، ئەگینا نە پێشکەوتنمان ئەبێ، نە سەرکەوتنمان ئەبێ و نە ژیان. ئینجا ئیمرۆیە رۆژی خزمەت و هیمەت، رۆژی لوتف و مەرحەمەت."(ژیان، ژ ۱۰، ۲۵ ی مارتی ۱۹۲۶)

لەو سەردەمەدا عیراق تازە خەریکی دانانی سیستەمی پەروەردە و پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی بو. بۆ ئەم مەبەستە اساطع الحصری) کە پەروەردەکارێکی نەتەوەپەرستی عەرەب بو، هێنرا بو بۆ عیراق و، کرا بو بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەمو عیراق، کاروباری پەروەردەی کوردستان بەشێ بو لە هی هەمو عیراق. حوصەری یەکێکە لە تیۆریسیەنەکانی بیری نەتەوەیی عەرەب و، هەر بەو گیانەیش ئەیویست سیستەمی پەروەردەی عیراق و پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ قوتابیانی مەکتەبەکان دابنێ. زۆر لە هەوڵەکانی مەبعوسەکانی کورد و مامۆستا شارەزاکانی بواری پەروەردەی کوردی، لە لایەن ئەمەوە تەگەرەی لێ ئەدرا و، نەی ئەهێشت جێبەجێ بکرێن.

هەڵبژاردەی کورد ئەگەر لەوەوپێش داوایان ئەکرد زمانی خوێندن لە قوتابخانەکان دا کوردی بێ، لەم نامەیەدا (کوردی) لەوە تێ پەڕیوە و داوای دو بابەتی زۆر گرنگی کردوە: یەکەمیان، دانانی پرۆگرامێکی خوێندن و پەروەردەی تایبەت بە کورد، کە جیاوازیێ لە هی عەرەب و، لە گەڵ گیانی نەتەوەیی کوردا بگونجێ. دوەمیان، کردنەوەی دامەزراوێکی تایبەتی بۆ پێگەیاندنی مامۆستای کورد.

داوای یەکەمیان، بە بیانوی ئەوەی کە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی تازە پێگەیشتوی عیراق، بە عەرەب و کوردەوە، ئەبێ بەشێ بێ لە سیاسەتی ناوەندی دەوڵەت، نە لە سەردەمی پاشایەتیدا و نە لە سەردەمی جمهوریدا، سەرەڕای ئەوەی بو بو بە داوای جولانەوەی نەتەوەیی کورد و لە هەمو خولەکانی گفتوگۆی نوێنەرانی شۆڕشی کورد و حکومەتی عیراق دا خراوەتە بەر باس و مشتومڕ، بەڵام هەرگیز جێبەجێ نەکرا.

داوای دوەمیان، دەیان ساڵ هەوڵی سەرومڕی ویست تا لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم دا پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەندێ لە شارەکانی کوردستان دا کرایەوە.

١. ٣. ئیجتیماعەکانی مەجلیس

دەورەی ئینتیخابیی مەجلیسی نواب ئەبو ٤ ساڵ درێژە بکێشێ و، هەمو ساڵێک یەک ئیجتیماعی ئیعتیادی هەبێ لە ١ ی تشرینی دوەم دا دەستی پێ بکا. ئەگەر هەڵبژاردن پێش ئەم کاتە بکرایە و مەلیک بە ئیرادەی مەلەکی داوای کۆبونەوەی لێ بکردنایە، یاخود ئیجتیماعی ئیعتیادی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کارەکانی تەواو نەکردایە و، مەلیک ئیرادەی تەمدیدی بکردایە، بەم کۆبونەوانە ئەوترا ئیجتیماعی غەیر ئیعتیادی.

دەورەی یەکەم هەردو جۆر ئیجتیماعی کردوە.

(ژیانەوە) هەواڵی یەکەم کۆبونەوەی بەمجۆرە ڕاگەیاندوە:

" کردنەوەی مەجلیسی میلی

"بە پێی خەبەرێ کە لە بەغدادەوە هاتوە ڕۆژی پێنجشەمە ١٦ ی تەموزی ٩٢٥ موصادیفی ٢٤ ی زیلحیجەی ١٣٤٣ بە ئیرادەی ملوکانە مەجلیسی میلی عیراق گوشاد ئەکرێ.

"ئەم رۆژە رۆژێکە بناغەی سەعادەتی میلەتی عیراق دائەمەزرێنێ و رێگەی فەلاح و صەلاح نیشان ئەدا. دڵ فەرەح ئەکاتەوە، چاو رون ئەبێتەوە، غونچەی ئومێد ئەگەشێنێتەوە. خودا بە گەورەیی خۆی ئەم رۆژە موبارەکەمان بۆ بە خێر بگێرێ و خۆشی و سەعادەتی زۆر بە سەرمانا داببارێنێ ئامین."(ژیانەوە، ژ ٣١، ١٦ ی تەموزی ١٩٢٥)

ئەم کۆبونەوەیە، کە رەشید عالی گەیلانی بە (رەئیسی مەجلیسی نواب) و یوسف سویدی بە (رەئیسی مەجلیسی ئەعیان) هەڵبژارد، سەرەتای کاری مەجلیس بو، لە بەر ئەوەی نەکەوت بوە بەر ١ ی تشرینی دوەم بە بە ئیجتیماعی غەیر ئیعتیادی (کۆبونەوەی نائاسایی) دائەنرا. لە ١٦ ی تەموزەوە تا ٢٩ ی تشرینی یەکەمی ٩٢٥ ی خایاند، ٤٧ جەلەسەی تێدا کراوە.

ئیستیقالەی سەعدون

ئیجتیماعی ئیعتیادی (کۆبونەوەی ئاسایی) ساڵانەی مەجلیس، بە پێ ی قانون، ئەبو لە ١ ی تشرینی دوەم دا دەستی پێ بکا. سەعدون سەروەزیرانی عیراق، حیکمەت سلێمان کە وەزیری ناوخۆ بو لە وەزارەتەکەی دا، ناوزەد کرد بۆ سەرۆکایەتی مەجلیس، بەڵام مەجلیس رەشید عالی گەیلانی بە رەئیسی خۆی هەڵبژارد. سەعدون ئەمەی بە تێشکان بۆ خۆی ژمارد. داوای لە مەلیک کرد یان مەجلیس حەل بکا یان ئیستیقالە لەم قبوڵ بکا. لە بەر ئەوەی مەجلیس تازە هەڵبژێررا بو، مەلیک بە چاکی نەزانی مەجلیس حەل بکا، ئیستیقالەی لە سەعدون قبوڵ کرد و، دیسان جەعفەر عەسکەری تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ. ژیان نوسیوێتی:

"خەبەراتی بەغدا:

"قابینەی تازە: بینا لە تەلغرافێ کە لە وەزارەتی جەلیلەی داخلیەوە بۆ سەعادەتمەئاب موتەسەریف هاتوە قابینەی تازەی عیراق بەم نەوعە تەشەکولی کردوە:

جەعفەر پاشا ئەلعەسکەری	رەئیسەل وزەراو وەزیری خارجیە
رەشید عالی بەگ ئەلگەیلانی	وەزیری داخلیە
یاسین پاشا ئەلهاشمی	وەزیری مالیە
رەئوف بەگ جادرچی	وەزیری عەدلیە
نوری سەعید پاشا	وەزیری دیفاع
ئەمین زەکی بەگ	وەزیری ئەشغال و مواسەلات
سەید عەبدولمەهدی	وەزیری مەعاریف
ئەمین عالی بەگ باش ئەعیان	وەزیری ئەوقاف

"ژیان، ژ ٤٣، ٢٥ ی تشرینی سانی ٩٢٦

یەکەم ئیجتیماعی ئیعتیادی مەجلیس کە لە ١ ی تشرینی سانی ٩٢٥ تا ١٥ ی حوزەیرانی ٩٢٦ ی خایاند. ٥٤ جەلەسە بوە.

"دوەمین دەفعە بۆ مانگێکی تر جەلەساتی مەجلیسی مەبعوسان تەمدید کرا."ژیان، ژ ١٨، ٢٧ ی مایسی ٩٢٦

"هەواڵی بەغداد

"رەئیسی تازەی مەجلیسی مەبعوسان

"لە پاش قبوڵی ئیستیعفای رەئیسی پێشو فەخامەتی رەشید عالی بەگ بە ئەکسەریەتی ئارا وەزیری داخلیە مەعالی حیکمەت بەگ سلێمان بۆ ریاسەتی مەجلیسی مەبعوسان قبوڵ و ئینتیخاب کرا. ئیشوکاری وەزارەتی داخلیە بە وەکالەت موەقەتەن رەئیسەل وزەرا فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ ئەیبینێ."ژیان، ژ ١٩، ٣ ی حوزەیرانی ٩٢٦

دوەمین ئیجتیماعی ئیعتیادی

"میزانیەی عمومی

هەمو وەزارەتەکان خەریکی ئیحزار کردنی میزانیەی عمومی تازەن. لە بەر ئەمەی لە ئەوەل مانگی ئیجتیماع دا تەقدیمی پارلەمان ئەکرێ موحتەمەلە لە ئەواخیری مانگی جاری دا فسولی میزانیەکە تەواو بکرێ."(ژیان، ژ ٣٩، ٢٨ ی تشرینی ئەوەلی ٩٢٦)

"گوشادی دەورەی دوەمی مەجلیسی میلی

"ئیرادەی مەلەکی صادر بوە بۆ گوشادی دەورەی دوەمی مەجلیسی میلی عیراق لە ئەوەلی تشرینی سانیدا."(ژیان، ژ ٤١، ١١ ی تشرینی سانی ٩٢٦)

لە دارشتنی ئەم هەواڵەدا دو هەڵەی تێدا کراوە: یەکەم، لە باتی (دەورەی دوەمی مەجلیس) ئەبو بینوسیایە (ئیجتیماعی دوەمی مەجلیس) چونکە وشەی دەورە بۆ کۆبونەوە بە کار نەهێنراوە، بەڵکو بۆ هەمو ماوەی مەجلیس بوە، کە ئەبو ٤ ساڵ بێ. دوەم، مەجلیسەکە ناوی (مەجلیسی نواب) یان وەکو ژیان پێی وتە (مەجلیسی مەبعوسان) بوە نەک (مەجلیسی میلی).

"رەئیسی تازەی مەجلیسی مەبعوسان

"بینا لە سەر ئیستیفالی ریاسەتی مەجلیسی مەبعوسان بە ئەکسەریەتی ئارا فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ سەعدون بە رەئیسی مەجلیس هەڵبژێرراوە. لە رێی ئامالی میلەت دا موەفەقیەت و عەرزی تەبریکات ئەکەین."(ژیان، ژ ٤٦، ١٦ ی کانونیئەوەلی ٩٢٦)

دوەمین کۆبونەوەی ئاسایی کە لە ١ ی تشرینی دوەمی ٩٢٦ دا دەستی پێ کرد و تا ٣٠ ی نیسانی ٩٢٧ درێژەی هەبوە ٥٤ جەلسە بوە.

لە بەر ئەوەی ئەنجومەن بەرنامەی کارەکانی تەواو نەبوە ژیان هەواڵی داوە:

"هەواڵی بەغداد

"دەنگ وا بڵاوە کە مەجلیسی مەبعوسان لە پاش تەواو بونی ئەم دەورەیەی، کە لە ئەواخیری ئەم مانگەدا دوایی دێت، بۆ باس کردن لە بەعزێ ئوموراتی موهیمەی حکومەت کە پێیان ئەسپێررێ، بۆ گرد بونەوەیەکی فەوقەلعادە قەرار بدەن."ژیان، ژ ٦١، ١٤ ی نیسانی ٩٢٧)

"هەواڵی بەغدا

"لە غەزەتەکانیەوە

"لە پاش تەواو بونی مودەی ئیجتیماعی مەجلیسی مەبعوسان بۆ تەصدیق و ئیبرامی میزانیەی ساڵی تازە و بەعزێ لەوائیحی قانونیەی تر حکومەت بۆ گردبونەوەیەکی فەوقەلعادە مەجلیس دەعوەت ئەکات."ژیان، ژ ٦٤، ٥ ی مایسی ٩٢٧)

کۆبونەوەی نائاسایی کە ٣ ی ئایار تا ٨ ی حوزەیرانی ٩٢٧ ی خایاند ٢٤ جەلسە بو.

"ئیرادە: ئیرادەی مەلەکی صادر بوە کە لە ١ ی تشرینی سانی دا مەجلیسی مەبعوسان ئیجتیماع و دەست بکات بە ئیش."ژیان، ژ ٨٨، تشرینی سانی ٩٢٧)

لە ژ ٨٩ دا چەند هەواڵێکی مەجلیس و وەزارەتی بە جیا جیا و بە دوای یەک دا بڵاو کردۆتەوە کە هەمویان پێوەندی‌یان بە یەکەوە هەیە و، ئەیتوانی و ئەبو تێکەڵاویان بکا و بیان کا بە یەک هەواڵ یا بە دو هەواڵ. هەواڵێکیان دەربارەی ئیفتیتاحی مەجلیس و هەڵبژاردنی رەئیسەکانی و تەئجیل کردنی و، ئەوی تریان دەربارەی ئیستیقالەی وەزارەت بوایە. بەمەیش ئەیتوانی لە بە کارهێنانی وشە و داگیر کردنی جێگای ناو رۆژنامەکەدا پاشەکەوت بکا و، باشتر سەرنجی خوێندەوار بۆ هەواڵەکە رابکێشێ.

"هەواڵی داخلی

"رەسمی ئیفتیتاحی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان

"رۆژی ١ ی تشرینی دومم رەسمی ئیفتیتاحی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان ئیجرا کراوە و دەستیان کردوە بە ئیش."ژیان، ژ ٨٩، ٨ ی تشرینی سانی ١٩٢٧

"ئیجتیماعی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان

"لە ١ ی مانگا مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان ئیجتیماعیان کردوە لە نەتیجەی ئینتیخاباتا بە ئەکسەریەت فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون ئینتیخاب فەرموراوە بە رەئیسی مەجلیسی مەبعوسان و لە نەتیجەی ئینتیخاباتی مەجلیسی ئەعیانا یوسف ئەفەندی سویدی ئینتیخاب فەرموراوە بە رەئیسی مەجلیسی ئەعیان."ژیان، ژ ٨٩، ٨ ی تشرینی سانی ١٩٢٧

"تەئجیلی مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان

"لە سەر ئیرادەی مەلەکیە مەجلیسی مەبعوسان و ئەعیان چل و پێنج رۆژ تەئجیل کراوە."ژیان، ژ ٨٩، ٨ ی تشرینی سانی ١٩٢٧

١. ٤. هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس

"ئیستیعفای یاسین پاشا ئەلهاشمی

"وەکیلی رەئیسەل وزەرا و وەزیری خاریجیە مەعالی یاسین پاشا لە وەکالەتی هەردولا ئیستیعفای کردوە و ئیستیعفاکەی قبوڵ کراوە و هەتا عەودەتی فەخامەتی جەعفەر پاشا ئەم وەکالەتە با ئیرادە تەودیعی مەعالی رەشید عالی بەگ ئەلگەیلانی فەرموراوە."ژیان، ژ ٨٩، ٨ ی تشرینی سانی ١٩٢٧

جەعفەر عەسکەری ئیستیقالەی کرد، مەلیک جارێکی کە سەعدونی تەکلیف کرد وەزارەت تەشکیل بکا، سەعدون بۆ ئەوەی ئەم تەکلیفە قبوڵ بکا مەرجە کۆنەکەی خۆی، لە مەڕ حەلی مەجلیس دانایەوە، مەلیک ئەم جارە قبوڵی کرد. سەعدون اسێیەمین وەزارەتی خۆی لە ١٤ ی کانونی سانی ٩٢٨ دا پێک هێنا. ژیان هەواڵەکەی داوە:

" سقوت و تەشکیلی قابینە

"لە بەر ئەوەی فەخامەتی رەئیسەل وزەرا جەعفەر پاشا لە ریاسەتی قابینە ئیستیعفای کرد و ئیستیعفاکەیشی لە تەرەف جەلالەتی مەلیکەوە قبوڵ فەرمورا، ئیرادەی ملوکانە صادر بو کە فەخامەتی سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون رەئیسەل وزەرایەتی دەرعوهدە و قابینە تەشکیل بفەرموێت. لە تەرەف فەخامەتیەوە قابینە لەم زاتانە کە لە خوارەوە ئیسمیان دەرج کراوە تەشکیل و کورسی وەزارەتیان ئیشغال فەرموە:

"رەئیسەل وزەرا و
وەزیری خاریجیە و وەکیلی وەزیری دیفاع
سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون

وەزیری داخلیە	عەبدولعەزیز بەگ ئەلقەساب
وەزیری عەدلیە	حیکمەت سلێمان بەگ
وەزیری مالیە	یوسف غنیمە
وەزیری مەعاریف	تۆفیق بەگ ئەلسویدی
وەزیری زەراعەت و رەی	سلێمان ئەلبەراک
وەزیری ئەشغال	عەبدولموحسین ئەلشەلال
وەزیری ئەوقاف	ئەلشێخ ئەحمەد داودلژیان، ژ ٩٨، ١٧ ی

کانونی سانی ١٩٢٨)

ئەگەرچی هێشتا مەجلیس ماوەی قانونی خۆی تەواو نەکرد بو، لە کاتێک دا ئەمە یەکەمین مەجلیسی نیابی، واتە یەکەمین دەسەڵاتی دانانی قانون و لێپێچانەوەی وەزارەت بو لە عیراق دا، لە سەر داوای سەعدون، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، ئیرادەی مەلەکی بۆ حەلی ئەم و هەڵبژاردنی مەجلیسێکی نوێ دەرچو، ئەمە بو بە (سابیقە) یەکی خراپ لە ژیانی پارلەمانیی عیراقیدا. دەسەڵاتی قانون دانان (مەجلیس) لە بەردەم دەسەڵاتی جێبەجێکردن (وەزارەت) دا لاواز بو، مەجلیس ئەگەر ویستەکانی وەزارەتی جێبەجێ نەکردایە هەمیشە ترسی هەڵوەشاندنەوەی هەبو.

وەزارەتی ناوخۆ هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی بەمجۆرە دابەش کرد:

"فەسخی مەجلیس

"سورەتی موتەرجەمەی تەلغرافی ژمارە ١٦٧ و رۆژی ١٩ ی ١ ی ٢٨ ی وەزارەتی داخلیە:

"بۆ موتەصەریفی سلێمانی

"لە بەر ئەوەی کە ئەساسی مەشروتیەت ئیجاب بە موازەنەتێکی قەوی ئەکات لە بەینی قیوای ئیجرائیە و قیوای تەشریعیەدا و، ئەم موازەنەتەیش مەنوتە بە مەوجودیەتی شوعباتی پارلەمێنتۆ کە ساحیبی مەقاسیدی موعەیەنە و غایەی مەعلومە بن، وە لە بەر ئەوەی کە ئەوزاع ئیسپاتی کردوە مەجلیسی ئوممەت لە وەزعیەتی حازریدا ئەو فیرقانەی تیا نیە تەئمینی مەوجودیەتی ئەم موازەنەتە بکا و لە بەر ئەوەی حکومەت مەسائیلی زۆر موهیمی بە دەستەوەیە کە مەنافیعی ئەهەمی میلەتی تیایە، وەکو: موعاهەدەی ئینگلیز و عیراق و، ئیتیفاقنامەی مالی و عەسکەری و، مەسئەلەی دیفاعی وەتەنی، کە

ئیجاب ئەکات لە هەمویان میلەت خەبەردار بکرێت کە حسیاتی خۆیان نیشان بدەن و فرسەتیان بدرێتێ کە لەم خسوساتەوە بە واسیتەی مومەسیلینانەوە خواهیشی خۆیان بکەن، بۆ فەسخی مەجلیسی ئوممەت و موباشەرەت بە ئینتیخابات بۆ مەجلیسی تازە، موافیقی مادەی ٣٦ ی قانونی ئەساسی، ئیرادەی مەلەکی صادر بو. ئەمڕۆ مەجلیس فەسخ بوەوە. بۆ مەعلومات بۆ ئەوەی فەورەن موافیقی قانون دەست بە ئینتیخابات بکرێ نێررا. "(ژیان، ژ ٩٩، ٢٤ ی کانونی سانی ١٩٢٨)

٢. هەواڵەکانی

ژیان پەیامنێرێکی تایبەتی نەبوە هەواڵی گفتوگۆکانی ناو مەجلیس و ئەنجومەنی وەزیرانی و ململانێی تاقم و دەستە جیاوازەکانی بۆ بنوسێ. وەکو بە ڕۆژنامەکەدا دەرئەکەوێ، سەرچاوەی وەرگرتنی هەواڵەکانی: یەکەم، موتەسەریفیەتی سلێمانی و دوەم، ڕۆژنامەکانی بەغداد بوە.

لە مەجلیسی نواب دا بابەتی جۆراوجۆر باس کراوە. گەلێ جار کێشە و مشتومڕ و دەمەقاڵێ لە نێوان نائیبەکان دا قەوماوە. بابەتی زۆری سیاسی بە تایبەتی دەربارەی پێوەندی عیراقی و بریتانی و پەیمانەکانی نێوان هەردولا باس کراوە. ڕۆژنامە عەرەبیەکانی بەغداد زۆر جار گفتوگۆکانی ناو مەجلیسیان گێڕاوەتەوە، بە چاک یان بە خراپ لە سەریان نوسیوە، پشتیوانی‌یان لێ کردوە یا لە دژی وەستاون، بەڵام ژیان خۆی لە گێڕانەوەی ئەو مشتومڕانە بواردوە و دور و نزیک توخنیان نەکەوتوە، بە تایبەتی چونکە نائیبە کوردەکان کەم وا بوە لە گفتوگۆیەک دا هەڵیان دابێتی و، بیروبۆچونی تایبەتی خۆیان لە بەردەم مەجلیس دا دەربڕی بێ. لە کاتی دەنگ دان دا یان خۆیان دزیوەتەوە یان بە قازانجی بریتانیا دەنگیان داوە. ئەوەتا ژیان لە

وتارێکی‌دا تیری توانج له مه‌بعوسه‌کانی کورد ئه‌گرێ و رو به داود حه‌یده‌ری، یه‌کێ له مه‌بعوسه‌کانی کورد، ئه‌ڵێ: "ئه‌گه‌ر له مه‌جلیس دا مه‌قسه‌د له موعاره‌زه و موناقه‌شه، جه‌لبی زه‌ره‌ر و روخاندنی ئه‌ساساتی میلیه‌ی خۆمان بێ، وه‌کو مه‌بعوسه‌کانی ئێمه ئیختیاری سکوت و ئیعلانی بێ ته‌ره‌فی کردن، به لامه‌وه گه‌لێ چاکتر و موسیبتره."

هه‌واڵه‌کانی ژیان ده‌رباره‌ی گفتوگۆکانی ناو مه‌جلیس و بڕیاره‌کانی و چالاکی ئه‌ندامه‌کانی بڵاوی کردونه‌ته‌وه، جگه له هه‌ندێ بابه‌تی که پێوه‌ندی‌یان به کاروباری کورده‌وه هه‌بوه، ئه‌وانی تر بابه‌تی ئه‌وه‌نده گرنگ نه‌بون جێگه‌ی بایه‌خ پێ دانی خوێنده‌واری کورد بن. له‌وانه:

۲. ۱. هه‌واڵی مه‌جلیس

جگه له هه‌واڵی ئینتیخاب، گوشادی مه‌جلیس، ئیجتیماع، ته‌عتیل و ته‌ئجیل، فه‌سخ و حه‌لی مه‌جلیس، هه‌ندێ له ده‌نگوباسه‌کانی ناو مه‌جلیسی بڵاو کردۆته‌وه، وه‌کو:

"موزاکه‌راتی مه‌جلیسی نیابی: بۆ مه‌حوکردنه‌وه‌ی تۆوی کوللـه و ئیتیخازی ته‌دابیری لازمه له پێش حلولی وه‌ختی ژیانه‌وه‌ی‌دا له ته‌رف مه‌بعوسه‌کانی موصله‌وه موته‌فیقه‌ن ته‌قریرێک ته‌قدیمی مه‌جلیس و موزاکه‌ره‌ی له سه‌ر کراوه." (ژیان، ژ ٤٧، ٢٣ ی کانونی ئه‌وه‌لی ٩٢٦)

"موقه‌ره‌راتی مه‌جلیسی مه‌بعوسان: له پاش موناقه‌شه ورێکخستنی لایحه‌ی فه‌رشکردنی جاده‌کانی به‌غدا موافه‌قه‌تی له سه‌ر نوێنراوه." (ژیان، ژ ٤٨، ٣٠ ی کانونی ئه‌وه‌لی ٩٢٦)

"وه‌زاره‌تی زه‌راعه‌ت له مه‌جلیسی مه‌بعوسان دا: ئه‌و لائیحه قانونیه‌یه که بۆ دامه‌زراندنی وه‌زاره‌تی زه‌راعه‌ت به مه‌جلیسی مه‌بعوسان درا بو قبوڵ

کرا. مودیریەتی زەراعەت و، ئەملاکی ئەمیریە و، بەیتەرە، خراونەتە ژێر تابیعیەتی ئەم وەزارەتەوە." (ژیان، ژ ٦١، ١٤ ی نیسانی ١٩٢٧)

"میزانیەی ساڵی ١٩٢٨: بەغداد، مەجلیسی مەبعوسان میزانیەی ساڵی ١٩٢٨ ی تەسدیق کردوە کە واریداتەکەی عیبارەت بو لە ٧٠,٦٨١,٠٧٠ و مەساریفاتەکەیشی ٦٩,٧٨٠,٦٤٤ روپیە و لەمەدا واریدات و مەساریفاتی شەمەنەفەری عیراق و ئیدارەی ئەسکەلەکانی تیادایە." (ژیان، ژ ١٣١، ٤ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٨)

٢. ٢. سەردانەوەی مەبعوسەکان لە سلێمانی.

پێوەندی بەردەوامی نێوان هەڵبژێرەر و هەڵبژێرراو شتێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هەڵبژێرراو هەمیشە ئاگای لە هەمو لایەنەکانی هەلومەرجی ژیانی سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، رۆشنبیری، پەروەردەیی... دانیشتوانی ناوچەی هەڵبژاردنەکەی بێ و، بەردەوام لە گفتوگۆ و دانوسەندن دا بێ لە گەڵیان، بۆ ئەوەی هەمیشە جێگەی باوەڕ و متمانەی هەڵبژێرەرەکانی بێ.

مەبعوسەکانی سلێمانی: میرزا فەرەجی حاجی شەریف، یەکێ لە دەوڵەمەنەکانی سلێمانی بوە، بەلاَم کار و کاسبی و سەرمایەی لە بەغدا و، خۆیشی نیشتەجێی هەمیشەیی بەغداد بوە. ئەمین زەکی بەگ ماوەیەکی زۆر ئەفسەر بوە لە ئۆردوی عوسمانیدا و، دوای گەڕانەوەی بۆ عیراق لە بەغدا نیشتەجێ بوە، جاروبار بۆ ئیشوکار هاتۆتەوە بۆ سلێمانی. لە ناو ئەوانەدا تەنیا محەمەد سالح بەگ ماڵی لە سلێمانی بوە و، لە پشوەکانی مەجلیس دا گەڕاوەتەوە سلێمانی و، هەمو جار ژیان بە خێر هاتنەوەی کردوە.

"هاتنەوە: بە موناسەبەتی تەواوبون و تەعتیلی جەلەساتی مەجلیسی مەبعوسان هەفتەی رابوردو لە بەغدادەوە مەبعوسی موحتەرەم محەمەد سالح

بەگ تەشریفی هێناوەتەوە سلێمانی. بە ناوی عومومەوە عەرزی بە خێر هاتنی ئەم نائیبە بە هیمەتەمان ئەکەین."ژیان، ژ ٢٣، ٨ ی تەموزی ١٩٢٦)

"رۆیشتن: مەبعوسی موحتەرەم جەنابی محەمەد سالح بەگ بە موناسەبەتی گوشادی مەجلیسی مەبعوسان بە قافلەی ئوتوموبیلی رابوردو تەشریفی بۆ بەغداد رۆیشتوە. تەمەنای موەفەقیەت و خوا حافیزی ئەکەین."ژیان، ژ ٤٠، ٤ ی تشرینی سانی ١٩٢٦)

"هاتنەوە: مەبعوسی موحتەرەم جەنابی محەمەد سالح بەگ بە موناسەبەتی تەواو بونی دەورەی مەجلیسی میلی تەشریفیان هێناوەتەوە. بە خێر بێنەوە."ژیان، ژ ٧٠، ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٢٧)

هەواڵی دومم دو سەرنج هەڵئەگرێ: یەکەمیان، لە ناو مەبعوسەکانی سلێمانیدا، تەنیا محەمەد سالح بەگ ماڵی لە سلێمانی بوە، بۆیە لە ژیان دا بە زۆری هەواڵی (هاتن و رۆیشتن) ی ئەو لە پشوەکانی ئەنجومەن دا نوسراوە. دوەمیان، بە هۆی شۆڕشی شێخ مەحمودەوە ڕێگاوبانەکان نائەمین بوە، لە بەر ئەوە بە (قافلە) هاتوچۆیان کردوە.

٢. ٣. زمانی هەواڵەکان

ژیان لە گێڕانەوەی هەواڵەکانی مەجلیسەکانی عیراق دا دەقاودەق هەمان وشەگەلی قانونەکانی عیراقی لە باتی وشەی کوردی بە کار هێناوە وەکو:

ئینتیخاب: لە باتی هەڵبژاردن. ئیرادەی مەلەکی: لە باتی ویستی شاهانە. ئیستیعفا: لە باتی وازهێنان. ئیستیدعا: بانگ کردن. ئیجتیماع: کۆبونەوە.

تـەصدیق: پەسـند کـردن. تـەصویت: دەنگـدان. تەرشـیح: پـاڵاوتن. تەمسیل: نواندن. تەودیع: پێ سپاردن. تەعتیل: راگرتن. تەئجیل: دواخستن. تەشکیل: پێکهێنان.

جەلەسە، جەلەسات: دانیشتن.

حەل: هەڵوەشاندنەوە.

دەورەی ئینتیخـابی: خـولی هـەڵبژارن. دەفتـەری تەسـجیل: دەفتـەری تۆمارکردن.

رەئیس: سەرۆک. ریاسەت: سەرۆکایەتی.

سقوت: کەوتن، روخان.

عـزو، ئـەعزا، ئەعزایـەتی: ئـەندام، ئـەندامان، ئەندامـەتی. عـەین، ئەعیان: پیر، پیران، لە باتی سیناتۆر.

فەسخ: هەڵوەشاندنەوە. فیرقە: حیزب، پارتی.

قـەرار، قـەرارات: بڕیار. قـوای ئیجرائیـە: دەسـەڵاتی جێبـەجێ کـردن. قوای تەشریعیە: دەسەڵاتی قانون دانان.

لایحە: پرۆژە، گەڵاڵە.

مەجلیسی مەبعوسان، مەجلیسـی نـواب، مەجلیسـی نیـابی، مەجلیسـی ئوممەت، مەجلیسی میللی: لـە باتی ئەنجومـەنی گەل. مەنتیقـەی ئینتیخـاب: ناوچـەی هـەڵبژاردن. مـەبعوس. مـەندوب. مومەسـیل: نوێنـەر. موزاکـەرە، موزاکەرات، موناقەشە: گفتوگۆ، وتوویـژ. مونەتـەخیب، مونەتـەخیبی ئـەوەل، مونەتـەخیبی سـانی: هـەڵبژێرەر، هـەڵبژێرەری یەکـەم، هـەڵبژێرەری دووەم. مەشروتیەت: دەستوری. موقەرەرات: بڕیـار. مەزبەتـە: مەزبەتـە. معامەلەی تەحلیفیە: سوێنددان.

نـائیب: نوێنـەر. نەتیجـەی ئینتیخـاب: ئـەنجامی هـەڵبژاردن. نـەزارەت: چاودێری. نوتقی ئیفتیتاحی: وتاری کردنەوەی ئەنجومەن. نیزامات.

وەکیل: نوێنەر.

هەیئەتی تەفتیشیە: دەستەی پشکنین. هەیئەتی موختاریە.

هەندێ وشەی فارسی، وەکو: نامزەد: پاڵاوتن. گوشاد: کردنەوە.

هەندێ وشەی ئەوروپایی بە تورکی کراوی وەکو: قابینە. پارلەمێنتۆ. پارتی. پرۆگرام.

۲. بابەتی پێوەندیدار بە کاروباری کوردەوە

۲. ۱. ئیمزاکردنی پەیماننامەی عیراقی - بریتانی

"تەسدیقی موعاهەدەی تازە

"بینا لە تەلغرافێکی رەسمی کە بە تەلغرافی بێتەل بۆ جەنابی موتەسەریف هاتوە مەجلیسی مەبعوسان موعاهەدەی تازەی بریتانیا و عیراقی بۆ ۲۵ ساڵ قبوڵ کردوە."(ژیان، ژ ۱، ۲۱ ی کانونی سانی ۹۲۶)

ژیان لە ژ ٤ یدا دەقی پەیماننامەکەی بڵاو کردۆتەوە. تەسدیق کردن و تەعدیل کردنی مادەکانی پەیماننامەی عیراقی بریتانی، بوبو بە یەکێ لە کێشە سەرەکیەکانی هەمو وەزارەت و مەجلیسەکان و، بەردەوام ئەم کێشەیە هەڵی ئەدایەوە.

ئەم پەیمانە کە پێوەندی هەمەلایەنەی نێوان عیراق و بریتانیای رێک ئەخست و، هەرچەند ساڵێ جارێ (تەعدیل) ی تیێدا ئەکرا، ئەبو باسی دابینکردنی پاشەرۆژی سیاسی کوردیشی تیێدا بێ. مەبعوسەکانی کورد، ئەگەرچی دەنگیان بۆ پەسندکردنی داوە، بەڵام لە بارەی ناو هێنانی کوردەوە بێ دەنگ بون. هەر ئەم مەسەلەیەش بو کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی دەورەی سێیەمی ئینتیخابیی مەجلیس دا لە ٦ ی ئەیلولی ۱۹۳۰ دا لە سلێمانی تەقیەوە و، بو بە هۆی روداوەکانی شەشی رەشی ئەیلول.

٣. ٢. ئیمزاکردنی پەیماننامەی تورکی - بریتانی - عیراقی

یەکێکی کە لە کارەکانی مەجلیس تەسدیقی ڕێکەوتننامەی تورکی بریتانی عیراقی بوە "سورەتی موتەرجەمەی تەلغرافی بێتەل ژمارە ٨٠٥٨ و ڕۆژی ١٤ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ ی وەزارەتی جەلیلەی داخلیە بۆ موتەسەریفی لیوای سلێمانی:

"مەجلیسی مەبعوسان ئەم بەیانیە موعاهەدەی تورکی تەسدیق کرد، نوقاتی ئەساسیە عیبارەتە لەوە کە حکومەتی تورکیا ئیعتیرافی بە ئیستیقلالیەتی عیراق کرد و، ولایەتی موسل کە موافیقی خەتی بڕۆکسل تەعین کراوە بە جوزئێکی موتەمیمی عیراقی ناسیوە. نوسخەی موعاهەدەکە بە پۆستەدا نێرراوە. ئەم نوقتە مەسعودە کە لەمەدا تەئسیسی موناسەباتی دۆستانە لە گەڵ حکومەتێکی دراوسێمانا کراوە و کە بە واسیتەی ئەوەوە تاجی زەفەر لە سەر جەهد و تەشەبوساتی ئێمە دانراوە، لازمە حەفلەی بۆ ئیجرا بکرێت."(ژیان، ژ ٢١، ١٧ ی حوزەیرانی ١٩٢٦)

لە ژ ٢٢ و ٢٣ دا تێکستی ڕێکەوتننامەکەی بڵاو کردۆتەوە.

زۆری مادەکانی ئەم ڕێککەوتنە پێوەندییان بە سەرکوتکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردەوە هەبوە لە هەردو دیوی سنوردا. مەبعوسەکانی کورد لە مەجلیس دا، نەک هیچ قسەیەکیان لە سەر نەکردوە، بەڵکو هەمویان دەنگیان بۆ پەسند کردنی داوە. ئەگەرچی ژیان هیچ لێدوانێکی تایبەتی خۆی نەنوسیوە، بەڵام وتارێکی تەرجومە کراوی بڵاو کردۆتەوە مەبەستی ڕاستەقینەی ڕێککەوتنەکەی ڕون کردۆتەوە.

٣. ٢. خوێندن بە زمانی کوردی

داود حەیدەری لە کاتی گفتوگۆکانی ناو مەجلیس دا دژی کردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە لیواکانی سەرووی عیراق دا دواوە، م. ا لمحەمەد ئەدیبـا لە ژێر سەردێڕی (بۆ مەبعوسێکی حەق لە ژێر پێ نەرا) دا بەرپەرچی داوەتەوە و، داکۆکی کردوە لە مافی فێرکردن بە زمانی کوردی و نوسیوێتی:

"لە ژمارە ٢١٤٩ ی غەزەتەی العراق دا دیمان کە مەجلیسی نیابی لە ئەسنای موزاکەرە و موناقەشەی میزانیەی مەعاریف دا نوابی موحتەرەمەی کەرکوک و ئەربیل، جەنابان: نەشئەت ئیبراهیم و یوسف ئیبراهیم و ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی، ناتەواوی مەعاریفی ئەلویەی شیمالیە و عەدەم عینایەتی حکومەتیان تەنقید و، لە ئەلویەی مەزکوردا بە کوردی تەعمیمی تەدریساتیان داوا، لە گەڵ ئەمانەیش دا کردنەوەی مەکتەبێکی سانەوی لە ئەربیل و ئیکمالی سانەوی کەرکوکیان تەلەب و بەیان کردوە و، جەنابی ئەمین زەکی بەگ تەئیدی فەرموە.

"موقابیل بەم ئیدیعا حەقانە یەکێ لە ڕەفیقەکانیان جەنابی داود حەیدەری بەگ، کە ئەویش بۆ تەئمینی مەنافیع و مەقاسیدی مەشروعەی میلەت ڕەوانەکراوی ئەربیلە وتویەتی: (لە ئیدیعای لزومی تەدریسات بە زبانی کوردی موخالیفی ڕەفیقەکانم و، لە سەر موسامەحە کردنی تەدریسات بە زبانی کوردی، مەعاریف بە هەمو هێزی خۆم تەنقید ئەکەم. لە ئەلویەی سەرودا مەعاریف زۆر ناتەواوە، قوتابیەکانی ئەو ناوە نە بە کوردی و عەرەبی و نە بە تورکی ئەتوانن قسە بکەن) لە بەر ئەمەی ئەم قسانە لە زبانی مەبعوسێکی کوردەوە لە مەجلیسی میلەت دا بەیان کراوە و بۆ عالەمی کوردایەتی تەجاوزێکە، مەجبرر بوین کە بڵێین ئەم بەیاناتە لیسان حالی هیچ فەردێکی میلەت نیە، ئیلا جەنابی مەبعوس خۆی نەبێ.

"ئەوەلەن، سەرفی نەزەر لەمەی کە کوردی حەقی مەشروع و لیسانی میللی‌مانە و، لە نەتیجەی فەلاکەت و مسیبەتی گەورە گەورەمدا نائیلی بوین و، بە قەراری لایەتەزملزملی جەمعیەتێکی وەکو عیسبەتول ئومەم پێمان بەخشراوە، ئەمڕۆ هەمو میلەتێ موقەدیمەی خوێندن و تەحسیلیان بە لیسانی مادەرزادی خۆیان دائەمەزرێنن. حەتا بۆ تەئمینی ئەم مەقسەدە حکومەتی مەتبوعەی عادلەی عیراقیش لە کەرکوک دا بە تورکی موساعەدەی تەدریساتی لوتف کردوە، زیرا لە لایەنی هەمو ئەسحابی عەقلی سەلیم و شارەزایانی ئوسولی فەنی تەعلیم و تەدریس موسەدەقە، کە تەحسیلی ئیبتیدائی بە لیسانی میللی ئەو تەلەبانە بکرێ چاکتر و شایانی ئیستیفادەترە، لەمەی کە بە زبانی بێگانە بکرێ.

"سانیەن، لە ئەلویەی شیمالیەدا، لە سەر بە کوردی تەدریسات، موجیبی تەنقید مەعاریف نیە، لە پێش هەمو شتێک دا دانیشتوانی ئەلویەی شیمالیە بە ئەکسەریەت کوردە و، ئەمەیش لە دوای تەدقیقات و وردبونەوەیەکی ئاشکرایی‌دا غەیر قابیلی ئینکار سابیت بوە، لە بەر ئەمە شایانی تەنقید مەعاریف نیە بە کورد خولقاو بونمانە و، ئەو کەسەیە کە ئەم حەقەی پێ بەخشین.

"سالیسەن، قوتابیەکانمان زۆر چاک ئەتوانن بە کوردی قسە بکەن. ئەگەر نەیکەن ئەبێ چۆن کوردێک بن؟ وە لە بەر ئەمەی یەکێ لە مەوادی پرۆغرامی تەدریسات زبانی عەرەبیە هیچ شوبهەی نیە عەرەبی‌یش ئەزانن. بینائەن عەلەیهی جەنابی داود حەیدەری بەگ هەروەکو موخالیفی رەفیقەکانی بو، بەیانەتەکەیشی خیلافی حەقیقەت و واقیع بو.

"جەدەن جای تەئەسوفە مەبعوسێک کە بۆ تەئمین و ئامال و مەقاسیدی کۆمەڵێک رەوانە کرابێ و لەو مەوقیعەدا حەقی تەکەلومی بە سایەی ئەوانەوە دەست کەوتبێ، کەچی بیلعەکس زەربە لە بناغەی ئەمەلی میلەت بدا و بیەوێ بیڕوخێنێ و، لە حەقێک کە بە هەزار کوێرەوەری و

فەلاکەت دەستڕەسی بوین، مەحرومان بکات. ئەگەر لە مەجلیس دا مەقسەد لە موعارەزە و موناقەشە، جەلبی زەرەر و روخاندنی ئەساساتی میلیەی خۆمان بێ، وەکو مەبعوسەکانی ئێمە ئیختیاری سکوت و ئیعلانی بێ تەرەفی کردن، بە لامەوە گەلێ چاکتر و موسیبترە."ژیان، ژ ٦٨ ی ٣١ ی مایسی ١٩٢٧)

لە ژمارەی دواتریدا دیسان ژیان هاتۆتەوە سەر باسی ئەم مەسەلەیە و نوسیویێتی:

"دائیر بە قسەکانی داود حەیدەری بەگ

"موقابیل بە قسەکانی مەبعوسی هەولێر جەنابی داود حەیدەری بەگ کە لە مەجلیسی نواب لە موناقەشەی میزانیەی مەعاریف دا لە عەلەیهی تەعلیمی کوردی دەرمیانی کرد بو ژیان وەزیفەی مەودوعەی خۆی بە جێ هێنا. لە گەڵ ئەمەیش دا سورەتی تەلغرافێ کە بە ئیمزای چەند زاتێک لە رەواندزەوە بۆمان هاتوە و لە ئەساس دا یەکسەر بۆ موما ئیلەیهی داود حەیدەری بەگ لێ دراوە، لە پاش خستنە سەر کوردی تەلغرافی مەزکور بە کەمالی ئیفتیخارەوە دەرج و نەشر ئەکەین:

"لە مەجلیسی نواب دا بۆ داود حەیدەری

"لە ئەسنای موزاکەرەی میزانیەی مەعاریف دا لە عەلەیهی تەعلیمی کوردی موناقەشەکەتان لە غەزەتەدا خوێندرایەوە، حیرەتمان کرد، ئێوە کە ئاگاداری ئیحتیاجاتی مەملەکەت و ئارەزوی میلەت نین، رجا ئەکەین بەم نەوعە جەسارەت مەنوێنن.

رەئیسی بەلەدیە، محەمەد عەلی. رەئیسی دەرگەلە، محەمەد ئەمین. رەئیسی باڵەک، شێخ محەمەد. ئەعزای ئیدارە، مستەفا محەمەد سالح ئەفەندی. رەئیسی زراری، ئەسعەد."ژیان، ژ ٦٩)

داود حەیدەری کوڕی ئیبراهیم حەیدەری بوە. لە ئەستەموڵ حقوقی خوێند بو، لە وەزارەتەکەی تۆفیق سویدی دا ١٩٢٩) بو بە وەزیری داد.

٣. ٤. تەجنیدی ئیجباری

دوای تەواوبونی جەنگ گەلی بریتانی داوای گێڕانەوەی کوڕەکانی و، داوای کەمکردنەوەی باری گرانی باجی سەردەمی جەنگی ئەکرد. مەسرەفی هێزەکانی بریتانیا لە عیراق دا، کە لە پارەی باجدەری بریتانی ئەدرا، بەمجۆرە بو:

١٩٢٠	١٩٢١	٣٢,٠٠٠,٠٠٠ پاوەنی ستەرلینی
١٩٢١	١٩٢٢	٢٣,٣٥٥,٩٥٠ پاوەنی ستەرلینی
١٩٢٢	١٩٢٣	٧,٨٠٧,٣٨٤ پاوەنی ستەرلینی
١٩٢٣	١٩٢٤	٥,٧٤٠,٣٥٨ پاوەنی ستەرلینی
١٩٢٤	١٩٢٥	٤,٤٧٩,٧٥٤ پاوەنی ستەرلینی
١٩٢٥	١٩٢٦	٤,١١٨,٤٠٠ پاوەنی ستەرلینی

بڕوانە: (عبدالله فهد النفیسی: دور الشیعة في تطور العراق السیاسي الحدیث، دار النهار للنشر، بیروت، ١٩٧٣. ص ١٧٢)

یەکێ لەو مەسەلانەی لە کۆنفرەنسی قاهیرەدا باسی لێ کرا، کەمکردنەوەی خەرجی بریتانیا بو لە عیراق. بۆ ئەوەی خەرجی کەم بکاتەوە ئەبو هێزەکانی کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەیش کە هێزەکانی کەم بکاتەوە، بێ ئەوەی ناوچەکەی لە دەس دەربچێ، ئەبو هێزێکی خۆجێیی لە باتی‌یان پێک بهێنێ. لە کۆنفرەنسی قاهیرەدا کە جەعفەر عەسکەری وەزیری جەنگی حکومەتی تازەدامەزراوی عیراق ئامادەی بو، بڕیار درا جەیشی عیراقی دروست بکرێ بۆ ئەوەی جێگەی هێزەکانی بریتانیا بگرێتەوە بۆ پاراستنی عیراق، بە تایبەتی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی.

نەتەوەپەرستەکانی عەرەب ئەم هەواڵەیان بە خۆشیەکی بێ ئەندازەوە وەرگرت و، دوای گەڕانەوەی جەعفەر عەسکەری لە قاهیرە بۆ بەغداد،

کەوتنە دانانی ڕێوشوێنی دامەزراندنی جەیشی عیراقی. ژمارەیەک لە ئەفسەرانی دەرچوی ئاکادیمیە جەنگیەکانی تورکیایان کۆکردەوە، لە ناو ئەوانەدا چەند ئەفسەرێکی کوردیشیان تێدا بو. یەکەم یەکەی جەنگی‌یان بە ناوی (فەوجی ئیمام موسای کازم) ەوە دروست کرد و، یەکەم (عەمەلیاتی عەسکەری) یشیان پەلاماردانی سلێمانی بو.

هەر لە سەرەتاوە مشتومڕ، دەربارەی جۆری دروستکردنی جەیشی عیراقی، لە نێوان دو بۆچونی جیاوازدا دەستی پێ کرد. بۆچونێکیان کە بیری نەتەوەپەرستەکانی عەرەبی ئەنواندەوە داوای دروستکردنی جەیشیان ئەکرد لە سەر بنچینەی (تەجنیدی ئیجباری) و، بۆچونێکی تر کە بە زۆری بیری سەرانی خێڵەکانی ئەنواندەوە دژی تەجنیدی ئیجباری و لایەنگری پێکهێنانی جەیش بون لە سەر بنچینەی (تەتەوع). کاربەدەستانی بریتانی پشتیوانی‌یان لە بۆچونی دوەم ئەکرد. ئەم کێشەیە چوە ناو مەجلیسەوە. زۆر جار پرۆژەی قانونەکەی ئەهێنرایە مەجلیسەوە یان دوا ئەخرا، یان دەنگی تەواوی وەرنەئەگرت. تا سەرەنجام تەجنیدی ئیجباری لە عیراق دا بو بە قانون.

مەبعوسەکانی کورد، هەمیشە دەنگیان بۆ ئەو بۆچونانە داوە کە ئینگلیزی لە پشت بوە، لە بەر ئەوە لەو قۆناغەدا، چ بە دەنگدان لە مەجلیس دا و چ بە نوسین لە رۆژنامەدا، دژی تەجنیدی ئیجباری راوەستاون. (ژیان) یش داکۆکی لە هەمان هەڵوێست کردوە. لە سەروتارێکی‌دا بە ناونیشانی (تەجنیدی ئیجباری و مەندوبی هەولێر) نوسیوێتی:

"لەم چەندانەدا لە رۆژنامەیەکی (بەغداد تایمس) دا مەقالەیەک لە خسوس تەجنیدی ئیجباری‌یەوە بە ئیمزای مەبعوسێکی موقتەدیری کورد نوسرا بو خوێندمانەوە و، لە عەینی زەمانا بەعزێ رەدیەی پڕ هەیەجانی غەزەتەی العراق و العالم العربی‌یشمان دی.

"لە بەر ئەوە مەسئەلەی تەجنیدی ئیجباری عادەتەن قەزیەیەکی حەیاتیەیە بۆ عەناسیری موتەحیدەی عیراق وبیلخاسە لەم وەقتەدا کە لەم خسوسەوە لە لەندەن مفاوەزە جەرەیان ئەکات. بە لازممان زانی ئێمەیش لەم جیهەتەوە فکری خۆمان بەیان بکەین. موحەرڕیری العراق لە ردیەکەیدا ئەڵێ مەبعوسێک ناتوانێ فکرێکی زاتی خۆی بە غایەیەکی میلی نیشان بدا، فەقەت موحەرریر ئەگەر نەختێ زیاتر مەعنای کەلیمەی (نائیب و مومەسیل) ی لێک بدایەوە، تێ ئەگەیشت کە هەر قسەیەک لە دەمی مەندوبێک بێتە دەرەوە عەکسی سەدای خیتابی ۲۰ هەزار شەخسە کە موقەدەرات و موقەرەراتی حال و ئیستیقبالی خۆیانیان تەسلیم کردوە. چەدەن شایانی ئیستیغرابە کە مەبعوسێک بتوانێ بە ناوی وەکالەتی میلیەوە لە مەجلیسا رەفز وە یا تەسدیقی هەمو نەوعە قەوانین و نیزاماتێ بکا، فەقەت نەتوانێ فکرێکی خۆی کە خوڵاسەی ئەفکاری عومیەی موەکیلەکانێتی، بە غەزەتە نەشری بکا.

"لە حالێکا مەبعوسێک لە مەسئەلەیەکی وا موهیم دا سەلاحیەتداری بەیانی رەئی میلەتەکەی نەبێ، عەجەبا غەزەتەیەک بۆ نەشری ئەفکاری زاتی خۆی چ سەلاحیەتێک ئەبینێ و، عەکسی ئەم فکری مەندوبەی لە چیەوە دەرک کرد و حوکمی پێ ئەکات. ساحیبی ئەم ڕەدیەیانە لازمە بزانێ کە مەبعوسێک شارەزا و تێگەیشتو و زینفوزی وەک رەواندزی تاکو بە تەواوی مەزەڕەت وە یا مەنفەعەتی تەتبیقی تەجنیدی ئیجباری محاکەمە و لەم خسوسەوە ئەفکار و ئارا و قابیلیەتی میلەتەکەی خۆی تەحلیل نەکردبێ سەربەخۆ قسەی وا ناکات. وەک لە سەرەوە وتمان فکری رەواندزی خوڵاسەی فکری ئارای عومیەی میلەتی کوردە.

"وە ئەم فکر و قەراری میلەتی کوردە و ئەم نائیبەمان هەر بۆ ئەمە نیە کە بێ لێکدانەوە فکرێک وە یا رێگایەکی موخالەفەت بگرێ و زدایەتیەک

تەعقیب بکات، بەڵکو ئەزانێ کە لە تەتبیقی ئەمەدا وەکو مەنفەعەتێکی نابێ، بیلعەکس زەرەرێکی زۆری ئەبێ بۆ میلەت و وەتەنەکە.

"ئەگەر بە تەواوی ئەم مەسەلەیە محاکەمە بکەین وابزانم کەس نیە حاڵی حازر تەتبیقی ئەم قانونە موهیمە بە چاک بزانێ. چونکە تەبیعی واسیتەی تەتبیقی تەجنیدی ئیجباری بۆ ئەوەیە کە میلەتەکە فێری خەدەمات و وەزائیفی عەسکەریە بکات، کە لە حاڵێکی تەعەڕوز و هجوما وەتەنەکەی لە ئیستیلای ئەجانیب و دوشمن محافەزە بکات و بپارێزێ، فەقەت محافەزەی وەتەن بە خۆشەویستنەوە ئەبێ، وەتەن خۆشەویستنیش بە نیسبەت میلەتەکەوە لە گەڵ عەقل و عیلما مەبسوتەن موتەناسیبە.

"میلەتێک هەتا عەقل و سەویەی بە دەرەجەیەک نەگەیشتبێ کە پێی ببێژرێ تەکامولی کردوە ئەم فکرە عالیەی نابێ.

"هەرچەند ناتوانم بڵێم میلەتی عیراق هەموی جاهیل و ئەم فکرە عالیەی نیە، فەقەت ئەتوانم بڵێم بە ئەکسەریەت و حەتا قیسمێکی زۆری هێشتا کۆچەرە، بۆنی مەدەنیەتی نەکردوە، عادەتەن لە وەزعیەتی دنیا بێ خەبەرە و هێشتا چونکە هیچ مەکتەبێکی نەدیوە لە عیلم و مەعریفەت بێ بەهرە ماوەتەوە، حاسلی وەحشیە. لە بەر ئەمە لەمانە هیچ ئومێد ناکرێ کە ئەم فکرە عالیەیان هەبێ و وەتەنەکەیان خۆش بوێ.

....

"لە بەر ئەوە هەتا ئەم عەشائیرانەمان و جاهیلەکانمان لە نوری مەعاریف بەهرەمەند ئەبن و حسی عالی محافەزەی وەتەن پەیدا ئەکەن و بە واجیبی ئەزانن و تەعەڕوزی وەتەنەکەیان بە تەعەڕوزی ناموسیان ئەزانن، باش نیە ئەم قانونە تەتبیق بکرێ و ئەم فکرە بهێنرێتە حەیزی فیعلەوە، چونکە وەکو وتمان غەیری ئەمە ئیستیفادەی لێ ناکرێ و ئەبێ بە واسیتەی

ڕەنجیدەی دڵی ئەم نەوعە ئینسانانەمان و ئەشبێ بە سەبەبی ئیختیلافاتی ئەهالی، ئیستا بۆ ئێمە لازمە لە پێش ئەمەدا سەعی بکەین کە تەدریجەن بە قەدەر قوەت و ئیقتیدارى حکومەتەکەمان عمومی میلەتەکەمان ئینتیسابی مەعاریف بکات، جاهیلی نەمێنێتەوە، غەیری ئەمەیش هەوڵ بدەین بۆ ئیکمالی ئەو هەمو نەواقیسانەمان کە لە ئیقتیسادیات، تیجارەت، زەراعەت و مەعاریف.. دا هەمانە.

"ئەوساکە میلەتەکەمان پێش کەوت و حسی محافەزەی وەتەنی پەیدا کرد و تەعەشوقی بە وەتەنەکەیەوە کرد تەتبیقی ئەم قانونە لازمە و بەڵکە واجیبە.

"حەتا ئەمەیش دەلیلە حکومەتی ئێرانی دراوسێمان کە هەمو ئەیزانین حکومەتێکی چەند کۆنە و بە تەواوی موستەقیلە فەقەت چونکە هێشتا میلەتەکەی ئەکسەریەتی جاهیلە لە دوای ئەوەیش کە قانونی موکەلەفیەتی عەسکەریەی لە مەجلیسی مەبعوسانیا تەسدیق کرا هێشتا ناتوانێ تەتبیقی بکات.

"کەواتە لە جیاتی تەجنیدی ئیجباری ئەگەر تەتبیقی قانونی تەدریساتی ئیجباری، هیچ نەبێ قیسمی ئیبتیدائی بکرێ باشترە و نەفعی زیاتر ئەبینن."(ژیان، ژ ۹۲، ۲۹ ی تشرینی سانی ۹۲۷)

دەربارەی پێکهێنانی جەیشی عێراقی و مشتومڕی تەجنیدی ئیجباری بڕوانە:

الدکتورة رجاء حسين حسني الخطاب: تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي من ۱۹۲۱ ۱۹٤۱، ط ۲، بغداد، ۱۹۸۲.

جارێکی تریش ئەم کێشەیە هاتۆتەوە کایە (ژ۱۲۸)

٣. ٥. وەزارەتی تازە کوردی تیّدا نیە

وەزارەتەکەی سەعدون هیچ وەزیریّکی کوردی تیّدا نەبوە. ژیان لە سەر ئەوە بە دەنگ هاتوە، لە ژیّر سەردیّڕی (وەزارەتی تازە) دا نوسیویّتی:

"ئەمساڵ بە نەزەری تاریخی سیاسی عیراقەوە ساڵیّکی موستەسنا و موهیم بو، لە لایەکەوە ئەعزای وەزارەتی سابیقە بە کەمالی گەرمی و جدیەت خەریکی مفاوەزە بون لە لەندەن، لەم لایشەوە بە عەینی گەرمی و حەرارەت رۆحی موعارەزە لە زیاد بونا بو. لە سەریّکەوە فەعالیەت و موجاهەداتی وەفدی عیراقی تەقدیر ئەکرا، لە تەرەفیّکی کەوە بە شیدەت تەنقید و موئاخەزە ئەکرا. خولاسە لەم بوحرانەدا روئەسای سیاسەت ریّگای خۆیان ون کرد، سیاسەتی داخلیەیان کامیلەن وە یا تەقریبەن لە بیر چوەوە، نیهایەت لە هەوایەکی وا پڕ فەرتەنەدا قابینەی تازە تەشەکولی کرد.

"ئەمینم هەروەکو من، هەمو فەردیّکی کورد، کە خەبەری زانی جەنابی فەخامەتمەئاب حەزرەتی عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون تەشکیلی وەزارەت ئەکات، زۆر کەیفخۆش بو، چونکە ئەوەل داخلکەری وەزیری کورد بە قابینەی عیراق حەزرەتی عەبدولموحسین بەگ بو. لە بەر ئەوە ئیّمە لە هەمو خسوسیّک و حقوقیّکەوە ئەمەلی گەورەمان بەو زاتە موحتەرەمە هەیە. غەیری ئەمەیش هەمو کەس ئەیزانیّ کە فەخامەتی لە هەمو کەسیّ زیاتر لە سەرامەدانی ئەشرافی عیراقە و ئەنجەبی نوجەبای میلەتی نەجیبەی عەرەبە. تەبیعی زاتیّکی وا نەجیب و داهی، هەمو وەقتیّک کەرەم و سەخای ئەبیّ و، حەقیقەتەن جوزئی تەئەمولیّک لە لیستەی وەزارەتی تازە بکریّ، مەعلوم ئەبیّ کە ئەقەلیاتی عیراق هەر یەکە لە صورەتی شەخسیّ وە یا دو شەخسا تەجەسومی کردوە و بە کەمالی هەیبەت و ویقار لە سەر کورسی وەزارەت دانیشتوە، کەچی قەومی بەدبەختی کورد بە نەزەر ئەم ئەقەلیاتەوە

ئەکسەریەتێکی عەزیمە تەشکیل ئەکەن و، ئەگەر موافیقی عەدل و مساوات و بە پێی نفوسی مەوجودەی حەرەکەت بکرایە، حەقی ئیشغالی ٣ کورسی‌یان ئەبو. مەعەلئەسەف سەماحەتی بەخشینی کورسیەکیشمان لە گەڵ نەکرا.

"ئێمە قەومی کورد، هیچ وەقتێک نەمانویستوە و نامانەوێ حەرەکەتێک کە زەرە بۆنی تەفرەقە و (جیایەتی) تیا بێ بیکەین، فەقەت ئەبینین ئێمە موقابیل بە خلوس و ئیعتیمادمان لە تەنها کورسیەکی وەزارەت مەحروم ئەبین.

"لە گەڵ ئەمەیش دا کە ئەم مەحرومیەتە و ئەم تەجاوزی حەقە، بە ئینتیزار و عەدالەتەوە موقابەلە ئەکەین، کەچی یەکێ لە غەزەتەکانی بەغداد بە سورەتی ئیستیهزا ئەنوسێ کە کورسیەکی وەزارەت بۆ برا کوردەکانمان هەڵگیراوە فەقەت فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ تەشەئومی لە ئایەتی (تسعة رهط یفسدون فی الارض) کردوە و نایەوێ وەزارەتی نۆیەم بدا بە کەس وە یا بە تەعبیرە ئەسەحەکەی بیدا بە کورد، نەکو ئیفسادی ئەرزی عیراق بکەن.

"سوبحانەڵلا! ئەوەڵەن، زاتێکی نەجیب و قەدردان و تێگەیشتوی وەکو فەخامەتی موحسین بەگ هیچ وەقتێک فکرێکی وای نەکردوە و نایکات. سانیەن، تیغلی مەشروتیەتی عیراق هەتا ئیستا ٥ باوک وو یا ٥ وەزارەتی دی، لەمانە تەنها دوانی ئەخیر کورسیەکی کوردی تیّدا بو، نازانم کام یەک لەم پێنجە بە سەمیمیەت و جدیەتێکی وەتەنپەروەرانە بۆ مەنافیعی موڵک و میلەت تێ هەڵچون و چ خدمەتێکی موهیمیان بۆ ئوممەتەکەیان و، چ ئەسەرێکی تەرەقی سیاسی، ئیجتیماعی، ئیقتیسادی‌یان پیشان دا و موفسیدی نۆهەم لێ تێک دان؟ یاخود ئەبێ رەشیی شەخسێک بەرامبەر بە رەشیی و ناقدومی هەشت کەس چ تەئسیرێکی ببێ کە ئیفسادی ئەرزی عیراق بکات؟

"ئێمە بە ناوی سەلامەتی وەتەنەوە ئارەزومان وابو کە هەمو عەناسیری موختەلیفەی عیراق دەست بدەنە یەک و موتەفیق بن و رێگای نەشر و دەرکەوتنی بەعزێ قسە و نوسین نەدرێ، کە ببێ بە سەبەبی تەفرەقە و برودەتی بەینی کورد و عەرەب.

"وە دیسان بە ناوی عەدل و مساواتەوە ئارەزومان ئەکرد کە رەئیس وزەرای تازە لە تەشکیلی قابینەکەیدا قەومی کورد بە ئەکسەریەتی موهیمەیەوە لە بیر نەچوایەوە و بە سەخا و کەرەمێکی سەعدونیەوە ئەویش وەکو ئەقەلیاتەکانی تر نائیلی دو وە یا کورسیەک بکردایە." (ژیان، ژ ١٠٢)

٤. هەڵسەنگاندنی کاری مەبعوسەکانی کورد

"بە موناسەبەتی حلولی ئیجتیماعی میلیەوە بۆ مەندوبە موحتەرەمەکانمان

"نائیب و واجیباتی

"ئوصولی نیابەت ئوصولێکی دیموقراسیە. ئەمڕۆ دەرەجەی ئەهمیەت و لزومی وەک (موتاعەرەفە) یەکی لێ هاتوە و لێدوانی زائیدە. ئەساسی مەوزوعی ئێمە تەدقیق و تەحقیقی ئەم ئوصولی موهیمەی حەیاتیە نیە، چونکە تەقریبەن لە ئەواخیری عەسری هەژدەمەوە هەتا ئیستا، عولەما، تێگەیشتوانی غەرب و شەرق خەریکی تەشریحی ئەم مەسئەلەیەن. باوەڕ ناکەم کەس مابێ ئینکاری چاکی ئەم ئوصولی ئیدارەی حکومەتە بکات.

"ئەوی ئێمە کردومانە بە سەر لەوحەی مەقال: وەزیفە و واجیباتی وکەلای ئومەتە. لاعەلەلتەعین هەر ئوصولێک وەلەو حائیزی هەمو نەوعە ئەوصافێکی نافیع بێ، بە شەرتێ حوسنی ئیدارە و ئیستیعمال نەکرێ، فائیدەیەکی مەتلوبەی لێ ئستیحصال ناکرێ. بینائەن عەلەیهی ئەم ئوصولی

نیابەتەیش ئەگەر لە تەرەف ساحیب لیاقەت و ئیقتیدارەوە تەتبیق نەکریٚ، لە جیٚگەی نەفع زەرەر ئەبەخشیٚ.

"لە پاش ئەم موقەدیمەیە بیٚینەوە سەر رۆحی مەسئەلە، ئیٚوە ئەی حەزەراتی وەکیلانی ئومەتی بیٚچارەی کورد، ئەم خیتابەمان لە گەلٚ ئیٚوەیە. ئەبیٚ بزانن کە هەمو قەوانین و نیزاماتی حکومەت تا ئیٚوە تەسدیقی نەکەن ناکریٚ، وە لەم خسوسەوە مەسئول، ئەم مەجلیسەی ئیٚوەیە، ئەم مەجلیسە بە جاریٚ تەمسیلی میلەتی عیراق و فەردەن فەردەن هەر ئەعزایەکیشی تەمسیلی میلەتەکەی خۆی ئەکات، کولی مەندوبیٚک لە تەرەف ٢٥ هەزار کەسەوە تەوکیل کراوە وحقوقی ئەم ٢٥ هەزار کەسە تەودیعی ئۆباڵی ئەو کراوە، ئەو کورسیەی کە لە مەجلیسا ئیشغالی ئەکەن شەرەفیٚکی ٢٥ هەزار کەسی هەیە و ئەبیٚ بزانن کە دائیمەن هەر یەکیٚک لە ئیٚوە ٥٠ هەزار چاو چاوەڕوانی خزمەت و فەعالیەتی لیٚ ئەکات.

"ئەمە ٣ دەورەی ئیجتیماعیەی موهیمی نیابیەتان تیٚ پەڕان کەچی هیٚشتا میلەت لە ئیٚوە بە تەواوی سەعیەک و فەعالیەتیٚکی نەدی. تەبیعی لە حەزەراتی ئیٚوە بەعزیٚکتان چاوتان پیٚ کەوتوە وە یا بیستوتانە کە ئەلویەکانی جنوب ئەمرۆ لە خسوس هەمو شتیٚکەوە تەکامولی کردوە هەمو مالەزەمەیەکی بۆ ئیحزار و هەمو ئیحتیاجاتیٚکی دەفع کراوە، تەبیعی لیوائەکانی خۆیشتان دیوە. لازمە موقایەسەی بکەن. عەجەبا ئەسبابی ئەم هەمو نوقسانیەتە و دواکەوتنەمان نازانن، تەبیعی ئەیزانن کە مەندوبەکانی ئەوان لە داخلی حدود و سەلاحیەتی خۆیانا هەمو نەوعە تەشەبوساتیٚکیان کردوە. واجیباتی مەودوعەی خۆیان بە جیٚ هیٚناوە و بۆ میلەتەکەیان تیٚ کۆشاون. هەتا بەم نەوعە میلەتەکەیان مەمنون و خۆشیان لای ئەوان خۆشەویست کردوە.

"ئـەبینن کـە ئەکسـەر لـە نوابـەکانی جنـوب بـۆ فـەحس و تـەدقیقی ئیحتیاجاتی ئیقتیسادی، عیلمی، سیحی ئەسورێنەوە و حەتا خاریجی مەنتیقەی ئینتیخابیـەیان ئەگـەڕێن، لـە زەرورەت و لـەوازیماتی میلـەت تـێ ئەگـەن، بـۆ پێکهێنانی ئەمانە ئیرشاد و تەوصیەی حکومەت ئەکەن و، بەو نەوعە واجیباتی موقەدەسەی خۆیان ئیفا ئەکەن. کەچی هێشتا زۆر لە ئێوە ئەمەندە مەراقی نەکردوە کە لە داخلی مەنتیقەی ئینتیخابیەکەی خۆیا گەشـتوگوزارێ بکـات، ئیحتیاجاتی زەرورەتی میلەتەکە تەدقیق و بۆ ئیکمالی نەواقیسی تەشەبوسێک بکات.

"وەقتـێ بـێ لێکدانـەوە کـە دەسـتی تەسـویتیان بـۆ قـانونی (رەسمـی فەواکیهـە و ئـەسمار) هـەڵبڕی ئەبوایـە بتانزانیایـە کـە فـەرمانی ئیفلاسـی و مەحوبونەوەی میلەتێک ئیمزا ئەکەن.

"لازم ئـەکات حـەزەراتی ئێـوەش، عمومـی مەندوبـەکانی کـورد: لـە زەمـانی عوتلـەدا گەشـتوگوزاری عمومـی ئـەرازی لیـوا، قـەزا، ناحیـە، حـەتا دێهاتـەکانی مەنتیقەکـەتان و مەنتیقـەی یـەکتری بفـەرمون و، لـە رۆحـی ئیحتیاجاتی میلەتەکە تـێ بگـەن و هـەموتان دائیمـەن موتـەفیق عـەینی وەکـو رۆحێکی جیسمێک حەرەکەت بکەن، ئەم نەواقیساتانە و ئیحتیاجاتی میلەتەکە ئەیبینن ئیرشاد و تەوسیەی حکومەتی بکەن و ئەگەر وا بەو نەوعە ئیتیفاق و شارەزای مەناتیقی یەکتری بین ئەتوانن دائیمەن لە مەجیلسا کیتلە و پارتیەکی موهیم و بـە قـوەت تەشـکیل و ئیحتیاجـاتی میلەتەکـە بـە ئەکسـەریەت بـە حکومـەتی ئیکمـال بکـەن. وە میلەتەکـە لـە زەرەر و زیـان محافـەزە و ویقایـە بفەرمون، ئەوسا میلـەت بە کـەمالی جدیەتـەوە فـەخرتان پێـوە ئـەکات و بـە موقەدەستان ئەزانێ.

"ئیتر رجا ئەکەین کارێکی وا بکەن کە بۆ ئینتیخاباتێکی کە بە شەرەفەوە ئومێدی تەوکیل کردنتان لە میلەتەکە بکەن. ئیتر ئینتیزاری فەعالیەت و مەساعی مەشکورەتان ئەکەین." (ژیان، ژ ۸۷، ۲۵ ی تشرینی ئەوەلی ۱۹۲۷)

پێ ئەچێ ئەم وتارە نائیبە کوردەکانی تورە کردبێ بۆیە لە ژ ۹۶ دا لە ژێر سەرناوی (تەلەبی عەفوا) دا وتارێکی تری نوسیوە. وتارەکە گۆیا داوای لێ بوردن لە نائیبەکان ئەکا، بەڵام وەکو لە ناوەرۆکی وتارەکەدا دەرئەکەوێ، تەنیا باسی ئەمین زەکیی بە چاکە کردوە و داوای لێبوردنی بە تەنیا لەو کردوە، بە چەشنێکی ناراستەوخۆ رەخنە و گلەییەکانی خۆی لە نائیبەکانی تر دوبارە کردۆتەوە. نوسیوێتی:

"لە غەزەتەی ژمارە ۸۷ و ۲۵ ی تشرینی ئەوەلی ۹۲۷ دا بە موناسەبەتی کۆبونەوەی مەجلیسی مەبعوسانەوە لە خسوس نائیبە موحتەرەمەکانمانەوە مەقالەیەکمان نوسی بو، وەکو زانیومانە ئەم مەقالەیە بوە بە سەبەبی دڵگیری قیسمێک لە مەندوبەکانمان.

"ئێمە هەمو وەقتێک ئەم زاتانە موقەدەس و، عادەتەن چونکە وەکیلمانن بە گەورەی خۆمان و، بە موحتەرەم و عالی هەمو قەومەکەمانی ئەزانین.

"مەعلومی هەمو شەخسێکە ئەمڕۆ میلەتی کورد لە هەمو قەومێک باخسوس لە دراوسێکانمان زیاتر دواکەوتوە و ئەمڕۆش عەسری تەرەقی و هەوڵدان و پێشکەوتنە. میلەتێکی دواکەوتو تەبیعی ناژی و ئەگەر هەروا بمێنێتەوە حەقی ژیان و حەتا نان خواردنی نابێ و بە بەشەر ناناسرێ. لە بەر ئەوە ئێمەش مەجبور بوین بۆ خاتری تەلافی مافات بکەین و هەر بەم نەوعە

نەمێنینەوە وەکیلە موحتەرەمەکانمان تەشویق بکەین کە لە خەلقی کە زیاتر سەعی‌مان بۆ بفەرمون، کە خێراتر بۆ ساحەی مەدەنیەت هەنگاو بهاوین.

"ئێمە قەت ئینکاری سەعی و فیداکاری ئەم زاتانە ناکەین و مەندوب و وەزیرێکی وەکو مەعالی ئەمین زەکی بەگ کە عیلم و عیرفان و فەزیلەتی ئەمڕۆ فەوقی هەمو کەسێکە و بە ئومێدی خدمەتی وەتەن و میلەتەکەی لە دیارێکی دورەوە تەیی مەسافەی کرد لە حالێکی وا موهیم دا کە میلەت زۆر لزومی بە زات و شەخسی وا فەعال بو تەشریفی هێنایەوە و، لەوسایشەوە هەمو ئانێک بە هەمو قوەتیەوە بۆ تەرەقی و پێکهێنانی هەمو مالەزەمەیەک و نوقسانیەتی میلەتەکە هەوڵ و تەقەلای دا و، ئەمڕۆکە هەمو ئەیبینین زۆر نوقسانیەتی بۆ ئیکمال کردین. کە دائیمەن لە پێش چاوی میلەتە و لە فکر ناچێتەوە. عەجەبا چۆن ئەبێ لە عەلەیهی ببین. حاشا ئێمە قەت جەسارەتی وا ناکەین زاتی عالی و شەخسی وا موقەدەس دائیمەن تەقدیر و تەقدیس و ئیلەل ئەبەد تەمەنای موەفەقیەت و تەشەکوری خەدەماتی مەشکورەی ئەکەین.

"ئیستیرحام ئەکەین کە بە نەزەرێکی خراپ تەماشای مەقالەکە نەفەرمون، چونکە لە غەیری ئەوە کە زیاتر بۆ هەوڵدانی ئیکمالی نوقسانیەتی میلەتەکە نەبێ تەشویقیان بکەین هیچی تر ناڵێین و، هیچ حەقێکمان نیە بیلێین و، دائیما تەمەنای موەفەقیەتیان ئەکەین. هەر بژین."

مەجلیسی نواب

(دمورەی دوەم)

(۱۹ ی ئایاری ۱۹۲۸   ۱ ی تەموزی ۱۹۳۰)

دەورەی ئینتیخابی‌ی دوەم

١. وتارەکانی ژیان

"قسەی حەق وەلەو رەقیش بیّ نابیّ کەس پیّی ناخۆش بیّ

"وەکو تەماشا ئەکەم و ئەبینم، لە سلیّمانی و لە خاریج، زۆر کەس و ئەنواعی ئینسان خۆی حازر کردوە و تەشەبوسات ئەکەن بۆ ئەوە کە ببن بە مەبعوس.

"ئەم زەوتانەش قیسمیّکیان بە بیّ مەسئولیەت موقابیل بە میلەت خوا کردونی بە مەبعوس و بە قەد مەبعوسیّ کە بۆ میلەتی خۆی سەرفی حەمیەت و غیرەتی کرد بیّ، حورمەت و شەرەف و ئەملاک و سەروەتیان هەیە و، لە نەزەر عموم دا زۆر بە ئیعتیبار و نفوزن، لاکین مەعەلئەسەف چونکی لەمەوپیّش تەحسیلی مەکتەب لەم مەحیتەدا موهیم و مەتلەب نەبوە، باخسوس بۆ پیاویّک کە ساحیبی سەروەت و ئەمەلاک بوبیّ، دلّی نەهاتوە ئەولاد لە خۆی دور بخاتەوە و بینیّریّتە مەکتەب و زیاتر مەغرور بە سەروەت و ئەملاک و ئیعتیباری ئەولادی لە تەحسیلی مەکتەب و مەکاتیبی عالی مەحروم کردوە و بە سایەی شەرەف و ئەملاکیانەوە بە حورمەت ژیاون و، ئیستایش لە نەزەر ئەهالی‌دا ئەو شەرەف و حورمەتە باقیە، فەقەت چونکە لە مەکاتیبی عالی‌دا تەحسیلیان نیە ئەم وەزیفە موهیمەیان پیّ ناکریّ، هەر تیا مەحجوب ئەبن، چونکە ئەمرۆ وەزیفە نیە کە لە وەزیفەی مەبعوسی موهیمتر بیّ وەکو وەزیفەی تر نیە هەر موقابیل بە شەخسیّک مەحجوب بیّ. مەحجوبی

مەبعوسی موقابیل بـە میلەتێکـە. مەبعوسـێ موقتـەدیر و زبـان زان و عـالم و ساحیب ویجدان و بە حەمیەت بێ، میلەتێک بەرز ئەکاتەوە و وڵاتێک مەعمور و ئـاوەدان ئـەکات. خوانـەکردە عەکسی ئەمـە بـێ، میلـەتێک دوا ئـەخات و وڵاتێک وێران ئەکات و خۆشی رەزیل و بێ حورمەت ئەبێ.

"کەوابو یەکێ لە هەمو خسوسێکەوە خۆی لایق نەبینێ و نەزانێ لەم وەزیفەیەدا مەحجوب نابێ، نابێ و حەیفە تەشەبوس بەم وەزیفەیە بکات و ئۆباڵی میلەتێک بخاتە ئەستۆی خۆی و ئیعتیبـاری خـۆی لای میلەتەکـە مـەحو بکاتەوە. بەعزێکی تر هەن کە خۆیشیان ئەیزانن ئەم وەزیفەیەیان پێ ئیفـا نـاکرێ و ناشـبن بـە مـەبعوس کـەچی مەنفەعـەتی زاتـی سـەوقیان ئـەکات تەشەبوس بۆ ئەم بارە قورسە بکەن. ئەمانەش دو کەلیمە خوێندنی ئیبتیدائی وە یاخود چەن رۆژێک لە مەئموریەت دا موستەخدەم بون، چوار کەلیمە فێر بون سەوقی ئەم تەشەبوسەی کـردون. مەبعوسـی هـەر تەنـها بـە خوێنـد و خوێندەواریش تەواو نابێ، نابێ لە بەر بێ مەئموریەتی و یاخود بۆ تـەرەقی مەئموریـەت تەشـەبوس بکـات، مـەبعوس ئـەبێ میلەتپـەروەر بـێ، سـاحیب ئـەخلاق، ویجـدان و رەحم بێ، عالم و زبان زان بێ، مەوقیعی ئیجتیمـاعی لای میلەتەکەی ببێ، مەنعەتپەرست نەبێ، لە ئیحتیاجاتی میلەت چاو نەپۆشێ، بە سەبات بێ، رۆحی خۆی فیدای مەنعەتی میلەت بکات و بتوانێ موجادەلە لە گەڵ ئەو تەحسیلدیدانە بکـات کـە لـەو مەجلیسـەدا موجادەلـە و سەعی بـۆ وەتەنی خۆیان ئەکەن، چونکە هەمو ئەیزانین لەو مەجلیسەدا حەیات و مەمات بەش ئەکرێ. هەر میلەتێک مەبعوسی چاکی ببێ بەر حـەیات ئـەبێ، عەکسی چاک بێ مردن بەشێتی.

"ئەمجا کەوا بو حەیفە گوهەردۆڕاندن، رجا ئەکەم لە سەر ئێوە فەرزە بەم نفوز و حورمەتەوە سەعی بکەن و تـەنویری ئێمـەمانان بکـەن تا بە عموم

پیاوی لایەق، تەجرەبەدیدە و ئەربابی خۆی بدۆزینەوە کە ئەم بارە گرانە بدەین بە سەریانا. ئەم قسانەم بە بێ ئەدەبی عەمد مەکەن وەلا کەسم نیە چاوی لە مەبعوسی بێ و خۆیشم لە ئێوە نالایەقترا حەقبێژی قسەڕەق"(ژیان، ژ ۱۰۱، ۹ ی شوباتی ۱۹۲۸)

"خیتابێکە موقابیل بە هەمو میلەتی کورد

"ئێوە هەمو ئەیزانن بە پێی قەراری عیسبەتول ئومەم ئەمڕۆ ئێمە لە گەڵ حکومەتی عیراقا ئەژین و هەمو موقەدەراتێکمان لە گەڵ ئەوانایە. لە هەمو شتێک زیاتر سەبەب و ئالەتی تەرەقی و تەعالی میلەتێک قەوانین و نیزاماتی حکومەتەکەیە، یەعنی تەرەقی میلەتێک لە گەڵ قەوانینی حکومەتەکەیا مەبسوتەن موتەناسیبە، باش بێ ئەبێ بە واسیتەی تەرەقی میلەتەکە، خراپ بێ میلەتەکە دوا ئەخات و مەحوی ئەکاتەوە. وە هەمویش ئەیزانین ئەم قەوانین و نیزاماتە هەموی بۆ تەدقیق و ئیسلاح و تەسدیقی تەودیعی مەجلیسی مەبعوسان ئەکرێ. تەبیعی ئەوسا هەمو مەبعوسێک لە گەڵ قابیلیەتی میلیەی و ویسعەتی ئەرازی لیواکەیدا موقایەسەی ئەکات، ئەگەر بۆ تەرەقی و پێشکەوتنی لیواکە موفید بو تەسدیق وەئیللا بە ئیعتیرازێکی مەعقول هەتا ئەبێ بە سەبەبی تەرەقی لیواکەی بۆ ئیسلاحی هەوڵ ئەدا. ئینجا کەوابو بۆ ئەم جێگایە پیاوی فەعال، موقتەدیر، وەتەنپەروەر و میلەت خۆشەویست بە عەمل دێ.

"ئەمڕۆ لیواکانی کورد دواکەوتوی هەمو عیراقە. ئەمیش بە واسیتەی مەبعوسەکانمانەوە بو. چونکە ئەو مەبعوسانەی کە لە ئەوەل دەورەدا ئینتیخابمان کردن هەموی نا فەقەت بە ئەکسەریەت هیچ ئەوسافێکی مەبعوسیان تیا نەبو. پیاوی ئەو مەجلیسە نەبون. هەر یەکەیان بۆ مەنفەعەتی خسوسی خۆیان مەنفەعەتی عمومی میلەتەکەیان واز لێ هێنا بو. بۆ خاتری

خۆیان گەورە بن هەر یەکە ئینتیسابی کرد بو بە یەکێ لە وەزیرەکان و پیاوە بە دەستەکانی ترەوە. عادەتەن وەکو مادونێکی ئەوان تابیعی هەمو ئەفکار و ئەوامیریان بون. هەتا نەتیجە وا دوایان خستین و لە هەمو ئەسبابێکی تەرەقی مەحرومیان کردین.

"ئینجا میلەت خۆ ئەمانەمان زانی لەوانەوە تەجرەبەیەکی باشمان دی. لازمە عەقلمان بێتەوە سەر. هەموئەهالی لیوایەک بە جدی تێ بکۆشین کە بۆ ئەم جێگایە پیاوی باش، فەعال، موقتەدیر، میلەتپەروەر و وەتەن خۆشەویست ئینتیخاب بکەین. چونکە ئەمە بۆ حەیات و ئیستیقبالێکی چوار ساڵیە. خودانەخواستە ئیتر ئەگەر لەم حاڵەیش زیاتر دوا بکەوین، جەبری مافاتی قابیل نابێ و پەشیمانی فائیدە ناکات. ئیتر خۆتان و غیرەتتان (حب الوطن من الایمان) ئەبێ بە دڵ و بە گیان بۆ وەتەنەکەمان هەوڵ بدەین." (ژیان، ژ ۱۰۳، ۲۳ ی شوباتی ۱۹۲۸)

"بە موناسەبەتی ئینتیخاباتی تازەی مەبعوسانەوە چەند قسەیەکی رەق ئەمما خۆش

"لەم بەینەدا بە موناسەبەتی ئینتیخاباتی تازەی مەبعوسانەوە شاری سلێمانی وەزعیەتێکی عەجایبی بە سەرا هاتوە. لە هەمو کۆڵانێک، لە هەمو چایخانەیەک و دیوەخانەیەک، قسە و بەحسی مەبعوسی تیکرار ئەکرێتەوە. حەتا دەوائیری حکومەت، ستونی غەزەتە، بەم مەوزوعە ئیشغال کراوە. هەرکەسە بە نەوعێک تەشویقات بۆ خۆی وە یا بۆ خزمێک و دۆستێکی ئەکات. ئەوانەی کە ئیقتیداری کاتێکی دائیرەیەکیان نیە هەوای مەبعوسی کەللەیانی پڕ کردوە. ئەوانەی تا ئەمڕۆ کوردیەت و میللیەتیان پێ عار بوە ئەمڕۆ بە لافی فیداکاری و وەتەنپەروەری گوێی عالەمیان کەڕ کردوە. هەر کەلەیەک هەر ئانێک نەوعێک نەقەرات تیکرار ئەکاتەوە. وەکو بەرخەکە

ئیستا، دایکی من رەش بو، هەر یەکە رۆژی نەوعە ئەلبیسە لە بەر ئەکات و لە نەوعە شکلێکی موختەلیف دا خۆی نیشانی میلەت ئەدات، خۆ موخابەرات و کاغەزی ئیلتیماس ئەوەندە زۆر بوە پۆستەی ئەوەندە گران کردوە کە موتەعەهید بە ئوتوموبیل پێی هەڵناگیری. ئیشتیاق و فیداکاری بەعزێک ئەوەندە لە غەلەیان دایە کە تەحەمولی جوابی کاغەزەکانیان ناتوانن بکەن خۆیان بیلزات بە شوێن کاغەزەکانیان دا دێنە سلێمانی. زائیرین ئەوەندە زۆر بوە دیوەخانانی پڕ کردوە. ئێمە بیستومانە کە لە کوردستانا هەر گەزۆ ئەبارێت، نەمانزانیوە کە ئەمساڵ پەڵەی مەبعوسی داوە. فەقەت ئەی میلەت! ئەی برادەرینە! قسەی راستتان عەرز بکەم، ئەم هەمو فیداکاریە، ئەم کوسرەتی ئیشتیاقە، ئەم کۆمەڵە لاف و گەزافە، موحەقەق بزانن هەر بۆ معاشە مەبزولەکەیە، هەر بۆ پڕکردنی گیرفانە لە مەسکوکاتی متەنەویعە.

"خۆزگە حکومەت ئەم خزمەتی وەتەنەی مەجانەن تەکلیف بکردایە و معاشی مەبعوسی بکردایە بە صەد روپیە، ئەو حەلە فیداکار، وەتنپەروەر بوار دەری ئەخست. بە ئیعتیباری عموم ناڵێم، فەقەت بە ئەکسەریەت کە زاهیرەن بە زمان ئەم وەعدانە بە ئێوە ئەدەن، ئەم فیداکاریەی کە پێ نیشانی ئەدەن، کەچی لە دڵدا لە گەڵ شتێکی کە خەریکن. ئەوان پلانی خۆیان دەمێکە رێک خستوە: لەم ئەدواری ئیجتیماعەدا چەند معاش وەرئەگرن؟ چەندی سەرف ئەکەن؟ چەندی پاشەکەوت ئەکەن؟ هەمویان حساب کردوە. لە سەر چ جادەیەک، کەلاوەی چ قوڕبەسەرێک بە هەرزان ئەکڕن و لەو کەلاوەیەدا چ نەوعە بینایەک دروست ئەکەن؟ وە یا چ دێیەک ئەکڕن هەموی بەرێکوپێکی پرۆغرامەکەی کە بە خەیاڵ تەرتیبیان کردوە لە گیرفانیانایە. (مزگەوت روخاوە، میحرابی ماوە)

"ئەی میلەت! موحەقەق بزانە ئەبێ خۆت بەزەییت بە خۆتا بێتەوە.

"فەقەت ها ئەم قسانەم بۆ ئەوە نیە کە ئێوە مەئیوس بن، زاتەن لە سەرەوە وتم ئەم قسەیەم بە ئیعتیباری عمومی نیە، لە ناو خۆتانا ئینسانی فیداکار، وەتەنپەروەر، موستەعید هەیە. زۆر چاک چاو بگێڕە، زەریف ورد بەرەوە، لە روا دامەمێنە، خزم و ئاشنا تەماشا مەکە، ئەوی بە کەڵکت دێت، ئەوی دەرمانی دەردت ئەکا، ئەوی ئیعتیمادت بە عیلم و سەویەی هەیە، ئەوی قیمەتی لای تۆ مەعلوم و موجەڕەبە، حاسلی ئەوی حەیات و مەماتی ئەوێی، سەعادەت و فەلاکەتی لە گەڵ تۆدا موشتەرەکە، ئەوە هەڵبژێرە، پرۆغرامی داوا لێ بکە، پشت بە یەکێک ببەستە (مەبەستە. نم) کە ئاگرت تێ بەر بدا و خۆی لە دورەوە سەیرت بکات ئیتر:

من انچه شرط بلاغ است با تو میگویم

تو خواهی از سخنم پند گیر و خواهی ملال" (ژیان، ژ ١٠٤، ١ ی مارتی ١٩٢٨)

٢. پێکهێنانی مەجلیس

٢. ١. نامزەدیی

"ئەمجارە بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی لیوای سلێمانیەوە ئینتیخاب بکرێن و ببن بە مەندوب موافیقی ئیستیدعایەک کە تەقدیمیان کردوە جەنابان: نامیق بەگ کوڕی عەلی پاشا کە دانیشتوی موسلە و، ئەحمەد نوری ئەفەندی مودیری پۆستە و تەلغرافی کەرکوک نامزەدیی خۆیان ئیعلان کردوە." (ژیان، ژ ١٠٢، ١٦ ی شوباتی ١٩٢٨)

"بۆ زانینی هەمو

"ساکینی قەزای هەڵەبجە جەنابی ئەحمەد بەگ زادە عەلی بەگ بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی ئەم لیوایەوە ئینتیخاب بکرێ و ببێ بە مەبعوس بە ئیستیدعای رەسمی نامزەدی خۆی وەزع کردوە.

"جەنابی سەبری ئەفەندی حاجی عەلی ئاغا بۆ ئەوەی لە لیوای سلێمانیدا ئینتیخاب بکرێ و ببێ بە مەبعوس ئەمجارە لە تەرەف دو سەد شەخسی ئەم لیوایەوە بە مەزبەتە تەرشیح و نامزەدییان وەزع کردوە."(ژیان، ژ ۱۰۵، ۸ ی مارتی ۱۹۲۸)

"نامزەدیی

"لە ئەشرافی سلێمانی موتەقاعید میرلیوای ئەرکانی حەرب موحتەرەم حاجی مستەفا پاشا بۆ مەبعوسی لیوای سلێمانی نامزەدیی خۆی وەزع و ئیعلان فەرموە.

"لە بەگزادەی جاف جەنابان ئەحمەد موختار بەگ و جەمال بەگی کوڕی جەمیل بەگ لە هەڵەبجەوە و، لە خەڵقی سلێمانی و دانیشتوی بێروت سابیق بیکباشی ئەرکان حەرب جەنابی ئەحمەد زەکی بەگ لە بیروتەوە بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی ئەم لیوایەوە ئینتیخاب بکرێن و ببن بە مەبعوس نامزەدیی خۆیان وەزع کردوە."(ژیان، ژ ۱۰۸، ۵ ی نیسانی ۱۹۲۸)

"بۆ زانینی هەمو

"موحتەرەم جەنابی سەیفوڵا بەگ کوڕی عیزەت بەگ بۆ ئەوەی ئینتیخاب بکرێ و ببێ بە مەبعوسی ئەم لیوایە لە تەرەف ئەهالیەوە بە مەزبەتەیەکی دوصەد ئیمزایی نامزەدییان تەلەب و وەزع کردوە.

"جەنابی ماجید ئەفەندی کوڕی مستەفا ئەفەندی قازی بۆ ئەوەی ئینتیخاب بکرێ بە مەبعوسی ئەم لیوایە لە تەرەف ئەهالیەوە بە مەزبەتەیەکی دوصەدوپەنجا ئیمزایی نامزەدییان تەلەب و وەزع کردوە."(ژیان، ژ ۱۱۰، ۱۹ ی نیسانی ۱۹۲۸)

"بۆ زانینی هەمو

"لە خەلقی سلێمانی دانیشتوی بەغداد حاجی مەلا سەعید ئەفەندی کەرکوکلی زادە بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی لیوای سلێمانیەوە ئینتیخاب بکریٚ بە مەبعوس لە سەر پرۆغرامێکی کە لە ژێرەوە دەرج کراوە نامزەدیی خۆی وەزع کردوە:

١. موعاهەدە لە گەڵ ئوممەت ئەکەم کە بە قەدەر تاقەت سەعی بکەم بۆ ئیستیقلالی تام کە هیچ گرێیەکی تیا نەبیٚ.

٢. غایەی ئەمەلم ئەمەتە میلەتی عیراق و بریتانیای عوزما دائیمەن لە حالی دۆستی و مەسالیحی ئینگلیز لە عیراقا مەحفوز ببینم.

٣. سەعی و تەشویقی سوڵتاتی محەلیە ئەکەم بۆ تەعدیلی بەعزیٚ قەوانین و ئەشکالی مەوزوعەی حازرە وەک ئوسوڵی جیبایەت (ضریبة) بە سورەتێک موافیقی مەسلەحەتی زوراع و موکەلەفین بیٚ.

٤. موافەقەت لە سەر هیچ قەرارێک ناکەم لە مەجلیس دەرچیٚ کە حقوقی میلەت پایەماڵ بکات وە یا موخیلی ئیستیقلال بیٚ."(ژیان، ژ ١١١، ٢٦ ی نیسان ١٩٢٨)

"بۆ زانینی هەمو

"مەعالی ئەمین زەکی بەگ بۆ ئەوەی لە تەرەف ئەهالی ئەم لیوایەوە ئینتیخاب بکریٚ بە مەبعوس بە تەلغراف نامزەدیی وەزع فەرموە.

"تەلغرافێک کە لە ئەحمەد نوری ئەفەندیەوە هاتوە

"بۆ حەمیەتمەندانی ژیان

"وەکو لە وەقتی خۆیا لە گەڵ سەعادەتی موتەسەڕیف و زەواتی موحتەرەمەوە قسە کرا بو دیسان تەرشیحم بە واسیتەی حکومەتی مەرکەزیەوە تەمەنا ئەکەم. فائیدە لە ئێمە مەئمولە. کەرکوک ئەحمەد نوری"(ژیان، ژ ١١٣، ١٠ ی مایسی ١٩٢٨)

٢. ٢. دیاری کردنی مونتەخیبی ئەوەلی

هەڵبژاردن راستەخۆ نەبوە، بەڵکو بە چەند قۆناغێک دا رۆیشتوە. سەرەتا لیستی ناوی ئەوانە دیاری کراوە کە مافی دەنگدانیان هەبوە. چونکە دانیشتوانی وڵات هەمویان مافی دەنگدانیان نەبوە. ئافرەت مافی دەنگدانی نەبوە، ئەم مافە بە تەنیا هی پیاوان بوە، لە ناو پیاوانیش دا ئەوانەی کە مڵک وماڵێکی دیاریکراویان هەبوە و ساڵانە لە چەردەیەکی دیاریکراو زیاتر باجیان داوە. بەمانە وتراوە مونتەخیبی ئەوەلی. هاووڵاتیانێک کە موڵک و ماڵیان نەبوە مافی دەنگدانیان نەبوە. مونتەخیبی ئەوەلی مافی هەڵبژاردنی مەبعوسی نەبوە، بەڵکو مافی هەڵبژاردنی چەند کەسێکی هەبوە لە گەڕەکەکەی خۆیان دا کە پێیان وتراوە مونتەخیبی سانەوی. مونتەخیبی سانەوی مافی هەڵبژاردنی مەبعوسەکانی هەبوە.

"ئیعلان

گۆێژە	دەرگای مزگەوتی شێخ محەمەدی ئالەکی
مەڵکەندی	پێش چایخانەی حەمەئاغای ئەوڕەحمان ئاغا
دەرگەزێن	دەرگای خانەقای مەولانا
کانی ئاسکان	دەرگای مزگەوتی گەورە
سەرشەقام	دەرگای مزگەوتی مەلا حامید
چوارباغ	دەرگای خانەقای مەشوی
جولەکان	کەنشتەی قەرەداغی

دەفتەری مونتەخیبی ئەوەلی محەلەکانی شاری سلێمانی، کە لە هەیئەتی موختاریەوە وەرگیراوە، بەو جێگایانەی کە لە سەرەوە نوسراوە لە رۆژی ٢٠ ی شوباتی ٩٢٨ دا تەعلیق کراوە. ئەوانەی کە ئیسمیان لەو دەفتەرانەدا تەسجیل نەکراوە وە یا ئەوانەی کە حەقی رەئییان نیە و لەو دەفتەرەدا تەسجیل کراون، حاسلی ئەو شەخسانەی کە ئیعتیرازێکیان هەیە لە

تاریخی تەعلیقەوە هەتا حەوت رۆژ ئەتوانن موراجەعەت بکەن بە هەیئەتی تەفتیشیە و ئیعتیرازەکەیان دەرمیان بکەن لە دوای ئەم مودەتە ئیعتیراز قبوڵ ناکرێ. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. هەیئەتی تەفتیشیە"(ژیان، ژ ۱۰۳، ۲۳ ی شوباتی ۱۹۲۸)

۲. ۳. هەڵبژاردنی مونتەخیبی سانەوی

"هەواڵی داخلی

"ئینتیخابات

"بە موناسەبەتی تەواوبونی دەفتەری مونتەخیبە ئەوەلەکان هەیئەتی شوعبەی ئینتیخابیەی سلێمانی و میعادی قانونیەوە، دەست کرا بە ئینتیخابی مونتەخیبە سانیەکانی ناوشار.

"لە گەڕەکی مەڵکەندی، جەنابان: حەمە ئاغای عەبدوڕەحمان ئاغا و، مەحمود ئەفەندی رەئیسی بەلەدیە و، میرزا ئەحمەدی حاجی قادر و،

"لە گەڕەکی گۆیژە، جەنابان: حاجی مستەفا پاشا و، حاجی ئیبراهیم ئاغا و، میرزا تۆفیق قەزاز و،

"لە گەڕەکی دەرگەزێن، جەنابان: حاجی مەلا محێدین ئەفەندی و، غالب ئاغا و، مەجید ئەفەندی و،

"لە گەڕەکی کانی ئاسکان، جەنابان: مەجید ئەفەندی حاجی رەسول ئاغا و، شێخ محەمەد ئەفەندی گولانی و، کەریم بەگی محەمەد فوئاد بەگ و،

"لە سەرشەقام، جەنابان: حاجی مەلا خالید و، مستەفا ئاغا و،

"لە چوارباغ، جەنابی: مەلا خالید ئەفەندی کوڕی مەحوی ئەفەندی و،

"لە جولەکان، جەنابی: سالح بنەشی.

"له نەتیجەی ئینتیخاباتا بە مونتەخیبی سانیەتی ئینتیخاب کراون.

"وە دەست کراوە بە ئینتیخابی ناحیەکانی مەربوتی لیوایش لە نەتیجەدا ئەوانیش عەرز ئەکرێ." (ژیان، ژ ١٠٩، ١٢ ی نیسانی ١٩٢٨)

"ئینتیخابات

"لە دوای تەواوبونی ئینتیخاباتی مونتەخیبە سانیەکانی ناوشار لە نەزارەتی ئەعزایانی هەیئەتی تەفتیشیەدا دەست کرا بە ئینتیخاباتی مونتەخیبی سانی ناحیەکانی مەربوتی سلێمانی. وە لە نەتیجەی ئینتیخاباتا:

"لە ناحیەی تانجەرۆدا، جەنابان: مودیر رەشید ئەفەندی غەفور، مەئمورمال قادر ئەفەندی، تەحسیلدار فایەق ئەفەندی، عەبدولاّ ناجی ئەفەندی، رەشید مەستی ئەفەندی، حاجی حەمەئاغا، حەمە رەشید ئەفەندی حاجی ئیبراهیم ئاغا، شێخ قادری عەتار، ئەحمەد بازیانی و،

"لە ناحیەی سەرچناردا، جەنابان: مودیر محەمەد فوئاد بەگ، ئەحمەد بەگ سەعید بەگ، عیزمت بەگ عوسمان پاشا، غەفور ئەحمەد و،

"لە ناحیەی قەرەداغ دا، جەنابان: سەعید ئاغای جەعفەران، شێخ سەعیدی تیمار، کوێخا نەجم زۆراب، رۆستەم عەبدولقادر، فەخری واسیف بەگ، شێخ نوری ئەفەندی شێخ بابا عەلی و،

"لە سورداشی جنوبیدا، جەنابان: مودیر شێخ یوسف ئەفەندی، حاجی ئەمین کاکەحەمە، جەلال سائیب ئەفەندی، تۆفیق فایەق..، محەمەد بەگی حاجی رەسول بەگ، عەبدولاّ ئەفەندی کاتب،.. حاجی ئەحمەد و،

"لە سورداشی شیمالیدا، جەنابان: حاجی محەمەد ئەفەندی حاجی کەریم، محەمەد سالح بەگ، حەکیم حاجی فەرەج، عەزیز کوێخا ئەحمەد و،

"لە ناحیەی سرۆچک دا، جەنابان: عەزمی بەگی بابان، شێخ رەزای شێخ محەمەد، شێخ حسێن سەید ئەحمەد، شێخ عەبدولی شێخ عەلی، شێخ مەحمودی شێخ عەلی و،

"لە ناحیەی بازیان دا، جەنابان: مودیر فەقێ محەمەد ئاغا، میرزا مارف و، قادر ئەفەندی موهەندیس.

"لە تەرەف ئەهالیەوە بە مونتەخیبی سانی ئینتیخاب کراون."(ژیان، ژ ۱۱۳، ۱۰ ی مایسی ۱۹۲۸)

حکومەت بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن مسۆگەر بکات و، ئەو نائیبانە دەربچێنێ کە خۆی دیاری کردون، هەمیشە هەوڵی داوە مونتەخیبی سانەوی لەوانە هەڵبژێردرێن کە گوێڕایەڵی ئامۆژگاریەکانی حکومەت بون. وەکو لەم ناوانەدا دەرئەکەوێ ژمارەیەکی زۆری مونتەخیبە سانەویەکانی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی، لە دانیشتوانی ناوچەکە نین، بەڵکو موچەخۆرەکانی حکومەتن.

۲. ٤. هەڵبژاردنی مەبعوسەکان

"ئینتیخاب

"لە دوای تەواوبونی ئینتیخابی مونتەخیبە سانیەکانی لیوای سلێمانی رۆژی ۹ ی ۵ ی ۲۸ لە نەفسی شار و لە هەمو مەرکەزی قەزای مولحەقەدا دەست کرا بە ئینتیخابی مەبعوسان. نەتیجە جەنابان: مەعالی ئەمین زەکی بەگ و، سەیفولا بەگ و، سەبری بەگی حاجی عەلی ئاغا و، محەمەد سالح بەگ، ئەکسەریەتیان ئیحراز کرد و بون بە مەبعوس. خوا لێیان موبارەک کا تەمەنای موەفەقیەت و خدمەتیان ئەکەین.

"لـە نەتیجـەی ئینتیخابـاتی لیـوای کـەرکوک دا، جـەنابان: مسـتەفا ئەفەندی یەعقوبی زادە و، سەعید ئەفەندی ئـەهلی کفـری و، حـاجی عـەلی قیردار و، محەمەد بەگی فەتاح بەگ، ئەکسەریەتیان ئیحراز کرد و بون بە مەبعوس.

"لە نەتیجەی ئینتیخاباتی لیوای هەولێردا، جەنابان: جەمال بەگی بابان، ئیسماعیل بەگی رەواندزی، مەعروف عەلی ئەسغەر ئەفـەندی، داود بـەگی حەیدەری، عەبدولا ئەفەندی موفتی، بە ئەکسەریەت بون بە مەبعوس.

"وە لەم خسوسەوە لە هەفتەی ئاتیدا موفەسەلەن موتالەعەی خۆمان عەرزی قارئینی کیرام ئەکەین."(ژیان، ژ ١١٤، ١٧ ی مایسی ١٩٢٨)

٢. ٥. ئیجتیماعی مەجلیس

"هەواڵی داخلی

"رۆژی شـەمەی ٢٨/٥/١٩ بـە راسـیمەیەکی موتەنتـەن مەجلیسـی مەبعوسـان ئیجتیمـاعی کـردوە، لـە دوای خوێندنـەوەی نوتقـی ئیفتیتاحیـەی جەلالەتی مەلیکی موعەزەم، یەکە یەک معامەلەی تەحلیفیە مەبعوسەکان ئیفا کراوە و لە پاشا دەست کراوە بە ئینتیخابات بۆ رەئیس تەعین کردن نەتیجە بە ئەکسەریەتی ئارا وەزیری داخلیە مەعالی عەبدولعەزیز بەگی قەساب بە رەئیس و مەبعوسی هەولێر داود حەیدەری بەگ بە نائیبی رەئیس ئینتیخاب کراون."(ژیان، ژ ١١٥، ٢٤ ی مایسی ١٩٢٨)

٣. چاوەڕوانیەکانی ژیان

"لەمەولا ئومێدی قەویمان بە مەبعوسەکانمانە

"لە ئیجتیماعی دەورەی پێشودا بە ئەکسەریەت میلەت لە وەکیلەکانی رازی نەبو و هیچ ئومێدێکی فەعالیەتیان لێ نەئەکرد. فەقەت ئەم ئینتیخابە لە

هەمو جێگایەکا باخسوس لە ئەلویە و قەزاکانی کوردستان دا بە سورەتێکی باش نەتیجەی هات. ئەوانەی کە میلەت ئارەزوی ئەکردن ئەکسەریەتیان ئیحراز کرد و بون بە وەکیلی میلەت. چونکە هەمویان موجەڕەب، عالم، فازیل، وەتەنپەروەرن، ئومێدی قەویمان پێیانە. وە موحەقەق حەسەبەل مەتلوب وەزیفەی مەودوعەی خۆیان بە جێ ئەهێنن و لە دمرەجەی ئیمکان دا بۆ تەرەقی و تەعالی میلەتی وەتەنەکە تێ ئەکۆشن و، بۆ خاتری ئەوانەیش کە نایانناسن بۆیان مەعلوم بێ کە چ نەوعە زەواتێکن یەکە یەکە لە ژێرەوە تەرجومەی حالیان عەرزی قارئینی کیرام کرا."

ئینجا دێتە سەر باسی ژیننامەی:

مەبعوسەکانی سلێمانی: ئەمین زەکی بەگ، محەمەد سالح بەگ، سەیفولا بەگ، سەبری بەگ.

مەبعوسەکانی هەولێر: جەمال بەگی بابان، ئیسماعیل بەگی رەواندزی، داود بەگی حەیدەری، مەعروف ئەفەندی عەلی ئەسغەر (مەعروف جیاوکا)، عەبدولا ئەفەندی موفتی.

مەبعوسەکانی کەرکوک: حاجی عەلی ئەفەندی قیردار، مستەفا بەگ یەعقوبی زادە، سەعید ئەفەندی، محەمەد بەگی فەتاح بەگ.

مەبعوسی قەزا کوردەکانی مولحەقی موسل: حازم بەگ، هەیبەتولا ئەفەندی، شێخ عەبدولا ئەفەندی شێخ نور محەمەد.

لە کۆتایی وتارەکەدا نوسیوێتی:

"ئینجا کە تەرجومەی حالی وەکیلە خۆشەویستە تازەکانمان عەرزی قارئینی کیرام کرد، میلەت قەناعەتی کاملەی هەیە کە بۆ ئەم دەورەی حازرەیە زەواتی موقتەدیری دۆزیوەتەوە و لە حوسنی ئینتیخاب دا ئیسابەتی کردوە. ئەمجا رجا و ئیستیرحامیان لێ ئەکەین کە ئیتر ئەبێ بۆ تەرەقی و

تەعالی میلەتەکە لە دەرەجەی ئیمکان دا سەعی و جەهد بفەرمون و تەبیعی ئەوانیش ئەیزانن کە میلەت و وەتەنەکەمان چەند دواکەوتوە. لە خسوس مەعاریف، تیجارەت، سیحەت، ڕێگا، وەسائیتی نەقلیە، زەراعەت، سەنایع و گەلێ ئەسبابی تەرەقی ترەوە مەحرومین. بۆ ئیستیکمالی ئەم نەواقیسانە یەگانە ئەمەلمان ئیتر بەمانە. لە هەمو خسوسیاتێکمانەوە ئەمان مەسئولن و، فەریزەی زیمەتیانە واجیباتی مەودوعەی خۆیان بە جێ بهێنن و میلەت دوچاری ئینکیساری خەیاڵ نەکەن. ئیتر ئومێدی قەویمان هەر بەم زاتانەیە و هەر بەم دەورەیەیە. ئومێد ئەکەین شەو و ڕۆژ سەعیمان بۆ بکەن و بمانخەنە ڕیزەی دراوسێکانمانەوە. خوانەخواستە ئەگەر خدمەتمان نەکەن و وەزیفەی خۆیان بە جێ نەهێنن ئیتر ئەبێ میلەت قوڕ بکا بە سەری خۆیا دەستەوئەژنۆ مەئیوس بێ. لە بەر ئەوە دائیمەن ئینتیزاری جەهد و کۆششیان ئەکەین.

"خودا بە حوسنی نیەتەوە موەفەقیان کات و موقابیل بە میلەتەکە روسوریان کات."(ژیان، ژ ١١٥، ٢٤ ی مایسی ١٩٢٨)

ژیان ئەم پەیامەی ئاڕاستەی مەبعوسەکان کردوە:

"بۆ وەکیلە موحتەرەمەکانمان

"ئەی وەکیلانی میلەت!

"ئەی ئەو زاتانەی کە موقەدەراتی میلەتێکیان تەودیع کراوە!

"ئەی ئەوانەی کە ئەم وەزیفە موقەدەسە، موهیمە، حەیاتیەیان قبوڵ کردوە!

"ئەی ئەو شەخسانەی میلەت موقابیل بە هەمو چاکەیەکیان تەقدیر و خراپەیەکیان مەسئولیان ئەکات!

"ئەی وەکیلە موحتەرەمە کوردەکان! ئەم خیتابەمان لە گەڵ ئێوەیە و ئەم هاوارەمان هەر موقابیل بە ئێوەیە.

"ئێمە نامانەوێ بەحسی دەورەکانی کە بکەین. لە دەورەکانی کەدا ئەوی ئیشێکی کردبێ و حسابێکی دابێ بە میلەتەکەی خۆی، هەر مەعالی ئەمین زەکی بەگی وەکیلی موحتەرەممان بو.

"بەلام تو خودا: ئێوە هیچ بە عمومی زانیوتانە و لێکتان داوەتەوە کە چ وەزیفەیەکی موقەدەس و حەیاتیتان تەودیع کراوە و گرتوتانەتە ئەستۆی خۆتان؟ عەجەبا نازانن وەتەنەکەتان لە چ حاڵێکایە؟ غەیری حقوق، لە هەمو ئاسارێکی عیمران و تەرەقی، لە مەعاریف، صەنایع، تیجارەت، زەراعەت، ئیقتیصادیات دا چەند مەحرومە؟ وە ئەگەر هەر وا بمێنێتەوە چەند مەحکومی مردنە؟ وە نازانن بۆ ئەوەی بژی، تەرەقی بکات، حقوقی چنگ کەوێ، هیوا و ئومێدی هەر بە ئێوەیە؟

"ئێوە ئەبێ بزانن کە ئینتیخاب کردەی میلەتێکی یەک ملیۆن نفوسییین و، لە دواتانەوە پشتیوانێکی موهیم و بە قوەتی وەکو ئەم میلەتە هەیە. وە ئەبێ بزانن و لە هەمو کەسێکی مەعلوم بکەن کە ئەمڕۆ لە مەجلیسی مەبعوسانی عیراقدا کۆمەڵێکی زۆر هەیە کە تەمسیلی شەعبێکی موهیمی وەکو کورد ئەکات.

"موقابیل بەم وەزیفە موهیمەیەتان و لە حاڵێکا کە ئەزانن میلەتەکەتان ئەمەندە دواکەوتوە و ئەبێ فەوقەلعەدە سەعی بۆ بکرێت، کەچی مەعەلئەسەف هەتاکو ئیستا نە لە مەجلیس دا و نە لە خاریجەوە بە نەشریات و تەشەبوسات کەس خدمەتێکی لە ئێوە نەدی و فەعالیەتێکتان نەنواند و تەئمینی یەکێ لە مەقاصیدی میلەتتان نەکرد.

"ئیستیرحام ئەکەین ئەم مەعروزاتەمان بە شتێکی خراپ تەلەقی نەکەن و بزانن ئیتر میلەت بە بەریەوە نەماوە و لە تاوانا هاوار ئەکات و لە ئێوە زیاتر کەسێکی کە شک نابات.

"ئیتر ئەبێ لە نەزەر میلەتەکەدا خۆتان روسور بکەن وە با دائیمەن میلەت بە موقەدەسی ناوتان ببات و ئیسمتان بە شەرەفەوە بە زەڕکەفتی ئاڵتون بنوسرێ. ئەبێ ئەمجارە بە قەتعی بە ئیتیفاق و یەکزبانیەوە بۆ ئەم میلەتە مەزلومەتان سەعی و هیمەت بفەرمون.

"بۆ ئەوەی لە گەڵ میلەتی عەرەب و حکومەتی عیراق وەکو برا بژین بە قەدەری ئیمکان بۆ ئیکمالی نەواقیصاتمان و بۆ تەئمینی ئەسبابی تەرەقیمان هەوڵ بفەرمون.

"ئیتر دیسانەوە رجا ئەکەین بۆ ئەوەی قسەی ئەم لا و ئەو لا ببڕێ و کەس حەقی گوتنی نەمێنێ، بۆ ئەوەی لە نەزەر میلەتەکەدا هەر یەکێکتان مەوقیعێکی عالیتان ببێ، ئەبێ لەمەودوا هەمو وەقتێک لە مەجلیس دا فەعالیەتی ئێوە ببینن."(ژیان، ژ ١٦٤، ٤ ی نیسانی ١٩٢٩)

٤. داواکاری مەبعوسەکان

٤. ١. دەربارەی مەعاریف

"سورەت و تەرجومەی تەقریرێکی مەبعوسە موحتەرەمەکانی کوردە کە لە خسوس مەعاریفەوە داویانە بە وەزارەتی مەعاریف:

"بۆ وەزارەتی جەلیلەی مەعاریف

"لە فەخامەتتانەوە مەعلومە کە جیهەتی شیمال لە خسوس عەلاقاتی سیاسیە و ئیقتیسادیەوە لە ناو حکومەتە گەنجە تازە پێگەیشتوەکەمانا ئەهمیەتێکی گەورەی هەیە، لە بەر ئەمە لازمە ئیزالەی هەمو مەوانیعێک بکرێ لە خسوس نەشری مەعاریفەوە، وە ئەو شتانەی کە جەهل لائەبات پێویستە ئیکمال بکرێ.

"چونکــه لــه مەنتیقــەی شـیمالا مــەعاریف زۆر سســـت ئــەڕوا و زۆر دواکەوتوە لازمە بۆ ئەوەی دەرەجەی مەتلوبە بگەیەنرێ معاوەنەتی بکرێ بە نەوعێک مساوی بێ بە مەنتیقەکانی تری عیراق.

"ئەو سەبەبانەی کە مەعاریفی ئەم مەنتیقەیەی دواخستوە ئەمانەن:

١. نەبونی کتێبانی تەرجومەکراو بە کوردی کە لیسانی تەدریسیەی ئەو مەنتیقەیە و عیبارەتە لە چەند لیوا و قەزایەکی موهیم کە تول و عـورزی لـە زاخۆوەیە هەتاکو پێنجوین و خانەقین و بەدرە.

٢. کەمێتی موعەلیم لەو مەنتیقەیەدا.

٣. بۆ ئەوەی ئیرشاد و موراقەبەیەکی تەواوی موعەلیمەکان و مەکتەب بکـات و تـەرەقی و تـەعمیمی مـەعاریف بکـات و لـە سـەر یـەک ڕێ و یـەک پرۆغـرام تــەدریس و تەدەروسـیان پـێ بکـات بـۆ ئـەم مەنتیقەیـە مودیرێکـی مەعاریف نیە.

٤. لەم مەنتیقەیـەدا مەکتـەبێکی موکەمـەلی سـانەوی نیـە کـە ببـێ بـە کەفیل و بە واسیتەی تـەواوکردنی ئـەو عیلمانـەی کـە تەلەبەکان لـە مـەکاتیبی ئیبتیدائیەدا خوێندویانە و، بۆ ئەوەی کە لە وێدا لەزمت لە خوێنـدن وەرگـرن و عیلمێکی چاک فێری تەلەبەکان بکرێت بە نەوعێک کە بتوانن بچنە مەکاتیبی عالیەوە.

٥. ئـەم مەنتیقەیـە مەحرومــە لــە مەکتـەبێکی دارولموعــەلیمین کــە مەوجودیەتی ئەلزەمە و یەگانە واسیتەیە بۆ ئەوەی موعـەلیمی موقتـەدیر پـێ بگەیەنێ کە بتوانن چاک بە کوردی تەدریس بکەن.

٦. لە بـەر فـەقیری ئەهالی ئـەو مەنتیقەیـە نـاتوانن و مومکینیـان نـابێ ئـەولادەکانیان بـۆ ئیکمـالی تەحسیلی سـانەوی و عـالی بنـێرن بـۆ مەرکـەزی حکومەت.

٧. زۆر ئەسبابی تر هەیە کە بوە بە سەبەبی ئەوە کە ئەبەوەینەکان ئیهتیمام ناکەن بۆ ئەوەی ئەولادەکانیان بنێرنە مەکتەب. ئەو رێیەی کە لازمە لە خسوس نەشری مەعاریفەوە تەبەعیەتی بکرێ ئەوەیە کە ئەو نوقسانیەتەی و ئەو سستیەی لە خسوس مەعاریفەوە هەیە و زیهنی ئەهالیەکەی ئیشغال کردوە کە ئیهتیمام بە مەعاریف ناکەن لازمە لاببرێ، کە ئەمانەن:

١. تەشکیلی (لیجنەیەکی تەرجەمە و تەئلیف) کە ئەعزاکانی لە عالم و منەوەرە مونتەخەبەکانی کوردەکان بێ، کە موافیقی پرۆغرامی مەعاریف کتێب تەئلیف و تەرجەمە بکەن. وە ئیعتیقادمان وایە کە ئەم لیجنەیە ئیشەکانیان زۆر چاک و بە تەواوی بە جێ ئەهێنن. وەزارەتی مەعاریف بۆ ئەم خسوسە مەساریفێکی زۆری ئەبێ و ئەگەر وەزارەتی مەعاریف لە حالی حازردا مەعزور بو لە تەشکیل کردنی ئەو لیجنەیە کە زۆر پێویستە بۆ لابردنی تەزەبزوب هیچ نەبێ رجا ئەکەین رەسمەن ئیعلانی بکات کە ئەو کەسانەی موافیقی پرۆغرامی مەعاریف کتێبێک تەرجەمە وە یا تەئلیف ئەکەن بە نیسبەت چاکیی کتێبەکەیانەوە ئیکرامیەیەکی ئەدرێتێ کە ئەقەلەن لە ٥٠ روپیە کەمتر نەبێ و، ئەگەر ئەم مەسئەلەیە تەرک بکرێ بۆ تەشەبوسی شەخسی جوان نابێ، چونکە ئەمە لە میلەتێکا ئەکرێ کە لە ناویانا عیلم موتەرەقی بێ و قەدری مەعاریف بزانن. وە ئەگەر مەعاریف ئەم مەسئەلەیە بۆ تەشەبوسی شەخسی تەرک بکات باوەڕ ناکەین هیچ کەسێک لە خۆیەوە ئەم خدمەتە بکات چونکە بۆ خۆی ئینتیفاعێکی مادی و زەروری تیا نابینێ.

٢. بۆ ئەوەی موعەلیمی موقتەدیر، عالم بۆ سینفە سانەویەکان چنگ بکەوێ لازمە وەزارەتی مەعاریف لە خسوس زیادی معاشەوە ئیهتیمام بکات، چونکە ئیعتیقادمان هەیە کە پیاوی زۆر موقتەدیر، عالم هەیە لە وڵاتەکەمانا فەقەت لە بەر معاش کەمی ئینتیساب ناکەن بە مەعاریفەوە.

٣. لازمە دائیرەیەکی مەعاریف لەم مەنتیقەیەدا تەشکیل بکرێ بە شەرتێک مەرکەزەکەی لە وەسەتی ئەم مەنتیقەیەدا بێ کە بتوانێ موراقەبەی هەمو مەکتەبەکان بکات و لازمە مودیرێکی وای بۆ تەعین بکرێ کە لە مەداریسی عالیە دەرچوبێ کە موقتەدیر بێ حالەتی مەعاریفی بگەیەنێ بە حەدێکی مەتلوبە. وە بونی ئەم دائیرەیەیش زەرورییە بۆ نەشری عیلم و مەعریفەت و، حکومەت لە تەشکیل کردنی ئەم دائیرەیە مەسرەفێکی زۆری نابێ بە نیسبەت ئیستاوە کە بۆ تەفتیش و موراقەبەی لیوای سلێمانی و کەرکوکی داوە بە بەغداد هەولێر و ئەقزیەکانی شیمال وەکو زاخۆ، دهۆک، عیمادیە، عەقرە... ی داوە بە موصل. لەمەدا هەم لە خسوس مەعاریفەوە و هەم لە خسوس تەدریساتەوە خراپە چونکە تابیعی مەنتیقەیەک نین تەدریسیان وەکو یەک نابێ و غەیری ئەمیش چونکە موفەتیشین و مودیرینی ئەم مەنتیقانە کوردی نازانن هیچ فائیدەیەکیان لێ حاسل نابێ.

٤. ئیکمال و تەنزیمی مەکاتیبی سانەوی بە سورەتێکی وا کە حەسەبەل مەتلوب تەکەفولی تەربیەی تەلەبەکان بکات و ئیحتیاجیاتیان دەفع بکات. ئەمما لە خسوس ئەو مەحزورەوە کە تەلەبەکان چونکە بە عەرەبی ناخوێنن لە مەکاتیبی عالیەدا موشکیلات ئەبینن ئەمیش راست نیە چونکە ئەم مەحزورە بە زیادکردنی ئەوقاتی تەدریسیەی دەرسی عەرەبی لە سینفە سانەویەکانا لائەچێت.

٥. کردنەوەی مەکتەبێکی دارولموعەلیمین بۆ ئەوەی ئیحزاری موعەلیمی موقتەدیری چاک بکات کە بتوانن لە سەر ئوسولی تازە و موافیقی مەتلوب تەلەبەکان پێ بگەیەنن.

٦. کردنەوەی مەکاتیبی کچان.

٧. هەر وەقتێک مەکتەبەکان و مەعاریفی ئەم مەنتیقەیە بەم نەوعە کە عەرزمان کرد تەنزیم کرا ئەو وەقتە ئەبەوەینەکان شەوقیان ئەبێ کە منالەکانیان بنێرنە مەکتەب بۆ تەحسیل.

ئینجا ئیستیرحام لە وەزارەتی مەعاریف ئەکەین کە ئیهتیمامێکی کافی و تەواو بەم مەعروزاتەمان بکات و لەم ساڵەوە دەست بکا بەم ئیسلاحاتە مەتلوبە و قەتعیە و ئیزالەی هەمو مەوانیعێک بکات کە ئەبێ بە سەبەبی عەدەم تەرەقی مەعاریفی ئەم مەنتیقەیە و ئێمەیش پێشەکی تەشەکوری ئەکەین.

بەغداد ١ ی حوزەیرانی ١٩٢٨

مەعروف جیاووک نائیبی ئەربیل، ئیسماعیل رەواندزی نائیبی ئەربیل، محەمەد سالح نائیبی سلێمانی، محەمەد جاف نائیبی کەرکوک، سەبری نائیبی سلێمانی، عەبدوڵا موفتی نائیبی ئەربیل، جەمال بابان نائیبی ئەربیل، سەیفوڵا نائیبی سلێمانی، محەمەد سەعید نائیبی کەرکوک."(ژیان، ژ ١١٨، ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٢٨)

ژیان لە ژێر ئەم یادداشتەدا نوسیوێتی:

"بۆ ئەوەی فەعالیەت و ئیقتیداری مەبعوسە موحتەرەمەکانمان لە میلەت بگەیەنین، ئەو عەزم و تەشەبوسانەی کە بەم مودەتە کەمە لە خسوس مەعاریفی وڵاتەکەمانەوە کردویانە عەرزی قارئینی کیرام کرا."

لە پاش ستایشی ئەمین زەکی ئینجا ئەنوسێ:

"تەبیعی لەم دەورەیەدا چونکە مەبعوسەکانی تریشمان هەمو موقتەدیر و فەعالن لە ئیستاوە سەعی خۆیان پیشانی میلەتەکە دا ئومێد ئەکەین ئیتر بە سەبەبی فەعالیەت و عەزمی میلەتپەروەرانەیانەوە رۆژ بە رۆژ بەرەو تەرەقی برۆین و ئیستیرحام ئەکەین بۆ خاتری قەتعی موەفەقیەت

بکریْ تەشریکی مەساعی بکەن و دەست لە ناو دەستی یەکتری بۆ بە جیْ هێنانی هەمو ئامالێکی میلەتەکە بەزلی مەساعی و هیمەت بفەرمون چونکە لەم عەسرەدا هەمو شتێک بە یەکبونی ئەفکار و تەوحیدی مەساعیەوە پێک دێت. ئیتر دائیمەن تەمەنای موەفەقیەت و ئینتیزاری مەساعی حەسەنەیان ئەکەین خوا تۆفیقیان بدات."

٤. ٢. ویستنێکی مەشروع

لە ژ ١٦٦ ی ١١ ی نیسانی ١٩٢٩ دا بە ناونیشانی (ویستنێکی مەشروع) دەقی یادداشتی هەندیْ لە مەبعوسەکانی کوردی بڵاو کردۆتەوە سەبارەت بە هەندیْ مافی نەتەوەیی کورد، ئەمە بە لوتکەی چالاکی‌یەکانیان دائەنریْ. لێرەدا لایەنی کەمی خواستەکانی گەلی کوردیان پشت ئەستور بە بیانوی قانونی، بەڕێوەبەرایەتی، ئابوری، پەروەردەیی... دیاری کردوە و، داوایان لە کاربەدەستانی عیراق و بریتانی کردوە، بۆ قازانجی عیراق و کورد جێبەجیْ بکەن:

ژیان لە پێشەکی یادداشتەکەدا نوسیوێتی:

"بۆ تەلەبی تەتبیقی ئەو ئیمتیازەی کە هەیئەتی عالی عیصبەتول ئومەم لە حەلی ولایەتی موصلا بە کوردەکانیان بەخشیوەو بۆ ئەوەی ئەم حقوقە و ئەم ئیمتیازە بە تەواوی لە هەمو موحیتی کوردستانا تەتبیق بکریْ لە ٤ ی ئەم مانگەدا لە تەرەف مەبعوسە موحتەرەمە کوردەکانەوە تەقریرێک تەقدیمی رەئیسەل وزەرای عیراق و فەخامەتی مەندوبی سامی کراوە، بۆ ئەوەی هەمو کوردەکان لەم مەسئەلەیە حاڵی ببن صورەتێکی‌یشی بۆ دەرجی لە غەزەتەدا بۆ ئیدارەخانەی ژیان نێردراوە.

"وا صورەتی ئەو موتالەبەیەی کە وەکیلە موحتەرەمە خۆشەویستە بە قیمەتەکانمان تەلەبیان کردوە بە تەرجومە کراوی نەشر کرا. وە دەرەجەی حسیات و مەسروریەتی میلەتەکەیش بەرامبەر بەم فەعالیەتەی کە وەکیلە خۆشەویستەکانمان بۆ محافەزەی حقوق و بۆ بەرزبونەوەی ولات و میلەتەکەمان کردویانە بە موفەصەلی عەرز ئەکرێ."

ئینجا دەقی یادداشتەکەی نوسیوەتەوە:

"فەخامەتی رەئیسەل وزەرای عیراق

"صورەتێکی بۆ فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

"لەو وەقتەدا کە لیجنەی عیسبەتول ئومەم خەریکی حەلی مەسئەلەی موسل بو، لە تەقریرەکەیانا تەوسیەیان کرد بو بۆ دانی بەعزێ ئیمتیازاتی ئیداری بە میلەتی کورد.

"لە خسوس ئیدارەیانەوە و بۆ تەئمینی مەسالیحیان سەلاحیەت و حوریەتێکی کامیلیان پێ بەخشی بون، بەلام مەعەلئەسەف ئەم ئیمتیازاتە کە لازم بو لە عمومی کوردستانا تەتبیق بکرێ، هەر مونحەسیر کراوەتە سەر لیوای سلێمانی و هەولێر و ئەم رێیەی لە خسوس تەتبیقی ئەم ئیمتیازەوە حالی حازر گیراوە، فائیدەیەکی عیلمی، ئیقتیسادی و ئیدارەیەکی باش، کە رەغبەتیان لە سەری بێ بە کوردەکان نابەخشێ.

"وە مەعلومە ئەم ئوسولە و ئەم رێیەی کە ئیستا بۆ تەتبیقی ئەم ئیمتیازە گیراوە و حکومەت زۆر سعوباتی تیا ئەکێشێ، نەتیجە فائیدەیەکی باشیشی نابێ بۆ کوردەکان.

"کەواتە لازمە بۆ تەتبیقی ئەم ئیمتیازە تەشکیلاتێکی عمومی و واسیعتر بکرێ کە زیاتر مولائیم بێ بۆ حقوقی کوردەکان، ئەو وەقتە بە تەبیعی ئەم بارە قورسەیش لە سەر شانی حکومەت سوک ئەبێتەوە.

"بە قەلبێکی سەمیمی‌یەوە ئیستیرحام ئەکەین تەماشای مەتالیبەکانی خوارومان بکەن و، بە عەجەلە تەوەسول و سەلاحیەت بدەن بۆ ئەم تەشکیلاتە مەتلوبە موسیبەیە.

١. لە فەخامەتتانەوە مەخفی نیە کە لیوای موسل لە وەزعیەتی حازرەیدا عیبارەتە لە ٢٤ ناحیە و ٩ قەزا و ئەم قەزایانەیش ئەمانەن: شێخان، عەقرە، زێبار، عەمادیە، زاخۆ، دهۆک، تەلەعفەر، سنجار و نەفسی قەزای موسل. وە ئەگەر بڵێین ئەکسەریەتی عەشایەر و ئەهالی ئەم قەزایانە موافیقی لوغەت، تاریخ و عادەتیان کوردن شتێکی تازە ناڵێین و، ئەو خەریتەیەی کە لیجنەی عیسبەتول ئومەم لە سەر ئەساسێکی جنسیەت لەم خسوسەوە رەسمی کردوە لە بەر چاومانە و بە ئاشکرا ئیسپات و ئیزاحی ئەمە ئەکات.

"غەیری ئەمەیش جدەن زۆر زەحمەتە بۆ موتەسەریفی لیوای موسل کە دائیمەن لە ناو ئەم مەنتیقە واسیعەدا بگەڕێ و ئاگاهداری هەمو ئەحوالی ئەهالیەکە بێ و، دیسانەوە بۆ ئەهالی‌یش زۆر زەحمەتە کە بۆ ئیشی حکومەتیان دائیمەن بێنە مەرکەزی لیوا و، لە بەر رێ دوری و لە بەر ئەوەی کە لە زبانی کوردی زیاتر لیسانێکی کە نازانن و، لە بەر ئەوەی کە وەزعیەتی مالیەیشیان موساعید نیە، لە بەر ئەوە ئیقتیراح ئەکەین تەشکیلی لیوایەکی کوردی بکەن کە مەرکەزەکەی دهۆک بێ و بە لیوای دهۆک ناو ببرێ و، قەزای عەقرە، زێبار، عەمادیە، زاخۆ، مولحەقی ئەم لیوایە بن و تەشکیلاتی ئەم لیوایەش بە پێی تەشکیلاتی لیواکانی ئیستای شیمال بێ و، معامەلاتی رەسمیەیان ببێ بە کوردی.

٢. وە لە فەخامەتتانەوە مەخفی نیە کە موازەنە و مقیاسی میلەتێک هەر مەعاریفە و هەر مەعاریف ژین و سەعادەت و ئیستیقبالی میلەتێک

ەئمین ئەکات. وە عەکسی ئەمە ئەگەر میلەتێ مەعاریفی نەبێ مەحکومی ـردن و زیلەتە و، ئەگەر بە مونسیفانە تەماشای وەزعیەتی مەعاریفی لیوا ؛وردیەکان بکەین و لە گەڵ مەعاریفی مەنتیقەکانی کەدا موقایەسەی بکەین وتەئەسیفانە چاومان پێ ئەکەوێ کە مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان بە .ەرەجەیەک دواکەوتوە کە ئینسان موتەئەسیر ئەکات. وە وا ئەزانین ئەم .واکەوتنەی مەعاریفیش هەر لە بەر ئەوەیە کە مەربوتی مودیریەتی عومیە ە بەغداد کە هیچ ئیهتیمام ناکات بۆ ئیکمالی ئەو واسیتانەی کە مەعاریفی ـەم مەملەکەتەی پێ تەرەقی ئەکات. وە غەیری ئەمیش ئەسبابێکی تری ەەیە کە بە نیسبەتی سەدەوە میقدارێکی زۆر کەمی بۆ مەساریفی کوردستان سەرف ئەکرێت و ئیهتیمام ناکرێت بە تەرجومە و تەئلیفی کتێبان.

"لە بەر ئەوە ئیقتیراحیش ئەکەین کە بۆ مەعاریفی ئەم لیوا کوردانە مودیریەتێکی مەعاریف تەعین بکرێ کە مودیرەکەی کوردێک بێ و ەرکەزەکەیشی لە یەکێ لەم لیوا کوردییانەدا بێ.

"تەوحیدی ئیدارەی چوار لیوا کوردەکە بکرێت کە سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و دهۆکە. وە بۆ ئەمانە تشکیلی موفەتیشیەتێکی عام بکرێت کە رەئیسەکەیان یەکێ بێ لە کوردەکان کە ئیقتیداری کیفایەتی بۆ ئەم وەزیفەیە مەعلوم بێ کە موراقەبەی هەمو ئیشوکاری ئەم لیوایانە بکات و موتەسەریفی لیواکانیش موراجەعەتی پێ بکەن و، سەلاحیەتێکی تەواویشی بدرێتێ و مەربوتی پایتەختی حکومەتی عیراق بێ و، لە لیوا کوردەکانا تەمسیلی هەمو وەزارەتەکان بکات. وە بۆ ئومووری مالیە، ئیقتیسادیە، سیحیە، عەدلیەیش هەیئەتێکی لە ژێر دەستا بێ بۆ ئیستیشارە.

٤. تەلەب لە حکومەت ئەکەین کە سەعی بکات بۆ تەعدیلی بەعزێ مەواد لە قەوانینی عیراق دا، ئەوانەی کە ئەزانرێ بە نەزەری وەزعیەتی

جوغرافیای ئەو مەنتیقەیەوە بۆ حقوقی ئەهالیەکەی موساعید نیە تەتبیق بکرێ و ئیقتیراح ئەکەین تەتبیقی مەوادی قانونی ئەرازی بکەن بە سورەتێک کە دائیرەی تاپۆ بە حەقی قەرار بتوانێ تەسجیلی ئەرازی‌یان بۆ بکات بۆ مودەتێک کە لە دو ساڵ کەمتر نەبێ بۆ ئەوەی کە تەسهیلاتێک بێ بۆ مەسالیحی ئەهالیەکە و تەشجیعیشیان بکات کە بۆ تەسجیلی ئەرازیەکانیان تەشەبوس بکەن بە مەجانی.

٥. ئیقتیراح ئەکەین بودجەی عمومی ئەم مەملەکەتە مەنتیقەیە موافیقی نیسبەتی لای خوارەوە سەرف بکرێ. لە میزانیەی عمومی ئەو مەبلەغەی کە بۆ دەوائیری مەرکەزیە تەخسیس ئەکرێ لێی تەنزیل بکرێ باقیەکەی تری مساواتەن، یا بە نیسبەتی نفوس، وە یا بە پێی واریداتیان، بە سەر لیواکانی کەدا تەقسیم بکرێ و، لازمە مەسئەلەی گومرگی عمومی‌یش بە نەزەرێکی دیقەت بگیرێ.

ئەی فەخامەتمەئاب! لە گەڵ ئەو حسیاتە چاکەی ئێمە هەمانە بەرامبەر بە حکومەت هیچ مانعێک نابینین بە ئیحتیرامەوە مەتالیبی میلەتەکەمان تەقدیمتان بکەین بە سیفەتێک کە رەئیسی حکومەتەکەن و، رجا ئەکەین ئەم مەتالیبە بە نەزەرێکی دیقەت تەحقیق بفەرمون کە چەند بۆ زەراعەت و تەرەقی ئەرازی و تورروقی مواسەلاتمان چاکە و، لە تەتبیقا چەند ئیدارەمان تەوسیع و وەزعیشمان چاک ئەکات. ئێمە غەیری شتێک نەبێ، کە تەتبیقی زۆر باش و مومکینە، تەلەبێکی تر ناکەین کە بۆ حاڵەت و وەزعیەتی مالیە و سیاسیەی عیراق خراپ بێت.

دیسانەوە تەعزیماتی فائیقەمان تەقدیم ئەکەین.

ئیسماعیل نائیبی هەولێر. جەمال کەزا (مەبەست ئەویش نائیبی هەولێرە. نم)، محەمەد سالح نائیبی سلێمانی. سەیفولاّ نائیبی سلێمانی. حازم نائیبی موسل. محەمەد جاف نائیبی کەرکوک."

لە پەراوێزی ئەم یادداشتەدا پێویستە چەند تێبینیەک تۆمار بکرێ:

یەکەمیان، ئەم یادداشتە ئیمزای هەمو مەبعوسە کوردەکانی پێوە نیە. لە مەبعوسەکانی سلێمانی: ئەمین زەکی بەگ و صەبری حاجی عەلی ئاغا، لە مەبعوسەکانی هەولێر: دادود حەیدەری و مەعروف جیاوک و عەبدولاّ موفتی، لە مەبعوسەکانی کەرکوک: حاجی عەلی قیردار و مستەفا یەعقوبی (ئەم دوانە تورکومان بون) و سەعید ئەفەندی (مەبعوسی کفری)، لە مەبعوسەکانی بادینان: هەیبەتولاّ ئەفەندی و عەبدولاّ نور محەمەد، ئیمزایان نەکردوە. بۆچی ئیمزایان نەکردوە؟ بۆ وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە لێکۆڵەر بگەڕێتەوە بۆ فایلە نهێنیەکانی ئەو سەردەمەی عیراق و بریتانیا.

دوەمیان، لەم یادداشتەدا داوای جیاکردنەوە و یەکخستنی قەزا و ناحیە کوردنشینەکانی موسل و دروستکردنی لیوایەکی تازە بە ناوی (لیوای دهۆک) موە کراوە، بەلاّم هەندێ ناوچەی لێ دەرهێنراوە.

سێیەمیان، لەو سەردەمەدا چالاکەکانی کورد داوای دروستکردنی لیوایەکی تریشیان کردوە لە قەزا و ناحیە کوردنشینەکانی جنوبی عیراق، کە بەشێ بون لە لیواکانی بەغداد و عەمارە وەکو کفری، خانەقین، مەندەلی، بەلاّم لەم یادداشتەدا باس نەکراوە. مەعروف جیاوک ئەم باسەی کردوّتەوە:

"سوئالی مەبعوسی هەولێر حەزرەتی مەعروف بەگ جیاوک

"بەغداد: وەقتی خوّی مەبعوسی موحتەرەمی هەولێر مەعروف بەگ جیاوک بەرامبەر بە وەزارەتی داخلیە ئیقتیراحێکی کرد بو کە حکومەت پێویستە دو لیوای تازە ئیحداس بکا یەکێکیان بە ناوی دهۆکەوە و ئەوی تریان

بە ناوی باجەلأنەوە. لە بەر ئەوە مەعلوم نەبوە حکومەت چ قەرارێکی داوە دیسانەوە پرسیاری لە وەزارەتی داخلیە کردوە."ژیان، ژ ۲۲۳، ۱۶ ی کانونی سانی ۱۹۳۰)

چوارەمیان، ئەم داواکاری‌یانە ئەگەر لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرایە لەوانە بو زۆر لەو گیروگرفتانەی بە درێژایی مێژوی عیراق لە نێوان بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و حکومەتی عیراق دا رویان داوە، نەقەومانایە.

حکومەتی عیراق لە ۱۹۶۹ دا قبوڵی کرد لیوای دهۆک دروست بکرێ، ئەویش بە ناتەواوی و دوای ئەوەی زۆر جێگەی کوردنشینی لێ دەرهێنا و، هەندێکی تەعریب کرد. لیوای باجەلأن، نەک هەر دروست نەکرا، بەڵکو زۆری ئەو ناوچانە بە تەواوی تەعریب کران، هەمو کوردەکانیان لێ دەر کرد و عەرەبیان هێنایە شوێنەکانیان.

ساڵی ۱۹۷۰ دوای دانان بە مافی نەتەوەیی کوردا لە سەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی هەندێ لەم داواکاری‌یانە بە نیوەوناچڵ سەلمێنرا. سلێمانی و هەولێر و دهۆک لە یەکەیەکی بە ناو ئۆتۆنۆم دا یەکخران، بەڵام کەرکوک و زۆر لە ناوچە کوردنشینەکانی موسل و جنوبی عیراقی لێ دەرهێنرا. مەجلیسێکی تەشریعی و مەجلیسێکی تەنفیزی‌یان بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆم دروست کرد. کورد بە گشتی بەم کارانە رازی نەبو، چونکە ئەمانەیان بە شێواندنی مافەکانیان دانا نەک بە سەلماندنی.

٤. ۳. هەوڵی یەکتەنی ئەمین زەکی

ئەمین زەکی کە لەم دەورەیە و لە دەورەی پێشودا مەبعوسی سلێمانی بوە چەند جارێ بۆتە وەزیری مەعاریف و ئەشغال و مواسەلات، لە گەڵ ئەوەیش دا هەندێ هەوڵی یەکتەنی داوە، بە تایبەتی بۆ کاروباری خوێندن و

پەروەردە و کردنەوەی رێگاوبان. هەوڵەکانی خۆی لە دەورەی یەکەم دا لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا بە ناونیشانی (محاسەبەی نیابەت) چاپ و بڵاو کردۆتەوە. لەم دەورەیەش دا دو تەقریری داوە بە مەجلیس و (بەیانات) ێکی درێژی لە مەجلیس دا داوە. ژیان پوختەی هەردو تەقریر و، دەقی بەیاناتەکەی بڵاو کردۆتەوە:

خۆلاسەی دو تەقریر

"خۆلاسەیەکی دو تەقریری مەبعوسی موحتەرەمی سلێمانی مەعالی ئەمین زەکی بەگە کە تەقدیمی مەجلیسی عالی مەبعوسانی کردوە لە خسوس: مەعاریفی کوردستان و، تەشکیلی لیجنەیەکی عیلمی بۆ تەئلیف و تەرجومەی کتێبانی تەدریسیەی کوردی و، بۆ ئیحداس و تەشکیلی مودیریەتێکی مەعاریف و، تەعینی موفەتیشینی کورد بۆ مەنتیقەی کوردەکان.

"خۆلاسەی تەقریری ئەوەل:

"لە لیوای موصل، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی دا حالی حازر ۳۸ مەکتەبی کوردی تیا مەوجودە. لە مەکاتیبی ئیبتیدائی، سانەوی کوردەکانا لە سەر مینهاجی رەسمیی مەعاریف بۆ ۵۸ مەوزوع، کە مەجبورن تەدریسی بکەن، تەنها بۆ دەرسێکیان کتێبی کوردی هەیە. بۆ مەوزوعەکانی کە، چونکە کتێب نیە، تەلەبەکان مەجبورن نۆت بگرن و لە سەر ئەو نۆتانە مەحکومی سەعی کردنن. لاکین لە سینفی ئەوەلیەکانا، چونکە تەلەبەکان بە تەواوی ناتوانن بنوسن، مومکینیان نابێ نۆتێکی سەحیح بگرن و لە خاریجی ئیمکانیانایە، لە غەیری ئەوەی کە بە غەڵەت و بە عەجەلە دەفتەرەکانیان رەش و پڕ بکەنەوە، ناتوانن سەعیەکی تر بکەن، لە بەر ئەمە زیهنیان بە مەعلوماتی غەیرسەحیحە ئیشغال و مانگو ئەکرێ. هیچ ویجدانێک قبوڵی ناکات ئەم

تەلەبانە کە ئومێدی ئیستیقبالی کوردەکانن بە مەعلوماتی غەیرسەحیحە زیهن و دەماغیان مشەوەش و زەهراوی بکرێ.

"مــەجبورین ئــەم مەکتەبانــەی کــە کراونەتــەوە بیکــەین بــە موئەسسەیەکی مەعریفەت، بـە وەسائیتی تەدریسیەی چاک مادەتـەن وە مەعنـەن تەجهیزیان بکـەین. لـە بـەر ئەمـە ئیسـتیرحام ئەکـەم بـۆ ئـەوەی دەستبەجێ دەسـت بکـەن بـە تەرجومـە و تـەئلیف، بـە عەجەلـە الیجنەیـەکی دائیمی) تەشکیل و لە کوردە منەوەرە موقتەدیرەکانی ئێرە ئەعزای بۆ تەعین بکەن."

"خۆلاسەی تەقریری دوەم:

"ئەو مەکتەبانەی کە لە لیوای سلێمانی، کەرکوک، هەولێردا مەوجودن قیسمێکیان لە تـەرەف مودیریەتی مەنتیقـەی موصل و قیسمێکیان لـە تـەرەف مودیریەتی مەنتیقەی بەغدادەوە ئیدارە ئەکرێن. لە بەر ئەمەی کە مودیری هەردو مەنتیقەکان کوردی نـازانن و عادەتـەن بێگانـەن بـەم لیسانە نـاتوانن تـەفتیش و موراقەبـەی مەکتەبـەکان بکـەن و، لــە قودرەتــی تەدریسـیەی موعەلیمەکان تێ ناگـەن و بە تەواوی عـاجزن کـە ئیسلاحی تـەرزی جـەرەیانی ئوسولی تەدریسیەی مەکتەبەکان بکەن. لە بەر ئەم وەزعیەتە چونکە مەکتەبە کوردیەکان لە موراقەبە و نەزارەتێکی موتەمادی مەحرومن و نەتیجە بوە بە سـەبەبی عـەدەم تـەرەقی و تـەکامولیان. لـە بـەر ئـەوە تەلـەب ئەکـەم ئـەو مودیریـەتی مەنتیقـەی کـە دوسێ ساڵ لەمـەوپێش بـۆ ئـەم خسوسە هـەبو بـە عەجەلە ئیحـداس و ئیعادەی بفەرمونەوە و مـەکاتیبی سـلێمانی، کـەرکوک و هەولێر رەبتی ئەم مودیریەتە بکەن و مودیرێکی کوردی بۆ تەعین بفەرمون.

"وە لە عەینی زەمان دا بۆ ١٦ مەکتەبە کوردیە کە لە لیوای موصل دا هەیە، بۆ تەفتیش و موراقەبەیان موفەتیشینی کوردی موقتەدیر ئیستیخدام و عەلاوەی قادرۆی مەنتیقەی موصلی بکەن. موحەقەق لێم مەعلومە کە مەجلیسی عالیتان ئەبێ بە زەهیری ئەم تەلەب و ئومێدم تەرویج ئەفەرمون."(ژیان، ژ ١١٨، ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٢٨)

تێبینی:

١. بەیاناتی ئەمین زەکی لە مەجلیسی مەبعوسان دا لە ژمارەکانی ١٢٨ و ١٢٩ و ١٣٠ و ١٣١ و ١٣٣ و ١٣٤ و ١٣٧ دا بڵاو کراوەتەوە.

٢. ئەمین زەکی لە نامیلکەیەک دا بە ناوی (محاسەبەی نیابەت) ەوە باسی هەوڵەکانی خۆی ئەکا لە دەورەی یەکەم دا.

بەو بۆنەیەوە کە ئەمین زەکی هەڵبژێرراوە بە نائیبی رەئیسی مەجلیس ژیان نوسیویێتی:

"تەشەکوری مەبعوسەکان ئەکەین

"مەجلیسی مەبعوسان لە ئیبتیدای ١ ی ئەم مانگەدا بە سورەتێکی ئیعتیادی ئیجتیماعی فەرمو. لە دوای خوێندنەوەی خیتابی عەرش موافیقی قانون داخلی مەجلیس دەست کرا بە ئینتیخابی رەئیس و نائیبی رەئیس. نەتیجە: بە ئەکسەریەتی ئارا فەخامەتی عەبدولعەزیز بەگ قەساب رەئیسی سابیق دیسانەوە بە رەئیس و مەندوبی موحتەرەمی سلێمانی مەعالی ئەمین زەکی بە نائیبی رەئیس ئینتیخاب کران...."(ژیان، ژ ١٣٨، ١٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨)

ژیان لە (ژ ١٣٢) دا (تەشریف) هێنانی (رەئیسی عالی مەجلیسی مەبعوسان) عەبدولعەزیز قەساب (اسیرف بە فکری سیاحەت و بۆ چاو پێ

کەوتنی سلێمانی) و، لە (ژ ١٣٨) دا هەواڵی سەردانی جەمال بابان و سەیفوڵا بەگی بڵاو کردۆتەوە و سەروتاری (ژ ١٣٩) ی تەرخان کردوە بۆ ستایشی (ئەم دو سیما عالیە چونکە نەونیهالێکی پێگەیشتوی باغی ئەم وەتەنەن و لە عائیلەیەکی گەورەی ساحیب حقوق و خۆشەویستی ئەم خاکەن و چونکە خۆیشیان زۆر خەدەماتی فائیقەیان لە نەزەر ئەم میلەتەدا سیبقەتی کردوە...)

٤. دەنگدانەوەی داواکاریەکان

ئەو یادداشتەی هەندێ لە مەبعوسەکان دەربارەی مافی نەتەوەیی کورد دایان بە سەرەوەزیرانی عیراق و مەندوبی سامی، لە ئاستی جیاوازدا بە جۆری جیاواز دەنگی داوەتەوە:

لای کورد

ژیان لە پاینی یادداشتەکەدا ئەم لێدوانەی خۆی نوسیوە:

"ئەی وەکیلانی میلەت، ئەی خۆشەویستانی هەمو قەومی کورد!

سورەتی تەرجومەکراوی تەقریرە بە قیمەتەکەتان کە لە نوقتەی محافەزەی حقوقی میلەتی کوردەوە داوتانە لە سەرەوە دەرج کرا.

"فەعالیەت و جدییەتێک کە بۆ ئیحقاقی حەقێکی مەشروعی کوردەکان و بۆ تەرەقی و تەعالی‌یان ئیبرازتان فەرموە، سرور و خۆشیەکی خستە دڵی هەمو میلەتی کوردەوە.

"میلەت خۆی زۆر بە بەختیار ئەزانێ کە وەکیلێکی عالی و بە قیمەتی وەکو ئێوەی هەیە. بۆ ئەم مەتالیبە مەشروعەی کە ویستوتانە هەمو پشتیوانین.

"بە خسوسی بە ناوی ژیانەوە و بە عمومی بە ناوی میلەتی کوردەوە تەشەکورتان ئەکەین. هەر بژین! ژیان"(ژیان، ژ ١٦٦، ١١ ی نیسانی ١٩٢٩)

له ژ ۱۶۶   ۱۶۷ دا تەلگرافی پشتیوانی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و سکرتێری کۆمەڵی زانستی و ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیر، بازرگان، کەسایەتی ناسراو، سەرانی عەشایەری سلێمانی بلاّو کردۆتەوە.

ژیان لـە سـەروتاری ژ ۱۶۷ دا بـە ناونیشـانی: (ئـەم ئیمتیـازەی کـە بـە کوردەکان بەخشراوە تەتبیقی مەجبوریە) نوسیوێتی:

"لـە رۆژنامـەی ژمـارە ۱۶۷ (راستەکەی ژمـارە ۱۶۶ ە. نم) و ۱۱ ی نیسـان تاریخا سورەتی تەرجومەکراوی تـەقریرێکی وەکیلـە خۆشەویستەکانمان نەشـر کرد کـە بـۆ تـەتبیقی ئـەو ئیمتیـازەی کـە عیسـبەتول ئومـەم بـە کوردەکـانی بەخشیوە، بە حکومەتیان دابو.

"ئێمـە ئەمانـەوێ بەرامبـەر بـەم تـەقریرە و موقـابیل بـەم تەلەبـە مەشروعەیە حسیاتی خۆمان و میلەتەکەمان عەرز بکەین.

"لە هەمو میلەتی عیراق و خسوسەن لە پیاوە سیاسیەکانیەوە مـەخفی نیە کە میلەتی کورد و هەمو پارچەیەکی ئەوانەی لە ژێر ئیدارەی تورک وە یا ئێرانا ئەژیان وەکو سائیری ئەقوانی زەعیفەی تـر هەرچەند ئیدارەیـەکی سـەربەخۆیان نـەبو، بەلاّم لـەو زەمانـەیش دا دیسـانەوە عەنعـەناتی تاریخیـە، زبـان و هـەمو عاداتیـان محافـەزە کـرد بـو، بەلاّم وەقتێـک کـە هـەمو حکومەتـە گەورەکان پرنسیپی جەنابی ویلسنیان قبوڵ کرد و کە نەتیجەی شەڕی گـەورە هـات و لـە دوای موتارەکـە و موسـالەحە ئەکسـەر لـەو میلەتـە زەعیفانـە ئیسـتیقلالیەتی تامـەیان درایـە و ئـەوانی تریشـیان مەسـەلەن وەکـو عـیراق، سوریە، فەلەستین و کوردستان... چونکە قابیل نەبو و نەیانتوانی بە تەنها بۆ خۆیان بژین قـەرار درا هـەتا قابیلیـەت پـەیدا ئەکـەن بـە سـورەتی ئینتیـداب بژین.

"دیسانەوە مەخفی نیە وەقتێک کە حکومەتی فەخیمە و عیراق ئەم وڵاتەی ئیستیلا کرد، حقوقی تەواوی بە کوردەکان بەخشی و لە ژێر ئیدارەی حکومەتی فەخیمەدا ئیدارەیەکی سەربەخۆیان بۆ تەشکیل کرا، بەڵام وەقتێک کە عیراق داوای حقوقی موقەدەسەی خۆی کرد، چونکە مەعلوم بو کە عیراق هەر عەرەب نیە و، لە ئەقوامی موختەلیفە تەشەکولی کردوە، چونکە مەعلوم بو لە گەڵ کوردەکانا ئەکسەر مەنافیعیان موشتەرەکە و لازم و مەلزومی یەکترین وو باخسوس لە حەلی ولایەتی موسلا چونکە لیجنەی عیسبەتول ئومەم لێی مەعلوم بو کە ئەکسەری سەکەنەی ئەم ولایەتە کوردە و عادەتەن وڵاتێکی کوردیە، مەجبورەن لە سەر فکر و تەنسیبی حکومەتی فەخیمە و بە قەراری عیسبەتول ئومەم ئیدارەی ئەم دو میلەتە تەوحید کرا و لە هەردولا حکومەتێکی عیراق هێنرایە وجود. وە بۆ ئەوەی ئەم دو میلەتە هەتاکو سەر بە یەکەوە بژین موتەئەسیر نەبن و حقوقی یەکتری غەسب نەکەن. وە هەردولا عەنعەناتی میلیەیەیان باقی بێ و بەو ناوەوە تەرەقی بکەن، بەعزێ ئیمتیازیان دا بە کوردەکان و، لە عەلاوەی کوردستان بە عیراق دا ئەم ئیمتیازە بە شەرت گیرا. بەڵام چونکە لەوساوە ئەم ئیمتیازە قیسمێکی کەمی لە بەعزێ وڵاتە کوردەکانا تەتبیق ئەکرێ و لە ئەکسەری وڵاتەکانی ترا بە قەتعی هیچی تیتبیق نەکراوە. ئەم موحیبەتە و ئەم رابیتەیە کە لیجنەی عادیلەی عیسبوتل ئومەم ئەیویست بە تەواوی تەئمین نەکرا.

"لە بەر ئەوە چونکە میلەتی کورد زانی ئەگەر مەسئەلە هەروا بمێنێتەوە نەک تەرەقی ناکا بەڵکو رۆژ بە رۆژ بەرەودوا ئەڕوا بە قەتعی قەراری دا کە داوای حقوقێکی مەشروعەی خۆی بکات و، نەتیجە لە سەر ئارەزو و خواهیشی عومومیەی میلەتەکە وەکیلانی میلەت تەلەبی ئەم حقوقەیان کرد.

"ئینجا ئـەی وەتەنپـەروەرە موحتەرەمـەکان، ئـەی پیـاوە سیاسـیەکانی عیراق! ئەبێ بزانن ئەم مەسئەلەیە هەر فکرێکی خسوسی وەکیلەکانمان نیـە، بەڵکو ئارەزویەک و تەلەبێکی قەتعی عمومی میلەتی کوردە. تەئمینتان ئەکەین ئەم مەسئەلەیە بە واسیتەی ئەسبابێکی تـرەوە پـەیدا نـەبوە. بـەڵکو کـورد مەجبورە تەلەبی حقوقێکی مەشروعی خۆی بکات.

"ئێوە چۆن میلیەتی خۆتان خۆش ئەوێ و ئەتانەوێ حور و سەربەست بژیـن، کوردیـش بـۆ عـەینی غایـە هـەوڵ ئـەدات و، لازمـە ئینسـان مـادام میلەتپەروەر بو حورمەتی میلیەتیمیلەتێکی تریش بگرێ و، ئەمـە لـە دنیـادا قانونێکی تەبیعیە.

"وە دیسانەوە ئەبێ بزانن ئەم ئیمتیازە کە دراوە بە کوردەکان هەر بۆ ئەوەیـە کـە موجیبەتێکی ئەبەدی بەین تـەئمین بکـات و هـەر بـۆ ئەوەیـە کـە مەنافیعێکی موشتەرەکی لێ بێتە وجود و، بەم سەبەبە هەردولا تەرەقی بکەن. لە بەر ئەوە ئەبێ ئەم ئیمتیازەی کە پێیان بەخشراوە حەرفیەن تەتبیقی بکەن و حەتا لـەمیش زیـاتر و لـە پێش خۆتانـەوە بـۆ تـەرەقی و تـەعالییان سـەعی بکەن، وە ئیلا ئەگەر هەروا بمێنێتەوە نەک هەر کوردەکان دوا ئـەخات، بەڵکو ئەبێ بە سەبەبی دواکەوتنی هەردولا.

"ئیستیرحام ئەکـەین، وەکیلـەکانمان، بـۆ ئـەوەی ئـارەزوی عمومـی ئـەم میلەتە تەئمین بکرێ، ئەبێ بۆ ئـەم مەسئەلەیە بـە جـدی سـەعی بکـەن و لـێ سارد نەبنەوە و بـە عەجەلـە و بـە قـەتعی ئەم ئیمتیـازە لـە هـەمو کوردسـتانا تەتبیق بکەن و، رجایش لە حکومەت و ئەولیای ئومور ئەکـەین بـۆ ئەوەی ئـەم وەحدەتە هەر باقی بێ، ئیستیرحامنامەی ئـەم میلەتـە و وەکیلـەکانمان تـەرویج بفەرمون، کە نەتیجە حکومەتێکی گەورە و موتەرەقی و بە ناوی عیراقەوە لێوە بێتە وجود."(ژیان، ژ ١٦٧، ١٥ ی نیسانی ١٩٢٩)

لای رۆژنامەکانی عیراق

بۆ زانینی دەنگدانەوەی ئەم یادداشتە لە رۆژنامە عەرەبیەکانی عیراق دا پێویست ئەکا سەیری رۆژنامەکانی ئەو کاتە بکرێ. ژیان وەڵامی یەک رۆژنامەی داوەتەوە کە ئەویش العراقە.

"جوابی غەزەتەی العراق بە تاریخی ٩ ی نیسانی ٩٢٩

"بەرامبەر بەو تەقریرەی کە وەکیلە خۆشەویستەکانی میلەتی کورد بۆ تەلەبی حقوقی میلەتەکە دابویان لە غەزەتەی العراق ی ٩ ی نیسانی ٩٢٩ تاریخ دا چاومان بە چەند دێڕێک کەوت.

"ئێمە چونکە زبانی حاڵی میلەتی کوردین هەرچەند لە سەرمان واجیب بو جوابی بدەینەوە بەڵام بۆ ئەوەی حسیاتی کوردەکان تەحریک و نەتیجە شتێکی خراپ تەولید نەکات نەمانویست دورودرێژ جوابی بدەینەوە.

"هەر ئەمەندە ئەڵێن بۆ العراق زۆر عەیب و فکرێکی غەڵەتە کە بە هەمو حسیاتەوە میلەتێکی شەجیع، ساحیب شەرەفی وەکو کورد تەهدید ئەکات و ئەیترسێنێ بەوەی کە ئەڵێ (کوردەکان تەلەبی وا بکەن وەکو ئیدیعای ئەرمەنیەکانی لێ دێت کە موقابیل بە تورکیا کردیان و نەتیجە بەم حاڵە گەیشتن).

"ئەی ساحیب و موحەڕیڕی العراق! بە جدی عەرزت ئەکەین کورد هیچ وەقتێک خۆی بە ئەرمەنی نازانێ و عیراقیش بە تورکیا. کورد بەو شەرتە لە گەڵ عیراقا ئەژی، نەک وەکو غەزەتەکانی خاریج ئەڵێن و ئەنوسن (ئەبێ ئەم دو میلەتە وەکو بریتانیا و ئسکۆتلاند بژین و تەماشای یەکتری بکەن) بەڵکو کورد ئەیەوێ زیاتر تەماشای بکرێ.

"رجا لە ئەولیای ئومور ئەکەین ئەگەر ئەیانەوێ ئەم دو میلەتە بە یەکەوە بژین نابێ مەیدان بدەن شتی وا بنوسرێ، چونکە غەزەتەکانی کوردیش مەجبور ئەبێ موقابیل بە هەمو تەعەڕوزێک نەک مودافەعە، بەڵکو هجوم بکات. هەر ئەوەندە ئەڵێین."(ژیان، ژ ١٦٧، ١٥ ی نیسانی ٩٢٩)

لای کاربەدەستان

لە ژیان دا هیچ جۆرە کاردانەوەی کاربەدەستانی عیراقی و بریتانی بە دی ناکرێ بەڵام بێگومان لە بەر ئەوەی بە باشیان نەزانیوە هیچیان لێ جێبەجێ نەکردوە.

٥. هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس

"حەلی مەجلیسی مەبعوسانی عیراق و،

"ئەمری ئینتیخاباتی تازە

"بەغداد: ئیرادە دەرچوە لە سەر حەلی مەجلیسی مەبعوسان و دەستکردن بە ئینتیخاباتی تازە." (ژیان، ژ ٢٤٩، ٧ ی تەموزی ١٩٣٠)

عیراق لەو ماوەیەدا نائارامیەکی سیاسی - وەزاری زۆری بە خۆیەوە دیوە. چەند جارێ وەزارەتەکان گۆڕاون.

عەبدولموحسین سەعدون لە نیسانی ١٩٢٩ دا ئیستیقالەی کرد. مەلیک فەیسەل تۆفیق سویدی تەکلیف کرد وەزارەت پێک بهێنێ:

"وەزارەتی تازەی عیراق

" لە غەزەتەکانی بەغدادەوە ٢٩ و ٣٠/٤/ ٩٢٩

" مەعلومە کە لە بەر بەعزێ مەسائیلی سیاسیە چەند مانگێک لەمەوپێش وەزارەتی عیراق کە قابینەی فەخامەتی سەعدونیان پێ ئەوت ئیستیعفای کرد بو و هەتا ئەم بەینە هەر بە وەکالەت ئیشی ئەکرد و حکومەتی عیراق لە حالێکی موشکیل دا مابووەوە، بەڵام لەم رۆژانەدا بۆ ئەوەی ئینر نیهایەت بەم حالە بهێنرێ دەست کرا بە تەشەبوسات بۆ ئەوەی قابینەیەکی تازە تەشکیل بکرێ. نەتیجە قەرار درا کە لە ریاسەتی فەخامەتی تۆفیق بەگ ئەلسویدیدا وەزارەت تەشەکول بکات.

"رۆژی یەکشەمەی ٢٩/٤/٢٨ بە موناسەبەتی دەرچونی ئیرادەی ملوکانەوە لە دائیرەی رەیوسەل وزەرای عیراق حەفلەیەکی موحتەشەم کرا و

هەمو گەورەی دائیرەکان و موستەشارەکانی حکومەتی فەخیمەی ئینگلیز کۆبونەوە لە حالێکا کە فەخامەتی تۆفیق بەگ ئەلسویدیش لەوێ حازر بو.

"وە لەو حەلەدا وەکیلی رەئیسی دیوانی مەلەکی و مورافیقی خاسی جەلالەتی مەلیک بە ئوتوموبیلی مەخسوسی ملوکانە تەشریفیان هێنایە ئەو مەوقیعەوە. لە تەرەف تاقمێک پۆلیسەوە و هەمو حازیرونەوە ئیستیقبال کران.

"ئیرادەی جەلالەتی مەلیک کە لە بابەت رەئیسەل وزەرایەتی تۆفیق بەگ سویدی‌یەوە دەرچوبو تەسلیمی سکرتێری مەجلیسی وزەرا کرا. لە دوای ئەوەی کە مەراسیمی ئیحتیرامکارانە بۆ ئیرادەکە کرا لە تەرەف سکرتێری مەجلیسەوە بە دەنگێکی بەرز خوێنرایەوە کە مەئالەکەی لای خوارەوە عەرز کرا.

"لە دوای ئەوەی کە فەخامەتی تۆفیق بەگ سویدی بەرامبەر بە ئیرادەکە تەشەکوراتی لازمەی بە جێ هێنا و هەمو حازیرون موبارەکبایی‌یان لێ کرد بە ئوتوموبیلی خسوسی تەشریفی بردە قەسری مەلەکی و بیلزات لەوێش بەیانی مەمنونیەتی فەرمو."(ژیان، ژ ١٧٢، ٢٨ ی نیسانی ١٩٢٩)

"سورەتی ئیرادەکەی جەلالەتی مەلیکی گەورەی عیراق

"فەخامەتی وەزیر تۆفیق سویدی!

"بینا لە سەر ئیستیعفای فەخامەتی عەبدولموحسین بەگ و بینا لە سەر ئەوەی کە ئیعتیمادی تەواوم بە دیرایەت و ئیخلاسی ئێوە هەیە وا مەنسەبی رەئیس ئەلوزەرایەتیم تەودیع کردی کە ئێوەش بە عەجەلە وەزیرەکانی رەفیقتان ئینتیخاب بکەن و ناویان عەرز بکەن. هەر خوا موەفەقیەت ئەدا.

فەیسەل مەلیکی عیراق"(ژیان، ژ ١٧٢، ٢٨ ی نیسانی ١٩٢٩)

لێدوانی ژیان:

"ئـەم ئیرادەیـە لـە ۲۸ ی نیسـانی ۹۲۹ و ۱۹ ی زیلقــەعیدەی ۱۳٤۷ لـە قەسری مەلەکیدا نوسراوە.

"لە سەر ئەمە فەخامەتی رەئیسەلوزەرایش لە عەینی رۆژدا وەکو لە غەزەتەی پێشودا ناویان عەرز کرا، مەعالی وەزیرەکانی ئینتیخاب فەرموە و عەرزی جەلالەتی مەلیکی کردوە.

"تەشکیلی قابینەی تازەی عیراق لە سەرەوە عەرز کرا. ئەم قابینەیە و ئـەم وەزیـرە موحتەرەمانـە چونکــە هــەمویان لــە کۆمــەڵی (تقـدم) ن و ئــەم کۆمەلەێش لە عیراقا ئەهمیەت و مەوقیعێکی بـەرزی هەیـە و ئەکسـەریەتی پەیدا کردوە و لە هەمو شتێکا ساحیب رەئین، جگە لەمەیش چونکە ئەمجارە لـەم قابینەیـەدا دو وەزیـری کوردیـش هەیـە، ئومێدمـان گەورەیـە کـە بـە هەمویەتی بۆ عیراق و بە تایبەتی بۆ کوردستان خدمەتێکی گەورە بفەرمون.

"جگـە لەمـەیش جاران کەلـە هـەمو قابینەیـەک دا وەزیرێـک هــەبو ئەمجارە دو وەزیری کوردی تێدایە، ئەمەش دەلیلە کە ئیتر لە بەینی ئەم دو میلەتەدا فەرق و فروق نەماوە و ئیتر هـەردولا وەکـو بـرا ئەژین و بـۆ عـەینی غایە کە بەرزی و بڵندی و پێشکەوتنی عیراقە سەعی ئەکرێ. ئەمەیش ئینکار ناکرێ کە ئەم چاودێری‌یە و ئەم لوتفی حکومەتە هەموی بە سەبەبی هـەوڵ و تەقەلای وەکیلە موحتەرەمەکانمانەوە پێک هاتوە.

"لـە بـەر ئـەوە بـە نـاوی میلـەتی کـوردەوە موبارەکبایی لـە وەزیــرە موحتەرەمەکانمان و تەمەنای موەفەقیەتی ئەم قابینەیە ئەکەین.

"دیسانەوە ئیستیرحام و تەمەنایان لێ ئەکەین کە بە هەمو توانایانەوە بــۆ پێشــکەوتنی عــیراق و بـــۆ ئیکمـــالی نەواقیســـاتی کوردســـتان جـــەهد بفەرمون."(ژیان، ژ ۱۷۲، ۲۸ ی نیسانی ۱۹۲۹)

"پرۆغرامی وەزارەت

"بەغداد، هەرچەند بە رەسمی هێشتا پرۆغرامی وەزارەتی تازە مەعلوم نەبوە، بەڵام لە ئەوەل ئیجتیماع دا قەراریان داوە لە پێش هەمو شتێکا بۆ بەرزی و بڵندی و دەوڵەمەندی عیراق چی پێویستە ئیجرای بکەن و بودجە بەو نەوعە تەنزیم و ئیسلاح بکەن کە نەتیجە زەرەر و زیانێکی نەبێ بۆ عیراق. وە بۆ تەئلیفی جەیشێکی مونتەزەمی عیراق سەعی بکەن ئایا بە سورەتی ئیجباری وە یا غەیرەئیجباری. قەوانین و معامەلاتی نفوس ئیکمال بکەن.

"وە بۆ عەدەم ئیستیخدامی هنودی غەیرەعیراقی سەعی بکەن و لە جێی ئەوان عیراقی ئیستیخدام بکەن."(ژیان، ژ ١٧٢، ٢٨ ی نیسانی ١٩٢٩)

....

وەزارەتەکەی سویدی تەمەنی درێژ نەبو مەلیک داوای ئیستیقالەی لێ کرد و، سەرلەنوێ سەعدونی تەکلیف کردەوە.

"قابیتەی تازەی عیراق

"لە سەر ئیستیعفای فەخامەتی تۆفیق بەگ سویدی رۆژی ١٩ ی ئەم مانگە ئیرادەی ملوکانە صادر بو بە تەعینی فەخامەتی سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون بۆ رەئیس ئەلوزەرایەتی و فەخامەتیشی وەکو لای خوارەوە دەرج کراوە ناوی ئەو وەزیرانەی دا کە داخلی قابینەکەی ئەبن.

"لە عەینی رۆژدا ئیرادە سادر بو بۆ تەعینی موشار ئیلەیهیماش و بەم موناسەبەتەوە لە دیوانی رەئیس ئەلوزەرادا کۆمەڵێک بەسترا لە دوای خوێندنەوەی ئیرادەکە حازیرون دوعای عومر و ئیقبالی جەلالەتی مەلیکی موعەزەمیان کرد.

رەئیس ئەلوزەرا و وەزیری خاریجیە

فەخامەتی سێر عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدەون

وەزیری داخلیە	مەعالی ناجی پاشا ئەلسویدی
وەزیری مالیە	مەعالی یاسین پاشا ئەلهاشمی
وەزیری عەدلیە	مەعالی ناجی شەوکەت
وەزیری ئەشغال ومواسەلات	مەعالی ئەمین زەکی بەگ
وەزیری دیفاع	مەعالی نوری پاشا ئەلسەعید
وەزیری مەعاریف	مەعالی عەبدولحسەین چەلەبی
وەزیری رەی و زەراعەت	مەعالی عەبدولعەزیز بەگ

قەساب"لژیان، ژ ۲۰، ۱۹ ی ئەیلولی ۱۹۲۹)

سەعدون خۆی کوشت.

"زیاعێکی ئەلیم

"لە حالێکا کە غەزەتەکەمان لە تەواوبون دا بو بە شیدەتی ئەسەفەوە خەبەرمان وەرگرت کە رەسمەن بۆ مەقامی سەعادەتی موتەسەرِیفی تەلغرافێک هاتوە مەئالەکەی ئەمەیە کە: فەخامەتی سێر عەبدولموحسین ئەلسەعدون رەئیس ئەلوزەرای عیراق ئەمشەوی رابوردو لە ماڵی خۆیدا (ئینتیحار) و وەفاتی کردوە. وە وەسێتێکی تاریخی بۆ ئەولادی بە جێ هێشتوە.

"ئەم خەبەرە فەجیعە وەکو سائیقەیەکی ناگەهانی زەربەیەکی لە عالەم دا و رەعشەیەکی ئەبەدی خستە وجودی هەمو کەسێکەوە. جدەن غەیبوبەتی ئەبەدی ئەم داهی‌یە کە لە عیراقا ئەوەلەمین زات و موشار بیلبەنان و باعیسی فەخری عمومی بو، جێی تەئەسوفە و هەتاکو قیامەت ئەم ئەسەفە باقی ئەبێ لە فکر ناچێتەوە.

"به ناوی عمومه عیراق و خاسەتەن بە ناوی میلەتی کوردەوە ئیزهاری ئەسەف و بەیانی تەعزیەت ئەکەین. وە بەم موناسەبەتەوە لە هەمو مەراکیزدا بەیداخی حکومەت شۆڕ کرایەوە.

"لەم خسوسەوە لە غەزەتەی ئاتیدا دەرەجەی ئەسەفی میلەتەکەمان و تەفسیلاتی لازمە عەرز ئەکەین."(ژیان، ژ ٢١١، ١٤ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٩)

....

بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی بە خۆکوشتنی سەعدون دروست بو بو پڕ بکرێتەوە. فەیسەڵ ناجی سویدی تەکلیف کرد وەزارەت تەشکیل بکا.

"قابینەی تازە

"ئیرادەی ملوکانە سادر بوە بۆ تەشکیلی وەزارەتی تازە لە ریاسەتی ناجی پاشا ئەلسویدیدا، بەڵام لە بەر وەفاتی عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدون هیچ مەراسیمێکی بۆ ناکرێ. وەزیرەکان وەکو لای خوارەوەن:

رەئیس ئەلوزەرا و وەزیری خاریجیە ناجی پاشا ئەلسویدی

داخلیە	ناجی شەوکەت
مالیە	یاسین پاشا ئەلهاشمی
عەدلیە	عەبدولعەزیز قەساب
وەزیری دیفاع	نوری پاشا ئەلسەعید
مواسەلات و ئەشغال	مەعالی ئەمین زەکی بەگ
رەی و زەراعەت	خالید سلێمان
وەزیری مەعاریف	عەبدولحسەین چەلەبی

"(ژیان، ژ ٢١٣، ٢١ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٩)

......

وەزارەتەکەی ناجی سویدی تەمەنی کورت بو. عیراق لە بەردەم گرێدانی رێکەوتننامەیەکی گرنگ دا بو لە گەڵ بریتانیا. بەندەکانی ناو رێککەوتنەکە بە ئاسانی و بە بێ مشتومڕ، نەیئەتوانی لە مەجلیس تێ بپەڕێ. نوری سەعید بۆ ئەوەی دەنگی ئەندامانی مەجلیس بۆ موافەقەت لە سەر پەیماننامەکە دابین بکا، وەزارەتێکی پێک هێنا کە هەڵبژاردنێ بکا ئەنجامەکەی مسۆگەر بێ.

"مینهاجی قابینەی تازەی عیراق

"بەغداد، رەئیس وزەرای عیراق فەخامەتی نوری پاشا ئەلسەعید ئەو مینهاجەی کە لە گەڵ وەزیرەکانیا قەراریان داوە تەعقیبی بکەن تەقدیمی جەلالەتی مەلیکی فەرموە و جەلالەتی مەلیکی موعەزەمیش قبوڵی فەرموە.

"مینهاجەکەیان عیبارەتە لە ٣ مەسئەلە:

١. بۆ وەرگرتنی ئیستیقلالیەتی تامی عیراق لە گەڵ داری ئیعتیمادا دەست کردن بە موزاکەرە بۆ موعاهەدەیەکی تازە.

٢. مەسئەلەی ئیقتیسادیاتی عیراق.

٣. وەرگرتنی مەسئولیەت یەعنی ئیدارەی داخلی عیراق لە عیراقی‌یەکان مەسئول بێ." (ژیان، ژ ٢٣٣، ٣ ی نیسانی ١٩٣٠)

مەجلیسی نواب

(دەورەی سێیەم)

(١٩٣٠/١١/١ ١٩٣٢/١١/٨)

دەورەی ئینتیخابیی سێیەم

"ئینتیخاباتی تازەی مەبعوسان

"لە وەزارەتی داخلیەوە رەسمەن ئەمر دراوە کە پێویستە لە هەمو مەناتیقی عیراق دا لە رۆژی ١٠ ی تەموزدا موافیقی قانونی ئینتیخابات دەست بکرێ بە موعامەلەی ئینتیخابیە و ئەبێ لە ١٠ ی ئەیلول دا تەواو ببێ."(ژیان، ژ ٢٥٠، ١٠ ی تەموزی ١٩٣٠)

٦ ی رەشی ئەیلول

ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنی داهاتو ئەوە بو کە پەیماننامەی بریتانی عیراقی پەسند بکات. نوری سەعید ئەیویست ئەنجومەنێک هەڵببژێردرێ بێ مشتومڕ و بگرەوبەردە دەنگ بە قازانجی پەیماننامەکە بدا. پاش ئیمزا کردنی ئەم پەیمانە عیراق لە ژێر ئینتیدابی بریتانی دەرئەچو، بە ناو سەربەخۆیی وەرئەگرت و، ئەبو بە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان.

لە هیچ مادەیەکی ئەم پەیمانەدا ئیشارەت بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی کورد نەکرابو، بە تایبەتی ئەو مافانەی کاتی نوساندنی ولایەتی موسل بە عیراقەوە داوا لە عیراق کرا بو دەستەبەری بێ. نیشتمانپەوەرانی کورد ئەترسان دوای ئیمزا کردنی ئەم پەیمانە حکومەتی عیراق لەو مافانە پەشیمان ببێتەوە کە بەڵێنی بە کورد دابو. لە بەر ئەوە لە سلێمانی بڕیاری (موقاتەعە) یان دا.

رۆژی ۶ ی ئەیلول کە ئەبو دەنگدەرانی سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی (هەیئەتی تەفتیشیە) لە سەرای سلێمانیدا کۆ ببنەوە، خەڵکی سلێمانی بە تایبەتی قوتابیانی کۆمەڵەی زانستی کوردان و دوکاندارەکانی ناو بازاڕ و گەنجەکانی شار بۆ خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی لە بەر دەرکی سەرا کۆبونەوە. کاروباری سلێمانی، کە لەو کاتەدا بە دەس کاپتن گاون وەکیلی موفەتیشی ئیداریەوە بو، بۆ بلاوە پێ کردنی خۆپیشاندەرەکان کەوتە بە کار هێنانی زەبروزەنگی پۆلیس. لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیس دا پشێوی دروست بو، لە هەردو لا چەند کەس بریندار بون و کوژران. گاون هێزەکانی جەیشی عیراقی بانگ کرد بۆ ئەوەی پشێویەکە دابمرکێننەوە. جەیش بە توندی لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکەی دا. دەیان کەسی لێ کوشتن و، دەیان کەسی لێ بریندار کردن. بە زۆر بلاوەی پێ کردن و زیاتر لە ۱۰ کەسیان راپێچی زیندان کرد. ئەگەرچی بە هۆی ئەم روداوەوە هەڵبژاردن دوا کەوت بەلام پاش چەند رۆژێ ئەنجامیان دا.

ژیان لە ژێر سەردێڕی (ئینتیخابات لە سلێمانی) نوسیوێتی:

"رۆژی ۱۵ ی ۹ ی ۱۹۳۰ لە مەقامی موتەصەریفیەت دا عمومی ئەشراف و تیجار و سائیری تەبەقەی ئەهالی بۆ ئینتیخابی هەیئەی تەفتیشیە کۆبونەوە. لە نەتیجەدا زەواتی ئاتیە بە ئەکسەریەتی ئارا بە ئەعزای هەیئەتی تەفتیشیە ئینتیخاب کران:

چەند رەئی بوە: ۳٤ حاجی ئیبراهیم ئاغا، ۲۲ مەجید بەگی حاجی رەسول بەگ، ۲۲ غالب ئاغا، ۲۱ حاجی ئەحمەدی حاجی کەریم، ۲۰ عەبدولکەریم ئەفەندی عەلەکە، ۱۹ سەید ئەحمەدی توتونچی، ۱۷ کەریم

بەگی محەمەد بەگ، ١٦ حاجی کاکەحەمە، ١٥ حاجی مەلا محێدین، ١٥ حاجی عەلی حاجی حەسەن ئەفەندی."(ژیان، ژ ٢٦٠، ٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠)

"گوشادی مەجلیسی مەبعوسان

"رۆژی ١ ی مانگ ئەعزاکانی مەجلیسی نیابی بە ئیحتیفالێکی موحتەشەم کۆبونەوە. لە پاش قیرائەتی خیتاب ئەلعەرش بە ئەکسەریەتی ئارا فەخامەتی جەعفەر پاشای عەسکەری بە رەئیس ئینتیخاب کراوە و، دیسان لە نەتیجەی ئینتیخابات دا مەعالی سلێمان بەگ ئەلبەراک بۆ نائیبی ئەوەل و عەلی ئەفەندی ئیمام بۆ نائیبی دوەمی رەئیس، ئەکسەریەتیان ئیحراز کردوە." (ژیان، ژ ٢٦٢، ٦ ی تشرینی دوەمی ١٩٣٠)

ژیان کە لە سەرەتاوە بە گەرمی هەواڵی رەوتی هەڵبژاردنی دەورەی یەکەم و دوەمی نوسی بو. هەواڵی دەورەکانی تری بە کورتی و سەرپێیی باس کردوە و، ئەو گەرمی‌یەی جارانی نەماوە رەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیتر تێگەیشتون مەجلیس ئەو دەزگایە نیە ئەمان ئەو هیوا زلانەیان لە سەر هەڵ چنی بو.

مەجلیسی نواب

(دەورەی چوارەم)

(١٩٣٣/٣/٨ ١٩٣٤/٩/٤)

ژیـــان، ژ ٣٥٣ ی ١٣ ی شـــوباتی ١٩٣٣ ئـــەنجامی دەورەی چوارەمـــی هەڵبژاردنی نائیبەکانی لیوای سلێمانی بەمجۆرە بڵاو کردۆتەوە:

"سەرەتای دەرکەوت نوابی تازە

"دەمێکە زۆر کەس ئاواتەخوازە

"ئەم چەندانە دەروژوری شار، بێ بـوارە و بـوار، خـەریکی هـەڵبژاردنی مونتـەخیبی سـانی بـون. دەسـتەی هیوادارانـی مەبعوسـی بـە هـەمو لایـەکا تەقەلایان بو، تا رۆژی ئەم چوارشەموی رابوردوە کە رۆژی هیوا و بێ هیوایی بو. مونتەخیبە سانیەکان لە دائیرەی بەلەدیەدا کۆبونەوە صندوقی یانصیبی بـەخت و نصیب دانـرا. چـواردەوری بـە چـاودێری و سەرپەرشـتی رەئیسـی بەلەدیە و هەیئەتی تەفتیشیە تـەنرا. ئینجا هـەر کەسە سـەرپەڕەی بە مۆری وەرگرت، بردیە لایەکەوە بە دزیەوە چەند کەسی هـەڵبژارد، نـاوی نوسین و بە دەستی خۆی خستیە ناو صندوقەکەوە. لە دوایـیدا هەمو لایـەک راوەستا بون سەرنجیان ئەدا صنـدوق کرایەوە، رەئی کۆکرایـەوە، دەعـوا بڕایـەوە، لە نەتیجـەدا وا دەرکـەوت هـەر مەبعوسـەکانی پێشـومان بونـەوە، تەنـها ئەحمـەد بەگی وەسمان پاشا دەرچوە، لە جێی ئەو صەبری ئەفـەندی حـاجی عـەلی ئاغا دێتە کایەوە. خوا لێیان پیرۆز کا ببنە خێر و بە سەر وڵاتەکەمانا بڕژێن.

"ئەو زاتانەی کە هـەڵبژێرراون بـۆ مەبعوسی ئەمانـەن کە لە خـوارەوە نوسراون: جەنابی محەمەد سالح بەگی محەمەد عەلی بەگ، جەنابی سەیفوڵا

بەگ، جەنابی ئەحمەد بەگی محەمەد سالح بەگ، جەنابی صەبری ئەفەندی حاجی عەلی ئاغا."

"موافیقی قانونی ئەساسی نیوەی حەزەراتی ئەعزایانی ئەعیان بە قورعە ئیخراج کران

"بە موناسەبەتی تەواوبونی مودەیانەوە بۆ ئەوەی بە قورعە نیوەی ئەعزا موحتەرەمەکانی مەجلیسی ئەعیان ئیخراج بکرێن و سەرلەنوێ بە ئیرادەی مەلەکی ئەعزا تەعین بکرێتەوە. رۆژی ١٣ ی ئەم مانگە لە دائیرەی مەجلیسی ئەعیان دا بە پێی مادەی ٣٢ ی قانونی ئەساسی دەست کرا بە معامەلەی قورعەکێشان.

لە ریاسەت و نەزارەتی جەلالەتی مەلیکی موعەزەم دا فەخامەتی رەئیسەل وزەرا و فەخامەتی رەئیسی مەجلیسی ئەعیان و رەئیسی مەجلیسی مەبعوسان لە دائیرە و سالۆنی مەجلیسی ئەعیان دا کۆبونەوە و لە حاڵێکا کە هەمو ئەعزایانی ئەعیان و ئەعزایانی مەبعوسان و مەعالی وەزیرەکان حازر بون دەست کرا بە قورعەکێشان و لە نەتیجەی قورعەدا لە ئەعزایانی ئەعیان سەماحەت ئەلسەید محەمەد ئەلسەدر و، ئەلشێخ عودەی ئەلجەریان و، ئاسەف قاسم ئاغا و، ئەلسەید عەبدولڵا ئەلنەقیب و، فەخرەدین ئال جەمیل، یوسف عەمانۆیل، حاجی حەسەن ئەلشەبوت، عەبدولکەریم ئەلسەعدون، مەولود پاشا ئەلموخلیس، حاجی مەحمود ئەل ئوسترابادی، لە جێی خۆیان مانەوە.

وە سەماحەتی جەمیل ئەل زەهاوی، یوسف سویدی، حاجی سەعید ئاغا، مەناحیم دانیال، عەبدولحسەین، ئیبراهیم حەیدەری، عەبدولغەنی کوبە، محەمەد عەلی فازل، سالح پاشا باش ئەعیان، عەبدولڵا سافی، دەرچون.

بەم نەوعە قورعەکێشانەکە دوایی هات. وە لە دوای تەواوبونی مەسئەلەکە جەلالەتی مەلیکی موعەزەم بیلزات خۆی خوتبەیەکی عالی خوێندەوە و لە معامەلە و حەرەکاتی ئەم بەینەی هەمو ئەعزایانی مەجلیسی ئەعیان بەیانی مەمنونیەتی فەرمو."(ژیان، ١٨١ ی ٢٤ ی حوزەیرانی ١٩٢٩)

"ئەعزاکانی تازەی مەجلیسی ئەعیان

"بەغداد: رۆژی ٢٢ ی ئەم مانگە ئیرادەی ملوکانە صادر بو لە خصوص تەعینی زەواتی لای خوارەوە بۆ ئەعزایەتی مەجلیسی ئەعیان:

"ئیبراهیم ئەفەندی ئەلحەیدەری، حاجی سەعید ئاغای مەعروف ئاغا، السید نوری ئەفەندی السید عزیز الیاسری، عەبدوللەتیف پاشا ئەلمەندیل، عەبدولڵا صافی ئەفەندی، محەمەد عەلی ئەفەندی ئال بەحرەلعلوم، محەمەد عەلی ئەفەندی ئەلفازیل، مەناحیم ئەفەندی دانیال.

"حکومەت ئیستا خەریکی تەرشیحی زاتێکیانە بۆ ریاسەتی ئەم مەجلیسە وەکو ئەڵین یا سەماحەتی شێخ ئیبراهیم ئەفەندی ئەلحەیدەری وە یا محەمەد عەلی ئەفەندی ئەلفازیل ئەبێ بە رەئیس."(ژیان، ژ ٢٠٧ ی ٢٨ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٩)

ژیان

و

داکۆکی لە ئافرەت

١. ژیان و ژن
١. ١. پایەی کۆمەڵایەتی
١. ٢. مافەکانی ئافرەت
١. ٣. پێکهێنانی خێزان

٢. مەکتەبی کچان لە سلێمانی
٢. ١. کردنەوەی
٢. ٢. هەڵوێستی جیاواز لە خوێندنی کچان
٢. ٣. چالاکیەکانی
٢. ٣. ١. پیشانگەی ساڵانە
٢. ٣. ٢. تەمسیل
٢. ٣. ٣. بەشداری کۆبونەوەی گشتی
٢. ٣. ٤. فێرکردنی نەخوێندەوار
٢. ٣. ٥. فێرکردنی پیشە

٣. هەواڵی ئافرەتانی دنیا

داکۆکی لە ئافرەت

١. ژیان و ژن

یەکێ لەو بابەتانەی ژیان تەرکیزی کردۆتە سەر کێشەی ئافرەت بوە. ئەمەیش وەنەبێ کاری یەکتەنی یا دەس پێشکەری یەکێ لە نوسەرەکانی ئەو کاتە بوبێ، بەڵکو بەشێ بوە لە رێبازی فکریی رۆژنامەکە. لە هەمو قۆناغەکانی دەرچونی دا و، لە لایەن چەند نوسەری جیاوازەوە باس کراوە.

لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دا لە زۆر شوێنی دنیادا ئافرەت بێ بەش بون لە مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، رۆشنبیری. تەنانەت لە وڵاتێکی وەکو بریتانیادا ئافرەت تازە خەریک بو هەندێ لە مافەکانی وەربگرێ، لەوانە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنی گشتیدا.

کوردستان لەو سەردەمەدا زۆر دواکەوتو بو. شارەکانی پچوک و بە ژمارە کەم و لە روی ئاوەدانی و شارستانیەوە زۆر لە دوا بو، زیاتر لەوەی لە شار بچن، شارەدێ بون. زۆرایەتی خەڵک و، بە گشتی ئافرەت نەخوێندەوار بون. دانیشتوانی شار لە چاو دانیشتوانی دێهات دا زۆر کەم و، پێوەندی دەرەبەگی و خێڵایەتی بە سەر پێوەندی کۆمەڵایەتیدا زاڵ و، تێگەیشتن و بیرکردنەوە و رەفتاری لادێ باو بو. لە دێهات دا، شیربایی، ژن بە ژن، ژن لە تۆڵەی خوێن دا دان، گەورە بە پچوک و، فرەژنی، لە ژنهێنان و شوکردن دا نەریتی کارپێکراو بو.

ئەگەر لە وڵاتانی وەکو تورکیا و ئێران و میصر... جوڵانەوەی ژنان بۆ چاکردنی باری کۆمەڵایەتی خێزان و بە دەسهێنانی مافی ئافرەت، دەستی پێ کردبێ ئەوا لە کوردستان دا بە هیچ جۆرێ بزوتنەوەیەکی لەو بابەتە لە کایەدا نەبوە. ئەم هەنگاوەی ژیان لەو کاتەدا ناویەتی دەسپێشکەری پیاوان بوە، بێ

ئەوەی هیچ گوشارێکی ئافرەتیان لە سەر بوبێ، بەشێ بوە لە بیروباوەڕی هەڵبژاردەی کورد بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵی کورد و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵی پێشـکەوتوی شارسـتانی. لـە دو تـوێی وتارەکـان و هەواڵـەکان دا داوای دابینکردنـی مـافی خوێنـدن، کـارکردن، ئـازادی هـەڵبژاردنی هاوسـەر، مـافی دەنگدان لە هەڵبژاردنی گشتی دا، بۆ ئافرەتی کورد ئەکەن. بە واتەیەکی تر مافی بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، رۆشنبیری، سیاسی... کۆمەڵ دا.

١. ٢. پایەی کۆمەڵایەتی ئافرەت

ژیـان بـە قەڵـەمی نوسـەری جیـاواز چـەندین وتـاری لـە سـەر بـاری کۆمەڵایەتی خێزانی کورد و، شوکردن و ژنهێنان، و پلەی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد نوسیوە. زۆر بە توندی هێرشی کردۆتە سەر نەریتی باو و هەلومەرجی دواکەوتوی کۆمەڵ و، رەخنـەی لە پیاوی کـورد گرتـوە سـەبارەت بـە رەفتاری نادروستی لە گەڵ ژنی کوردا. داکۆکی کـردوە لـە مـافی ئافرەت و، مـافی بێ چـەندوچونی خوێنـدن، کـارکردن، هـەڵبژاردنی هاوسـەر و، رەئـی دان. لـە پێکەوەنانی خێزان دا داوای کردوە لە پێش ژنهێنان و شوکردن دا، بۆ ئەوەی زمانی لە یەک گەیشتن بدۆزنەوە، کوڕ و کچ یەکتری ببینن و پێکەوە قسە بکەن و، لە نێوان کچ و کوڕدا هاوکوفی، بە تایبەتی لە تەمەن دا هەبێ.

لـەو سـەردەمەدا هیـچ قـانونێکی دانـراو نـەبوە بـۆ رێکخسـتنی (بـاری کەسایەتی) و بۆ پاراستنی مافی ئافرەت. لە دادگا و لە ناو کۆمەڵ دا پیرەوی بنـەماکانی شـەریعەتی ئیسـلامی کـراوە. بـە هـۆی دواکـەوتنی کۆمـەڵ و، نەخوێندەواری و نەزانی ژنانەوە، پیاو بە یارمەتی هەندێ مەلای کۆنەپەرست و کۆلکە مەلا، بە خراپترین شێوە ژنی چەوساندۆتەوە و مافەکانی خواردوە. نوسەرانی ئەم وتارانە بۆ ئەوەی بەڵگە و بەهانەکانیان بە هێز بێ و، لە روی

دینی‌یه‌وه نه‌توانن به‌ربه‌رچیان بده‌نه‌وه، شایه‌تی‌یان له‌ ئایه‌تی قورئان و حه‌دیسی پێغه‌مبه‌ر هێناوه‌ته‌وه.

مدیره‌ی مه‌کته‌بی کچانی سلێمانی، گوزیده عه‌زیز خانم، له‌ وتارێک دا له‌ ژێر سه‌ردێڕی (ژن و ته‌ئسیراتی له‌ حه‌یاتی مه‌ده‌نیه‌ت دا) که‌ به‌ بۆنه‌ی کردنه‌وه‌ی مه‌کته‌بی کچانه‌وه بۆ (ژیان) ی نوسیوه، ئه‌ڵێ:

"ژنێتی، مه‌وجودیه‌تێ که‌ قیسمێکی تری حه‌یات و حه‌تا قیسمی موهیمی ئیشغال کردوه. نابێ ته‌ئسیراتی ژن له‌ حه‌یات دا له‌ پێش چاو دور بخرێته‌وه و، ئه‌بێ بکرێ به‌ ره‌هبه‌ری به‌رزبونه‌وه‌ی ئه‌و هه‌نگاوانه‌ که‌ له‌ رێگای مه‌ده‌نیه‌ت و ته‌ره‌قی‌دا ئه‌هاوێژرێ. ژن حه‌یات مه‌سعود و ژن حه‌یات ره‌زیل ئه‌کات. ئه‌م دو قوه‌ته‌ که‌ دوشمنی یه‌کترن به‌ عیلم و جه‌هلی ژن دێته‌ وجود. ژن ئه‌م دو ئیستیعداده‌ی هه‌یه‌ ئه‌و میله‌تانه‌ که‌ ئه‌م قیسمه‌ به‌شه‌ره‌ سوئی ئیستیعمال ئه‌که‌ن ناتوانن له‌ به‌ڵای جه‌هاله‌تی خۆیان رزگار ببن و مه‌حکومی ئه‌م ئافه‌ته‌ن.

له‌ ئوده‌بای فرانسز مادام ئه‌ڵێ: (ژن ماڵ ئه‌کات و ژن ماڵ وێران ئه‌کات) به‌ چ به‌لاغه‌ت و زبانێکی فه‌صیحه‌وه گوتراوه ئه‌گه‌ر بیخه‌ینه‌ به‌ر چاوی ته‌ئه‌مول ئه‌و میله‌تانه‌ که‌ ژنێتی‌یان به‌رز کردۆته‌وه، خۆیان به‌رز کردۆته‌وه، زیرا ژن میله‌ت پێ ئه‌گه‌یه‌نێ. وه‌ ژن پیاو پێ ئه‌گه‌یه‌نێ. ئه‌و مه‌وجودیه‌ته‌ که‌ له‌ زمره‌یه‌ک قه‌هره‌مانێکی گه‌وره‌ دێنێته‌ وجود. له‌و وه‌قتانه‌دا که‌ له‌ باوه‌شی شه‌فه‌قه‌تی خۆیا به‌ لایلایه‌ و لاواندن پێ ئه‌گه‌یه‌نێت له‌ مه‌وجودیه‌تی مادی و مه‌عنه‌وی خۆی به‌شی ئه‌دات." (ژیان، ژ ١٣، ٢٢ ی نیسانی ١٩٢٦)

.....

له‌ وتارێکی که‌دا فائیق زێوه‌ر، که‌ ئه‌وسا گه‌نجێکی تازه‌ پێگه‌یشتو بوه، نوسیوێتی:

"له مەسائیلی ئەخلاق و ئیجتیماعیات دا له پاش ئایەت و حەدیس ئەتوانم بڵێم ئەقوالی حوکەما و ئودەبا لازمە بکرێ به دەستورەلعەمەل هەمو کەس ئیتاعەی بکا. ئێمە ئەقوامی شەرق هەروەکو دەستی چەپمان گۆج کردوە، هەمو ئیشێکمان هەر به دەستی راستە، له جیسمی بەشەردا عوزویەکی لەتیفی وەکو ژنانمان بێ، له ئەکسەری حقوق مەحروممان کردوە. باوجود خیتابی ئیلاهی و ئەوامیری حەدیس تەنها رو ناکاتە پیاوان بۆ عیلم و عەمەل و سەعی و ئیتاعەت و سائیرە، هەردولا موکەلەفن کەچی له مەیدانی موبارەزەدا تەنها پیاو وجودی بۆتە نیشانەی تیری بەلا و موصیبەت، ئەم مەوزوعە ئەگەرچی به چەند جیلد تەواو نابێ ئەما لەتەرەف فەیلەسوفی عیراق زەهاویەوە به شیعرێکی عەرەبی خزمەتی ژنیش بۆ وەتەن چەند لازمە وەهای بەیان فەرموە، وەکو نەقشی بەرد له هەمو دڵێکا جێگیرە. ئەو شیعرە جوانە نەمتوانی به عەرەبی تەخمیسی بکەم ناچار به کوردی تەخمیسم کرد هەتا ئەو قەولی حەکیمانەیە بخەمە بەرچاوی تێگەیشتوانی وڵات و بکرێ به دەستورەلعەمەل:

بۆ وەتەن غیرەتی ژان دارکە له دنیا مەشهور
رێگەیی حەق دەگرێ رابیعە بێ یا مەنسور
خدمەتی جەنەت ئەکەن هەردو چ غیلمان و چ حور
(یرفع الشعب فریقان اناث وذکور
وهل الطائر الا بجناحیه یطیر) (ژیان، ژ ٦٧، ٢٤ ی مایسی ١٩٢٧)

ساڵانێکی دواتر بێکەس بەمجۆرە باسی دەوری ژنی کردوە له خەباتی نیشتمانیدا:

(نێر و مێ، هەردو به جوتە، بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دورە دەرچونمان له دیلی، مەل به باڵێ نافرێ)

م. ئەدیب بەڕێوەبەری رۆژنامەکە له یەکێ له وتارەکانیدا نوسیوێتی:

"لە ساحەی مەدەنیەت دا، تەرەقی و تەعالی میلەت، بە تەکامولی فکری و پێگەیشتنی هەردو فیرقەی میلەتەوە بەستراوە کە لە ژن و پیاو موتەشەکیلە. تەرازویەک کە هەردولای لە عەینی قورسایی‌دا نەبێ چۆن کەسبی موازەنەت و بەرامبەری ناکا و بەم لا و بەو لادا دێ، میلەتیش لە مەیدانی پێشکەوتن دا ژن و پیاوی دەرەجەی تەحصیل و تەربیەیان یەک نەبێ، ئەو سەعی و کۆششەی ئەکرێ موتەساویەن بۆ هەردولا نەبێ و، بە یەکەوە شاهڕاهی تەرەقی نەگرن بیلتەبع موازەنەت و بەرامبەرێتی پەیدا نابێ و سەر ئەکات. ئێمە کە بە نیسبەت میلەتانی ترەوە دواکەوتومان پێ ئەڵێن و مادامکە ئارەزو و فیکری سەرکەوتن و پێشکەوتنمان هەیە، لازمە جنسی لەتیف کە عوزوی موهیمترین و بەشی بە قیمەتترینی میلەت تەشکیل ئەکەن موافیقی مەتلوب پێ بگەیەنین. دایک، کە مەحصولی ئەم جنسەیە ئەگەر باش ئیحزار بکرێ ئەولادی موستەقبەلی سبەینێی وەتەن بە موکەمەلیەتیەکی مادی و مەعنەویەوە دێتە وجود. ئەم دەستورە گۆیکەی ئەمەل و فکری هەمو پیاوێکی تێگەیشتوی وەتەنە." (ژیان، ژ ٧٨، ١٨ ی ئاغستۆسی ١٩٢٧)

"..... ئەو میلەتانە کە ئەمڕۆ بەرز و بڵند بونەوە و تەکامولیان کردوە ... ئەم ئوصولە تەعقیب ئەکەن، نەتیجە ئەمڕۆ لە هەمو ئەوروپا، ئامریقا و لە قیسمێک میلەتە موتەمەدینەکانی شەرق دا ژن و پیاو وەکو یەک تەحصیل ئەکەن و بۆ رابواردنی حەیاتی ئیجتیماعیەیان موجادەلە ئەکەن، بە نەوعێک وەکو ئیستاتیقێ کراوە ئەمڕۆ لە ناو ئەکسەری میلەتە موتەمەدینەکانا لە ژن دا خوێندەوار زیاترە. هەرچەند لە پێشا ئەم مەوزوعە لە ناو ئێمەدا کە ئەکرایەوە زۆر کەسمان تەعەجوبی ئەکرد، بەڵام ئەمڕۆ دیمان و بە تەواوی ... بو کە لە ئینتیخاباتی مەجلیسی عومومی بریتانیا ... قیسمێکی زۆر لە ژنەکانیان بون بە مەبعوس و حەتا ئەمڕۆ وەزیری عومالی بریتانیا ژنێکە ناوی (مارغرێت فیلدە) ..." (ژیان، ژ ١٨٩، ٢٩ ی تەموزی ١٩٢٩)

١. ٢. مافەکانی ئافرەت

لە ژێر ناوی (ئافرەت) دا ژیان لە زنجیرەیەک وتاردا، کە بێ ئیمزا و دیارە بیروبۆچونی رۆژنامەکە دەرئەبڕێ، نوسیویێتی:

"لام وایە کەس نیە نەزانێ کە ئافرەت ئافەریدەی خوایە وەکو پیاو. خوا بۆیەکی ئافەریدە کردوە کە وەکو پیاو لە دونیادا بژی و رابوێرێ و هەرچی خوا فەرمویەتی بیکا و هەرچی نەیفەرموە نەیکات، یەعنی جگە لەوەی کە ژنە و ئافرەتە هیچ فەرقێکی تری نیە لە گەڵ پیاوا و، پیاویش جگە لەوەی کە پیاوە هیچ فەرقێکی تری نیە لە گەڵ ژنا. پیاو بۆچی خەلق کراوە ئافرەتیش بۆ ئەوە ئافەریدە کراوە." (ژیان، ژ ٩٣، ٦ ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٧)

ئینجا ئەنوسێ:

"وەکو چۆن پیاو خوێندن و تەربیەی لازمە ئافرەتیش، بە ئەمری خوایش، ئەبێ بخوێنێ و پێ بگات. چونکە ئەگەر ئەم حاڵە هەروا دەوام بکات، هەر پیاو بخوێنێ و تەربیە بدرێ و تەکامول بکا و ئافرەت هەر وا لە ژێرەوە بێ، بێ مەعریفەت و زانست بمێنێتەوە، رۆژێک دێ کە ئیتر ئافرەت لە حەیات دا، غەیری بۆ دەفعی لەزەتی پیاو زیاتر بۆ هیچی تر قیمەتێکی نامێنێ و لە بەر چاو ئەکەوێت و پەکی ئەکەوێت، لە بەر ئەوە هەروەکو خوایش فەرمویەتی ئەبێ لە گەڵ پیاوا ئافرەتیشمان پێ بگەیەنین و فێری صنعەت و مەعریفەتیان بکەین." (ژیان، ژ ٩٣، ٦ ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٧)

لە ژمارەی دوای ئەودا درێژە بە باسەکەی ئەدا و ئەڵێ:

"بزانن ئەوی ئافرەت ئەبێ بیزانێ چیە؟ کچێک بۆ ئەوەی لە حەیات دا موەفەق بێت و پێ بگات و کە شوی کرد لە گەڵ مێردەکەیا خۆش رابوێرێ و ماڵەکەی بە رێکوپێکی ئیدارە بکا و کە منالی بو بە وێڵ و ئوصول بە خێوی بکات و بیانکات بە ئینسان ئەبێ نەختێ عەقڵ و مەعریفەتی ببێت کە ئەویش

هەر بە مەکتەبەوە ئەبێ. کچێک لە مەکتەب دا بۆ ئەمڕۆی ئێمە، نەختێ خوێندن و نوسین، ئەوەندە کە مەجبور نەبێ کاغەزی مێردەکەی وە یا کەسوکارێکی بە عەرزوحاڵچیەک وە یا نامەحرەمێک بخوێنێتەوە، نەختێ حساب فێر ببێ، فێری پاکی و خاوێنی، درومان و چێشت لێ نانێکی رێکوپێک، فێری منال بە خێو کردن و ئیدارەی ماڵ ببێ و بتوانێ لە دونیادا حەیاتێکی خۆش و بێ تەگەرە رابوێرێ. ئەمانە هەمو، ئەمین بن، بە عیلم و مەعریفەت نەبێ ناکرێ.

....

"خوا بۆیە ئافرەتی خەلق کردوە کە وەکو پیاو ئیش بکات، بجولێتەوە، فێری عەقڵ و مەعریفەت و هونەر ببێ، ئیدارەی ماڵ و منال بکات، وەلحاصل وەکو مەخلوقێکی تەواو و کامیل بژی و بمرێ و رابوێرێ. بۆیە ئافەریدە نەکراوە ببێ بە ئالەتی بەردەستی پیاو، ببێ بە چێشتکەر و گسکدەری پیاو، بێ عەقڵ و مەعریفەت بمێنێتەوە و لەزەت و خۆشی لە دنیا و حەیات نەبینێ.

"ئافرەتێک بۆ ئەوەی بزانێ چۆن ئەژی و چی ئەوێ لە حەیات ئەبێ فێری تەربیە و تەعلیم ببێ، هەتا ئیستا وا زانراوە کە ئافرەت موتلەقەن موحتاجی وەلی‌یەکە، داماوی گەورەیەکە، بەڵام ئەگەر تا ئیستە وایش بوبێ لەمەولا ئافرەت نابێ هەر تەماشای دەستی پیاو بکات و هەرچی پیاو پێی بکا قبوڵی بکا. لە گەڵ ئەوەیش دا زۆر ئافرەت و ژن هەیە وەلی و گەورەیەک بۆ خۆیان پەیدا ناکەن، زۆر کچ کە کەسوکاریان نەماوە و شویان نەکردوە، زۆر ژن کە مێردەکانیان نەماوە و بێوەژن ماونەوە، زۆر دایک کە منالی کوڕی نیە وە یا منالی وردیان هەیە. ئەمانە هەمو بۆ ئەوەی لە حەیات دا بژین و نانێکی دەستی خۆیان بخۆن، ئەبێ بخوێنن، فێری مەعریفەت بن، چونکە ئەگەر ئیشێک نەزانن، عەقڵ و هونەرێک فێر نەبن، ئاخری مەجبور ئەبن یا دەستی

مەرحەمەت بکەنەوە لە کۆلانان یا بچنە مالان کارەکەری بکەن. ئەمانە حەیفە وا رەزیل و سەفیل بمێننەوە و بێ کەس و بێ صاحیب بسوڕێنەوە. لازم ئەکا فێری صنعەت و مەعریفەتێک و ئیشێک بن..." (ژیان، ژ ٩٤، ١٣ ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٧)

دو ژمارە دواتر درێژەی بە باسەکە داوە:

"چ پیاوێک هەیە کە چاوی کوێر نەبێ و زەڕەیەک عەقلی ببێ تێ نەگات کە ئافرەتیش وەکو خۆی خوا ئافەریدەی کردوە بۆ جوتی ئەو، بۆ رەفیق و خۆشەویستی ئەو، بۆ عەبد و نۆکەر و چێشتکەری ئەوی خەلق نەکردوە و، ئەویش وەکو پیاو عەقڵ و چاو و زبان و هۆش و شعوری هەیە.

"لای ئێمە ئافرەت هەر بۆیە هاتۆتە سەر دونیا کە لە ماڵەوە دابنیشێ و چێشت لێ بنێ، گەندوگو پاک بکاتەوە، کە ئیشی نەبو غەیبەت بکا و بنێشت بجوێ و تەشی بڕێسێ. لای ئێمە ئافرەت نابێ لە ماڵ بێتە دەرێ. وەکو زەمانی یۆنانی قەدیم هەر بۆ حەمام و سەرقەبران بێنە دەرێ. فەقەت پیاو بە هەوەسی خۆی رابوێرێ، کەیف بکا و بژی. ئەگەر موراجەعەت بە (قورئان) و قەوانین و ویجدانیش بکەن، ئەبینن کە ئەمە زوڵمێکی یەکجار گەورەیە. غەدرێکی زۆر زلە پیاو لە ئافرەتی ئەکات، چونکە بە واسیتەی ئەوەی کە ئافرەت لە ماڵ دا حەپس ئەکەن و تەنها بۆ چێشت لێ نان و نوێن داخستن ئەیهێنن، قیسمێکی زۆر لەم مەخلوقاتە، لەم میلەتە، مەحکومی مردن و سستی و ئیش نەکردن ئەکەن..." (ژیان، ژ ٩٦، ٣ ی کانونی سانی ١٩٢٨)

لە وتارێکی کەدا کە ئەم پرسیارەی کردوە بە سەردێڕی: (دوارۆژی وڵاتەکەمان بە چی باش ئەبێ؟) و، هەر خۆی لە سەردێڕی هەمان وتاردا نوسیوێتی: (پێشکەوتنی ژنانمان) بە ئیمزای (الاوێک) لە هەمویان رونتر باسی مافەکانی ئافرەت ئەکا و ئەڵێ:

"قەدری ژن لە لای ئێمە لە پێش دا و ئیستاش هەروەها زانراوە کە ژن ئەبێ هەر لە ماڵەوە بێت و ئیشی ماڵ بکات، وەکو چێشت لێ نان و گەسک دان و جل شتن و بەعزێ ئیشی تر کە لە ماڵ دا دەیکەن. بە خوا ئەمە حەقی ژن نیە. ژنیش هەروەکو پیاو حەقی خوێندن و حەقی کاسبی کردنی هەیە، حەقی رەئی هەیە لە ناو کۆمەڵ دا ..." (ژیان، ژ ٢٤٧، ٢٦ ی حوزەیرانی ١٩٣٠)

١. ٢. پێکهێنانی خێزان

ژیان لە ژێر سەرناوی (ئیزدیواج) دا نوسیوێتی:

"لە قورئانی گەورەدا لە لایەن ئیزدیواجەوە نصوص و ئایاتی زۆر جوانی تیایە، وەکو ئەفەرموێ (ان خلق لکم انفسکم ازواجا لتسکنوا الیها وجعل بینکم مودة ورحمة) کە لەم ئایەتەدا بە تەواوی دیارە کە ئافرەت بۆ عەبدایەتی نا، بۆ ئەوەی ببێ بە رەفیق و خۆشەویستی پیاو خەلق کراوە. کەچی ئەگەر ئینسان بڕوانێتە معامەلەی پیاوی ئیستا دەرحەق بە ئافرەت و ئەم ئایەتە گەورەیە بخوێنینەوە لە معامەلە و بێ ویجدانی پیاو هەر وا موتەئەسیر و شەرمەزار ئەبێ. چونکە لای ئێمە وا زانراوە کە ئافرەت هەر بۆ دەفعی لەزەتی پیاو، بۆ ئیشکردن و چێشت لێ نان، هاتۆتە سەر دونیا. موافیقی ئەو ئایەتە موبارەکە رابیتەیەک، کە بە موحیبەت و لوتف وجودپەزیر ئەبێت، لە بەینی ژن و مێردا بە واسیتەی هەنێ لە مەلا جاهیلەکانەوە هاتۆتە سەر ئەوەی ئافرەت ببێ بە ئالەتی بەردەستی پیاو و بەو چەشنە هەرچی خراپ بێ دەرحەق بە ئافرەت رەوا ئەبینرێ." (ژیان، ژ ٩٦، ٣٠ کانونی سانی ١٩٢٨)

لە ئەڵقەی چوارەمی ئەم باسەدا نوسیوێتی:

"بە هەمو مەزەبێ، بە هەمو قورئان و ئەحادیس، دەرئەکەوێت کە لازم ئەکات لە وەختی ئیزدیواج دا دەسگیرانەکان یەکتری ببینن. بەعزێ شتی

زۆر جوزئی و هیچ هەیە کە زۆر ئەهمیەتی ئەدەینێ، بەلام ئەوی کە پێویستە بیکەین بێ بە جێی ناهێنین، چونکە جاهیل و نادان، کەر و بێ عەقڵ، هەر شتی خراپ و بێ مەعنا ئەکەن.

"تو خوا با بۆتان وەصف و تەعریف بکەم کە لای ئێمە ژنهێنان چۆنە؟ نا ئەستەغفیرەلاّ، ژن هێنان نا، ژن کڕین چۆنە؟ چونکە لێرە کچ وەکو ترۆزی و خەیار ئەفرۆشرێ نادرێ بە شو. بەلام باسی ژنهێنانی لای عەشائیر و دێهاتی ناڵێم، چونکە شوکردنی ئەوان موافیقی عەقڵ و عادەت چاویان بە یەکتری ئەکەوێت، هەر لە منالیەوە لە گەڵ یەک دا هەڵئەسن و دائەنیشن و ئیش و فرمان ئەکەن." (ژیان، ژ ٩٧، ١٠ ی کانونی سانی ١٩٢٨)

لە سەروتاری ژ ١٢١ دا لە ژێر سەردێڕی (لێرەدا هیچ ریعایەتی ئوصولی ژنهێنان ناکرێ) نوسیوێتی:

" هەتا ئیستا لە خسوس حقوقی ئافرەت و ژنهێنانەوە زۆر دواوین، فەقەت چونکە ئەم مەسئەلەیە مەسئەلەیەکی رۆحی موهیمە ئەمانەوێ دیسانەوە لێی بدوێین.

"هەرچەند بەعزەن لە تەئەهول کردن دا ئینسان نەختێک عەزاب ئەکێشێ و توشی غەم و ئەزیەت دێت و، بەعزەن پەشیمان ئەبێتەوە، بەلام ئەگەر ژنهێنان کە مەعقول و ریعایەتی هەمو ئوصولێکی بکرێ، بە ئەکسەریەت زۆر باش ئەبێ و پەشیمانی لە دوا نابێ و بۆ بەشەریش خدمەت ئەکا.

"مەعلومە ئەگەر ژنهێنان نەبوایە بە مودەتێکی کەم زو بەشەر دوایی ئەهات و نەئەما، ژنهێنان وەکو بۆ زیادی و دەوام و مانەوەی بەشەر باشە، بۆ گۆڕینی ئەخلاقی خراپی ئینسان بە چاکە و بۆ زۆر خسوسیاتی ژن و مێردەکە بە کار دێت، بە شەرتێک ناڵێم بە پێی قەوانینی مەدەنیە هیچ نەبێ وەکو شەریعەتی خۆمان ئەمر ئەکات وا بکرێ.

"مەعەلئەسەف لێرەدا چونکە تەماشا و رەهبەری ئوصولی ژنهێنان ناکرێ، زۆر لەو کەسانەی کە ژن ئەهێنن پەشیمان ئەبنەوە وە یا توشی ژیانێکی ناخۆش و تاڵ دێن، وە بەعزەن بەم سەبەبەوە ئەخلاقی ژن و مێردەکەیش تێک ئەچێ.

"بە پێی قەوانینی مەدەنیە و شەریعەتی ئیسلامیەیش لازمە لە ژنهێنانا ئەوەل دەفعە تەماشای (هاوکوفی) بکرێ و هیچ نەبێ ئەگەر دەفعەیەکیش بێ کوڕ و کچەکە یەکتری ببینن. وە چاکتر لازمە لە ئەخلاقی یەکتری شارەزا ببن. فەقەت لێرەدا بە عمومی هەتا شەوی مولاقاتیان نە ژنەکە کوڕەکە و نە کوڕەکە ژنەکە ئەبینێ و، لە بەر ئەمە زۆر دەفعە واقیع ئەبێ کە لە ئەوەل دەفعەی ئیجتیماعیانا جیا ئەبنەوە و هەردوکیان توشی فەلاکەت و زەرەر و بێ ئەخلاقی ئەبن.

"لە بەر ئەوە پێویستە لە ژنهێنان دا زۆر ریعایەتی هاوکوفی بکرێ، کە یەعنی ئەبێ کچ و کوڕەکە ئەخلاقیان، سەویەیان، عیلمیان، سەروەتیان، لە هەمو زیاتر عومریان وەک یەک بێ. ئەگەر ئەم موناسەبەتە لە بەینیانا مەوجود نەبێ موحەقەقە هەتاکو سەر بە یەکەوە نابن و هیچ قوەتێ بە یەکیانەوە نانوسێنێ. وە ئەگەر تەماشای هاوکوفی کرا ئەوسا دائیمەن موحیبەتێکی دائیمی لە بەینیاندا ئەبێ و هەردوکیان هەتاوەکو ئاخری حەیات خۆش رائەبوێرن.

"غەیری ئەمەیش ئەکسەری دێهاتەکانمان و زۆری عەشیرەتەکانمان حقوقێک نادەن بە ژن، عادەتەن وەکو حەیوان تەماشایان ئەکەن و، وەکو لە جنسی بەشەر نەبن وایان ئەزانن و تەماشا ئەکەن. وە کچەکانیان عادەتەن یا وەکو حەیوان ئەیانگۆڕنەوە وە یا ئەیانفرۆشن. وە پیاوێک کە ژن بێنێ پێویستە هەمو سەروەتەکەی سەرف بکات و بەعزەن بەمەیش ئیکتیفا ناکرێ

ئەبێ بۆ ژنهێنان هەمو ملک و ماڵەکەی بفرۆشێ، سەرفی بکات وە یا ئەگەر بیگۆڕنەوە ژن بە ژن بکەن لەوێشا هیچ تەماشای عومر، سەروەت، عائیلە، حاصلی هاوکوفی ناکەن. بەعزەن پیاوێک ٦٠ ساڵی عومرە، کە کوڕی کوڕەکەیشی ژنی هێناوە، کەچی کچەکەی ئەدات بە کچێکی ١٤ ساڵەیی بۆ خۆی. ئینجا ئەگەر تەماشای ئەمە بکرێ هەمو کەس بۆی مەعلوم ئەبێ کە لەمەدا چەند حقوقی ئەو کچە زایع ئەبێ. وە یاخود لە دانی کچێکی ١٤ ساڵە بە پیاوێکی پیری ٦٠ ساڵەدا چەند فەلاکەت، موسیبەت و غەم و حەسرەت لە بەینیانا پەیدا ئەبێ.

"غەیری ئەمەیش ئینسان نابێ بێ لێکدانەوە ژن بێنێ. شەخسێک کە ویستی ژن بێنێ پێویستە لە پێش هەمو شتێکا تەماشای ئیستیقبالی خۆی بکات و ئەبێ بە نەوعێک ئیقتیداری بێ و موستەقبەلی تەئمین بێ، کە ئەگەر چوارپێنج مناڵیشی بێ بتوانێ موافیقی مەتلوب مناڵەکانی بە خێو و پەروەردە بکات، چاک پێیان بگەیەنێ چونکە پیاوێک کە سەروەتی نەبو و لە ئیدارەی خۆی عاجز بو ئەگەر تەشکیلی عائیلەی کرد بە کردنی توشی سەفالەت و پەرێشان ئەبێت. لە بونی هەر مناڵێکیا وەکو جینایەتێکی کردبێ وا موعەزەب ئەبێ. تەبیعی چونکە مناڵەکانی بۆ بە خێو ناکرێ. هەموی مەعلول، سەفیل و برسی... کۆمەڵێکی عاتیل ئەکا بە بار بە سەر هەیئەتی ئیجتیماعیەوە. وە هەموی بە سەبەبی ئەمەوەیە کە لەم موحیتەدا دائیمەن، بێ ئیش، سەرسەری، سواڵکەر، زۆرە و ئەمانیش هەموی مەزەڕەتێکی زل تەشکیل ئەکەن بۆ بەشەر.

"زۆر عەیبە کە لەم عەسری مەدەنیەتەدا و، لە حاڵێکا کە ئەوروپاییەکان و ئامریقاییەکان ئەم مەسئەلەیەیان لە هەمو شتێک زیاتر گرتوە، حەتا بەم سەبەبەوە خەریکن ئیسلاحی بەشەر بکەن و عیرقەکەیان بە

قومت، فەعال و خوێنێکی گەرمی فەعالیان بۆ پەیدا بکەن. کەچی ئێمە هێشتا ژن بە حەیوان بزانین و هیچ تەماشای مەسئەلەی ژنهێنان نەکەین، چونکە ئەم مەسئەلەیە لە هەمو شتێک زیاتر بوە بە سەبەبی تێکدانی ئەخلاقمان. پێویستە زۆر بە ئەهمیەتی بگرین و ریعایەتی ئوصولی ژنهێنان بکەین."

لە زنجیرە وتارێک دا کە ر. ن. (رەشید نەجیب) بۆ (نەخۆشی ئیجتیماعی‌مان) ی تەرخان کردوە، لە ئەلْقەی سێیەمی دا لە ژێر سەردێڕی (ژن هێنان، بناغەی ژیان) دا بە ئوسلوبێکی ئەدەبی نوسیوێتی:

"سیفاتی ئەساسیەی خێزان، لام وایە، رەفیقەی مێرد بون، دایکی ئەولاد کردن و کەیبانویەتی ماڵە.

"رەفاقەتێکی ئەبەدیەی حەیات روکنی ئەوەل و ئەهەمی ئەم سێ کوچکەیەیە. بە زەنی من پیاوێک تا بە تەواوی لە هەمو سیفات و مەزییەتی ئافرەتێک تێ نەگا، چاک لێی حاڵی نەبێت، مومکین نیە بە سەمیمیەت و جدیەتیەکی تامەوە رەبتی قەلبی لە گەڵ بکات. وە سەمیمیەت، موحیبەت، یەکگرتنی دڵ، لازمە ببێ بە سەبەبی یەککەوتنی دەست. لە لانەی عائیلە ئیجاب ئەکات هالاوی موحیبەت، هالەی عەشق، هەڵسێت نەکو گڕی قەهر و کڵپەی غەزەب. لازمە دەستی مێرد بە رەعشەی غەرامەوە بلەرزێت، نەک بە لرفەی قینەوە و، لام وایە خوا چاوی ئافرەتی تەنها بۆ فرمێسکی سرور هەڵرژاندن خەلق کردوە نەک بۆ گریانی تەحەسور.

"حوسن، لە نوقتە نەزەرێکەوە ئاهەنگ، تەوازونە، وە چۆلەکەش کە جریوەیان یەکی گرت دەنگێکی خۆشی مۆسیقی لێ حاصل ئەبێت، فەقەت لە گەڵ قیرەی قەلەرەشێکی تێکەلاو بو بە جارێ تێکی ئەدات. وەستانی کائیناتیش هەر نەتیجەی ئاهەنگ، تەوافوق و تەوازونێکە.

"شەرتی جوانی، خۆشی و سەعادەتی عائیلەش ئاهەنگ و ویفاقە، ئەدنا سەکتەیەک لە حەیاتی ژن و مێردیدا ئەم شیعرە جوان و رەوانە لەنگ و سەقەت ئەکات. ئاهەنگی عائیلە بە تەوافوقی زەوق، تەتابوقی حوسن، تەوازونی زهنیەت و عەقلی ژن و مێردەوە مومکینە.

"مەعازەڵا یەک نەگرتنی ئەمانە یا شۆڕشێکی ئەبەدی بەینی عائیلە دێنێتە وجود وە یا تەلاق.

"موحەقەق هەمو تێگەیشتویەک لە گەڵ من دا ئیعتیراف ئەکات دۆزینەوەی جوتێک حائیزی ئەم شەرائیتە بێت هەر وا ئاسان نیە، بیلخاصە لە سەر ئوصول و تەریقەی تەئەهولی ئێمە بەڵکە مەحاڵە. مێردی قوڕ بە سەر لای ئێمە هەتا شەوی زەفاف حەتا لە رەنگی (رەفیقەی موستەقبەلی) و ئافرەتی بەدبەخت لە دەنگی (رەفیقی ئاتی) بێ خەبەرە.

"وە کەزا هەمو تێگەیشتویەک پێی لێ ئەنێت، بە سەبەبی عەدەمی مەعاریف و تەرزی ئیزدیواجێکی نامەعقولەوە هەمو رۆژێ شاهیدی هەزاران فەجائیعی عائیلە ئەبین. لەو لاوە ماڵێک شەو و رۆژ، خورتە، شەڕ و گریانی ژن، هەر رۆژە نارۆژێک تۆران، پیاو بە سەبەبی ناڕێکی و یەکنەگرتنی دڵەوە ئەکسەری ئەوقاتی لە خاریج دا بە ئەنواعی لەهو و سەفاهەت سەرف ئەکات.

"لەم لاوە، هێشتا دوەم مانگی تەئەهول تێ نەپەڕیوە، مێردی بێچارە عەدەم ئیمکانی یەکبونی لە گەڵ ئەم ژنەیدا حس کردوە. خەریکە و هەوڵ ئەدات بۆ ژنی دوەم. نەتیجە دوژنی، هەوێساری، مەعلومی هەمو لایەکە ژن کە لە ماڵ دا هەر یەکێک بو نورە، بو بە دو ئاگرە. ئەم دوانەش یەک لە قینی یەک ماڵی مێردەکەیان وێران ئەکەن و نیزاعێکی ئەبەدی لەو ماڵە دەست پێ ئەکات." (ژیان، ژ ١٤٢، ٢ ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٨)

٢. مەکتەبی کچان لە سلێمانی

خوێندنی نوێی حکومەتی لە سلێمانی دا لە چاو ناوچەکانی تری کوردستان و عیراق دا پێشینەیەکی دێرینتری هەیە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە سلێمانی لە پاڵ مزگەوت و مەدرەسەی دینی و حوجرەی تایبەتیدا قوتابخانەی نوێ هەبوە، کە ژمارەیەکی باش خوێندەوار و رۆشنبیری پێ گەیاند و، لە داوودەزگاکانی حکومەتی عوسمانی و، دواتر لە داوودەزگاکانی حکومەتی تازەدامەزراوی عیراق دا پلە و پایەی بەرزیان وەرگرت. خوێندن و پەروەردە بە شێوەی نوێ بوبو بە بەشی لە ژیانی دانیشتوانی سلێمانی. سەرەڕای هەمو ئەو کۆست و کارەساتەی بە هۆی یەکەمین جەنگی جیهانی و دواتر بە هۆی شەڕی ئینگلیز کوردەوە بە سەر ناوچەکەدا هات بو، هەرچەند هەلێکیان بۆ هەڵکەتبێ خوێندنگەکانیان بوژاندۆتەوە.

٢. ١. کردنەوەی

رۆشنبیرانی سلێمانی هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی خوێندنگەی کچان لە سلێمانی و لە شوێنەکانی تردا بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵێکی زۆریان لای کاربەدەستانی پەروەردە (مەعاریف)ی بەغداد داوە. دیاریی کوردستان کە بە ٣ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی لە بەغداد دەرئەچو لەم بارەیەوە چەند وتارێکی نوسیوە و، مەبعوسەکانی کوردیش، بە تایبەتی ئەمین زەکی بەگ، چ لە ناو مەجلیسی مەبعوسان دا و، چ بە هەوڵی شەخسی، خەریکی ئەنجامدانی ئەم کارە بون. سەرەنجام کارەکەیان سەر ئەگرێ و خوێندنگەیەکی سەرەتایی بۆ کچان لە سلێمانی ئەکرێتەوە.

ژیان لە ژ ١٣ دا هەواڵی کردنەوەی بڵاو کردۆتەوە:

"مەکتەبی کچان

"لە ئیعتیباری ۲۱ ی نیسانی ۹۲۶ رۆژی چوارشەمەوە مەکتەبی کچان دەستی کردوە بە قەید و قبوڵی قوتابی. ئەوانەی حەز ئەکەن کچەکانیان بخەنە مەکتەبەوە لە تاریخی مەرکورەوە موراجەعەت بە ئیدارەخانەی مەکتەب بفەرمون. لە خانوەکەی عەلی بەگی فەتحولاّ بەگ دایە."

بۆ ئەوەی مەکتەبی کچان جێگیر ببێ و ببێتە دامەزراوێکی دائیمی پێویستی بە بینای تایبەتی خۆی هەبوە. ژیان لە ژ ۷۸ دا هەواڵی داوە:

"وەزیری ئەشغال و مواصەلات مەعالی ئەمین زەکی بەگ، کە کوردێکی میلەتپەروەر و وەتەنیە، بینا بەم فکر و مەقصەدە، بۆ دانان و کردنەوەی مەکتەبی کچانی سلێمانی یەکانە هەوڵدەر و ساعی بو، لە ریێ ئەم خزمەتەدا لە هیچ تەشەبوسێک دوا نەکەتو، حەتا لە مەجلیسی مەبعوسان دا بە دەفەعات داوای کرد تا بە کردنەوەی مەکتەبی کچانی ئێرە موەفەق بو. ئەگەرچی ئەم لانەی ئومێدی وەتەنە کرایەوە فەقەت لە بەر ئەمەی کە بینایەکی تایبەتی نەبو وە ئەو جێگایەی کە بۆی تەخصیص کرا بو، جێگایەکی وا نەبو کە بۆ مەکتەب بە کەڵک بێ و لە گەلێ خصوصەوە نوقصانیەتی بو، لزومیەت بە ئینشا و دروستکردنی بینایەکی تایبەتی حیس کرا. دیسان لە سایەی عەزم و تەشەبوساتی جدیەی موشار ئیلەیهیەوە بۆ ئەمەیش قەرار ئیستیحصال کرا. ئەوا ئیستا لە مەوقیعێکی باش دا بناغە و تەمەڵی ئەم موئەسەسە بە قیمەتە هەڵئەدەنەوە. هەروەکو بیستومانە ئەوەل بەردی تەمەڵی ئەم جامیعەیە بە دەستی موشفیقی مەعالی جەنابی ئەمین زەکی بەگ، کە حەقێکی مەشروعی خۆیەتی، دائەنرێ."

رۆژی ۲۰ ی ئاغستۆسی ۹۲۷ بە ئامادەبونی موتەصەڕیف و موفەتیشی ئیداری و ئەشراف و کیباری مەملەکەت، ئەمین زەکی بەگ وەزیری

مەعاریفی ئەو کاتەی عیراق، بەردی بناغەی مەکتەبی کچانی دانا. ژیان لە ژ ۷۹ دا ریپۆرتاجێکی بە بۆنەی ئەم ئاهەنگەوە ئامادە کردوە تێیدا نوسیویّتی "ئەوملەن لە تەرەف خەتیبی مزگەوتی گەورەوە خوتبەیەکی بەلیغ و چەند دوعایەکی موئەسیر خوێندرایەوە و وازیحەن بە ئایەت و حەدیس بەیانی کرد کە شەریعەتی غەڕای ئیسلامی بە ژن و پیاو موتەساویەن ئەمری خوێندن و تەعلیم ئەکا" جگە لە ئەمین زەکی، فایەق زێوەر وتارێکی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.

رۆشنبیرانی کورد بەوەندە دانەکەوتون، بەڵکو لە داواکانیان دا بەردەوام بون. وەکو ژیان لە ژ ۱۱۸ دا نوسیویّتی، مەبعوسەکانی کورد لەو (تەقریرە دا) کە بە کۆمەڵ داویانە بە وەزارەتی مەعاریف، نوقتەی ۶ ی خواستەکانیان "کردنەوەی مەکاتیبی کچان" بوە.

۲.۲. هەڵوێستی جیاواز لە خوێندنی کچان

لە ژێر سەردێڕی (گفتوگۆیە: ئیفرات نە تەفریت) ژیان دەمەتەقێیەکی بە زمانی ع. و م. بلاّو کردۆتەوە، کە جیاوازیی بیروڕای ئەو کاتەی نوێژەکانی کۆمەڵی کورد و ناکۆکی هەڵوێستیان لە خوێندن و پەروەردەی کچان ئەنوێنێتەوە. ئەمە دەقەکەیەتی:

"لە ماڵەوە دانیشتبوم م. هاتە ژورەوە بە ناوچەوانێکی غەمگینەوە دانیشت.

ع. بۆچ وا عاجزی ئەڵێی خەبەرێکی ناخۆشت بیستوە؟

م. ئەرێ بە خوا خۆزگە بەو کەسە کە رۆژێ زوتر ئەمرێ و شتی خراپتر نابینێ. من ئەڵێم ئاخرزەمانە تۆ پێم بڕوا ناکەیت و، ئەڵێن مەکتەبی کچانیش دانراوە ئەمجا نۆرەی کچەکانمانە هەمو ئەفعالیان شەڕ بێ.

ع. ئەی هاوار بە ماڵم! تۆ کە خوێندەواری ئەمە فکرت بێ ئەبێ نەخوێندەوارەکان بڵێن چی؟

م. خوێندەوار و نەخوێندەوار فەرقی چیە؟ هەر کەس موسوڵمان بێ ئەزانێ ئەمە شتێکی زۆر خراپە.

ع. بۆ خاتری خوا ئەم قسەیە بەم نەوعە لای عەوام مەکە. تازە بە تەماین مۆمێکی زانستیمان لەم تاریکی جەهلە بۆ دابگیرێ، لێمان مەبە بە رەشەبا.

م. جارێ پێم بڵێ ئەم دینە تازەیەت کەی پەیا کردوە خۆ تۆ موسوڵمانێکی باش بویت؟

ع. من ئیستایش موسوڵمانەکەی جارانم نیهایەت ئەزانم ئیسلامیەت تەنها مەخصوصی پیاو نیە بۆ ژنیشە و خوێندنیش بۆ ئیسلامیەت زۆر موفیدە بۆیە پێم خۆشە ژنانیش خوێندەوار بن.

م. تەنها خوێندەواری باشە ئەما نوسین فێربونەکەیان خراپە.

ع. لەم فەرمودەیەت نەگەیشتم گوایە نوسین فێربون خراپە یا صوحبەت ئەکەیت؟

م. ناوەڵا صوحبەت ناکەم مەعلومە کە ژن نوسین بزانێ زۆر خراپە چونکە بیەوێ لە تەک شەخصێکی بێگانە موعاشەقە بکا بە موخابەرە زو جێبەجێی ئەکات.

ع. وەک تۆ ئەفەرمویت ژنێ کە فکری خراپەی بێ و نوسین نەزانێ رەنگە هیچی بۆ نەکرێ. ئەی ئەی پەکی ئەکەوێ!

م. دیارە پەکی ناکەوێ ئەما باسی ژنی خراپ ناکەین.

ع. دەی تو خوا ژنێکی عەفیفە بیەوێ کاغەزێ بۆ مێردی بنوسێ و خۆی نەزانێ مەجبور بێ بچێتە لای کەسێکی بێگانە و لە بەر ئەمە کە تەبیعی نایەوێ خەڵقی بزانن چی بۆ مێردی ئەنوسێ خەلوەتیش لە تەک کابرای کاتبا بکات بە تەواوی موخالیفی شەریعەتە باشە، یا خۆی بیزانێ بە دەستی خۆی بینوسێ باشە؟

م. دیاره خۆی بینوسیٚ باشه.

ع. ئەی کەواتا مەکتەبی کچان شتێکی زۆر باشە و بی حیکمەتیش نیە کە حەزرەت (ص. ع) فەرمویەتی (طلب العلم فريضة على كل مسلم ومسلمة)

م. ئاخر ئەمە ئەگەر هەر بۆ نوسین و خوێندن بوایە باش بو ئەما ئاخ فائیدەی چی؟

ع. لەم ئاخە تیٚ نەگەیشتم ئەترسم فێربونی نەقش و نیگار و ئەو مەعریفەتانە کە بۆ ژن لازمە بیزانیٚ خصوصەن موافیقی حیفزەل صیحە مندالٚ پەروەردە کردن کە یەگانە سەبەبی تەئمین و تەتویلی حەیاتە بە لای جەنابتەوە وەکو فێربونی نوسینەکە خراپ بیٚ؟

م. ناوەڵا ئەمانە ئینکار ناکریٚ کە زۆر چاکن ئەما سەربەست بونەکەیان خراپە و بیٚ شەرعیە.

ع. ئەی ناوی سەربەستیت هێنا برینی زلم کولایەوە ئاخر عەزیزم ئێمە هێشتا مەعنای سەربەستیمان نەزانیوە بۆیە مستمان ناکەویٚ وە ئیلا سەربەستی ژنان مەعنای ئەوە نیە کە بۆ بیٚ شەرعی و خراپەکردن سەربەست بن.

م. بەریٚ وەڵا ئەوەیە ئەی چیە؟

ع. نا بە خوا ئەوە نیە، سەربەستی هەر ئەو حورپەتەیە کە شەرع پیٚیانی بەخشیوە و لیٚیان غەصب کراوە.

م. کامەتا حورپەتی شەرعیی ژن کە غەصب کرابیٚ؟

ع. ئەی بیٚ قەزا بی خۆ مەسئەلەی تەئەهول کە دەخلێکی گەورەی بە سەر حەیاتەوە هەیە بە جاریٚ شەرعیەکەی بۆتە عەیب و بیٚ شەرعیەکەی بۆتە عادەت. کەی ئەبینی کچیٚ کە درا بە شو پرسێکی پیٚ بکریٚ بیلخاصە لە دەرەوە لە ئەموالی مەنقولە عەد ئەکرێن وەکو گا و گوێرەکە یا لە باتی خوێن

ئەدرێن، یا بە پارە ئەفرۆشرێن، یا وەک سەگ بە تولە ژن بە ژنیان پێ ئەکرێ. ئەی ئەمە حورپەت غەصب کردن نیە چیە؟

م. بەڵێ وایە ئەما وا تۆ مەعنای سەربەستی وا لێ ئەدەیتەوە وە ئیلا من لە منەوەرێکی مەعاریفپەروەرم بیستوە کە مەدحی مەکتەبی کچانی کردوە کە فێری سەما ئەبن و گۆرانی ئەڵێن و سەربەست ئەبن. یەعنی بە ئارەزوی خۆیان هەرچی بکەن مەنع ناکرێن.

ع. حاشا مەعنای سەربەستی ئەوە نیە ئەما ئاخ بڵێم چی لە دەست ئەو نەوعە منەوەرانە کە بون بە گێرەشێوێنی ئەم میلەتە لە هەمو باسێکا زو باز ئەدەنە سەر بێدینی و کفر، بە نەوعێ نەفرەتی عالەمیان وەرگرتوە کە لەفزی منەوەر جێی جنێوێکی پیسی گرتۆتەوە.

م. ئەشهەدوبیلا حەقیقەتی مەسئەلە ئەمەیە ئەگەر ئەو نەوعە منەوەرانە واز لەم ئیفراتە بێ مەعنایە بێنن ئەم عالەمەیش یەکجار وا مەیلی تەفریت ناکەن وە ئیلا بەشەر چۆن لە عەلەیهی مەعاریف ئەبێ. لە هەڵەبجەوە ع. صوبحی"(ژیان، ژ ٦٠، ٣١ ی مارتی ١٩٢٧)

٢. ٣. چالاکیەکانی مەکتەبی کچان

کچانی خوێندنگەکەی سلێمانی لە ماوەیەکی کەم دا پێشکەوتنێکی دیاریان بە دەس هێناوە و، لە زۆر چالاکی کۆمەڵایەتی گرنگ دا بەشدار بون، کە نیشانەی ئەوەن ئافرەت لە چوار دیواری ماڵ دەرچون و پێیان ناوەتە مەیدانێکی تازەوە، کە مەیدانی بەشداری ژیانی کۆمەڵایەتی بوە. ژیان هەواڵەکانی بە خۆشی و پشتیوانیەوە بڵاو کردۆتەوە، لەوانە:

٢. ٣. ١. پیشانگەی ساڵانە

ژ ٧٢ ئەم (ئیعلان) ەی بڵاو کردۆتەوە:

"سەنەی تەدریسیەی ٩٢٦ ٩٢٧ ی مەکتەبی کچانی سلێمانی تەواو بو، ئەو نەقش و درومانانەی کە لە ساڵی مەزکوردا بە دەست و سەعی قوتابیەکان هاتۆتە وجود، رۆژی جومعە و شەمە کە تەصادوفی ٨ و ٩ ی تەموزی ٩٢٧ ئەکات بۆ پیاوان و رۆژی یەکشەمە و دوشەمە کە بەر ١٠ و ١١ ی مانگ ئەکەوێ بۆ ژنان، لە بینای مەکتەب دا ئەخرێتە ساحەی تەماشاوە. لە ژن و لە پیاو ئەو کەسانەی ئارەزوی بینینی ئەکەن لە میعادی موعەیەنەدا تەشریف بفەرمون. مودیرەی مەکتەبی کچان"

سەروتاری ژمارەی ٧٣ ی ژیان بۆ ستایشی ئەم پیشانگەیە و قوتابی و ماموستاکانیان تەرخان کراوە.

ژ ٢٤٢ ی ٢ ی حوزەیرانی ١٩٣٠ هەواڵی داوە:

"نەقش و درومانەکانی مەکتەبی کچانی ئێرە و کەرکوک

"بە موناسەبەتی نزیک بونەوەی ئیمتیحانەوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشی دەست و درومان و نەقشەی کە تالبەکانی مەکتەبی کچانی سلێمانی و کەرکوک کردویانە بخرێتە پێش چاوی عموم و لە گەڵ یەکتریدا بەراورد بکرێن چوار پێنج رۆژ لەمەوپێش مودیرەی موحتەرەمەی مەکتەبی کچانی سلێمانی بە ئەشیاکانەوە تەشریفی بردە کەرکوک و لە دوای ئیجرا و تەواوبونی مەعرەزی کەرکوک گەڕایەوە سلێمانی.

"موعەلیمەیەکی مەکتەبی کچانی کەرکوک لە گەڵ نەقش و درومانەکانی ئەوێدا هاتۆتە سلێمانی.

"لە بەیانی ئەمڕۆوە ئەشیای هەردو مەکتەب لە مەکتەبی کچانی سلێمانیدا دانراوە و خراوەتە پێش چاوی عموم، لە بەیانی ئەمڕۆوە هەتاکو سبحەینێ ئێوارێ بەیانیان هەتاکو نیوەڕوان پیاو و لە پاش نیوەڕۆوە هەتا ئێواران ئافرەت ئەتوانن بچن تەماشایان بکەن و لە دوای تەماشا کردن هەمو کەسێک ئەتوانێ لەم خسوسەوە فکری خۆی لەو دەفتەرەدا کە دانراوە بەیان بکا."

زۆر ساڵ ئەم جۆرە پیشانگایەی کاری دەستیی خوێندکارەکان دوبارە بۆتەوە. پیرەمێرد بە ئوسلوبە ئەدەبیەکەی لە ژ ٣٢٩ دا بەمجۆرە لە پیشانگەی ساڵی ١٩٣٢ ئەدوێ:

"گوڵدەستەی گوڵان

"ژیان بەهارێ گوڵ و گوڵزاری دەوری شاری دەور کردەوە و هاوینێ گوڵزاری ناوشار دێنێتە فەڕ.

"گوڵی بەهارە، نازک و نازدارە، بەڵام ئاخ ناپایەدارە.

"گوڵێکم دەوێ گوڵان ببینێ، شێوە و ئاینی گوڵان بنوێنێ، هەتا درەنگێ هەروا بمێنێ.

"ئەو دەسکە گوڵەم دوێنێ لە نوێنە (مەعرەض) ی مەکتەبی کچان دا دی.

"دەستی پەروەردگار لە کچۆڵەکانمان گوڵدەستەیەکی رازاندۆتەوە، ئەو گوڵانەیش هەریەکە بە دەستی نازک و نازداریان چەند گوڵێکی نەقش و نیگاری هونەری خۆیان هێناوەتە مەیدان و پیشانمان ئەدەن. یا خوا ئەو دەست و پەنجەیان نەڕزێ. من کە بەم پیشە (صنعەت) ی دڵپەسندە ئەمەندە چاوم رون بۆتەوە، تەنها بۆ دیدەنی نەقش و نیگار نیە، هیوای زۆرم بە سەرئەنجامی ئەم بێچوە پەرییانەیە کە بە هۆی خوێندەوارییەوە پاک و تەمیزی و شیرین دوین، دەردزانی، منداڵ بە خێوکەری فێر ببن و بە

ئامۆژگـاری و پـەروەردەیی ئەمانـە نەتـەوەی ئایندەمـان بـە کـەڵکی بنەچــە و هاوڕەچەڵەکی خۆی بێ و بە خێوی مەڵبەند بشێ، ئەگینا نمونەنمایی هـەمو شارێ لە ئێمە پێشترە. هونەرەکەی ئێمە لەوەدایە لە (پڕ) ئەمانە فێر بـون و ڕەهبەرەکەیشیان کە مودیرە باڵایە لە خۆمانە. کەوابێ تار و پۆ لە خۆیە.

"تاکو بنواڕی بەهەشتێکە بە گوڵ خەمڵیوە

"دایکی ئێمە، وەرە لێی پرسە: ئەمەی کەی دیوە؟

"تا ئیستا نەقش و نیگاری ژنانمان: خەڕەک، تەشی، کەلـەژەن، کەلە ماشەر، قانگەلە، تەشیلە، بنەزیلە و، دوخ و، ژێ و، دەسکلوجە و، گوی چەنە و، پلی پێچ و گورزە هۆن و، بێینەوە سەرەوکاری درومان: تیک و بن تیک و، تەریب و، قومامە و، قیرمە و، بەقیە و، هەڵپێچ و، پشت ماسولکە و، حەوزی و، ئاویە و، پێ چۆلەکە و، کۆتـرە باریکە، ئەمانـەیان ئـەزانی. گۆشـەگیرەمان مادە بـو، سـەرمێزمان سـەرەویر بـو، ئیسـتا هـەندێ وردەکـاریم لـە نـاو ئـەو نمونانەدا دیوە تا لێی ورد بیتەوە شیرینە، تا دڵ بیەوێ ڕەنگینە. ئیستا ئێمـە دەبـێ مـادام بـە چـاوی خۆمـان دەبینـین ئـەم کچانـەمان بـەم خوێندەواریــە هونەری وا دێننە مەیدان، ئـەبێ هیوایشمان پێیـان بـێ کـە کەڵکی ماڵداری و هاودەردی و هاوسەرییشیان پێوە دەبێ و، بە نەتەوەی چاک ئەم میلەتـە لـە دەست نادانی و سەرگەردانی ڕسگار ئەکەن وایان لـە گـەڵ ببزوینـەوە و ئـەو کەسەی کە ئەمڕۆ بە دو لادا گەورەیە دەبێ باوەڕ بفـەرموێ کـە مودیرەکـەی ئیستا ئەگەر هێجگاری بێ لە لاییدە چاکتر بە کار دێ.

"خوایە تۆ ئەم کچانەمان بگەیەنەرە ئەو هیوایەی ئێمەیە!"

٢. ٣. ٢. تەمسيل

هونەری نواندن و شانۆ ئەگەر لە ئەوروپا پێشینەیەکی کۆنی هەبوبێ، یان ئەگەر لە شوێنانی وەکو ئەستەموڵ و قاهیرە و بێروت و بەغدادیش کرابێ، ئەوا لە کوردستانی عیراق دا بەگشتی و لە سلێمانی دا بە تایبەتی هونەرێکی نوێ و نەناسراو بوە. ئەم هونەرە مامۆستای قوتابخانەکان هێناویەنەتە سلێمانی و بە قوتابیەکانیان جێبەجێ کردوە. ناوەرۆکی ئەو چیرۆکانەی لە سەر شانۆ نوێنراون کاریگەریەکی راستەوخۆیان لە سەر بینەرەکانی هەبوە، بە تایبەتی لە زەمانێک دا کە هێشتا، لەم وڵاتەدا، سینەما و رادیۆ و تەلەفزیۆن لە کایەدا نەبوە.

لەو ماوەیەدا لە سلێمانی، کە رەنگە لە مێژوی ئەو شارەدا ئەوە یەکەمین جار بوبێ، دو جار تەمسیل پێشکەش کراوە:

جاری یەکەم، لە تەموزی ١٩٢٦ دا قوتابیانی مەکتەب تەمسیلی (نەتیجەی سەفاهەت) و،

جاری دوەم، لە تەموزی ١٩٢٧ دا قوتابیانی سلێمانی بە هاوکاری خوێندکارانی بەغداد (نیرون) یان لە بینای زانستیدا پێشکەش کردوە.

کچانیش هاتونەتە ئەم مەیدانەوە، ژیان (پرۆغرام و نوتقی تەمسیل و حەفلەکەی مەکتەبی کچان) ی بڵاو کردۆتەوە:

"پرۆغرامی حەفلەکە

مادەی

١. لە تەرەف تالیبەیەکی سینفی پێنجەم حەفسە عیرفانەوە نوتقێکی کوردی کە مەئالەکەی عیبارەت بو لە بەخێرهاتنی میوانەکان و فەزائیلی خوێندن و تەحصیل.

٢. تالیبەیەک کە بەیداخی بە دەستەوە بوە لە گەڵ ٢٠ تالیبەی تر گۆرانی بەیداخ.

٣. لە تەرەف تالیبەیەکەوە شیعری کوردی.

٤. تەمسیل: ئینسان ئەوی ئەیچێنێ ئەوە ئەدروێتەوە. سێ پەردە، دو پەردەی نەسر، پەردەیە نەزم.

٥. لە تەرەف تالیبەیەکەوە شیعری عەرەبی بەحس لە فەزائیلی ادەرزی و قەڵەما

٦. ریازەتی بەدەنیە لە تەرەف تالیبەکانەوە بە جلی مەخسوسی ریازەتەوە.

٧. لە تەرەف نەزیهە تالیبەوە شیعری کوردی و تورکی خیتاب بە بوکەشوشەیەک.

٨. لە تەرەف تالیبەیەکی ترەوە نوتقێکی مەنزومی ئینگلیزی.

٩. تەمسیل: هەموی بە شیعر. دایکێکی جاهیل کە خەشخاشی داوە بە منالەکەی و نەسیحەتی دوقتۆرێک.

١٠. لە تەرەف تالیبەیەکەوە شیعری عەرەبی.

١١. لە تەرەف ٢٠ تالیبەوە گۆرانی پیرەمەگرون و سائیرە.

١٢. لە دوای هەمویان لە تەرەف مودیرەی موحتەرەمەی مەکتەبەوە چەند کەلیمەیەکی عەرەبی و کوردی کە زۆر عالی و موئەسیر بون. "اژیان، ژ ٢٣٣، ٣ ی نیسانی ١٩٣٠ا

ژیان ناوەرۆکی هەردو تەمسیلەکەی بەمجۆرە باس کردوە:

"تەمسیلی ئەوەل:

"ئەو تەمسیلانەی کە کردیان دوان بون و، ئەمانە هەموی لە تەرەف قوتابیە کچەکانەوە و، مودیرە و موعەلیمە موحتەرەمەکانی مەکتەبەوە ئیجرا کران.

"تەمسیلی ئەوەلیان: ئینسان ئەوی ئەیچێنێ ئەوە ئەدروێتەوە

"دو کچی قوتابی مەکتەب ئەبن: یەکێکیان، زۆر ساعی ئەبێ هەمو وەقتی خۆی بە خوێندن و تەحسیل و نەقش و درومان سەرف ئەکات و زەمانی تەحسیلی هەر بەم نەوعە شتانەوە رائەبوێرێ، خاریجی ئەمانە ئارەزوی شتێکی تر ناکات. قوتابیە کچەکەی تریان، چونکە باوکی دەوڵەمەند ئەبێ، بە ئومێدی سەروەتی باوکی هەمو وەقتی خۆی بە کەیف و زەوق و گەڕان سەرف ئەکات و ئەهەمیەت نادات بە تەحسیل و خوێندنەکەی.

"لە دوای ۲۰ ساڵی تر ئەم دو کچە کە هەردوکیان شو ئەکەن، ئەوەلیان کە ئەخلاقی باش ئەبێ، لە وەقتی خۆیدا دائیمەن خوێندویەتی، هەرچەند مێردەکەیشی لە حەربا شەهید ئەکرێ، بەڵام دیسانەوە بە واسیتەی سەعی خۆیەوە زۆر چاک ئەژی و ۳ منالی ئەبێ، هەرسێکیان وەکو خۆی عالی و باش تەربیە ئەکات و ئەیانکات بە پیاو.

"کچی دوەمیان چونکە وەقتی خۆی سەعی نەکردوە و سەروەتەکەی باوکی زایع ئەکات، ئەویش مناڵەکانی کە بێ باوک ئەمێننەوە، مەجبور ئەبێ بە جلشۆری و کارەکەری بە خێویان بکات. نەتیجە کوڕەکەی بێ ئەخلاق ئەبێ و، رۆژێک داوای پارە لە دایکی ئەکات و، چونکە دایکی پارەی نابێ بیداتێ و، چەند دەفعە بە ئەولادەکەی ئەڵێ: کوڕم بە خوا پارەم نیە خۆت ئەیزانی بە جلشۆری بە رێتانەوە ئەبەم. بەڵام کوڕەکەی قانع نابێ، لە سەر پارە بە چەقۆ دایکی بریندار ئەکات.

"نەتیجەی ئەم دو کچە، ئەوی سەعی کردوە، وەقتی بە بێ هودە زایع نەکردوە، مەسعود ئەبێ و، ئەوی تریان کە لە دەوری تەحسیلیا تەمەڵی کردوە و، بە سەفاهەتەوە مەشغوڵ بوە، سەفیل ئەمێنێتەوە.

"ئەم تەمسیلە ۳ پەردە بو، دوانی بە نەسر و یەکێکی بە شیعر ئەبێ.

"دوەم تەمسیلی:

"دایکێکی جاهیل ئەبێ لە بەر ئەوەی منداڵەکەی لە بێشکەدا خەوی لێ ناکەوێ و ئەگری، ئەچێت لە سەر تەوسیەی پرۆپیرێژن دائیمەن خاشخاشی ئەداتێ و، بەم عیلاجە مەسمومە ئەینوێنێ. رۆژێک لە دوای ئەوەی ئەم خەشخاشە ئەدات بە منداڵەکەی تەماشا ئەکات هەتا دو سێ سەعات لە وەعدەی زیاتر منداڵەکەی خەبەری نابێتەوە و ناجوڵێتەوە. کە دایکەکەی سەری هەڵئەبڕێ ئەبینێ منداڵەکەی سپی بوە، خوێنی حەرەکەت ناکات. دەست ئەکات بە گریان، دراوسێکانی پێ ئەزانن دێن بە دەنگیەوە، کە مەسئەلەکە تێ ئەگەن یەکێکیان ئەڕوا دقتۆر ئەهێنێ. کە دقتۆر دێت لە مەسئەلە ئەگات موتەئەسیر ئەبێ گەلێ لۆمەی دایکەکەی ئەکات و بە دەرمان تەداوی ئەکات، ئەیهێنێتەوە هۆش خۆی و دایکەکەی مەسرور ئەبێ. دوقتۆرەکە پێی ئەڵێ: ئەمە نەتیجەی جەهالەتە کە ئەم سەمەی ئەدەیتێ، ئەترسم دیسانەوە تیکراری بکەیتەوە. دایکەکە ئەپاڕێتەوە. تەشەکوری دوقتۆر ئەکات. شوکری خوا بە جێ ئەهێنێ. قەولی ئەداتێ، سوێند ئەخوات کە ئیتر دەرمانی وا نەدات بە منداڵەکەی و، بە قسەی پرۆپیرێژن نەکات.

"ئەم تەمسیلە هەموی بە شیعری کوردیە. حەقیقەتەن شیعرەکانی زۆر جوان و مەحزونانەیە. ئومێد ئەکەین ئەگەر جێ بو لە ستونێکی غەزەتەکەدا ئەم شیعرانە دەرج و عەرزی قاریئینی کیرامی بکەین."(ژیان، ژ ٢٣٣، ٣ ی نیسانی ١٩٣٠)

ژیان ناوی نوسەری تەمسیلیەکان و ناوی ئەکتەرەکانی نەنوسیوە.

بۆ جاری دوەم، تەمسیلێکی تریان رێک خستوە:

"هەیئەتی تەعلیمیەی مەکتەبی کچانی سلێمانی بۆ تەنمیەی ئەفکاری کچە خوێندەوارەکان تەمسیلێکی عیلمی و ئیجتیماعی رێک خستوە کە مەوزوعەکەی عائید بە تەحلیلی حالەتی ئیجتیماعی نسوانی ئێرەیە و

موقایەسەی گوزەرانی سائیری مەملەکەتەکانە. ئەم تەمسیلە تەنها بە واسیتەی کچانی مەکتەبەوە دێتە ساحەی تەتبیق. بە هیچ وەجهێ پیاو و کوڕی تیا نابێ و، لەم هەفتەیەدا تەرتیبی ئەکەن. ئینشائەڵلا ئەمە ئەوەل قەدەمی خێری کچە خوێندەوارەکانمانە." (ژیان، ژ ٣٢٤، ٢ ی حوزەیرانی ١٩٣٢)

٢. ٣. ٣. بەشداری کۆبونەوەی گشتی

ڕۆژی ١٣ ی ٦ ی ٩٣٠ بە ئامادەبونی موتەصەریفی سلێمانی کۆمەڵی زانستی حەفلەیەکی عمومی کردوە کە چەند سرود و شیعر و وتاری تیّدا خوێنراوەتەوە. مەبەست لە حەفلەکە کۆکردنەوەی پیتاک بوە بۆ کڕینی مەتبەعەیەک بۆ زانستی. لەم حەفلەیەدا قوتابی مەکتەبی کچان بەشدار بون. لەو ریپۆرتاجەدا کە ژیان لە ژ ٢٤٥ دا بەم بۆنەیەوە نوسیوێتی، بەمجۆرە باسی بەشداری کچەکان ئەکا:

".....

"باخسوس لە دوای نوتقەکان پێنج قوتابی کچی منالی مەکتەبی کچان کە بۆ ئەم ئیشە حازر کرابون و کە هەر یەکە کراسێکی سپی نازکی لە بەر کرد بو وە بە ئەنواعی قردێلە گوڵی جوان خۆیان رازانبووەوە هەریەکە سەبەتەیەکی جوان، لە ناویا لە قوماشی ڕۆزێت، گوڵ دانرابو و دەرزیەکی پێوە بەسترابو لە گەڵ تاقمێک کاغەزی مەتبوع کە لیّی نوسرابو: (زانستی چاوەڕوانی هیمەت و موعاوەنەتی ئێوەیە) بە ریزە بە بەردەمی تەختەکانا ئەگەڕان و لە بەردەمی هەمو پیاوێکا ئەوەستان و لەو گوڵانە یەکێکیان ئەکرد بە بەرۆکیا و یەکێ لەو کاغەزانەیان ئەدانە دەست.

"بە راستی ئەم مەسئەلەیە لە هەمو شتێک زیاتر رۆحی میلەتەکەی هێنایە جۆش چونکە ئەمە هەوەڵ کەڕەتە لێرەدا لە ناو میلەتی کوردا وەکو

میلەتە موتەمەدینەکان کچی مەعسوم بە شەوق و بە ئارەزویەکی تەبیعی خۆیەوە بەم تەحرە خدمەتی مەعاریف بکات و بۆ ژینی کۆمەڵیکی وا تیٚ کۆشیٚ. ..."

بەم بۆنەیەوە هەیئەتی ئیدارەی کۆمەڵی زانستی (تەشەکوریٚکی عەلەنی) یان (بە واسیتەی ژیانی خۆشەویستەوە بەرامبەر بە مودیرە و هەیئەتی موحتەرەمەی مەکتەبی کچان) نوسیوە.

لە بەردەم مەلیک فەیصەل دا

رۆژانی ١٠ ١٣ ی حوزەیرانی ١٩٣١ مەلیک فەیصەل سەردانی شاری سلیٚمانی و هەلەبجەی کردوە. لەم سەردانەدا سەری لە قوتابخانەکانی سلیٚمانی لەوانە قوتابخانەی کچان داوە. ژیان لە ٣ ژمارەیدا هەواڵەکانی ئەم سەردانەی نوسیوە. لە ژ ٢٨٨ دا باسی کردوە، کچیٚکی پۆلی چوارەم لە بەردەم مەلیک فەیصەل دا وتاریٚکی داوە. لە بەشی یەکەمی وتارەکەی دا بە خیٚرهاتنی مەلیک ئەکا و لە بەشی دوەمی دا وتویەتی:

"کەمینە تلمیزەیەکم لە مەدرەسەی کچان و، لە عەزەمەتی ئیٚوە مەعلومە کە ئەوەل مەداریسی ئەتفال باوەشی دایکە و، پیٚغەمبەرمان (ص) کە جەدی ئیٚوەیە فەرمویەتی: (علموا بناتکم: تەعلیمی کچانتان بکەن!) ئیهتیمام بە تەعلیمی ئیٚمە سەمەرەیەکی عەزیم و فائیدەیەکی گەورەی هەیە بۆ موجتەمەع لە ئاتیدا و، ئیمانمان قەوییە بەمە کە جەلالەتتان بە ئیهتیمامەوە لە سەر نەشری عیلم و فەزیلەت و، حیصەی ئیٚمە لەمە بە سەبەبی تەوەجوهی ئیٚوەوە زۆر ئەبیٚ."

٢. ٣. ٤. فێرکردنی ژنانی نەخوێندەوار

"لە مەکتەبی کچانی سلێمانیدا سینفێک بۆ ژنە نەخوێندەوارەکانمان

"... بۆ ئەوەی ئەو ژن و کچە نەخوێندەوارانەی کە ناتوانن دەوامی مەکتەب بکەن ئەوانیش فێری خوێندن و نوسین بکرێن لە مەکتەبا سینفێکی بۆ کردونەوە و ئێواران لە سەعات ١٠ ی عەرەبیەوە هەتا ١١ موعەلیماتەکانی مەکتەبی کچان دەرسی ئەلفبا و حساب ئەڵێنەوە." (ژیان، ژ ٢٤٠، ٢٢ ی مایسی ١٩٣٠)

"زانستی ژنان

" ئەم حەرەکەتە عیلمیەی کە لە کوردستانا دەستی پێ کراوە وەنیە هەر مونحەصیر بێتە سەر پیاوەکان، بەڵکو ئافرەتەکانیشمان بە عەینی حس موتەحەسیس بون و بۆ هەمو خدمەتێک کە مەنافیعی وەتەنەکەی تیا بێ معاوەنەت ئەکەن و ئەیانەوێ بە عمومی خۆیان بە عیلم و عیرفان بڕازێننەوە. زاتەن مودەتێکی زۆرە سینفێکی تایبەتی بۆ ژنە نەخوێندەوارەکانمان کراوەتەوە و بە ئەکسەریەتی ئافرەتەکانمان هەمو ئێوارەیەک ئەخوێنن. ئەم دەفعەیەش بۆ ئەوەی فەرعێکی زانستی ژنان بکەنەوە کە تیا کۆببنەوە و تیا بخوێنن ئافرەتەکانمان قەراریان دا ئیجتیماع بکەن و ئیشوکاری ئەم زانستی ژنانە پێک بێنن. لە سەر ئەوە رۆژی ٢٨ ی تەموزی ٩٣٠ ساعەتی ٩ ی عەرەبی لە ماڵی حەفیدزادە حەفسە خانمی نەقیب دا کۆبونەوە..." (ژیان، ژ ٢٥٥، ٣١ ی تەموزی ١٩٣٠)

لەم کۆبونەوەیەدا چەند کەسێ قسەیان کردوە و ٧١٧ روپیەیشیان کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی خانویەکی پێ بەکرێ بگرن و کەلوپەلی بۆ بکڕن و کتێبخانەیەکی تێدا دابنێن. لەو ماوەیەدا جولانەوەیەکی سیاسی بۆ داوای مافی نەتەوەیی کورد دەس پێ ئەکا. ژنانیش لەم جولانەوەیەدا بەشدار ئەبن. سەرەنجامی جولانەوەکە بە ٦ رەشی ئەیلول تەواو بو، لەوەدا زانستی کەوتە بەر هێرش. پێ ئەچێ زانستی ژنانیش بوبێ بە ژێر ئەو روداوانەوە.

٢. ٣. ٥. فێرکردنی پیشه

"ئیعلان: بۆ ئەو خانمانەی کە حەز بە فێربونی خوێندن، نوسین، درومان و نەقش ئەکەن، سینفێکی تایبەتی کراوەتەوە ئەوانەی ئارەزو ئەکەن لە ئیعتیباری ١٥ ی ئاغستۆسی ٩٢٦ ەوە بەیانیان سەعات ٨ ی زەوالی موراجەعەت بە مەکتەب بکەن.

مودیرەی مەکتەبی کچان"(ژیان، ژ ٢٨، ١٢ ی ئاغستۆسی ١٩٢٦)

٣. هەواڵی ئافرەتانی دنیا

ئەو هەواڵانەی ژیان دەربارەی ئافرەت لە وڵاتانی جیاجیای دنیادا بۆ بڵاوکردنەوە هەڵی بژاردون، هەمویان دانسقەن و بە ئەنقەست هەڵی بژاردون. ژیان ویستویەتی سەرنجی پیاوی کورد رابکێشێ بۆ ئەو گۆڕانە گەورەیەی لە دنیادا بە سەر باری کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان دا هاتوە، لەمەیش مەبەستی ئەوە بوە زەمینەی فکری لە لای پیاوی کورد خۆش بکا بۆ ئەوەی داوای چاکردنی باری کۆمەڵایەتی ژنی لێ بکا.

هەواڵی ئافرەتی بریتانی

"حقوقی ژن

"ئەو لائیحەیە کە لە خصوص مساواتی ژن لە گەڵ پیاوا حکومەتی بریتانیا تەنزیمی کردوە جەلالەتی مەلیکیش تەصدیقی کردوە."(ژیان، ژ ١٢١، ١٢ ی تەموزی ١٩٢٨)

"ژن لە ئینتیخاباتا

"لەندەن ١ ی ٩ ی ٢٨ ئەمرۆ دەست کراوە بە تەتبیقی ئەو مەسەلەیە کە ژن حەقی ئینتیخاباتی ببێ وەکو پیاو بەو شەرتە عومری گەیشتبێ بە ٢١ساڵ. فەقەت لازمە ئەو ژنانەی کە حەقی ئینتیخابیان کەسب کردوە بۆ معامەلەی تەسجیلیەیان ٣ مانگ لە مەنتیقەی ئینتیخابیەکەیانا بمێننەوە لە

دوای ئیکمالی معامەلەی تەسجیلیە لە دوای ٣ مانگی تر یەعنی لە ١ ی کانونی ئەوەلی ٩٢٨ دا ـ,ـ٥,٢٥٠ ژن مەوجود ئەبێ کە حەقی ئینتیخابیان ببێ." (ژیان، ژ ١٢٩، ٢٠ ئەیلولی ١٩٢٨)

"وەقتی ژنهێنان و شوکردن

"لەندەن: مەجلیسی عەوامی بریتانیا قانونی وەقتی ژنهێنان و شوکردنی تەصدیق کردوە. جاران کە لە عومری ١٢ ساڵیدا ژن و پیاو ئەیانتوانی تەئەهول بکەن ئیستا کراوە بە ١٦ ساڵ." (ژیان، ژ ١٧٤، ١٣ ی مایسی ١٩٢٩)

هەواڵی ئافرەتی تورک

"ئەستەموڵ: هەمو ژنانی ئەنقەرە و ئەستەموڵ تەرکی پەچەگرتنەوە و روداپۆشینیان کردوە بەڵام هێشتا گەلێ ژنانی بەعزێ جێگای ئەنادۆلی رویان دائەپۆشن، کۆمەڵی هەمویەتی لە تەرابزون قەراری دا کە ژنانی ئەوێ بە رو بەرەڵایی بگەڕێن ئەم قەرارەش بە ئەکسەریەت بە باش بینراوە. لە بەیانێکدا کە بڵاو کراوەتەوە باسی لە خراپی روداپۆشینی ژنانی کردوە و وتویانە روداپۆشین بۆ ئەو ژنانەی کە بیری خراپەیان هەیە ئەبێتە واسیتەیەکی خۆ رزگار کردن لە دەست پۆلیس، لە بەر ئەمە هەر ژنێک بە پەچەوە بگەڕێ ئەگیرێ و بۆ ئیسپات کردنی هەویەتی ئەبرێتە دائیرەی پۆلیس." (ژیان، ژ ٤٩، ٦ ی کانونی سانی ١٩٢٧)

"لە تورکیادا پۆلیسی ژن

"ئیستانبوڵ: رەئیسی ئیتیحادی ژنانی تورکیا لەتیقە بەکر خانم ئەیەوێ بۆ ئەوەی بە سەبەبی ئەو حوریەتەوە کە دراوە بە ژنان ئەخلاقیان محافەزە بکرێ حکومەت لە ژنانیش پۆلیس تەعیین بکات. وە تەلەبی لە رەئیسی پۆلیسی نیسائی ئینگلتەرە کردوە کە سەعی بکات بۆ کردنەوەی مەکتەبێکی پۆلیسی ژنان، کە ژنە تورکەکانیش تیا بخوێنن." (ژیان، ژ ٢٠٤، ١٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٩)

"مەکاتیبی تورکیا

"ئیستانبوڵ: لە تورکیا لە ٢٥ ی ٦ ی ٩٣٠ دا دەست کراوە بە ئیمتیحان. خوێندنی ئیبتیدائی مەجبوریە و، هەمو مەساریفاتی مەکتەب و موعەللیمەکان لە سەر حکومەتە و، ئیمڕۆ لە تورکیا ٥٨٨٣ مەکتەبی ئیبتیدائی هەیە و ئەم مەکتەبانە ١١,٧٦٦ موعەلیم و ٣٨٥,٤٥٥ قوتابی کوڕ و کچیان هەیە.

"غەیری ئەمانیش لە شارەکانا ١٧ و لە دێهاتەکانا ٢٢ مەکتەبی شەو هەیە بۆ نەخوێندەوارەکان و لەم مەکتەبانەیشدا ٥٦٠٧ پیاو و ٩٧٣ ژن تیا ئەخوێنن و ٨٦ مەکتەبی سانەوییش هەیە کە ١٢٧٥١ قوتابی تیا ئەخوێنن." (ژیان، ژ ٢٤٨، ٣٠ ی حوزەیرانی ١٩٣٠)

"کچانی تورک تالبی ئیشتیغالن لە بەحریەدا

"لەندەن: بە پێی تەلغرافێ کە دەیلی تەلغراف لە موخابیری ئەستانبوڵەوە نەشری کردوە ئەڵێ: کچانی تورکیا تالبی ئیشتیغالن لە بەحریەدا بە سفەتی (روبان و موهەندیس) بینائەن عەلەیهی مەدرەسەی بەحریە لە ئەستانبوڵ قەراری داوە کە شوعبەیە بۆ کچان بکاتەوە." (ژیان، ژ ٢٩٥، ١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١)

"هەواڵی ئافرەتی ئەفغانی

لەندەن: غەزەتەی دەیلی مێڵ تەلغرافێکی نەشر کردوە کە لە موخابیری کابولەوە وەری گرتوە ئەڵێ لە ژێر ئەمر و حەرەکەتی سورەیا خانم قەرالیچەی ئەفغانا حەرەکەتێکی زل هەیە لە خصوص ئەوەوە کە ژنەکان تەجەدود بکەن و مەکتەبێکی کچان لە کابول کراوەتەوە و قەراریان داوە ژنە چاکە بە عەمەلەکان لە وەزائیفی حکومەتیا ئیستیخدام بکەن و کچەکان تەربیە بکەن بۆ ئەوەی تەحەمولی هەمو ئەزیەتێک بکەن و تەقەڕوڕی کردوە کە بەعسەیەک لە کچانی ئەفغانیش بۆ تەعلیم بنێرنە خاریج لەم بەینەدا ئەنێررێن."

"ڕەفعی حیجاب لە ئەفغانستان

"کابول: مەلیک ئەمانولاّ خان لە مەجلیسی وەتەنیدا نوتقێکی داوە لە خصوص ڕەفعی حیجابی ئافرەتەوە و خۆی بیلزلت سەرپۆشی عائیلەکەی لابردوە و لە دواییدا ئەمری کردوە جەمعیەتێک شکل بگرێت وەکو جەمعیەتی صەلیبی ئەحمەر و گوتویەتی لازمە خەستەخانەکانمان ئیصلاح و تەرتیباتی پۆلیسی سڕی و ئیدارەی عمومی بکەین." (ژیان، ژ ١٣٢، ٢٥ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨)

"حقوقی ژنی فەلەستین لە ئینتیخاباتا

"قودس: موافیقی قانونی بەلەدیەی تەل ئەبیب ژن حەقی هەیە کە ئینتیخاب بکات و ئینتیخابیش بکرێت. حەقیقەتەن ئەمە خەتوەیەکی تەجەدودە بۆ تەرەقی فەلەستین." (ژیان، ژ ١٣٦، ١٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨)

"ئەحواڵی ئێران   ئینتیخاباتی ژن

"تەهران: هەتا ئیستا زۆر لائیحە تەودیعی مەجلیسی وزەرای ئێران کراوە بۆ ئەوەی ئەو ژنانەی کە عومریان گەیشتۆتە ٢١ ساڵ و لە مەکاتیبی ئیبتیدائیدا تەحصیلیان تەواو کردوە لە ئینتیخاباتا ڕەئییان ببێ." (ژیان، ژ ١٣٨، ١٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨)

"حقوقی ژنە یۆنانیەکان

"ئەتینە: موسیۆ ونیزەلۆس ڕەئیسەلوزەرای یۆنان لە مەجلیسی مەبعوسان دا بەیانی کردوە کە لە ئیجتیماعی دوهەمی حکومەت لائیحەیەکی قانونیە تەودیعی مەجلیسی مەبعوسان ئەکات، کە مەزمونی لائیحەی مەزکور عیبارەتە لە دانی حەقی ئینتیخابات و تەصویت بە ژنانی یۆنانستان." (ژیان، ژ ١٨٦، ١٥ ی تەموزی ١٩٢٩)

ئافرەتی حیجاز

لە ژ ٣٢٩ دا ژیان ئەم هەواڵەی بڵاو کردۆتەوە. لە جۆری داڕشتنەکەی دا، کە تەوس و توانجی تێ دایە، مەبەست لە بڵاوکردنەوەی دەر ئەکەوێ:

"دەبدەبە و دارایی مەلیکی حیجاز

"لە رۆژنامەی پێرێدا هەواڵی گوزەرانی مەلیک ئیبن ئەلسعود اکە ئەمڕۆ لە مەڵبەندی پێغەمبەردا دادەنیشێ) نوسراوە، دەڵێ: ئەم حوکمداری یەسروب و بەتحایە ١٨٤ ژنی اهەرەمە) لە هەمو تیرەیە هێناوە، هەروا یەکە یەکە سەرگوڵی ئەو کچە نازک و نازدارانەی چنیوە و دەستی لێ هەڵگرتون. بەزەویی بە هیچیانا نەهاتوە.

"بەڵام لە دوایی‌دا کەوتۆتە نازی ژنە ئەرمەنیەکەوە گیرۆدەی بوە ئینجا ئەو بەزەوی بەوا نایەتەوە، هەمو نازی دەکێشێ، وازی لە هەمو شتێ هێناوە بۆ ئەو، ئەویش ئەمڕۆ ١٣٠ نەتەوەی هەیە. لە ١٨٤ ژن ١٣٠ منداڵ ٥٤ پوچەڵ بوە.

"ئەمیر فەیصەلی کوڕی

"فەیصەل سعود، کوڕی هەڵکەوتویەتی. ئیستا وا شارانگەردی ئەکا. لەم دوسێ رۆژانەیشا دێتە خدمەت جەلالەتی مەلیکی ئێمە، ئێمە دەخلمان بە سەر رەسمیەتەوە نیە، بۆ دەنگوباسی نایاب ئەگەڕێین. ئەویش جاری سەردەفتەر ٤٠ ژن و ٣٠ ئەولادی هەیە. بەڵام هێشتا زۆری ماوە بە بەرەوە تا دەگاتە ڕێزەی باوکی. بە جوتە ئەبنە املیۆنێرا. قانونی ئیزدیواجی مەدەنی و بەختی ژنان گۆڕ هەڵتەکێنن."

هەواڵی ئافرەتانی کوردستان

سـاڵی ۱۹۳۰ کـە هـەواڵی نوێکردنـەوەی پـەیمانی بریتـانی عـیراقی بڵاوکرایەوە و باسی دابینکردنـی مافـەکانی کـورد لـەو پەیمانـەدا نـەهات بـو، جوڵانەوەیەکی سیاسی لە سەرانسەری کوردستان دا دەستی پێ کرد، بە نامە و یادداشت و تەلگراف داوایان لە مەندوبی سامی بریتانی و کۆمەڵی گەلان ئەکرد، مافی کورد دەستەبەر بکات. ژنانی سلێمانی بەم تەلگرافە کە لە ٢٤ ی تەموزی ۹۳۰ دا ناردویانە بەشدار بون:

"بەغداد فەخامەتی مەندوبی سامی عیراق

فەخامەتی رەئیسەل وزەرای عیراق

سورەتی، بەغداد تایمس

سورەتی، العالم العربی

سورەتی، العراق

سورەتی، البلاد

"ئێمـە ژنـانی کـورد، بـە هـەمو موجودیەتمانـەوە تەلـەبی حقوقـی مەشـروعەی کوردسـتان ئەکـەین کـە عیسبەتول ئومـەم پـێی بەخشـیوین و ئیعتیرافی لە سەر کراوە. ئیستیرحام ئەکەین حیمایەمان بفەرمون. حەفسە نەقیب. حەلاوە رەمزی ئەفەندی. ئامینە غەفور ئاغا. ناهیە سالح ئەفەندی. حەفسە قادر ئاغا."ژیان، ژ ٢٥٤، ٢٨ ی تەموزی ۱۹۳۰)

ژیان

و

بزوتنەوەی رۆشنبیری

١. کۆمەڵی زانستی کوردان

١. ١. پێکهێنانی

١. ٢. وەرگرتنی ئیجازە

١. ٣. ئاهەنگی کردنەوەی

١. ٤. هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیدارە

١. ٥. سەرچاوەی دارایی

١. ٦. چالاکیەکانی

١. ٦. ١. خولی فێرکردنی خوێندەواری

١. ٦. ٢. محازەرە

١. ٦. ٣. دانانی کتێبخانە

١. ٦. ٤. مەجموعەی زانستی

١. ٦. ٥. بژاری زمانی کوردی

١. ٦. ٦. تەمسیل

١. ٦. ٧. یارمەتی قوتابیانی هەژار

١. ٧. ناکۆکی دامەزرێنەرەکانی

٢. یانەی سەرکەوتن

٣. بایەخدان بە زمانی کوردی

٤. بایەخدان بە ئەدەبی کوردی

٥. بایەخدان بە مێژوی کورد

٦. ناساندنی بڵاوکراوە کوردیەکان

٦. ١. رۆژنامە و گۆڤار

٦. ٢. کتێبی قوتابخانە

٦. ٣. کتێبی گشتی

٧. تەمسیل

٨. پرسەی ئەدیبان

٩. هەواڵی رۆژنامەوانی

شێخ مەحمود، لەو کاتەدا کە مەلیکی کوردستان و، دواتر کە سەرکردەی شۆڕشی کورد بو بەرنامەیەکی سیاسی جەنگی رون و ئاشکرای نەبو هەڵبژاردەی کورد لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. نە حیزبێکی سیاسی خاوەن بەرنامەی سیاسی و پێڕەوی ناوخۆی دامەزراند و، نە لەشکرێکی چەکداری رێکوپێکی پێکەوە نا، بەڵکو هێزێکی نارێکوپێکی خێڵەکی لێ کۆ بوبوەوە، ئەویش لە ناوچەیەکی دیاریکراوی سلێمانی و کەرکوک دا. ئەو هێزە بەو توانا جەنگی و سیاسیەی کە لەو کاتەدا هەیبو، بەو تاکتیکە جەنگی و بەو رێوشوێنە سیاسیەی کە پێڕەوی‌یان ئەکرد، لە بەردەم هێزی جەنگی و سیاسی و دیپلۆماسی بریتانیای گەورەدا، کە لەو رۆژگارەدا گەورەترین زلهێزی دنیا بو، نەیئەتوانی کاری چارەنوسساز ئەنجام بدا.

تێشکانی جەنگی‌ی شێخ مەحمود لە بەردەم هێزەکانی بریتانیادا رۆشنبیرانی کوردی نائومێد کرد بو لەوەی کە کورد بە شەڕ لە گەڵ ئینگلیز بتوانێ شتێک بە دەس بهێنێ. کە شێخ مەحمود چوە شاخ و، دواتر لە گەڵ ئینگلیز پێک هات لە گوندێکی ئێران بە گۆشەگیری دابنیشێ، زۆری رۆشنبیرانی کورد قورسایی خۆیان خستە سەر بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و، بایەخدان بە کاروباری رۆشنبیری. کاربەدەستانی ئینگلیزیش، نەیان ئەشاردەوە کە هیچ پرۆژەیەکی سیاسی بۆ کورد لە بەرنامەیان دا نیە و، ئامۆژگاری کوردیان ئەکرد ببن بە هاوولاتی باشی عیراق و، رو بکەنە خوێندن و جێکردنەوەی خۆیان لە داوودەزگاکانی حکومەت دا.

هەڵبژاردەی کورد هەوڵیان ئەدا لە چوارچێوەی راسپێریەکانی کۆمەڵەی گەلان و قانونی ئەساسی (دەستور) ی عیراق و قانونەکانی تریدا هەندێ لە مافە نەتەوەییەکان بە دەس بهێنن. عیراق، کە هێشتا لە ژێر ئینتیدابی

بریتانیدا بـو، بـه ناچـاری بـۆ ئـەوەی دەوڵـەتانی دنیـا قـانیع بکـا کـه توانـای خۆبەڕێوەبردنی هەیە، چاوپۆشی لە هەندێ چالاکی کورد ئەکرد.

ژیان هاندەرێکی بە هێزی بزوتنەوەی رۆشنبیری بوە لـە کوردستان دا، لە هەمان کات دا بەشێکی باشی چالاکیە رۆشنبیریەکانی سەردەمی خۆی تۆمار کردوە. هەواڵەکانی بڵاو کردۆتـەوە. لـە سـەر هـەندێکیان ریپۆرتـاجی ورد و پڕبایەخ و، بۆ پشتیوانی هەندێکیان لێدوانی جوانی نوسیوە.

۱. کۆمەڵی زانستی کوردان

ژیان بەم لێدوانـە هـەواڵی دامـەزراندنی (کۆمەڵەی زانستی کـوردان) ی راگەیاندوە:

"مژدەیەکی گەورە بۆ هەمو کوردان

"مـەعلومی خوێندەوارانـی کیرامـە کـە تـاکو ئـەمڕۆ هـەمو ئـارەزو و ئەمەلمان حەسر کردۆتە سەر بڵاو کردنـەوەی عیلم و مـەعاریف. ئەوا ئەمڕۆ شوکرەن لیللا بە کەمالی ئیفتیخار بەری ئەم سەعیە ئەخەینە بەرچاوی میلەت. بینـا لـە سـەر تەشەبوسـاتی چـەند کەسـانێکی میلیەتپـەروەر و تەسـدیقی وەزارەتی داخلیە و معاوەنـەتی گـەورەی جـەنابی موتەسـەریف و، موفەتیشـی ئیداریی قەدردان، پرۆغرام و نیزامنامەی (جەمعیەتی زانستی کـوردان) نەشـر و ئیعلان دەکەین.

"ئومێد وایە کە ئەم جەمعیەتە بناغەیەکی عیلمیمـان بـۆ دابمـەزرێنێ و پێشەوایی هەمو میلەت بکات و، ئەم تەشەبوسە خەیریەیە بۆ وڵات و میلـەت ببێ بە فالێکی خێر. وە تەمـەنا ئەکـەین کـە ئـەم جەمعیەتـە بـە سایەی هـەمو ئەشراف و عولەما و تیجار و منەوەرینەوە بژی و بەردار ببێ.

"بە نەشر و تەقدیم کردنـی ئـەم مـژدە خۆشـە و، ئـەم خەبـەرە بـە قیمەتە (ژیان) جدەن مەسرور و موفتەخیرە."

١.١. پێکهێنانی

پرۆگرام و نیزامنامەی

"پرۆغرامی جەمعیەتی زانستی کوردان

"ناوی جەمعیەت و مەرکەزی

١. ناوی جەمعیەت: (جەمعیەتی زانستی کوردان) ە و مەرکەزی لە سلێمانیە.

مەقسەدی جەمعیەت

٢. مەقسەدی جەمعیەت: تەعمیمی عیلم و مەعریفەتە لە کوردستان بە پێی ئەم وەسائیتە:

أ. بە نەشری غەزەتە و رەسائیلی موەقەتە.

ب. تەرجومە و تەئلیفی کتێبی تەدریسیە و سائیرە.

ج. مەکتەب کردنەوە و ئیجرای تەدریسات بە رۆژ و بە شەو.

د. بە سورەتی موحازەرە ئەهالی تەنویر کردن.

ه. بۆ ئیکمالی تەحسیل بۆ مەمالیکی موتەرەقیە قوتابی ناردن.

٣. جەمعیەت ئەحوالی تاریخیە، جوغرافیە، ئیتنۆغرافیەی کوردان بە سورەتی مەخسوسە تەدقیق و مەحسولی مەساعی نەشر دەکات.

٤. جەمعیەت بۆ تەئمینی مەحەبەت و موئانەسەت لە مابەینی ئەهالی و حکومەت دا و بۆ تەقویەی رۆحی ئیتاعەت بە سورەتی مەخسوسە و بە واسیتەی واعیزانی مەخسوس پەند و نەسیحەت ئیجرا دەکات.

٥. جەمعیەت بە هیچ سورەتێک لە گەڵ سیاسەت دا خەریک نابێ.

مەعروف بەگ زادە فائیق. مەحامی رەفیق. حاجی فەتاح زادە رەمزی.(ژیان، ژ ١١، ١ ی نیسانی ١٩٢٦)

نیزامنامەی داخلی

سورەتی قەید و قبوڵی ئەعزا و ئیخراجات

١. بیلا تەفریقی جنس و مەزهەب هەمو کەسێک بەو شەرائیتە کە لە ژێرەوە نوسراوە ئەتوانێ بە قەراری هەیئەتی ئیدارە داخلی جەمعیەت بێ:

أ. عومری لە ٢٠ ساڵ کەمتر نەبێ.

ب. لە حقوقی مەدەنیە ساقیت نەبێ و ساحیبی حوسنی ئەخلاق بێ.

٢. هەچ کەسێک موخالیفی مەقاسیدی جەمعیەت حەرەکات بکات وە یاخود مانگانە و دخولیەی جەمعیەت نەدات وە یاخود حەرەکەتێک بکات کە لە ناو ئەهلی وەتەن دا موخیللی شەرەف بێ، بە قەراری هەیئەتی ئیدارە لە جەمعیەت دەردەکرێت.

سورەتی تەشکیلی هەیئەتی ئیدارە و وەزائیفیان

٣. جەمعیەت بە واسیتەی هەیئەتی ئیدارەوە کە لە ٣ کەس کەمتر نابێ و لە ٧ کەس زیاتر نابێ ئیدارە ئەکرێ.

٤. هەیئەتی ئیدارە بە ئینتیخابی ئەکسەریەتی موجتەمعین لە هەیئەتی عمومیە ئینتیخاب ئەکرێ.

٥. رەئیس و کاتب و محاسبی جەمعیەت و مەئمورین لە هەیئەتی ئیدارە یاخود لە ئەعزای جەمعیەت تەعین و ئینتیخاب ئەکرێ وەلاکین ئەبێ رەئیس لە هەیئەتی ئیدارە بێ.

٦. هەیئەتی ئیدارە بۆ ئیجرای مەقاصیدی جەمعیەت هەرچی لازم بێ ئەیکات. واریدات و مەصاریفاتی جەمعیەت تەسبیت دەکات. بودجەی ساڵی موستەقبەل ئیحزار و تەقدیمی هەیئەتی عمومیەی دەکات و هەمو ساڵێک

هەرچی کردووەو هەرچی لازمە بکرێ بۆ ئیجرای مەقاصیدی جەمعیەت بە ڕاپۆرتێکی موفەصەل عەرزی هەیئەتی عمومیەی دەکات.

٧. هەیئەتی ئیدارە وەزائیفی مەئمورین و کەتەبە تەعین دەکا و موراقەبەیان دەکات.

واریداتی جەمعیت و مەصاریفاتی

٨. واریداتی جەمعیەت عیبارەتە لە دخولیە و مانگانەی ئەعزاکان و عیبارەتە لە تەبەروعات و هیبەی ئەصحابی خیرات.

٩. هەمو ئەعزایەک لەحینی دخولی دا بەپێی ئیقتیداری خۆی مەجبورە مەبلەغێک بەناوی دخولیەوە بدات. حەدی ئەصغەری ئەم مەبلەغە روپیەیەکە و، دیسان مەجبورە بەپێی ئیقتیداری خۆی مانگی شتێک بدات بە جەمعیەت.

١٠. بۆ ئیجرای مەقاصیدی جەمعیەت زیاتر بۆ شتێکی کە واریداتی جەمعیەت صەرف ناکرێ و هەمو مەصرەفێک بە ئەمر و تەصدیقی هەیئەتی ئیدارە ئەکرێت.

١١. هەیئەتی ئیدارە مەجبورە ئەو دەفتەرانە کە قانونی جەمعیەت ئەمری پێ دەکات بیکرێ و ئەگەر ئیجابی کرد جگە لەو دەفتەرانە دەفتەری کەش بکرێ.

هەیئەتی عمومیە

١٢. هەیئەتی عمومیە هەمو ساڵێک لە ئەوەلی تشرینی ئەوەل دا ئیجتیماع ئەکات و وەزائیفی هەیئەت ئەمەیە:

أ. واریدات و مەصاریفاتی جەمعیەت تەسبیت دەکات.

ب. ئیجاب بکات پرۆغرام تەعدیل ئەکات.

ج. هەیئەتی ئیدارە ئەز سەر نو ئینتیخاب دەکات.

د. بۆ ساڵی ئاینده مەساعی جەمعیەت تەنزیم دەکات.

١٣. رەئیسی هەیئەتی ئیدارە ریاسەتی هەیئەتی عمومیەش دەکات.

١٤. رەئیسی هەیئەتی ئیدارە وە یاخود وەکیلێک کە جەمعیەت تەعینی ئەکات لە مەحاکیم و دەوائیری حکومەت دا جەمعیەت تەمسیل دەکات.

١٥. چ لە هەیئەتی ئیدارە و چ لە هەیئەتی عمومیە موزاکەرە و ئیتیخازی قەرار بە ئەکسەریەتی موجتەمعین دەبێ.

١٦. هەیئەتی عمومیە عیندەلئیجاب لەسەر دەعوەتی هەیئەتی ئیدارە جگە لە ئیجتیماعی عادی سەنەوی هەمو وەقتێک ئەتوانێ گردبێتەوە و وەزائیفی خۆی بەپێی ئەم پرۆغرامە بەجێ بهێنێ.

٢٧ کانون سانی ١٩٠٦

مەعروف بەگزادە فائیق   محامی رەفیق   حاجی فەتاح زادە رەمزی

وەکو ئەصلەکەیەتی ٢١-٢٦٣

ئەوە جاری سێیەم بو لە سلێمانی (جەمعیەت) دابمەزرێ:

جاری یەکەم، حاجی مستەفا پاشای یاملکی دوای گەڕانەوەی لە تورکیا بۆ سلێمانی، بە رەزامەندی دەسەلاتی بریتانی (جەمعیەتی کوردستان) ی دامەزراند و ئیمتیازی غەزەتەی (بانگی کوردستان) ی وەرگرت.

جاری دوەم، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ (جەمعیەتی مودافەعەی وەتەن) ی دامەزراند.

بەراوردکردنی ئەم ٣ جەمعیەتە لە گەڵ یەکتری چەند جیاوازیەک دەرئەخا:

یەکەم، کۆمەڵی زانستی خاوەنی پرۆگرامێکی رون و نوسراو بوە. ئامانجەکانی دیار و دیاریکراو بوە. لە کاتێک دا پرۆگرامی جەمعیەتی کوردستان دیاری نەکراو و نەنوسراو بوە، بریتی بوە لە وتارێکی حاجی مستەفا پاشا کە لە رۆژی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری جەمعیەت دا لە مزگەوتی سەید حەسەن لە سلێمانی خوێندویەتیەوە. پرۆگرامی جەمعیەتی

مودافەعەیش شتێکی کاتی بوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، کە چارەنوسی ولایەتی موسل بە قازانجی عیراق بە لادا کەوتوە، ئیتر ئەویش ئیشی نەماوە و بڵاوەی لێ کردوە.

دوەم، کۆمەڵی زانستی نیزامنامەیەکی نوسراوی هەبوە، جۆری وەرگرتنی ئەندام و مەرجە قانونیەکانی و ماف و ئەرکەکانی و، دروستکردنی داوودەزگاکانی، بە رونی دیاری کردوە.

ئەمانە بە پێشکەوتن دائەنرێن لە بیری سیاسی و قانونی هەڵبژاردەی کوردا بۆ کەڵک وەرگرتن لە مافە دەستوری و قانونیەکان.

۱. ۲. وەرگرتنی ئیجازە

صورەت تەرجومەی ئەمری وەزارەتی جەلیلەی داخلیە

سەعادەتی موتەصەریفی لیوای سلێمانی موحتەرەم

مەوزوع: جەمعیەتی زانستی کوردان

لەپاش ئیحترام

جەوابی تەحریراتتان کە بەتەئیرخی ۱۹۲۶/۲/۱ و بە ر ۵ - ۲٤ نومرو نوسراوە:

بە موجیبی قانونی جەمعیاتی ساڵی ۱۹۲۲ مەئزونن بە دامەزراندنی جەمعیەتی (زانستی کوردان) بە شەرتێ موئەسیسەکانی تەصەروفیان تەتبیقی قانون جەمعیات و پرۆغرامی مەربوت بکەن.

ئیتر ئیحترام. وەزیر داخلیە

تەبلیغی حەزرەتی موتەصەریفی

بۆ جەنابی رەمزی ئەفەندی حاجی فەتاح

رەفیق ئەفەندی محامی

فائیق بەگ مەعروف بەگ

ئەوا صورەتی تەحریراتی وەزارەتی جەلیلەی داخلیە ژمارە (٢٥٧١) و رۆژی ٢٤ ی شوباتی ١٩٢٦ لە گەڵ صورەتێکی ئەو پرۆغرامەدا کە تەصدیق و ئیعادە کراوەتەوە بە پێچراوەیی نێررا. بەپێی مەفادی موساعەدە فەرموراوە بۆ تەئسیسی جەمعیەتی زانستی بینائەن عەلەیهی موافیق ئەو ئەمر و پرۆغرامە ئەتوانن موباشەرەت بفەرمون.

ئیتر ئحتیرام. موتەصەریفی لیوای سلێمانی ئەحمەد

صورەتێکی بۆ زانین بۆ:

مەعالی وەزیری داخلیەی جەلیلە

سەعادەت مەئاب جەنابی موفەتیشی ئیداری

جەناب والای معاونی مدیری پۆلیس

١. ٣. ئاهەنگی کردنەوەی

ژیان نوسیوێتی:

"ئیجرای ئیحتیفال بە رەسمی گوشادی (جەمعیەتی زانستی)

"شەوی شەموی ئاتی کە موافیقی ٣ ٢ ی نیسانی ٩٢٦ ە هەیئەتی موئەسیسەی جەمعیەتی زانستی کوردان لە دائیرەی بەلەدیەدا بە حەفلەیەک رەسمی گوشادی جەمعیەت ئیجرا دەکات.

"تەمەنا ئەکەین کە ئەم ئیجتیماعە گەورەی عیلمیە ببێتە فاتیحەی تەرەقی و سەعادەتمان وە ئەم تەشەبوسە بە ئەهمیەتەی هەیئەتی موئەسیسەی جەمعیەتی مەزکور تەقدیر و تەبریک ئەکەین."(ژیان، ژ ١١، ١ ی نیسانی ١٩٢٦)

بە بۆنەی ئاهەنگی کردنەوەی کۆمەڵەوە ژیان ریپۆرتاجێکی نوسیوە. بەم سەرەتا ئەدەبیە دەستی پێ کردوە:

"کردنەوەی جەمعیەتی زانستی کوردان

"لە ئەوەلی بەهاردا کە هەتا چاو بڕ ئەکا ئەڕوانی هەمو لایەک سەوز ئەچێتەوە، هەمو دڵێ بە هەوای بۆنی خۆش و پاکی بەهار ژیاوەتەوە و هەمو مێشکێ بە نەشئەی خۆشی سرورەوە حەساوەتەوە، هەمو چاوێ بە تەماشا کردنی ئەم رەنگە جوانانەی بەهار گەشاوەتەوە، تەسادوفی مانگی رەمەزانی موبارەک ئەکا کە ساحیبی (شەوی لەیلەتول قەدر) ە دنیای بە یەکجار نورانی کردوە.

.....

"لە ساعەتی ٢ ەوە وردە وردە میوانە موحتەرەمەکان کە عیبارەت بون لە حەزەراتی: موتەسەریف، موفەتیشی ئیداری، موفەتیشی پۆلیس، ئامیری مەنتیقەی شەرقیە خۆی و ئەرکان و ئومەرای جەیشی مەحبوب و، هەمو روئەسای دەوائیر و، مەئمورین، هەمو ئەشراف و ئەعیان و عولەما و تیجار و منەوەرانی مەملەکەت دەستیان کرد بە تەشریف هێنان. هەتا ساعەتی ٢ و نیو نزیکی ٣٠٠ کەس لەوێ کۆ بونەوە. ..."(ژیان، ژ ١٢، ١٢ ی نیسانی ١٩٢٦)

لەم کۆبونەوەیەدا مەحامی رەفیق ئەفەندی (رەفیق تۆفیق) دوای ئەوەی بە ناوی جەمعیەتەوە بە خێرهاتنی میوانەکانی کردوە (نوتق) ێکی خوێندۆتەوە. ئینجا موتەسەریفی سلێمانی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ وتاری پیرۆزبایی، حاجی تۆفیق بەگ (کە هێشتا ناوی پیرەمێردی نەکردبو بە نازناوی) بەم بۆنەیەوە شیعرێک، جەمال بابان و مستەفا قەرەداخی، وتاریان خوێندۆتەوە. لە کۆتاییدا (ئیعانە) بۆ یارمەتی کۆمەڵ کۆکراوەتەوە.

وتارەکەی رەفیق ئەفەندی تا ئەندازەیەکی باش بیروبۆچونی هەڵبژاردەی کوردی ئەو سەردەمە دەربارەی رێگەی گۆڕینی کۆمەڵی کورد و، مەبەست لە دامەزراندنی کۆمەڵی زانستی رون ئەکاتەوە:

".....

"ئەوا بە چەند کەلیمەیەک مەقسەدی جەمعیەت ئیزاح دەکەم:

"جەمعیەت دەیەوێ خزمەتی زانستی کوردان بکات، بە نوری عیرفان دەماغی کورد هەوێن بکات، جەمعیەت دەیەوێ کورد وا پێ بگات، لە گەڵ مەدەنیەتی ئیمڕۆ بتوانێ ڕێ بکات، جەمعیەت عەلەل ئەقەل دەیەوێ حەرەکەتێکی عیلمیە و فکریە لە کوردستان دا تەولید بکات.

....

"هەمو ڕۆژێک ئەبیەین، ئەخوێنینەوە کە میلەتەکانی کە چی دەکەن، لە فەعالیەتێکی موتەمادیە دان. لە لایەکەوە هەزاران مەکتەب دەکەنەوە میلەت پێ دەگەیەنن. لە لایەکەوە شاخ کون دەکەن. ڕێ دروست دەکەن. ژێر بەحر ئەگەڕێن. هەوا ئەپێون. لە ژێر تینی هەتاوێکی سوتێن دا، بیابانها، فەیافیها دەگەڕێن. لە ناو سەرمایەکی زمهەریردا قوتبەکان، شاخە سەربەرزە بەفراویەکان، تەحەڕی دەکەن. ڕاوەستان نازانن. تەهلوکە نازانن. یەکێکیان توشی تەهلوکەیەک دەبێ ئەمرێ دەی کەیان بە کەمالی خۆشەویستی خۆیان ئەهاونە عەینی تەهلوکەوە.

"ئەم حەرەکەتە و ئەم فەعالیەتە بۆچیە؟

"بۆ ژیانە، بۆ سەربەرزیە، بۆ بەقای نامە. مادام کە ئێمەش میلەتێکین و مادام کە بەو سفەتەوە کە ئەعزایەکی موهیم و کوردین، لە جەمعیەت دا مەجبورین بە حەرەکەت، خزمەت بە خۆمان، خزمەت بە جەمعیەتی بەشەریە، خزمەت بە مەدەنیەت، وەزیفەیەکە حال ئیجتیماع داوا لە ئێمە دەکات، ئەگەر بێت و ئێمە ئەو وەزیفەیەی خۆمان بە جێ نەهێنین، تەبیعەت وەکو هەمو عزوێکی زائید و عاتیل مەحومان دەکاتەوە. زانەن ئەحفادیش ئەمەمان لێ داوا دەکات، چونکە ئێمە نەهاتوینە دنیا هەر بۆ خۆمان بژین، ئەبێ بۆ ئایندەش،

بۆ ئەحفادیش، ژین، سەرمایەیەک بۆ ئەوان تەرک بکەین. ئەگەر هەروا حاوربین و حازرخۆر بین بە دەستی خۆمان ئایندەمان و بە دەستی خۆمان، لە پێش ئەوەی کە بێتە دنیا، نەسلی ئلتیمان ئەکوژین، سەر ئەبڕین.

"ئێمە نابێ لە بەر ئەوەی کە زۆر پاشکەوتوین مەئیوس بین. مەئیوسیەت مردنە. وەزیفە چەند گەورە بێ، بە موشکیلات بێ، شەرەفیش بەو نیسبەتەیە.. ئەم حاڵەی کە بە سەر ئێمەدا هاتوە، بە سەر هەمو میلەتەکانی کەش هاتوە. مەسەلەن، یۆنان لە زەرفی سێ عەسری حاکمیەتی تورک دا ئەوی تەماشای دەکرد وا تێ ئەگەیشت کە ئەم میلەتە لە زومرەی میلەتە مەرحومەکانە، لاکین وەقتێ کە نەسیمی حورڕیەت لە فەرەنسەوە بە سەر یۆنانستان دا وزان بو، ئەم میلەتە ئەو نەسیمە عەترناکەی بۆن کرد، لە خەو بە خەبەر بوەوە تەماشای مازی خۆی کرد. لەو مازیە پڕ لە ئیحتیشامە قوەتێک و ئیمانێکی وەرگرت. روی کردە ئیستیقبال بە قوەت و عەزمێکی نەلەرزۆکەوە دەستی کرد بە رۆیشتن. یۆنانستانیان پڕ کرد لە مەکتەب، مەدرەسە، کتێبخانە، جەمعیاتی عیلمیە، لە پاش مودەتێک یۆنان بوە یۆنانی ئیمڕۆ کە لە بەحری سفیدا رەقابەت لە گەڵ ئیتالیا دەکات. ئەوروپا، ئەی ئەوروپا چی بو؟ لە پێش ئەوەی کە مەدەنیەتی یۆنان لە بیزانسەوە هیجرەتی ئەوروپا بکات، لە پێش ئەوەی کە مەدەنیەتی یۆنان بە دەلالەتی عەرەبە ئەندەلوسیەکانەوە داخلی ئەوروپا بێ، ئەوروپا چی بو؟ ئەوروپا لە ئێمە زیاتر لە جەهالەت دا بو، لە ئێمە زیاتر پەرێشان بو، لاکین فەلسەفە و مەدەنیەتی یۆنان چاوی کردنەوە. تەماشایان کرد ئەم رێیە رێ نیە بە سەریدا ئەڕۆن، قرونی وستایان تەرک، بە کەمالی عەزم دەرگای عەسری حازریان کردەوە و ئەوروپا بوە ئەوروپای ئەمڕۆ.

"ئێوه ئەی موحتەرەمین! ئیحتیما دەڵێن، تۆ بەحس لە حەرەکەت، لە فەعالیەت، دەکەی. چەند میسالێکت بۆ فەیز و بەرەکەتی فەعالیەت بۆ ئێمە هێنایەوە، تێ گەیشتین، ئەی ئێمە چی بکەین؟

"ئێمە چی بکەین؟ پێتان دەڵێم ئیستاکە چی بکەین. ئەی میلەتەکانی کە چی‌یان کردوە ئێمەش ئەوە بکەین. ئەبێ مازی‌مان زیندو بکەینەوە. مازی، بەڵێ مازی. بە کەمالی تەئەسور ئەڵێم ئێمە لە گەڵ مازی خۆمان هیچ عەلاقەیەکمان نەماوە. بە هیچ شتێکی خۆمان موتەئەسیر نابین. رجاتان لێ ئەکەم چەندمان هەیە بە ئەشعاری حەکیمانەی نالی موتەلەزیز بێ؟ چەندمان هەیە رۆحی ئەنینداری میلەتێکی مەزلوم و بێ کەس لە ئەشعاری حاجی قادری کۆیی‌دا بخوێنێتەوە؟

....

"ئەبێ وەکو هەمو میلەتێک مازی‌مان، مەفاخیری میلیەمان، بژێنینەوە و، لەو مازی‌یە قوەت و ئیمانێک وەربگرین و بە کەمالی عەزم رو بکەینە ئیستیقبال. جەمعیەتی زانستی پێمان دەڵێ لە هەمو جێ و شوێنێکی کوردستان مەکتەبێک، دارولعیرفانێک، کتێبخانەیەک، بکەینەوە. غەزەتەیەک دەرکەین. کورد فێری خوێندن بکەین، نوسبین بکەین، ژماردن بکەین، کرین بکەین، فرۆشتن بکەین. ئەبێ کورد بکەینە پیاوێکی عەسری. ئەبێ مناڵەکانمان بنێرینە ئەوروپا لەوێ پێیان بخوێنین. کورد ئەوروپایی پێ بگەیەنین. ئەبێ ویداع لە قرونی ئەولا بکەین. بەڵێ لە قرونی ئەولاین. چونکە ئێمە لە ئەم عەسری نورەدا لە هەمو شتێکمان دا قرونی ئەولائین. ئەبێ ویداع لە قرونی ئەولا بکەین، بە خۆیەوە، بە ئوسولی تەدریسیەوە، بە مەدرەسەیەوە، بە تەرزی تەفەکور و تەحسیلیەوە، بە هەمو شتێکیەوە ویداع لە قرونی وستا بکەین. لە هەمو شوعەباتی حەیات دا تەجەدود بکەین. ئەبێ موحارەبە لە گەڵ جەهالەت دا بکەین. جەهالەت و نادانی لە کوردستان دا دەرکەین.

"ئەیکەن؟ ئەیکەن؟ ئەیکەن؟

"ئەکسەر لە حازیرون بە یەک دەنگ و یەک ئاواز وتیان: ئەیکەین! ئەیکەین!)

"بەڵێ، بەڵێ ئەمینم دەیکەین. ئەگەر نەتانکردایە لێرە حازر نەدەبون. ئەمینم پزیشکی تەجەدود کەوتۆتە کوردستان. ئەم پزیشکە خواھ ناخواھ ئەمرۆ سبەینێ چرایەک دائەگیرسێنێ. ئەوی لە ژێر روناکی ئەم چرایەدا رێ نەکات ئەبێ لە بەر تینیدا بسوتێ.

"وا تێ دەفکرم لە ئوفقەوە روناکی شەفەقێکی نزیک تاریکی ئەترافمان راوەدو ئەنێ. لە دوای ئەم شەفەقە سوبحێکی شەعشەعەدار چاوەرێمانە. هەزاران سەلام لەو شەفەقە، لەو سوبحە. هەزاران، هەزاران، هەزاران سەلام!"(ژیان، ژ ١٢، ١٢ ی نیسانی ١٩٢٦)

١. ٤. هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیدارە

کردنەوەی دەرگای ئەندامەتی

"ئیعلان: هەرکەسێ دەیەوێ داخلی جەمعیەتی زانستی کوردان بێ هەمو رۆژێ لە سەعات ٦ ی عەرەبیەوە تا سەعات ١٠ ی عەرەبی موراجەعەت بە مەرکەزی جەمعیەت بکات کە لە ماڵی محامی رەفیق ئەفەندی دایە. هەیئەتی موئەسیسە"(ژ ١٢)

"هەیئەتی ئیدارەی جەمعیەتی زانستی کوردان

شەوی ١٣ ی نیسانی ٩٢٦ لە دائیرەی بەلەدیەدا ئیجتیماع کرا بیلئیتیفاق زەواتی موحتەرەمەی ژێرەوە بۆ هەیئەتی ئیدارەی جەمعیەتی زانستی کوردان هەڵ بژێراون:

رەئیس: موتەسەریفی مەعاریفپەروەر

نائیبی رەئیس: رەئیس حاکمی مونفەرید جەنابی جەمال بەگی بابان

ئەعزا: قازی جەنابی شێخ مستەفا ئەفەندی قەرەداغی

ئەعزا: جەنابی محەمەد ئاغای ئەورەحمان ئاغا

ئەعزا: جەنابی عیزەت بەگی عوسمان پاشا

ئەعزا: جەنابی غەفور ئاغا

ئەعزا: جەنابی رەمزی ئەفەندی

موحاسیب: جەنابی فائیق بەگی مەعروف بەگ

موعتەمید: جەنابی رەفیق ئەفەندی محامی"لژیان، ژ ١٣، ٢٢ ی نیسانی ١٩٢٦)

١. ٥. سەرچاوەی دارایی

کۆمەڵـەی زانسـتی رێکخراوێکـی ئـەهلی بـوە، پـارەی لـە حکومـەت وەرنەگرتوە، بە یارمەتی خەڵک ژیاوە. بۆ ئەو مەبەستە پیتاکیان کۆ کردۆتەوە و، ئەوانەی پارەیان داوە ناوەکانیان بڵاو کردونەتەوە.

"قائیمەی تەبەروعات بە جەمعیەتی زانستی کوردان

"ناوی ئەو زاتانەی کە پارەیان بە جەمعیەتی زانستی کوردان ئیهدا و تەبەڕوع کردوە وا لە ژێرەوە هەرکەسە لە گەڵ میقداری ئەو مەبلەغەی کە بەخشیویە لە بەرامبەر ناویا بۆ ئەمەی هەمو لایەک ئاگاهدار بێ وا لەمەولا بـەرە بـەرە تـەقدیمی خوێندەوارانــی کـیرامی ئەکـەین."لژیـان، ژ ١٦، ١٣ ی مایسی ١٩٢٦)

لەو ژمارەیەدا و لە ژمارەکانی داهاتودا لیستەی ناوەکانیان نوسیوە.

١. ٦. چالاكيەكانى

١. ٦. ١. خولى فێركردنى خوێندەوارى و زمان

كردنـەوەى فـێركردنى بـۆ تـەعليمى ئوميـەكان و بـۆ تـەدريس و فێركردنى زبانى ئينگليزى چەند موعەليميٚكى بە معاش تەعين كرد... (ژ ١٧)

"ئيعـلان: لـە جەمعيـەتى زانسـتىدا دەرسـخانەيەك ئەكرێتـەوە بـۆ فێركردنى زمانى عەرەبى هەر كەس تاليبە فێرى ئەم زمانە بێت موراجەعە بە مەركەزى جەمعيەت بكا.

موعتەميدى جەمعيەت"(ژيان، ژ ٢٤، ١٥ ى تەموزى ١٩٢٦)

"دو موعـەليمى ئينگلـيزى و دو موعـەليمى كـوردى"(ژيـان، ژ ٤٠، ٤ ى تشرينى سانى ١٩٢٦)

١. ٦. ٢. موحازەرە

كۆمـەڵ هـەندێ كـۆڕى خوێندنـەوەى وتـارى سـاز كـردوە ئەمـە نمونەيەكيانە:

"لە جەمعيەتى زانستيەوە

"رۆژى جومعە پاش عەسر كە تەسادوفى ٤ ى حوزەيرانى ٩٢٦ ئەكات لە جەمعيەتى زانستىدا لە تەرەف جەنابى جەمال بەگى بابان موحازەرەيەكى حقوقى ئەدرێ لەمەدا بەحس لە تەشكيلاتى مـەحاكيمى عوموميـەى عـيراق و بيلخاسە بەحس لە تەشكيلاتى مـەحاكيمى سـلێمانى و ئوسـولى موراجەعـەت كردن بە مەحاكيم ئەكرێ هەركەس ئارەزوى هەيە گوێى لێ بگرێ جەمعيەت منەتدار ئەبێ بە تەشريف هێنانيان."(ژيان، ژ ١٩، ٣ ى حوزەيرانى١٩٢٦)

١. ٦. ٣. دانانى كتێبخانە

تا ئەو كاتە سلێمانى كتێبخانەى گشتى تىێدا نەبوە. وەكو لە ژ ٤٤ دا نوسراوە جەمعيەت لە بارەگاكەى خۆىدا خەريكى رێكخسـتنى كتێبخانەيەك بوە.

١. ٦. ٤. "مەجموعەی زانستی

"ئەمجارە ئیجازەنامەی دەرهێنانی مەجموعەی زانستی لە مودیریەتی مەتبوعاتەوە بە سکرتێری جەمعیەتی زانستی گەیشت. ئەم مەجموعەیە وەکو خەیاڵی لێ کراوە لە حەجمی ١٦ وە یا ٢٤ پەڕەیی‌دا ئەبێ و، هەر ١٥ رۆژ جارێک دەرئەهێنرێ. وا بە هیواین کە بەم نزیکانە بە مەقالاتی موفیدەی زانستی و کۆیەتی و ئەخلاقیەوە بخرێتە پێش چاوی خۆشەویستانی زانست و ئەدەب."(ژیان، ژ ٥٧، ١٠ ی مارتی ١٩٢٧)

پێ ناچێ ئەم مەجموعەیە لەو کاتەدا دەرچوبێ.

١. ٦. ٥. بژاری زمانی کوردی

"کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی

" مودەتێ لەمەوپێش بە موتالەعە و تەکلیفی رەئیسی جەمعیەتی زانستی، کە جەنابی موتەسەریفە، جەمعیەت قەراری دابو کە لە منەوەران و هونەرمەندانی وەتەن، ئەنجومەنێ تەشەکول بکا کە کەلیماتی ئەجنەبی لە زمانی کوردی‌دا نەهێڵن و موقابیل ئەو کەلیماتی ئەجنەبیە کە ئەمڕۆ زۆر موستەعمەلە، لە ئەسلی کوردی کەلیمات بدۆزنەوە و لە جێی ئەوان دایبنێن. یەعنی بە کوردی (کۆمەڵی بژار). ئەو دانیشمەندانە کە سزای ئەم کارە گەورەیە بون لە تەرەف جەمعیەتەوە هەڵبژێرران و ئاگادار کران. رۆژی یەکشەمە سەعات لە ١٠ لە مەرکەزی جەمعیەت دا گرد بونەوە. ..."(ژیان، ژ ٤٥، ٩ ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٦)

لەو کۆبونەوەیەدا بڕیار دراوە:

"کە ئەبێ هەمو ئەعزایەکی ئەم کۆمەڵە خەریک بن بۆ دۆزینەوەی کەلیمەی کوردی و لابردنی کەلیمەی بێگانە و، هەفتەی دو جار لە خانوی

جەمعیەتی زانستیدا کۆ بینەوە، هەرکەس چی دۆزیبێتەوە لە بەر دەم هەیئەت دا بخوێنرێتەوە، لە دوای قبوڵ بدریٚ بە سکرتێر کە داخلی دەفتەری تایبەتی بکات."

ئەم بڕیارەی کۆمەڵی زانستی لە بیستەکان دا، ئەگەرچی دیار نیە چەندی بەرهەم بوە و چییان کردوە، بەلام چەندین دە ساڵ پێش هەوڵی حەفتاکانی کۆڕی زانیاری کورد کەوتوە.

١. ٦. ٦. تەمسیل

یەکیٚ لە چالاکیەکانی کۆمەڵی زانستی تەمسیل بوە.

١. ٦. ٧. یارمەتی قوتابی هەژار

یەکیٚ لە کارەکانی کۆمەڵ دابینکردنی پێویستیەکانی هەندیٚ قوتابی دەسکورت بوە. لە ژ ٤٤ دا باسی یارمەتیدانی چەند خوێنکارێکی نوسیوە."ژیان، ژ ٤٤، ٢ ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٦)

١. ٧. ناکۆکی نێوان دامەزرێنەرەکانی

ئاڵوگۆڕ لە هەیئەتی ئیداریدا

بە پیٚی هەندیٚ بەڵگەی بریتانی مستەفا پاشای یامڵکی کە لە مانگی مایس دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی ویستویەتی کۆمەڵی زانستی بۆ پرۆپاگاندەی هەڵبژاردن بۆ خۆی بە کار بهێنیٚ، جەمال بابان لەمەدا هاوکاری کردوە. موتەسەریفی سلێمانی، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، ئەم کارەی پیٚ باش نەبوە. ویستویەتی کۆمەڵی زانستی دور بیٚ لە کاری سیاسی، خەریکی کاروباری خوێندەواری و رۆشنبیری بیٚ، بەلام جەمال بابان ویستویەتی "دوای لابردنی موتەسەریف کۆمەڵ بکا بە بنکەی بلاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی

نەتـەوەیی کـوردی" چونکــە بـاوەڕی وا بــوە کــە "بـیری حوکمـی زاتـی بـۆ کوردستانی عیراق بە بیٚ بونی بنکەیەکی ریٚکخراوەیی پتەو" لە جیٚبەجیٚ کردن نایە. لە سەر ئەمە نـاکۆکی کەوتۆتـە نیٚـوان موتەسـەریف و جـەمال بابـان و هەندیٚکی کە لە ئەندامانی هەیئەتی ئیدارە. جەمال بابان و مستەفا قەرەداخی ئیستیقالەیان داوە. ژیـان ئیشـارەتی بـە ناکۆکیـەکان نـەداوە، بـەڵام هــەواڵی هەڵبژاردنی ئەندامانی نویٚی داوە:

"ئەعزا بۆ جەمعیەتی زانستی

"لە بەر ئەوەی لە ئەعزای ئیدارەی جەمعیەت غەفور ئاغا ئەساسەن لە بەر بەعزیٚ ئەسـبابی زاتیـە قبوڵـی ئەعزایـەتی نـەکرد بـو، وە مودەتیٚکـە لـە ئەعزایان: جەنابی جەمال بەگ و شیٚخ مستەفا ئەفەندی، ئیستیعفایان کردبو، ئەعزاکانی تریش ئەکسەر لە بەر ئیشـوکاری خسوسـی مونتەزەمەن موەفـەق نەئەبون بە دەوام بۆ ئیجتیماع زۆر مەسالیحی جەمعیەت سەکتەدار بوبـو. بـۆ ئەوەی کە ئیشوکاری جەمعیەت لە ئینتیزام دا جەرەیان بکا شەوی دوشەمە ٢٢

٢٣ ی ئاغستۆسی ٩٢٦ هەمو هەیئەتی عمومیەی جەمعیەتی زانستی دەعوەت کران بـۆ بینـای جەمعیـەت و لـەویٚدا بـۆ ٣ ئـەعزا ئینتیخابـات ئیجـرا کـرا. لـە مەجموعی ٥٥ رەئی تۆفیق ئەفەندی موحاسیبی لیوا بە ئیحـرازی ٥٣ رەئی و، حاجی تۆفیق بەگ بە ئیحـرازی ٥٢ رەئـی و، نـەجیب ئەفـەندی سابیق معاونی حـاکمی مونفـەرید بـە ئیحـرازی ٤٦ رەئــی، ئینتیخــاب کــران بــۆ ئەعزایــەتی جەمعیــەت. خــوا لـــە خزمـــەتی میلـــەت و مەملەکـــەت دا موەفـــەقیان بفەرمویٚ."(ژیان، ژ ٣٠، ٢٦ ی ئاغستۆسی ١٩٢٦)

کۆمەڵی زانستی بەم ناکۆکیە لاواز بوە و چالاکیەکانی کەم بۆتـەوە لـەم روەوە م. ئەدیب لە سەروتاری ژیان دا لە ژیٚر سەرناوی (بیٚ رەغبەتی بە عیلم) نوسیویٚتی:

"....

"جەمعیـەتی زانسـتی کـە لـە تـەرەف منـەوەرێکی وەتەنپـەروەر و خێرخواهێکی کوردەوە بە ئەزیەتێکی گەورە بە فکری گەیشـتن بـەم غایـە و ئەمەلە بۆمان دامەزرا بو، ئاخریەکەی بە رەقابـەت و لـە رقـی یـەکتری بـە دەستی خۆمـان روخانمان. لێرەدا شتێکی تر هەیـە لازمـە بـەیانی بکـەین کـە هەروەکو غەزەتەکەمان لە شەخسیات نادوێ و غایەی خزمەتی موڵک و میلەتە ئێمەیش بۆ ئەمەی نەڵێن ئەم نوسینە زادەی فکرێکی غەرەزکارە مەوزوعی مەقالمان کەس نیە و هەدەفی تیری تەنقیدمان ناتەواویی تەربیەی ئیجتیماعی هەموانـە. لـە بـەر ئەمـە بـە بـێ پـەروا ئـەتوانم بڵێـم: ئـەو بینـای ئەمـەلی موستەقبەلەمان جەمعیەتی زانستی‌یە بو بە واسیتەیەکی تـەئمینی مـەنافیع و تەعقیبگاهی ئەغرازی شەخسیە تاوەکو هێنرایە سەر ئەم دەرەجەیە کەوا بە بەر چاومانەوەیە ..."(ژیان، ژ ٦١، ١٤ ی نیسانی ١٩٢٧)

بـە پـێی هـەندێ بەڵگـەی بریتـانی هاوزەمـان لـە گـەڵ دامــەزراندنی کۆمەڵی زانستی کوردان لە سلێمانی، لە ٢١ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ دا لە کەرکوک چـەند کەسایەتی ناسـراوی کـورد، لـە وانـە ئەسـیری، ویسـتویانە ئیجـازەی دامـەزراندنی (کۆمـەڵی زانسـتی) و، لـە هـاوینی هـەمان سـاڵ دا لـە رەوانــدز ئیسـماعیل بـەگ و هـەندێ لـە کەسـایەتیە ناسـراوەکانی ئـەوێ ئیجــازەی دامەزراندنی (کۆمەڵی هوشیاری) لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق وەربگرن، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی عیراق ئیجازەی پێ نەداون.

تێبینی:

بۆ کۆمەڵی زانستی و کۆمەڵەکانی تر لە بەڵگەکانی بریتانیادا، بڕوانە:

د. ولید حمدی، الکرد و کردستان فی الوثائق البریطانیة، مطابع سجل العرب، ۱۹۹۲. ص ۲۰۳   ۲۰۹. بەڵگەی ژمارە:

FO 371 2255, Appendix I, II, III.

لە بەڵگەکانی ئەم کتێبەدا هەم تێکەڵ و پێکەڵی تێ کەوتوە، هەم هەڵە کەوتۆتە نوسینی ژمارە و رۆژی هەندێکیان.

۲. یانەی سەرکەوتن

"کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن

"بەغداد: نائیبی هەولێر مەعروف بەگ جیاووک لە گەڵ چەند پیاوێکی کوردی ترا لە وەزارەتی داخلیەی عیراق داوای مەئزونیەتیان کرد بو بۆ ئەوەی کۆمەڵێک تەشکیل بکەن و بە ناوی (یانەی سەرکەوتن) ەوە نادیەیەک دابمەزرێنن.

وەزارەتی داخلیە مەئزونیەتی داونی و لە سەر ئەوە خەریکی دامەزراننی کۆمەڵەکەن."

"ژیان: پشت بە خوا پرۆغرامی ئەم کۆمەڵە لە غەزەتەیەکی ترمانا عەرزی خوێندەوارەکانی ئەکەین، وەکو پرۆغرامەکەمان خوێندۆتەوە ئەم کۆمەڵە فکرێکی هەیە خزمەتێکی گەورەی کوردستان بکات و بۆ پێش خستن و سەرکەوتن و بڵاوکردنەوەی مەعاریفمان و بۆ بەرزی و بوڵندی زەراعەت و ئیقتیسادیاتمان و بۆ تەرەقی پێ دانی سەنایعی وەتەنی‌یەمان ئەیەوێ تێ کۆشێ.

مەرکەزی گەورەی ئەم کۆمەڵە لە بەغداد ئەبێ و لە هەمو لیوا و قەزاکانی کوردستانا ناوچە ئەکاتەوە.

هیوامان وایە بە هەمویەتی کوردەکان پشتیوانی ئەم کۆمەڵە بکەن."(ژیان، ژ ۲٤۱، ۲۹ ی مایسی ۱۹۳۰)

"کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن

"ئەو نادیەی کە نوسی بومـان بـە نـاوی (یانـەی سـەرکەوتن) ەوە لـە بەغداد لە لایـەنی کـوردە ئیشـکەر و بـە قیمەتەکانمانـەوە ئەکرێتـەوە رۆژی جومعە ۳۰/۵/۳۰ لە رۆیال سینەمادا رەسمی کردنەوەی بە سورەتێکی رێکوپێک و جوان جێبەجێ کراوە. لە میعادی خۆیدا بانگ کراوەکان کە عیبارەت بون لە: مەعالی وەزیری عەدلیە و، وەزیری مەعاریف و، نەقیبول ئەشرافی بەغداد و، شـاعیری شـەهیر جـەمیل سـدقی ئەفـەندی زەهـاوی و، هـەمو مـەئمورین و زابیتان و کوردەکانی بەغداد کۆبونەتەوە و، ئەوەل جار نەشیدێکی مەلیکی بە عەرەبی و گۆرانیەکی وەتەنی کوردییان گوتوە و لە دواییدا لە لایەنی مارف بـەگ جیاووکـەوە نوتقێـک خوێنراوەتـەوە و بـەیانی فـەرموە کـە غـەرەز لـە کۆکردنەوەی ئەم کۆمەڵە و ئەم (یانە) یە خدمەت کردنی لوغەتی کوردی و بڵاوکردنـەوەی عیلم و عیرفانـە لە کوردستانا. لـە پاشـا لـە لایـەنی نـەریمانی کوڕی جیاووکەوە کە قوتابیەکی بچوکە، قەسیدەیەکی کوردی کە هەمو بەیانی چاکێتی (یەک بون) ئیتیفاق ئەکات خوێنراوەتەوە و بە عـەرەبییش تەرجومـەی کـردوە. لـە پاشـانا لـە تـەرەف ئـەدیب و خـەتیبی شـەهیر خەلـەف شـەوقی ئەفـەندی داوودییەوە نوتقێـک خوێنراوەتـەوە و هـەمو نوتقـەکان بـە چەپڵـە لێدان بەرامبـەری کـراوە. لە دوای ئەمانە بۆ دامـەزراننی کۆمـەڵی ئیشـکەری یانەکە دەست کراوە بە ئینتیخابات و ئەم پیاوانەی لای خوارەوە هـەڵبژێرراون و کۆمەڵەکەیان دامەزرانوە:

چەند رەئی وەرگرتوە	ناویان
۵۲	ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری
۱۰۷	ئەمین زەکی بەگ
۱۶۰	مارف ئەفەندی جیاووک

١٠٢ مەحمود جەودەت بەگ

٨٧ عەبدولا لوتفی

٩٤ خەلەف شەوقی ئەفەندی

٨٦ محەمەد عەلی ئەفەندی زابیتی تۆپچی

٦٣ ئەحمەد ئاغای کەرکوکی

٥٨ مەحامی عارف ئەفەندی پشدەری

ژیان: پشت بە خوا ئەم کۆمەڵە بە هەمو لایەکی کوردستانا لق و پۆپ ئەهاوێ و میلەتی کورد بە هەمو هێزیەوە پشتیوانی‌یان ئەکات و بۆ ئەم غایە بەرزە هەمو لایەک تێ ئەکۆشین و، بەم سەبەبەوە لە تاریکی جەهل رزگارمان ئەبێ و وەتەنەکەمان بە چرای مەعاریف روناک ئەکرێتەوە."(ژیان، ژ ٢٤٣، ٥ ی حوزەیرانی ١٩٣٠)

لە ژ ٢٤٦ دا م. نوری بە ناونیشانی (یانەی سەرکەوتن) شیعرێکی بڵاو کردۆتەوە لە سەرەتاکەیدا ئەڵێ:

"دوێ شەو لە خەوا سروەی بادی سەحەر ئەنگوت
وەک سوبحی بەهاران
شەو عاقیبەتی هات و دڕی سوبحی گریبان
رۆژ بوەوە لە کوردان
غونچەی فەرەح و نەشئە دەمی دایەوە، پشکوت
وەک چیهرەی یاقوت
ئافاقی ئەمەل بو بە چەمەنزار و گولستان
وەک رەوزەیی ریزوان....."

٣. بایەخدان بە زمانی کوردی

رۆشنبیرانی کورد لە عیراق دا، لە بیستەکان و سیەکانی سەدەی بیستەم دا، بایەخێکی نائاساییان بە زمانی کوردی داوە و، گرنگی زمانی کوردی‌یان بۆ بون و مانی کورد ئەوەندە هەڵناوە گەیشتۆتە رادەی (موبالەغە). لەم بارەیەوە ژیان دەیان وتاری بلاّو کردۆتەوە.

زمانی رەسمی و دوانی ئەفغانی و تاجیک و بەشێکی هیندستان فارسی بوە، هەرگیز خۆیشیان بە فارس نەزانیوە و، ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان نەدۆڕاندوە.

زمانی رەسمی هیند و پاکستان و فیلیپین و زۆر گەلی کە، تا ماوەیەکی درێژ، ئینگلیزی بوە بێ ئەوەی هیچیان خۆیان بە ئینگلیز زانی بێ، یان ناسنامەی نەتەوەیی و دینی خۆیان ون کردبێ.

زمانی ئینگلیزی زمانی رەسمی و قسەکردنی گەلانی ئەمەریکا، کەنەدا و ئوستورالیا بوە، بێ ئەوەی هیچکام لەو گەلانە خۆیان بە ئینگلیز زانی بێ. تەنانەت دانیشتوانی (شانشینی یەکگرتو) کە لە نەتەوەی ئینگلیز و ٣ نەتەوەی: سکۆت، وێلز، ئایریش، پێکهاتوە و هەمویان خاوەنی تایبەتمەندی نەتەوایەتی خۆیانن، کەچی ئینگلیزی زمانی کاروباری رەسمی و دوانی رۆژانەی هەمویان بوە.

زمانی رەسمی و دوانی چەندین گەلی رەشی ئەفەریقایی زمانی فەرەنسی بوە، بێ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و دینی خۆیان لە بیر چوبێتەوە.

ئەو بایەخەی رۆشنبیرانی کورد بە زمانەکەیان و ئەو گرنگیە گەورەیەی بۆی قایل بون، هەندێکی چاولێکەری عەرەب بوە. نەتەوەپەرستەکانی عەرەب زمانی عەرەبی‌یان بە فاکتەری سەرەکی یەکێتی نەتەوەیی خۆیان ژماردوە.

بە ئیمزای هەولێری ع. عەزیز لە ژێر سەرناوی (زمانی کوردی) دا نوسیوێتی:

"زمان شتێکی زۆر پێویستە بۆ گەلی بەشەر، زمان رۆحی فکر مادی تاریخ ئاوێنەی حەزارەتی ئینسانیەتە. هەر بە واسیتەی زمانە ئەتوانین مازی و حال و موستەقبەلی میلەتێک تێ بگەین. میلەتێکی بێ زمان بە مردو حساب ئەکرێ. ئەو نەوعە میلەتانە حەقیان غەسب ئەکرێ. حەقی ژینیان نامێنێ هەروەکو مەجارەکان وتویانە: (میلەتێک لە ناو زمانی خۆی ئەژی) زۆر مەعقولە زمان و میلیەت یەکن. زمانی کوردی چەند ساڵ و زەمانێک بو لە هەمو شوعبەی حەیات دەرکرابو لە سایەی هەندێک زوڵم و فەزاحەت کە هەر وەکو ئێمە گەلێ میلەتەکانی تریش لەم بەڵایە لە گەڵ ئێمە موشتەرەک بون بەمجۆرە حسیاتی میلیە و تاریخی قەومیەمان ون بوبو چونکە لە ناو قەومێک هەرچەند زیعفی لوغەت پەیدا ببێ بەم نیسبەتە حوبی وەتەن و قەومیەتیش کەم ئەبێ لە گەڵ ئەمەندە تەزیقات و ئیتکاریەتی سیادەتی قەومیەمانیان کرد و بۆ مەحو کردنی زمانی کوردی تیانکۆشی کورد و زمانی کوردی مقاوەمەتێکی شێرانەیان نیشان دا زمان و ئەخلاق و عاداتی خۆیان محافەزە کرد تێکەڵاو نەبون. بەڵێ روناکی ئیستیقبال رەهبەری سەرکەوتنمان زمانمانە. شوکر ئەمرۆ زمانی کوردی لە کوردستانی عیراق زنجیری ئەسارەتی شکاند پەردەی سەبری دڕاند وەک مانگی چواردە شەو دەرکەوت بە روناکی و شەوقی خۆی چاوی گەلێ حەسودانی کوێر کرد و زیای پڕ نوری خۆی بە واسیتەی شاخی کوردستان ئینعیکاسی کوردستانی شیمالیشی ئەکات.

" بەڵێ خۆم زۆر بە بەختیار ئەزانم، پار هەرچەند ئەچومە قوتابخانەی هەولێر دەنگی مامۆستا و قوتابی بە زمانی تورکیم گوێ لێ ئەبو، هەروەک دەنگی نەکیر و مونکیر دەهشەتی ئەخستە سەر ئەعسابم، بە رەنگ زەردی و مەئیوسیەت ئەچومە دەرەوە. عەینی حاڵیشم لە دائیرەی حکومەت ئەدی. هەر رۆژێکم عەزابێک بو. ئەمساڵە کە لە جنوبی عیراق گەڕامەوە هەولێر، کە

ساڵێک بو حەسرەتکەشی کوردستان بوم، چەند خۆم مەسعود زانی کە چاوم بە دائیرەی حکومەت و قوتابخانە کەوت کە زمانی کوردی ئیستیعمال ئەکەن. لەم ئەحواڵە قوتابیانی مەکتەب خۆشحاڵ و بە کەیف و رو بە خەندە بون. پرسیم چیە ئەم سرورە؟ وتیان بەشارەتت بێ کە ئەمساڵ دەرسمان بە کوردی بو، ئیمتیحانمان بە زمانی کوردی، زمانی ئاباد و ئەجدادمان ئەدا کرد.

"بەڵێ بەختیارم، مەملەکەتەکەشم بەختیارە کە مودەتێک ئەسیری زمانی جەهەنەمییان بوین امەبەستی زمانی تورکیە. نم.ا ئەمڕۆ نەجاتمان بو زمانی حکومەتی بابان و حکومەتی رەواندزمان هێنایەوە فکر. بەڵێ چۆن بە کەیف نابین کە لە رەواندز جەریدەی زاری کرمانجی، لە بەغدا دیاری کوردستان، لە سلێمانی ژیان، سەعییەکی گەورە، خزمەتێکی جدی بە جێگا ئەهێنن بۆ ئەم وەتەنە موقەدەسەمان.

"لە هەندێک بێ خەبەران ئەبیەم کە ئەڵێن کوا خۆ کورد چ حکومەت و زمانێکی بە ئەساس و قەواعیدی زمانیان نەبوە؟ بەڵێ من ئیستا نامەوێ یەک یەک حکوماتی موستەقیلەی کورد و تاریخ و جوغرافیای کوردیان بۆ بەیان بکەم چونکە وەختم نیە، بەڵام کیتابی تاریخی عمومی زۆرە و کیتابی تاریخی جەنابی حوزنی ئەفەندی و مەجموعەی مەقالاتی جەنابی جیاووک بخوێنن چاک تێ ئەگەن لە کورد و کوردستان. بەڵام لە حەق زمانی کوردی ئەمەندەیان پێ ئەڵێم قەواعید لە زمان دەرئەچێ نەک زمان لە قەواعید. مادامکی زمانی کوردی هەیە قەواعیدیشی هەیە. بەڵام هەروەکو تاریخ و هەمو ئاسارێکی کوردیان مەحو کردەوە قەواعیدی زبانەکەش کە نوسرا بوەوە لە ناویان برد بە فڕوفێڵ زەربەیەکی گەورەیان لە حەیاتی مەدەنیەمان دا. بەڵێ بۆچی نازانن ئەی بێ خەبەران زمانی تورکی لە کوردی، عەرەبی، فارسی و فرانسزی

موتەشەکیلە؟ کەچی کوردیەکی پەتیە موستەقیلە لە زمانی ژاپۆن و چین و هیندی زەحمەتتر نیە. لە گەڵ فارسی چ فەرقێکیان هەیە؟ بۆچی فارسە ئەنوسرێ بۆچی کوردی نەنوسرێ؟

"غەیری حەقیقەت ئینکار کردن هیچتان لە دەستا نیە خوا عەقڵ بە ئەولادتتان ببەخشێ!"(ژیان، ژ ٣٩، ١٩ ی ئاغستۆسی ١٩٢٦)

٤. بایەخدان بە ئەدەبی کوردی

م. نوری بە زنجیرە لە ژێر سەرناوی (ئەدەبیاتی کوردی) لە ژ ٢٠ ەوە دەستی کردوە بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری لە سەر ئەدەب و ئەدەبی کوردی، زیاتر لە ٢٠ ئەڵقەیە.

فەتحولڵا ئەسعەد لە ژێر سەرناوی (ئاواتێکە لە هەمو دانیشوەرانی قەڵەمڕەوی کوردستان دەخوازم) نوسیویێتی:

"بە دڵێکی غەمگینەوە دەڵێم: بەدبەختی ئێمە و بەدرایی تورک تا ئیستا ئەم کەشتی زیندەگانی ئێمەی وا خستبوە گێژاو و پەشێواویەوە کە نەمان توانیوە پێشەوایانی خۆمان بناسین و یادگاری عومری ئەوان کە دیوان و ئەدەبیات و داستانی نایابە لە چاپ بدەین و بە خەڵک و خوای بناسین و لە دنیادا دەر بکەوێ کە کورد چ نەوعە پیاوێکی تیا هەڵکەوتوە و چ دوڕ و گەوهەرێکی لە مەیدانا بۆ نەوەی خۆی هەڵڕشتوە. ئاخ و درێغ ئەو دوڕ و گەوهەرە هەمو لە کون و قوژبنا شارراونەوە و ئێمە موروی خواستەمەنی بێگانە بە سەر خۆمان دا دەکەین، ئەو گەنجینە ئەدەبە لە سەر کاغەزی کۆنی رزیو ماونەوە ئێمە هێشتا لە دوای عەرەبی و تورکی و فارسی وێڵین، ئیستاکە لە سایەی خواوە پەناهێکی زۆر باشمان بۆ هەڵکەوتوە کە هەرچۆنێ ئارەزو

بکـــەین بتوانـــین ئاســاری کـــوردی چـــاپ و دابـــەش بکـــەین و پێشـــەوایانی میلەتەکەمان بەو یادگارە شیرینەیانەوە بژێنینەوە.

"تو خودا لێتان دەپرسم پێم بڵێن بۆچی راوەستاون. بۆچ ئاساری ئەو گەورە گەورانە ناخەنە بەرچاوی هەمو میلەتێکەوە. برادەرەکانی شیمالی‌مان لە گەرمەی زەبربەدەستی و بێدادی ستەمگەرەکانی ئیتیحادا دیوانی مەم و زینیان چاپ کرد و چوار ساڵ لە غەزەتەدا پارچە پارچە ئەشعاری نالی و مەولەوی و هەمو شاعیرەکانی جنوبیان بڵاو کردەوە و قاموسی لوغەتی کوردی جنوبی و شیمالی‌یان هێنایە مەیدان، کەچی ئێمە لەم هەنگامە هەموارەدا دیوانێکی مستەفا بەگ، یا پیری شاعیرانی کوردستان مەولەوی یاخود نالی یا سالم یا وەفایی‌مان پێ تەبع نەکرا. من دەستەبەر دەبم لە پێش دا دیوانی مستەفا بەگ تەبع بکەم. ئینجا تکا لەو کەسانە دەکەم کە ئاساری مستەفا بەگیان لە لایە، کەم و زۆر، بۆم بنێرن و ئەگەر بە خۆڕایی نادەن بە پارە رێک دەکەوین. هەرچەند من خۆم دیوانێکی تەواوی حەزرەتی نالی‌م هەیە، فەقەت لە لام وایە چونکو مستەفا بەگ پێشتر کەوتوە سزاوار ئەوەیە لە تەبعیش دا پێش بکەوێ لە دوای ئەو بە زنجیرە ئەوانی تر بێنینە پێشەوە."(ژیان، ژ ٥٣، ١٠ ی شوباتی ١٩٢٧)

زەکی سائیب لە ژێر سەرناوی (تکایەکی تایبەتی بۆ هەمو کوردێک) نوسیویێتی:

"لای هەمو کەس مەعلومە کە میلەت بە زبانەوە ئەناسرێ. بەقای هەمو قەومێک بە زبانەوە بەندە. میلەتی بێ زبان نیە لە دنیادا. هەچ قەومێ زبانی کەوتە تەزەلزول و نەمانەوە، هەچ میلەتێ زبانی خۆی محافەزە نەکرد، ئاخریەکەی ئینقیرازە.

"میلەتی کوردیش تا ئیستە زبانی میلی خۆی لە هەمو شتێ پاراستوە.

بە سایەی محافەزەی زمانیەوە ئەمرۆ میلەتی کورد ناوونیشانێکی هەیە و ئەناسرێ. ئەمرۆ لە حکومەتی عیراق دا زبانی کوردی لە رەسمیات دا مەقبولە. محافەزەی لیسانیش بە شتێک ئەبێ، پێی قسە بکرێ و بنوسرێ و بخوێنرێ. ئینسانێ کە زۆر مودەت بە زبانی باووباپیری قسەی نەکرد و نەینوسی و نەیخوێند ئەو زبانە عەزیزەی بیر ئەچێتەوە.

"میلەتی کورد تا ئیستە لە ژێر تەوقی زوڵم و جەهالەت دا بوە و بێ دەست بوە لە بەر ئەوە کتێب و ئاساری مدەوەنەی نیە و لە بەر ئەوە چاک نەناسراوە. ...

"لەم درێژیە مەقسەدم ئەوەیە کە منەوەران و لاوانی وڵات کە ئەم وەزیفەیەیان لە سەر شانە ئەبێ هەرچیەکیان بۆ ئەکرێ بیکەن و نەوەستن، هەر هیچ نەبێ کە خەریکی تەئلیفات و تەرجومە نابن هەرچی ئاساری پێشوانمان هەیە کۆی بکەنەوە و یەکە یەکە لە چاپی بدەن و بڵاوی بکەنەوە، تا هەم ئەو ئەسەرانە کە نیشانەی رۆحی کوردیە لە ناو نەچێ و ساحیب ئەسەریش ناوی بمێنێ و هەم بە سایەی ئەوانەوە زمانی میلیمان محافەزە و بەردەوام بکەین. وەکو کتێب نوسینەوە و تەرجومەی کتێبی عیلمی و فەنی پێویستە، کۆکردنەوە و چاپ کردنی ئاساری پێشوانیش گەلێ موهیم و پێویستە.

"من زۆر دەمێکە بەو ئەمەلەوە خەریکم و چەند ساڵە هەرچی شیعرێک، قسە و باسێکی گەورەکانمان ببینم و ببیەم، کۆی ئەکەمەوە و حازری ئەکەم. بە دڵ ئەمەوێ تا سەر ببیەم و تەواوی بکەم لە گەڵ نوبزەیەک لە تەرجومەی حاڵی گەورەکانمان بیکەم بە کتێبێکی چاک و بیخەمە پێش دەمی هەمو کوردێک. لە بەر ئەوە زۆر تکا ئەکەم لە هەمو کوردێکی حەمیەتمەند،

لە هەمو منەوەر و لاوێک ئایا تەرجومەی ئەحواڵ و سەرگوزەشتە و قسە، ئایا شیعر و غەزەلیاتی هەچ شاعیر و ئەدیبێکی کۆن و تازەی کوردیان لایە و هەیانە لوتف بکەن و بینێرن تا هەمویان کۆ بکەمەوە و لە چاپیان بدەم لە شکلی کتێبێکی مونتەزەم و موعەزەم دا کە بە سایەی هەمو حەمیەتمەندێکی کوردەوە ئەسەرێکی وا گەورە و موهیم بێتە وجود.

"وەعدیش ئەدەم هەرچی تەرجومەی حاڵی جەنابی نالی، شێخ رەزا، مەولەوی، کوردی، سالم، وەفائی، یەعنی یەکێ لە شاعیر و ئەدیبەکانم بە راستی، بە تاریخی تەوەلود و وەفاتیانەوە، بە تەواوی بۆ بنوسێ لە پاش چاپ کردنی دو کتێبی لەو کتێبە و، هەرچی ١٠ شیعر یەعنی ٢٠ مەسرەع لە ئەشعار و غەزەلیاتی یەکێ لە شاعیرەکانم بۆ بنێرێ لە پاشا یەکێ لەو کتێبەی بە دیاری تەقدیم ئەکەم. مەمنونیەت و منەتداری خۆم و خزمەتی میلەتەکەش بە جیا. تکایش ئەکەم هەرکەسێ بە قەریحە و فکری خۆی ناوێکی موناسیب و جوان بدۆزێتەوە بۆ ئەم کتێبە گەورە و موهیمە."(ژیان، ژ ٧٢، ٥ ی تەموزی ١٩٢٧)

زەکی سائیب ئەو (کتێبە گەورە و موهیمە) ی بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵام خزمەتێکی گەورەی زمان و ئەدەبی کوردی کردوە. دوای ئەم تکایە لە بەغداد لە گەڵ تاهیر بەهجەت مەریوانی بە جوتە بە ناوی (کوردی و مەریوانی) یەوە زنجیرەیەک دیوانی شیعر و کتێبی کوردییان چاپ و بڵاوکردۆتەوە. لە ناو ئەوانەدا دیوانی نالی، سالم، کوردی، حەریق. بۆ ئەو رۆژگارە، کە ژمارەی هەمو چاپکراوی کوردی بە پەنجەی دەست ژمێردراون، کارێکی گەورە و گرنگ بوە.

٥. بایەخدان بە مێژوی کورد

ژیان بایەخێکی زۆری داوە بە مێژوی گەلی کورد، بە تایبەتی لەو کاتەدا هێشتا کتێبەکەی ئەمین زەکی (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) بلاو نەکرابوەوە. تەنیا کتێب لە بابەت مێژوی کوردستانەوە (غونچەی بەهارستان) ەکەی سەید حسێن حوزنی بوە.

لە ژ ١٥٦ و ١٥٧ و ١٥٨ دا لە ژێر سەرناوی (نوبزەیەک لە تاریخی کوردان) دا کورتەی تەرجومەی لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆجی پرۆفیسۆر سپایسەر لە سەر شوێنەوارە مێژوییەکانی کوردستانی عیراقی بلاو کردۆتەوە. بەم پێشەکی‌یە دەستی پێ کردوە:

"دەرەجەی ئەهمیەت و قیمەتی عیلمی کەشفیاتی تاریخی و ئیحیای مازی میلەتێک لە هەمو کەسەوە مەعلومە و موحتاجی ئیزاح نیە. تاریخ نەهرێکە کە سەرچاوەی لە ئەزەل هەڵئەقوڵێت و مەنسەبەکەی ئەبەدە. هەرچەندە زاهیرەن لە جەرەیان دا بێ بەعزێ تەحەولات و تەقەلوبات موشاهەدە ئەکرێت، فەقەت لە حەقیقەتی حال دا ئەو هەر لە عەینی مەجرای ئەسلی‌یەوە ئەروا. تەبەقەی حازرەی بەشەر بە ئیعتیبارێک پاشماوەی سەلەفە و یاخود هەر عەینی سەلەفە فەقەت لە شکلێکی تردا تەزاهوری کردوە، سورەتی مادیە خاریج بکرێت، لە خسوس سەجیە، ئەخلاق، زەکا، زیهنیەت و حەتا ئەسلیەتی دین و زمان، تەرزی تەلەبوس و میعماری‌یەوە کوردەواری حازر هەر عەینی ئەو کوردەن کە ٣ هەزار ساڵ لەمەوپێش ژیاون. بێ شوبهە ئینقیلابات، ئیحتیلالی ئەم ولاتە لە تەرەف غەیرەوە، تەحەولی شکل، دین، زمان تەئسیرێکی موهیمی بوە بە سەر ئەم خەواسەدا، فەقەت لە گەڵ ئەوەش دا ئەسلیەتی خۆیان محافەزە کردوە و ئەیکەن. ئەم نەزەریەیە تەنها مەخسوسی ئێمە نیە، بۆ هەمو قەومێ قابیلی تەتبیقە.

"کەشفی حادیسات و ئەحوالی مازی جگە لە قیمەتی تاریخیەی، ئەهمیەتێکی حەیاتیشی هەیە بۆ تەبەقەی حازرە. بە سوئیی تالیع و بەدبەختیەوە تاریخی رابوردوی کوردان مودەتێکی مەدید و حەتا حالی حازریش مەجهول ماوەتەوە. هیچ جێگەی شوبهە نیە کە کوردستان هەروەک خاریجەن ساحیبی لەتافەتێکی فەوقەلعادەیە لە داخلیش دا ئەنواعی ئاساری تاریخی بە قیمەتی تیادا مەحفوز بو. کەشفی ئەم ئاسارە و بۆ تەنویری رابوردوی تاریکی کوردان لە مارتی ۹۲۶ دا پرۆفیسۆر سپایسەر موتەخەسیسی ئاساری عەتیقەی دارلفنونی پێنسلڤانیا ی موتەحیدەی ئامریقا هاتە ئەم مەنتیقەیە و ئەلحەق خدمەتێکی کرد کە هەمو کورد ئەبێ مەمنونی بێ.

"موشار ئیلەیهی هەر لە بازیانەوە هەتا هەڵەبجە هەرچی (گردی) دەستکردی تاریخی هەیە هەموی کەشف کرد، عەلاوەتەن ئەو مەختوتاتەی لە کیتابەکانی نەینەوادا لەم خسوسەوە نوسراوە هەموی تەدقیق کرد، لە پاش ئەم تەتەبوعە عیلمیە لەم چەندانەدا ئەسەرێکی زۆر قیمەتداری لە خسوس موحارەبەی بەینی (ئاسورناسرپال و زاموا) وە نەشر کردوە کە بەر وەجهی ئاتی تەلخیس کرا: ..."

لە ژ ۱۸٤ و ۱۸۵ و ۱۸۶ دا لە ژێر سەرناوی (هاواری کوردان) دا تەرجومەی وتارێکی لە سەر نەریت و رەوشت و خوی کورد بڵاو کردۆتەوە. بەم پێشەکی‌یە دەستی پێ کردوە:

"بەیاناتێکی دوقتۆر ستاوت، مودیری مەکتەبەکانی ئامریقایە لە بەغداد کە پار لە ئاغستۆس دا لە گەڵ میسز ستاوت دا بۆ سیاحەت و تەماشاکردنی وەزعیەتی کوردستان تەشریفیان هێنا بوە سلێمانی.

"ئەم مەقالەیە لە مەجموعەیەکی ئامریقادا نەشر کراوە و لە بەر ئەوەی سەراپا بەحسی ئەخلاق و جوبیلیەتی کوردەکان ئەکات ویستمان بە تەرجومە کراوی نەشری بکەین."

لە ژ ۲۲ ی تەموزی ۱۹۲۹ دا لە ژێر ناوی (ئێمە ئەبەدەن ئەم چاکەیەی میستەر ستاوت مان لە بیر ناچێتەوە) لە پەراوێزی ئەم وتارەدا هەندێ لێدوانی خۆی بلاو کردۆتەوە و، بە سپاس و چاکەوە باسی نوسەرەکەی ئەکا.

لە ژ ۲٤٦ دا ع. و. نوری (یەکەم دەوڵەتی کورد لە عیراقدا) ی لە گۆڤارێکی عەرەبیەوە کردوە بە کوردی و بەم لێدوانەی خۆیەوە بلاوی کردۆتەوە:

".. لە ژمارەی چوارەمی مەجەللەی ئەقلامی (عەلی زەریفول ئەعزەمی) کە لە بەغداد دەرئەچێ ئەمە نوسرا بو بۆ روسوری کوردەکان لە بەر دەمی تەئریخ دا و بەعزێ بێگانەی نەفام کردم بە کوردی..."

بە دوای ئەم دا بە ئیمزای (کوردی) لە ژ ۲٤٩ و ۲٥٠ و ۲٥١ دا لە ژێر سەرناوی (یەکەم دەوڵەتی کوردی) دا چۆتە قولایی مێژوی کوردەوە.

٦. ناساندنی بلاوکراوە کوردیەکان

٦. ١. رۆژنامە و گۆڤار

ژیان، لە چاو رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی هاوزەمانی خۆیدا لە هەمویان تەمەن درێژتر بوە و، لە هەمویشیان رێکوپێکتر لە کاتی خۆیدا دەرچوە. هەواڵی دەرچون و بلاوبونەوەی رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی بە خۆشی و پشتیوانیەوە بلاو کردۆتەوە:

"بانگی کوردستان

"صاحیبی ئیمتیازی بانگی کوردستان سەعادەتمەئاب جەنابی مستەفا پاشا هەر بەو ناوەوە بۆ دەرهێنانی غەزەتەیەکی سیاسی روخصەتی ئیستیحصال کردوە. ئەم رەفیقە تازە و خۆشەویستەمان تەبریک و رەواجی تەمەنا ئەکەین."ژیان، ژ ٤، ١٤ ی شوباتی ۱۹۲۶

"دیاریی کوردستان

"نوسخەی شانزدەمینی مەجەلەی دیاریی کوردستان هاتوە، پڕ لە مەقالات و خەبەراتی بە ئەهمیەت و بە کەڵکە. مەقصەدی خزمەتکردنی وەتەن و مەنافیعی میلەتی کوردە. بە خوێندنەوە و ئیشتیراکی ئەم مەجموعە بە قیمەتە تەوصیەی قارئینی کیرام ئەکەین."ژیان، ژ ۲۱، ۱۷ ی حوزەیرانی ۱۹۲۶

"زاری کرمانجی

"ئەوەل نوسخەی مەجموعەی زاری کرمانجی کە لە تەرەف صاحیبی ئیمتاز و مدیری مەسئولی جەنابی سەید حسێن ئەفەندی موکریانییەوە لە رەواندز دەر ئەهێنرێ بە ئیدارەخانەمان گەیشت. جدەن مەسرور و خۆشحاڵ بوین کە مەجموعەیەکی تری وا بە قیمەت بە کوردی ببینین. ئەمە هیمەت و غیرەتێکی زۆر گەورەیە و نیشانەی سەعادەت و تەرەقیی قەومی نەجیبی کوردە. خصوصەن هێنانە وجودی مەتبعەیەک لە رەواندز مەحصولی حسێکی بەرز و فەعالیەتێکی زۆر گەورەیە. بە دڵ و بە گیان تەقدیری ئەم هیمەتە و تەلەبی موەفەقیەت و رەواجی ئەم رەفیقە بە قیمەتەمان ئەکەین."ژیان، ژ ۲۲، ۱ ی تەموزی ۱۹۲۶

"رۆژنامەی زاری کرمانجی کە بەینێک لەمەوپێشەوە لە بەر بەعزێ نوقصانیەت ئینتیشاری نەئەکرد بە واسیتەی موعاوەنەتی قیسمێک حەمیەتمەندانەوە دەستی کردۆتەوە بە ئینتیشار تەمەنای دەوامی ئەکەین."(ژیان، ژ ١٣٩، ٢١، کانونی سانی ١٩٢٦)

"داخلی:

"مدیر و موحەرریری مەجەلەی زاری کرمانجی موحتەرەم سەید حسێن حوزنی ئەفەندی بۆ پێکهێنانی ئیشوکاری مەجەلەکەی و بلاوکردنەوەی کتێبێک کە بەمزوانە بە ناوی (ئاورێکی پاشەوە) تەئلیفی کردوە تەشریفی هێناوەتە سلێمانی عەرزی بە خێرهاتنی دەکەین."(ژیان، ژ ٢٥٨، ٢٨ ی ئاغستۆسی ١٩٣٠)

کەرکوک

"ژیان برایەکی خۆشەویست و پشتیوانێکی بە قوەتی چنگ کەوت

"چەند رۆژێک لەمەوپێش بە سرورەوە بیستمان غەزەتەی کەرکوک کە رەفیقێکی خۆشەویستی ژیانە بە سەبەبی ئەوەوە لە کوردستان و لە ناو میلەتی کوردا ئینتیشار ئەکات بۆ ئەوەی ببێ بە ئاوێنەی حاڵ و تەرجومانی حەقیقەتی میلەتەکە ئیتر لەمەودوا قیسمێکی زۆری بە کوردی ئەنوسرێ و ئینتیشار ئەکات. ئەم خەبەرە بە جدی سرور و خۆشیەکی تەواوی خستە دڵی میلەتەکەمانەوە و هەمو کوردێک بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی راستی ئەم خەبەرە خۆشە و بە عەجەلە ئینتیزاری چاوپێکەوتنی ئەو غەزەتە کوردیەی ئەکرد. شوکور دوێنێ لە ناکاودا خەبەرەکە تەحەقوقی کرد و غەزەتەکە کە دو صەحیفەی بە کوردی نوسرا بو هاتە سلێمانی و بە داخل بونی حەیاتێکی تازەی خستە وجودی میلەتەکەمانەوە و بەم سەبەبەوە (ژیان) یش برایەکی عەزیز و پشتیوانێکی بە قوەتی بۆ پەیدا بو.

"خوێندەوارەکانمان تاقم تاقم بۆ چاوپێکەوتن و خوێندنەوەی ئەم غەزەتە بە قیمەتە موحتەرەمە شەتابیان ئەکرد و حەقیقەتەن ئەم مەسئەلەیە ئەمەندە خۆش بو کە لە موقابیلیا ناتوانین بە تەواوی دەرەجەی سروری میلەتەکەمان بەیان و تەعریف بکەین چونکە ئەم دو لیوایە کە دراوسێی یەکترین و ئەهالی‌یەکەی هاوخوێن، هەم جنس، هاوزبان و هەمو غایەیەکیان یەکە بە سەبەبی ئەوەوە غەزەتی کەرکوک هەتا ئیستا بە لیسانی محەلی و مادەرزادی خۆی ئینتیشاری نەئەکرد، لە هاواری یی‌کتری نەئەگەیشتن و بە فریادی یەکتری نەئەکەوتن بەڵام وا شوکور بە سەبەبی لوتفی حکومەت و مەئمورینە ئیداریە بە قیمەتەکانمانەوە ئەم مانیعەیە هەڵ گیرا و ئەم پەردەیەی بە سەرمانا راکێشرا بو لابرا و لە یەکتری ئاشکرا و مەعلوم بوین.

"بەرامبەر بەم حەرەکەتە مەعقولە، ئەم مژدە خۆشە و ئەم لوتفە گورەیە، عەلەنەن بە ناوی میلەتەکەمانەوە تەشەکوری حکومەتی موشفیقە و حەقپەرستمان ئەکەین. ئومێد ئەکەین ئیتر ئەم ٣ برا عەزیزە کە: زاری کرمانجی، کەرکوک و ژیانە، دەست بدەن دەست و پشتیوانی یەکتری بن و بە هەمو قوەتیانەوە بۆ تەرەقی و تەعالی موڵک و میلەتەکە هەوڵ بدەن و تێ کۆشن." (ژیان، ژ ٢٣٨، ٨ ی مایسی ١٩٣٠)

"غەزەتەی کوردیی کەرکوک

"دیسانەوە بە خۆشیەوە خوێندمانەوە غەزەتەی کەرکوک کە هەتا ئیستا دو صەحیفەی بە کوردی دەرئەچو قەرار دراوە هەمو رۆژێکی دوشەمە دەرچێ و چوار سەحیفەی بە کوردی بێ. بەرامبەر بەم مژدە خۆشە میلەتەکەمان پێخۆشحاڵ بو، ئومێد ئەکەین ئەم برا خۆشەویستەمان هەتا سەر بە موەفەقی خدمەتی وەتەن و میلەتەکەمان بکات."(ژیان، ژ ٢٤٠، ٢٢ ی مایسی ١٩٣٠)

هاوار

"دیاری دیار بۆ کۆواری هاوار

هاواری کوردان لە شامەوە هات

هەواریان بەرز بێ دور بن لە نەهات

شام سەحەری دێ، سوری سوردارە

تا لە شەودا بین بەشمان هاوارە"(ژیان، ژ ۳۳۰، ١٤ تەموزی ۱۹۳۲)

٦. ٢. کتێبی مەکتەب

"دەنگوباس

"مژدە!.. لە سەمای مەعاریف دا ئەستێرەیەکی قیمەتدار

"ئەلفبایەکی کوردی کە موافیقی ئوسولی تەدریس و لە سەر تەرزی تازە لە تەرەف ئەحمەد ئەفەندی عەزیز ئاغاوە تەرتیب و تەئلیف کرا بو و مودەتێ لەمەوپێش لە تەرەف ئەنجومەنی مەعاریفی ئێرەوە لە پاش لێ ورد بونەوە بە باش زانرا و، بە واسیتەی لوتفی عالیی موتەسەریفی مەعاریفپەروەر و موفەتیشی ئیداری عالی قەدرەوە بۆ چاپ نێررا بوە بەغدا، ئەمجارە لە تەرەف وەزارەتی جەلیلەی مەعاریفیشەوە تەسدیق و تەبع فەرموراوە و، لە مەداریسی کوردیەدا ئەمر بە تەدریسی کراوە.

"ئەمە ئەوەل ئەسەرێکی قیمەتداری کوردیە کە ئەولادی کورد ئەیگرێتە باوەش. ئومێد هەیە بە واسیتەی سهولاتێک کە لەم ئەسەرە قیمەتدارەدا پیشان دراوە ئەولادی کورد بە بێ ئەرک و ئەزیەت لە زەرفی مودەتێکی زۆر کەم دا فێری خوێندن و نوسین ببن. بە هیواین ئەم پۆستەیە نوسخە چاپکراوەکانی بێتە سلێمانی. فرسەتە وەریگرن و ئیستیفادەی منالّتانی پێ تەئمین بکەن. اسعد شوکر سمایلنامە و بیا داود نەما...)

"ژیان بەرامبەر بەم هیمەتە و لوتفە گەورەیە خۆی بە مەدیونی شوکران ئەزانێ."(ژیان، ژ ٤٩، ۶ ی کانونی سانی ۱۹۲۷)

لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم دا هەندێ کتێبی خوێندنگە سەرەتاییەکان کراون بە کوردی. وەکو هەنگاوی یەکەم دیارە کەموکوڕی زۆریان تیێ دا بوە. ع. عەزیز کە خۆی مامۆستای خوێندنگەی سەرەتایی و یەکێ بوە لەوانەی بەشداری تەرجومەی کتێبەکانی کردوە، وتارێکی بە چەند ئەلقەیەک لە ژێر ناوی (مەتبوعاتمان) دا بلاو کردۆتەوە، نوسیویتی:

"دەرەجەی عیلم و ئیدراکی میلەتێک و نەوعی پێشکەوتنیان لە مەتبوعاتیان دەرئەکەوێ چونکە میلەتێکی دواکەوتو کە وریا بوەوە پێش هەمو شتێک هەوڵ ئەدا بۆ تەرەقی مەعاریف، کە بناغەی مەعاریفیش مەتبوعاتە وە یا بناغەی مەتبوعات مەعاریفە، لە دوایی‌دا ئیقتیساد و، لە پێش هەمویان دا ئینجا عەمارەت و سیاسەت و سائیرە، چونکە میلەتێکی جاهیل لە روی نەزانینەوە گەلێ شت بە چاک ئەزانێ و ئەیکا نەتیجە زەرەر و زایع بونی حقوقی خۆی ئینتاج ئەکا. بۆ پێشکەوتنی مەعاریفیش یەگانە رەهبەر مەتبوعاتە کە ئەمەش ئەنواعی هەیە، مەسەلەن غەزەتە تەرجومانی حسیاتی میلەتە، کتێب و ئەدەبیات ئاوێنەی کەمالیاتی ئەو میلەتەیە و، کوتوبی عیلمی، ئەمەش یا تەئلیف وە یا تەرجومە ئەکرێ لە لوغەتێکی ئەجنەبیەوە، کتێبی مەکتەبیش لە میانەی ئەمانەدا ئەژمێررێ.

"لە زەمانی حکومەتی ئەمەویە و عەباسیەدا کە قەومی عەرەب هەوڵی تەرەقی عیلم و مەعاریفیان دا لە زەمانی هارون ئەلرەشید و مەئمون دا لە زبانی هندی، یۆنانی و فارسی بە هەزاران کتێب تەرجومە کرا بەم جۆرە مەتبوعاتیان (نوسەر لە بە کار هێنانی وشەی مەتبوعات دا لێرەدا بە هەڵە چوە لەو سەردەمەدا مەتبەعە نەبوە تا مەتبوعات هەبێ، کتێبەکان بە دەس نوسراونەتەوە. نما) پێش خست و تەرەقیان کرد. هەروا ژاپۆنیاییەکان،

تورکـەکان لـە ئیبتیـدای وریابونـەوەیان دا ئـەوەڵ ئیشـیان پێـش خسـتنی مەتبوعاتیان بو.

"قەومی کوردیش لەم قەرنی ئەخیرەدا کە وریا بونەوە فەرقی ئەم نوقسـانیەتەیان کـرد بـۆ عـەینی غایـە لـە ئەسـتەموڵ لـە زەمـانی حکومـەتی عوسمانی مەجموعەی (رۆژی کورد و هەتاوی کورد) یان نەشر کرد و بەعزێ کتێبیان لە چاپ دا و ئیستاش لەم زەمانی حکومەتی عیراقیەش دا هەمو نەوعە موساعەدەیەک کراوە بۆ دەرهێنانی غەزەتەی سیاسی و مەجموعەی عیلمی و کوتوبی مەدرەسی و ئەدەبی و بۆ تەدقیق و لە چاپدانی کتێبی مەکتەبی لـە عـالم و منـەوەرانی کـورد لوجنەیـەک هـەڵبژێرراوە. وە وەزارەتـی مـەعاریفی عیراق بـۆ تەشویق کردنـی موعـەلیمانی کـوردی بـۆ تەرجومـە کردنـی کتێبـی مەکتەبی بە هەمو مەکتەبەکانی کوردا تـەعمیمێکی بـڵاو کـردەوە کـە ئەمـە نەوعـەما فرسـەتێکی بەخشـی بـە وانـەی ئـارەزوی خزمـەتی مـەعاریفیان هەیە."(ژیان، ژ ٢٣٦، ٢٤ ی نیسانی ١٩٣٠)

لە بەشی دووەمی وتارەکەی دا ع. عەزیز نوسیوێتی:

"بـەڵام مـەعلومی خوێندەوارانـی کیرامـە کـە شەخسێک لـە عیلمێـک نەزانێ وە یا لە لوغەتێک تێ نەگا ناتوانێ لە تەرجومەی ئەو عیلمەدا موەفەق بێ. هەروەکو وتمـان لـە سایەی تەشـویقی مـەعاریف و بـە سـەعی کۆمـەڵی تەئلیف و تەرجومە لەم نزیکانـەدا چەند کتێبێکـی کـوردی تەرجومـە و لە چاپ درا. بەڵام مەعەلئەسەف لە ناو ئەم کتێبانـەدا بەعزێکیان لـە بەر نوقسـانیەتی مەتبەعـەیی وە یـا عیلمـی ئـەتوانم بڵێـم کـە قـابیلی ئیسـتیفادە نـین بـۆ قوتابیەکانمان. خسوسەن لەم ساڵی تەدریسیەدا دو کتێبی کوردی لە چاپ درا. یەکێکیان هەندەسـەی صنفـی چـوارەم و ئـەوی تریـان عیلمـی ئەشیای صنفی شەشەمە. ئەم دو کتێبەم زۆر بە دیقەت خوێندەوە. هەندەسەکە تەقریبەن

باشه و ئیستیفادەی لێ ئەکرێ بەڵام ئەوی تریان کـە عیلمـی ئەشیایه و بـۆ صنفـی شەشـەم تـەرتیب کـراوە کـە قوتــابی ئـەم صنفـە داخلـی ئیمتیحـانی موسـابەقە ئەبن ئـەم کتێبـە سـەراپا غەڵەتـەش کــە بــە دەسـتیانەوە ئـەبێ مـەعلومی خوێندەوارانـە کـە زیـهنی تەلەبـە تێـک ئـەدا و دەرەجـەی نـەجاحی مەکتەب لە ناو مەکتەبەکانی عیراق دا دوا ئەخات. ئینجا بۆ ئەمەی کە عەڵەتی تەسحیح کراوی مەزکور بە تەبعکراوی بە دەست قوتابییەکانمانەوە بێ ئارەزوم کـرد لـە سـتونی غەزەتـەی ژیــان دەرجــی بکــەم و ئومێــد ئەکــەم کــە ئــەم حەرەکەتەم بۆ مەکتەب و منداڵەکانمان بە خزمەت عەد بکرێ و حەمل نەکرێتە سەر غەرەز وە یا شەخسیات. مەعلومە میلەتێک پێش ناکـەوێ هـەتا تـەنقید نـەکرێ و عـەیبی خـۆی تـەلافی نـەکا. بێجگـە لەمـەیش لـە ترسـی ئەمـەی کـە نەوەک لە لایەکی ترەوە دەرکی ئەم غەڵەتە بکرێ با خۆمان لە دەرکی غەڵەتی خۆمـان دا تەقـەدوم و لـە پێـش ئـەوان دا تەسـحیحی بکـەین بـەڵکو لەمــەولا هەرکەسێ کە کتێبێکی تەرجومە کرد ئەسەرێکی وا ئینتیخاب بکا کە لە داخلی ئیختیساسی خۆیدا بێ. "(ژیان، ژ ۲۳۷، ۲۸ ی نیسانی ۱۹۳۰)

لە چەند ژمارەیەکی تردا هـەندێ لە هەڵە و چەوتی‌یـەکانی کتێبەکـەی باس کردوە.

وەرگێڕی کتێبەکـە: ع. واحید هاتۆتـە جـواب. ع. واحیـد هـەمان ع. و. نوری‌یە کـە یـەکێ بـوە لـە نوسـەرە بـاش و پێشکەوتنخوازەکانی کـورد. گـەلێ بەرهەمی پوخت و جوانی هەیە. ئەگەرچی وەڵامەکەی هەندێ تورەبونی پێوە دیارە بـەڵام دەسـتی خسـتۆتە سـەر هـەندێ لـە گیروگرفتـەکانی رۆشـنبیری کوردی و لە ژێر سەردێڕی (کتێبەکانی مەکتەبەکانمان) دا نوسیویێتی:

"لە ژمارەی ۲۳۷ ی رۆژنامەی ژیان دا بە ناوی ع. عەزیزەوە چەند کەلیمەیەکم دی لە بابەت کتێبی ئەشیای سینفی شەشەمەوە کە خۆم تەرجومەم کردوە و زۆر بە ناشیرینم زانی کە بێ جوابی بهێلمەوە:

۱. منیش بێ ئەمەی تەعەڕوزی شەخسیات بکەم بە کوردی ئەڵێم هەرچی کتێبێک کە لە مەکتەبەکانمانا هەیە و بە کوردی لە چاپ دراون هیچیان بۆ ئەوە ناشێن کە پێیان بڵێن (کتێبی مەکتەب) بۆ ئیسپات کردنی ئەم قسەیەم هەمو وەختێک ئامادەم.

۲. بەڵام ئیحتیاج مەجبوری کردوین کە پێیان بڵێین کتێب. چونکە هێشتا گەنجێکمان پێ نەگەیشتوە کە لە ژێر دەستی مامۆستایەکی کوردا حیسی میللی وەرگرتبێ و بە زمانی کوردی فێری خوێندنێکی تەواو بوبێت. لە بەر ئەوەی مەنتیقەکەیشمان بچوکە فرۆشتنی کتێبەکانمان زۆر کەمە و مەعاریفیش لە بەر ئەم سەبەبی ئەخیرە کەم یارییەی ئەو موعەلیمانە ئەدات کە کتێب تەرجومە ئەکەن.

۳. ئەگەر تەرجومەی ئەم کتێبەم خراپ کرد بو بۆچی ئەمین زەکی بەگ قوبوڵی کرد. وە ئەگەر ئەو کوردی نازانێ بۆچی ئەو کتێبانەی تر کە تەدقیقی کردوە بە باش ئەدرێتە قەڵەم. خۆ من بە زۆر و پاڕانەوە کتێبەکەم پێ قبوڵ نەکرد.

من بڵێم چی ملیۆنێک کورد مەتبەعەیەکیان نیە کە چوار کتێبی لێ تەبع بکەن؟

٤. ئەگەر ئەوەندە شارەزا بویت بۆچی کە پێم گوتی تەرجومەی بکە نەتکرد؟

ئیتر حورمەتی زۆر. ع. واحید"(ژیان، ژ ۲٤۱، ۲۹ ی مایسی ۱۹۳۰)

٦. ٣. کتێبی گشتی

"تەئلیفات: پێشەوای ئاین

"کتێبێکی دینیە، بۆ تێگەیشتن لە واجیبات و شەریعەتی ئیسلامیە، لە سەر رەوشتی ئیمامی شافیعی بە ئوصولێکی رێکوپێک و کوردیەکی پەتی لە تەرەف خێوی زاری کرمانج جەنابی سەید حسێن ئەفەندی موکریانیەوە تەئلیف و تەبع کراوە.

"نوسخەیەکی ئەم ئەسەرە بە نرخە کە لە شەرت و شروتی ئیسلامێتی باس ئەکات و پێمان بەخشراوە بە ئیدارەخانەمان گەیشت. لامان وایە ئەگەر بێت و بۆ قوتابخانەکانی کوردستان بخرێتە پرۆغرامەوە و لە دەرسی دین دا تەدریساتی لە سەر بکرێ ئیستیفادەی مەتلوب تەئمین ئەکات." (ژیان، ژ ٥٨، ١٧ ی مارتی ١٩٢٧)

"رەوشت و خو

"مەعلوماتی مەدەنیە

"ئەسەرێکی بە کەڵکە، نوسخەیەکی ئەم ئەسەرە بە قیمەتە کە لە تەرەف لاوانی کوردەوە لە سەر پرۆغرامی مەعاریف بۆ مەکاتیبی کورد تەئلیف و تەرجومە کراوە بە ئیدارەخانەمان بەخشرا.

"محتەوەیاتی، بە ئوسلوب و تەرزی ئیفادەیەکی جوانەوە سەراپا رێی بونە ئینسانێکی حەقیقی نیشان ئەدات و، زۆر بە ئاسانی ئیستیفادەی قوتابیەکانمان تەئمین ئەکات. لە گەڵ ئەمەی کە نوسخەی دوەمی ئەم تەئلیفە لە ژێر چاپ دایە تەبعی گەلێ ئاساری تریشیان بە دەستەوەیە. لە رێی خزمەتی مەعاریف دا ئەم موەفەقیەتە گەورەیەی لاوەکانمان بە دڵ تەقدیر ئەکەین."(ژیان، ژ ٧٢، ٥ ی تەموزی ١٩٢٧)

"خۆشی و ترشی

"نوسخەیەکی تر لە موئەلەفاتی صاحیبی زاری کرمانجی و وەتەنی حەقیقی جەنابی سەید حسێن ئەفەندی موکریانی کە لە ژێر عینوانی اخۆشی و ترشی) دا نەشری کردوە بە ئیدارەخانەمان گەیشت. حەقیقەتەن تەئلیفێکی بە قیمەت و کتێبێکی بە کەڵکە. تەوصیەی خۆشەویستانی ئاساری کوردی و کوردپەروەرەکانمانی ئەکەین."ژیان، ژ ٧٨، ژ٨ ی ئاغستۆسی ١٩٢٧)

"مژدە بۆ کوردەکان: دەستوری کوردی

"لەم رۆژانەدا بە مەسروریەتەوە لە غەزەتەکانی بەغدادا خوێندمانەوە کە قەواعید دەستوری کوردیەکەی جەنابی تۆفیق وەهبی بەگ کە چەند ساڵێکە لە گەڵیا خەریکە جزمی ئەوەلی تەواو و تەبع کراوە.

"ئەم خەبەرە بۆ کوردەکان بەشارەتێکی خۆشە، چونکە هەمو ئەیزانین میلەتی کورد هەرچەند هەتاکو ئیستا زبانی مادەرزادی خۆی کە کوردیە محافەزەی کردوە و دائیمەن گفتوگۆی بەم زبانەی خۆی کردوە. بەڵام لە بەر ئەوەی مودەتێکی زۆر لە تەرەف تورکەکانەوە ئیستیلا کراین و لە سەرێکی تریشەوە لە گەڵ ئێرانیەکانا دراوسێ و تێکەڵاو بوبوین موخابەراتی بەینی خۆمان بەعزەن بە فارسی و بەعزەن بە تورکی بو وە معامەلاتی رەسمیی حکومەتی و تەدریساتی مەکاتیبیشمان بە مەجبوری بە تورکی بو.

"وەقتێک کە شەڕی گەورە دوایی هات و ئێمەیش نەجاتمان بو، بە سەبەبی ئەو فکری میلیەتەوە کە دائیمەن لە دەماغمانا نەقشی بەست بو وە بە سەبەبی موساعەدەی حکومەتی فەخیمەی ئینگلیز و عیراقەوە وە بۆ ئەوەی زبانەکەیشمان زیندو ببێتەوە موخابەراتی خسوسی بەینی خۆمان و معامەلاتی رەسمی حکومەت و تەدریساتی مەکاتیبمان کرا بە کوردی. بەڵام چونکە بۆ

لیسانەکەمان دەستورێک رێک نەخرابو وە ئەو ئەلفبا و دەستورەیش کە لەم ساڵانەدا بۆمان رێک خرابو ئیبتیدائی بون، زبانەکەمان تەکامولی نەکرد و بە مەجبوری منداڵەکانمان و کاتبەکانمان هەرکەس بۆ خۆی بە شێوەیەک ئەیخوێند و ئەینوسی بە نەوعێک کە ئەتوانین بڵێین هەتاکو ئیستا لە هەمو کوردستانا مەعلوم نەبوە چ کاتبێک موقتەدیرە و کێ چاکتر ئەنوسێ.

"تەبیعی هەمو عیلم و ئیقتیداری تۆفیق وەهبی بەگمان لا مەعلومە و ئەیزانین ئەم زاتە لە عیلم و عیرفانا مەوقیعێکی مومتازی هەیە.

"ئینجا بە تەبیعی زاتێکی وەها داهی لە نەتیجەی سەعی و کۆششی چەند ساڵێکیا موەفەق بوبێ بە دانان و تەرتیبی دەستورێکی کوردی موحەقەق ئەبێ ئەم دەستورە فەوقەلعادە بێ و ئیتر لە خوێندن و نوسینی کوردیا موشکیلاتێکی نەهێشتبێ. وە غەیری ئەمەیش وەکو بیستومانە ئەم دەستورە لە تەرەف گەلێ موتەخەسیسینی مەعاریف و پیاوە عالمەکانی عیراق و ئینگلیزەوە تەدقیق کراوە و لە تەرەف هەمویانەوە تەقدیر و بە باش زانراوە و حەتا ئەڵێن ئەگەر منداڵانی کورد لە سەر ئەم ئوسولە پێیان بخوێنرێ بە سەهلی بە ٤ مانگ فێری خوێندن و نوسین ئەبێ.

"ئینجا لە بەر ئەوە پێویستە هەمو خوێندەوارێکی کورد یەکێک لەم دەستورە بە دەستیەوە بگرێ و لەمەودوا لە نوسین و خوێندن دا تەتبیقاتی لە سەر بکات و تکایش لە ئیش بە دەستانی مەعاریف ئەکەین لە ئەمساڵەوە ئەمر بدەن ئەو ئەلفبایەی کە هەمانە لە سەر ئەم دەستورە تیکرار تەبع بکرێتەوە و لە هەمو مەکاتیبە کوردیەکانا تەدریسات لە سەر ئەم ئوسولە بکرێ."(ژیان، ژ ١٩٧، ١٢ ی ئەیلولی ١٩٢٩)

تۆفیق وەهبی لە ژیانی خۆیدا گەلێ پلە و پایەی رەسمیی لە حکومەتی عیراق دا پێ سپێردراوە. ماوەیەک فەرماندەی زانستگەی جەنگی و چەند

جارێک بوه به وەزیر و بوه به ئەندام لە مەجلیسی ئەعیان دا، بەڵام ئەوەی ئەمی لە مێژوی کوردا بە زیندویەتی هێشتۆتەوە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی بوە، بە تایبەتی ئەم (دەستوری زمانی کوردی) یە، نەک وەزیفە حکومەتیەکانی.

"دیوانی کوردی

"لە تەرەف جەنابی کوردی مەریوانیەوە (دیوانی کوردی) تەبع کراوە نوسخەیەکمان موتالەعە کرد زۆر ئەشعاری شیرین و لەتیفی تیا موندەریجە. قەریبەن میقدارێکی موناسیب دێت بۆ دوکانی وەستا ئەحمەدی خاڵە عەلی خەیات بۆ فرۆشتن هەرکەسێ ئارەزوی تەرەقیاتی عونسوریە و شیرین مەزاقی ئەشعاری کوردیە هەریەکە نوسخەیەک بکڕێ قیمەتی لە گەڵ مەوزوعات و موندەرەجاتی قابیلی تەوازون و تەناسوب نیە چونکە ٤ ئانەیە. حەقیقەتەن ئەم دو زاتە زۆر خادیمی مەعاریفی کوردین تەبریکی حەمیەتی وەتەنیە و مەساعی نەشری ئاساری قەومیەیان ئەکەین."(ژیان، ژ ٢٩٩، ٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٣١)

(لاوێکی کوردا مێژوەکەی ئەمین زەکی کە بە ناوی (خولاصەیێکی تاریخی کورد و کوردستان) ەوە بلاو کراوەتەوە بەمجۆرە هەڵسەنگاندوە:

"تاریخی کورد

١. هەمو کوردێکی تێگەیشتو تا ئیستا گرێیەکی گەورە کەوتبوە دڵیەوە، ئەو گرێیەش نەبونی تاریخێکی رێکوپێکی کورد بو. چونکی نەبونی ئەم تاریخە ئەبو بە سەبەبی نەزانینی رابوردوی ئەم میلەتە و ئەم نەزانینە گەلێ زەربەی ئەدا لە مەعنەویاتی ئەم قەومە و ئەبو بە سەبەبی کوژاننەوەی ئاساری ئەجداد و ئەم ناتەواویە زۆر جار ئەفرادی ئەم قەومەی شەرمەزار و

خەجاڵەت ئەکرد لە موجادەلەی ئیجتیماعیدا کە واقیع ئەبو لە بەینی کوردێک و بێگانەیەک دا.

حەقیقەتەن عەیبێکی زل و بێ ئەمان بو، چونکی زۆر ناشیرینە بۆ ئەفرادی قەومێک کە نەزانێ ئەجدادی چین و چی بون؟

وە حالەتی ئیجتیماعیە و سیاسیە و عیلیمیە و سەناعیەیان چۆن بوە و چۆن حاکمیەتیان کردوە؟

چۆن کەوتونە دەورەی زیللەت و سەرگەردانی و رەزالەتەوە و ئەو قەومە چ نەوعە عەنعەناتێکی بوە و هەیە؟

٢. بۆ نوسینی تاریخێکی مەوسوقی کورد وەک بیستومە بەعزێ کوردی بە ویجدان و خوێنگەرم هەوڵیان داوە بەڵام زەمان بوە بە مانیعی سەعییان و نەتیجەی رەنجیان بەر هەوا بوە، وە یاکردویەتی وەک بەعزێ موحەریرینی ئەقوامی شەرقی کۆن نەختێ لە رێ لای داوە.

٣. زۆر شوکر لە ناو ئەو زەواتە موحتەرەمانەدا موەفەقیەت بۆ مەعالی ئەمین زەکی بەگ حاسڵ بوە و نائیلی ئەم دەرەجەی شەرەفە بوە. چونکە لە پاش زەحمەتێکی زۆر و لە ٢٥٠ ئاساری جوێ جوێ کە بە ئینگلیزی و ئەڵمانی و فرانسزی و عەرەبی و تورکی و فارسی بو، ئەسەرێکی مودهیش و موکەمەلی بۆ میلەتی کورد هێنایە وجود و بە پێی مەعلوماتێ کە لەو ئاسارانەی لە سەرەوە عەرزمان کرد ئیسپاتی کرد و دۆزیەوە کە کورد لە نەتەوەی قەومی (گوتی) ئاریە، کە تەقریبەن لە ٢٨ ەمین عەسری پێش میلادا لەم جێگەیەدا حاکم و حوکمڕان بوە و ساحیبی شەوکەت و شەخسیەتێکی بەرز بوە.

وا شوکر چاپی جلدی یەکەمینی بە دو جزم تەواو کرد و زۆر بە مونتەزەمی بلاوی کردۆتەوە کە هەتا ئیستا هیچ کتێبێکی کوردی وا جوان رێک نەخراوە.

٤. بێجگە لەو مەعلوماتەی کە وەری گرتوە بە گەلێ حەقایقی سابیتە و مادی عولەمای ئەقوامی بێگانەی بە سورەتێکی دانایانە و بە حیس و شعورێکی بەرزەوە رەد کردۆتەوە کە جەدەن شایانی ئیفتیخار و سرورە. چونکە گەلێ عولەما بۆ کەمکردنەوەی قەومی کورد و بۆ تەشویشی ئەسل و فەسلی کورد گەلێ خورافاتیان داخلی ئاساری خۆیان کردوە. زۆر شوکر باوکی تاریخی کورد مەعالی ئەمین زەکی بەگ رەنجی بە زایە دان و حەقیقەتی زۆر چاک دەرخست.

٥. چونکی تاریخ خالقی شعوری میللی و موەحیدی هەمو شعورێکی قەومیە ئەمینم بەم ئەسەرە نازدارە میلەتی کورد ئاورێکی باش و بە دیقەت ئەداتەوە بۆ مازی و تۆزێ عیبرەتگیر ئەبێ و بە ئیرادەیەکی مەتین و لە سەر خۆ ئیستیقبالێکی روناک بۆ خۆی تەئمین ئەکا.

"لە پێش ئەمەدا واز بێنم لە قسە کردن ئیمانم هەیە بە تێگەیشتوان زو ئەم کتێبە عەزیزە دائەنێن لە کتێبخانەکانیان دا، وە موئەلیفی خۆشەویستی موحتەرەم جلدی دوەم بە زویی لە چاپ ئەدا چونکە زۆر زۆر موحتاجی تەنویرین.

"ئیتر خوا دڵسۆزانی میلەتی کورد مەسعود بکا. لاوێکی کورد"ژیان، ژ ٣٠٢، ٣٠ ی تشرینی دوەمی ١٩٣١)

ئەمین زەکی بەگ لە ژیانی خۆیدا گەلێ پلە و پایەی بەرزی لە حکومەتی تورکیا و لە حکومەتی عیراق دا پێ سپێردراوە. لە عیراق چەند جارێ بۆتە مەبعوس و چەند جارێ بۆتە وەزیر، بەڵام ئەوەی ئەمین زەکی بردۆتە ریزی پیاوە نەمرەکانی مێژوی کوردەوە ئەم پلە و پایە رەسمی‌یانە نەبوە، بەڵکو نوسینی ئەم مێژوە و کتێبە مێژوییەکانی تری بوە.

٧. تەمسیل

ژیان لە (هەواڵی ناوشار) دا بە ناونیشانی (تەمسیل) نوسیوێتی:

"لە تەرەف تەلەبەکانی مەکتەبەوە بۆ مەنفەعەتی کەشافە شەوی سێشەموی رابوردو لە بینای مەکتەب دا لە ژێر عینوانی (نەتیجەی سەفاهەت) دا ریوایەیەک تەمسیل کرا. لە گەڵ ئەمەی کە ئەوەلەمین جاریان بو حەقیقەتەن زۆر جوان تەمسیل کرا. مەزهەری تەقدیر و تەحسینی هەمو لایەک بو. بژی موحیبانی عیلم و ئەدەب."(ژیان، ژ ٢٦، ٢٩ ی تەموزی ١٩٢٦)

رەنگە ئەوە یەکەم جار بوبێ کە لە سلێمانیدا شانۆنامەیەک پێشکەش بکرێ.

بۆ جاری دوەم شانۆنامەیەکی تر پێشکەش کراوە. لەم بارەیەوە ژیان لە ژێر سەردێڕی (لە بینای زانستیدا تەمسیل) ریپۆرتاجێکی لە سەر نوسیوە، ئەڵێ:

"فەنی تەمسیل لە هەمو جێگایەک دا رەغبەتێکی تەواو و ئیمتیازێکی تایبەتی دراوەتێ، حەتا ئەوانەی کە لەم فەنە بە قیمەتەدا دەستدرێژی و ئیختیساسیان تیا پەیدا کردوە بە کەمالی ئیحتیرامەوە یاد و تەقدیر کراون، زیرا ئەم فەنە بە سەر ئەخلاقی میلەت، عاداتی مەملەکەت، ئەتوار و ئەفکاری ئینسان دا، تەئیسیرێکی باش ئیجرا ئەکات.

"لە لایەکەوە بینا بەم فکر و مەقصەدە و لە لایەکی ترەوە لە رێی تەئمینی مەنفەعەتی مەعاریف و مەکاتیبی سلێمانیدا، شەوی پێنجشەمە کە تەصادوفی ٢٧ ٢٨ ی تەموزی ئەکرد، لە بینای جەمعیەتی زانستیدا تەمسیلێکی تاریخی و ئەخلاقی لە تەرەف هەیئەتی تەعلیمیەی مەکتەبی ئەوەل و قوتابیەکانی بەغدامانەوە لە ژێر شەرائیت و پرۆغرامێک کە لە تەرەفی

هەیئەتی تەمسیلەوە تەرتیب کرابو، ئیجرا کرا. ئەم تەمسیلە چونکە لە رێی خدمەتی مەعاریف دا بو، ئەشراف و ریجالی مەملەکەت و هەمو موحیبان و تەرەفدارانی عیلم و مەعاریف، بە کەمالی شەوق و شەتارەتەوە ئیجابەتیان کردبو و گردبوبونەوە.

"ئەسلی تەمسیلەکە بە ٥ پەردە زوڵم و ئیستیبدادی بێ ئەندازەی قەیسەری رۆمی مەشهور ئیمپراتۆر نیرونی تەصویر و لە ژێر زوڵم و ئیستیبدادی ئەودا بە واسیتەی سیناتۆر ومیلەتپەروەرانی رۆماوە نەجاتدانی رۆماییەکانی تەمسیل ئەکرد.

"لە پەردەی ئەوەل دا، موفەصەلەن بۆ رزگارکردنی میلەت قەراری مەجلیسی سینات و، سەتوەت و حیشمەتی ئیمپراتۆر نیرون نیشان درا.

"لە پەردەی دوەم دا، معامەلاتی غەدارانە و مەزاڵیمی جەبارانەی ئیمپراتۆر نیرون تەمسیل کرا.

"لە پەردەی سێیەم دا، بەزم و کەیفی ئیمپراتۆر لە گەڵ مەحبوبەیەکیدا و بە سەراچونی ئیمپراتۆریچە و، لەو ئەسنایەیش دا سوتانی شاری رۆما و گوێ نەدانی ئیمپراتۆر بەم فاجیعەیە بە تەرزێکی حەقیقی خرایە بەر ئەنزاری تەماشاکەرانەوە.

"لە چوارەم پەردەدا، ئیختیلال و قیامی ئەهالی، ئیجتیماعی وەتەنیەکان لە گەڵ تەشویق و تەرغیباتیان ئیرائە کرا و،

"بە پەردەی پێنجەم کە ئاخر پەردە بو، لە سەر ئەحواڵی رابوردوی تەئەسوفات و پەشیمانی ئیمپراتۆر، وە لە بەر بێ عیلاجی و بێ چارەیی مانەوەیان، ئینتیحاری ئیمپراتۆر و ئیمپراتۆریچە بە حوزن و تەئسیرێکی گەورەوە تەصویر و تەمسیل کرا.

"ئەمانە عومومەن زۆر جوان و بە بێ نوقسانیەت ئیجرا کرا. لاوەکانمان لە گەڵ ئەمەی لە فەنی تەمسیل دا ئەوەل هەنگاوە ئەیهاون دیسان شایانی تەقدیر و تیزکارن.

"ئەم تەمسیلە بۆ ئەوانەی کە میقرۆبی ئیستیبداد و فکری زوڵم و تەحەکومیان لە کەللەدایە، جدەن دەرسێکی ئەخلاقی و عیبرەتێکی تاریخی بو. تەمسیل بە چەند درامێکی موزحیک و هەزەلی خیتامی پێ هێنرا و بڵاوەی لێ کرا. لە رێی تەعالی و تەرەقی مەعاریف دا سەعی و کۆششی هەیئەتی تەعلیمیە و لاوەکانمان تەقدیر و، لەم فەنەدا دەستدرێژییان تیزکار ئەکەین."(ژیان، ژ ٧٦، ٢ ی ئاغستۆسی ١٩٢٧)

٨. پرسەی ئەدیبان

ژیان هەواڵی مردنی هەندێ کەسایەتی بڵاو کردۆتەوە کە زانینیان بۆ دنیای ئەدەب و رۆژنامەوانی کوردی بایەخدارن، لەوانە:

شوکری فەزلی

"انا لله وانا...

لە غەزەتەکانی بەغدادەوە بە کەمالی تەئەسور و تەئەسوفەوە خەبەری وەفاتی شاعیر و ئەدیبی بە ناو مەرحوم شوکری فەزلیمان خوێندەوە. بۆ عالەمی کوردایەتی جدەن زیاعێکی ئەلیم و گەورەیە. حەق تەعالا بە رەحمەتی خۆی عەفوی کات." (ژیان، ژ ٢١، ١٧ ی حوزەیرانی ١٩٢٦)

شوکری فەزلی یەکێ لە ئەدیب و رۆژنامەوانە ناسراوەکانی عیراق بوە. بە تورکی و فارسی و عەرەبی وتاری بۆ رۆژنامەی جیاواز نوسیوە. چەند وتارێکی بە تورکی و عەرەبی لە سەر مێژوی کورد نوسیوە. لە گەڵ شێخ رەزای تاڵەبانی شەڕە شیعری زۆری هەیە. نوسەری سەرەکی (تێگەیشتنی

راستی) بوە کە دەسەڵاتی ئینگلیزی لە بەغداد بە زمانی کوردی لە ١ ی ١ ی ١٩١٨ دا دەری کردوە.

سلێمان نەزیف

"سلێمان نەزیف ئەدیبی مەشهوری ئیستامبول کە کوڕی سەعید پاشای دیاربەکری مەشهور بو لە ئیستانبول وەفاتی کردوە."(ژیان، ژ ٥٢، ٣ ی شوباتی ١٩٢٧)

کەریم بەگی کەرکوکلیزادە

"زیاعێکی ئەلیم

"لە ئەشراف و خانەدانی سلێمانی و لە ریجالە حقوقیە مەشهورەکانمان، حاکمی مونفەریدی سلێمانی کەرکوکلی زادە عەبدولکەریم بەگ بە سەبەبی ئەو نەخۆشیەوە کە توشی بوبو دوێنێ نیوەڕۆ ئەمری خوای بە جێ هێنا.

"ئوفولی ناگەهانی ئەم زاتە قیمەتدارە تەئسیرێکی تەواوی کردە هەمو کەسێکەوە و هەمو لایەکی خستە حوزن و تەئەسورەوە.

"سەعادەتی موتەسەریفی ئەکرەمی و روئەسای دەوائیر و عولەما و ئەشرافی شار و سائیری تەبەقاتی ئەهالی بۆ تەجهیز و تەدفینی حازری سەر جەنازەکەی بون و هەتا سەرقەبران تەشیعیان فەرمو.

"بە ناوی عومەوە بەیانی تەعزیەت لە عائیلەی کەدەردیدەی ئەکەین و تەمەنا ئەکەین خوای تەبارەک و تەعالا تەسەلی‌یان پێ ببەخشێ و مەرحومیش غەریقی رەحمەت بکات."(ژیان، ژ ١٩٩، ١٩ ی ئەیلولی ١٩٢٩)

کەریم بەگ، هەمان (عەبدولکەریم سلێمانی) یە کە ساڵی ١٩١٣ لە ئەستەموڵ گۆڤاری (رۆژی کورد) ی دەرکردبو.

٩. هەواڵی رۆژنامەوانی

"غەزەتەی وطن

سکرتێری حیزبی وطنی عیراق تەلەبی لە وەزارەتی داخلیە کردوە کە مەئزونیەتی بدەنێ غەزەتەیەک بە ناوی (وطن) ەوە و بە ناوی حیزبەکەیەوە دەربێنێ." (ژ ١٣٩)

"غەزەتەی التقدم

لە بەغدادەوە لە تەرەف حیزبی تەقەدومی عیراقەوە لە تەحتی ئیدارەی سلێمان شێخ داودا غەزەتەیەک بە ناوی (التقدم) ەوە ئینتیشاری کردوە." (ژ ١٣٩)

"صوت العراق

بەغداد: مەعالی موزاحیم بەگ ئەل پاچەچی تەلەبی لە وەزارەتی داخلیە کردوە کە مەئزونیەتی بدەنێ غەزەتەیەکی سیاسی بە ناوی (صوت العراق) ەوە دەر بهێنێ." (ژ ١٤٨)

"النجم

بەغداد: لە ئیدارەی پاتریارکیەی کلدانیدا لە موسل مەجەلەیەک ئینتیشار ئەکات بە ناوی (النجم) ەوە." ژ (١٤٨)

"غەزەتەی (فتی العراق) لە موسل دا

"بەغداد: مودیریەتی مەتبوعات مەئزونیەتی داوە بە مەتی سرسم ئەفەندی کە لە موسل دا غەزەتەیەکی سیاسی یەومی بە ناوی (فتی العراق) ەوە دەربهێنێ.

"مەئزونیەتیشی داوە بە فائیق ئەفەندی کە لە بەغداد بە ناوی (الحارس) ەوە غەزەتەیەکی ئەدەبی دەربهێنێ." (ژ ٢٠٧)

"جەمعیەتی هیدایەتی ئیسلامی

"بەغداد: کۆمەڵی هیدایەتی ئیسلامی لە بەغداد غەزەتەیەکی دەرهێناوە بە ناوی هدایتەوە و مەوزوعەکانی هەمو عیبارەتن لە مەسائیلی دینیە و ئەخلاقیەی ئیسلامیەت."(ژ ۲۳۱)

سەردانی سلێمانی

"ساحیبی غەزەتەی الکرخ و سەحافی شەهیر جەنابی مەلا عەبود ئەفەندی ئەل کەرخی بۆ چاوپێکەوتنی لیواکەمان تەشریفی هێناوەتە سلێمانی. عەرزی بە خێرهاتنی ئەکەین."(ژ ٨٤)

"مومەسیلی غەزەتەی (فتی العرب) محێدین بەگ لە بەغدادەوە بۆ چاوپێکەوتنی لیواکەمان تەشریفی هێنا بوە ئێرە لە دوای ٤ رۆژ عەودەتی فەرموەوە. خوای لە گەڵ بێ."(ژ ٩٤)

"موعتەمیدی غەزەتەی کەرکوک

"بۆ ئەوەی بەدەلاتی غەزەتەکەیان کۆ بکاتەوە موعتەمیدێکی غەزەتەی (کەرکوک) رەفیقی خۆشەویستمان تەشریفی هێناوەتە سلێمانی. رجا لە مشتەریەکانی ئەکەین معاوەنەتی بفەرمون و بەدەلاتەکەی بە تەواوی تەسلیم بکەن."(ژ ١٨٤)

داخستنی رۆژنامەی عیراقی

"هەواڵی داخلی: رۆژنامەی نهضة و زمان لە تەرەف حکومەتەوە لە نەشر کردن مەنع کراوە."(ژ ٨٨)

"غەزەتەی التقدم

بـەغداد: لـە بـەر بـەعزێ ئەسـبابی سیاسـیە غەزەتـەی التقـدم چـەند ڕۆژێک دەرناچێ لە دوایی‌دا لە سەر حسابی خۆی مودیری غەزەتەکە سەلمان ئەل شێخ داود دەست ئەکاتەوە بە ئینتیشاری."(ژ ١٧٤)

"غەزەتەی نهضة و وطن

بـەغداد: لـە سـەر ئـەوەی مەجلیسـی وزەرای عـیراق قـەراری داوە غەزەتەی نهضة و وطن ئیتر ئینتیشار نەکات یاسین پاشا تەکلیفی لە ساحیبی غەزەتەی وطن کردوە بە ناوی (الشعب) ەوە و تەکلیفیش لە النهضة کراوە بە ناوی (صدی العراق) ەوە غەزەتەکانیان دەربێنن."(ژ ١٩٧)

"مەعروف ئەل ڕەصافی و غەزەتەی بلاد

"بەغداد: لە سەر ئەوەی مەعروف ئەفەندی ئەل ڕەصافی لە غەزەتەی البلادا مەقالەیەکی نوسیوە و گۆیا ئەڵێن مەقالەکە لە عەلەیهی پێغەمبەر بێ ئەدەبیەکی تیادا بوە وەکو لە مەجلیسـی نیـابی‌دا شکاتی لێ کـرا و وەزیـری داخلیە قەولی دا تەدقیقی مەسئەلەکە بکات.

"ئەڵێن کۆمەڵی شوببانی موسلیمین یش لە مەحکەمەدا دەعوایان لە عەلەیهی ساحیبی مەقالەکە و ناشیرەکەی کردوە هێشتا محاکەمە نەتیجـەی نەهاتوە بەڵام ئەڵێن حکومەتی ئەمری داوە غەزەتـەی بـلاد ١٥ ڕۆژ ئینتیشـار نەکات."(ژ ٢١١)

لابردنی مەنع لە سەر جەریدەکانی تورکیا

"مودیریەتی مەتبوعات ئەوامیری لازمەی دا بە هەڵگرتنی مەمنوعیەت لە خسوس ئیدخالی هەمو نەوعە غەزەتەی تورکیا بە عیراق."(ژ ٣٨)

لابردنی مەنع لە سەر ڕۆژنامەی بلاغی میسری

"غەزەتەی بلاغ ی میسر سەربەست کراوە

"بەغداد غەزەتەی (بلاغ) ی میسری کە مەنع کرا بـو بێتـە بـەغداد، ئەمجارە وەزارەتی داخلیە ئـەمری داوە کـە سەربەسـت بێتـە عـیراق و هیـچ مانعێک نیە لە هاتنیا."(ژ ٢٠٧)

"مودیر و موحەریری غەزەتەی الزمان

بەغداد: لە موحەریرینی مەشهور و ساحیب و موحـەریری غەزەتـەی الزمان ئیبراهیم ئەفەندی سالح شوکر کە بەینێک لەمەوپێش چو بوە میصر، خەریکە بگەڕێتەوە سوریە و لە شاما هـەر بـە نـاوی الزمانـەوە غەزەتەکـەی دەربهێنێ."(ژ ١٤٤)

"غەزەتەی وەفدی میصری

لەندەن: جەمعیەتی حیزبی وەتەنی میصر لە لەندەنا دەستیان کردوە بە دەرهێنانی غەزەتەیەک بە ناوی وەفدی میسرییەوە."(ژ ١٤٦)

ژیان

و

هەواڵی دەرەوە

١. ژیان و هەواڵ

١. ١. جوگرافیای هەواڵەکان

١. ٢. بابەتی هەواڵەکان

١. ٣. سەرچاوەکانی

٢. هەواڵەکانی تورکیا

٢. ١. هەواڵی ناوخۆی تورکیا

٢. ٢. پێوەندی عیراق و تورکیا

٢. ٣. هەواڵی شۆڕشی کوردەکانی تورکیا

٣. هەواڵەکانی ئێران

٣. ١. پێشکەوتنی ئێران لە سایەی رەزا شادا

٣. ٢. کێشەی ناوخۆ

٣. ٣. پێوەندی ئێران و وڵاتانی دنیا

٣. ٤. پێوەندی عیراق و ئێران

٣. ٥. کۆنسوڵگەی ئێران لە سلێمانی

٣. ٦. هەواڵی جۆراوجۆر

١. ژیان و هەواڵ

ژمارەکانی ساڵی یەکەمی تا ساڵی حەوتەمی ژیان ڕۆژنامەیەکی پڕ لە هەواڵ و دەنگوباسی ناوخۆ و دەرەوەیە. لە ژ ١٣٤ ەوە تا ژ ٢٧٠ حەفتەی دو جار دەرچوە (لە دوای ئەم ژمارەیەوە چەند ژمارەیەک لە مەجموعەکەی بەردەستی من دا نەماوە لە بەر ئەوە بە مەزبوتی نەمزانی تا ژمارەی چەندەمی حەفتەی دو جار دەرچوە). هەواڵەکانی پڕن لە ئاگاداری گرنگ و زانیاری بەسود بۆ ڕۆشنکردنەوەی بیری خوێندەوار دەربارەی ڕوداوەکانی سلێمانی و عیراق و دەوڵەتانی دراوسێ و دنیا.

ژیان هەواڵەکانی ناو لاپەڕەکانی پۆلێن کردوە: ڕوداوەکانی دنیای لە ژێر سەردێڕی (هەواڵی خاریجی) و دواتر (هەواڵی دەرەوە) دا نوسیوە. تا ماوەیەک ڕوداوەکانی بەغداد و عیراقیشی هەر لەم گۆشەیەدا بڵاو کردۆتەوە و ماوەیەکیش ڕوداوەکانی بەغدادی لە ژێر سەردێڕی (خەبەراتی بەغداد) (نوسیوە.

لە بەرامبەر (هەواڵی خاریجی) و (هەواڵی دەرەوە) دا، سەرەتا ڕوداوەکانی سلێمانی لە ژێر سەردێڕی (هەواڵی ناوشار) دا و، هەندێ جار لە ژێر سەردێڕی (دەنگوباس) دا و دواتر لە ژێر سەردێڕی (هەواڵی داخلی) دا، نوسیوە. چەند جارێکیش بۆ هەواڵی جۆراوجۆر سەردێڕی (خەبەراتی موتەفەڕیقە) و (هەواڵی موتەفەڕیقە) ی بە کار هێناوە.

تا سەردەمی پیرەمێرد هەمو ژمارەکانی ژیان (هەواڵی دەرەوە) ی تێدا بڵاو کراوەتەوە، لە سەردەمی پیرەمێردا ڕۆژنامەکە لەم ڕووەوە بۆ دواوە چونێکی ئاشکرای پێوە دیارە، چونکە ئیتر بە دەگمەن هەواڵی دەرەوەی نوسیوە، ئەگەر بڵاویشی کردبێتەوە لە گۆشەیەک دا بڵاو کراوەتەوە ناوی لێ ناوە (لەم لا و لەو لاوە) هەواڵەکەیش بە شێوەیەک داڕێژراوە، کە زۆرتر لایەنی پەخشانی ئەدەبی بە سەردا زاڵە، تا گێڕانەوەی هەواڵ.

(ژیان) لەو ماوەیەدا کە عەلی عیرفان بە ڕێوەی بردوە، لە چاو سەردەمی هەر ٣ سەرنوسەرەکەی تری دا، لە هەواڵی دەرەوە و ناوخۆدا دەوڵەمەنترە و لە ڕۆژنامەیەکی هاوچەرخ ئەچێ. بەڵام (ژیان) ی سەردەمی پیرەمێرد زۆرتر لە بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی - ناوچەیی ئەچێ تا ڕۆژنامە. ڕەنگە ئەمەیش بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسی ئەو سەردەمەی عیراق، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە کۆسپی نەهێنرێتە ڕێگا و دانەخرێ پیرەمێرد ئەم ڕێبازەی بۆ هەڵبژارد بێ، یان ئەوەتا پیرەمێرد کە خۆی زۆرتر شاعیر و ئەدیب بوە ویستبێتی ئەم ڕێبازەی بۆ دیاری بکات و، هەواڵی دەرەوەی بە شتێکی زیاد زانی بێ.

١.١. جوگرافیای هەواڵەکان

هەواڵی سلێمانی، کە لە سەرەتادا لە ژێر ناوی (هەواڵی ناوشار) و هەندێ جار لە ژێر ناوی (دەنگوباس) و دواتر لە ژێر ناوی (هەواڵی داخلی) و (هاتن و ڕۆیشتن) دا بڵاوی کردۆتەوە، بریتی بوە لە: (هاتن و ڕۆیشتن) ی موتەصەریف، موفەتیشی ئیداری، مەبعوسەکان، کاربەدەستانی تری عیراقی و ئینگلیزی، سەرانی خێڵەکان، تەعین و گواستنەوەی فەرمانبەران، مردنی کەسانی ناسراو، کارەکانی شارەوانی، باران. ...تاد

نمونە: ژ ١٧٠ ی ٢ ی نیسانی ١٩٢٩: "(باران - ڕەحمەت)

"لە حەڵێکا کە بەینێک بو باران نەئەباری و هەمو دەغڵ و دانی وڵاتەکەمان بارانی ئەویست بە سەبەبی لوتفی خوای مەزن و گەورەوە شوکور لە بەیانی ڕۆژی دوشەمەوە هەتا بەیانی ڕۆژی چوار شەمە، دو شەو و دو ڕۆژ لە سەر یەک، لە وڵاتەکەمانا باران باری و ئەم ڕەحمەتە بە سەر خاکەکەمانا ڕژایە خوارەوە و هەمو دەغڵ و دان و سەوزایی زیندو کردەوە. هیوامان وایە

چۆن ئەم رەحمەتەمان بە سەردا رژا هەروا توشی هەمو خۆشیەک بین و ئینشائەڵا ئەمە نیشانەیەکی ئیقبالمانە."

هەواڵی عیراق، کە هەندێ جار لە ژێر ناوی (خەبەراتی بەغدا) و هەندێ جاری تر لە ژێر ناوی (هەواڵی خاریجی) و دواتر لە ژێر ناوی (هەواڵی داخلی) دا بڵاوی کردۆتەوە بریتی بوە لە: دەنگوباسی مەلیک فەیصەل، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی مەبعوسان و ئەعیان، مەندوبی سامی، گفتوگۆی نوێنەرانی عیراق لە گەڵ بریتانیا، تورکیا، ئێران، نەجد، ناردنی دیپلۆمات بۆ وڵاتان و وەرگرتنیان لە بەغداد. ...تاد

هەواڵی دراوسێکانی عیراق (تورکیا، ئێران، سوریا، شەرقی ئوردون، نەجد) کە لە ژێر ناوی (هەاڵی دەرەوە) دا بڵاوی کردۆتەوە، بریتی بوە لە: دەنگوباسی ناوخۆی ئەو وڵاتانە.

هەواڵی دەوڵەتانی ئەوروپی

هەواڵی وڵاتانی ئاسیایی و ئەفەریقایی

هەواڵی روسیا و بۆلشەویک

ئەوەی سەرنج رائەکێشێ ژیان لە ناو هەواڵەکانی دەرەوەیدا گرنگیەکی تایبەتی داوە بە هەواڵەکانی هەندێ وڵات، لەوانە:

– ئەفغانستان، کە لەو کاتەدا شەڕی ناوخۆی تیێدا بوە.

– میصر، بە درێژی باسی سەعد زەغلول و تێکۆشانی میسریەکان ئەکا لە پێناوی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان و، رەوتی گفتوگۆی میسر و بریتانیا باس ئەکا.

– هیند، هەواڵەکانی غاندی و تێکۆشانی گەلانی هیندستان دژی بریتانیا لە پێناوی سەربەخۆیی دا بڵاو کردۆتەوە، باسی مانگرتن و خۆپیشاندان و (عسیانی مەدەنی) ئەکا.

١. ٢. بابەتی هەواڵەکان

هەواڵی سیاسی

هەواڵی رۆشنبیری

هەواڵی کۆمەڵایەتی

هەواڵی ئابوری

هەواڵی جۆراوجۆر

١. ٣. سەرچاوەی هەواڵەکان

داوودەزگاکانی حکومەتی سلێمانی

سەرچاوەی تایبەتی (موخابیری مەخسوس)

رۆژنامە عەرەبیەکانی عیراق

رۆژنامەکانی دنیا

٢. هەواڵی تورکیا

٢. ١. هەواڵی ناوخۆی تورکیا

"جەمعیەتێکی سرِی لە تورکیا

"ئەنقەرە، جەمعیەتێکی سرِی لە تورکیادا کەشف کراوە کە خەریکی ئینقیلاب بون و لە ئەستانبول و ئەنقەرە و ئەناتۆلیدا زۆر کەسیان لیٚ گیراوە و لە محاکەمەیان دا مودەعی عام تەلەبی ئیعدامی کردون."(ژیان، ژ ١٥٤، ٧ ی شوباتی ١٩٢٩)

"مەحکەمەی تورکیا

"ئەستانبول، محاکەمەی ئەو شەخسانە تەواو بوە کە خەریک بون لە تورکیادا ئینقیلاب بکەن و پیاوە گەورەکانی حکومەت بکوژن. لەمانە ٥ کەسیان بە ئیعدام و ١٦ کەسیشیان لە مودەی موختەلیف مەحکوم کراون."(ژیان، ژ ١٥٨، ٢٨ ی شوباتی ١٩٢٩)

"حدودی سوریه و تورکیا

"ئەستانبول، حکومەتی تورکیایش موقابەلەتەن خەریکە ئەساسێک دامەزرێنێ بۆ موقابەلەی ئەو چەرکەس و ئەرمەنی و کوردانەی کە فرانسە بە قەسدی بۆ ئەوەی دائیمەن تەجاوزی ئەرازی تورکیا بکەن لە حدودا ئیسکانیان و معاوەنەتیان ئەکا."(ژیان، ژ ۱۶۳، ۱ ی نیسانی ۱۹۲۹)

"محاکەمەی قەدریە خانم

"ئەنقەرە، ئەو جەمعیەتی کە بە کوشتنی مستەفا کەمال پاشاوە موتەهەم کرا بون و لە تەرەف حکومەتی تورکەوە دەردەست کرابون و کە عیبارەتن لە قەدریە خانم و رەفیقەکانی. لە نەتیجەی تەحقیقاتی حیکمەت بەگ موستەنتەق دا وا مەعلوم بوە کە مەسئەلەکە راستە و زۆر ئەوراقی سبوتیەیان دەردەست کردوە و لە سەر ئەمە سەوقی مەحکەمەی جینایەت کراون.

"مەعلوم بوە کە رەئیسی ئەم جەمعیەتە رەئوف بەگ قوماندانی حەمیدیەیە. دوقتۆر عەدنان بەگ و ژنەکەی خالیدە ئەدیب خانم و قەدریە خانم و روفەقای ئەعزای موهیمی ئەم جەمعیەتە بون."(ژیان، ژ ۱۷۸، ۶ ی حوزەیرانی ۱۹۲۹)

"کردنەوەی مەجلیسی وەتەنی کەبیری تورکیا و خوتبەی غازی مستەفا کەمال پاشا

"لەندەن، مەجلیسی وەتەنی کەبیر کراوەتەوە، لە ئەوەل جەلسەدا رەئیس جمهور غازی مستەفا کەمال پاشا نوتقی ئیفتیتاحی داوە کە زۆر موئەسیر بوە. وە حکومەت هەمو تەرتیباتێکی لە پێشەوە حازر کردوە کە نوتقەکە بە واستەی جیهازی بێتەلەوە لە ئەوروپا و ئەمەریقادا بڵاو ببێتەوە و خەڵق گوێی لێ بگرن."(ژیان، ژ ۲۱۱، ١٤ ی تشرینی دوەمی ۱۹۲۹)

"تورکەکان رۆژی یەکشەمە ئەکەن بە ئەیامی رەسمی

"ئەستانبول، حکومەتی تورکیا خەریکە لائیحەیەکی قانونیە کە بۆ ەسدیق بیدات بە مەجلیسی وەتەنی کەبیر بۆ ئەوەی لەمەولا لە جیاتی ڕۆژی جومعە ڕۆژی یەکشەمە بکریٚ بە ڕۆژی تەعتیلیە و لەو ڕۆژەدا دەوائیری حکومەتی نەبیٚ."(ژیان، ژ ۲۱۳، ۲۸ ی تشرینی دووەمی ۱۹۲۹)

....

"تورکەکان ساڵی هیجری بە میلادی ئەگۆڕنەوە

"ئەستەموڵ ۲۸ ی مینهو، مەجلیسی ئەنقەرە تەسدیق و قەراری دا کە لەمەودوا ساڵی میلادی بۆ حکومەتی تورکیا بە تاریخی ڕەسمی دابنریٚ و ئەوەی ڕۆژی کانونی سانی بە سەری ساڵ ئیعتیبار بکریٚ و، تاریخی هیجری جاریٚکی تر ئیستیعمال نەکریٚ."(ژیان، ژ ۱، ۲۱ ی کانونی سانی ۱۹۲۶)

"هەواڵی تورکیا:

"سوئی قەسد دەرحەق بە مستەفا کەمال پاشا

"ئونقەرە، ئەو قۆمیتەیەی کە تەشەکولی کردبو بۆ کوشتنی مستەفا کەمال پاشا کە بۆ ئیزمیر چونی موقەرەر بو ڕۆژیٚ لە پیٚش گەیشتنیا کەشف کرا و هەمو گیران. لە مەبعوسینی لازستان زیا خورشید بەگ ریاسەتی ئەم قۆمیتەیەی ئەکرد. گەلیٚ پیاوی مەعروف و بە ناو داخلی ئەم تەشکیلاتەیە. ئەم قۆمیتەیە زۆر گەورە و گەلیٚ شوعبەی بوە. تەعقیبات و تەحەڕییات لە سەر دەوامە.

"چەند کەس گیرا؟

"ئەستەموڵ، ۳ ڕۆژە تەوقیفات دەوام ئەکات. گیراوەکان ئەنیٚررێنە ئیزمیر، قوماندانی فیرقە و مەرکەز و مودیری پۆلیس موشتەرەکەن نەزارەتی ئەم ئیشە ئەکەن، لە گیراوەکان هەندیٚکیان ئەمانەن:

"مەبعوسی ئەستەموڵ رەفعەت پاشا، ئیسماعیل جانبولات بەگ نازری مەعاریفی پێشو و مەبعوسی ئیزمیت شەکری بەگ، مەبعوسی ئەرزرۆم رەشدی پاشا، لە مەبعوسەکانی تر بەکر سامی، عابدین، فائیق، تەحسین، خوسۆەو، سابیت، عارف، حازم، خالس تورغود، حالەت، ئیحسان بەگ و، لە مەبعوسە کۆنەکان حسێن عەونی، ئەیوب سەبری، زیا خورشید، قەرە واسیف، عەلی شەکری، تەلعەت، ناجی بەگ و، جەمال پاشای پچوکە.

"ئەرکانی فیرقەی تەرەقیپەروەریش هەمو مەزنونن

"ئەستەموڵ، تەحەقوقی کرد کە ئەم سوئی قەسدە لە تەرەف فیرقەی تەرەقیپەروەرەوە تەرتیب کراوە. لە بەر ئەمە ئەرکانی فیرقە هەمو مەزنونن. کازم قەرەبەکر و عەلی فوئاد پاشاش تەوقیف کراون.

"کێ ئەم قۆمیتەیەی ئاشکرا کرد؟

"ئیزمیر، لە تەرتیباتی ئەم سوئی قەسدە یەکێکی کریدی کە ناوی شەوقی بەگە حکومەتی خەبەردار کردوە، کە خۆشی یەکێ بوە لە ئەعزای ئەم قۆمیتەیە. شەوقی بەگ لە هەمو تەرتیباتەکە ئاگاهدار بوە بە تەفسیلاتیەوە خەبەری بە حکومەت داوە.

"حوکمی ئیعدام دەرحەق بە ١٥ کەس لە ئیزمیر

"لۆندرە ١٣ ی مینهو، لە خەبەراتی ئەستەموڵەوەیە: کە مەحکەمەی ئیستیقلال لە ئیزمیر حوکمی ئیعدامی داوە دەرحەق بە ١٥ کەس کە لە مەسئەلەی کوشتنی مستەفا کەمال پاشاوە موتەهەم بون."(ژیان، ژ ٢٦، ٢٩ ی تەموزی ١٩٢٦)

"ئیکرامیە بۆ شەوقی بەگ

"ئیزمیر، شەوقی بەگ کە لە تەرتیباتی قەستی کوشتنی مستەفا کەمال پاشا حکومەتی خەبەردار کرد بو، تەقەروری کرد کە ٣٠ هەزار لیرە ئیکرامیەی بدرێتێ.

"رەئیس جمهور بیلزات خۆی ئیستیجواب ئەکا

"ئیزمیر، مستەفا کەمال پاشا لە مورەتیبینی سوئی قەسد مەبعوسی لازستان زیا خورشید بەگی جەلب و بیلزات خۆی ئیستیجوابی کردوە. موما ئیلەیهی هەمو تەرتیباتەکەی بە بێ تەرەدود ئیعتیراف کردوە."ژیان، ژ ۲۷، ٥ ی ئاغستۆسی ۱۹۲۶)

"یەکێ لە ئەعزاکانی جەمعیەتی ئیتیحاد ئینتیحاری کردوە

"لۆندرە، لە خەبەراتی ئەستەموڵەوەیە: کە یەکێ لە ئەعزاکانی پێشوی جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی قەرەکەمال بەگ کە مەحکەمەی ئیستیقلال غیابەن حوکمی بە سەرا دابو لە بەر ئەوەی کە ئیشتیراکی قۆمیتەی سوئی قەستی مستەفا کەمال پاشای کرد بو، لە سەر ئەمەی کە پۆلیس ئیختیفاگاهەکەی دۆزی بوەوە لە ترسی گرتن ئینتیحاری کردوە."ژیان، ژ ۲۸، ۱۲ ی ئاغستۆسی ۱۹۲۶)

"ئاخریەکەی ئیعدام کرا

"لۆندرە، لە ئەستەموڵەوە خەبەر هات کە مەحکەمەی ئیستیقلال حوکمی ئیعدامی بە سەر والی پێشوی ئەنقەرە عەبدولقادر بەگ داوە، چونکە عەبدولقادر بەگ یەکێکە کە لە قۆمیتەی قەسدی کوشتنی مستەفا کەمال پاشاوە موتەهەمە، موما ئیلەیهی بۆ فیرارکردن و خۆ شاردنەوە زۆر هەوڵی دا فەقەت هەمو مەساعییەکی بێ سەمەر مایەوە، ئاخرییەکەی پۆلیس بە گرتنی ئیمکانیان بۆ حاسڵ بو و حوکمە ئیعدامی تیا ئینفاز کرا."ژیان، ژ ۳۳، ۱۶ ی ئەیلولی ۱۹۲۶)

"سەفیری تورکیا لە ئامریقا

موختار بەگ کە لە تەرەف تورکیاوە بە سەفیری ئامریقا تەعین کراوە، لە گەڵ مواسەلەتی نیۆرق، لە هەمو لایەکەوە غەیر رەسمی لە تەرەف ئەهالییەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ تەحقیر کراوە. حەتا لەو ئەسنایەدا موسیۆ ژمراری

ئامریقایی کە لە پێشا سەفیری ئامریقا ئەبێ لە بەرلین نوتقێک ئەدا ئەڵێ ئەم موختار بەگە لە ساڵی ١٩٢٠ دا بوە بە سەبەبی قەتلی ٣٠ هەزار ئەرمەنی و دیسانەوە ئەڵێ هەر بە واسیتەی تەشەبوسی ئەم شەخسەوە حکومەتی بۆلشەویک هجومی کردە سەر ئەرمەنستان و ئیشغالی کرد، لە بەر ئەمە بونی ئەم زاتە لێرەدا زۆر عەیب و عار تەشکیل ئەکات بۆ حکومەتی ئامریقا کە هەمو ئامالی خزمەتکردنی بەشەرە.

"ئەو زاتانەیش کە موعاهەدەی لۆزانیان بە ئەکسەریەت قبوڵ نەکرد، لە مەجلیسی مەبعوسانی ئامریقادا دیسانەوە زۆر لە عەلەیهی هاتنی ئەم سەفیرەن و، لە بەر ئەمە حکومەتی ئامریقا مەجبور بوە کە بە واسیتەی پۆلیسەوە محافەزەی ئەم سەفیرە بکات و، یەمنزیکانە ئەم مەسئەلەیە لە مەجلیسی شیوخی ئامریقادا مەوزوعی بەحس ئەبێ."(ژیان، ژ ٩٧، ١٠ ی کانونی سانی ١٩٢٨)

٢. ٢. پێوەندی عیراق و تورکیا

"هەواڵی خاریجی:

"مەسئەلەی موصل، شەرائیتی ئیتیفاق بەینی تورکیا و بریتانیا

"لۆندرە، ٢٤ ی نیسان: غەزەتەی العالم العربی لە غەزەتەی دەیلی هێرالدەوە مەوادی ئاتی ئیقتیباس و نەشر کردوە:

"دەوائیری رەسمیەی بریتانیا بە تەواوی ئیعتیمادیان پەیدا کردوە کە مەسئەلەی بەینی بریتانیا و تورکیا بەم نزیکانە حەل و تەسویە ئەکرێ. سێر ئۆستن چەمبەرلاین لە لۆندرە لە گەڵ سەفیری تورکیادا مولاقاتی کرد و تێی گەیاند کە حازرە بۆ قبوڵکردنی بەعزێ ئیقتیراحاتی تورکیا. لە سەر ئەمە ئیستا حکومەتی تورکیا ئامادەیە بۆ ئیعتیراف کردن بەمەی کە موصل جوزئی موتەمیمی عیراقە موقابیل بە شروتی ئاتیە:

١. ئیجرائی تەعدیلات لە حدودی بەینی تورکیا و عیراق.

٢. تەئمینات بدریٚ کە موسامەحەی کوردە عاصیەکان نەکریٚ بەمەی کە لە ئەرازی ژێر حوکمی بریتانیادا جیٚیان بکریٚتەوە.

٣. ئەبیٚ حکومەتی تورکیا لە رەسمی مەنافیعی نەوتی موصلدا بەشدار بیٚ.

٤. ئەبیٚ لە بازاڕی لۆندرەدا قەرزێک بە تورکیا بدریٚ.

بەستنی موعاهەدەیەکی قەوی لە بەینی تەرەفەین دا عەلاوەی ئەم شەرتانە ئەکریٚ. بە عەقدی ئەم موعاهەدەیە موقەڕەڕە کە حکومەتی تورکیا بۆ داخل بونی بە جەمعیەتی ئەقوام دەستبەجیٚ تەلەب و داوا بکریٚ و، موعاهەدەی حالیەی روسیای تەبدیل بکا بە موعاهەدەیەکی یارمەتی لە گەلٚ سیاسەتی بریتانیادا.

وە مەعلومە کە ئەگەر ئیتیفاقی بەینی بریتانیا و تورکیا تەواو بیٚ، ئەو وەختە حکومەتی بریتانیا بە هەمو هێز و قوەتی خۆی سەعی ئەکا بۆ مەنعی هەچ هجوم و تەعەڕوزیٚ کە لە ئیتالیا و یۆنانەوە واقیع ئەبیٚ بۆ سەر تورکیا. ئەم تەهدیدی ئیتالیا و یۆنانە بۆ وەزارەتی خاریجیەی بریتانیا خالی لە فائیدە نەبو، فەقەت لە پاش عەقدی ئیتیفاق لە گەلٚ حکومەتی تورکیادا ئیحتیاجی بەم وەسیلەیە نامێنیٚ." (ژیان، ژ ١٦ ی ١٣ ی مایسی ١٩٢٦)

"هەیئەتی عیراق بۆ ئەنقەرە

"وەکو زانراوە حکومەت بۆ موزاکەرە و عەقدی موعاهەدەی بەینی عیراق و تورکیا هەیئەتێکی تەئلیف کردوە و ئەیانێریٚ بۆ ئەنقەرە. ئەم هەیئەتە لە مەعالی وەزیری دیفاع نوری سەعید پاشا بە صیفەتی وەزیری مفەوەز لە حکومەتی عیراقەوە و مودیری عەدلیە سەعادەتی توفیق بەگ سویدی بە ناوی سکرتێرەوە و جەنابی سلێمان بەگ فەتاح بە ناوی مورافیقی وەزیر، تەعیین و تەئلیف کراوە.

"ئەم هەیئەتە ئەمڕۆ سبحەی بە تەیارە رو بە ئەنقەرە حەرەکەت ئەکات (وە رەنگبێ تا ئیستا حەرەکەتیشی کردبێ) بۆ ئەمەی کە زو بگەن بە سەر ئەو موزاکەرانەی کە ئیستا لە بەینی حکومەتی بریتانیا و مومەسیلی تورکیادا جەرەیان ئەکا. ئومێد ئەکەین کە ئەم موزاکەراتە بە تەصدیقی مانەوەی موصل بۆ عیراق نەتیجەپەزیر بوبێ."(ژیان، ژ ۱۹، ۳ ی حوزەیرانی ۱۹۲۶)

"موعاهەدەی بەینی عیراق و تورکیا

"۷ ی حوزەیرانی ۲۶: بە پێی تەلغرافێک کە لە وەزارەتی جەلیلەی داخلیەوە بۆ مەقامی موتەصەڕیفیەت هاتوە لە ئەنقەرە مفاوەزات بە کەمالی موەفەقیەت ئیجرا و موعاهەدەی بەینی عیراق و تورکیا ئیمزا کراوە."(ژیان، ژ ۲۰، ۱۰ ی حوزەیرانی ۱۹۲۶)

" ئیحتیفال بە موناسەبەتی تەصدیقی موعاهەدەی بەینی تورکیا و عیراق

"صورەتی موتەرەجەمەی تەلغرافی بێتەل ژمارە ۸۰۵۸ و رۆژی ١٤ ی حوزەیرانی ۱۹۲۶ وەزارەتی جەلیلەی داخلیە بۆ موتەصەڕیفی لیوای سلێمانی:

"مەجلیسی مەبعوسان ئەم بەیانیە موعاهەدەی تورکی تەصدیق کرد. نوقاتی ئەساسیە عیبارەتە لەوە کە حکومەتی تورکیا ئیعتیراف بە ئیستیقلالیەتی عیراق کرد و ولایەتی موصل، کە موافیقی خەتی برۆکسل تەعین کراوە، بە جوزئێکی موتەمیمی عیراق ناسیوە. نوسخەی موعاهەدەکە بە پۆستەدا نێرراوە. ئەم نوقتە مەسعودە کە لەمەدا تەئسیسی موناسەباتی دۆستانە لە گەڵ حکومەتێکی دراوسێمانا کراوە و کە بە واسیتەی ئەوەوە تاجی زەفەر لە سەر جەهد و تەشەبوساتی ئێمە دانراوە، لازمە حەفلەی بۆ ئیجرا بکرێت."(ژیان، ژ ۲۱، ۱۷ ی حوزەیرانی ۱۹۲۶)

له ژ ۲۲ و ۲۳ دا مەتنی تەواوی "مەوادی موعاهەدەنامەی بەینی ئینگلیز عیراق   تورک کە لە ۵ ی حوزەیرانی ۹۲۶ دا لە ئەنقەرە عەقد کراوە" بڵاو کردۆتەوە.

موعاهەدەکە پێک هاتوە لە پێشەکیەک و ۳ فەسڵ.

لە پێشەکیەکەی دا لایەنەکانی پەیمانەکەی دیاری کردوە کە: مەلیکی بریتانیا و سەرکۆماری تورکیا و مەلیکی عیراقن و، هۆی بەستنی بەمجۆرە رون کردۆتەوە:

"لە بەر ئەمەی مەوادی ئەو موعاهەدەنامەیە کە دائیر بە تەعینی حدودی تورک و عیراقە و لە تاریخی ۲٤ ی تەموزی ۹۲۳ دا لە لۆزان ئیمزا کراوە، هێنرایە بەر مەدی نەزەر و،

لە بەر ئەمەی لە نەتیجەی ئەو موعاهەدانەی کە لە بەینی بریتانیای عوزما و عیراق لە تاریخی ۱۰ ی تشرینی ئەوەلی ۹۲۲ و ۱۳ ی کانونی سانی ۹۲۶ دا عەقد کراوە و، بەم موناسەبەتەوە ئیعتیراف بە ئیستیقلالیەتی عیراق کراوە،

بۆ ئەمەی حوسنی تەفاهوم و حوسنی مەوەدەت لە بەین دا پەیدا ببێ و لە بەر ئەمەی ئارەزوکەش بون کە ببنە مانیعی هەمو نەوعە حادیسەیەک کە لە سەر حدود رو ئەدا، بە عەقدی موعاهەدەیەک قەرار درا و لە تەرەفینەوە مورەخەص تەعین کرا."

فەسلی یەکەم، مادەکانی ۱   ۵ دەربارەی دیاریکردنی خەتی سنورە لە نێوان هەردو وڵات دا. خەتی برۆکسل، کە لە کۆبونەوەی ۲۹ ی تشرینی ئەوەلی ۹۲٤ ی کۆمەڵەی گەلان دا بڕیاری لێ درا بو، کراوە بەم خەتە و، (ئەنجومەنی تەرسیمی حدود) کە تێکەڵاوە لە نوێنەرانی تورکیا و بریتانیا و عیراق لە ماوەی ۶ مانگ دا کۆ ئەبێتەوە.

فەسلی دووەم، مادەکانی ٦ ١٣ دەربارەی ئاسایشی سنورە.

م ٦: لە مەناتیقی موجاویرەی حدود دا، یەک وە یا چەند شەخسێکی موسەلەح بە قەصدی ئیرتیکابی شەقاوەت و راووڕوت ئیحزارات بکەن، موتەعاقیدین، مقاومەت و لە تەجاوزی حدود مومانەعەتیان تەعەهود ئەکەن.

م ٧: ئەربابی ئیختیساس، کە لە م ١١ دا بەیان کراوە، ئەگەر بێت و خەبەر بە مەرجەعی خۆی بدات کە لە مەناتیقی موجاویرەی حدود دا لە تەرەف شەخسێک وە یا چەند شەخسێکەوە بە قەصدی شەقاوەت و راووڕوت ئیحزارات ئەکرێ، لازمە ئەو مەرجەعانە بە بێ تەئخیر ئیختاری یەکتری بکەن.

م ٨: ئەربابی ئیختیساس، کە لە م ١١ دا بەیان کراوە، لە هەمو حەرەکاتێکی شەقاوەت و راووڕوت کە لە ئەرازی موختەسەی خۆیان دا رو ئەدا مەرجەعەکانیان زو خەبەردار ئەکەن. ئەو وەختە مەرجەعەکان، بە هەمو نەوعە وەسائیلێ لە تەجاوزی حدود مەنعی مورتەکیبی ئەم حەرەکاتە ئەکات.

م ٩: یەک وە یا چەند شەخسێکی موسەلەح لە مەناتیقی موجاویرەی حدود دا جینایەتێ وە یا جونحەیە ئیرتیکاب بکات و ئیلتیجا بە مەنتیقەی حدودی ئەم لا بکا .. مەنتیقەی دووەم ئەم نەوعە کەسانە تەوقیف و بە موجیبی.. لە سیلاح تەجریدی ئەکات و تەسلیم بە حکومەتی مەتبوعەی ئەکات.

م ١٠: مەنتیقەی حدود کە ئەم فەسلی موعاهەدەنامەیەی تێدا تەتبیق ئەکرێ حەدی فاصیلی بەینی تورکیا و عیراقە و داخیلەن ئەو مەنتیقانەیە کە بە هەردو دیوی حدودا لە دوری ٧٥ کیلۆمەترەوە ئیمتیداد ئەکات.

م ١١: ئەو زاتانەی کە ئەم فەسلی موعاهەدەنامەیە تەتبیق ئەکەن ئەمانەن:

لە لایەنی تورکیاوە، قوماندانی عەسکەریەی حدود.

لە تەرەفی عیراقەوە، موتەصەڕیفانی موصل و ئەربیل.

بۆ تەبلیغاتی موستەعجەلە و، بۆ ئیعتای مەعلوماتی محەلیە:

لە تەرەف تورکەکانەوە، بە موافەقەتی ئومەرایانەوە ئەو مەرجەعانەیە کە تەعین ئەکرێن.

وە لە تەرەف عیراقەوە، قائیمقامەکانی زاخۆ، عەمادیە، زیبار و رەواندز.

م ١٢: مەرجەعەکانی تورکیا و عیراق، ئەفراد و روئەسای عەشایەر کە لە ئەرازی خۆیدا ساکنە و تەبەعەی حکومەتی ترە، رەسمەن و سیاسەتەن، لە هەمو موخابەرەیە مەنعیان ئەکات و، لە عەلەیهی یەکێ لەم دو حکومەتە لە مەنتیقەی حدود دا مەیدانی کردنی جەمعیات و پروپاغاندە نادات.

م ١٣: لە سەر حدود بە صورەتی عمومی بۆ محافەزەی رابیتەی حوسنی جیوار و بۆ ئاسانی جێبەجێ کردنی ئەم فەسلەی مەعاهەدەنامەیە لە تەرەف حکومەتی تورکیا و عیراقەوە بۆ ئەم مەقصەدە موتەساویەن ئەنجومەنێکی دائیمی حدود تەشکیل ئەکرێ. ئەم ئەنجومەنە بە ئیقتیزای وەخت و زەمانە بە لای کەمیەوە بە ٦ مانگ جارێک وە یا زیاتر گرد ئەبێتەوە. ئەم ئەنجومەنە کە بەعزەن لە تورکیا و بەعزەن لە عیراق گرد ئەبێتەوە ئەو مەسائیلەی کە موتەعەلیقە بە تەتبیقی ئەحکامی ئەم فەسلی موعاهەدەنامەیە و ئەو مەسائیلەی کە لە بەینی مەئمورینی مەنتیقەی حدود و ئەربابی ئیختیساس دا حەلی مومکین نابێ بە صورەتێکی دۆستانە بۆ حەل و فەسلی تێ ئەکۆشێ و هەوڵ ئەدات.

له ئیعتیباری تەتبیقی ئەم موعاهەدەنامەیەوە لە زەرفی دو مانگ دا بۆ ئەوەل جار لە زاخۆ گرد ئەبنەوە.

فەسلی سێیەم، مادەکانی ١٤   ١٨ ئەحکامی عامەیە دەربارەی بەشی تورکیا لە نەوتی کەرکوک دا و رێوشوێنی گۆڕینەوەی دەقی پەسندکراوی پەیمانەکە.

"ئیمرا و تەصدیقی موعاهەدەکە

"جەلالەتمەئاب مەلیکی عیراق موعاهەدەکەی بەینی ئینگلیز، عیراق و تورکی ئیمزا کردوە و وەکو مەعلوم بوە مەجلیسی مەبعوسانی بریتانیا و جەلالەتمەئاب مەلیکی موعەزەمی بریتانیاش تەصدیق و ئیمزای کردوە.

"موبادەلەی نوسەخی موعاهەدەکە لە ئەنقەرە

"بۆ گۆڕینەوەی نوسەخی موصەدەقی موعاهەدەکە کە لە تەرەف جەلالەتمەئاب مەلیکی عیراقەوە ئیمزا کراوە یوزباشی سلێمان بەگ فەتاح لە بەغدادەوە بۆ ئەنقەرە حەرەکەتی کردوە چونکە موبادەلەی نوسەخی موصەدەقەی موعاهەدەکە لە ئەنقەرە ئەبێت."لژیان، ژ ٢٤، ١٥ ی تەموزی ١٩٢۶)

"هەیئەتی دائیمی حدود

"لە موقەراراتی موعاهەدەی بەینی عیراق و بریتانیا و تورکیا مادەیەک ئەوەیە کە هەمو ۶ مانگێ هەیئەتی دائیمەی حدود کە ئەعزاکانی لە هەردو حکومەتی موتەجاویرە تەشەکول ئەکات لە مەرکەزێکی موعەیەن دا ئیجتیماع بکات بۆ روئیەتی ئەو ئیختیلاف و مەسائیلەی کە لە سەر حدود لە بەینی تەرەفەین دا رو ئەدات.

"ئەم هەیئەتە لە پاش ٣ ٤ رۆژ بۆ ئەوەلجار لە زاخۆ گرد ئەبێتەوە لە تەرەف عیراقەوە لە موتەصەریف و موفەتیشی ئیداری موصل و لە تەرەف تورکیاوە لە وەکیلی قوماندانی حدود و والی حەکاری تەشەکول ئەکات. ئیجتیماعگاهی ئایندەیان لە پاش ئەم ئیجتیماعە تەقەرور ئەکات."(ژیان، ژ ٣٤، ٢٣ ی ئەیلولی ١٩٢٦)

ژ ٣٦:

ژ ٤١: گەیشتنی هەیئەتی حدودی دائیمە بە زاخۆ

ژ ٤٣: لوجنەی حدودی دائیمە گەراونەتەوە جیٚی خۆیان

ژ ٤٧: موعەلیمی جوغرافیا لە ئیسویچەرە مسیۆ فریتز بیزهیلن بە رەئیسی هەیئەتی تەختیتی حدودی عیراق و تورکیا تەعین کراوە.

ژ ٥٩: مومەسیلی عیراق لە تورکیا

ژ ٦٠: دەستکردن بە دانانی سنوری بەینی تورکیا و عیراق

ژ ٨٣: وەفدی حدودی موصل و تورک ئەوەلی مانگی ئەیلول ئەگەنە بەغداد

ژ ٨٤: هەیئەتی تەحدیدی حدود خاتیمەیان بە ئیشەکەیان هێنا و وەزیفەکەیان تەواو کرد

ژ ٨٨: کۆنسۆلی تورک لە بەغداد

ژ ١٤٢: لیجنەی دائیمی حدود پێنجەمین ئیجتیماع

ژ ١٧٩: لە ماردین کۆبونەوە.

ژ ٢٠٧: لە موصل کۆ ئەبنەوە

ژ ٢٠٨: موزاکەرە بەردەوامە

ژ ٢٠٩: وەفدی تورک گەرانەوە.

٢. ٣. هەواڵی شۆڕشی کوردەکانی تورکیا

"هەواڵی کوردستانی شیمالی

"لە غەزەتەکانی سوریەوە:

"حەرەکات و ئیختیلالی تازەی کوردستانی شیمالی و وەزعیەتی تورکیا

"لە جێگای موختەلیف حەرەکات و ئیختیلال تازە کراوەتەوە. لە حەوالی ماردین، موش و بتلیس مەفرەزەکانی کورد کەوتۆتەوە فەعالیەتەوە. سەرکردەی ئەم حەرەکاتە تازەیە لە روئەسای بە ناوی کوردە. لەمانە سمیقۆ (ئیسماعیل ئاغا)، حاجۆ ئاغا، موسا بەگ و براکەی، بەدرخان بەگ و شێخ تاهیر، ئیدارەی ئەم ئیختیلالە ئەکەن. حکومەت ئەم عصیانە زۆر بە ئەهمیەت تەلەقی ئەکا. بینا بە مەعلوماتێکی مەوسوق لە عمومی کوردستانی شیمالیدا حەرەکەتێکی گەورە دێتە وجود. دەربەند و پردەکان لە تەرەف کوردەکانەوە ئیشغال کراوە.

"بەیاناتی وەکیلی داخلیە

"دەرحەق بە حەرەکات و ئیختیلالی تازەی کوردستان وەکیلی داخلیەی تورکیا جەمیل بەگ وتویەتی: ئەم عصیانە زۆر بە ئەهمیەتە فەقەت وەکو وەختێ حکومەت موتەیەقیزە. موحەقەقە کە ئەم ئیختیلالەیش تەسکین ئەکرێ. ئیجاب بە قسەی درێژ ناکا. ئەم ئیختیلالە لە هی ئەوەل موهیمترە.

"ئەسبابی عصیان

"حکومەت ئەم عصیانە ئەخیرەی عەتف کردۆتە سەر ئەو موتەغەلیبانەی کە لە ئیصلاحاتی تازە غەیرە مەمنونن. ئەم عصیانە لە نسێبین و جزیرەی ئیبن عومەرەوە دەستی پێ کراوە و بۆ داخل سیرایەتی کردوە. لە گەڵ ئەمەیشدا حکومەت چونکە لە وەختی خۆیدا لەم حەرەکاتە زو خەبەردار بوە بۆ کوژاندنەوەی ئەم عصیانە قوەتی کافیەی ناردۆتە سەریان.

"موسا بەگ ئەسیر کراوە

"لە روئەسا و سەرکردەی ئیختیلالی کوردستانی شیمالی موسا بەگ لە موصادەمەیەکدا بریندار بوە و ئەسیر کراوە." اژیان، ژ ١٤ ی ٢٩ ی نیسانی ١٩٢٦(

"تەوەسوعی دائیرەی ئیختیلالی کوردان لە گۆیان و وان و هیجرەتی شێخ عەبدولای قازیی گۆیان بۆ زاخۆ

"غەزەتەی الموصل لە ژێر ئەم عینوانەدا هەواڵێکی زۆر ناخۆش و موئەسیری نەشر کردوە کە ئینسان لە نوسین و بیستنی ئەم تەرحە فەجایعە دەستی ئەلەرزێ، مەتەئەسیر ئەبێ و گریانی دێ. تورکە خونخوارەکان لە زدی کوردە ئیسلامەکانی شیمالی قەسابخانەکەی پاریان ئیحیا کردۆتەوە. قەت ئەبێ دەست لە پیشەی ئەجدادیان هەڵگرن، زیرا ئەمە لە موقتەزای نەبیعەتیانە و بۆ تەئیدی خاترەی جەنگیزە! ئایا لە عالەمی بەشەریەت و مەدەنیەت دا کەس حەقی پرسینەوەی ئەمەی نیە؟ کە بلێ ئەم خوێنڕشتنە لە بۆ چیە؟ یان مەحکومە فەنابونی زەعیفە بێ دەستەکان داخلی مەسلەحەتیانە؟

"غەزەتەی مەزکور نوسیویتی کە: لێشاوی موهاجیرینی کوردەکان لە گۆیان و شیمالەوە بە سورەتێکی متەوالیە خۆیان ئەهاوێژنە حدود. لە میانەی ئەمانەدا شێخ عەبدولا قازیی گۆیان لە گەڵ چەند پیاوێکی خسوسی خۆی، کە هەمو وەختێ رەفاقەت و تەبەعیەتی ئەکەن، گەیشتونەتە زاخۆ. لە موما ئیلەیهی شێخ عەبدولا وا ریوایەت ئەکرێ وەختێ کە لە جێگای خۆی بوە فتوای داوە و تەوسیەی هەمو کوردە ژێردەستەکانی خۆی و ئەوانەی کە مەنسوبی کوردن، کردوە کە بە کەمالی شیدەت موقابەلەی کردەوەی تورکەکان بکەن، کە لە دینی موبینی ئیسلامیەت لایان داوە و، تەرکی ئەو دیارەیش بکەن کە لە ژێر ئیدارەی تورک دایە و، هیجرەت بکەنە ئەو جێگایانەی کە ئیحتیرامی شەعائیری ئیسلامێتی تیا ئەکرێ.

"لە سەر ئەمە هەمو کوردەکان قیامیان کردوە و لە گەڵ تورک دا دەستیان کردوە بە شەڕ. چوار هەزار کەس ئەتباعی ئەم زاتە موحتەرەمە، پیاو، ژن، مناڵ، گەیشتونەتە حدودی شیمالیەی عیراق و، لە حکومەت تەلەبی دەخالەت و قبوڵ کردنی ئیستیرحام کردوە. بۆ ئەمەی کە لە خاکی عیراق دا بە کەمالی ئیتمیئنان بژین و لە دەست زوڵم و غەدری تورکەکان رزگار بن.

"وە ئەڵێن ئەم شێخ عەبدولڵایە کوێرە، فەقەت نفوز و سەتوەتێکی گەورەی بە سەر ئەتباعەکانیا هەیە، کە لە دەرەجەی تەعەبوددا ئیتاعەتی ئەکەن." لژیان، ژ ۱۵ ی ۶ ی مایسی ۱۹۲۶)

"دائیر بە ئیختیلال و حەرەکاتی کوردستانی سەرو

"لە العراق ەوە

"کوردەکان بە سپەر و ئیستیحکاماتی موکەمەل و قایمەوە دائیرەی ئیختیلالیان تەوسیع و، حەرەکاتی شەڕیان بە سەر ۳ مەنتیقەدا دابەش کردوە. ئەم مەنتیقانە ئەوەلیان ئەرزرۆم، دوەمیان وان و بتلیس، سێیەمیان مەنتیقەی جنوبە.

"زایعاتی تورک

عەشایەری هەرتوش و گەردی لە پاش ئیشغال و گرتنی جولەمێرگ و ئەسیرکردنی والیەکەی شێخ سوتو بەمانە ئیلتیحاق ئەکات. شەمدینان، گەوەڕ و باشقەلعە ئیستیرداد، بەعزێ موهیمات و چەند تۆپێ لە تورکەکان ئەسێنن. فیرقەی سلێمان سەبری بەگ کە بۆ سەر ئەمانە نێررابون پەرش و بڵاویان ئەکەنەوە. قیسمێکیان لێ ئەسیر کردون و قیسمێکیان خۆیان تەسلیم بون. لەم شەڕەدا تورکەکان ۲ هەزاریان زایعات بوە.

"فیرقەی دوانزدەهەمی تورک لە مەعیەتی عوسمان نوری بەگ دایە چۆتە شەڕەوە. کوردەکان ئەمانەشیان محاسەرە کردوە. زۆر موحتەمەلە ئەمانیش بشکێنن و وان بگرن.

"قیامی ئەهالی گۆیان

"لەم خەبەراتی ئاخریەدا کە هاتوە وا دەرئەکەوێ کە: ئەهالی گۆیانیش لە عەلەیهی تورکەکان هەڵساون و شەڕێکیشیان بوە. لەم شەڕەدا گەلێ عەسکەر تەلەف کراوە و گەلێ ئەسیریان لە تورکەکان گرتوە. زایعاتی تورکەکان بە ٨ سەد کەس تەخمین ئەکرێ." لژیان، ژ ٢٠ ی ١٠ ی حوزەیرانی ١٩٢٦)

"گرتنی رەئیسی عەشیرەتی حەسنانلی لە گەڵ ١٦ کەسی رەفیقی

"دیاربەکر: رەئیسی عەشیرەتی حەسنانلی خالید یوسف کە لە پێش قیام و عصیانی شێخ سەعیدی مەرحوم دا لە عەلەیهی تورکیا ئیعلانی عصیانی کرد بو، وە لە وەقعەکەی پاردا قەزای بولانیقی ئیشغال و شەبەیخونی خنسی کرد بو ئەمجارە لە گەڵ ١٦ کەس رەفیقی لە تەرەف مەفرەزەکانی تەعقیبی تورکەوە گیراون." لژیان، ژ ٢٤ ی ١٥ ی تەموزی ١٩٢٦)

"خالید بەگی حەسنانلی

دیاربەکر: خالید بەگی حەسنانلی کە لە قیام و حەرەکاتی میلی کوردستانی شیمالیدا مەدخەلدار بو، وە لە تەرەف تورکەکانەوە گیرا بو، لە نەتیجەی محاکەمەدا کە لە تەرەف مەحکەمەی ئیستیقلالەوە کراوە بە ئیعدام مەحکوم بوە و، حوکمی ئیعدامی ئینفاز بوە."لژیان، ژ ٣١ ی ٢ ی ئەیلولی ١٩٢٦)

"برا کوردەکانی لای سەرو

"مستەفا ئەفەندی مدیری گراوی و مەلا خالیدی موفتی بەیتوشەباب و برایم ئەفەندی تەحصیلداری گۆیان، گۆیا لە پشێوی نزگین ئاغادا دەستیان بوە، لە تەرەف تورکەوە بە ئیعدام مەحکوم کراون. وەکو ئەڵێن کوڕانی

بەدرخان پاشا سەرکردەیی یاخیگەری کوردستانی شیمالی ئەکەن. برایەکی شێخ سەعیدی گەورەی رەحمەتی کە لە دەوری بتلیس بوە ئەویش چۆتە ناو ئەوان. لەم دواییەدا ئەڵێن ئەو برای شێخ سەعیدە کە شێخ ئەورەحمانی ناوە خۆی و پیاوەکانی لە دێیەک دا دەبێ لە ناکاو تورک داویە بە سەریانا و گرتونی خوا بکا درۆ بێ." (ژیان، ژ ٥٢ ی ٣ ی شوباتی ١٩٢٧)

"ئیستایش عصیان دەوام ئەکات لە کوردستانی شیمالیدا

دۆغرۆ یۆل: بینا لە سەر ئەو خەبەرانەی کە غەزەتەی ئەزناغ نەشری کردوە، لە ساوجبولاق دا بە تەحریکاتی بۆلشەویکەکان بەعزێ قەبائیلی کورد عصیانی کردوە. هەرچەند لە تەرەف قوەتی ئێرانەوە تەجزیە کراون و قیسمێک لە سەرکردەکانیان گیراون فەقەت هێشتا بە تەواوی تەسکین نەکراوە و عەشیرەتی رەشقوتان هجومی کردۆتە سەر بتلیس و قیسمێکیان ئیشغال کردوە. لە جەبهەی دەرسیمەوە وەزعیەت لە لەهی کوردەکانە لە ئەترافی پالو دا هەیەجانێکی عەزیم هەیە، عەشائیری خنس و رەئیسەکانی زازا موتەفیقەن هجومیان کردۆتە سەر ئەرزرۆم و، قوەتی زۆری کوردەکان لە لای ئارارتەوە تەحەصونی کردوە. عوسمان نوری پاشای فیرقە قوماندانی تورک بە خۆی و قوەتەکەیەوە مەغلوب و ریجعەتی پێ کراوە و لە لایەکی ترەوە کوردەکان شاری بایەزیدیان گرتوە، لە دوای تالان کردن تەخلیەیان کردوە و لەم شەڕانەدا دو تەیارەی تورک سقوتی کردوە و گەلێ عەسکەریان ئەسیر کردوە." (ژیان، ژ ٩٠ ی ١٥ ی تشرینی سانی ١٩٢٧)

"جەمعیەتی نەهزەی کوردی لە شام

"العالم العربی: جەمعیەتی نەهزەی کورد لە شام بە ناوی (کوردستان تەعالی جەمعیەتەوە) ئیحتیجاجێکیان کردوە موقابیل بە حکومەتی عیراق لە سەر ئەوەی کە زەینەلعابدین بەگی لە موعەلیمێتی عەزل کردوە." (ژیان، ژ ٩٢ ی ٢٩ ی تشرینی سانی ١٩٢٧)

"کوردستانی شیمالی و ئیدارەی مەخصوصە

"لە جەرائیدی پۆستەی ئەخیردا وا دەرئەکەوێ کە حکومەتی تورکیا سیاسەتی خۆی لە خسوس ئیدارەی کوردستانی... گۆڕی بێ.

"وەک مەجەلەی (شرق ادنی) ئەنوسێ حکومەتی تورکیا ولایەتی: مەعمورەتولعەزیز، ئورفە، بتلیس، حەکاری، دیاربەکر، سعرد، ماردین و وانی کردوە بە (موفەتیشیەتێکی عامە) و موفەتیشێکی عام کە لە پایەی (نائیبەلحکومە) دایە ئیدارەی ئەم مەنتیقەیە ئەکات. موفەتیشی مەزکور هەیئەتێکی ئیستیشاریەشی ئەبێ کە عیبارەتە لە معاونی موفەتیش و موستەشاری عەدلی، موستەشاری مالی، موستەشاری عەسکەری، موستەشاری ئیقتیسادی، موستەشاری مەعاریف و موستەشاری سیحی، جگە لەمانە مودیریەتێکی عومومی ئیستیخباراتیشی ئەبێ.

"دیسان بە پێی نوسینی موجەلەی مەزکور ئەم موفەتیشە عامە سەلاحیەتێکی فەوقەلعادەی هەیە:

١. موفەتیشی عام عیندەلحاجە هەمو قوەی ژاندارمە و عەسکەری مەنتیقەی خۆی ئەتوانێ ئیستیعمال بکات.

٢. موفەتیشی عام سەلاحیەتی نەزارەتی ئەمنیەت و ئاسایشی عامی هەیە.

٣. موفەتیشی عام ئەتوانێ تەتبیقی هەمو نەوعە مەشروعێک بکا کە پێویست بێ بۆ تەرەقی ئیقتیسادی، سیحی، ئیجتیماعی عەسری و مەدەنی و، ئەبێ ئیدارەیەکی موکەمەل و مونتەزەم دابمەزرێنێ و نەزارەتی ئینتیزام و تەرتیبی ئەم ئیدارەیە بکات.

٤. موفەتیشی عام حورپەتی شەخسی ئەهالی ئەو مەنتیقەیە تەئمین و محافەزەی ئەحواڵیان ئەکات.

"لە بەعزێ مەوادی ئەم ئەحوالی ئیدارەیە وا دەرئەکەوێ کە حکومەتی تورکیا سیاسەتی جەبر و شیدەتی نەختێ کەم کردبێتەوە و، لە جیاتی ئەحوالێکی مولایم و موافیقی رۆحی میلەت تەنزیم بکات. لە سەر ئێمە لازمە دوعا بکەین ئەگەر تورکیا بو سوئی قەسد کردبێتی خوا بۆ برا کوردەکانمان بیگێڕێ بە حوسنی قەسد." (ژیان، ژ ۹۶ ی ۳ ی کانونی سانی ۱۹۲۸)

"کۆلۆنێل لۆرەنس

"ئیستانبول: غەزەتەکانی تورک ئەنوسن کە واسیتەی ئینقیلابی ئەفغان کۆلۆنێل لۆرەنس بوە، وەکو ساڵی ۱۹۱۵ لە عەرەبستانا و لە ساڵی ۹۲۵ دا لە کوردستانی شیمالیدا لە عەلەیهی تورکیا ئەم ئینقیلابەی کرد، بەلام غەزەتەکانی خاریجی تورکیا تەکزیبی ئەکەن و، حەقیقەتەن لە مەسئەلەی کوردستانا هیچ عەلاقەیەکی نەبوە." (ژیان، ژ ۱۶۰ ی ۱۱ ی مارتی ۱۹۲۹)

"جیابونەوەی کوردەکان لە تورکیا

"ئیستانبول: وەکو لە ولایەتەکانی شەرقەوە خەبەر وەرگیراوە لە بەر ئەوەی دیسانەوە بەعزێ لە کوردەکان فکری جیابونەوەیان لە تورکیا کەوتۆتە سەر، حکومەت بۆ مەنعی ئەم حاڵە خەریکی تەدابیرە کە قیسمێک لە کوردەکان نەقل بکات بۆ مەناتیقێکی غەیری کوردستان و بەم نەوعە ئەم فکرەیان مەحو بکاتەوە و حەتا دەستی کردوە بە تەتبیقی ئەم پرۆغرامەی." (ژیان، ژ ۲۰٤ ی ۱٤ ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۹)

"لە بەینی حدودی سوریە و تورکیادا ٤۰ کەس کوژراوە

"سوریە: وەکو لە حەلەبەوە خەبەر وەرگیراوە ۵۰ ئەشقیای موسەلەح و موجەهەز لە تورکیاوە تێپەڕی حدودی سوریەیان کردوە و تاقمێک لە عەشائیری عەنەزە موقابەلەیان کردوە لە دوای شەڕێکی گەورە ٤۰ کەس لە

ئەشقیاکان ئەکوژرێ و لە عەرەبەکانی عەنەزەیش چەند کەسێک برینـدار بون." (ژیان، ژ ۲۰۶ ی ۲۱ تشرینی یەکەمی ۱۹۲۹)

"ئۆردویەکی دەهەزار مەسی تورک

"تـەهران، هـاوار بـڵاو بۆتـەوە کـە ئۆردویـەکی دو هـەزار عەسـکەری تورک لە گەڵ کوردەکانا لە شاخی ئەراراتا لە شەڕ کردنایە."(ژیان، ژ ۲٤۸، ۳۰ حوزەیرانی ۱۹۳۰)

"سەورەی کوردستان

"تـەهران: مـەحافیلی عەسـکەری ئـێران زۆر ئەهمیـەت ئـەدات بـە سەورەی کوردەکانی شیمال و، هەمو قوەتەکانی حدودی تەقویە کردوە و بە تۆپـی گـەورە و مـەترالیۆز تەقویـەی کـردون و ئـەڵێن ئـێران ئەیـەوێ لـەم خسوسەوە موعاوەنەتی تورکەکان بکات." (ژیان، ژ ۲٥۱ ی ١٤ ی تەموزی ۱۹۳۰)

"هەواڵی دەرەوە:

"کوردستانی شیمالی

"ئەنقەرە: وەکو مەعلوم بوە سەورەی ئەمجارەی کوردەکانی شیمال وەکو پێشو نیە، حەرەکەتێکی غایەت مونتەزەم و رێکوپێکە.

"کوردەکان بە عمومی تابیعی قوماندانێکی عمومین کە ناوی جەنراڵ عوسمان نوری‌یە (راستەکەی ئیحسان نوری‌یە) قوەتەکەیان مونتەزەم بە چەند غروپێک تەقسم کردوە. هەر غروپێک قوماندانی خاسی خۆی هەیە و هەمو تـابیعی قومـاندانی عمومـین. تەشـکیلاتی تـۆپ و مـەترالیۆزیان هەیـە. شوعبەیەکی گەورەی ئیستیخباراتیان هەیە. ئەو مەناتیقە کە ئیستیلایان کردوە بۆ هەمو شوێنێکی مەئمورینی ئیدارەیان بۆ تەشکیل کردوە.

"ئەنقەرە: خەبەری ئەمجارە ئەڵێ لە لایەکەوە هەرچەند قوەی تورک کوردەکانی شکاندوە و هەتا گۆلی وان و مەنتیقـەی ماکۆ تـەعقیبی کـردون، بەلأم لە جێگایەکی ترا لە بەینی قوەی تورک و کوردەکانا موحارەبەیەکی زۆر بە شیدەت بوە و شەوێک هەتا بەیانی دەوامی کردوە. نەتیجە کوردەکان لەو موحارەبەیەدا تورکەکانیان مەغلوب کردوە و مەنتیقەی چاڵدێرانیان بە تەواوی ئیستیلا کردوە.

"رۆژێ لـە دوای ئـەم شـەڕە، لـە ١٥ مـانگ دا قوەتێکـی زۆر گـەورەی کوردەکان هجومیان کردۆتە سەر قەزای (ئاغدیر) لە پڕا شارەکەیان گرتوە. چونەتە سەر قائیمقام، مەئمورینی حکومەت و هەمو ژاندارمە... مەنتیقەیان گرتوە و ئەسیریان کردون. وە هەرچی ئەشیای حکومەت هەیە تالأنیان کردوە و عمومی خەتی تەلغراف و تەلەفۆنیان پچڕانوە.

"دەستبەجێ بە ناو شـار و دێـهات و عمومـی قـەزاکانا ئیعلانیـان بـڵاو کردۆتەوە نوسیویانە: ائەی کورد! خۆتان کۆ بکەنەوە وا ئۆردوی نەجاتدەرتان بـۆ هـات. پشـتیوانی خـوا ئیـتر لـە ژێـر بـاری زوڵمـی تورکـا دێنـە دەرەوە و مەملەکەتەکانمان کە وەتەنێکی ئەبەدی و خۆشەویستی خۆمان کوردانە لە دەست ئەم میلەتە حەقیقەت نەناسە نەجات ئەدەین!

"عمومی غەزەتەچیەکانی تورک نوسیویانە ئۆردوی کورد لە مـەناتیقی مجـاویرەوە ئـەرزاق و ئەشـیایان بـۆ دێ. تورکـەکان قـەراریان داوە ئیـتر سیاسـەتی ئیمحـا تـەعقیب بکـەن و دەسـتیان کـردوە بـە دێـهات و مەزرەعـە سوتانن. لە سەر ئەمەیش کوردەکان گوێیان نەداوەتێ لەو مەناتیقەشەوە کە ئـۆردوی تورکـی تیایـە دیسـانەوە ئەهالیەکـە هـەڕا ئەکـەن و ئەچنـە نـاو ئۆردوەکەی خۆیان کوردەکان.

"تورکیا تەلەبی معاوەنەتی لە روسیا و ئێران کردوە

"ئەنقەرە: حکومەتی تورکیا هەتاکو ئیستا چەند موزەکەرەیەکی داوە بە ئێران و روسیا تەلەبی معاوەنەتی لیٚ کردون. حکومەتی ئێران هێشتا جوابی نەداوەتەوە، بەڵام حکومەتی روسیە جوابی داوەتەوە و گوتویەتی قەتعیەن معاوەنەتی کوردەکان ناکەم وو ئەڵیچن لە حدودا عەسکەری دانـاوە کـە کوردەکان تەجاوزی ئەرازی روسیا نەکەن.

"عمومی عەشائیرەکانی کورد لـە مەنتیقـەی شیمالی ئازەربایجان دا رۆیشتون و ئیلتیحاقیان بە ئۆردوەکانی کورد کردوە.

"زوڵمی تورک

"لە سەر ئەمری قوماندانی عمومی تورک ئۆردوەکانی تورکیا بە هەر جێگایەک دا رۆیشتبن وەلەو چۆڵیش بوبیٚ دێهاتـەکانی کوردیـان سـوتانوە و بەعزیٚ ئەهالییان کوشتوە کە دەخلیان نەبوە بە سەر ئەم حەرەکاتەوە.

"ئەڵێن: هەتاکو ئیستا بە ناحەق ۲٤٠ دیٚیان سـوتانەو و ٤٥- کەسیان کوشتوە بە بیٚ ئەوەی لە شەڕا بوبن.

"قیسمێک لە پیاوە گەورەکانی تورک لە ناو کوردەکان

"ئەنقەرە: ئەڵێن لە قوماندان و پیاوە گەورەکانی تورک، ئەوانەی لە جمهوریەتی تورک نەفرەت ئەکەن، چونە نـاو کوردەکانـەوە و معاوەنـەتیان ئەکەن و حەتا ئەڵێن پرنس عەبدولقادر کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید خانیش چۆتە ناویان. بەڵام بە تەواوی ئەم خەبەرە مەعلوم نەبوە.

"تورکیا ئێران مەسئول ئەکات

"ئیستانبول: عیسمەت پاشای رەئیسی حکومەتی تورکیا گوتویەتی لە مەسئەلەی هەرای کوردەکان و ئێمەدا ئێران مەسئولە چونکی لە محافەزەی حدودا ئیهمالی کردوە.

"دو تەیارەی تورک سقوتی کردوە

"ئەناتۆل: قیسمێک تەیارەی تورک ئەچنە سەر کوردەکان قەرارگاکەیان بۆمباردومان ئەکات و لە تەیارەکان دوانیان سقوتی پێ ئەکەن. راسید و تەیارەچیەکان ئەگرن. قوماندانی عمومی ئۆردوی کورد جەنەرال عوسمان نوری ئەیان باتە لای خۆی. پێیان ئەڵێ ئەو خەبەرە درۆیانەی کە تورکیا نەشری ئەکات هەموی درۆیە. کوردەکان هێشتا ئەزیەتێکی ئەسیرەکانی تورکیای نەداوە و، درۆیی کە ئەنوسن کوردەکان لوت و گوێچکەی ئەسیرەکانی تورکیان بڕیوە.

"بۆ ئەوەی ئەم خەبەرە بگێڕنەوە و بە درۆی بخەنەوە تەیارەچیەکان بەرەلا ئەکات.

"مەنتیقەی بایەزید و وان

"ئەنقەرە: تورکەکان قوەتێکی زۆریان سەوق کردوە بۆ ئەترافی وان و بایەزید و ئەرزنجان بۆ ئەوەی لەشکر و ئۆردوی کوردەکان لەو ناوەدا دور بخاتەوە." ژیان، ژ ۲۵۶ ی ۷ ی ئاغستۆسی ۱۹۳۰)

"سەورەی کوردستانی شیمالی

"ئیستانبول: بە سەبەبی ئەو حەرەکاتەی کە تورکەکان لە سەر شاخی ئارارات کردویانە کوردەکان ئیمدادیان بۆ ناچێ و لە مقاوەمەت عاجز بون لە بەر ئەوە مەجبور بون تەسلیمی ئۆردوی تورک ببن.

"سەرەڕای ئەمەش لە بەینی عەشائیرە کوردەکانیشا وەزعیەت تێک چوە و ئەکسەریان لە عەلەیهی ئەمەن کە ئیتر شەڕ لە گەڵ تورک دا بکەن." (ژیان، ژ ۲۶۰ ی ۲۲ ی ئەیلولی ۱۹۳۰)

"ئیحسان نوری دەردەست کراوە

"خەبەر وا دراوە کە لە روئەسای عەشایەری ولایاتی شەرقیە کە لە ئەسنای حەرەکاتی ئاغری داغ دا فیراریان کرد بو ئیحسان نوری و عەبدولقادر لە تەرەف ئێرانەوە دەردەست و سەوقی تەهران کراون." (ژیان، ژ ٢٦٦ ی ١ ی کانونی سانی ١٩٣٠ (بە هەڵە ١٩٣٠ نوسراوە راستەکەی ١٩٣١ ە)

"تێکچونی عەلاقاتی ئێران و تورکیا

"ئیستانبول: لە ئەنقەرەوە خەبەر هاتوە کە دەوائیری حکومەت پرۆتیستۆی بەردانی زوعەمای کوردی کردوە موقابیل بە ئێران و تەخلیەی سەبیلی ئەمانەی بە معامەلەیەکی دوشمنایەتی عەد کردوە ئەم ئیشە بۆتە باعیسی تێکچونی عەلاقاتی بەینی ئێران و تورکیا دوبارە و رەسمەن ئیعلان کراوە وەزیری حەربیە ئیصداری تەعلیماتی بۆ قیوای حدود کردوە بۆ قەمعی کولی محاوەلەیەک کە لە تەرەف کوردەکانەوە بۆ تەجاوزی حدود و تەعقیبیان لە حینی لزوم دا هەتا داخلی ئەرازی ئێران." (ژیان، ژ ٢٦٧ ی ٨ ی کانونی سانی ١٩٣١)

"حدودی ئێران و تورکیا

"تەهران: سەردار ئینتیصار رەئیسی لیجنەی حدود گەڕایەوە تەهران و دو راپۆری موفەصەلی تەقدیمی وەزارەتی خاریجیە و حەربیە کردوە. وا دەرئەکەوێ کە مەحافیلی عەسکەریەی ئێران ئەو میقدارە ئەرازیەی کە حکومەتی تورکیا موقابیل بە ئەرازی شاخی ئارارات ئەیەوێت بیدا بە ئێران بە کافی نازانن. عەلاوەتەن بەعزێ لەم مەحافیلانە لە نوقتەی نەزەری عەسکەریەوە و بۆ محافەزەی ئێران شاخی ئارارت زۆر بە لازم ئەزانن بۆ ئێران." (ژیان، ژ ٢٦٨ ی ١٥ ی کانونی سانی ١٩٣١)

٢. هەواڵەکانی ئێران

ژیان بایەخێکی تایبەتی داوە بە نوسینی هەواڵەکانی ئێران. ئێران تا چەند ساڵێ بە رەسمی دانی نەئەنا بە حکومەتی عیراق دا و، پێوەندی دیپلۆماسی لە گەڵ دروست نەئەکرد.

پیرۆزگاکانی شیعە: نەجەف و کەربەلا و کازیمەین و سامەرا، کەوتونەتە ناو عیراقەوە، کە هەمو ساڵ هەزاران ئێرانی بۆ زیارەتیان ئەهاتن.

ناکۆکیەکانی سنور، بە تایبەتی شەتولعەرەب، کە بە میرات لە سەردەمی عوسمانییەوە مابوەوە هێشتا بە لادا نەکەوتبو.

لەو سەردەمەدا هەزاران هاوولاتی ئێرانی نیشتەجێی عیراق بون. کار و پیشەیان هەبوە.

لە ناو ئەو هەوڵانەدا کە ژیان بایەخی پێ داون، چەند بابەتێکن، لەوانە:

٢. ١. پێشکەوتنی ئێران لە سایەی رەزا شادا

شەمەنەفەر

"حکومەتی ئێران خلیجی فارس بە تەهرانەوە رەبت ئەکات

"لۆندرە، لە خەبەراتی پاریسەوە: کە موخابیری دەیلی ئیکسپرێس لە جنوەوە بۆ غەزەتەکەی نوسیوە ئەڵێ هەیئەتێکی فەنی کە لە موهەندیسینی ئینگلیز، ئامریقا و ئیسویچەرەیی مورەکەبە، لە زۆریخەوە بۆ ئێران حەرەکەتی کردوە بۆ تەماشاکردنی مەسئەلەی تەمدیدی رێگای ئاسنی ئێران کە لە شیمالەوە بۆ جنوب ئینشا ئەکرێ و خلیجی فارس بە تەهران رەبت ئەکات. بۆ دروستکردنی ئەم خەتە نزیکی ٧ ملیۆن لیرەی ئینگلیزی مەسرەف تەخمین کراوە."(ژ ٣٧، ١٥ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٦)

"ڕێگای ئاسن لە ئێران

"ئالات و ئەسبابێ کە بۆ ڕاکێشانی خەریتەی ئەو شوێنان کـە ڕێگـای ئاسنی تیا ڕائەکێشرێت بە کەڵک دێ بە وەزارەتی ئەشغال و مواسەلاتی ئێران گەیشتوە."(ژیان، ژ ٥٣، ١٠ ی شوباتی ١٩٢٧)

"شەمەندوفەری ئێران

"حکومـەتی ئـێران بـۆ ئـەو -١٢ میـل شـەمەندوفەرەی کـە لـە خلیجـی فارسەوە بۆ بەحری قەزوین ئەیکات عمومی کرِینی مالەزەمەیەکی ئەم خەتەی لە ئەوروپادا خستۆتە موناقەسەوە."(ژیان، ژ ١٠٧، ٢٢ ی مارتی ١٩٢٨)

"ئەو خەتی شەمەندوفەرەی کە ئێران لە خلیجی فارسـەوە بـە تـەهرانا بـۆ بـەحری قـەزوین ڕای ئەکێشـێ لـە نەتیجـەی موناقەسـەدا قیسـمێکی شیرکەتێکی ئـەڵمان و قیسـمێکی کـەی شـیرکەتێکی ئەمـەریقا دەر عوهدەیـان کردوە کە پێیان بفرۆشێ."(ژیان، ژ ١٠٩، ١٢ ی نیسانی ١٩٢٨)

"شەمەندوفەری ئێران

"حکومەتی ئێران بۆ ئەو شەمەندوفەرەی کە لە بەحری فارسەوە بۆ بەحری قەزوین ڕای ئەکێشێ قیسمی جنوبی داوە بە شیرکەتەکانی ئامریقا، فرانسە و ئینگلیز، لای شیمالیشی داوە بە شـیرکەتەکانی ئـەڵمانیا."(ژیـان، ژ ١١٣، ١٠ ی مایسی ١٩٢٨)

"شاهی ئێران لە عەبادانا

"عەبادان، ڕەزا خان شاهی ئێران مواسەلەتی عەبادانی فـەرموە و بـە سورەتێکی موحتەشـەم ئیسـتیقبالی فـەرموراوە و شـیرکەتی نـەوتی ئینگلـیز و فـارس دەعوەتێکـی مونتـەزەمی بـۆ کـردوە لـە حەفلـەی ئینشـا کردنـی شەمەندوفەرەکەدا شاه بە دەستی خۆی ئەوەل بەردی داناوە."(ژیان، ژ ١٣٦، ١٢ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨)

ڕێگەی ئاسمانی

"ڕێگای هەوائی لە بەینی مەشهەد و موحەممەرەدا

"شیرکەتی تەیارەی جنکرس لە ئێران دەستی کردوە بە تەجرەبە بۆ ئەوەی کە بیلئەخەرە لە بەینی مەشهەد و موحەممەرە و تەهرانا پۆستە بەرێ و لە تەجرەبەکەیا موەفەق بوە."(ژیان، ژ ٩٥، ٢٧ ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٧)

بێتەل

"بێ تەلی ئێران

"موحەمــەرە، حکومــەتی ئــێران لــە هــەمو مــەمالیکی جنوبیــەیدا ئیستاسیۆنی بێتەلی تەئسیس کردوە."(ژیان، ژ ١٤٩، ٧ ی کانونی سانی ١٩٢٩)

"موخابەرە لە بەینی تەهران و ئەنقەرەدا

"تــەهران، لە بــەر ئەمــە لــە تەجرەبــەی موخابــەرەی بێتــەل لــە بــەینی ئەنقــەرە و تــەهرانا موەفەقیــەت ئیحــراز کــراوە مودیریــەتی عــامی پۆســتە و تــەلغرافی ئــێران ئیعلانــی کــردوە کــە لەمــەودوا بــۆ ئەنقــەرە تــەلغراف وەرئەگیرێ."(ژیان، ژ ١٠٢، ١٦ ی شوباتی ١٩٢٨)

"بێتەلی ئێران

"تەهران، ٨ ئیستاسیۆنی بێتەل لە قیسمێک لە مەملەکەتەکانی ئێرانا دانراوە و ئیدارەی ئەم ئیستاسیۆنانە بە دەست موتەخەسیسینی فرانسە و ئەڵمانەوەیە. حکومەتی ئێران خەریکە ٩ ئیستاسیۆنی بێتەلی تر لە حدودەکانا دابنێ."(ژیان، ژ ٢٣٤، ١٠ ی نیسانی ١٩٣٠)

دەرهێنان و دەرامەتی نەوت

"نەوتەکانی ئێران

"جیهەتی عائیدیەتی کانی نەوتەکانی ئێران حەوالی (سەمغان) کــە لــە مەسافەی ١٥٠ میل لــە شــەرقی تــەهران دا واقیعــە کەوتوّتــە مونازەعــەوە. قۆمپانیەی (ئانغلۆ پێرسیان ئۆیەل) ئیدیعا ئەکات کە ئەم ساحەیە داخلی ئەو

ئیمتیازەیە کە لە ساڵی ١٩٠١ دا وەری گرتوە، لە لایەکی ترەوە کابرایەکی ئێرانی ئیدیعای کردوە کە مەنابیعی ئەم حەوالیە بە پێی فەرمانێک پێی بەخشراوە، لە لایەکی تریشەوە (سۆڤێت بانق) لە تەهران دا بۆ بە عەمەل هێنانی ئەم کانانە سەرمایەی داناوە."(ژیان، ژ ٣٨، ٢١ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٦)

"واریداتی حکومەتی ئێران لە کانەکانی نەوتی خواروە

"واریداتی حکومەتی ئێران لە کانەکانی نەوتی خوارو لە زەرفی ١٣ ساڵ دا یەعنی لە ١٩١٣ەوە تا ١٩٢٦ گەیشتوتە پێنج ملیۆن و نیو لیرەی ئینگلیزی."(ژیان، ژ ٥٣، ١٠ ی شوباتی ١٩٢٧)

"شیرکەتی نەوتی فارس

"وەکو خەبەر زانراوە ئەمجارە لە نەتیجەی حەفریاتا کە شیرکەتی نەوتی ئینگلیز و فارس لای ئەهوازەوە کردویەتی مەنبەعێکی نەوتی دۆزیوەتەوە کە رۆژی ٦٠٠ تەنی لێ ئیخراج ئەکرێ."(ژیان، ژ ١١٠، ١٩ ی نیسانی ١٩٢٨)

"حیصەی ئێران لە نەوت دا

"تەهران، حکومەتی ئێران لە ساڵی ٩٢٩ دا ١,٢٥٠,-- لیرەی ئینگلیزی لە شیرکەتی نەوتی (ئینگلیز و ئێرانی) چنگ کەوتوە."(ژیان، ژ ٢٢٠، ٣٠ ی کانونی ئەوەلی ١٩٢٩)

کارەبا

"ئەلەکتریق لە تەهران

"بەلەدیەی تەهران قەراری داوە کە بەعزێ لە جادەکان بە ئەلەکتریق تەنویر بکات و بۆ ئەمە خەریکی کڕینی دو مۆتۆڕی گەورە و بە قوەتە."(ژیان، ژ ٩١، ٢٢ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٧)

پیشەسازی

"فابریقەی شخارتە لە تەورێز

"حکومەت ئەو ئەسباب و لەوازیماتەی کە بە ناوی فابریقەی شخارتەی تەورێزەوە ئەهێنرێتە ئێران تا ٣ ساڵ لە رسومی گومرگی عەفوی کردوە. ئەمەیش لە رێی ئیدخال و دامەزراندنی مەعامیل و سائیرەدا لە ئێران نەوعە تەشویق و معاوەنەتێکە."(ژ ٣٨، ٢١ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٦)

"فابریقەی شەکر لە ئێرانا

"حکومەتی ئێران خوریکە لە ئەرازی ئێرانا فابریقەیەکی شەکر تەئسیس بکات. بۆ ئەمە ئیتیفاقی لە گەڵ شیرکەتێکی چیکۆسلافاییدا کردوە کە موتەخەسیس بنێرێ تەماشای وەزعیەتی ئێران بکات بزانێ ئایا ئەرازییەکەی بە عەمەلی زوراعەتی چەوەندەر دێ. وە ئەو شەکرەی کە لە ئێرانا دروست ئەکرێ لە شەکری خاریجی هەرزانتر ئەکەوێ."(ژیان، ژ ١٥٧، ٢١ ی شوباتی ١٩٢٩)

هەواڵی دارایی

"مالیەی ئێران

"لە تەرەف حکومەتی ئێرانەوە مودیری بانکی ئیسویچەرە تەعین کراوە بە مودیری عامی خەزینەی ئێران و لەم مانگەدا موباشەرەت بە ئیش ئەکات."(ژیان، ژ ١١٣، ١٠ ی مایسی ١٩٢٨)

"ئێران روپیە مەنع ئەکات

تەهران، حکومەتی ئێران ئەمری داوە بە عمومی مووەزەفینی حدود و مەئمورینی پۆستە کە موافیقی قانونێکی موسەدەق لە تەرەف مەجلیسی مەبعوسانەوە مەنعی روپیە بکەن کە داخلی تەهران ببێ."

"فەرعی بانقی وەتەنی ئێران

"بەغداد، بانقی وەتەنی ئێران کە مودەتێکە حکومەتی ئێران لە ریاسەتی موتەخەسیسینی ئەڵمانیادا لە تەهران و بەعزێ مەملەکەتی تریا کردویەتیەوە، خەریکە لە بەر کوسرەتی عەلاقەی ئیجارەتی ئێران بە عیراقەوە و هی عیراق بە ئێرانەوە، لە بەغدادا فەرعێکی بکاتەوە."(ژیان، ژ ٢٣٠، ١٠ ی مارتی ١٩٣٠)

"ئێران ٣ ساڵ ویرکو لە کوردەکان ناسێنێ

"تەهران، حکومەتی ئێران قەراری داوە لە بەر بەعزێ فەلاکەت و نەبونی کە بە سەریانا هاتوە هەتا ٣ ساڵ ویرکوی قیسمی کوردەواری ئێران تەئجیل بکات."(ژیان، ژ ١٩٠، ٥ ی ئاغستۆسی ١٩٢٩)

٣. ٢. کێشەی ناوخۆ

پیلانگێڕان لە شا

"سوئی قەسد

"لۆندرە، بینا بە خەبەراتێ کە لە تەهرانەوە هاتوە: بە فکر و قەسدی کوشتنی جەلالەتی شاهی ئێران رەزا خانی پەهلەوی جەمعیەتێ کە لە تەهران تەشەکولی کردوە کەشف کراوە لە پیاوە گەورەکانی تەهران ئەمری تەوقیف و گرتنی ١٣ کەس دراوە کە ٩ یان زابیتن."(ژ ٣٧، ١٥ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٦)

پشێوی و یاخی بونی عەشائیر

"دائیر بە ئیختیلالی ئێران

"لۆندرە ١٣ ی تەموز، لە خەبەراتی تەهرانەوەیە: کە وەزارەتی حەربیەی ئێران دائیر بە ئیختیلالی ئازربایجان و خوراسان تەبلیغێکی رەسمیی بڵاو کردۆتەوە لەمەودوا وەهای بەیان کردوە کە ٦٥ کەس لە ئیختیلالچیەکان ئیعدام کراوە و بەم نەوعە ئەمنیەت و ئاسایش ئیعادە کراوەتەوە."(ژ ٢٦، ٢٩ ی تەموزی ١٩٢٦)

"جەلالەتی شاهی ئێران

"لۆندرە، تەلغرافێکی تەهران وەها بەیان ئەکات کە جەلالەتی شاهی ئێران رەزا خانی پەهلەوی لە خوراسان گەڕاوەتەوە مەقسەدی لەم سەفەرە ئەوە بو کە تەتبیبی خاتری گەورەکانی ئەوێ بکات و لە ئەحوالی ئەو ناوە نوبزەیەک تێ بگات. لە بەر ئەوەی کە قوماندانی عمومی ئۆردوی شەرقی لە گەڵ ئەهالیدا معامەلەی موستەبیدانە بوە و دڵی میلەتی رەنجیدە کرد بو روتبەکەی لێ ئەسێنێتەوە و ئەمر بە حەبسی ئەکات."ژ ٣١، ٢ ی ئەیلولی ١٩٢٦)

"بەربونی قوماندانی ئۆردوی شەرقی ئێران

"تەهران، قوماندانی عمومی ئۆردوی شەرقی ئێران کە نوسی بومان جەلالەتی شاه لە ئەسنای زیارەتی خوراسان دا کە ئیختیلالی عەسکەری تیا پەیدا بو بو لە بەر بەعزێ ئەسباب ئەمری بە حەبس کردنی دابو بەرەڵا کراوە. مەجلیسی نیابی ئێران لە ئیجتیماعێکی سرِیدا قەراریان داوە کە ئیعتیماد بە وەزارەتی تازەی ئێران بکرێ."ژ ٣٣، ١٦ ی ئەیلولی ١٩٢٦)

"بۆ ئیعادەی شاهی لە ئێران

"موخابیری غەزەتەی (دەیلی ئیکسپرێس) لە ئەڵئابادەوە نوسیوێتی بینا بە خەبەرێ کە لە تەهرانەوە هاتوە مامی شاهی مەخلوع پرنس سالار ئەلدەولە ئارەزوی سەندنەوەی تەختی شاهی ئێرانی هەیە. بۆ ئەم فکرە عەشائیر و قەبائیلی گەورە و بە قوەتی کوردستان معاوەنەتی ئەکەن. حکومەتی ئێران بۆ دەفع و تەنکیلیان قوەتێکی گەورەی ناردوە. بینا بە هەواڵی مەشهەد عەلی روودانی ئیختیلالێک موحتەمەلە. حاکمی بامبور محەمەد خان لە بەر ئەمەی کە پێی زانیوە قوەتی شاه زەعیفە بۆ ئیحتیلالی دوزداب قوەتی ناردوە.

"پرنس سالار ئەلدەولە تەقریبەن ٤٤ ساڵەیە. لە بەر ئەمەی دائیمەن حەز بە ئیختیلال و شۆڕش ئەکا لە ساڵی ١٩٠٩ دا لە ئێران نەفی کرا هەرچەند لە ساڵی ١٩١١ دا گەڕاوەتەوە ئێران فەقەت لە بەر ئەمە دیسان نارەحەتی و ئیدیعای حاکمیەتی غەربی ئێرانی کرد نەفی کرایەوە. لە ١٩٢٤ دا لە سەر موساعەدەی حکومەت گەڕاوەتەوە ئێران."(ژ ٣٥، ٣٠ ی ئەیلولی ١٩٢٦)

"سالار ئەلدەولە لە بەغدایە

"ئیختیلالگەری مەشهوری ئێران مامی شاهی پێشو سالار ئەلدەولە لە هەولێر گیراوە. حکومەت جەلبی کردۆتە بەغدا فەقەت هێشتا بە تەواوی مەعلوم نەبوە کە حکومەت دەرحەق بە موما ئیلەیهی چ نەوعە معامەلەیەک ئەکات."(ژیان، ژ ٤٣، ٢٥ ی تشرینی سانی ١٩٢٦)

"ئیسماعیل خان (سمکۆ)

"بینا لە سەر خەبەراتی هەولێر: ئیسماعیل خان بە ناو (سمکۆ) ئیلتیجای بە حکومەتی عیراق کردوە و حکومەتیش دەخالەتی لێ قبوڵ کردوە."(ژیان، ژ ٤٣، ٢٥ ی تشرینی سانی ١٩٢٦)

"مەسئەلەی شاپقە

"تەهران، لە بەعزێ ولایەتی ئێرانا لە عەلەیهی لە سەرکردنی شاپقە و لە بەرکردنی ئەلبیسەی پەهلەوی زۆر ئیغتیشاش وقوعی بوە فەقەت بە واسیتەی قوەتی حکومەتەوە تەسکین کراوە."(ژیان، ژ ١٣٨، ١٩ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٨)

"لە لوڕستان

"ئێران بۆ لوڕستان عەسکەر سەوق ئەکات و تەحەشودات ئەکات بۆ ئەوەی تەئدیبی عەشایری لوڕ بکات کە ئەشقیایی ئەکەن و ئیتاعەتی ئەمری حکومەت ناکەن."(ژیان، ژ ٨٤، ٤ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٧)

"شاهی ئێران

حەزرەتی شاهی ئێران بۆ تەفتیشی ئەو قوەتەی کە سەوق کراوە بۆ ئازربایجان و کوردستان حەرەکەتی کردوە بۆ ئازربایجان."ژیان، ژ ٨٤، ٤ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٧)

"جەلالەتی رەزا شاه زیارەتی ئازەربایجان و کوردستان ئەکات

"تەهران، جەلالەتی رەزا شاه بە رێی هەمەدان دا تەشریف ئەباتە ولایەتی ئازربایجان و مەنتیقەی کوردەواری و لە بەر وەفاتی عائیلەی وەزیری حەربیە کە خزمێتی جەلالەتی سەفەرەکەی تەئخیر بوە.

"ژیان، بەڵام وەکو حەوادیس دراوە جەلالەتی تەشریفی هێناوەتە ولایەتی تەبرێز و حەتا زیارەتی ساوجبولاق و سەقزیشی فەرموە."ژیان، ژ ٢٠٨، ٣١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٩)

"ئیغتیشاش لە ئێرانا

"لەندەن، غەزەتەی دەیلی نیوز تەلغرافێکی نەشر کردوە کە لە موخبیری ئەستانبولیەوە وەرگرتوە ئەڵێ لە ئەکسەری شارە گەورەکانی ئێران دا لە خسوس تەتبیق و عەدەم قبولی تەجنیدی ئیجباریەوە ئیغتیشاش هەیە و با خسوس لە مەرکەزی ئازربایجان دا کە تەبرێزە ئەم ئیغتیشاشە زۆر گەورە بو."ژیان، ژ ١٣٦، ١٢ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٨)

"ئێران لە موحەمەرە و ئەترافیا ئیدارەی عەسکەری ئیلغا کردوە

"تەهران، چونکە عەشیرەتەکانی ئەترافی موحەمەرە ئیستا بە تەواوی ئیتاعەتی حکومەت ئەکەن حکومەتی ئێران ئەو ئیدارە عەسکەریەی کە لەوێدا بو تەبدیلی کردوە."ژیان، ژ ١٠٧، ٢٢ ی مارتی ١٩٢٨)

"ئینقیلابات له ئێران

"العراق: ئەو عەشائیرانەی کە لە شەرقی شیراز دانیشتون لە سەر بەعزێ تەکالیفاتی حکومەتی عیسیانیان کردوه و هەتاکو ئیستا لە تەرەف حکومەتەوە چەند دەفعە قوەی عەسکەریەیان نێرراوەتە سەر بەڵام قابیل نەبوە تەئدیب بکرێن و ئیستاش حکومەت هەر خەریکی کۆکردنەوە و سەوقی قوەتە بۆ سەریان. وە لە سەر ئەم ئیغتیشاشاتە ئیدارەی شیراز و بوشەهر و خوزستان و لورستانی گۆڕیوە و کردویەتی بە ئیدارەیەکی عەسکەری.

"عەشائیرەکان گوتویانە بەم شەرائیتانەی لای خوارەوە ئەگەر حکومەت موساعەدە بکات ئیتر ئیتاعەت ئەکەین:

١. تەکالیفەکانیان کەم بکرێتەوە و بە واسیتەی مەئموری حکومەتەوە لێیان نەسێنرێ و روئەساکانیان مەجبور بن تەسلیمی حکومەتی بکەن.

٢. ئەو ئیدارە عەسکەری‌یەی کە حکومەت تەشکیلی کردوە هەڵی گرێ.

٣. حکومەت واز لە مەسئەلەی سیلاح کۆکردنەوە بهێنێ.

٤. موکەلەفیەتی عەسکەریە لەغو بکاتەوە.

٥. ئەو قەرارەی کە لە بابەت لە بەر کردنی جل و کلاوی پەهلەوی‌یەوە داوێتی سەرفی نەزەری لێ بکات.

"لە سەر ئەمە قوماندانی عمومی ئەو ئەترافە پێی گوتون ئەم مەتالیبەی ئێوە عەرزی تەهران ئەکەم ئینتیزاری جواب بکەن. وە بە دزیشەوە قوەتێکی زۆری تری لە ئەترافیان کۆ کردۆتەوە. وە عەشائیرەکان کە ئەوەیان زانیوە حکومەت موتالەباتەکەیان قبوڵ ناکات و بە فێل مەحویان ئەکاتەوە دیسان هجومیان کردۆتە سەر قوەتەکەی حکومەت، ئەترافی قەزوین و هەمو خەتی تەلغرافیەی بەینی شیراز و بوشەهر و ئەو ئەترافەیان بڕیوە.

"حاسڵی لە ئەوەلی نیسانەوە ئەم هەرا و هوریایە دەوام ئەکات هێشتا حکومەت پێی تەسکین نەکراوە."ژیان، ژ ١٨٥، ١١ ی تەموزی ١٩٢٩)

"دیوانی عورفی له ئێرانا

"تەهران، بە موناسەبەتی بەعزێ ئیختیلالەوە حکومەتی ئێران مەجبور بوە لە چەند جێگایەک دا دیوانی عورفی تەئسیس بکا."(ژیان، ژ ۱۸۷، ۲۲ ی تەموزی ۱۹۲۹)

"هەراوهوریای ئێران

"بەغداد، قۆنسلۆسی ئێران لە بەصرەدا بەیانێکی نەشر کردوە و ئەڵێ: ئەوی الاوقات العراقی لە خسوس هەراوهوریای ناو ئێرانەوە نوسیوێتی ئەسلی نیە. حکومەت بە تەواوی هەمو عەشائیرەکانی مەغلوب کردوە و حەتا رەئیسی عەشائیری قەشقائیە، کە موئەسیسی هەراکە بون، بە بێ قەید و شەرت مەجبورەن تەسلیمی حکومەت بوە. وە مەسئەلەی ئیعدام کردنی پرنس فەیروز، وەزیری مالیەیش، ئەسڵ و ئەساسی نیە."(ژیان، ژ ۱۸۸، ۲۵ ی تەموزی ۱۹۲۹)

"هەراوهوریاکەی ئێران نەماوە

"پاریس، سەفارەتی ئێران لە پاریسا تەئیدی کردۆتەوە کە ئەو هەراوهوریایەی لە لایەنی عەشیرەتی قەشقائیەوە بەرامبەر بە حکومەتی ئێران ئەکرا نەماوە. حکومەت تەئدیبی کردون."(ژیان، ژ ۱۹۳، ۲۲ ی ئاغستۆسی ۱۹۲۹)

"قوەتی ئێران

"تەهران، حکومەتی ئێران قەراری داوە بۆ تەئمینی ئەمنیەت و ئاسایش دو فیرقە عەسکەر لە ئۆردوەکەی لە ساحیلەکانی جنوب، فیرقەیەک لە شیراز و، یەکێک لە ئەسفەهان دا، بە دائیمی دابنێ.

"دیوانی عورفی لە شیرازدا حوکمی ئیعدامی بە سەر ٥ رەئیس عەشیرەتەکانا داوە کە لە بابەت عیسیانەکەوە موتەهەم بون."(ژیان، ژ ١٤٤، ۲٦ ی ئاغستۆسی ۱۹۲۹)

"وەزعیەتی ئێران

بەسرە، حکومەتی ئێران بە تەیارە بە ناو عەشائیرەکەدا بەیاننامەی نەشر کردوە و ئەڵێ ئەو عەشائیرانەی کە عیسیانیان کردوە ئەگەر لە زەرفی مانگێکا سیلاحەکانیان تەسلیمی حکومەت بکەن عەفو ئەکرێن.

"ئێران

"تەهران، عەساکیری ئێران لە ئەترافی موحەمەرە و حوێزەدا بە سەر عەشائیرەکانا موەفەق بون. وە زۆر لە رەئیس عەشائیرەکان تەسلیمی حکومەت بون."لژیان، ژ ۱٤۸، ۳ ی کانونی سانی ۱۹۲۹)

"بەینی عیراق و ئێران

بەسرە، بەعزێ لە روئەسای عەشیرەتی (بنی طرفا کە موقابیل بە ئێران عیسیانیان کرد بو، ئیلتیجایان بە حکومەتی عیراق کردوە و حکومەتی عیراق سەعی ئەکات کە سیلاحیان لێ وەرگرێ."لژیان، ژ ۱٤۹، ۷ ی کانونی سانی ۱۹۲۹)

تۆفیق سویدی، یەکەمین وەزیری مفەوەزی عیراق لە ئێران، لە (ص ۲۲۱، "مذكراتي نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، دار الكاتب العربي، بيروت، الطبعة الاولى تموز ۱۹۶۹.") ئەیگێڕێتەوە، عیراق پێشنیاری کردوە کە ئێران رێگە بدا بە عەرەبەکانی خوزستان بێن لە عیراق نیشتەجێ بکرێن و زەوی و زاریان بدرێتێ. بەڵام کەس لە ئێرانیەکان نەیوێراوە ئەم باسە لە گەڵ شادا بکاتەوە: سویدی نوسیوێتی: "عرض: وقد فكرت الحكومة العراقية في وقت ما بين ۱۹۳۲ ۱۹۳٤ ان تتفق مع ايران على السماح لهولاء بالنزول الى العراق اذا ارادوا حيث يمنحون اراضي في العراق يستغلونها، ويتمتعون بتقاليدهم ولغتهم وغير ذلك. ولكن تبين ان هذا الامر كان عسيرا جدا على الحكومة الايرانية ان تفاتح بشأنه الشاه! حتى انها ادعت انه ليس في امكان احد في ايران ان يكلم الشاه بهذا الخصوص. ص ۲۲۱"

"هەرایەک لە بەینی عەسکەری ئێران و عەشائیری کوردا

"بەصره، لە لای عەمارەوە لە حدودی عیراق و ئێرانا لە بەینی عەسکەری ئێران و عەشائیرێکی کوردا هەرایەکی خوێنین روی داوە. لە سەر ئەوەی عەشائیرەکە ویستویەتی بۆ لەوەڕ لە حدودی ئێران تێپەڕ بکات و قوماندانی محافەزەی حدود مەنعی کردون و بە قسەیان نەکردوە. لە سەر ئەوە لە کوردەکان ٤٧ کەس کوژراو و بریندار هەیە و لە عەسکەرەکانیش ١٨ کەس بریندار و کوژراو هەیە.

"ژیان: بۆ کوردەکان لازمە لە هەمو جێگایەک دا ئیتاعەتی ئەوامیری حکومەتی بکەن باخسوس لە گەڵ ئێرانا کە بە شەفەقەت معامەلەیان لە گەڵا ئەکات و نابێ مانیعی تەرەقی و تەعالیەی ئێران ببن."(ژیان، ژ ٢٣٨، ٨ ی مایسی ١٩٣٠)

٣. ٣. پێوەندی ئێران و وڵاتانی دنیا

"فرانسە و ئێران

"پاریس، مولحەقی عەسکەری فرانسز لە ئێران گەیشتۆتەوە پاریس لە خسوس ئێرانیەکانەوە قسەی ئەمەیە کە ئەمن و سکون لە ئێران دا جاریە. ئێرانیەکان ئارەزوی چاو لێ کردنی فرانسزەکان ئەکەن. ٤٠ زابیتی ئێرانی بەم نزیکانە ئەگاتە پاریس بۆ ئەمەی کە لە مەکاتیبی حەربیەی فرانسزدا علومی عەسکەریەیان ئیکمال بکەن. وەزیفەی ئەم زابیتانە لە پاش ئیکمالی تەحسیل تەنزیم کردنی ئۆردوی ئێران ئەبێت."(ژ ٢٤، ١٥ ی تەموزی ١٩٢٦)

"لە بەینی ئێران و روسیەدا

"لە بەینی وەزارەتی خاریجیەی ئێران و سەفارەتی روسیە لە تەهران دا دائیر بە ئیشوکاری تیجاری بەینی تەرەفەین مفاوەزات جاریە."(ژ ٣٧، ١٥ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٦)

"له بەینی تورک و ئێرانا

"ئەنقـەرە، عـەلی خـان فروغـی وەزیـری پێشـوی حەربیـەی ئـێران مواسەلەتی ئەنقەرەی کردوە و لە خسوس مەسائیل و ئەو حادیساتەی کە لە حـدودی بـەینی یـەکتریا واقیـع بـوە لـە گـەڵ حکومـەتی تورکیـادا موزاکـەرە ئەکات."لژیان، ژ ٨٨، ١ ی تشرینی سانی ١٩٢٧)

"له بەینی روس و ئێرانا

"ئەو مفاوەزەیەی کە لە خسوس تەعینی حدودەوە جەرەیانی ئەکرد لە بەینی ئێران و روسیا ئەمجارە بە سەهلی تەواو بوە و بەم نزیکانە تـەودیعی مەجلیسی مەبعوسان ئەکرێ."لژیان، ژ ٩١، ٢٢ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٧)

"روسیە و ئێران

"تـــەهران، رۆژی ١ ی شـــوباتی ١٩٢٨ لـــە تـــەهرانا ســـورەتی موعاهەدەنامەکـەی بـەینی ئـێران و روسـیە تـەبادول ئـەکرێت و بـەم موناسـەبەتەوە وەزارەتـی خاریجیـەی ئـێران ئێـوارێ ئـەو رۆژە دەعوەتێکـی عومـی موەزەفینـی سـەفارەتی روسـی کـردوە."لژیـان، ژ ١٠٢، ١٦ ی شـوباتی ١٩٢٨)

"بەحرێن و ئیران

"جنێف، حکومەتی ئێران لە سەر موعاهەدەی بریتانیا و ئیبن ئەلسعود لە خسوس بەحرێنەوە لە جەمعیەتی عیسبەتول ئومەم دا پرۆتیستۆی حکومەتی بریتانیای کردوە."لژیان، ژ ٩٨، ١٧ ی کانونی سانی ١٩٢٨)

"قەراری مەجلیسی میللی ئێران موقابیل بە وەهابیەکان

"تەهران، ئەمرۆ مەجلیسی میللی ئێرانی ئەو قەرارەی کە موتەعەلیقە بە تەشکیلی هەیئەتێک لە ١٢ ئـەعزا بـۆ تەماشـاکردنی مەسـئەلەی تـەجاوز و ئیعتیدای وەهابیەکان بە سەر حیجازدا وە ئـەفعالی مونکەرە و غەیرموزیـەیان کە لە مەکەی موکەڕەمە و مەدینەی منەوەرەدا کردویانە تەسدیق کـرد. وە ئەم هەیئەتە تەماشای موقەدەراتی حیجازیش ئـەکات."لژ ٣٨، ٢١ ی تشـرینی ئەولی ١٩٢٦)

"بەینی ئێران و حیجاز

"بەغداد، ئەو کۆمەڵی حیجازی‌یانە کە چوبون بۆ ئێران ئەو بەینەی کە لە وێدا ماونەتەوە فەوقەلعادە حورمەتیان گیراوە و بە شەرەفی ئەوانەوە لە تەهرانا زۆر کۆمەڵی رەسمی‌یان بۆ گیراوە. حکومەتی ئێران بە رەسمی ئیعتیرافی بە حیجاز کردوە. بەم موناسەبەتەوە مەلیکی حیجاز تەلغرافێکی تەبریکی نوسیوە بۆ مەلیکی ئێران و جەلالەتی رەزا شاهیش جوابی بۆ نوسیوەتەوە.

"رەئیسی کۆمەڵی حکومەتی حیجاز لە گەڵ وەزارەتی خاریجیەی ئێرانا موزاکەرەی کردوە کە ئەساسێک تەنزیم بکەن بۆ ئەوەی لە بەینی تەرەفەینا موعاهەدەیەکی لە سەر بکرێ."(ژیان، ژ ١٩٧، ١٢ ی ئەیلولی ١٩٢٩)

"موعاهەدەی ئێران

"تەهران، موعاهەدەیەکی دۆستایەتی لە بەینی ئێران و ئیتالیادا کراوە.

"ئێران لە گەڵ بەلچیکایش دا عەینی موعاهەدەی کردوە."(ژیان، ژ ١٩٧، ١٢ ی ئەیلولی ١٩٢٩)

٣. ٤. پێوەندی عیراق و ئێران

"لە خسوس ئیعتیرافی ئێران بە حکومەتی عیراق

"لەندەن، لە سەر سوئالێک کە لە مەجلیسی مەبعوسانی بریتانیادا لە میستەر ئۆستن چەمبەرلاین کراوە جوابی داوەتەوە ئەڵێ: حکومەتی بریتانیا تا ئیستا چەند دەفعە تەوسیەی حکومەتی ئێرانی کردوە کە ئیعتیراف بە عیراق بکات و ئەو مەنافیعەی کە حکومەتی ئێران لەم خسوسەوە چنگی ئەکەوێ بۆی بەیان کردوە، فەقەت هەتاکو ئیستا حکومەتی ئێران لەم خسوسەوە بێ موبالاتی نواندوە و گوێی نەداوەتێ."(ژیان، ژ ١١٦، ٧ ی حوزەیرانی ١٩٢٨)

"وەزیری مفەوەزی ئێران

"بەغداد، غەفار خان وەزیری مفەوەزی ئێران مواصلەتی بەغدادی کرد لە ڕێی میسرەوە وە زیارەتی جەلالەتی مەلیک فەیسەلی کرد و چەند دەفعە لە خسوس ئەو موشکیلاتانەی لە بەینی عیراق و ئێرانا واقیعە لە گەڵ وەزیری خاریجیەی عیراق دا موزاکەرەی کرد و لەم خسوسەوە تەقریری خۆی ئەدات بە وەزارەتی خاریجیەی ئێران و لە ٢٥ ی ٩ ی ٢٨ دا گەڕاوەتەوە بۆ تەهران."(ژیان، ژ ١٣١، ٤ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٨)

"جەلالەتی مەلیکی عیراق تەبریکی ڕەزا شای کردوە

"بەغداد، بە موناسەبەتی تەتویجی شاهی ئێرانەوە جەلالەتی مەلیکی عیراق بە تەلغراف موبارەکبایی ڕەزا شاهی فەرموە.

"جەلالەتی ڕەزا شاهیش بە تەلغراف بەیانی تەشەکوری کردوە.

"ئیعتیرافی حکومەتی ئێران

"بەغداد، ڕەئیس ئەل وزەرای ئێران بە تەلغرافی ڕەسمی بە ناوی حکومەتی ئێرانەوە ئیعتیرافی بە حکومەتی عیراق کردوە."(ژیان، ژ ١٧٢، ٦ ی مایسی ١٩٢٩)

"داخلی

وەفدی عیراقی ئێران

بەغداد، ئەو وەفدەی کە لە لایەنی عیراقەوە چوبون بۆ ئێران ڕۆژی ١ ی مانگ گەڕانەوە و زۆر بەیانی مەمنونیەتیان کردوە کە لە هەمو جێگایەک بە حورمەتەوە ئیستیقبال کراون."(ژیان، ژ ١٧٣، ٩ ی مایسی ١٩٢٩)

"ڕەئیسی کۆمەڵی عیراق

"بەغداد، کۆمەڵی عیراق کە لە ڕیاسەتی ڕۆستەم بەگ ئەل حەیدەریدا چوبون بۆ تەهران عەودەتیان کردۆتەوە و ئەو کاغەزەی کە لە جەلالەتی مەلیکی عیراقەوە برد بویان بۆ ڕەزا شاه بە ئیحتیرامەوە قبوڵی فەرموە.

"لـه جوابـا كاغـەزێكی موفەسـەلتر كـە هـەموی بـەيانی مـوەدەت و دۆستايەتی بەين ئەكات لە تەرەف جەلالەتی رەزا شاهی ئێرانەوە نوسراوە بۆ مـەلیكی عـیراق و تەسـلیمی كۆمەڵەكـەی عـیراق كـراوە."(ژیـان، ژ ١٧٤، ١٣ ی مايسی ١٩٢٩)

"موعاهەدەی ئێران و عیراق

"تەهران، غەزەتەی تەرەقی لە ئێرانا نوسیوێتی كە ئەو موعاهەدەیەی لە بەينی ئێران و عیراقا لە بەغداد لـە تـەرەف مومەسيلی ئـێران سـەمیعی خانەوە... لە جیاتی ئێران موديری عمومی شاه ئيمزای ئەكات."(ژیان، ژ ١٨٤، ٨ ی تەموزی ١٩٢٩)

"سەمیعی خان

"بەغداد، سەمیعی خان كە بوە بە وەزیری مفەوەزی ئێران بۆ عیراق رۆژی ١٧ ی مـانگ مواسـەلەتی بـەغدادی كـردوە و، لـە حـدودا لـە تـەرەف حكومـەتی عیراقـەوە واغۆنێكـی خسوسـی لـە شـەمەندوفەرەكەدا بـۆ حـازر كراوە."(ژیان، ١٨٧، ٢٢ ی تەموزی ١٩٢٩)

"بەينی عیراق و ئێران

"سەمیعی خانی وەزیری مفەوەزی ئێران كە ئەمجارە تەعین كـراوە بۆ ئەوەی لە گـەڵ حكومـەتی عیراقا ئیتیفـاق و تەئسیسـی عـەلاقاتی بـەين بكـات گەيشتۆتە بەغداد و رۆژی ٢٠ ی ئەم مانگە لە گەڵ وەزارەتی خاریجیەی عیراقا دەستیان كردوە بە موزاكەرە."(ژیان، ژ ١٨٨، ٢٥ ی تەموزی ١٩٢٩)

"حكومەتی ئێران و عیراق

"بـەغداد، لـە دوای تـەواوبونی موعاهەدەكـەی بـەينی ئـێران و عـیراق حكومەت فكری هەيـە غـەيری سـەفیری عمومـی قۆنسلۆسی تريـش بنێریٚ بۆ بەندەرەكانی ئێران، كرمانشاه، هەمەدان و سائيرە.

ئێرانیش فەری هەیە لە موصل، کەرکوک، ئەربیل و سلێمانی دا قۆنسلۆسخانە تەشکیل و قۆنسلۆسی بۆ بنێری."(ژیان، ژ ١٩٣، ٢٢ ی ئاغستۆسی ١٩٣٩)

"موعاهەدەی عیراق و ئێران

"بەغداد، حکومەتی ئێران و عیراق موعاهەدەیەکیان کردوە و لە دوای تەواوکردنی و موافەقەتی تەرەفەین لە تەرەف رەئیس ئەل وزەرای عیراقەوە حەفلەیەکی بۆ کراوە و لە حالێکا وەزیرەکان و هەمو ریجالی سیاسیەی عیراق لە حەفلەکەدا حازر بون لە تەرەف سەمیعی خان وەزیری مفەوەزی ئێران و رەئیس ئەل وزەرا و وەزیری خاریجیەوە ئیمزا کراوە.

"ئەم موعاهەدەیە عیبارەتە لە چەند مادەیەک لە بابەت ناردنی سوفەراوە بۆ ئەرازی یەکتری و موافیقی قەوانینی بەینەلدوەل موحافەزەی حقوقی سەفیرەکان و لە بابەت ئیخراجات و ئیدخالاتی تیجارەت لە بەینا، ئەویش موافیقی قەوانینی دوەلی و بە سەربەستی دانیشتنی ئەهالی ئێران لە عیراقا و هی عیراق لە ئێرانا.

"ئەم موعاهەدەیە جاریَ بۆ ساڵێک کراوە لە دوای تەواوبونی ئەمە لە بەینی هەردولادا مەعاهەدەیەکی واسیعتر ئەکرێتەوە."(ژیان،ژ ١٩٤، ٢٦ ی ئاغستۆسی ١٩٣٩)

"تەلغرافی موبارەکبایی جەلالەتی شاهی ئێران

بە موناسەبەتی تەتویجی جەلالەتی مەلیکی عیراقەوە جەلالەتی رەزا شاهی ئێران تەلغرافێکی موبارەکبایی نوسیوە بۆ مەلیکی عیراق و جەلالەتیشی جوابی نوسیوەتەوە وە بەیانی مەمنونیەتی فەرموە."(ژیان، ژ ١٩٥، ٢ ی ئەیلولی ١٩٣٩)

"نەسرەتولڵاخانی بەهنام

"بەغداد، جەنابی میرزا نەسرەتولڵاخانی بەهنام لە دمرەجەی ئەوەل دا بوە بە سکرتێری قۆنسلۆسخانەی ئێران لە عیراق. وە وەزیفەی قۆنسلۆسیش ئەبینێ لە بەغداد."(ژیان،ژ ٢٠، ٢٦ ی ئەیلولی ١٩٢٩)

"ئێران

"تەهران، حکومەتی عیراق خەریکە فەخامەتی تۆفیق بەگی سویدی بکات بە وەزیری مفەوەزی ئێران و عەبدولرەسول چەلەبی موفەتیشی مالیەش بێ بە سکرتێری و ئینتیزار ئەکرێ بەم زوانە تەشریف بێنێتە تەهران و ئەڵێن حکومەتی عیراق عەتا ئەمین بەگ سکرتێری مفەوەزیەتی عیراق لە لەندەن تەرفیعەن ئەیکات بە سەفیری موحەمەرە."(ژیان، ژ ٢٠٨، ٣١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٩)

"سەفارەتخانەی ئێران و عیراق

"بەغداد، حکومەتی عیراق و ئێران خەریکی موزاکەرەن بۆ ئەوەی موبادەلەتەن ئەرازی بدەن بە یەکتری کە قۆنسلۆسخانەی تیا دروست بکەن."(ژیان، ژ ٢٣٣، ٣ ی نیسانی ١٩٣٠)

٣. ٥. کۆنسۆلگەی ئێرانی لە سلێمانی

سلێمانی هاوسنورە لە گەڵ ئێران و، پێوەندی کۆمەڵایەتی، بازرگانی، ئابوری، فەرهەنگی لە نێوان سلێمانی و شارە کوردنشینەکانی ئێران دا هەمیشە بە هێز بوە و، هاتوچۆیان لە بەین دا بوە. دوای دامەزراندنی پێوەندی دیپلۆماسی لە نێوان هەردو دەوڵەتی عیراق و ئێران دا، جگە لەوەی لە تاران و بەغداد سەفارەتی هەردو وڵات کراوەتەوە، بۆ کارئاسانی

هاوولاتی‌یان جگە لە پایتەخت لە چەند شارێکی کەدا کۆنسوڵگە، یان وەکو لە سلێمانی پێیان وتوە (شابەندەرخانە) یان کردۆتەوە. یەکێک لەو شابەندەرخانانە لە سلێمانی بوە. لە سلێمانی ژمارەیەک هاوولاتی ئێرانی، کە هەڵگری ناسنامەی ئێرانی بون، بە شێوەیەکی قانونی (ئیقامە) یان هەبوە، کارو کاسبی‌یان کردوە. هەندێکیان دوکاندار و هەندێکیان پیشەکار بون.

ژیان هەواڵی کردنەوەی ئەم کۆنسوڵگەیەی بەمجۆرە راگەیاندوە:

"قۆنسلۆسی ئێران

"جەنابی قۆنسلۆسی ئێران کە تازە لە تەرەف حکومەتەکەیەوە تەعین بوە بۆ لیوای کەرکوک و سلێمانی چەند رۆژێک لەمەوپێش تەشریفی هێناوەتە سلێمانی عەرزی بە خێر هاتنی ئەکەین."(ژیان، ژ ۲۲۹، ۲۷ ی شوباتی ۱۹۳۰)

کۆنسوڵگەی ئێران لە سلێمانی جگە لەوەی کاروباری هاوولاتی‌یانی خۆی رایی کردوە، هەندێ چالاکی نواندوە. ژیان بەم بۆنەیەوە ریپۆرتاجی لە سەر نوسیون. بە بۆنەی (رۆژی تاجگوزاری شاهی ئێران) ەوە نوسیوێتی:

"لە غەزەتەی پێشومانا نوسی بومان کە بە موناسەبەتی رۆژی تاجگوزاری ئەعلا حەزرەت ئەقدەس شاهی ئێران رەزا شاهی پەهلەوی‌یەوە، نائیبی قۆنسلۆسی دەوڵەتی عەلیەی ئێران لە سلێمانی بە شەرەفی ئەو رۆژە مەسعودەوە کە تەسادوفی رۆژی پێنجشەمەی کرد لە قۆنسلۆسخانەدا ئیحتیفالێکی ئیجرا فەرمو.

"بۆ ئیجراکردنی ئەم ئیحتیفالە چەند رۆژێک لەمەوپێش لە قۆنسلۆسخانەدا تەرتیباتی لازیمە ئیجرا و بە تەزکەرەی مەتبوع مەدعویین دەعوەت کرا بون. ئەو رۆژە قۆنسلۆسخانە بە حەوش و دیوار و ئەترافیەوە بە بەیداخی پڕ هەیبەتی دەوڵەتی عەلیەی ئێران و بە سوجادەی نایابی جوان

جوان و به ئەنواعی گوڵ رازا بوەوه و به چرای ئەلەکتریک تەنویر کرا بو. وه بۆ ئیستراحەتی میوانەکان هەمو ئەسبابێک تەهیە کرا بو.

"ئەو رۆژه لە بەیانیەوه هەتاکو سەعات ٣ ی شەو میوانەکان تاقم به تاقم هەر کۆمەڵێک لە میعادێک دا کە بۆی دانرا بو تەشریف و زیارەتی قۆنسلۆسخانەیان کرد و هەر کەسە بە جیا بەرامبەر بەم رۆژە موبارەکە بەیانی مەسئوریەتی کرد و لە تەرەف ئاقای قۆنسلۆس و مەئمورینی مەعیەتیەوه فەوقەلعادە ئیکرام و حورمەتی میوانەکان ئەفەرمورا.

"ئەعلا حەزرەت ئەقدەس شاهی ئێران کە لەم رۆژەدا لە هەمو ئەنحای ئێران و لە قۆنسلۆسخانەکانی خاریجیەیان دا ئەم ئیحتیفالەی بۆ ئەکرێ، ئەگەر لەمەیش سەدقات زیاتر بۆی بکرێ هێشتا هەر کەمە. چونکە هەمو ئەیزانین حکومەتی عەلیەی ئێران کە حکومەتێکی قەدیمی ساحیب تاریخ و عەنعەناتە و کە لە دنیادا بە حکومەتێکی مەشهور ئەناسرێ مودەتێکی زۆر بە سەبەبی بێ موبالاتی حوکمدارە پیشوەکەیانەوه ئینتیزامی حکومەتەکەی تێک چوبو و ئینقیلاباتی داخلیە زوربەیەکی زلی لێ دابو بە نەوعێک کە خەریک بو عادەتەن قەدر و قیمەتی نەمێنێ. بەڵام حەزرەتی ئەقدەس رەزا شاهی پەهلەوی کە لەو وەقتەدا لە ئیدارەی عەسکەریەدا بو وە کە لە ئێران دا نفوزێکی فەوقەلعادەی هەبو بۆ رەفعی ئەم حالە تەشەبوسی فەرمو و کە زانی ئەگەر ئێران لەم حالەدا بمێنێتەوه مەحو ئەبێتەوه بە هەمو قوەتیەوه بۆ زیندوکردنەوەی حکومەتەکەی هیمەتی فەرمو.

"موشار ئیلەیهی چونکە زاتێکی میلەتپەروەر و دیمۆقراتیە و بەم سەبەبەوه موحیبەتێکی شەخسی لە دڵی میلەتەکەدا هەیە بە سەبەبی معاوەنەتی پیاوە عاقل و گەورەکانی ئێرانەوه و بە واسیتەی ئیقتیدارێکی فەوقەلعادە و دەهایەکی خاریقەی.......... نەجات دا و تەرەقی و تەعالیەکی دا بەم حکومەتە بە نەوعێک کە ئەمڕۆ لە ئەنحای ئەم دەوڵەتەدا ئینتیزامێکی

باش لە ئیدارەیدا و لە هەمو خسوسێکەوە ڕێکوپێکیەکی باشی تیایە، لە خاریجیشەوە بە حکومەتێکی زیسەتومت لەناسرێ و بەم نەوعە قیمەتی پەیدا کردوە. ئەم جیهادەی کە ئەعلا حەزرەت رەزا شاە ئیجرای فەرموە وەنیە هەر ئێران بەوە مەنفعەتی بوبێ، ئەم حکومەتە لە بەر ئەوەی لە شەرقایە و باخسوس حکومەتێکی ئیسلامیە حەرەکەتەکەی بە عمومی بۆ شەرق و بە تایبەتی بۆ ئیسلامیەتیش نەفعێکی فەوقەلعادەی هەبو وە روی میلەلی شەرق و ئیسلامی سپی کرد.

"ئینجا لە بەر ئەوە تەبیعی بە موناسەبەتی ئەم رۆژی تاجگوزاریەوە وەکو میلەتی ئێران هەمو ئیسلامێک تەشریکی مەسعودیەتی میلەتی نەجیبەی ئێران ئەکات و تەمەنای مەسعودیەت و ئیقبالی ئەم حوکمدارە عالی و عادلە ئەکا.

"ئومێد ئەکەین ئەم حکومەتە ئیسلام و دراوسێیەمان هەتا ئاخری رۆژ بە رۆژ زیاتر و خێراتر بۆ عالەمی مەدەنیەت هەنگاو بهاوێ و بە سەبەبی ئەم حوکمدارەیانەوە مەسعود و موەفەق بێ."(ژیان، ژ ٢٣٧، ٢٨ ی نیسانی ١٩٣٠)

ئەم وتارە جگە لە گێڕانەوەی هەواڵی ئیحتیفالەکە بە خۆڕایی ستایشێکی زۆر و ناڕاستی شای ئێرانی کردوە، بە میلەتپەروەر و دیمۆقراتی ناوی بردوە، لە کاتێک دا زوڵم و زۆری رەزا شا و کوشتنی نەیار و ناحەزەکانی شتێکی ئاشکرایە و، چەوساندنەوە و ئازاردانی کورد و، گرتن و راونانی سەرانی کورد لە ئێران دا یەکێ بوە لە کارەکانی رەزا شا. هەر لەو ماوەیەدا سمکۆ بە فێڵ راکێشرایە ناو داوی مردنەوە لە شنۆ کوشتیان و، دەیان گەورەپیاوی کورد رەوانەی شوێنە دورەکانی ئێران کران و، ساڵانی دورودرێژ بە بێ سوچ و تاوان لە زیندان و دەسبەسەریدا گل درانەوە. ژیان خۆی هەواڵی هەندێ لەم روداوانەی نوسیوە.

"حادیسەی ئێران و جەعفەر سوڵتان

"لە تەرەف حکومەتی عەلیەی ئێرانەوە تەلەبی ئەسلیحە لە جەعفەر سوڵتان کرا. جەعفەر سوڵتان موافەقەتی ئەم تەلەبەی نەکرد لە بەر ئەمە حکومەتی عەلیەی ئێران عەسکەرێکی زۆری سەوق کردە سەر جەعفەر سوڵتان موقابەلە و موسادەمەیان بو و، جەعفەر سوڵتان ئەمرۆ بە شیدەت لە تەحتی تەزیق و موحاسەرەدایە. وە بۆ ئەمەی کە لە حدودی عیراق دا ئیختیفا نەکا لە تەرەف جەیشەوە دە سریە عەسکەر سەوقی حدودی ئێران کراوە."لژیان، ژ ٣٠٥، ٢٤ ی کانونی ئەوەلی ١٩٣١)

"بۆ زانینی هەمو

"لەم بەینەدا کە بە موناسەبەتی مەسائیلی حدودی هەورامانەوە و بە حەسەبی ئیقتیزای سیاسەت و مەوەدەتی بەینی دەوڵەتی عیراق و ئێران حکومەت ئەمری کردوە بە ئیعادەی مولتەجییەکانی هەورامان بۆ ئێران و، ئەوانەی کە عەودەت ناکەنەوە ئیبعادیان بۆ مەسافەیەکی دور لە حدود. موحتەمەلە کە لەم مەسائیلە بەعزێ رەعایای دەوڵەتی ئێرا[illegible]وا حاڵی ببن کە حکومەتی عیراق دەرحەق بە عمومیان وا معامەلە ئەکات وە یا تەزیقیان ئەکات.

"لازمە رەعایای دەوڵەتی ئێران باش حاڵی ببن کە ئەم مەسئەلەیە تەنها دەرحەق بە مولتەجییەکانی ئێران تەتبیق ئەکرێ و، دەخل و عەلاقەیەکی نیە بە سەر رەعایای سائیرەی ئێران دا کە بە حەسەبی تیجارەت و سنعەت و حیرەفیانەوە لەم لیوایەدان و حکومەت بە چ نەزەرێکی عادلانە و موشفیقانە تەماشای رەعایای خۆی ئەکات هەر بە عەینی نەزەر تەماشای ئەوانیش ئەکات.

"شایەد لە بەدخواهانی حکومەت و میلەت کەسێ تەشویق و تەرغیبی رەعایای حکومەتی ئێران بکات بۆ تەرکی تابیعەتی ئێران و تەجەنوس بە

جنسیەتی عیراق وە یا ئیخافە و تەهدید وە یا بە سورەتیّ کە موجیبی تەشویشی فکر و نارەحەتی خۆیان بیّ، لازمە فەورەن کەیفیەت بە ئیدارە ئیخبار بکریّ و ئیدارەی حازرە کە بە موجیبی قانون ئەو کەسە بەدخواهە ئوسولەن تەجزیە بکات.

"بینائەن عەلەیهی غەیر ئەز مولتەجی‌یەکان کە معامەلەیەکی خاسیان دەرحەق ئیجرا ئەکریّ عمومی رەعایای دەولەتی ئێران لە دائیرەی حدودی قانون دا سەبەست و مەسونن. موتەسەرِیفی لیوای سلێمانی"(ژیان، ژ ٣١٤، ١٠ ی مارتی ١٩٣٢)

"رۆژی ولادەتی ئیمپراتۆری دەولەتی عەلیەی ئێران جەلالەتی رەزا شاە

"رۆژی ١٤ ی مارتی ٩٣٢ کە موسادیفی سێشەمو بو، موسادیفی رۆژی ولادەتی ئیمپراتۆری ئێران رەزا شاهی کرد. بۆ ئەو رۆژە لە تەرەف جەنابی قۆنسلۆسی ئێران میرزا عەبدولفازیل خانەوە عمومی ئەرکان و موستەخدەمینی مولکیە و ئومەرا و زابیتانی عەسکەریە و سادات و عولەما و ئەشراف و موتەحەیزانی مەملەکەت بۆ رەسمی ئیحتیفالی ئەم رۆژە بە تەزکەرەی دەعوەتیە دەعوەت کرا بون. موافیقی پرۆغرامی مەراسیمی ئەم دەعوەتە لە ساعەت یەک و نیوی عەرەبیەوە هەتا پانزەونیوی عەرەبی ئەم زەواتە تاقم تاقم ئیجابەتی ئەم دەعوەتەیان کردو زۆر بە ئیحتیرام تەسعید و تەبریکی ئەم رۆژەیان کرد و جەنابی قۆنسلۆس بە قابیلیەتی نەجیبانە ئیعزاز و ئیحتیرامی مەدعویونی بە جیّ هێنا.

"شەکرلەمە و چای و بیسکویت و جگەرە و قەهوە تاقم بە تاقم تەوزیع کرا. ئەو رۆژە دائیرەی قۆنسلۆسخانە زۆر جوان و مونتەزەم و موعەزەم رازا بووەوە. ساعەت قەریب دوانزە نیهایەتی مەراسیم هات. بۆ شەویش قۆنسلۆسخانە بە ئەلەکتریک تەنویر کرابو."(ژیان، ژ ٣١٦، ٢٤ ی مارتی ١٩٣٢)

٣. ٦. هەواڵی جۆراوجۆر

"وەزیری داخلیەی ئێران

"تەهران، وەزیری داخلیەی ئێران حەرەکەتی کردوە بۆ قەسری شیرین بۆ ئەوەی تەماشای وەزعیەتی عمومی حدودەکە بکات و چاوپشی بەو بینا گەورەیە بکەویٚ کە بۆ خەستەخانە دروستی ئەکەن."(ژیان، ژ ١٣٢، ٢٥ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٨)

"ئیختیراعی ئێرانیەک

"تەهران، وەزارەتی مەعاریفی ئێران لە سەفیری ئێران لە واشینتۆنەوە تەلغرافێکی وەرگرتوە ئەڵێ لە تەبەعەی ئێران ئەحمەد خان کە لە مەکتەبی هەندەسەدا ئەخوێنێ و لە فابریقەی فۆردا ئیش ئەکات ئەمجارە ئیختیراعێکی موهیمی کردوە لە بەر ئەوە زۆر موهیم بوە لە ئامریقادا بە ئیسمی خۆیەوە.. کراوە. ئیختیراعەکەی ئەمەیە: کە ئوتوموبیلێکی دروست کردوە چوارسەد کەس ئەگرێ و بە ساعەتێ سیرعەت ئەتوانێ بە سەر هەمو شاخێکی بەرزا هەڵبگەڕێ."(ژیان، ژ ١٣٦، ١٢ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٨)

"ئەحوالی ئێران   ئینتیخاباتی ژن

"تەهران هەتا ئیستا زۆر لائیحە تەودیعی مەجلیسی وزەرای ئێران کراوە بۆ ئەوەی ئەو ژنانەی کە عومریان گەیشتۆتە ٢١ ساڵ و لە مەکاتیبی ئیبتیدائی‌دا تەحسیلیان تەواو کردوە لە ئینتیخاباتا رەئی‌یان ببێ."(ژیان، ژ ١٣٨، ١٩ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٨)

"ئێرانیەکان لە بەحرا داوای ریٚی تیجارەت ئەکەن

"بەغداد، ئێران ئەڵێ مادامکە لە عیسبەتول ئومەم دا ئەعزام لازمە لە بەحرا مەنفەزێکم بدەنێ کە بتوانم لە ساحیلی سوریەوە واپۆرم بچێ بۆ بەحری سفید چونکە ئەم رێگایە چاکتر نزیکم ئەکاتەوە بۆ غەربی ئەوروپا."(ژیان، ژ ١٣٩، ٢٢ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٨)

"تەهران، بۆلشەویکەکان لە تەهرانا مەکتەبێکیان کردۆتەوە کە موعەلیمەکان بە واسیتەی ئەم مەکتەبەوە پرۆپاغاندەی بۆلشەویکێتی ئەکەن.

"تەهران، رەزا خان قەراری داوە بە هەمو قوەتیەوە تەشەبوس و سەعی بکات کە هیچ وەختێک ئامالی بۆلشەویکی لە ئێرانا بلاّو نەبێتەوە و حەتا بۆ ئەم مەسئەلەیە قوەتێکی ٥ هەزار کەسیی بۆ ئازربایجان سەوق کردوە.

"تەهران، حکومەتی ئێران ئیقتیراحێکی موقابیل بە مەجلیسی میلی نوانوە کە بۆ ئیشوکاری مالیەی ئێران لە خاریج شەش حەوت کەس ئیستیخدام بکات.

"تەهران، حکومەتی ئێران شەش موەزەفی وەزارەتی حەربیەی حەبس کردوە و لەمانە بەعزێکیان عەسکەرین و بەعزێکیان موڵکین، ئەسبابی حەبس کردنەکەیان مەجهولە."لژیان، ژ ٨٦، ١٨ ی تشرینی ئەوەلی ١٩٢٧)

"ئەڵێن حکومەتی ئێران رێی بەینی حەیدەرئاباد - جەلدیان کە ٦ ساعەت لە حدودی عیراقەوە دورە چاکی کردوە و بە تەواوی ئوتومبیلی پیا ئەڕوا و، لە سەردەشتیش قشڵەیەکی بۆ عەسکەری دروست کردوە."لژیان، ژ ٩١، ٢٢ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٧)

"تەیارە لە سەر دەماوەند

"تەهران، شیرکەتی تەیەران (جنکرس) ی ئەڵمان لە تەهران دەستی کردوە بە گەڕان بە سەر هەرە نوقتەی بەرزی شاخی دەماوەندا و، لە ئەهالیش ئەوی ئەیەوێ ئەم سەیرە بکات بە ١٥ تومان سواری ئەکەن."لژیان، ژ ٩١، ٢٢ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٧)

"فەقیرەکانی ئێرانی لە بەغداد

"حکومەتی ئێران ئەمری داوە بە مەئمورینی پەساپۆرتی بەغداد کە لەمەودوا بۆ ئەو ئێرانیە فەقیرانەی کە لە بەغداوە عەودەت ئەکەنەوە بۆ ئێران مەجانەن پەساپۆرتیان بدەنێ."لژیان، ژ ٩٩، ٢٤ ی کانونی سانی ١٩٢٨)

"وەلی عەهدی تازەی ئێران

"تەهران، ٢ ی مینهو، شاهی تازەی ئێران رەزا خانی پەهلەوی رەسمەن ئیعلانی کرد کوڕی گەورەی خۆی کە ناوی شاپور محەمەد رەزایە واریسی تەخت بێ. لە بەر ئەمە لەمەودوا موما ئیلەیهی بە وەلی عەهدی ئێران ئەناسرێ."(ژ ١، ٢١ ی کانونی سانی ١٩٢٦)

"ئینتیحاری شاهی پێشوی ئێران

"پاریس، ٣١ ی ک ١، لەو خەبەرانەی کە لە بەرلینەوە بۆ براغ هاتوە بەیان ئەکا کە شاهی پێشوی ئێران لە شەوی ٢٩ ی کانونی ئەوەل دا قەسدی ئینتیحاری کردوە."(ژ ١، ٢١ ی کانونی سانی ١٩٢٦)

"سیحەتی شاهی ئێران

پاریس، شاهی مەخلوعی ئێران ئەحمەد خان لەو عەمەلیاتە موهلیکەی کە ئەمجارە لە خەستەخانەی نوبلی دا لێیان کردوە رزگار و نەجاتی بوە."(ژیان، ژ ١٤٠، ٢٦ ی تشرینی دوەمی ١٩٢٨)

"قابینەی تازەی ئێران

تەهران، قابینەی تازەی ئێران لە ژێر ریاسەتی مستەوفی ئەلمەمالیک دا تەشەکولی کردوە. رەئیسەل وزەرای پێشو بە وەزیری حەربیە تەعین کراوە."(ژ ٢٦، ٢٩ ی تەموزی ١٩٢٦)

"قابینەی تازەی ئێران

"بینا بە تەلغرافێ کە لە تەهرانەوە بە قۆنسلۆسخانەی ئێران لە بەغداد گەیشتوە قابینەی تازەی ئێران بەم نەوعە تەشەکولی کردوە:

مستەوفی ئەلمەمالیک رەئیسەل وزەرا

..... تاد"(ژ ٣٦، بە هەڵە ٧ ی (ئەیلول) لە باتی تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ نوسراوە)

"ئێران تەلەبە ئەنێرێ بۆ دەرەوە

"تەهران، حکومەتی ئێران کۆمەڵێک قوتابی ناردوە بۆ بەرلین و لۆزان بۆ ئەوەی تەحسیلی فنونی ئیقتیسادیات وە بانق بکەن وە ئەم قوتابییانە کە گەڕانەوە لە وڵاتە گەورەکانی ئێرانا لە بانق دا ئەخرێنە ئیشەوە."(ژیان، ژ ٢٤٠، ٢٢ ی مایسی ١٩٣٠)

ژیان

و

ئیعلانەکانی

١. ئیعلان و ژیان

٢. ڕێکخستنی شاری سلێمانی

٣. هۆشی ژینگەیی

٤. وەرگرتنی خوێندکار

٥. داهاتی حکومەت

٦. ئیعلانەکانی جەیش

٧. ئیعلانەکانی پۆلیس

٨. ئیعلانی جۆراوجۆر

٩. ئیعلانی ئەهلی

١. ئیعلان و ژیان

یەکەم ئیعلان و دیعایەی ژیان بڵاوی کردۆتەوە بانگەشەیە بۆ خۆی:

"مەتبەعەی ژیان

"مەتبەعەی ژیان موستەعید و حازرە بۆ تەبعی هەمو نەوعە جەداویل و ئەوراقی حکومەتی و هەمو نەوعە ئەوراقی تیجاری و سەری کاغەز و زەرف. کارتی ویزیت و سائیرە لە سەر تەرزی تازە و، بە دیقەتی کامیلە، بە فیاتێکی هەرزان موراجەعەت بفەرمون پەشیمان نابنەوە.

بۆ ئەمە تەجرەبە دەلیلمانە!" (ژیان، ژ ١)

"قولکسیۆن

قۆلکسیۆنی غەزەتەی پێشکەوتن، بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستیقلال، ژیانەوە، ژیان و دیاری کوردستان دەفرۆشرێت هەرکەس تالبە موراجەعەت بە عەلی عیرفان ئەفەندی بکات." (ژ ٩٣)

١. ١. سەرچاوەکانی

ئیعلانەکانی ناو ژیان بە زۆری حکومەتین، کەم وا بوە ئیعلانێکی ئەهلی تیّدا بیّ. ئەو داوودەزگایانەی ئیعلانیان لە ژیان دا بڵاو کردۆتەوە، داوودەزگا ناوچەییە - حکومەتیەکانی سلێمانی بون. ئیعلانەکان بە زۆری ناوچەیی بون بە دەگمەن ئیعلانی تیّدایە بۆ هەمو عیراق بیّ.

کاک سدیق سالح ئیعلانی ژمارەکانی ١ ٨١ ی ژیانی بەمجۆرە ژماردوە:

"ئەو ١٩٤ لاپەڕە تەواوەی ئەم بەرگەی (ژیان) ٤٨ لاپەڕەی بۆ ئاگاداری تەرخان بوە، لەوە ٥٢ ئاگاداری موتەسەڕیفی سلێمانی و ٤٦ دائیرەی تاپۆ و ٣٤ بەلەدیە و ١٥ مەحکەمەی سولح و ٩ مەحکەمەی شەرعی و ١١ دائیرەی ئیجرا و ٥ موحاسیبی لیوا و ٥ گومرگ و ٢١ لایەنی تری حکومییە کە سەرجەم ٣٠

ئاگادارییە و یەکی ١ ٣ یان لیّ هەیە. واتە ئاگاداریەکان ١٦٪ پانتایی ئەم ژمارانەیان داگیر کردووە. ٢ لاپەڕەیش بۆ ٢٠ پرۆپاگەندەی (دیوانی مەحوی) و (مەتبەعەی ژیان) دانراوە، کە هەر هی چاپخانەکە بوون و پارەیان لە سەر وەرنەگیراوە."

١. ٢. بابەتەکانی

ئیعلانەکان دەربارەی بابەتی جیا جیا و شتی جۆراوجۆرن. لیکۆڵینەوەیان هەندیّ لایەنی ئابوری، رۆشنبیری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، قانونی... شاری سلیمانی و حکومەتی عیراق رون ئەکاتەوە.

١. ٣. زمانەکەی

دارِشتنی ئیعلانەکان بە زمانیکە ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی ناقۆلاّ و نائاشنای تیّدا بە کار هیّنراوە. جۆری دارِشتن و جۆری بڵاوکردنەوە و جۆری نوسینەوەی بە هیچ جۆریّ شتیّکی ئەوتۆی تیّدا نیە سەرنجی خویّنەر رابکیّشیّ و، ئارەزوی خویّندنەوەی لە لا دروست بکا.

هەندیّ لە ئیعلانەکان تەرجومەن لە عەرەبیەوە و هەندیّکی تریشیان هەر بە شیّوە رەسمیی زمانی قانونیی حکومەتی عیراق دارِیّژراون.

١. ٤. نرخی بڵاوکردنەوەی

بۆ هەمو رۆژنامەیەک ئیعلان گرنگیەکی گەورەی هەیە:

یەکەم، سەرچاوەیەکی سەرەکی دەرامەتی رۆژنامەکەیە، کەم وا هەیە رۆژنامە بە تەنیا بە پارەی فرۆشتنی خۆی، مەسرەفی خۆی دەر بهیّنیّ و بەرِیّوە بچیّ.

دوەم، ئیعلان خویّندەواری نویّ بۆ رۆژنامەکە پەیدا ئەکا و، وا ئەکا ئەوانەی کەڵک لە ئیعلانەکە وەرئەگرن بۆ پەیدا کردن و خویّندنەوەی رۆژنامەکە بە دویدا بگەرِیّن.

بۆ ژیان یش هەروا بوە.

لە سەردەمی بە کارهێنانی روپیەدا نرخی (ئابونە بە ٣ مانگ روپیەونیوێکا و، (نوسخەی بە ئانەیەکا و، ئیعلان (بە دێرێک ٦ ئانە) بوە.

لە سەردەمی بە کار هێنانی دیناردا نرخی (کرِیار بە شەش مانگ ٢٢٥ فلس) و (یەکی بە ئانەیەکا و، ئیعلان (لە دێرێکەوە هەتا شەش مەقتوعەن ٢٢٥ و لە شەش زیاتر جگە لە ٢٢٥ فلسەکە بۆ دێرە زیادەکانیش دێری ٢٨ فلس) بوە).

بۆ زانینی هێزی کرِینی روپیە لە بازارِی ئەو زەمانەدا ئەکرێ کەڵک لە ٢ ئیعلانی ئەو کاتە وەر بگیرێ:

یەکەم، کرێی رۆژانەی کرێکار

لەو ماوەیەدا پرۆژەی رێگای هەولێر حاجی هۆمەران، کە ئیستا بە جادەی هامیلتون ناوی دەرکردوە، بە دەستەوە بوە. بە هۆی سەختی و شاخاوی بونی ناوچەکەوە، بە تایبەتی لە بەر ئەوەی هێشتا ماکینەی زۆر پەیدا نەبوە، کارێکی گەورە و گران بوە، پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کرێکار بوە. ئەم ئیعلانەی بۆ کراوە:

"ئیعلانات: ٣ هەزار عەمەلە بۆ ئیشکردن لە رێگای رەواندز بە ١ روپیە و ٤ ئانە یەومیە پێویستە. موستەشاری داخلیە"(١١٨)

دوەم، موچەی مانگانەی فەرمانبەر

"ئیعلان: بۆ خەستەخانەی موڵکی سلێمانی مانگی بە ٤٠ روپیە موزەمیدێک پێویستە. ئەبێ خوێندەوار بێ و کەمێکیش ئینگلیزی شارەزا بێ و عومری لە ٣٠ساڵ زیاتر نەبێ. ئەوی تالبە موراجەعەت بە خەستەخانە بکات."(٩٧)

کرێی رۆژانەی کرێکارێک وەکو لە ئیعلانەکەدا نوسراوە ١ روپیە و ٤ ئانە بوە، موچەی فەرمانبەرەکەیش ٤٠ روپیە بوە، ئەمیش ئەگەر مانگانەکەی بە سەر رۆژانەدا دابەش بکرێ، چەردەی رۆژانەی وەکو کرێی کرێکارەکە دەرئەچێ.

٢. ڕێکخستنی شاری سلێمانی

هەڵبژاردنی شارەوانی

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان

"بۆ خسوسی ئینتیخابی ٣ ئەعزا کە بۆ مەجلیسی بەلەدیە ئینتیخاب ئەکرێن قائیمەی ئەسامی ئەو کەسانەی کە ساڵی لە ٥٠ غرۆشەوە هەتا ١٠٠ غرۆش زەریبەتول ئەملاک ئەدەن و حەقی تەسویتیان هەیە بۆ ئینتیخابی ئەعزای بەلەدیە، لە گەڵ قائیمەی ئەسامی ئەو کەسانە کە ساڵی ١٠٠ غرۆش و لە ١٠٠ غرۆش زیاتر زەریبەتول ئەملاک ئەدەن و حەقیان هەیە بۆ ئەعزایەتی بەلەدیە ئینتیخاب بکرێن، لە ئیعتیباری رۆژی ١ ی ئەیلولی ٩٢٧ ەوە لە دەرگای مزگەوتی گەورە و، مزگەوتی شێخ محەمەدی ئالەکی و، خانەقای مەولانا و، دەرگای قەیسەری نەقیب، تەعلیق و ئیلساق ئەکرێ. هەر کەس لەو قائیمانەدا ئیسمی داخل نیە و لازمە داخل ببێ لە تاریخی تەعلیقی ئەم قائیمانەوە هەتا ٨ رۆژ لازمە ئیعتیراز و موراجەعەت بە لیجنەی ئینتیخاب بکا. لە پاش خیتامی ئەم مودەتە هەر ئیعتیرازێ بکرێ قبوڵ ناکرێ.

دیسان بۆ ئینتیخابات و رەئی دان لە تاریخی ٢١ ی ئەیلولی ٩٢٧ ەوە هەتا ٣٠ ی ئەیلولی ٩٢٧ دە رۆژ مودەت تەعین کراوە، ئەو کەسانە کە ئیسمیان لەو قائیمانەدا هەیە لازمە لە زەرفی ئەم ١٠ رۆژەدا بێنە حزوری لیجنەی ئینتیخاب و موافیقی ئوسول پسولەی رەئی خۆیان بنوسن. لە پاش تەواوبونی ئەم ١٠ رۆژە ئیتر رەئی دان قبوڵ ناکرێ. بە موجیبی مادەی ٢٩ ی قانونی ئینتیخاباتی بەلەدیە و قەراری لیجنەی ئینتیخاب بۆ ئاگاداری عموم ئیعلان کرا."(ژ ٧٩)

بەم ئیعلانەدا دەر ئەکەوێ:

یەکەم، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی و بۆ خۆ ناوزەد کردن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنەکە، لەو سەردەمەدا، هەمو دانیشتوانی شار مافی دەنگدانیان نەبوە. تەنیا ئەوانە مافی دەنگدانیان هەبوە کە موڵکیان هەبوە و زەریبەی ئەملاکیان داوە. ئەوانیش کراون بە دو پۆلەوە:

یەکەم، ئەوانەی تا ١- قرۆشیان داوە مافی خۆهەڵبژارنیان نەبوە، بەڵکو هەر مافی دەنگدانیان هەبوە بۆ کەسانی تر. دوەم، تەنیا ئەوانەی کە لە ١- قرۆش زیاتر زەریبەی ئەملاکیان داوە، هەم مافی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەن و هەم مافی خۆپاڵاوتنیان هەبوە بۆ ئەندامەتی ئەنجومەن.

دوەم، ئەوانەی خانو یا زەوییان نەبوە و زەریبەی ئەملاکیان نەداوە، مافی دەنگدانیان نەبوە.

ئەم مەرجەی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی (مەجلیسی بەلەدیە) کاری پێ کراوە بۆ هەڵبژاردنی گشتی مەبعوسەکانی (مەجلیسی نوابـ) یش پێڕەوی کراوە. ئەوەی نەیتوانیوە لە چەردەیەکی دیاریکراو زیاتر زەریبە بدا مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی نەبوە.

جادە و شیو

سلێمانی بیستەکانی سەدەی بیستەم شارێکی بچوک بوە، پێکهاتوە لە چەند گەڕەکێ، لەوانە: مەڵکەندی، گۆیـژە، کانی ئاسکان، دەرگەزێن، سەرشەقام، چوارباخ، جولەکان. شارەکە کەوتۆتە دەشتایی داوێنی شاخی گۆیژە و، چەندین گرد و شیوی تیّ دا بوە. هەر لە سەرەتاوە کە دروست کراوە، بە ڕێکوپێکی دروست نەکراوە. شەقام و کۆڵانەکانی تەنگەبەر و نارێک بون. بەڵام شارێکی پاک و خاوێن بوە، چونکە چەندین کارێزی ئاوی

تێدا بوە، کە بە گونج ڕاکێشراوە بۆ مزگەوت و حەمام و ماڵەکان، ئاوەڕۆی ماڵەکانیش بە زێراب چۆتە ناو شیوەکانی ناوشارەوە.

جادەکانی ناو سلێمانی نارێک و شیوەکانیشی سەر بەرەڵا بون.

شارەوانی بۆ ڕێکخستنی ناوشار بڕیاری داوە دەستکاری جادەی سابونکەران و جادەی کانی ئاسکان بکا و، سەری شیوەکان داپۆشێ. هەردو جادە ئەوساش وەکو ئێستا دو جادەی سەرەکی بون چونەتەوە ناو جەرگەی شارەوە. ئەم پرۆژانەی خستۆتە موناقەسەوە:

"ئیعلان: شیوی بەرماڵی عەزیز ئەفەندی و بەر دائیرەی حکومەت، بەلەدیە بە تاق دایان ئەپۆشێ هەرکەس تالیبی موناقەسە و تەعەهودی داپۆشینی ئەم شیوانە ئەکا موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکات. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. ئیدارەی بەلەدیە"ژ ۳۳)

"ئیعلان لە ریاسەتی بەلەدیەوە

ئەو شیوانەی ناوشار کە بەلەدیە دای ئەپۆشێ و جادەی سابونکەران کە ئەمساڵ گوشاد ئەکرێ بە حسابی مەتر و فوت ئەدرێ بە قۆنتەرات. بۆ موناقەسە لە ۱۱ ی مایسی ۲۷ موە هەتا ۲۵ ی مایسی ۹۲۷ مودەت دانراوە. هەرکەسێ تالیبی موناقەسەی ئەم جادە و شیوانەیە لە زەرفی ئەم مودەتەدا موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیەی سلێمانی بکا. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا."ژ ۶۵)

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە

لە نەتیجەی موناقەسەیەک کە ئیجرا کراوە دروستکردنی جادەی سابونکەران هەر مەترو مورەبەعی بە ۳ روپیە و ۸ ئانە لە عوهدەی تالیبایە هەرکەس لەمە کەمتر تالیبی تەنقیسە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکا."ژ ۶۷)

"ئیعلان له ریاسەتی بەلەدیەوە
٢٨ ی مایسی ٩٢٧
بۆ جادەی سابونکەران که موجەدەدن گوشاد ئەکرێ ئەو ئەملاکانە که لازمه و تەقەروری کردوه قەتع و ئیستیملاک بکرێ نەوع و جنس و ئیسمی ساحیب و ئەو میقدارەی که لێیان قەتع ئەکرێ له گەڵ بەدەلێ که له تەرەف هەیئەتی تەخمینیه و مەجلیسی بەلەدیەوە بۆیان تەقدیر کراوە لە ژێرەوە نیشان دراوە هەرکەسێ لە داخلی قانون دا ئیعتیرازێکی هەیە لە تاریخی ئیعلانەوە هەتا ٩ رۆژ لازمه دەرمیانی بکا بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا."(ژ ٦٨)
"ئیعلان له ریاسەتی بەلەدیەوە
دروستکردنی جادەی سابونکەران هەر مەترو مورەبەعی بە ٣ روپیە و داپۆشینی شیوەکان هەر تولی مەترویەک بە ٣٣ روپیە لە عوهدەی تالیبانایە هەرکەسێ لەمە کەمتر تالیبی تەنقیسە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکا."(ژ ٦٨)
ژ ٧٤ و ٧٥ و ٨٢ بۆ تەوسیعی جادەی کانی ئاسکان ناوی خاوەنی ئەو ماڵ و دوکانانەی ئیعلان کردوە کە بەر ئەم فراوانکردنە کەوتون.
وەکو لەو ئیعلانانەدا دەرئەکەوێ ئەگەرچی پارەیەکی زۆر دراوە بەوانەی خانو یا دوکانیان بەر جادەکە کەوتوە، بەڵام چاکردنی ئەم دو جادەیە بەو جۆرەی ئەنجامیان داوە، نە بۆ کاربەدەستانی شارەوانی ئەوسا و، نە بۆ ئەو موهەندیسانەی نەخشەکەیان کێشاوە، جێگەی شانازییە، چونکە هەردو جادە بە تەسکی و نارێکی ماونەتەوە.
"لە نەتیجەی موناقەسەیەک کە ئیجرا کراوە دروستکردنی ٢ حەوز لە ناو باغچەی بەلەدیەدا لە گەڵ تەنزیمی باغچەکە بە ٥٨٠ روپیە لە عوهدەی تالیبیا ماوەتەوە هەرکەسێ لەمە کەمتر تالبی تەنقیسە هەتا ٣١ ی مایسی ٩٢٧ موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکات."(ژ ٦٨)

ئاوڕشێنی جادەکان

جادەکانی بە زۆری خاکی بون، لە زستان دا بون بە قوڕ و چڵپاو و بە هاوین تەپوتۆزی زۆریان لێ هەستاوە. هاوینان بۆ ئەوەی هەم تەپوتۆزەکەی بنیشێتەوە و هەم فێنک بێ ئاوڕشێن کراوە:

"ئیعلانەن لە ریاسەتی بەلەدیەوە: بۆ ئاوڕشێن کردنی جادەکانی ناوشار لە داخلی شەرائیتی موعەیەنەدا موتەعەهیدی لازمە هەرکەس تالیبی موناقەسەیە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکا بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا."

"ئاوڕشێن کردنی جادەکانی ناوشار لە داخلی شەرائیتی موعەیەنەدا مانگی بە ١٥٠ روپیە لە عوهدەی تالیبیایە هەرکەس تالیبی تەنقیسە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکا. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا."(ژ ١١٥)

روناککردنەوەی شەقامەکان

لە بەر ئەوەی هێشتا ماکینەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سلێمانی نەبوە، شەوانە بۆ روناککردنەوەی شەقامەکان چرای نەوتی داگیرسێنراوە.

"ئیعلان لە ریاسەتی بەلەدیەوە: لە نەتیجەی موناقەسەیەک کە ئیجرا کراوە ئەو نەوتەی کە بە بەلەدیە لازم ئەبێ هەر قاپی بە ٢ ئانە و ٦ پای لە عوهدەی تالیبیایە هەرکەسێ لەمە کەمتر تالبی تەنقیسە لە ئەمڕۆوە هەتا ٤ ی حوزەیرانی ٢٧ موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکات."

فڕێدانی خاشاک

لە بەر ئەوەی ئوتوموبیل نەبوە بۆ فڕێدانی خۆڵ و خاشاکی ناو شار، بۆ ئەم کارە وڵاخ بە کار هێنراوە، بە تایبەتی گوێدرێژ، ئەویش پێویستی بە ئالیک هەبوە.

"لە نەتیجەی موناقەسەیەک کە ئیجرا کراوە تەنی کا بە ٢٢ روپیە و کیلۆی جۆ بە ١ ئانە و ٦ پای بۆ مەرکەبەکانی تەنزیفاتی بەلەدیە لە عوهدەی تالیبیایە هەرکەسێ لەمە کەمتر تالبی تەنقیسە لە ئەمڕۆوە هەتا ٤ ی حوزەیرانی ٢٧ موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیە بکات."

حەمامەکان

سلێمانی لە سەرەتای دروستکردنیەوە (حەمامی گشتی) تیَدا دروست کراوە. ریچ ساڵی ۱۸۲۰ کە هاتۆتە سلێمانی بە ستایشەوە باسی باشی و پاک و تـەمیزی حەمامـەکانی سـلێمانی ئـەکا. حەمامـەکان لـە سـەر ئـاوی یـەکێ لـە کارێزەکان دروست کراون، لە بەر ئەوە هەمیشە ئاویان لێ نەبڕاوە. هەندێ جار ماڵان لە کاتی پێویست دا ئاویان لە حەوزی ئەم حەمامانە بردوە، ئەبێ بێ پارە بوبێ، بۆیە پیشینان وتویانە: "پیاوەتی بە سەر ئاوی حەمامەوە ئەکا!"

وەکـو دەرئەکـەوێ هـەندێ رێنمـایی تەندروسـتی لـە حەمامـەکان دا پێڕەوی نەکراوە، وەکو ئەوەی خۆیان لە خەزێنەی ئاوی حەمامەکەدا شت بێ، یان بۆ ئەوەی بۆگەن نەکا، قەسابەکان لە باتی (ساردخانەی) ئەم زەمانـە بە شەو لاکی گۆشتیان لە هۆڵی ساردی حەمامەکان دا هەڵواسی بێ. شارەوانی بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی ئەم کارە ناتەندروستیانەی قەدەغە کردوە.

"ئاگاداری

ژمارە ۹

لە سەر راپۆری تەبیبی مولکی لە نوقتەی محافەزەی سیحەتی عومیەوە وەختـی خـۆی مەجلیسـی بەلەدیـە قـەراری داوە کـە حەمامـەکان دەرگـای خەزێنەکانیان دابخـرێ و حەمامچیـەکان مـەنعی خـەلقی بکـەن کـە نەچنـە نـاو خەزێنـەوە. وە بـەم رەنگـە تـەبلیغاتیان پـێ ئیفـا کـراوە. ئیسـتا لـە نەتیجـەی تەفتیش دا وا مەعلوم بوە کە بەعزێ لە حەمامچیەکان ریعایەتی ئەم ئەمر و تەنبیهاتە ناکەن بینائەن عەلەیهی ئـەوا ئیعلانـی ئەکـەین هـەر حەمامچیەک بە حەق ریعایەتی ئەم ئـەمر و تەبلیغاتـە نـەکا و دەرگـای خەزێنـەی شافیعی وە یا حەنەفی بکاتەوە کە خەلقی بچنە ناوی بە پـێی مـادەی ۱۲۶ ی قـانونی عقوبـاتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. بۆ مەعلوماتی عموم ئیعلان کرا.

۱۸ ی تەموزی ۱۹۲۶ ئیدارەی بەلەدیەی سلێمانی"(ژ ۲۵)

لە (ژ ٥٠) هەمان تەعلیمات دوبارە کراوەتەوە.

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان

لە نوقتەی محافەزەی سیحەتی عمومیەوە هەرچەند لەمەوپێش ئیعلان کراوە کە دەرگای خەزێنەی حەمامەکان نەکرێتەوە و خەلقی نەچنە ناوی بەلآم وەکو خەبەر زانراوە بەعزێ لە ئەهالی قفل و دەرگای خەزێنەی حەمامەکان ئەشکێنن وە یاخود بە دیواردا سەرئەکەون و ئەچنە ناوی کە ئەمیش بیلتەبع بۆ سیحەتی عمومیە موزیرە. بینائەن عەلەیهی بە موجیبی قەراری مەجلیسی بەلەدیە ئەوا ئیعلانی ئەکەین هەر کەسێک لە ئەهالی بە سورەتی دەرگا شکاندن وە یا قفل کردنەوە وە یا بە سورەتێکی ئاخر بچنە ناو خەزێنەی حەمامەوە وە یاخود هەر حەمامچیەک دەرگای خەزێنەی حەمام بکاتەوە و موساعەدە بکا کە ئەهالی بچنە ناو خەزێنەی حەمامەکەیەوە بە پێی مادەی ١٢٦ ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێن. بۆ ئاگاداری عموم ئیعلان کرا."(ژ ١١٤)

قەسابخانە

"ئیعلان: لە داخلی شەرائیتی موعەیەنەدا دروستکردنی قەسابخانەیەکی موەقەت بە ١٠ روپیە لە عوهدەی تالیبیایە هەرکەسێ تالیبی موناقەسەیە موراجەعەت بە دائیرەی بەلەدیە بکا بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا."(ژ ٩٠)

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان

لە سەر راپۆری بەیتەری مولکی لە نوقتەی محافەزەی سیحەتی عمومیەوە مەجلیسی بەلەدیە قەراری داوە هیچ قەسابێک نابێ لە ١٢ سەعات بەولاوە گۆشت بهێلێتەوە وە یا بە شەو لە حەمام دا هەلی بواسن و هیچ حەمامچیەکیش نابێ موساعەدە بکا کە قەساب گۆشت لە حەمامەکەیدا هەلبواسێ. هەرکەس موخالیفی ئەم ئەمر و ئیعلانە حەرەکەت بکا بە پێی مادە ١٢٦ ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا."(ژ ١٠٢)

چاودێری نرخ و چۆنایەتی

"ئاگاداری

"هەر کەسێ شکایەتی هەیە لە دوکاندارێک، کە ئەو دوکاندارە یا لە فیاتی بەلەدیە بە زیاتر، وە یا بە وەزنێک لە وەزنی بەلەدیە بە سوکتر، ئەشیا ئەفرۆشێ لازمە بە دەلائیلی سبوتیەوە رەئسەن موراجەعەت بە دائیرەی پۆلیس بکا. دائیرەی پۆلیس، بە بێ تەلەبی مەسرەف، تەحقیقاتی مەسئەلە ئەکا. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ١٥)

"ئیعلان: هیچ نانەوایەک ئەو نانەی کە دروستی ئەکەن نابێ گەنمە شامی و نۆک و جۆ و مەوادی سائیرەی تێکەڵاو و نانەکانیان لە هەویری فەتیر دروست بکەن. هەر نانەوایەک ئەگەر بە خیلافی ئەم ئیعلانە حەرەکەت و نانی خراپی بۆ فرۆشتن دروست کرد وە یا بە سورەتێکی تر غەشی تیٚدا کرد بە پیٚی مادەی ١٢٦ ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری عموم ئیعلان کرا. رەئیسی بەلەدیە"(ژ ١٣٣)

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان: فیاتی نەوتی سپی لە تەرەف مەجلیسی بەلەدیەوە قاپی بە دو ئانە و نیو تەقدیر کراوە لە ئیعتیباری ئەمرۆوە لازمە هەمو نەوتفرۆشێ ئایا دەستگێڕ و ئایا دوکاندار قاپی نەوتی خالیسی سپی بە دو ئانە و نیو بفرۆشن. هەرکەس لەم فیاتە بە زیاتری بفرۆشێ بە پیٚی قانون تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا."(ژ ١٢٤)

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان: لە نوقتەی محافەزەی سیحەتی عمومیەوە و لە سەر قەراری مەجلیسی بەلەدیە لازمە هەمو چایچی و لۆقەنتەچی و کەبابچی و جگەرچی و ئەمسالیان خۆیان و شاگردەکانیان لە نیهایەتی هەمو مانگێک دا لە ٢٥ ی مانگەوە هەتا نیهایەتی مانگ بچنە خەستەخانە بۆ لای تەبیبی مەلەکی موعایەنەی سیحیە ببن، هەرکەس نەچێ و ریعایەتی ئەم ئیعلانە نەکا بە پیٚی مادە ١٢٦ ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. بۆ ئاگاداری عموم ئیعلان کرا."(ژ ١١٩)

"ئیعلان لە ریاسەتی بەلەدیەی سلێمانیەوە:

"بە موجیبی لزومیٚ کە لە تەرەف تەبیبەوە نیشان دراوە نەزەری دیقەتی هەمو دوکاندارێک جەلب ئەکەینە سەر مەوادی ژێرەوە:

١. هەمو دوکاندارێک ئەبیٚ ئەو مەواد و مەئکولات و مەشروباتە کە لە دوکان دا ئەیفرۆشن وەکو مێوژ، خورما، تو، پەنیر، شەربەت، شەکر، دۆشاو، هەنگوین، ماست، رۆن، گۆشت، وە ئەمسالی ئەمانە کە جەلبی تۆز و مێش ئەکەن بە سورەتی دائیمە سەریان بە مەندیلێکی سپی و پاک دابپۆشن.

٢. دەلاکەکانیش عمومەن ئەبیٚ هەمو ئالات و ئەدەواتی تەراشیان دائیما لە ناو مەحلولی ئەسیدفنیک دا و لە ناو قاپی تەمیزدا محافەزە و زۆر ریعایەتی نەزافەتی ئەسباب و دوکانیان بکەن.

ئەم خسوسە بە واسیتەی تەبیب و مەئموری بەلەدیەوە هەمو رۆژیٚ تەفتیش و موراقەبە ئەکریٚ. هەرکەس موخالیفی ئەم ئیعلانە حەرەکەت بکا پیٚی مادە ١٢٦ ی قانونی عقوبات بە شیدەت تەجزیە ئەکریٚ. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا "لژ ٧١)

پۆست و تەلەفۆن

"ئیعلان

"ئیستا خەتی تازەی تەلغراف و تەلەفۆن تەواو بوە و حازرە بۆ ئیستیعمال.

"مومکینە لە مەرکەزی تەلەفۆنەوە کە لە دائیرەی پۆستەدایە بە هەر پێنج دەقیقەیەک لە گەلٚ چەمچەمالٚ دا بە روپیەیەک و لە گەلٚ کەرکوک دا بە دو روپیە و تەلەفۆن قسە بکرێت.

"تەلغراف ئیستا بە ئینگلیزی و بە لیسانی محەلی زۆر زو ئەنێررێت. بۆ داخلی عیراق کەلیمەی بە دو ئانەیە و لە روپیەیەک کەمتر تەلغراف نیە. ئیدارەی تەلغراف و تەلەفۆنی سلێمانی"ژ ٩٧

"ئیعلان: ئیستا پۆستە هەمو رۆژێ مونتەزەمەن ئەچێ بۆ کەرکوک و لە کەرکوکەوە دێت. بینائەن عەلەیهی لە ئیعتیباری تاریخی نەشری ئەم ئیعلانەوە بە غەیرەز دائیرەی پۆستە بە هەر واسیتەیەک دا کاغەز بێ ئیلساقی پولی پۆستە لە سلێمانیەوە بۆ کەرکوک و لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی ناردن مەمنوعە هەرکەس خیلافی ئەم ئەمرە حەرەکەت بکات بە موجیبی ١٢٦ ی قانونی عقوباتی بەغدادی و نیزامی پۆستەی مەلەکی عیراقی تەجزیە ئەکرێ. موتەسەریفی سلێمانی"ژ ١٠٥

ترافیکی ئوتوموبیل

ئەم ئیعلانە، رەنگە یەکەمین رێنمایی بێ بە کوردی دەربارەی رێکخستنی هاتوچۆی ئوتوموبیل، دیارە بە گرنگ گیراوە بۆیە لە چەندین ژمارەدا دوبارە بڵاو کراوەتەوە.

"ئیعلان: لە ئیعتیباری ١ ی شوباتی ٩٢٩ هەمو وەسائیتی نەقلیە لە جیاتی تەرەفی چەپ کە ئیستا جاریە لازمە جیهەتی راستی رێگا بگرن.

ئەگەر دو ئوتوموبیل لە ئیستیقامەتێکا پێش وە یا پاشی یەک بڕۆن وە ئەگەر ئوتوموبیلی پشتەوە ئەیەوێ تێپەڕی ئوتوموبیلی پێشەوە بکات لازمە ئەو ئوتوموبیلەی پشتەوە تەرەفی چەپی ئوتوموبیلی پێشەوە بگرێ ئەمجا تێ پەڕ بکات و بڕوا. ئەگەر دو ئوتوموبیل بەرامبەری یەک هاتن لە سەر هەردوکیان لازمە تەرەفی راستی رێگا بگرن ئینجا تێپەڕ بکەن بڕۆن. مودیری پۆلیس"ژ ١٣٩

"ئیعلان: هەرکەسێ لە خاریجی شارەوە بە سیلاحەوە بێتە سلێمانی لازمە سیلاحەکەی لەو جێگایەی کە لێی میوانە دابنێ و جائیز نیە لە شاردا بە سیلاحەوە بسورێتەوە، کەزا ئەوانەی لە سلێمانیدا سیلاحیان هەیە لازمە سیلاحیان لە ماڵەوە دابنێن و هەڵی نەگرن حاسڵی چ بە شەو و چ بە رۆژ لە شاردا بە سیلاحەوە سوڕانەوە بە قەتعی مەمنوعە و لەم مەمنوعیەتدا مەئمور و غەیری مەئمور مساویە هەرکەسێ خیلافی ئەم ئەمرە حەرەکەت بکات تەجزیە ئەکرێ. موتەسەریفی سلێمانی"لژ ١١٣)

٣. هۆشی ژینگەیی

"ئیعلان: رەسمی دار و خەڵوز و عوشری سپیدار خراوەتە موزایەدەوە هەرکەسێ تالیبی ئیجارەکردنی ئەمانەیە موراجەعەت بە مەجلیسی ئیدارە و موحاسەبە بکات. مودەتی موزایەدە هەتا ٣١ ی مارتی ٩٢٦ ە. مودەتی ئیحالە لە ٢٢ ی مانگی مەزکورەوە تا ٣١ ی مارتی ٩٢٦ە.

بۆ زانینی هەمو کەس ئیعلان کرا وەکیلی موحاسیبی لیوا"لژ ٨)

"بۆ زانینی هەمو

لە مەقامی موتەصەریفیەتەوە

رەسمی دار و خەڵوز و عوشری سپیدار و عوشری ماسی بۆ ساڵی ١٩٢٧ لە مالیەوە بە ئیجارە ئەدرێن مودەتی موزایەدە لە ١ ی شوباتی ١٩٢٧ ەوە تا ١٥ ی مارتی ١٩٢٧ ە ئیحالەی لە ١٦ ی مارتی ١٩٢٧ ەوە تا ٢٥ ی مارتی ١٩٢٧ تەعین و تەخسیس کراوە ئەوی تالیبی ئیجارەیە موراجەعەت بە مەجلیسی ئیدارە و موحاسەبەی لیوا بکات."لژ ٥١)

"ئیعلان له قائیمقامی هەڵەبجەوە

رەسمـی دار و خـەڵوز و عوشـری سـپیدار و لـەوحی گوێـز و مـور هـی قەزای هەڵەبجە بۆ ساڵی ١٩٢٧ بە قـەراری مەجلیسی ئیدارە لە ٨ ی شوباتی ٩٢٧ ەوە تا ١٠ ی مارتی ٩٢٧ بۆ موزایەدە و لە ١١ ی مارتی ٩٢٧ ەوە تا غایەی مارت بۆ ئیحالە مودەت تەعین کراوە بۆ ئاگاهداری کەیفیەت ئیعلان کرا."لژ ١٥٥

"ئیعلان:

ئانه	روپیه	حۆقەی سلێمانی"	
.	٣	١	بنێشت
.	٨	١	سەعلەب
.	٧	١	کەتیرەی سپی
.	٤	١	کەتیرەی زەرد
٢٨		١	کەتیرەی سور
١٨		١	مازوی شین
١٤		١	مەخلوت
.	١	١	مازوی سپی

بۆ ئیستیفای عوشـر و رەسمی حکومـەتی ئـەم فیاتانـە کـە لـە سـەرەوە نوسـراوە بـۆ ٣ مـانگ تـەقدیر کـراوە ئـەوا موافیقـی مـادەی ٨ ی نیزامنامـەی ئەعشار بۆ زانینی هـەمو کـەس ئیعلان کـرا. موتەصـەریفی لیـوای سلێمانی"لژ ١٣٤

"ئیعلان لە مەقامی موتەصەریفیەتەوە:

ئانه	روپیه	عەدەد	
	٣	١	پێستی رێوی
	١٩	١	پێستی دەڵەک
	١٠	١	پێستی سەگلاو

بۆ ئیستیفای رەسمی حکومەتی قیمەتی پێستەی ئەم حەیواناتە وەکو لە سەرەوە نوسراوە تەقدیر کراوە. بۆ زانینی هەمو کەس ئیعلان ئەکرێ."(ژ ٤٥)

"ئیعلان

ئانه	روپیه	حۆقەی سلێمانی
١٨	١	سەعلەب
١٨	١	بنێشت
١۶	١	مازوی شین
١٤	١	مازوی سپی
١٤	١	کەتیرەی زەرد
١٨		کەتیرەی سپی
		عەدەد
١٣		پێستی رێوی
١٨	١	پێستی دمڵەک
١٨		پێستی سەگلاو

فیاتی ئەم ئەشیایانە کە لە سەروە نیشان دراوە بۆ ئیستیفای عوشر و حەقی حکومەتی لە تەرەف مەجلیسی بەلەدیەوە تەقدیر و لە تەرەف مەجلیسی ئیدارەوە تەصدیق کراوە بۆ ئەوەی ئەم فیاتە لە هەمو کەسێکەوە مەعلوم ببێ ئیعلان کرا. موتەصەریفی سلێمانی. (ژ ٨٢)

"رەسمی ماسی بە وەعدەی ساڵێک خراوەتە موزایەدەوە هەرکەسێ تالیبی ئەم رەسمەیە موراجەعەت بە دائیرەی موحاسەبە بکات. وەکیلی موحاسیبی لیوا"(ژ ١٢)

وەکو لەم ئاگاداری‌یانەدا دەرئەکەوێ برینی دارودرەختی لێرەوارەکان، خەڵوزکردن، هەڵکەندنی گژوگیای کێوی، راوی گیاندار... ئازاد بوە. بە هیچ جۆرێ رێک نەخراوە و هیچ جۆرە چاودێریەکی لە سەر نەبوە. خەڵک، کە

ئاستی هۆشیاری‌یان زۆر نزم بوە، توانیویانە بە ئازادی چۆنیان بویّ بیکەن. ئەمە خۆی لە خۆی‌دا نیشانەی نەبونی هۆشیاری ژینگەیی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە بوە و، هەر ئەمەیش بۆتە هـۆی ویّرانبونـی ژینگـەی کوردسـتان. هەندیّ لەو گیاندارانە بە تەواوی لە ناو چون و، هەندیّ گژوگیا نەماون و، هەندیّ لە شاخ و کیّوەکان بە تەواوی روت بون.

٤. وەرگرتنی خویّندکار

"ئیعلان: بۆ تەحسیلی فەنی بەیتەری لە عیراقەوە چەند تەلەبەیەک ئەنیّرریّ بۆ مەکتەبی بەیتەری بەنغالی لە کەلکەتە. هەرکەسیّ تالبە ئەوەلەن لەم مەقامە تەماشای شەرائیت و تەفسیلات بکا ئینجا رەسمەن موراجەعەت بکا. موتەسەریف"(ژ ١٠)

"ئیعلان: تالبین بە کولیەی بەیتەری بەنغالە لە ئەهالی مەحەلی پیچویستە تەدریساتی بەیتەری لە ١٥ ی نیسان دا دەست پیّ دەکریّ تەفسیلاتی تامە لە دائیرەی بەیتەری مولکی سلیّمانی وەردەگیریّ. تالبین موراجەعەت بەو دائیرەیە بکات. مودیری عامی بەیتەری بەغداد"(ژ ١٠٤)

" بۆ زانینی هەمو: بە پیّی تەحریراتیّک کە لە مودیریەتی مەعاریفی بەغدادەوە بە ژمارە ١٩٩٥ و رۆژی ٢٨/٧/٢٦ بۆم هاتوە ئەمسالّ لە تشرینی ئەوەل دا لە مەکتەبی سەنایعی بەغدادا سنفیّکی داخلی گوشاد ئەکریّ و بۆ ئەو سنفە تەلەبە کە حائیزی ئەم شەرائیتە بن قبولّ ئەکریّ:

١.ئەبیّ لە سنفی چوارەمی ئیبتیدائی دەرچوبیّ.

٢. بونیە و وجودی لە سیحەت دا بیّ.

٣. قابیلیەتی ئیشی دەستی بیّ و ئارەزوی فیّربونی سەنایعی بیّ.

هەرکەسێ حائیزی ئەم شەرائیتەیە و تالبە موراجەعەت بەم دائیرەیە بکات. موتەسەریفی لیوای سلێمانی"(٢٨)

"ئیعلان: ئەمساڵ لە لیوای سلێمانییەوە بۆ مەکتەبی سەنایعی بەغداد ٢ تالیب قبوڵ ئەکرێ هەرکەس ئارەزوی هەیە بزانێ شەرائیتی قبوڵ چیە موراجەعەت بە دائیرەی تەحریراتی موتەسەریفیەت بکات. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ١٢٣)

"ئاگاداری: بەمزوانە سنفێکی موبتەدی ئەجزاچێتی لە بەغدا ئەکرێتەوە و تالب قبوڵ ئەکرێ هەرکەسێ ئارەزو ئەکا لەم دائیرەیە شەرائیت تەماشا بکا. موتەسەریفی سلێمانی"

"ئاگاداری: بۆ مەکتەبی زەراعەتی بەغدا تالب قبوڵ ئەکرێ هەرکەسێ تالبە موراجەعەت بە دائیرەی تەحریرات بکا. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ٣٨)

"تەعمیم

"لاحیقە بە تەعمیمی ژمارە ٢٨٨ و رۆژ ١٩٢٧/٧/١٦ ی ئەم دائیرەیەیە.

"مەکتەبی عەسکەریەی مەلەکیەی شاهانە چەند تەلەبەیک لە ئەولادی ئەهالی مەملەکەت بۆ ئەمساڵ قبوڵ ئەکات، جەیش زابیتی موقتەدیری ئەوێت کە وەزیفەی ئەسلیەیان بتوانن موافیقی مەتلوب ئیفا بکەن بینائەن عەلەیهی لازمە بە سورەتی خسوسی تەلەبەی سنفی چوارەمی سانەوی تەشویق بکرێن کە حکومەت لە موستەقبەل دا ئیستیفادەیان لێ بکات. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ٧٧)

"ئیعلان: مەکتەبی عەسکەری ملوکانە بۆ ئەولادی رونەسای عەشایەر لە بەغداد تالیب قبوڵ ئەکات. هەرکەسێ حائیزی شەرائیتە لازمە پێش ٢٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٨ موراجەعەتنامەی بگاتە وەزارەتی دیفاع لە بەغداد. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ١١٧)

"ئیعلان: شەرائیتی قبوڵی تەلەبە بۆ دارولموعەلیمینی بەغداد لەم دائیرەیە و مەکتەبی سلێمانیدا مەوجودە. هەرکەسێ تالبە بۆ موتالەعە موراجەعەت بەم دو جێگایە بکات. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ۱۲۸)

"بۆ زانینی هەمو: لە رۆژی ۲۰ ی ئەیلول دا مەکتەب ئەکرێتەوە و موباشەرەت بە تەدریسات ئەکرێت لە ئەمرۆوە هەرکەس تالبە موراجەعەت بە مەکتەب بکات و ناوی خۆی قەید بکات."(ژ ۳۳)

"بۆ زانینی هەمو: رۆژی ۶ ی ئاغستۆسی ۱۹۲۶ لە بەغداد ئیمتیحانی ئەوانە کە تالبی مەسلەکی ئیدارەن ئیجرا ئەکرێ و هەرکەسێ تالبە ئەبێ رۆژی ٤ ی ئاغستۆسی ۱۹۲۶ لە دیوانی وەزارەتی داخلیەدا حازر بێ. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ۲۵)

٥. داهاتی حکومەت

"ئیعلان: رسوماتی بەلەدیە لە ئیعتیباری ۱ ی نیسانی ۹۲۶ ەوە بە وەعدەی ساڵێک ئەدرێن بە ئیجارە و بۆ موزایەدە لە مارتەوە هەتا ۲۰ ی مارت و، بۆ ئیحالە لە ۲۱ ی مارتەوە هەتا ۲۷ ی ۹۲۶ مودەت دانراوە. هەر کەسێک تالیبە لە زەرفی ئەم مودەتەدا موراجەعەت بە دائیرەی بەلەدیە بکات. ریاسەتی بەلەدیە" (ژ ۷)

"ئیعلان

ئانە روپیە

-۲٤٥ رەسمی بارانە (ئولاغی مەکاری)

-۸٥ زەبحیە

-٥۱ قەپان

-۱٦٥ مەیدانی ئەسپ

ئەم رەسمانە لە ئیعتیباری ١ ی نیسانی ٩٢٦ ەوە هەتا غایەی مارتی ٩٢٧ بە وەعدەی ساڵێک ئەدرێن بە ئیجارە و بەو بەدەلانەی کە لە حەوایان دا نوسراوە خراونەتە ژێر پەیەوە. هەر کەسێ تالبی ئیلتیزامی ئەم رەسمانەیە موراجەعەت بە دائیرەی بەلەدیە بکات. ریاسەتی بەلەدیەی سلێمانی"(١٠)

"ئیعلان لە ریاسەتی بەلەدیەوە

رەسمی بارانە، زەبحیە، قەپان، دەلالیە و مەیدانی ئەسپ بۆ ساڵی ١٩٢٧ لە تەرەف بەلەدیەوە ئەدرێن بە ئیجارە، مودەتی موزایەدە لە ١ ی شوباتی ٩٢٧ ەوە هەتا ١٥ ی مارتی ٩٢٧ و مودەتی ئیحالە لە ١٦ ی مارتی ٩٢٧ ەوە هەتا ٢٥ ی مارتی ٩٢٧ تەعین و تەخسیس کراوە هەرکەسێ تالیبی ئیجارەی ئەم رەسمانەیە موراجەعەت بە دائیرە و مەجلیسی بەلەدیەی سلێمانی بکات."(ژ ١٥٢)"

"ئیعلان

بەدەلی سابیق

١٥٠٥	زەبحیە
١٩٣٠	بارانە
٨٠	نەوت
٧٦	مەیدانیە
٨٠	دەلالیە

ئەم پێنج قەڵەمی رسوماتی بەلەدیەیە کە لە سەرەوە نوسراوە مودەتی موزایەدەی لە ١٨ ی شوباتی ٩٢٨ ەوە تا ١٥ ی مارتی ٩٢٨ و مودەتی ئیحالە لە ١٦ ی مارتی ٩٢٨ ەوە تا ٣١ ی مارتی ٩٢٨ قەرار دراوە بینائەن عەلەیهی هەر کەس تالیبی ئیلتیزام کردنی رسوماتی مەزکورەیە موراجەعەت بە مەجلیسی بەلەدیەی هەڵەبجە بکات بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. قائیمقامی هەڵەبجە"

بەروبومی کشتوکاڵ

"بۆ زانینی هەمو

"بە پێی ئەمری وەزارەتی جەلیلەی مالیە کە وەرمان گرتوە بۆ شتووی ساڵی ۹۲۶ ی قەزای سلێمانی و شاربازێڕ تەنی گەنم ۱۵۰ و تەنی جۆ ۹۶ روپیە کە حۆقەی سلێمانی گەنم ۸ ئانە و ۲ پای و جۆ ۵ ئانە و ۳ پای ئەگرێتەوە و، بۆ قەزای هەڵبجە تەنی گەنم ۱۳۵ و هی جۆ ۱۱۰ روپیە کە حۆقەی گەنم ۷ ئانە و ٤ پای و نیو و جۆش بە ۶ ئانە ئەگرێتەوە. فیات تەقدیر و تەسدیق کراوە و بە قەراری مەجلیسی ئیدارەیش بە ئیعتیباری لیوا حۆقەی نۆک بە ۹ و نیسک بە ۸ و کزن بە ۶ و پۆڵکەیش بە ۶ ئانە فیاتیان بۆ تەقدیر کراوە. ئەوا موافیقی مادەی ۸ ی نیزامنامەی ئەعشار ئیعلانی کەیفیەت کرا. لە پاش خیتامی مودەی موعەیەنە دەست ئەکرێ بە تەحسیلات. موحاسیبی لیوای سلێمانی"لژ ۱۲۷)

"ئیعلان: بۆ ئیستیفای عوشر و حیسەی حکومەتی بۆ قەزای سلێمانی و شاربازێڕ تەنی گەنم بە ۱۰۰ روپیە، کە حۆقەیەکی سلێمانی ٥ ئانە و ۶ پای وتەنی جۆ بە ۸۰ روپیە کە حۆقەیەکی سلێمانی ٤ ئانە و ٤ پای ئەکلت. فیات تەقدیر و لە وەزارەتی مالیەیشەوە تەسدیق فەرموراوە بۆ ئەوەی موافیقی مادەی ۸ ی نیزام ئەل ئەعشار ئەوانەی موعتەریزن لە مودەی ۱۰ رۆژدا ئیعتیرازاتی خۆیان تەقدیم بکەن وا ئیعلان کراوە. موتەسەریفی سلێمانی"لژ ۱۷٤

"ئیعلان: بۆ ئیستیفای عوشر و حیسەی حکومەتی لە قەزای ئەلەبجە تەنی گەنم بە ۷۵ و تەنی جۆ بە ۵۵ روپیە تەقدیر و لە تەرەف وەزارەتی مالیەیشەوە تەسدیق فەرموراوە. بۆ ئەوەی موافیقی مادەی ۸ ی نیزامنامەی ئەعشار هەرکەسێ ئیعتیرازی هەیە ئوسولەن موراجەعەت بکات ئیعلان کرا. موتەسەریفی سلێمانی"لژ ۷۶)

"ئیعلانات: بۆ ئیستیفای حەقی حکومەت لە قەزای سلێمانی و شارباژێردا بۆ ساڵی ۹۲۶ حوقەی سلێمانی چەڵتوک بە ۹ ئانە لە تەرەف مەجلیسی ئیدارەی لیواوە تەقدیر و لە وەزارەتی جەلیلەی مالیەوە تەسدیق کراوە. ئەوا موافیقی مادەی ۸ ی نیزامنامەی ئەعشار ئیعلان کرا. لە پاش ۱۰ رۆژ مودەتی ئیعتیرازی ئەم فیاتە کەسبی قەتعیەت ئەکات. بۆ زانینی هەمو ئیعلان کرا. ۳ ی تشرینی دوەمی ۹۲۶ موتەصەریفی سلێمانی"(ژ ٤٠)

"ئیعلان: بۆ ئیستیفای عوشر و حیسەی حکومەتی کیلۆی توتون ئەمساڵ بە یەک ئانە و ۲ پای تەقدیر و لە وەزارەتی مالیەشەوە تەسدیق فەرموراوە لە ئیعتیباری ئەمڕۆوە ئەم فیئاتە ئیعتیباری پێ ئەکرێ. موافیقی مادەی ۸ ی نیزامنامەی ئەعشار ئیعلان کرا. موتەصەریفی سلێمانی"(ژ ۸۹)

"ئیعلان: بۆ ئیستیفای حەقی حکومەتی بۆ چەڵتوکی ئەمساڵی قەزای سلێمانی و شارباژێڕ تەنی بە ۱ - ۱۶۰ روپیە کە حوقەیەکی ۶ ئانە و ۶ پای و بۆ قەزای هەڵەبجە تەنی بە ۷ - ۱۳۵ روپیە کە حوقەیەکی ۵ ئانە و ۶ پای ئەکات تەقدیر و لە وەزارەتی مالیەشەوە تەسدیق فەرموراوە پێویستە موافیقی ئەم فیاتە عوشری حکومەتی ئیستیفا بکەن. موتەصەریفی سلێمانی"(ژ ۹۲)

"بۆ زانینی هەمو:

۱ حۆقەی گەنمە شامی ۶، هەرزن ۵، ماش ۱۲، زەڕات ٤، پیاز ۸، کەردڕ ٤ ئانە، سیر ۲ روپیە و ۸ ئانە، خەیار ٤، ترۆزی ۲ ئانە و ۶ پای، کاڵەک ٤، شوتی ۳، بامیە ٤، باینجان ۳، تەماتە ۳، لۆبیا ۸، کولەکە ٤، ترێی سپی ۱۰، ترێی رەش ۶، هەنار ۱۰، هەنجیر ۱۲، قۆخ ۱٤، قەیسی ۱۲، سێو ۱۰ ئانە، بادام ۱ روپیە، هەڵوژە ۱۰، ترش ۱۰، هەرمێ ۱۲ ئانە، کونجی ۱ روپیە، گوێز عەدەد هەزار ۲ روپیە و ۸ ئانە، بەهێ ۱ روپیە.

بۆ ئیستیفای حیسەی حکومەت فیاتی حاسلاتی موخەزمرات و میوە بۆ ساڵی ۱۹۲۶ وەکو لە سەرەوە نیشان دراوە لە تەرەف مەجلیسی ئیدارەی لیواوە قەرار دراوە. موافیقی مادەی ۸ ی نیزامنامەی ئەعشار بۆ زانینی هەمو کەس ئیعلان ئەکرێ.

موتەصەریفی لیوای سلێمانی"لژ ٤٠)

"تەعمیم بۆ قائیمقام و مودیرەکان

	ئانە	پای
پاقلە	١	
پۆڵکە	٤	۶
نۆک	١١	
نیسک	٨	
کزن	٤	۶

بۆ قەزای سلێمانی و شارباژێر ئەو حبوباتی کە لە سەرەوە نوسراوە ئەم دەفعەیە فیاتی لە تەرەف بەلەدیەوە تەقدیر و لە مەجلیسی ئیدارەوە تەسدیق و قبول کراوە پێویستە موافیقی ئەم فیاتە عوشری ئەم حبوباتە ئیستیفا بکرێ. موتەصەریفی سلێمانی."لژ ٧٩)

به کرێ دانی دوکان

"ئیعلان: لە مەوقیعی سەقاخانەدا ٣ دوکان کە عائید بە خەزێنەیە لە ئیبتیدای نیسانی ١٩٢٦ەوە هەتا ئاخری مارتی ٩٢٧ بە وەعدەی ساڵێک ئەدرێن بە ئیجارە هەرکەسێ تالیبی ئیجارەیانە موراجەعەت بە مەجلیسی ئیدارە و موحاسەبە بکات. وەکیلی موحاسیبی لیوا"لژ ٨)

مەشروبات

"ئیعـلان: لـە ئیعتیبـاری نیسـانی ۹۲۶ ەوە تـا نیهایـەتی مـارتی ۹۲۷ بـە وەعدەی ساڵێک موافیقی شەرائیتێک کە لە دائیرەی گومرگا مەوجودە عەرەق و شـەراب ئـەدرێ بـە ئیلتـیزام هەرکـەس تالیبـە لــە ۱ ی مــارتی ۹۲۶ ەوە موراجەعەت بە دائیرەی گومرگ و مەکوسی سلێمانی بکا. ۲۸ ی شوباتی ۹۲۶ مودیری گومرگ و مەکوس"(ژ ۷)

"ئیعلان لە دائیرەی گومرگەوە

شەراب و عەرەقی سلێمانی لە ئەوەلی نیسـانی ۹۲۷ ەوە تـا نیهایـەتی مـارتی ۹۲۸ لـە داخلـی شـەرائیتی گومرگـا مـەوجودە ئـەدرێ بـە ئیلتــیزام هەرکەسێ تالیبی زەمائیمە لە تاریخی ئەم ئیعلانـەوە موراجەعـەت بـە دائـرەی گومرگ و مەکوسی سلێمانی بکا."(ژ ٥٦)

"ئیعلان لە مەقامی موتەصەریفیەوە

یکون	عارەق	شەراب	
۱۷٤٥۰	۱۷۲۰	۲٥۰	سلێمانی
۲۲۰	۲۲۰	.	هەڵەبجە

رەسمـی عـارەق و شـەرابی سـلێمانی و هەڵەبجـە لـە موزایەدەدایـە و بەدەلی پێشوشیان لـە سـەرەوە نوسـراوە. ئـەوانی کـە تـالیبن موراجەعـەت بـە مەجلیسی ئیدارە و دائیرەی گومرگ و مەکوس بکات."(ژ ٥٨)

٦. ئیعلانەکانی جەیش

دوای ئـەوەی لـە تـەموزی ۱۹۲٤ دا سـلێمانی داگیرکرایـەوە، سـەرەڕای ئەوەی وەکـو هـەمو لیواکـانی تـری عیراق، داوودەزگـای بەڕێوەبەرایەتی تـێدا دانـرا، بـۆ پاراسـتنی سـلێمانی لـە هێرشــی هێزەکـانی شـێخ مـەحمود و بـۆ سەرکردایەتی ئەو لەشکرکێشی‌یانەی لە ناوچەکەدا ئـەکران جەیشـی عـیراق سەربازگەیەکی هەمیشەیی تێدا دامەزراند.

شێخ رەزا لە باسی داوودەزگای حوکمڕانیی پاشایانی بابان دا وتویەتی:

درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە،

کە مەیدانی جریدبازی لە دەشتی کانی ئاسکان بو

سەرکردەکانی جەیش دەشتی کانی ئاسکانیان بۆ بارەگاکەیان داگیر کرد، کە یەکێ لە خۆشترین شوێنەکانی سلێمانی بو. ئەم سەربازگەیە کرا بوە بارەگای (امرية المنطقة الشرقية) و، لە ناو خەڵک دا بە (حامیه) ناو ئەبرا. موڵکیەتی ئەرزەکە هی خەڵک بوە، شارەوانی سلێمانی بەم ئیعلانە (ئیستیملاکـا ی کردوە و، ئیتر بۆتە موڵکی دەوڵەت:

"لە ریاسەتی بەلەدیەوە ئیعلان

قیمەتی موقەدەرە: ئانە روپیە

٧٥- ...

مەوقیعی	نەوعی موڵک	دۆنمی جەدید	میقدار: ئولک
کانی ئاسکان	ئەرازی	٥٤	٢٢

ئەسحابی موڵک: حاجی مەلا سەعید و ئەحمەد ئاغا ؤ فارس ئەفەندی و وەرەسەی حاجی ئەورەحمان

موافیقی خەریتەی مورسەمە عیبارەت لە ٥٤ دۆنمی جەدید و ٢٢ ئۆلک قیتعەیەک ئەرازی کە لە غەربی مەملەکەتەوە واقیعە و، بە ئەرازی کانی ئاسکان مەشهورە و، عائیدە بەو ئەشخاسانە کە ئیسمیان لە بالاوە نوسراوە، بۆ بینای قشڵەی عەسکەریە بەدەلی ئیستیملاکی بە ٧٥- روپیە لە تەرەف هەیئەتی مەخسوسەوە تەقدیر کراوە، هەرکەسێ لە عەلاقەداران لەم خسوسەوە ئیفادە و ئیعتیرازێکیان هەیە موافیقی قانون ئیستیملاکی لازمە لە زەرفی ٨ رۆژدا موراجەعەت بکەن بە دائیرەی بەلەدیە و بەیانی بکەن. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. ٢١ ی کانونی سانی ٩٢٨"(ژ ١٠)

"له ۲۸/۳/۲۵ ەوە عەسکەری جەیشی عیراقی لە مەیدانی ئەنداختی گەورە جیواری کارێزی شێخ سەعید و لە مەیدانی ئەنداختی پچوک ئەرازی نزیکی ئاشێ کە لە سەر ڕێگای ئەزمڕ واقیعە، دەست ئەکەن بە تەعلیم و ئەنداختی سیلاح. نابێ قەتعیەن ئەهالی بەو دو جێگایانەدا بڕۆن و ئەبێ ئیجتیناب بکەن. موتەسەریف"(ژ ۱۰۷)

"ئیعلان: بۆ کاروان و ئوتومبیل و ئەرابە و ئینسان هاتوچۆکردن بە جێگای تەیارەدا کە لە غەربی شاری سلێمانی واقیعە مەمنوعە و، کاروان و ساحیب بار نابێ نە بە شەو و نە بە ڕۆژ باری لێ بخات. هەرکەسێ خیلافی ئەم ئیعلانە معامەلە بکات بە موجیبی مادەی ۱۲۶ ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ۹۷)

"ئیعلان: لە مەقامی موتەسەریفیەوە

لەمەودوا بە هیچ کلۆجێ جائیز نیە لە وەختی هەڵسان و نیشتنەوەی تەیارەدا هیچ کەسێ نزیکی جێگای تەیارە بکەوێ و، بە سەر جادەکەدا هاتوچۆ بکات. بۆ ئێگاداری کەیفیەت ئیعلان کرا."(ژ ۶۱)

"ئیعلان: لە بەر ئەوەی هیچ حادیسەیەک رو نەدا، لەو ئەسنایەدا کە تەیارە ئەنیشێتەوە و هەڵئەستێ، هاتوچۆکەری هەمو جیواری محەلی تەیارە بۆ چەند دەقیقەیەک لازمە خۆیان تەعتیل بکەن لە ئەسنای هەڵسان و نیشتنەوەی تەیارەدا ئامەدوشود بە سورەتی قەتعیە مەمنوعە. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ۸٤)

پێ ئەچێ مونتەسیبینی جەیش، بە زۆر بێ یان بە خوایشت، قەرزیان لە دوکاندارەکانی ناو بازاڕ وەرگرتوە و نەیان داوەتەوە بۆیە لای فەرماندەکانیان شکاتیان لێ کردون، فەرماندەکان لە باتی ئەوەی بۆیان بسێننەوە، ئەم ئیعلانەیان بڵاو کردۆتەوە:

"ئیعلان: لە هەمو دوکاندار و کەسەبەیەکەوە مەعلوم بێت کە موقابیل بە قەرزی ئەشخاس لە معاشی عەسکەر پارە گل نادرێتەوە. ئەوانەی کە بەم نەوعە قەرز لە گەڵ عەسکەردا ئەکەن مەسئولیەت عائید بە خۆیانە. قوماندانی تابوری چوارەمی لیوی"(ژ ٦٩)

"ئیعلان: ئەوا ئیعلان ئەکرێ کە هیچ کەسێک لە گەڵ مونتەسیبینی جەیش دا قەرزوقۆڵە نەکات و شتیان بە قەرز پێ نەفرۆشن چونکە بۆ ئەم خسوسە دەعوا و شکایەتی هیچ کەسێک ناپرسرێ"(ژ ٧٧)

"ئیعلان: کانتینی ئەو قەتەعاتی عەسکەریەی کە مەربوتی مەنتیقەی شەرقیەی سلێمانین لە ئیعتیباری تاریخی ئیحالەی قەتعیەوە بە مودەی ٦ مانگ ئەدرێن بە ئیلتیزام ئەوانەی تالبن موراجەعەت بە مەقەڕی مەنتیقە بکەن. ئامیری مەنتیقە"(ژ ١٠٦)

"لە ئیعتیباری ٢٨/٧/١ ئەرزاقی نەفەر و ئالیکی حەیواناتی جەیشی عیراقی بۆ مودەتی ساڵێک خراوەتە موناقەسەوە. ئەوانەی تالبن لازمە هەمو رۆژێک غەیری جومعە بەیانیان بۆ ئەمەی لە شەرائیتەکەی بگەن موراجەعەت بە مەقەڕی مەنتیقە و بە مەوقیعی قوماندانی کەرکوک بکەن.

ئەوانەی کە موراجەعەت ئەکەن لازمە شەهادەتنامەیەکی غورفەی تیجارەتی بەغداد وە یا موسلیان بە دەستەوە بێ.

موناقەسەکە لە رۆژی ٢٢ ی مانگی مەزکور لە ساعەتی ١٢ دا تەواو ئەبێ.

ئامیری مەنتیقەی شەرقیە"(ژ ۱۱۸)

"ئیعلانی موناقەسەی لەوازیمی ئینشائیە لە سلێمانی

۱. موناقەسە بۆ لەوازیمی ئینشائیەی لیوی‌یە و لە سلێمانی جەرەیان ئەکات.

۲. ئەوراقی موناقەسە لە گەڵ لیستەی ئەو مەوادانەی پێویستە بیلموراجەعە لە قوماندانی مەفرەزەی فەوجی دوەم وەرئەگیرێت. تالیبینی موناقەسە فیاتێک کە پێی تالبن لازمە لە جەدولی لەوازیم دا لە خانەی خۆیدا.. ئەو مادەیە یەک بە یەک دای بنێن، جەدوەلی لەوازیم، هەمو ئەوراقی موناقەسە بە ئیمزاکراوی لە زەرفێکی لۆککراودا لە گەڵ مەبلەغی ۵۰ روپیە پێشەکی تەسلیم بە قوماندانی مەفرەزەی فەوجی دوەمی لیوی بکەن.

۳. قوماندانی لیوی عیراق تەعەهود ناکات بە قبوڵی کەمترین وە یا هەر موناقەسەیەک بێت.

لیفتننت موئیرهید زابیت ئەل روکنی لیوی عیراق"(ژ ۱۱۹)

"ئیعلان: وەزارەتی دیفاع، نەقلیاتی ئەرزاق و ئەشیای عەسکەریە لە سلێمانیەوە بۆ نوقتەکان ئەخاتە موناقەسەوە، هەرکەسێ تالبە بۆ حەزەر و سەفەر موراجەعەت بەم دائیرەیە بکات. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ۷۰)

هەندێ جار ئیعلانیان بە زمانی عەرەبی بڵاو کردۆتەوە، وەکو:

"اعلان: يدعى الراغبون الى تقديم وسائل نقلية ميكانيكية للمنطقتين الشمالية والشرقي و نقلية حيوانات فمن شاء الاطلاع على الشروط والتفاصيل فليطلبها من وزارة الدفاع فى بغداد ومن امراء الالوية فى الموصل والسليمانية ومن موقع كركوك. وزارة الدفاع"(ژ ۹)

٧. ئیعلانەکانی پۆلیس

"ئیعلان: ئەم دائیرەیە ٤٨ ئێستر کە بە کەڵکی رکوبی پۆلیس و چاک بێت موبایەعە ئەکات ئەوانەی کە هەیانەو ئەیفرۆشن پێش خیتامی مانگی مارتی ٩٢٨ بیهێنن و موراجەعەت بەم دائیرەیە بکەن. مودیری پۆلیس"(ژ ٩٠٢)

"لە دائیرەی پۆلیسەوە

"بۆ مەرکەزی پۆلیسی سلێمانی کا و جۆ لازمە و ئەخرێتە موناقەسەوە هەرکەسێک تالبە بۆ مانگی حوزەیران و تەموز و ئاغستۆس تەنی کا بە چەند و تەنی جۆ بە چەند ئەتوانن تەسلیمی بکەن بینوسن و لە ناو زەرفێکی لۆک کراودا لە پێش رۆژی ٢٧/٥/٢٠ دا تەودیعی ئەم دائیرەیەی بکەن."(ژ ٦٦)

"ئیعلان: لە ئیعتیباری ١ ی ٩ ی ٢٧ەوە کا و جۆ بۆ ٣ مانگ بۆ وڵاغی حکومەتی ئەدرێ بە قۆنتەرات ئەوانەی کە تالبن قائیمەی موناقەساتیان لە زەرفێکی داخراودا لە ٢٩ ی مانگی جاریدا موراجەعەت بەم دائیرەیە بکەن. معاونی مودیری پۆلیس"(ژ ٨١)

دروستکردنی بینای مەخفەر

"بۆ زانینی هەمو: بۆ سەرای پێنجوین تەنی بەرد بە ١٠ تەنی قسڵ بە ٥٥ تەنی لم بە ١٤، بۆ نوقتەی قزلجە تەنی قسڵ بە ٧٠ تەنی لم بە ١٤ تەنی بەرد بە ١٠، بۆ نوقتەی ولیاوا و نۆدێ تەنی بەرد بە ٦ تەنی قسڵ بە ٥٠ تەنی لم بە ١٠، بۆ نوقتەی کەوڵۆس تەنی بەرد بە ٦ تەنی قسڵ بە ٥٠ و تەنی لم بە ٨ روپیە. لە عوهدەی تالیبیانایە هەرکەسێ تالیبی تەنقیسە هەتا ٢١ ی نیسانی ٩٢٧ موراجەعەت بە قۆمیسیۆنی مەخسوس بکا کە لە دائیرەی بەلەدیە ئیجتیماع ئەکا. بۆ مەعلومات ئیعلان کرا. رەئیسی قۆمیسیۆنی موناقەسە"(ژ ٣٦)

"ئیعلان: بۆ بینای سەرای چوارتا تەنی بەرد بە ٣-١ و لم و چەو بە ١٢ - ٣ و قسڵ بە ٨ - ٢٦ و، بۆ بینای سەرای سورداش تەنی بەرد بە ٦ - ١ و قسڵ بە ٣٠ و چەو بە ١٢ - ٢ و لم ٩ - ٣ و، نەقلی ئەشیا لە سلێمانیەوە بۆ پێنجوین تەنی بە ٢٥ و، بۆ سورداش و چوارتا بە ١٧ و، ئوجرەتی ولاخێک لە سلێمانیەوە بۆ پێنجوین لە ٥ و بۆ سورداش بە ٣ و، بۆ چوارتا بە ٢ روپیە، خراوەتە موناقەسەوە. کێ تالبە تا رۆژی ٩٢٨/٦/١١ موراجەعەت بە مەجلیسی ئیدارەی سلێمانی بکات. موتەسەریفی لیوای سلێمانی"(ژ ١١٧)

٨. ئیعلانی جۆراوجۆر

پاسی سیلاح

"تەعمیم

بۆ مودیری پۆلیسی سلێمانی

بۆ قائیمقامی قەزاکان

بۆ مودیری ناحیەکان

بە ئەمری وەزارەتی داخلیە بۆ ساڵی ١٩٢٨ رەسمی پاسی ئەو سیلاحانە کە ساڵی ١٩٢٧ موسەجەل بون و ئەمساڵ پاسی تازەیان بۆ وەرئەگیرێ عیبارەتە لە یەک روپیە و رەسمی پاسی ئەو سیلاحانە کە لە ساڵی ١٩٢٧ دا موسەجەل نەبون و لە ساڵی ١٩٢٨ دا وەرئەگیرێ عیبارەتە لە دو روپیە.

مودەتی وەرگرتنی پاسی سیلاح بۆ ساڵی تازە... مانگی کانونی سانی، شوبات و مارت و لە پاش نیهایەتی مارت هەر سیلاحێکی بێ پاس بگیرێ بە موجیبی قەوانینی مەوزوعە موسادەرە و ساحیبی تەجزیە ئەکرێ موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ٩٦)

"ئیعلان

لاحیقەی تەعمیمی ژمارە ١٣٢ ی رۆژی ١٩٢٨/١/١٨ ی ئەم دائیرەیە:

لەم مەقامەوە وا قەرار دراوە کە رەسمی پاسی تفەنگی حسکە، مارتین، بەرازکوژ، ماوزەڕی گەورەی کۆن، قەپاقلی، وەرندل و سائیری ئەو نەوعە سیلاحانە کە لە مۆدێلی کۆنن یەک روپیە بسێنرێت بەم نەوعە ئیفای معاملە لازمە. موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ۱۰۲)

گەرای کوللە

"تەعمیم لە مەقامی موتەسەریفیەوە

"وا مولاحەزە کراوە ئەمساڵ کوللە گەرای زۆر داناوە و ئەم گەرایە کە زیایەوە تەبیعی ئەبێ بە باعیسی خەساراتی زۆر لە زەراعەت و مەحسولات دا لە بەر ئەوە حکومەت چ موقابیل بە گەرای کوللە و چ موقابیل بە کوللەی زیاوە بەعزێ تەدابیری ئینیخاز کردوە.

"حکومەت بۆ هەر کیلۆیەک گەرای پاک کراوەی کوللە (یەعنی بە بێ خۆڵ) کە لە مەرکەزی سلێمانی‌دا تەسلیم بکرێت چوار ئانە ئەدات یەعنی بۆ چوار کیلۆ گەرای پاک کراوە روپیەیەک ئەدات جا لوتفەن بە هەمو لایەکدا ئیعلانی بفەرمون و عمومی ئەهالی حاڵی بکەن و زۆر بە ئەهمیەت تەرغیب و تەشویقی ئەهالی بکەن کە سەعی بکەن بۆ کۆکردنەوەی گەرای کوللە و بیهێننە سلێمانی تەسلیمی بکەن و بۆ هەر کیلۆیەکی چوار ئانە وەرگرن. ئەم مەسئەلەیە هەروەکو مەعلومتانە تەعەلوقی بە حەیاتی مەملەکەتەوە هەیە کە حەیاتی مەملەکەت مەربوتی موحسول و زەراعەتە لە بەر ئەوە ئومێد ئەکەم فەوقەلعادە سەعی بکەن بۆ تەشویقی ئەهالی. ئیتر ئیحتیرام."(ژ ۱۵۰)

بڵاوبونەوەی دەردەگا

"ئیعلان: لە بەر ئەوەی دەردەگا لە لیوای سلێمانی‌دا بڵاو بۆتەوە بە سورەتی عمومیە هەمو لیوای مەزکور لە ئیعتیباری ۹ ی ئەیلولی ۱۹۲۸ ەوە بە مەنتیقەی موسابە عەد ئەکرێ و ئیخراجی عمومی مەواشی و مەنتوجاتی حەیوانیە لە لیوای مەزکورەوە بە سورەتی قەتعیە مەمنوعە هەتا سدوری ئەوامیری ئەخیر. مودیری عامی دائیرەی ئوموری بەیتەرەی مەلەکیە"(ژ ۱۲۹)

سەربڕینی مەڕی ئاوس

"ئیعلان: لەمەولا سەربڕینی مەڕی ئاوس مەمنوعە هەرکەس موخالەفەتی ئەم ئەمرە بکات بە موجیبی مادەی ١٢٦ ی قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ موتەسەریفی سلێمانی"(ژ ٩٤)

تاپۆ

"بۆ زانینی هەمو

دائیرەی تاپۆ لە ئیعتیباری ٥ ی ئەیلولەوە دەست ئەکات بە ئیش هەرچی موراجەعەتێک لە داخلی حدودی شاردا بکرێت قبوڵ ئەکرێ لە بەر ئەوە کەیفیەت ئیعلان کرا. دائیرەی تاپۆ"(ژ ٣١)

"ئیعلان لە مەقامی موتەسەریفیەوە

تەعمیم بۆ: قائیمقامەکان، مودیرانی نەواحی، رۆئەسای موحتەرەمەی دەوائیر

بە پێی ئەمری مودیری عامی تاپۆ دائیرەی تاپۆی سلێمانی لەمەولا مەئزونە بە دەرهێنانی سورەتی قەیدی ئەملاکی خاریجی سلێمانیش بەڵام جارێ مەئزون نیە معامەلەی لە سەر بکا هەر سورەت ئەتوانێ دەربهێنێ."(ژ ٤٥)

زەواجی لاکۆڵان

"ئیعلان: وەکو خەبەر زانراوە بە بێ مەعلوماتی مەحکەمەی شەرعیە لە تەرەف ئەئیمە و مەلایان و موختارانەوە معامەلاتی نیکاح و تەلاق ئیجرا ئەکرێ ئەمەیش موخالیفی شەرعی شەریف و قانونە. لە ئیعتیباری نەشری ئەم ئیعلانەوە بە بێ مەعلوماتی مەحکەمە هەر ئیمام و مەلا و موختارێک معامەلاتی نیکاح ئیجرا بکات بە پێی مادەی ١٢٦ لە قانونی عقوباتی بەغدادی تەجزیە ئەکرێ. قازی سلێمانی"(ژ ١٢٩)

"لە مەحکەمەی سولحی سلێمانیەوە ئیعلان

"خانویەک کە لە محەلەی جولەکان واقیعە و عائیدە بە وەرەسەی داودەکل کە سەعید و سیوەن ناوانن لە بەر ئەوە کە لە تەرەف مەرقومانەوە لەم مەحکەمەیەدا داوای ئیزالەی شیوعی کراوە و لە بەر ئەوە کە قابیلیەتی تەقسیمی نەبو ئەوا خرایە مەوقیعی موزایەدەوە ئەوانەی کە تالبن بە سەدی دەی تەئمیناتەوە موراجەعەت بە مەحکەمەی سولحی سلێمانی بکەن کەیفیەت ئیعلان کرا."ژ ٩٤)

زوری بازرگانی

"بۆ زانینی هەمو لە مەقامی موتەسەریفیەوە

"ئاگاداری: موافیقی مادە ١٥ ی قانونی ئۆدەی تیجارەت کە لە ساڵی ٩٢٦ دا ئیصدار فەرموراوە ئەو شەخسانەی کە بە تیجارەت وە یا موتەعەهیدی وە یا دەلالی مەشغوڵن ئەگەر ئیشتیراکیان بە ئۆدەی تیجارەتی نەبێ وە یا ئەعزایەتی ئۆدەی تیجارەتیان قبوڵ نەکردبێ لە موزایەدات و موناقەساتی حکومەتیدا قبوڵ ناکرێن. بۆ زانینی هەمو کەس ئیعلان کرا. موتەسەریفی لیوای سلێمانی"ژ ١٤٣)

دەفتەری نفوس

"بەیان: دائیرەی نفوسی عاسیمە و خاریج لە ئیعتیباری ١ ی مایسی ٩٢٨ ەوە موباشەرەت بە تەوزیعی دەفاتیری جنسیە ئەکات کە لە مادە ١٥ ی قانونی تەسجیلی نفوس دا دەرج کراوە. مودیری نفوسی عام"ژ ١١٣)

"ئیعلان: وا دەرئەکەوێ ئەهالی موراجەعەت بە دائیرەی نفوس ناکەن بۆ وەرگرتنی دەفاتیری جنسیە لازمە هەمو ئەهالی موراجەعەت بە دائیرەی نفوس بکەن و دەفاتیری جنسیەی خۆیان وەربگرن. بۆ ئاگاداری ئیعلان کرا. موتەسەریفی سلێمانی"ژ ١٢٧)

٩. ئیعلانی ئەهلی

"ئیعلان: ئەمجارە لە سەر ئوسولێکی تازە، عەسری، چاپخانەی (ئەستێرە گەشەی گەلاوێژ) کە لە پێشا بە چاپخانەی حەمە ئاغا مەشهور بو، کردومەتەوە. هەمو موبیلە و ئەسبابێکی مونتەزەمە. ئەنواعی حەلەویات، دۆندرمە، شروب، چای، قاوە، سۆدە و ناملیتمان هەیە. بە دانیشتنێکی بە قەدەر سیاحەتێ دڵ موفەرەح و مەسرور ئەکات.

چاپچی: محەمەد رەشید"(ژ ١٠٨)

"موئەسەسەیەکی گەورەی بریتانیا

شیرکەتی مەحدودەی نەوتی خانەقین

وەکیلەکانی کوردستان: خواجە عەزرا، سیون یەعقوب و شەرەکای

لە سلێمانیدا لە جادەی دەباخانە لە ماڵی حاجی عارفی دەباخچیدا کە مەوقیع و ئەنباری ئەسلییەتی فیاتی وەکو لای خوارەوەیە:

تەنەکەی نەوتی سپی بە ٣ روپیە.

نەوتی سپی عەلامەتی ئەبونەخلە تەنەکەی بە ٤ روپیە و ١٤ ئانە.

بانزین تەنەکەی بە ٥ روپیە و ٦ ئانە.

نەوتی رەش تەنەکەی بە ٢ روپیە و ٢ ئانە.

ئەو نەوت و بەنزینەی کە لە مەملەکەت دا لە جادەی سەرا لە ماڵی شاکیر موجریم و لە گەراجی سەید نوری نەقیب ئەکڕڕێ لە قیمەتی سەرەوە بە ٢ ئانە زیاد ئەفرۆشرێ.

بێ تەنەکە قاپی نەوتی سپی بە ٢ ئانە دەفرۆشرێ.

لە سلێمانی: وەکیلی قومپانیەی شیرکەتی نەوتی خانەقین فەیزی"(ژ ١٢٨)

"ئیعلان: ئەوەل ئوتوموبیلچیەک کە تا نەفسی هەڵەبجە موسافیرینی بـرد بێـت ساحیب (ئـەربیل - ۲۲) نومـرو ئوتومبیلـە. لەمـەودوا هەرکەسـێ ئارەزوی سەفەری هەڵەبجەی هەیە موراجەعەت بە ساحیبی ئوتومبیلی مەزکور قـەرەبێت بکـات، تـا نەفسـی هەڵەبجـە لـە رێـەکی زۆر چاکـەوە ئـەیبات و مەمنونی ئەکات."لژ ۸۱)

"دقتۆر ئارنو کرنون

دقتۆری خەستەخانەکانی پاریس (فرانسە) و لۆزان ئیسویچەرەیە

دەرمانی هەمو نەخۆشیێک ئەکات. خاسەتەن نەخۆشی داخلی (مەعیدە، ریخۆڵە، دڵ و سی و جگەر) و نەخۆشی ئەعسابە.

تەداوی هەمو نەوع نەخۆشی ژنانیش ئەکات.

محەلی موعایەنەی لـە جادەی بەرپۆلیسخانە لە ماڵی تۆفیق ئەفـەندی مەحمود ئاغادایە کە مەشهورە بە ماڵی حەمزە بەگ.

هەمو رۆژێ لە ساعەتی ۸ موە هەتا ۱۱ موعایەنە ئەکات."لژ ۱۲۳)